منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

پوختەیەک لە ڕاڤەی

کتاب التوحید

المُلَخَّص فِي شَرحِ كِتَابِ التَّوحِيدِ

لِلإمَامِ مُحَمَّدِ بنِ عَبدِالوَهَّابِ

ڕاڤەکردنی

شێخ ساڵح فەوزان

وەرگێڕانی

عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

کتێبخانەی ڕێگار

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بوختەیەک لە ڕاڤەی

کتاب التوحید

کتێبخانەی ڕێکار

ناونیشان : هەولێر - فلکەی شێخ محمود -
باڵەخانەی سەید بهاء الدین - نهۆمی خوارەوە

ژ.م ٥٧٦٧ ٤٧٥ ٠٧٥٠

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: پوختەیەک لە ڕاڤەی "كِتَابُ التَّوْحِيْد"

دانانی: شێخ سالِح فەوزان

بەکوردیکردنی: عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

نەخشەسازی بەرگ: إخلاص دیزاین

نەخشەسازی ناوەڕۆك: جمعه صديق كاكه

تیراژ : ١٠٠٠ دانە.

سایز: ١٧*٢٤

لاپەڕە: ٦١٩ لاپەڕە

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٥ کۆچی- ٢٠٢٤ میلادی.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە «٢٩٧ »ی ساڵی «٢٠٢٤»ی پێ دراوە.

بوختەیەک لە ڕاڤەی

کتاب التوحید

ڕاڤەکردنی

شێخ سالح فەوزان

وەرگێڕانی

عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبيَّ بعده، وبعدُ:

ئەمە ڕاڤەیەکی کورت و پوختە لەسەر (كِتَابُ التَّوْحِيْدِ)ـی شێخی ئیسلام، موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، لەسەر ڕێچکەی قوتابخانەی سەردەمی نووسیومە؛ تاوەکوو نزیکتر ببێتەوە لە تێگەیشتنی قوتابیە سەرەتاییەکان.

هیوام وایە کە بەهۆیەوە خوای گەورە سوود بە خەڵکی بگەیەنێت و ببێتە بەشداریکردنێکیش لە بڵاوکردنەوەی زانست و ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕ.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه.

صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان.

بەشێکی کورت و پوخت دەربارەی ژیانی دانەر

ڕەچەڵەکی دانەر:

شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلییە، لە خانەوادەی موشەرەفییە لە هۆزی بەنی تەمیمی بەناوبانگ، هەروەها پێشەوای بانگەوازی سەلەفییەتە لە نەجد و جگە لەویش.

گەشەکردنی و زانستی:

شێخ لە شاری عویەینە لەدایکبووە لە نزیک شاری ڕیاز لە ساڵی (١١١٥)ـی کۆچی، هەر لە بچووکییەوە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکرد، بوو بە قوتابی باوکی کە لەسەردەمی خۆیدا قازی عویەینە بووە، هەروەها جگە لە باوکیشی قوتابی زانا بەناوبانگەکانی نەجد و مەدینە و ئەحساء و بەسرە بووە و لەلایان خوێندوویەتی، بۆیە زانستێکی زۆری کۆکردەوە، وای لێکرد کە گونجاو بێت بۆ هەستان بە بانگەوازە پیرۆزەکەی، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە بیدعە و خورافییات و تەبەڕووککردن بە گۆڕ و دار و بەردەکان باڵاوبوو، بۆیە شێخ -ڕەحمەتی خوای لێبێت- هەستا بە بانگەوازیکردن بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕ و پەرستنی خوا بەتەنها و بە دڵسۆزی، هەروەها چەند کتێبێکیشی دانا، لەبەناوبانگترینیان ئەو کیتابە بوو: (کتاب التوحید)، بێگومان پێشوازییەکی گەورەی لێکرا لەلایەن زانایان و زانستخوازان، گرنگیشیان پێدا لەڕووی خوێندن و لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنەوە؛ بۆیە کیتابێکە لەڕووی دانان وئامادەکردنیەوە سەرسوڕهێنەرە و سوودی زۆرە، خوای گەورە بەهۆیەوە سوودی بە خەڵکێکی زۆر گەیاندووە.

شێخ بە درێژایی ژیانی مامۆستا بووە؛ هەروەها بانگخواز بووە بۆلای خوای بەرز و بڵند، فەرمانکەر بووە بە چاکە، ڕێگریکەر بووە لە خەراپە، تاوەکوو وەفاتیکرد لە درعییە لە نزیک شاری ڕیاز لە ساڵی (١٢٠٦)ـی کۆچی، بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە زانایان و پێشەوایانی بانگەواز لەسەر دەستی شێخ فێرە زانست بوون، خوای گەورە پاداشتێکی زۆری بداتەوە و بەهەشتیش بکاتە شوێنی نیشتەجێبوونی.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه.

❁❁❁

كِتَابُ التَّوْحِيْدِ

پەرتووکی یەکخواپەرستی

وقولِ اللهِ تعالى: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {من جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە، تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە بە تاکوتەنها بمپەرستن و بەندایەتی من بکەن}.

ڕاڤەکردن

بابەتی ئەو کیتابە: ڕوونکردنەوەی تەوحیدە، ئەو تەوحیدەی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی پێویستی کردووە، هەروەها دروستیشی کردوونە لەپێناوی تەوحید و ڕوونکردنەوەی ئەو شتەی کە پێچەوانەیەتی لە شیرکی گەورە، یان پێچەوانەی تەواویەتی تەوحیدی واجیبە، یاخود تەوحیدی سوننەتە لە شیرکی بچووک و بیدعەکان.

واتای کیتاب: چاوگ(مصدر)ـی (كَتَبَ)یە واتا کۆیکردەوە، نووسینەوە بە قەڵەم بریتییە لە: کۆکردنەوەی پیت و وشەکان.

التَّوحید: چاوگـی (وَحَّدَهُ)ـە، واتا: کردی بە یەک، لێرەشدا مەبەست لە تەوحید، بریتییە لە: بەتاکدانانی خوا لە پەرستندا.

خَلقتُ: دروستکردن، بریتییە لە: داهێنانی شتێک بەبێ ئەوەی بنچینەیەک و هاوشێوەیەکی هەبێت.

لیعبدون: (العبادة) لە زمانەوانیدا: ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدانە.

لە شەرعیشدا: ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە خوا پێی خۆشە و پێی ڕازییە لە قسە و کردەوەکان، ئاشکرا و شاراوەکان.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵی داوە کەوا مرۆڤ و جنۆکەی دروست نەکردووە، تەنها بۆ پەرستنی خۆی نەبێت، کەواتە ڕوونکردنەوەی حیکمەتی دروستبوونیانە، ئەو شتەی گەورەکان لە بەندەکانی خۆیان دەیانەوێت لە یارمەتیدانیان بە ڕزق و ڕۆزی و خواردن پێدان، خوا ئەو شتەی لەوان ناوێت، بەڵکوو بەرژەوەندی ئەوانی ویستووە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: پەیوەندییەکە ئەوەیە کە ئایاتەکە بەڵگەیە لەسەر واجیبیەتی تەوحید، کە بریتییە لە بەتاکدانانی خوا لە پەرستندا. لەبەر ئەوەی خوا جنۆکە و مرۆڤی دروست نەکردووە، ئیللا بۆ ئەو مەبەستە نەبێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایاتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی بەتاکدانانی خوا لە پەرستندا لەسەر هەموو جنۆکە و مرۆڤەکان.

٢- ڕوونکردنەوەی حیکمەتی دروستکردنی جنۆکە و مرۆڤ.

٣- بە دڵنیایی هەر بەدیهێنەر شایستەی پەرستنە، نەوەک جگە لەو لەوانەی کە شت دروست ناکەن، جا لەمەدا وەڵامدانەوەی تێدایە بۆ بت پەرستەکان.

٤- ڕوونکردنەوەی دەوڵەمەندی و بێپێویستی خوای بەرز و بڵند لە دروستکراوەکانی و پێویستی دروستکراوەکان بۆ لای خوا؛ چونکە ئەو بەدیهێنەرە و ئەوان بەدیهێنراون.

٥- جێگیرکردنی حیکمەت و دانایی لە کردەوەکانی خوای گەورە.

* * *

.....

وَقَوْلِه: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ [النحل: ٣٦].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {بە دڵنیایی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵک و نەتەوەیەک کە لە شوێنێک ژیابێتن، پێغەمبەرێکمان بۆ ناردووون، ئیشی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە بە خەڵکەکەیان گوتووە: ئەی خەڵکینە، بەتاکوتەنها خوای گەورە بپەرستن و شەریک بۆ خوا دامەنێن و خۆتان دووربخەنەوە لە تاغووتەکان}.

ڕاڤەکردن

بعثْنا: ناردمان.

كل أمّة: هەموو هۆزێک و خەڵکی سەردەمێک و نەوەیەک لە خەڵکی.

رسولاً: (الرسول): ئەو کەسەیە کە وەحی بۆ کراوە بە شەرعێک و فەرمانیشی پێکراوە بە گەیاندن و ئاگەدارکردنەوە.

اعبدوا الله: بەتاکی دابنێن لە پەرستندا.

واجتنبوا: وازی لێ بێنن و لێی جیابنەوە.

الطاغوت: لە (الطغيان)ـەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە سنوور بەزاندن، کەواتە هەر کەسێک جگە لە خوا بپەرستێت و ئەویش ڕازی بێت بەو پەرستنە، ئەوە تاغووتە.

واتای کورتی ئایەتەکە: بە دڵنیایی خوای گەورە هەواڵی داوە کە لەناو هەموو هۆزێک و سەردەم و نەوەیەک لە خەڵکی پێغەمبەرێکی ناردووە، بانگیان دەکات بۆ لای پەرستنی خوا بەتاکوتەنها و وازهێنان لە پەرستنی جگە لەو، بۆیە بەردەوام پێغەمبەرانی دەنارد بۆ لای خەڵکی، هەر لەو کاتەوەی شیرک لەناو نەوەی ئادەم سەریهەڵدا، لەسەردەمی نووح تاوەکوو ئەوەی کە کۆتایی پێهێنان بە موحەممەد - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: بە دڵنیایی بانگەوازیکردن بۆ لای یەکخواپەرستی و قەدەغەکردنی هاوبەشی بڕیاردان، بریتیی بووە لە کاری گرنگی هەموو پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیان.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بێگومان حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران، بریتییە لە: بانگەوازیکردن بۆ لای یەکخواپەرستی و قەدەغەکردنی هاوبەشی بڕیاردان.

٢- ئایینی پێغەمبەران یەکێکە، ئەویش بریتییە لە دڵسۆزی لە پەرستنی خوا و وازهێنان لە هاوبەشی بڕیاردان، ئەگەرچی شەریعەت و یاساکانیان جیاواز بێت.

3- پەیامی خوا گشتییە بۆ هەموو نەتەوەکان، ئیقامە حوججەش لەسەر هەموو بەندەکان کراوە.

٤- گەورەیی و گرنگی تەوحید، کە لەسەر هەموو نەتەوەکان پێویستە.

٥- ئەو نەفی و ئیسپاتەی لە (لا إله إلا الله)دا هەیە، لە ئایەتەکەشدا هەیە، کەواتە ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەوحید دانامەزرێت، ئیللا بە هەردووکیان نەبێت، هەروەها نەفیکردن بە تەنها تەوحید نییە، ئیسپاتکردنیش بە تەنها تەوحید نییە.

* * *

.....

وَقَوْلِه: ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ [الإسراء: ٢٣] الآية.[1]

هەروەها فەرمایشتی خوا: {پەروەردگارت فەرمانی کردووە و بڕیاری داوە، کە هیچ کەسێک نەپەرستن تەنها زاتی پیرۆزی (الله) نەبێ، چونکە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە، هەروەها فەرمانی کردووە و بڕیاری داوە کە لەگەڵ دایک و باوکتاندا چاکەکاربن}.

ڕاڤەکردن

قضى: فەرمانیکرد و ئامۆژگاریکرد، لێرەدا مەبەست بە (القضاء) بڕیاردانی شەرعیی و دینییە، نەک بڕیاردانی قەدەریی و کەونیی.

ربك: (الرب) خاوەن و فەرمانڕەوا و بەڕێوەبەرە، ئەوەی هەموو جیهانەکانی بە نیعمەتەکانی خۆی پەروەردە کردووە.

ألا تعبدوا إلا إياه: واتا خوا بپەرستن و جگە لەو نەپەرستن.

وبالوالدين إحساناً: واتا بڕیاریداوە کە چاکە لەگەڵ دایک و باوکدا بکەن، هەروەکوو بڕیاریداوە کە بپەرستڕێت و جگە لەو نەپەرستڕێت.

واتای کورتی ئایەتەکە: هەواڵ دان بەوەی خوای بەرز و بڵند لەسەر زمانی پێغەمبەرەکانی فەرمانیکردووە و ئامۆژگاریکردووە کە بە تاکوتەنها بپەرستڕێت نەک

---

[1]- فعن أبي بكرة رضي الله عنه قال: قال النبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: "ألا أنبئكم بأكبر الكبائر" ثلاثاً. قالوا: بلى يا رسول الله، قال: "الإشراك بالله وعقوق الوالدين"، وجلس وكان متكئاً، فقال: "ألا وقول الزور"، قال: فما زال يكررها حتى قلنا: ليته سكت. أخرجه البخاري برقم (٢٦٥٤)، ومسلم برقم (٨٧).

تێبینی: لەبەر ئەوەی لە وەرگێڕانی ئەو پەرتووکەدا، پشتمان بە چاپی یەکەمی (دار العاصمة) بەستووە؛ بۆیە بۆ تەخریج و تەحقیقی فەرموودەکانیش هەر پەراوێزەکانی ئەو چاپەمان وەکوو خۆی بە عەرەبی هێناوە و وەرمان نەگێڕاوە.

جگە لەو بپەرستێت، هەروەها چاکە لەگەڵ دایک و باوکیدا بکات بە قسە و بە کردەوە، خەراپەیان لەگەڵدا نەکات؛ چونکە ئەو دووانە هەستاون بە پەروەردەکردنی لەکاتی بچووکیی و لاوازیدا، تاوەکوو بەهێز و توندوتۆڵ بوو.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: بێگومان تەوحید بریتییە لە جەخت لەسەرکراوترینی مافەکان و واجیبترینی واجیبەکان؛ چونکە خوا لە ئایاتەکەدا سەرەتا دەستی بە تەوحید کردووە، خوای گەورەش دەست پێناکات، ئیللا بە گرینگترین ئینجا گرینگ نەبێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بێگومان تەوحید یەکەم شتێکە کە خوا فەرمانی پێکردووە لە واجیبەکان، هەروەها یەکەم مافە واجیبەکانە لەسەر بەندە.

٢- ئەو نەفی و ئیسپاتەی کە لە وشەی (لا إله إلا الله)دا هەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا تەوحید دانامەزرێ، ئیللا بە نەفی و ئیسپات نەبێت: (نەفیکردنی پەرستن لە جگە لە خوا و جێگیرکردنی بۆ خوا)، هەروەکوو پێشتر باسکرا.

٣- گەورەیی مافی دایک و باوک، بەشێوەیەک مافی ئەوانی عەتفکردۆتە(گەڕاندوویەتییەوە) سەر مافی خۆی و لە پلەی دووەمدا هاتووە.

٤- واجیبیەتی چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوک، بەهەموو جۆرەکانی چاکەکردن، لەبەر ئەوەی هیچ جۆرێکی تایبەت نەکردووە.

٥- حەرامکردنی ئەزیەتدانی دایک و باوک.

* * *

.....

وَقَوْلِه: ﴿وَاعْبُدُواْ اللهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا ...﴾ الآية [النساء: ٣٦].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئێوە عیبادەتی خوای گەورە بکەن و بەتاکوتەنها بیپەرستن و هیچ جۆرە شەریکێک بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن، نە شیرکی گەورە نە بچووک}.

ڕاڤەکردن

لا تشركوا: واز لە هاوبەش بڕیاردان بێنن، کە بریتییە لە یەکسانکردنی جگە لە خوا بە خوا، لە شتێکدا کە لە تایبەتمەندی خوایە.

شيئاً: نەکێرەیە لە سیاقی نەهی، بۆیە هەموو شیرکێک دەگرێتەوە: گەورە و بچووکی.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە بەندەکانی دەکات بە پەرستنی بەتاکوتەنها کە هیچ هاوبەشێکی نییە، ڕێگریشیان لێ دەکات لە هاوبەش بڕیاردان، هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستنیشی تایبەت نەکردووە، نە پاڕانەوە و نە نوێژ و نە جگە لەوانەش؛ تاوەکوو فەرمانکردنەکە هەموو جۆرەکانی پەرستن بگرێتەوە، هەروەها هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردانیشی تایبەت نەکردووە؛ تاوەکوو قەدەغەکردنەکە هەموو جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردان بگرێتەوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە سەرەتا دەستی پێکردووە بە فەرمانکردن بە تەوحید و قەدەغەکردنی شیرک، کەواتە ڕاڤە و لێکدانەوەی تەوحیدی تێدایە بەوەی کە تەوحید پەرستنی خوایە بە تاکوتەنها و وازهێنانە لە هاوبەش بڕیاردان.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجبیەتی بەتاکدانانی خوا لە پەرستندا؛ چونکە خوا سەرەتا فەرمانی بەوە کردووە، کەواتە جەخت لەسەرکراوترینی واجیبەکانە.

٢- حەرامکردنی هاوبەش بڕیاردان؛ لەبەر ئەوەی خوا قەدەغەی کردووە، کەواتە گەورەترین و توندترینی حەرامەکانە.

٣- دوورکەوتنەوە لە هاوبەش بڕیاردان، مەرجێکە بۆ ڕاست و دروستیی پەرستش؛ چونکە خوا فەرمانکردن بە پەرستنی لکاندووە بە قەدەغەکردنی هاوبەش بڕیاردان.

٤- هاوبەش بڕیاردان، حەرامە کەمی و زۆری، گەورە و بچووکی؛ لەبەر ئەوەی وشەی (شیئاً) نەکێڕەیە لە سیاقی نەهی، کەواتە هەموو جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردان دەگرێتەوە.

٥- دروست نییە هیچ یەکێک بکرێتە هاوبەشی خوا لە پەرستنیدا، نە فریشتە و نە پێغەمبەر و نە پیاوچاک و نە وەلییەکان و نە بتیش؛ چونکە وشەی (شیئاً) گشتییە.

***

.....

وَقَوْلِه: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلاَّ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا﴾ الآيات [الأنعام: ١٥١- ١٥٣] [1].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ: وەرن با من پێتان بڵێم و بۆتان بخوێنمەوە ئەو شتانەی کە پەروەردگار لەسەر ئێوەی حەرام کردووە، لە هەموو شتێک گەورەتر کە خوای گەورە لەسەری حەرام کردوون، ئەوەیە هیچ جۆرە شەریکێک بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن}.

ڕاڤەکردن

تعالوا: وەرن و ڕووم تێبکەن.

أتل: بەسەرتاندا دەخوێنمەوە و هەواڵتان پێ دەدەم.

حرّم: حەرام: ڕێگری لێکراو و قەدەغەکراوە، کە بڕیتییە لەو شتەی بکەرەکەی سزا دەدرێت و وازلێهێنەرەکەشی پاداشت دەدرێتەوە.

الآيات: واتە تا کۆتایی سێ ئایەتەکە لە سورەتی ئەنعام، لەو شوێنەی کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ﴾ تاوەکوو دەگاتە کۆتایی ئایەتی سێیەم: ﴿ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾.

---

[1] - فعن عبادة بن الصامت رضي الله عنه قال: قال رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: "من يبايعني على هؤلاء الآيات" ثم قرأ: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ حتى ختم الآيات الثلاث "فمن وفى فأجره على الله، ومن انتقص شيئاً أدركه الله بها في الدنيا كانت عقوبته، ومن أخر إلى الآخرة كان أمره إلى الله، إن شاء عذبه وإن شاء عفا غفر له".
أخرجه الحاكم في المستدرك (٣١٨/٢) وقال: هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه.
وأصل الحديث متفق عليه بدون ذكر الآيات، فقد أخرجه البخاري برقم (٨) ومسلم برقم (١٧٠٩).

واتایەکی کورت و پوخت بۆ ئایەتەکە: خوا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە ئەو هاوبەشی بڕیاردەرانەی کەوا جگە لە خوایان پەرستووە و ئەو ڕۆژییەی خوا پێی داون حەرامیان کردووە و منداڵەکانی خۆیان کوشتووە بۆ نزیکبوونەوە لە بتەکان، ئەم کارەشیان ئەنجامدا بە بۆچوونی خۆیان و ڕازاندنەوەی شەیتان بۆیان، پێیان بڵێت: وەرن تاوەکوو بەسەرتاندا بخوێنمەوە ئەوەی بەدیهێنەر و خاوەنی ئێوە حەرامی کردووە، حەرامکردنێکی ڕاستەقینە نەک بە درۆ و گومان، بەڵکوو بە وەحییەک لەلایەن خۆیەوە، بەفەرمانێک لەلای ئەوەوە، ئەمەش لەو دە ئامۆژگارییەیە کەوا ئامۆژگاری ئێوەی پێ کردووە، کە بریتیین لە:

یەکەم: ئامۆژگاری کروون کە هیچ شتێک نەکەنە هاوبەشی خوا، ئەمەش ڕێگری کردنە لە هاوبەش بڕیاردان بەگشتی، بۆیە هەموو هاوبەش بڕیاردەرێک دەگرێتەوە، لە هەموو جۆرەکانی پەرستراویش جگە لە خوا، هەموو هاوبەش بڕیاردەرێکیش دەگرێتەوە لە هەموو جۆرەکانی پەرستش.

دووەم: ئامۆژگاری کردوون کە چاکە لەگەڵ دایک و باوکیاندا بکەن، بەوەی لەگەڵیاندا باش بن و پارێزگارییان لێ بکەن و گوێڕایەڵییان بکەن لە غەیری سەرپێچی کردنی خوا، هەروەها وازهێنان لە لووتبەرزی بەسەریانەوە.

سێیەم: ئامۆژگاریتان دەکات کەوا لەترسی برسییەتی و هەژاری منداڵەکانتان مەکوژن، واتا کچەکانتان زیندە بەچاڵ مەکەن و کوڕەکانیشتان لەترسی هەژاری مەکوژن، چونکە من ڕۆزیدەری ئێوە و ئەوانیشم، خۆ ئێوە ڕۆزییان نادەن، بەڵکوو ئێوە ڕۆزی خۆشتان نادەن.

چوارەم: ئامۆژگاریتان دەکات کە نزیکی خەراپە و تاوان مەکەون، چ ئەوەی ئاشکرایە، چ ئەوەی پەنهانە، واتا گوناهە ئاشکرا و شاراوەکان.

پێنجەم: فەرمانتان پێ دەکات هیچ نەفسێک مەکوژن، کە خوا کوشتنی حەرام کردبێت، ئەویش بریتییە لە نەفسی بڕوادار و بەڵێنپێدراو، ئەو هۆکارەشی ڕێ بە

کوشتنی دەدات، بریتییە لە تۆڵەسەندنەوە، یان زیناکردن دوای ژنهێنان و شووکردن، یاخود هەڵگەڕانەوە دوای موسڵمانبوون.

شەشەم: فەرمانی پێکردوون کەوا نزیکی سەروەت و سامانی هەتیو مەکەون -کە بریتییە لەو منداڵەی باوکی مردووە- ئیللا بە شێوەیەک نەبێت کە هەڵسوکەوتی تێدا بکەن بۆ پارێزگاریکردن لە ماڵەکە و گەشەپێدانی، تاوەکوو ئەوکاتەی کە هەتیوەکە گەورە دەبێت و بەتەواوی پێ دەگات، ئەوجار پارەکەی پێ بدەنەوە، واتا: فام دەکات و نەزانینیەکەی نامێنێت، لەگەڵ باڵغ بوونیشی.

حەفتەم: ﴿وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا﴾ واتا: دادپەروەری جێبەجێ بکەن لە وەرگرتن و بەخشین بەگوێرەی تواناتان.

هەشتەم: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىَ﴾. فەرمانیکردووە بە دادپەروەری لە قسەکردندا لەسەر نزیک و دوور، دوای فەرمانکردن بە دادپەروەری لە کردەوەدا.

نۆیەم: ﴿وَبِعَهْدِ اللهِ﴾ واتا: ئەو ئامۆژگارییەی کەوا ئامۆژگاری ئێوەی پێکردووە ﴿أَوْفُواْ﴾، واتا ملکەچبن بۆ ئەمە، بەوەی گوێڕایەڵی بکەن لەو شتەی کە فەرمانی پێ کردووە و قەدەغەی کردووە، هەروەها کاریش بە کتێبەکەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بکەن.

دەیەم: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾. واتە: ئەوەی کە ئامۆژگاریم پێ کردوون لەو دوو ئایەتەدا لە وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان، کە گەورەترینیان هاوبەشبڕیاردانە. هەروەها کردنی واجیبەکانیش، کە گەورەترینیان یەکخواپەرستییە، ئەوە بریتییە لە ڕێگە ڕاستەکە.

﴿فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ﴾ ڕێچکەکان بریتیین لە: بیدعە و گومانەکان.

﴿فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾. لاتان دەدات و پەرش و بڵاوتان دەکات لە ئایینەکەی.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: خوای گەورە باسی کۆمەڵێک لە حەرامکراوەکانی کردووە، سەرەتا بە ڕێگریکردن لە هاوبەش بڕیاردان دەستی پێ کردووە، نەهیکردنیش لە شیرک، فەرمانکردن بە تەوحید دەخوازێت، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەوحید گەورەترینی واجیبەکانە، شیرکیش گەورەترینی حەرامکراوەکانە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتانە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی شیرک گەورەترینی حەرامکراوەکانە، تەوحیدیش گەورەترینی واجیبەکانە.

٢- گەورەیی مافی دایک و باوک.

٣- حەرامکردنی کوشتنی نەفسێک بەناحەق، بەتایبەتی ئەگەر کەسە کوژراوەکە لە خزمە نزیکەکان بێت.

٤- حەرامکردنی خواردنی مااڵی هەتیو و دروستییەتی کارکردن لەپێناو چاککردن و پاراستنی مااڵەکەی.

٥- واجیبیەتی دادپەروەری لە قسە و کردەوەکان لەسەر نزیک و دوور.

٦- واجیبیەتی بەجێگەیاندنی بەڵێن و پەیمان.

٧- واجیبیەتی شوێنکەوتنی ئایینی ئیسلام و وازهێنان لە جگە لە ئیسلام.

٨- حەاڵڵکردن و حەرامکردن، مافی خوایە.

❁❁❁

.....

قَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ -رضي الله عنه-: «مَنْ أَرَادَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى وَصِيَّةِ مُحَمَّدٍ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- الَّتِي عَلَيْهَا خَاتَمُهُ؛ فَلْيَقْرَأْ قَوْلَهُ تَعَالَى: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾ الآية[1] [الأنعام: ١٥١-١٥٣].[2]

ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێ: "هەر کەسێک دەیەوێت سەیری ڕاسپاردەکەی مِوحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بکات، کەوا کۆتا ئامۆژگاریەتی و مۆری ئەوی بەسەرەوەیە، ئەوا با ئەو وتەیەی خوا بخوێنێتەوە: {ئەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بڵێ وەرن با بۆتان بخوێنمەوە ئەوەی پەروەردگارتان یاساغی کردووە لەسەرتان} تاوەکوو دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێ: {ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کە ڕاست و دروستە، کەواتە شوێنی بکەون}".

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم (٣٠٨٠) والطبراني في معجمه الأوسط برقم (١٢٠٨) وقال أبو عيسى: هذا حديث حسن غريب.

[2] - وعن ابن مسعود رضي الله عنه قال: خط لنا رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- خطاً، ثم خط عن يمينه وعن شماله خطوطاً، ثم قال: "هذا سبيل الله، وهذه السبل على كل سبيل منها شيطان يدعو إليه، ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾.

أخرجه أحمد في المسند (٤٣٥/١، ٤٦٥) وابن حبان في صحيحه (١٠٥/١) برقم (٦، ٧) والحاكم (٣١٨/٢) ، وقال: هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه.

وقال الهيثمي في مجمع الزوائد (٢٢/٧) : رواه أحمد والبزار، وفيه عاصم ابن بهدلة وهو ثقة، وفيه ضعف.

ڕاڤەکردن

ابن مسعود: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودی کوڕی غافلی کوڕی حەبیبی هوزەلییە، هاوەڵی پایەدار لە پێشکەوتووە یەکەمەکانە، لە گەورە زانایانی هاوەڵانە، بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بووە، لەساڵی (٣٢)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

وصية: بریتییە لە کارێکی چەسپاو و بڕیارلەسەردراو.

خاتمه: (الخاتم) بە فەتحەی تاء و کەسرەکەی: ئەڵقەیەکە خاوەنی نقێمێکە[ئەو شتەی دەخرێتە سەر ئەنگوستیلە] لەغەیری ماددەکەی خۆی، مۆرم لەسەر کتێبەکەدا واتا مۆرمکرد.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- باس لەوە دەکات: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەگەر وەسیەتی بکردبا، ئەوە وەسیەتی تەنها بەوە دەکرد کە خوا فەرمانی پێ کردووە؛ چونکە خوا فەرمانی بەو شتانە کردووە کە لەو ئایەتانەدا هاتووە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە هەر یەک لەو ئایەتانەی کۆتایی پێ هێناوە بەوەی فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ﴾، ئیبن مەسعوودیش کاتێک ئەمەی فەرموو کە ئیبن عەبباس -ڕەزای خوایان لێبێت- فەرمووی: گەورەترین بەڵا و موسیبەت ئەوەیە کە بۆتە ڕێگر لەنێوانی ئێمە و ئەوەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- وەسیەتەکەی خۆیمان بۆ بنووسێتەوە، ئیبن مەسعوودیش بەبیری هێنانەوە کە قورئانیان لەلایە و ئەمەش بەسیانە؛ چونکە ئەگەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- وەسیەتی بکردبا، ئەوە تەنها وەسیەتی بەوە دەکرد کە لە کیتابی خوادا هاتووە.

پەیوەندی ئەو ئەسەرە بۆ ئەو بەشە: ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەو شتانەی لەو ئایەتانەدا باسکران، هەروەکوو چۆن فەرمان و ئامۆژگاری خوایە، فەرمان و ئامۆژگاری پێغەمبەرەکەشیەتی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمان بەو شتە دەکات کە خوا فەرمانی پێ کردووە.

ئەو سوودانەی لە قسەکەی ئیبن مەسعوود وەردەگیرێن:

١- گرینگی ئەو دە ئامۆژگارییە.

٢- پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئامۆژگاری و فەرمان بەو شتە دەکات کە خوا فەرمانی پێ کردووە، کەواتە هەموو فەرمانێکی خوا، فەرمانی پێغەمبەرەکەشیەتی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٣- قوولّی زانستی هاوەڵان و وردی تێگەیشتنیان بۆ کتێبی خوا.

* * *

.....

وَعَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ -رضي الله عنه- قَالَ: كُنْتُ رَدِيفَ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- عَلَى حِمَارٍ، فَقَالَ لِي: «يَا مُعَاذُ أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللهِ عَلَى الْعِبَادِ؟، وَمَا حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللهِ؟»، قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «حَقُّ اللهِ عَلَى الْعِبَادِ: أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَحَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللهِ: أَنْ لَا يُعَذِّبَ مَنْ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا»، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ؛ أَفَلَا أُبَشِّرُ النَّاسَ؟ قَالَ: «لا تُبَشِّرْهُمْ فَيَتَّكِلُوا». أَخْرَجَاهُ فِي الصَّحِيحَيْنِ.[1]

هەروەها لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێ: من لەدواوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بووم لەسەر گوێدرێژێک، پێی فەرمووم: "ئەی موعاز! ئایا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکان چییە و مافی بەندەکانیش لەسەر خوا چییە؟" گوتم: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن. فەرمووی: "مافی خوا لەسەر بەندە، ئەوەیە بیپەرستێت و هیچ شتێک نەکاتە هاوبەشی، مافی بەندەش لەسەر خوا، ئەوەیە ئەو کەسە سزا نەدات کە هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نەداوە". گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا ئەو موژدەیە بە خەڵکی نەدەم؟ فەرمووی: "نەخێر، ئەو موژدەیەیان پێ مەدە، چونکە پشت بەو موژدەیە دەبەستن و واز لە کردەوەی چاکە دەهێنن".

[1] - أخرجه البخاري برقم (٢٨٥٦) ومسلم برقم (٣٠).
وفي رواية: "وأخبر بها معاذ عند موته تأثماً" عند البخاري برقم (١٢٨)، ومسلم رقم (٣٢).
وجاء في فتح المجيد (ص٢٨٩) قال الوزير أبو المظفر: "لم يكن يكتمها، إلا عن جاهل يحمله جهله على سوء الأدب، بترك الخدمة في الطاعة".

ڕاڤەکردن

معاذ: موعازی کوڕی جەبەلی کوڕی عەمری کوڕی ئەوسی کوڕی کەعبی کوڕی عەمری خەزرەجی ئەنساریيە، هاوەڵێکی پایەدار و بەناوبانگە، لە گەورە هاوەڵانە، زۆر تێگەیشتوو و قووڵ بوو لە زانست و حوکمەکان و قورئان، ئامادەی جەنگی بەدر و جەنگەکانی دیکەش بووە، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە ڕۆژی ئازادکردنی مەککە، کردیە جێنشینی خۆی لەسەر خەڵکی مەککە، فێری ئایینی دەکردن، پاشان ناردی بەرەو لای یەمەن؛ تاوەکوو ببێت بە قازی و مامۆستا، لە ساڵی (١٨)ـی کۆچی لە شام وەفاتی کرد، تەمەنیشی (٣٨) ساڵ بوو.

ردیف: (الرديف) ئەو کەسەیە لە پشتی خۆت لەسەر وڵاخێک هەڵیدەگریت.

أتدري؟: ئایا دەزانیت؟

حق الله: ئەوەی کە شایەنیەتی و دەیکات بە واجیب لەسەر بەندەکان.

حق العباد على الله: ئەوەی کە خوا لەسەر خۆی نووسیویەتی و واجیبی کردووە، وەکوو میهرەبانی و گەورەیی نواندن و چاکەیەک لەلایەن خۆیەوە.

أبشر الناس: هەواڵیان پێ بدەم؛ تاوەکوو دڵخۆش بن پێی.

يتكلوا: پشت بەوە ببەستن و واز لە پێشبڕکێ بێنن لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ویستی واجیبیەتی و گەورەیی تەوحید لەسەر بەندەکان ڕوون بکاتەوە، ئەو مەبەستەی بە شێوەی پرسیار دەربڕی؛ تاوەکوو کاریگەرتر بێت لە دەروون و نزیکتریش بێتەوە لە تێگەیشتنی فێرخواز، جا کاتێک گەورەیی تەوحیدی بۆ موعاز ڕوون کردەوە، موعاز مۆڵەتی لێ خواست کەوا ئەم هەواڵە بگەیەنێتە خەڵکی؛ تاوەکوو موژدەی خۆشیان پێ بدات و دڵیان خۆش بێت، بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری لێکرد لەوەی ئەم هەواڵە بگەیەنێت؛ لەترسی ئەوەی خەڵکی پشت بەوە ببەستن و کردەوە چاکەکان کەم ئەنجام بدەن.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: پەیوەندییەکە ئەوەیە کە ڕاڤە و لێکدانەوەی تەوحیدی تێدایە، بەوەی بریتییە لە پەرستنی خوا بە تاکوتەنها کە هیچ هاوبەشێکی نییە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- خۆبەکەمزانینی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر ئەوەی سواری گوێدرێژ بوو و یەکێکی تریشی لەدوای خۆی سوار کرد. بە پێچەوانەی خەڵکی خۆبەگەورەزان.

٢- دروستییەتی سواربوونی دوو کەس لەسەر پشتی ئاژەڵێک، ئەگەر ئەوەی لە توانادا هەبوو.

٣- فێرکردن بە ڕێگەی پرسیار و وەڵام.

٤- هەر کەسێک پرسیاری لێکرا دەربارەی شتێک کە نایزانێت، پێویستە بڵێت: خوا زاناترە.

٥- زانینی مافی خوا لەسەر بەندە، کە بریتییە لەوەی خوا بپەرستێت بەتاکوتەنها و بەبێ هاوبەش بڕیاردان بۆی.

٦- هەر کەسێک لە هاوبەش بڕیاردان دوورنەکەوێتەوە، ئەوە پەرستنی خوای بەڕاستی ئەنجام نەداوە، ئەگەر لە وێنە و ڕووکەشیشدا بیپەرستێت.

٧- گەورەیی تەوحید و باشی ئەو کەسەی دەستی پێوە دەگرێت.

٨- ڕاڤەی تەوحید، کە بریتییە لە پەرستنی خوا بە تەنها و وازهێنان لە شیرک.

٩- چاکیەتی و سوننەتیەتی موژدەدان بە موسڵمان، بە شتێک کە دڵخۆشی دەکات.

١٠- دروستییەتی شاردنەوەی زانست؛ لەبەر بەرژەوەندی.

١١- نواندنی ئەدەب لەلایەن فێرخوازەوە لەگەڵ مامۆستاکەی.

***

ئەو حوکم و بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە(فِيهِ مَسَائِلُ) [1]:

یەکەم: ڕوونکردنەوەی حیکمەت لە دروستکردنی جنۆکە و مرۆڤ.

دووەەم: بێگومان پەرستن بریتییە لە یەکخواپەرستی؛ چونکە کێشە و ناکۆکییەکە لەسەر ئەمە بووە.

سێیەم: هەر کەسێک تەوحید جێبەجێ نەکات، ئەوا خوای نەپەرستووە، کەواتە واتای ئەو وتەیەی تێدایە: ﴿ وَلَآ أَنتُم عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ﴾ .

چوارەم: حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران.

پێنجەم: بە دڵنیایی پەیامی خوا، گشتگیرە بۆ هەموو نەتەوەکان.

شەشەم: بێگومان ئایینی پێغەمبەران یەک ئایینە.

حەفتەم: بابەتە گەورکە کە بریتییە لەوەی پەرستنی خوا نایێتەجێ، ئیللا بە کوفرکردن بە تاغووت نەبێت؛ کەواتە واتای ئەو وتەیەی خوای تێدایە: ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ...﴾ تاکۆتایی ئایەتەکە.

هەشتەم: تاغووت وشەیەکی گشتییە، بۆ هەر کەسێک کە بپەرسترێت جگە لە خوا.

نۆیەم: گەورەیی ئەو سێ ئایەتە مانا ڕوون و ئاشکرایەی سورەتی (الْأَنْعَام) لەلای سەلەف، کە دە بابەتی تێدایە؛ یەکەمیان ڕێگریکردنە لە هاوبەش بڕیاردان.

دەیەم: باسی ئایەتە ڕۆشنەکان لە سورەتی (الْإِسْرَاء)دا، کە هەژدە بابەتی تێدایە، سەرەتا خوا بەو وتەیەی دەستی پێکردووە: ﴿لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومٗا مَّخۡذُولٗا﴾، بەو وتەیەشی کۆتایی پێهێناوە: ﴿وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومٗا مَّدۡحُورًا﴾ ، هەروەها خوای گەورە

---

[1] - **تێبینی:** ئەو بابەت و حوکمانەی کە لە ئایەت و فەرموودەکان وەردەگیرێن، لە ئەسڵی کتێبی تەوحیددا هاتووە و شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە مەتنەکەیدا باسیکردووە، بەڵام شێخ سالح فەوزان لە پوختەی ڕاڤەکەیدا نەیهێناوە، بۆیە ئێمەش بەپێویستمان زانی کە بیهێنین، ئینجا تەنها وەرگێڕدراوە کوردییەکەیمان هێناوە و عەرەبییەکەیمان نەهێناوە.

ئاگەداریشی کردووینەتەوە لە گەورەیی ئەو بابەتانە، بەو وتەیەی کە فەرموویەتی: ﴿ذلك مما أوحى إليك ربك من الحكمة﴾.

یازدەیەم: ئایەتەکەی سورەتی نیساء، کە پێی دەگوترێت ئایەتی (دە مافەکە)، سەرەتا خوا بەو وتەیەی دەستی پێکردووە: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ﴾.

دوازدەیەم: ئاگەداربوون لە ئامۆژگاری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەکاتی مردنی.

سێزدەیەم: زانین و ناسینی مافی خوای بەرز و بڵند لەسەر ئێمە.

چواردەیەم: ناسینی مافی بەندە لەسەر خوا، ئەگەر مافی خوایان جێبەجێ کرد.

پازدەیەم: ئەو بابەتە زۆرینەی هاوەڵان نایزانن؛[چونکە پێغەمبەر فەرمانی بە موعاز کرد بە خەڵکی ڕانەگەیەنێت].

شازدەیەم: دروستییەتی شاردنەوەی زانست لەبەر بەرژەوەندی.

حەڤدەیەم: سونەتییەتی موژدەدان بە موسڵمان، بە شتێک کە خۆشحاڵی دەکات.

هەژدەیەم: ترسان لە پشت بەستن بە فرەوانی بەزەیی و میهرەبانی خوا.

نۆزدەیەم: قسەی پرسیارلێکراو، دەربارەی شتێک کە نایزانێت، بڵێت: "خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن".

بیستەم: دروستییەتی تایبەتکردنی هێندێک خەڵک بە زانست، جگە لە هێندێکی دیکە.

بیست و یەکەم: خۆبەکەمزانینی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ چونکە سواری گوێدرێژ بووە و کەسێکی تریش لەگەڵی سواربووە.

بیست و دووەم: دروستێتی سواربوونی دوو کەس لەسەر ئاژەڵێک.

بیست و سێیەم: چاکیی و گەورەیی موعازی کوڕی جەبەل.

بیست و چوارەم: گەورەیی ئەو بابەتە [بابەتی تەوحید و مافی خوا لەسەر بەندە و مافی بەندە لەسەر خوا].

❁❁❁

بَابُ فَضْلِ التّوحيدِ، وما يُكَفِّرُ من الذُّنُوبِ

بەشی گەورەیی یەکخواپەرستی و سڕینەوەی بۆ تاوانەکان

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ [1] [الأنعام: ٨٢].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە و ئەهلی تەوحیدن و بەتاکوتەنها خوا دەپەرستن و ئیمانەکەیان تێکەڵ بە شیرک نەکردووە، ئا ئەم کەسانەن کە دڵنیا و ئەمینن لە سزای خوای گەورە لە قیامەتدا، لە دونیا و قیامەتیشدا خوای گەورە ڕێنماییان دەکات بۆ ڕێگای ڕاست، ئەمانەن کە شایەنن بە ئەمن و ئاسایش، نەک کافران و موشریکان}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ کتێبی تەوحید: کاتێک لە بەشی یەکەم واجیبیەتی تەوحید و واتاکەی ڕوون کردەوە، لەو بەشەشدا گەورەیی تەوحید و شوێنەوارە سوپاسکراوەکانی ڕوون کردەوە، هەروەها دەرئەنجامە جوانەکانیشی ڕوون کردەوە، کە بەشێکی بریتییە لە ڕەشکردنەوەی تاوانەکان، ئەمەش لەڕێناو هاندانە لەسەری.

بابٌ: لەزمانەوانی بریتییە لە: دەروازە و شوێنی چوونە ژوور، لە زاراوەشدا: ناوێکە بۆ کۆمەڵێک لە زانیاری کە بەزۆری وایە چەند بەش و بابەتێکی لەژێرە.

---

[1] - عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: لما نزلت: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ﴾ قلنا: يا رسول الله: أينا لم يظلم نفسه؟ قال: "ليس كما تقولون: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ﴾ بشرك، أولم تسمعوا إلى قول لقمان لابنه: ﴿يَا بُنَيَّ لاَ تُشْرِكْ بِاللهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾".

أخرجه البخاري برقم (٣٣٦٠) ومسلم برقم (١٢٤).

یکفر: (التکفیر) لە زمانەوانی: داپۆشین و شاردنەوەیە. لە شەرعیشدا: سڕینەوەی تاوانە، هەتا وەکوو نەبووی لێ دێت.

من الذنوب: (مِن) بۆ ڕوونکردنەوەیە نەک بۆ هێندێکی بێت، (الذنوب)یش: کۆی (ذنب) تاوانە: کە بریتییە لەو شتەی سەرەنجامەکەی خەراپ و ناشیرین بێت.

آمنوا: بە دڵیان بەڕاستییان زانیوە و بەزمانیان دەریان بڕیوە و بە ئەندامەکانی لاشەشیان ئەنجامیان داوە، لوتکەی ئەمەش یەکخواپەرستییە.

یلبسوا إیمانهم: تەوحیدەکەیان تێکەڵ کردبێت.

بظلم: بە شیرک، (الظلم): دانانی شتێکە لە غەیری شوێنی خۆی، بۆیەش شیرک پێی دەگوترێت زوڵم؛ چونکە دانانی پەرستشە لەغەیری شوێنی خۆی و ئەنجامدانیەتی بۆ کەسێک کە شایستەی نییە.

الأمن: ئارامی دەروون و نەمانی ترس.

مهتدون: واتە: یارمەتی دراون بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێگە ڕاستەکە و جێگیرن لەسەری.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە ئەوانەی پەرستن تەنها بۆ خوا ئەنجام دەدەن، تەوحیدەکەشیان تێکەڵ نەکردووە بە شیرک، ئەوانەن ئارام و پارێزراون لە ترس و ناخۆشی لە ڕۆژی دوایی، ڕێنماییکراویشن بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام لە دونیادا.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر فەزڵ و گەورەیی تەوحید و سڕینەوەی بۆ تاوانەکان.

ئەو سوودانەی لەو ئایاتە وەردەگیرێن:

١- گەورەیی و بەرهەمی تەوحید لە دونیا و دواڕۆژدا.

٢- بێگومان هاوبەشبڕیاردان ستەمە و پووچەڵکەرەوەی ئیمان بە خوایە، ئەگەر شیرکی گەورە بێت، یاخود کەمکەرەوەی ئیمانە، ئەگەر شیرکی بچووک بێت.

٣- بەدڵنیایی هاوبەشبڕیاردان، لێخۆشبوونی بۆ نییە.

٤- هاوبەشبڕیاردان دەبێتە هۆکاری ترس لە دونیا و دواڕۆژدا.

***

.....

وَعَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ -رضي الله عنه- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: «مَنْ شَهِدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَأَنَّ عِيسَى عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ، وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ، وَرُوحٌ مِنْهُ، وَالْجَنَّةَ حَقٌّ، وَالنَّارَ حَقٌّ، أَدْخَلَهُ اللهُ الْجَنَّةَ عَلَى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ». أَخْرَجَاهُ. [1]

هەروەها لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێ: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: فەرموویەتی: "هەر کەسێک شایەتی بدات بەوەی هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (اللە)، تاکوتەنهایە و هاوبەشی نییە، موحەممەدیش بەندە و نێردراوی خوایە، عیساش بەندە و ڕەوانەکراوی خوایە و وشەی خوایە، ڕەوانەی کردووە بۆلای مەریەم و ڕۆحێکە لەلایەن خواوە، بەهەشت حەق و ڕاستە و دۆزەخیش ڕاستە، ئەوا خوا دەیخاتە بەهەشتەوە هەرچەندە کەموکوڕیشی هەبێت لە کردەوەدا".

ڕاڤەکردن

عبادة بن الصامت: عوبادەی کوڕی سامتی کوڕی قەیسی ئەنساڕی خەزرەجییە، یەکێک بوو لە سەرکردەکان، بەدرییەکی بەناوبانگبوو، لەساڵی (٣٤)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، تەمەنیشی (٧٢) ساڵ بووە.

شهد أن لا إله إلا الله: ئەو وشەیە دەربڕێت، واتاکەی بزانێت، کاریش بە داخوازییەکانی بکات لە ڕووکەش و لەناخیشەوە.

لا إله إلا الله: هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە، جگە لە (الله).

---

[1] - أخرجه البخاري برقم (٣٤٣٥) ومسلم برقم (٢٨) والترمذي برقم (٢٦٤٠) وأحمد في مسنده (٣١٤/٥).

وحده: حاڵێکی جەخت لەسەرکراوە بۆ جێگیرکردن.

لا شريك له: سەڵماندن و جەخت لەسەرکردنەوەیە بۆ نەفیکردن.

وأن محمداً: واتە: هەروەها شایەتی بدات بەوەی موحەممەد.

عبده: بەندەی خوا و خواپەرستە.

ورسوله: ڕەوانەکراوی خوایە بە شەریعەتەکەی.

وأن عيسى: واتە: هەروەها شایەتی بدات کە عیسای کوڕی مەریەم.

عبد الله ورسوله: بەپێچەوانەی بیروباوەڕی نەسڕانییەکان، کە پێیان وایە: خوایە، یان کوڕی خوایە، یان یەکێکە لە سێ خوایەکە.

وكلمته: واتە: خوا دروستی کردووە بە وشەیەک، کە بریتییە لە وتەی خوا: ببە (کن).

ألقاها إلى مريم: بەو وشەیە جبریلی ڕەوانەکرد بۆلای مەریەم، ئیتر جبریل فووی پێداکرد لە ڕووحە دروستکراوەکە، بە ویستی خوای بەرز و بڵند.

وروحٌ: واتە: عیسا -علیه السلام- ڕووحێکە لەو ڕووحانەی کەوا خوا دروستی کردووە.

منه: واتە: دروستکردن و هێنانە بوونی لەلایەن خواوەیە، ئەمە وەکوو وتەی خوایە: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ﴾ [الجاثية: ١٣].

واتە: ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، بۆ ئێوەی ژێربار کردووە، هەمووی لەلایەن خواوەیە.

والجنة حق والنار حق: واتە: شایەتی بدات بەوەی بەهەشت و دۆزەخ، ئەو دووانەی کە خوا لە کیتابەکەیدا هەواڵی پێداوە، ڕاستن و جێگیرن گومانیان تێدا نییە.

أدخله الله الجنة: وەڵامی مەرجی پێشوە لەو قسەیەی کە فەرمووی: هەر کەسێک شایەتی بدات... تاد.

علی ما کان من العمل: دوو واتا هەڵدەگرێت:

یەکەم: خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە، ئەگەرچی کەمتەرخەم و تاوانباریش بێت؛ چونکە کەسی یەکخواپەرست هەردەبێت بچێتە بەهەشت.

دووەم: خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە، پێگەشی لە بەهەشتدا بەگوێرەی کردەوەکانی دەبێت.

أخرجاه: واتە: ئەو فەرموودەیە بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکەی خۆیاندا گێڕاویەتییانەوە، ئەو دوو کتێبەی ڕاستترین کتێبن دوای قورئان.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی پێداوین و فەزڵ و گەورەیی تەوحیدی بۆ ڕوون کردووینەتەوە: کە هەر کەسێک دوو شایەتوومانەکە دەربڕێت، واتاکەیان بزانێت، کار بە داخوازییەکەیان بکات لە ڕووکەش و لە ناخەوە، هەروەها دووربکەوێتەوە لە زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمی دەرحەق بەو دوو پێغەمبەرە چاک و بەڕێزە عیسا و موحەممەد -علیهما الصلاة والسلام-، دانیش بنێت کە پێغەمبەرن و پەیامیان بۆ هاتووە و بەندەی خوان و هیچ شتێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕبوبییەتیان نییە، باوەڕی تەواویشی بە بەهەشت و دۆزەخ هەبێت، ئەوا سەرەنجامەکەی بەرەو بەهەشتە، ئەگەر تاوانی جگە لە شیرکیش ئەنجام بدات.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: ڕوونکردنەوەی فەزڵ و گەورەیی تەوحیدی تێدایە، هەروەها هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت و سڕینەوەی تاوانەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- گەورەیی تەوحید کە خوای گەورە بەهۆیەوە تاوانەکان ڕەش دەکاتەوە.

٢- فرەوانی فەزڵ و چاکەی خوا -سبحانه وتعالی-.

٣- واجبیەتی دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەویی و کەمتەرخەمی لە مافی پێغەمبەران و پیاوچاکان، بۆیە نە نکوولی لە فەزڵ و گەورەییان دەکەین، نە زیادەڕەویشیان

تێدا دەکەین، نابێت هیچ شتێک لە پەرستنیان بۆ ئەنجام بدەین، هەروەکوو هێندێک نەزان و گومڕا وا دەکەن.

٤- بێگومان بیروباوەڕی یەکخواپەرستی پێچەوانەی هەموو ڕێبازە کوفریەکانە، لە جوولەکە و گاور و بت پەرست و سروشت پەرستەکان(دەهرییەکان).

٥- بێگومان یەکخواپەرستە تاوانبارەکان، هەتاهەتایی لە دۆزەخدا نامێننەوە.

***

.....

وَلَهُمَا فِي حَدِيْثِ عِتْبَانَ: «فَإِنَّ اللهَ حَرَّمَ عَلَى النَّارِ مَنْ قَالَ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ)؛ يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللهِ». [1]

هەروەها بوخاری و موسلیم لە فەرموودەی عیتبانەوە گێڕاویەتییانەوە کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "بە دڵنیایی خوای گەورە لەسەر ئاگری دۆزەخی قەدەغە کردووە ئەو کەسە بسووتێنێت کە دەڵێت: (لا إله إلا الله)، مەبەستیشی بەمە تەنها خوا بێت".

ڕاڤەکردن

عتبان: عیتبانی کوڕی مالیکی کوڕی عەمری کوڕی عەجلانی ئەنساریيە، لە نەوەی سالمی کوڕی عەوفە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، لەسەردەمی خەلافەتی موعاویە وەفاتی کردووە.

ولهما: واتە: بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکەی خۆیاندا ئەو فەرموودەیەیان بەتەواوی گێڕاوەتەوە، ئەمە بەشێکییەتی.

حرم على النار: حەرامکردن(التحريم): قەدەغەکردن: قەدەغەی کردووە کە ئاگر بیسوتێنێت.

يبتغي بذلك وجه الله: واتە لەدڵیەوە بە دڵسۆزی بیڵێت و لەسەر ئەمەش بمرێت، بە دووڕوویی نەیگوتبێت.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەوڵێکی دڵنیای داوە کە هەرکەسێک وشەی (لا إله إلا الله) دەربڕێت، مەبەستیشی ئەو واتایە بێت کە بەڵگەیە لەسەری، وەکوو ئیخڵاس و نەفیکردنی شیرک، کاریش بەوە بکات لە

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٢٥" ومسلم برقم "٣٣" وأحمد في مسنده "٤٤/٤"، "٥/٤٤٩".

ڕووکەش و لە ناخەوە، لەسەر ئەو حاڵەشەوە بمرێت، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا ئاگر نایسوتێنێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای تێدایە لەسەر گەورەیی تەوحید، کە دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە دۆزەخ و سزینەوەی تاوانەکانی، بۆ ئەو کەسەی لەسەر ئەو وشەیە بمرێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- فەزڵ و گەورەیی تەوحید، هەروەها ڕزگارکەرە لە دۆزەخ و ڕەشکەرەوەی تاوانەکانیشە.

٢- لە ئیماندا دەربڕین بەتەنها بەس نییە، بەبێ بوونی بیروباوەڕی دڵ، وەکوو حاڵی دووڕووەکان.

٣- لە ئیماندا بیروباوەڕ بەتەنها بەس نییە، بەبێ دەربڕین. وەکوو حاڵی نکوولێکەرەکان.

٤- قەدەغەبوونی ئاگری دۆزەخ لەسەر ئەهلی تەوحیدی کامڵ.

٥- بێگومان کردەوە سوودی نییە، مەگەر بەدڵسۆزی بۆ خوا بێت و لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٦- هەرکەسێک بڵێت: (لا إله إلا الله)، بەڵام هاواری دەکردە جگە لە خوا، ئەوا سوودی پێ ناگەیەنێت، وەکوو حاڵی گۆڕپەرستەکانی ئەمڕۆ، دەڵێن: (لا إله إلا الله)، بەڵام لە مردووەکان دەپاڕێنەوە و خۆیانیان لێ نزیک دەکەنەوە.

٧- جێگیرکردنی ڕوو(الوجه) بۆ خوای گەورە، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی و مەزنی خوا.

***

.....

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ -رضي الله عنه-، عَنْ رَسُوْلِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «قَالَ مُوسَى: يَا رَبِّ عَلِّمْنِي شَيْئًا أَذْكُرُكَ وَأَدْعُوكَ بِهِ، قَالَ: قُلْ يَا مُوسَى: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، قَالَ: كُلُّ عِبَادِكَ يَقُولُونَ هَذَا؟ قَالَ: يَا مُوسَى؛ لَوْ أَنَّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعَ وَعَامِرَهُنَّ -غَيْرِي- وَالْأَرْضِينَ السَّبْعَ فِي كِفَّةٍ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ فِي كِفَّةٍ، مَالَتْ بِهِنَّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ». رَوَاهُ ابْنُ حِبَّانَ وَالْحَاكِمُ وَصَحَّحَهُ. [1].

هەروەها ئەبوو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "موسا فەرمووی: ئەی پەروەردگار! شتێکم فێربکە کە یادی تۆی پێ بکەم و بەهۆیەوە لە تۆ بپاڕێمەوە، فەرمووی: ئەی موسا! بڵێ: (لا إله إلا الله). فەرمووی: ئەی پەروەردگار! هەموو بەندەکانت ئەوە دەڵێن. فەرمووی: ئەی موسا! ئەگەر حەفت ئاسمانەکان و ئاوەدانکەرەوەکانیشی جگە لە خۆم، هەروەها حەفت زەوییەکەش لە تای تەرازوویەک دابنرێت، (لا إله إلا الله)ش لە تایەکەی دیکەی دابنرێت، ئەوە (لا إله إلا الله) زاڵ دەبێت بەسەریاندا".

ڕاڤەکردن

أبو سعيد الخدري: ئەبوو سەعیدی خودری؛ سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی سینانی خەزرەجی ئەنساڕیی خودرییە، نیسبەتە بۆ لای نەوەی خودرە، هاوەڵی گەورە

[1] - أخرجه ابن حبان برقم (٢٣٢٤) ، والحاكم في المستدرك (٥٢٨/١) والنسائي في عمل اليوم والليلة برقم (٨٣٤، ١١٤١) وصححه ابن حبان والحاكم ووافقه الذهبي. وقال الهيثمي في مجمع الزوائد (٨٢/١٠) : رواه أبو يعلى ورجاله وُثِّقوا وفيهم ضعف.

و کوڕی هاوەڵە، فەرموودەیەکی زۆری لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- گێڕاوەتەوە، ساڵی (٧٤)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

موسى: مووسای کوڕی عیمڕانە، پێغەمبەری خوایە بۆلای نەوەی ئیسڕائیل و ئەو کەسەیە کە ڕاستەوخۆ خوای گەورە قسەی لەگەڵ کردووە.

أذكرك: سوپاس و ستایشی تۆی پێ بکەم.

وأدعوك به: بیکەم بە هۆکارێک بۆ نزیکبوونەوە لە تۆ، ئەگەر لێت پاڕامەوە.

يقولون هذا: واتە: ئەو وشەیە دەڵێن.

وعامرُهن غيري: ئەوانەی کە تێیدان لە ئاوەدانکەرەوەکان، جگە لە خوا.

في كفة: واتە: ئەگەر ئەو دروستکراوانە لە تایەک لە دوو تایەکەی تەرازووەدا دابنرێن، ئەو وشەیەش لە تایەکەی دیکەیدا دابنرێت.

مالت بهن: ئەو وشەیە زاڵ دەبێت بەسەریاندا.

واتای کورتی فەرموودەکە: مووسا -علیه الصلاة والسلام- داوای لە پەروەردگاری کرد کە فێری زیکرێکی بکات، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە سوپاسی خوای پێ بکات و خۆی پێ لە خوا نزیک بکاتەوە، خوای گەورەش ڕێنماییکرد کە بڵێت: (لا إله إلا الله)، مووساش زانی کە ئەو وشەیە لەسەر زمانی زۆرێک لە خەڵکییە و دەیڵێن، ئەو دەیویست خوای گەورە تایبەتی بکات بە زیکرێک، جیاواز بێت لە غەیری خۆی، خوای گەورەش فەزڵی ئەو وشەیەی بۆ ڕوون کردەوە کە ڕێنمایی بۆ کردبوو، کە هیچ شتێک لە فەزڵدا وەکوو ئەو نییە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی فەزڵ و گەورەیی وشەی تەوحیدی تێدایە، کە هیچ شتێک لە فەزڵدا وەکوو ئەو نییە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- گەورەیی فەزڵی (لا إله إلا الله)، لەبەر ئەوەی یەکخواپەرستیی و دڵسۆزی لەخۆگرتووە.

٢- گەورەیی و سووربوونی موسا -علیه السلام-، لەسەر خۆ نزیککردنەوە بۆلای خوا.

٣- نابێت پەرستش ئەنجام بدرێت، ئیللا بەو شێوەیە نەبێت کە خوا داینواوە، مرۆڤ بۆی نییە لەلای خۆیەوە شتی نوێ و زیاد لە پەرستندا دابهێنێت؛ چونکە موسا داوای لە پەروەردگاری کرد کە فێری شتێکی بکات بۆ ئەوەی زیکری خوای پێ بکات.

٤- ئەو شتەی کە زۆر پێویست بێت، بوونیشی زۆرە، لەبەر ئەوەی جیهان پێویستی بە (لا إله إلا الله)یە؛ لەهەموو زیکرەکان بوونی زیاترە و ئاسانتر بەدەست دێت.

٥- بە دڵنیایی خوا لەسەرووی ئاسمانەکانە، لەبەر ئەو وتەیەی: "وعامرهن غيري".

٦- زیکرکردن بەو وشەیە، پێویستە هەمووی دەربپردرێت، نابێت تەنها لەفزی جەلالە(الله) دەربببڕیت، هەروەکوو هێندێک لە نەزانەکان وا دەکەن.

٧- جێگیرکردنی کێشانی کردەوەکان، هەروەها حەق و ڕاستە.

٨- پێغەمبەران پێویستییان بە ئاگەدارکردنەوە هەیە لەسەر گەورەیی (لا إله إلا الله).

٩- زەوییەکانیش حەفت چینن، وەکوو ئاسمانەکان.

***

.....

وَلِلتِّرْمِذِيِّ -وَحَسَّنَهُ- عَنْ أَنَسٍ -رضي الله عنه-، سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: يَا ابْنَ آدَمَ، إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِيْ بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا، ثُمَّ لَقِيتَنِي لَا تُشْرِكُ بِي شَيْئًا، لأَتَيْتُكَ بِقِرَابِهَا مَغْفِرَةً». [1].

هەروەها ترمزی گێڕاویەتییەوە و بە (حەسەن)یشی داناوە، لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەیفەرموو: "خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: "ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر بە پڕایی زەوی بگەڕێیتەوە لام بە گوناهوتاوانەوە، پاشان کاتێک پێم دەگەی[دەمریت] هیچ شتێکت نەکردبێتە هاوبەشی من، ئەوا منیش بە پڕایی زەوی لێخۆشبوونت پێ دەبەخشم".

ڕاڤەکردن

أنس: ئەنەسی کوڕی مالیکی کوڕی نەزری ئەنساڕی خەزرەجییە، خزمەتکاری پێغەمبەری خوا بووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، دە ساڵان خزمەتی کردووە، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "ئەی خوایە! سەروەت و سامان و منداڵی زۆر بکە و بیخەرە بەهەشتیشەوە". ساڵی (٩٢)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، گوتراویشە ساڵی (٩٣)ـی کۆچی بووە، تەمەنی سەد ساڵی تێپەڕاندووە.

وللترمذي وحسّنه: واتە ئەو فەرموودەیەی کە باسکرا، ترمزی لە سونەنەکەیدا گێڕاویەتییەوە و سەنەدەکەشی بە (حەسەن) داناوە.

قُراب: بە زەمەی قافەکە و گوتراویشە بە کەسرەکەی، بەڵام زەممەکە بەناوبانگترە: بریتییە لە پڕایی زەوی، یان نزیک لە پڕیەکەی.

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم (٣٥٣٤) والدارمي برقم (٢٧٩١) وأحمد (١٧٢/٥) وحسنه الترمذي.

ثم لقيتني لا تشرك بي شيئاً: واتە پاشان بمریت لە حاڵێکدا پارێزراو و دوور بیت لە هاوبەش بڕیاردان، ئەمە مەرجە لە بەڵێنەکە، بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبوون.

مغفرة: (الغفر): داپۆشین، لە شەرعیشدا: خوا چاوپۆشی لە گوناهـ و تاوانەکانی کرد و سڕییەوە.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی داوە لە پەروەردگارییەوە کەوا بەندەکانی دەدوێنێت و فرەوانی فەزڵ و ڕەحمەتی خۆیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەروەها لە تاوانەکانیان خۆش دەبێت، هەرچەندە زۆریش بێت، مادام لەخوار هاوبەش بڕیاردانە، ئەو فەرموودەیە وەکوو ئەو وتەیەی خوای گەورەیە: ﴿إِنَّ اللهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء﴾ [النساء: ٤٨].

واتە: بەڕاستی خوا خۆش نابێت گەر هاوبەشی بۆ دابنرێت، بێجگەلەوە خۆش دەبێت لەهەر گوناهێکی دیکە، بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر زۆری پاداشتی تەوحید، هەروەها دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان، هەرچەندە زۆر بێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- فەزڵ و گەورەیی تەوحید و پاداشتە زۆرەکەی.

٢- فرەوانی فەزڵ و بەخشندەیی و بەزەیی و لێخۆشبوونی خوا.

٣- وەڵامدانەوەی خەواریجەکان، ئەوانەی ئەنجامدەری تاوانی گەورە کافر دەکەن، ئەو گوناهانەی لەخوار شیرکەوەن.

٤- جێگیرکردنی سیفەتی (قسەکردن) بۆ خوای بەرز و بڵند، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

٥- جێگیرکردنی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە و پاداشت دانەوە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: فەرمانی فەزڵ و چاکەی خوا.

دووەم: زۆریی پاداشتی تەوحید لەلای خوا.

سێیەم: لەگەڵ ئەو پاداشتە زۆرە، تاوانەکانیش دەسڕێتەوە.

چوارەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی ئەنعام.

پێنجەم: بیرکردنەوە لەو پێنج شتەی لە فەرموودەکەی (عوبادە)دا بوو.

شەشەم: ئەگەر تۆ فەرموودەکەی (عوبادە) و فەرموودەکەی (عیتبان) و ئەوەی دوای ئەویشت کۆکردەوە؛ ئەوا واتای (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)ت بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەروەها هەڵەی فریودراوەکانیشت بۆ ڕوون دەبێتەوە.

حەفتەم: ئاگەداربوون لەو مەرجەی کە لە فەرموودەکەی عیتباندا هەیە[کە بریتییە لە مەرجی ئیخڵاس].

هەشتەم: پێغەمبەرانیش پێویستییان بە ئاگەدارکردنەوە هەیە، لەسەر فەزڵ و گەورەیی (لَا إِلَهَ إِلَّا الله).

نۆیەم: ئاگەداربوون لە زاڵبوونی (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) بەسەر هەموو دروستکراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لەوانەی دەیڵێن، تەرازووەکەیان سووک دەبێت؛[چونکە مافی خۆیان پێی نەداوە].

دەیەم: فەرموودەکە دەقە لەسەر ئەوەی کە زەوییەکانیش حەفت چینن، وەکوو ئاسمانەکان.

یازدەیەم: ئاسمانەکان و زەوییەکان، ئاوەدانکەرەوەیان هەیە.

دوازدەیەم: جێگیرکردنی سیفاتەکان بۆ خوا، بەپێچەوانەی موعەتتیلە و ئەشعەرییەکان.

سێزدەیەم: ئەگەر تۆ شارەزایيت بە فەرموودەکەی ئەنەس هەبوو، ئەو کات دەزانی و تێدەگەیت کە وتەکەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە فەرموودەکەی عیتبان: «فَإِنَّ اللهَ حَرَّمَ عَلَى النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ؛ يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللهِ»: مەبەست پێی وازهێنانە لە شیرک، وازهێنانیش لە شیرک، تەنها دەربڕین بە زمان نییە.

چواردەیەم: بیربکەوە لە کۆکردنەوە لەنێوان پێغەمبەر عیسا و موحەممەد، دوو بەندە و دوو نێردراوەکەی خوا.

پازدەیەم: ناسینی تایبەتمەندی عیسا بەوەی وشەی خوایە[واتە: بە وشە و فەرمانی خوا بووە].

شازدەیەم: زانینی ئەوەی کە عیسا ڕووحێکە لەلایەن خواوە.

حەڤدەیەم: ناسینی گەورەیی باوەڕهێنان بە بەهەشت و دۆزەخ.

هەژدەیەم: تێگەیشتن لە وتەکەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: «عَلَى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ».

نۆزدەیەم: زانینی ئەوەی کە (تەرازووەکەی ڕۆژی دوایی) دوو تای هەیە.

بیستەم: ناسینی باسی سیفەتی ڕوو(الْوَجْه) بۆ خوا.

❁❁❁

بَابُ مَنْ حَقَّقَ التَّوْحِيدَ دَخَلَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ

بەشی هەر کەسێک یەکخواپەرستی بێنێتەدی؛ ئەوا بەبێ لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [النحل: ١٢٠].

وقال: ﴿وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ﴾ [المؤمنون: ٥٩].

فەرمایشتی خوای بڵند: {بە دڵنیایی ئیبڕاهیم بەتەنها خۆی ئوممەتێک بووە، واتە: پێشەوا و مامۆستای خێر و چاکە بووە و گوێڕایەڵ و ملکەچ بووە بۆ خوای گەورە، لە دینە پووچەڵەکان لایداوە بۆ دینی حەق، لەو کەسانەش نەبووە کە هاوبەشیان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە}.

هەروەها فەرموویەتی: {ئەو کەسانەی کە شەریک بۆ پەروەردگاریان دانانێن و بەتاکوتەنها خوا ئەپەرستن}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کاتێک باسی یەکخواپەرستی و فەزڵەکەی کرد، وا گونجاو بوو باسی ڕوونکردنەوەی هێنانەدی یەکخواپەرستیش بکات؛ چونکە تەواویەتی فەزڵی تەوحید بەدەست نایەت، ئیللا بە هێنانەدییەکی تەواو نەبێت.

حقق التوحيد: واتە: بژاری کردەوە و پاکی کردەوە لە خەوش و پیسی شیرک و بیدعە و تاوان.

بغير حساب: واتە هیچ لێپرسینەوەی لەسەر نییە.

أمة: واتا: پێشەنگ و پێشەوا و مامۆستا بۆ چاکە.

قانتاً: (القنوت) واتە: بەردەوامبوون لەسەر گوێڕایەڵیکردن.

حنيفاً: (الحنيف): ئەو کەسەیە کە ڕوویکردۆتە خوا و پشتی کردۆتە جگە لە خوا.

ولم يك: ئەسڵەکەی (يكن)ـە، نونەکەی لابراوە؛ بۆ سووکبوون.

من المشركين: واتە: لە هاوبەشبڕیاردەرەکان جیابووبێتەوە بە دڵ و زمان و لاشە، نکووڵیش لەو شتانە بکات کە لەسەرینە.

والذين هم بربهم لا يشركون: لەگەڵ خوا جگە لەو ناپەرستن.

واتای کورتی ئایەتی یەکەم: خوای گەورە و بەرز، وەسفی خەلیلەکەی خۆی [ئیبڕاهیم] دەکات بە چوار خاسیەت و تایبەتمەندی:

تایبەتمەندی یەکەم: بێگومان پێشەنگ بووە لە چاکە؛ لەبەر ئەوەی پلەی ئارامگرتن و یەقینی تەواو کردبوو، ئەو دوانەی کە بەهۆیانەوە پێشەوایەتی لە ئایین بەدەست دێت.

تایبەتمەندی دووەم: کەسێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ و بەردەوام بوو لەسەر پەرستشی خوای گەورە.

تایبەتمەندی سێیەم: پشتی لە شیرک کردبوو، ڕووی کردبووە خوا.

تایبەتمەندی چوارەم: دووربوونی لە هاوبەشبڕیاردان و جیابوونەوەی لە هاوبەشبڕیاردەرەکان.

پەیوەندی ئایەتی یەکەم بەو بەشە: خوای گەورە وسفی خەلیلەکەی(ئیبڕاهیم) دەکات بەو تایبەتمەندییانە، ئەو سیفەتانەی کە کۆتایین لە هێنانەدی تەوحید، خوای گەورەش فەرمانی بە ئێمە کردووە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ئیبڕاهیم لەو فەرموودەیەی: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ﴾ [الممتحنة: ٤].

واتە: بەڕاستی سەرمەشقێکی جوان و چاک بۆ ئێوە هەیە، لە ئیبڕاهیم و ئەوانەی لە گەڵیدا بوون.

پەیوەندی ئایەتی دووەم بۆ ئەو بەشە: خوای گەورە وەسفی باوەڕدارە پێشکەوتووەکان دەکات بەرەو بەهەشت بەچەند خاسیەتێک، گەورەترینیان بەباشە باسکردنیانە بەوەی هیچ شتێک ناکەنە هاوبەشی پەروەردگاریان، نە شیرکی شاراوە، نە شیرکی ئاشکرا، هەر کەسێکیش ئاوا بێت، ئەوا لە هێنانەدی تەوحیددا گەیشتۆتە پلەی کۆتایی و دەچێتە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ سزادان.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- فەزڵ و گەورەیی باوکمان ئیبڕاهیم -علیه الصلاة والسلام-.

٢- شوێنکەوتنی لەو خاسیەتە گەورانەدا.

٣- ڕوونکردنەوەی ئەو خاسیەتانەی کە هێنانەدی تەوحیدی پێ تەواو دەبێت.

٤- واجیبیەتی دوورکەوتنەوە لە شیرک و موشریکەکان و بەڕائەتکردن لە موشریکەکان.

٥- وەسفکردنی باوەڕداران بە هێنانەدی تەوحید.

***

.....

وَعَنْ حُصَيْنِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، فَقَالَ: أَيُّكُمْ رَأَى الْكَوْكَبَ الَّذِي انْقَضَّ الْبَارِحَةَ؟ فَقُلْتُ: أَنَا، ثُمَّ قُلْتُ: أَمَا إِنِّي لَمْ أَكُنْ فِي صَلَاةٍ؛ وَلَكِنِّي لُدِغْتُ، قَالَ: فَمَا صَنَعْتَ؟ قُلْتُ: ارْتَقَيْتُ، قَالَ: فَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ؟ قُلْتُ: حَدِيثٌ حَدَّثَنَاهُ الشَّعْبِيُّ، قَالَ: وَمَا حَدَّثَكُمْ؟ قُلْتُ: حَدَّثَنَا عَنْ بُرَيْدَةَ بْنِ الْحُصَيْبِ؛ أَنَّهُ قَالَ: «لَا رُقْيَةَ إِلَّا مِنْ عَيْنٍ أَوْ حُمَةٍ»، قَالَ: قَدْ أَحْسَنَ مَنِ انْتَهَى إِلَى مَا سَمِعَ؛ وَلَكِنْ حَدَّثَنَا ابْنُ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَنَّهُ قَالَ: «عُرِضَتْ عَلَيَّ الأُمَمُ، فَرَأَيْتُ النَّبِيَّ وَمَعَهُ الرَّهْطُ، وَالنَّبِيَّ وَمَعَهُ الرَّجُلُ وَالرَّجُلَانِ، وَالنَّبِيَّ وَلَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ، إِذْ رُفِعَ لِي سَوَادٌ عَظِيمٌ، فَظَنَنْتُ أَنَّهُمْ أُمَّتِي، فَقِيلَ لِي: هَذَا مُوسَى وَقَوْمُهُ، فَنَظَرْتُ فَإِذَا سَوَادٌ عَظِيمٌ، فَقِيلَ لِي: هَذِهِ أُمَّتُكَ، وَمَعَهُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ وَلَا عَذَابٍ»، ثُمَّ نَهَضَ فَدَخَلَ مَنْزِلَهُ، فَخَاضَ النَّاسُ فِي أُولَئِكَ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: فَلَعَلَّهُمُ الَّذِينَ صَحِبُوا رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: فَلَعَلَّهُمُ الَّذِينَ وُلِدُوا فِي الإِسْلَامِ فَلَمْ يُشْرِكُوا بِاللهِ شَيْئًا، وَذَكَرُوا أَشْيَاءَ، فَخَرَجَ عَلَيْهِم رَسُوْلُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فَأَخْبَرُوهُ، فَقَالَ: «هُمُ الَّذِينَ لَا يَسْتَرْقُونَ، وَلَا يَكْتَوُونَ، وَلَا

يَتَطَيَّرُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ»، فَقَامَ عُكَّاشَةُ بْنُ مِحْصَنٍ؛ فَقَالَ: يَا رَسُوْلَ اللهِ، ادْعُ اللهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ، فَقَالَ: «أَنْتَ مِنْهُمْ»، ثُمَّ قَامَ رَجُلٌ آخَرُ، فَقَالَ: ادْعُ اللهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ، فَقَالَ: «سَبَقَكَ بِهَا عُكَّاشَةُ». [1]

هەروەها (حُصَيْن)ی کوڕی عەبدوڕڕەحمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: من لەلای سەعیدی کوڕی جوبەیر بووم، فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەو پارچە ئەستێرەیەی بینی کە دوێنێ شەو کەوت؟ گوتم: من دیتم، پاشان گوتم: بەڵام من لەناو نوێژدا نەبووم، بەڵکوو دووپشک پێی وەدابووم، فەرمووی: جا چیت کرد؟ گوتم: بەدوای یەکێکدا گەڕام کەوا ڕوقیەم بەسەردا بخوێنێت، فەرمووی: جا چ بەڵگەیەک وای لێکردی کە ئەو کارە بکەیت؟ گوتم: فەرموودەیەک کە شەعبی بۆی گێڕاینەوە، فەرمووی: چی بۆ گێڕانەوە؟ گوتم: لە بوڕەیدەی کوڕی حوسەیبەوە بۆی گێڕاینەوە، کە فەرمووی: "هیچ ڕوقیەیەک لە ڕوقیە خوێندن بەسەر چاوزار و پێوەدان، سوود و کاریگەری زیاتر نییە"، فەرمووی: بێگومان کارێکی چاکی کرد، ئەو کەسەی کار بەو شتە دەکات کە گوێی لێ بووە، بەڵام ئیبن عەببەس بۆی باسکردووین، لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کە فەرموویەتی: "ئوممەتەکانم نیشان درا، پێغەمبەرم بینی پۆلێک[٣کەس تا دە کەس]ی لەگەڵدا بوو، پێغەمبەرم بینی پیاوێک، یا دوو پیاوی لەگەڵدا بوو، پێغەمبەریشم بینی هیچ کەسی لەگەڵ نەبوو، لەکاتێکدا من لەو بارودۆخەدابووم ڕەشایەتییەکی گەورەم نیشان درا، منیش وام گومان برد کە ئوممەتەکەی منن، بەڵام پێم گوترا: ئەوە مووسا و گەلەکەیەتی، ئەو جارەیان تەماشامکرد ڕەشاییەکی گەورەم بینی، پێم گوترا: ئەوە ئوممەتەکەی تۆیە، حەفتا هەزار کەسیان لەگەڵە دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ سزادان"، پاشان هەستا و چووە ماڵەکەیەوە، ئینجا خەڵکی دەربارەی ئەو حەفتا هەزارە ڕۆچوون لە گفتوگۆکردندا، هێندێکیان گوتیان:

[1] - أخرجه البخاري برقم (٣٤١٠)، ومسلم برقم (٢٢٠)، والترمذي برقم (٢٤٤٨)، والدارمي برقم (٢٨١٠)، وأحمد (٢٧١/١).

لەوانەیە ئەوانە بن کە هاوەڵایەتی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-یان کردووە، هێندێکی دیکەیان گوتیان: ڕەنگە ئەوانە بن کەوا لە ئیسلامدا لەدایک بوونە و هیچ شتێکیشیان نەکردۆتە هاوبەشی خوا، هەروەها باسی شتی دیکەشیان کرد، جا کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هاتە لایان، هەواڵی گفتوگۆیەکەیان پێدا، ئەویش فەرمووی: "ئەو حەفتا هەزارە، ئەوانەن کەوا داوا لە خەڵکی ناکەن ڕوقیەیان بۆ بخوێنن، داوا لە خەڵکی ناکەن کە داخکردنیان بۆ بکەن، ڕەشبینی و شووم بە باڵندە و شتی ترەوە ناکەن، پشتیش بە پەروەردگاریان دەبەستن"، عوککاشەی کوڕی میحسەن هەستا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، داوا بکە لە خوا کە بمکات بە یەکێک لەو حەفتا هەزارە، فەرمووی: "تۆ یەکێکی لەوانە"، پاشان پیاوێکی دیکە هەستایەوە و گوتی: داوا بکە لە خوا کە منیش بکات بە یەکێک لەوانە، فەرمووی: "عوککاشە لە بەدەستهێنانی ئەو شتەدا پێشی تۆ کەوت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی ئەو پیاوانەی کە ناویان لەو فەرموودەیەدا هاتووە:

حصين: حوسەینی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی سولەمی حارسییە، تابیعی تابیعینە، لە ساڵی (١٣٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە و تەمەنی (٩٣) ساڵ بووە.

سعيد بن جبير: بریتییە لە پێشەوای شەرعزان، لە قوتابییە گەورەکانی ئیبن عەبباس بووە، ساڵی (٩٥) حەججاج کوشتی، هێشتا تەمەنی نەببوو بە پەنجا ساڵ.

الشعبي: ناوی عامری کوڕی شوڕاحیلی هەمەدانییە، لەسەردەمی خەلافەتی پێشەوا عومەردا لەدایکبوو، یەکێکە لە تابیعییە متمانەپێکراوەکان، لە ساڵی (١٠٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

بُرَيدة: بە زەممەی سەرەتاکەی و فەتحەی دووەمی، کوڕی حوسەیبی کوڕی حارسی ئەسلەمییە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، لە ساڵی (63)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

ابن عباس: هاوەڵی گەورە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموتتەلیبە، کوڕە مامی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-

دوعای بۆ کردووە و فەرموویەتی: "ئەی خوایە! شارەزای بکە لە ئایین و فێری لێکدانەوەی قورئانیشی بکە". ئیتر ئاوا بوو، لە ساڵی (٦٨)ـی کۆچی لە تائیف وەفاتی کرد.

عُكَّاشة: عوککاشەی کوڕی میحسەنی کوڕی حیرسانی ئەسەدییە، یەکێکە لە موسڵمانە پێشکەوتووەکان، کۆچیکردووە و ئامادەی جەنگی بەدر بووە و جەنگی تێدا کردووە، لە جەنگی هەڵگەڕانەوە لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید ساڵی (١٢)ـی کۆچی شەهید بوو.

الكوكب: ئەستێرە.

انقضَّ: واتە: پارچە ئەستێرەیەک و پزیسکێکی لێ کەوت.

البارحة: بریتییە لە نزیکترین شەو کە ڕابردووە. پێشی نوێژی نیوەڕۆ دەوترێت ئەو شەو دیتم، دوای نوێژی نیوەڕۆش دەوترێت دوێنێ شەو.

لُدغْت: واتە: دووپشک پێوەیدابوو، -اللدغ: اللسع- واتا تووشی ژەهرەکەی بوو.

ارتقيت: داوامکرد یەکێک ڕوقیەم بۆ بخوێنێت، ڕوقیەش: خوێندنەوەی قورئان و پاڕانەوەی شەرعییە لەسەر کەسی تووش بوو بە نەخۆشی و هاوشێوەی نەخۆشی.

ما حملك على ذلك؟: بەڵگەت چییە لەسەر دروستییەتی ئەو کارە؟

لا رقية إلَّا من عين: چاوەزار (العين): کەسێکی چاوپیس بە چاوەکانی جگە لە خۆی تووش بکات.

أو حُمَة: (الحمة): ژەهری دووپشک و هاوشێوەکانی.

من انتهى إلى ما سمع: واتە کاری بەو زانستەکرد کە پێی گەیشت، بەپێچەوانەی ئەو کەسەی کار دەکات لەسەر نەزانین، یان کار بەوە ناکات کە دەیزانێت.

عرضت علي الأمم: گوتراوە ئەوە شەوی شەوڕەوییەکە(ليلة الإسراء)بووە، واتا خوای گەورە هاوشێوەکەی نیشان داوە ئەگەر ڕۆژی دوایی هات.

الرهط: کۆمەڵێکی کەمتر لە دە کەس.

ليس معه أحد: واتە هیچ کەس لە گەلەکەی شوێنی نەکەوتبوون.

سواد عظيم: کەسانێکی زۆر.

فظننت أنهم أمتي: واتە لەبەر زۆرییان و دووری پێغەمبەریش لەوان، کەسەکانی جیا نەدەکردەوە.

موسى: واتە: مووسای کوڕی عیمڕان، ئەوەی خوا قسەی لەگەڵ کرد.

وقومه: واتە: ئەو شوێنکەوتووانەی لەسەر ئایینەکەی بوون لە نەوەی ئیسڕائیل.

بلا حساب ولا عذاب: واتە: لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت و سزاش نادرێن پێش ئەوەی بچنە بەهەشت؛ لەبەر ئەوەی تەوحیدیان هێناوەتەدی.

ثم نهض: واتە: هەستا.

فخاض الناس في أولئك: واتە: ئامادەبووەکان لێیان کۆڵییەوە و جیاوازییان تێکەوت دەربارەی ئەو حەفتا هەزارە، کە بە چ کردەوەیەک ئەو پلەیەیان بەدەست هێناوە؟ چونکە ئەوان ئەو پلەیەیان بەدەست نەهێناوە بە کردەوە نەبێت، جا دەبێت چی بێت؟

فأخبروه: واتە: جیاوازییەکەی خۆیان دەربارەی ئەوە کە مەبەست بەو حەفتا هەزارە چییە و کێن، بۆ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باسکرد.

لا يسترقون: داوا لە کەس ناکەن کە ڕوقیەیان بۆ بکەن؛ لەبەر بێ پێویستییان لە خەڵکی.

ولا يكتوون: داوا لە جگە لەخۆیان ناکەن کە بە ئاگر داخیان بکەن[بۆ چارەسەرکردن].

ولا يتطيرون: شووم و ڕەش بین نیین بە باڵندە و هاوشێوەکانی.

وعلى ربهم يتوكلون: لەهەموو کارەکانیان پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، نەک پشت بە جگە لەو ببەستن، کارەکانیشیان دەدەنە دەست خوا.

سبقك بها عكّاشة: واتە: پێشت کەوت بۆ بەدەست هێنانی ئەو خاسیەتانە، یان پێشت کەوت بە داواکردن.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: (حصین)ی کوڕی عەبدوڕڕەحمان باسی وتووێژێکمان بۆ دەکات، لە کۆڕی سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕوویدا، بەهۆی کەوتنی ئەستێرەیەک لە شەودا، (حصین) هەواڵی پێدان کە ئامادەی کەوتنی بووە و بینیویەتی؛ لەبەر ئەوەی ئەوکاتی نەخەوتبوو، بەڵام ترسا لەوەی ئامادەبووەکان گومانی ئەوەی پێ ببەن کە بۆیە ئەستێرەکەی بینیوە؛ لەبەر ئەوەی نوێژی کردووە، بۆیە ویستی گومانی خواپەرستییەک لەخۆی لابدات کە نەیکردووە؛ وەکوو عادەتی سەلەف وابووە کە سوورببوونە لەسەر ئیخلاس، بۆیە هۆکاری ڕاستەقینەی بێداربوونی پێ ڕاگەیاندن، کە بەهۆی تووشبوونێک بووە کە تووشی ببوو، ئیتر باسەکە گواستراپەوە بۆ پرسیارکردن لەوەی کە لەبەرانبەر ئەو تووش بوونە چی کرد، ئەویش هەواڵی پێدان کە بە ڕوقیە چارەسەری کرد، جا سەعید پرسیاری لێ کرد، لەوەی بەڵگەی شەرعی چی بووە لەسەر ئەو کارەی کە کردوویەتی، ئەویش ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ باسکرد، لەسەر دروستیەتی ڕوقیە، سەعیدیش کارکردنەکەی بە بەڵگە بە کارێکی ڕاست دانا.

پاشان باسی حاڵەتێکی بۆ کرد باشتر لەوەی کە کردوویەتی، ئەویش بریتییە لە بەرزبوونەوە بۆ تەواویەتی تەوحید بە وازهێنان لە کاری ناپەسەند، لەگەڵ بوونی پێویستیش بۆی، ئەمەش لەبەر پشت بەستن بە خوا، وەکوو حاڵی ئەو حەفتا هەزار کەسەی کە دەچنە بەهەشت بەبێ لێپرسینەوە و سزادان، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- وەسفیان دەکات بەوەی واز لە داواکردنی ڕوقیە و داخکردن دێنن، لەپێناو هێنانەدی تەوحید، هەروەها هۆکارە بەهێزەکە دەگرنە بەر کە بریتییە لە پشت

بەستن بە خوا و داوای هیچ شتێکیان لە جگە لەو نەکردووە، لە ڕوقیە و سەرووی ڕوقیەش.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە شتێک لە ڕوونکردنەوەی واتای حەقیقەتی تەوحید و پاداشتی تەوحیدی تێدایە لەلای خوای بەرز و بڵند.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- چاکیی و گەورەیی سەلەف، ئەوەی کە دەیبینن لە نیشانە ئاسمانییەکان، بە شتێکی عادەتی دانانێن، بەڵکوو دەزانن کەوا نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خوا.

٢- سوورِبوونی سەلەف لەسەر ئیخڵاس و زۆر دوورِبوونیان لە ڕیابازی.

٣- داواکردنی بەڵگە لەسەر ڕاستییەتی ڕێباز و باوەڕ، هەروەها گرنگیدانی سەلەف بە بەڵگە.

٤- دروستییەتی وەستان لەلای بەڵگە و کارکردن بە زانست، هەروەها هەر کەسێک کار بەوە بکات کە پێی بگات، ئەوا کارێکی چاکی کردووە.

٥- گەیاندنی زانست بە نەرمی و داناییەوە.

٦- دروستییەتی ڕوقیەکردن.

٧- ڕێنماییکردنی ئەو کەسەی کە شتێکی شەرعی وەرگرتووە، بۆ شتێکی لەو باشتر.

٨- گەورەیی پێغەمبەرمان موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر ئەوەی ئوممەتەکانی نیشاندرا.

٩- بێگومان پێغەمبەران جیاوازن لە ژمارەی شوێنکەوتووەکانیان.

١٠- وەڵامێک بۆ ئەو کەسەی کە زۆری ژمارە دەکاتە بەڵگە و وا گومان دەبات کە حەق دەورەدراوە و کورتکراوەتەوە لەوانەی کە زۆرن.

١١- شوێنکەوتنی حەق واجیبە، ئەگەرچی شوێنکەوتووەکانیشی کەم بن.

١٢- گەورەیی مووسا و گەلەکەی -علیه السلام-.

١٣- فەزڵ و گەورەیی ئەو ئوممەتە، هەروەها ئەوان زۆرترین شوێنکەوتەن بۆ پێغەمبەرەکەیان -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

١٤- گەورەیی هێنانەدی تەوحید و پاداشتەکەی.

١٥- دروستیەتی گفتوگۆکردن لە زانست و وتووێژکردن لە دەقەکانی شەرع؛ بە مەبەستی سوود وەرگرتن و دەرخستنی ڕاستی.

١٦- قووڵی زانستی سەلەف، لەبەر ئەوەی دەیانزانی کەوا ئەوانەی لە فەرموودەکە باسکراون ئەو پلەیەیان بەدەست نەهێناوە ئیللا بە کردەوە نەبێت.

١٧- سوورِبوونی سەلەف لەسەر چاکە و پێشبڕکێکردنیان لەسەر کردەوەی چاکەکان.

١٨- وازهێنان لە داواکردنی ڕوقیە و داخکردن بەشێکە لە هێنانەدی تەوحید.

١٩- داواکردنی دوعا لە کەسێکی باش لە ژیانیدا.

٢٠- نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتییەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر ئەوەی هەواڵیدا کە عوککاشە یەکێکە لەو حەفتا هەزارەی کەوا دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە و سزادان، بۆیە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا بە شەهیدی کوژرا -ڕەزای خوای لێبێت-.

٢١- گەورەیی عوککاشەی کوڕی میحسەن -ڕەزای خوای لێبێت-.

٢٢- بەکارهێنانی وشەی شاراوە و ناڕاستەوخۆ و جوانی ڕەفتاری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر ئەوەی بە پیاوەکەی دیکەی نەگوت تۆ لەوان نییت.

٢٣- داخستنی هۆکار و بیانووەکان؛ بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە داوا نەکات کە شیاو نەبێت، دواتریش ڕەد بکرێتەوە، خوای گەورەش زاناترە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ناسینی پلەکانی خەڵکی لە بابەتی تەوحیددا.

دووەم: واتای هێنانەدی تەوحید چییە؟

سێیەم: ستایشکردن و بەچاکە باسکردنی ئیبڕاهیم لەلایەن خواوە؛ لەبەر ئەوەی لە هاوبەش بڕیاردەرەکان نەبووە.

چوارەم: ستایشکردنی پیاوچاکە گەورەکان؛ لەبەر سەلامەتی و پارێزراوییان لە هاوبەش بڕیاردان.

پێنجەم: وازهێنان لە داواکردنی ڕوقیە و داخکردن، بەشێکە لە هێنانەدی تەوحید.

شەشەم: کۆکەرەوەی ئەو ڕەفتارانە، بریتییە لە پشت بەستن بە خوا.

حەفتەم: قوولّی زانستی هاوەڵان؛ چونکە زانیان کە ئەوانە ئەو پلە گەورەیەیان بەدەست نەهێناوە، ئیللا بەهۆی کردەوە نەبێت.

هەشتەم: سووربوونی هاوەڵان، لەسەر بەدەستهێنانی چاکە.

نۆیەم: فەزڵ و گەورەیی ئەو ئوممەتە بە چەندییەتی و چۆنیەتییە.

دەیەم: گەورەیی هاوەڵانی مووسا.

یازدەیەم: نیشاندانی ئوممەتەکان بۆ پێغەمبەر -عَلَيْهِ اَلصَّلَاة وَالسَّلَام-.

دوازدەیەم: هەموو ئوممەتێک بەتەنها لەگەڵ پێغەمبەرەکەی خۆی کۆدەکرێتەوە.

سێزدەیەم: کەمی ژمارەی ئەوانەی وەڵامی پێغەمبەرانیان داوەتەوە.

چواردەیەم: ئەو پێغەمبەرەی کەس وەڵامی نەدابێتەوە، [ڕۆژی دوایی] بەتەنها دێت.

پازدەیەم: بەرهەمی ئەو زانستە، کە بریتییە لە هەڵنەخەڵەتان بە زۆری و بەکەمنەزانینی کەمی ژمارەی شوێنکەوتووانی حەق.

شازدەیەم: ڕێپێدان بە ڕوقیە خوێندن بۆ چاوزار و پێوەدان.

حەڤدەیەم: قوولّی زانستی سەلەف؛ لەبەر ئەوەی فەرمووی: «قَدْ أَحْسَنَ مَنِ انْتَهَى إِلَىَ مَا سَمِعَ، وَلَكِنْ كَذَا وَكَذَا»؛ کەواتە زانرا کە فەرموودەی یەکەم پێچەوانەی فەرموودەی دووەم نییە.

هەژدەیەم: دووری سەلەف لە ستایشکردنی مرۆڤ بە شتێک کە تێیدا نەبێت.

نۆزدەیەم: وتەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: "تۆ لەوانیت": نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

بیستەم: چاکیی و گەورەیی عوککاشە.

بیست و یەکەم: بەکارهێنانی (اَلْمَعَارِيضِ) واتە: قسەیەک بکەیت بەهۆیەوە بابەتەکە دابخەیت و درۆش نەبێت.

بیست و دووەم: جوانی ڕەفتاری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

❁❁❁

بَابُ الْخَوْف مِنَ الشِّرْكِ

بەشی ترسان لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿إِنَّ اللهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء﴾ [النساء: ٤٨، ١١٦].

وَقَالَ الْخَلِيلُ -عليه السلام-: ﴿ وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعْبُدَ الْأَصْنَامَ﴾ [إبراهيم: ٣٥].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {بە دڵنیایی خوای گەورە، هەرگیز خۆش نابێ لە کەسێک کە شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات و لەسەر شیرک بمرێ و تەوبە نەکات، جگە لە شەریکدانان بۆ خوای گەورە، چەندێک مرۆڤ تاوانی گەورەی هەبێت، ئەوە دەکەوێتە بەر ویستی خوای گەورە، خوای گەورە ویستی لێ بێت، لێی خۆش دەبێت بە فەزڵی خۆی، ویستیشی لێ بێت سزای دەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە}.

هەروەها پێغەمبەر ئیبراهیمی خەلیلی خوا فەرمووی: {ئەی پەروەردگار! خۆم و نەوەکانم بپارێزە، لەوەی کە بت بپەرستین}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کاتێک باسی یەکخواپەرستیی و فەزڵەکەی و هێنانەدی تەوحیدی کرد، وا گونجاو بوو کەوا باسی ترسان لە دژ و پێچەوانەکەشی بکات کە بریتییە لە هاوبەش دانان بۆ خوا؛ بۆ ئەوەی باوەڕدار ئاگەداری بێت و لە نەفسی خۆی بترسێت لە شیرک.

الخوف: چاوەڕوانبوونی شەڕ و خەراپەیە، کە بریتییە لە پێچەوانەی هێمنی و بێ ترسی.

الشرك: ئەنجامدانی پەرستن بۆ جگە لە خوای گەورە.

لا يغفر أن يشرك به: واتە: لە بەندەیەک خۆش نابێت بە خوای گەورە بگات و جگە لە خوای پەرستبێت.

ويغفر ما دون ذلك: واتە: لەو تاوانانە خۆش دەبێت کە لەخوار شیرکەوەن.

لمن يشاء: واتە: بۆ ئەو بەندانەی کە بیەوێت لێیان خۆش بێت بە گوێرەی فەزڵ و حیکمەتی خۆی.

الخليل: ئەوەی گەیشتۆتە بەرزترین پلەکانی خۆشەویستی، مەبەستیش پێی ئیبڕاهیمە -علیه السلام-، ئەوەی خوا هەڵیبژارد بە دۆست و خۆشەویستی خۆی.

الأصنام: کۆی (صنم)ـە، کە بریتییە لەوەی لەسەر وێنەی مرۆڤ داتاشرابێت، یان لەسەر وێنەی هەر ئاژەڵێک داتاشرابێت.

واتای کورتی ئایاتی یەکەم: خوای گەورە هەواڵی داوە بە هەواڵێکی دڵنیا، کەوا لەو بەندەیە خۆش نابێت بگاتەوە بە خوا و هاوبەشی بۆ بڕیار دابێت؛ ئەمەش بۆ ئەوەی ئاگەدارمان بکاتەوە لە هاوبەش بڕیاردان، هەروەها هەواڵی داوە کە لە تاوانی خوار شیرک خۆش دەبێت، بۆ ئەو کەسەی کە بیەوێت لێی خۆش بێت، وەکوو فەزڵ و چاکەیەک لەلایەن خۆیەوە؛ بۆ ئەوەی بێئومێد نەبین لە ڕەحمەتی خوا.

واتای کورتی ئایەتی دووەم: پێغەمبەر ئیبڕاهیم -علیه الصلاة والسلام- لە پەروەردگاری دەپارێتەوە کە خۆی و نەوەکانی لە لایەکی دوور دابنێت لە پەرستنی بتەکان و دووریی بخاتە نێوانی ئەو و بتەکان؛ چونکە تووشبوون بە فیتنە پێیانەوە گەورەیە و لەخۆی دڵنیا نابێت لە کەوتنە ناو ئەو فیتنەیە.

پەیوەندی ئەو دوو ئایەتە بەو بەشەوە: ئایەتی یەکەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوبەش بڕیاردان گەورەترین تاوانە؛ چونکە ئەوەی لەسەر هاوبەش بڕیاردان بمرێت

خوا لێی خۆش نابێت، ئەمەش وا دەکات کە بەندە زۆر بترسێت لە تاوانێک کە ئەوە ترسناکییەکەیەتی. ئایەتی دووەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ئیبڕاهیم لە نەفسی خۆی ترساوە لە شیرک و داواشی لە خوا کردووە کە دووری بخاتەوە لێی، جا دەبێت گومان بە جگە لە ئیبڕاهیم چی بێت؟ کەواتە هەردوو ئایەتەکە بەڵگەنە لەسەر واجیبیەتی ترسان لە هاوبەش دانان بۆ خوا.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بێگومان هاوبەش بڕیاردان گەورەترین تاوانە؛ لەبەر ئەوەی خوای گەورە هەواڵی داوە لەو کەسە خۆش نابێت کە هاوبەشی بۆ خوا دانابێت و تەوبەشی لێ نەکردبێت.

٢- هەموو تاوانەکان جگە لە شیرک، ئەگەر تەوبەی لێ نەکردبێت، ئەوە لەژێر ویستی خوایە، ئەگەر بیەوێت بەبێ تەوبەش لێی خۆش دەبێت، ئەگەر بشیەوێت بەهۆیەوە سزای دەدات، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ترسناکی شیرک.

٣- ترسان لە هاوبەش بڕیاردان؛ چونکە ئیبڕاهیم -علیه السلام- کە پێشەوای یەکخواپەرستەکانە و ئەو کەسەیە کە بەدەستەکانی خۆی بتەکانی شکاند، ئەو جار لە نەفسی خۆی ترساوە کە تووشی شیرک ببێت، چجای ئەو کەسەی کە لە خوار ئیبڕاهیمە؟

٤- دروستییەتی و چاکیی پاڕانەوە بۆ لادانی بەڵا و موسیبەت، هەروەها مرۆڤ هەرگیز بێ پێویست نابێت لە پەروەردگاری.

٥- دروستییەتی چاکیی پاڕانەوەی مرۆڤ بۆ خۆی و بۆ منداڵ و نەوەکانی.

٦- وەڵامدانەوەی ئەو نەزانانەی کە دەڵێن: شیرک لەناو ئەو ئوممەتەدا ڕوونادات، بۆیە لە شیرک ئەمین بوون، دواجار کەوتنە ناوی و تووشی بوون. ***

.....

وَفِي الحَدِيثِ: «أَخْوَفُ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ: الشِّرْكُ الأَصْغَرُ، فَسُئِلَ عَنْهُ؟ فَقَالَ: الرِّيَاءُ». [1]

هەروەها لە فەرموودەشدا هاتووە: "ترسناکترین شتێک کە بترسم تووشتان بێت: هاوبەش دانانی بچووکە، پرسیاری لێ کرا دەربارەی هاوبەش دانانی بچووک؟ فەرمووی: ڕیاییە[خۆ ڕەنجان لەبەر خەڵکی]".

ڕاڤەکردن

وفي الحديث: واتە: ئەو فەرموودەیەی کە پێشەوا ئەحمەد و تەبەڕانی و ئیبن ئەبی دونیا و بەیهەقی گێڕاویەتییانەوە.

أخوف ما أخاف عليكم: واتە: تووندترین ترس کە لێی بترسم لەسەرتان.

الرياء: دەرخستنی پەرستش بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی ببینن و سوپاسی بکەن لەسەری.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەبەر سۆز و بەزەیی و میهرەبانیی و ئامۆژگاریی بۆ ئوممەتەکەی، هیچ چاکەیەک نییە ئیللا نیشانی داون، هیچ خەراپەیەکیش نییە ئیللا ئاگەداری کردوونەتەوە لێی، یەکێک لەو خەراپانەشی کە ئاگەداری کردووینەتەوە لێی: دەرکەوتنە بە ڕوالەتی پەرستش، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ستایش و پیاهەڵدانی خەڵکی، چونکە ئەمە هاوبەش بڕیاردانە لە پەرستشدا -ئەگەرچی ئەمە شیرکی بچووکە، بەڵام ترسناکییەکەی گەورەیە؛ لەبەر ئەوەی ئەو کردەوەیەی کە ڕیایی تێدا ڕوویداوە بەتاڵ دەبێتەوە- ئینجا لەبەر ئەوەی دەروونەکان سروشتیان وایە کە لەسەر خۆشەویستی سەرکردایەتی و پلەوپایە لە دڵی خەڵکیدا ڕاهاتوون، مەگەر کەسێک خوا پاراستبێتی، بۆیە ئەمە ترسناکترین شتێکە

[1] - أخرجه أحمد في مسنده (٤٢٨/٥، ٤٢٩). والطبراني في معجمه الكبير (٢٥٣/٤ رقم ٤٣٠١).

لەسەر پیاوچاکان، لەبەر بوونی هاندەرێکی بەهێز لە دەروونداو بۆ ئەمە، بەپێچەوانەی هاندەری شیرکی گەورە، چونکە ئەمە لە دڵی بڕوادارانیان بوونی نییە، یاخود لاوازە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ترسان لە شیرکی بچووکی تێدایە، هەروەکوو لە دوو ئایەتەکەی پێشوو، ترسان لە شیرکی گەورەی تێدابوو، ئەو بەشەش هەردوو جۆرەکە دەگرێتەوە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- زۆر ترسان لە کەوتنە ناو شیرکی بچووک، ئەمەش لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ترساوە لە ڕوودانی، بە سەختترین ترس.

دووەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەوە ترساوە کە پیاوچاکە تەواوەکان تووشی ببن، جا ئەوەی لە خوار ئەوانەوەیە لەپێشترە بە تووش بوون.

٢- تووندی ترس و بەزەیی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەسەر ئومەمەتەکەی و سوورِبوونی لەسەر ڕێنماییکردنیان و ئامۆژگاری بۆیان.

٣- هاوبەشی بڕیاردان دابەش دەبێت بۆ گەورە و بچووک -جا شیرکی گەورە بریتییە لەوەی جگە لە خوا یەکسان بکات بە خوا لە شتێکدا کە لە تایبەتمەندی خوایە، بچووکیش بریتییە لەوەی کە لە دەقەکاندا هاتووە بەوەی شیرکە، بەڵام ناگاتە سنووری گەورە- جیاوازیش لەنێوانیان ئەم خاڵانەیە:

أ- شیرکی گەورە هەموو کردەوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام بچووک ئەو کردەوەیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەگەڵی بووە.

ب- شیرکی گەورە خاوەنەکەی هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەهێڵێتەوە، بەڵام بچووک نابێتە هۆی هەتا هەتایی لە دۆزەخ.

ج- شیرکی گەورە خاوەنەکەی لە ڕێبازی ئیسلام دەردەکات، بەڵام بچووک خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات.

***

.....

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رضي الله عنه-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو للهِ نِدًّا؛ دَخَلَ النَّارَ». رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ. [1]

هەروەها ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هەر کەسێک بمرێت لەکاتێکدا هاوتای بۆ خوا دانابێت و هاواری کردبێتێ، ئەوا دەچێتە دۆزەخ".

ڕاڤەکردن

یدعو: (الدعاء) لێرەدا بریتییە لە داواکردن، دەگوترێت (دعاه) ئەگەر داوای لێکرد و هانای بۆ برد.

نداً: (الند) هاوتا و هاوبەشە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵ دەدات کە هەر کەسێک هاوشێوە و هاوبەش لە پەرستندا بۆ خوا دابنێت، بەشێوەیەک لێی بپارێتەوە و داوای لێ بکات و هانای بۆ ببات، جا ئەو هاوشێوەیە پێغەمبەر بێت، یان جگە لە پێغەمبەر، لەسەر ئەمەش بەردەوام بێت تاوەکوو دەمرێت، واتا پێشی مردنی تەوبەی لێ نەکردبێت، ئەوا بە دڵنیایی سەرەنجامی بەرەو دۆزەخە؛ چونکە موشریکە، هاوتا دانانیش بۆ خوا دوو جۆرە:

---

[1] - أخرجه البخاري برقم (٤٤٩٧) وفيه: وقلت أنا: من مات وهو لا يدعو لله نداً دخل الجنة. وأخرجه مسلم برقم (٩٢) بلفظ: "من مات يشرك بالله شيئاً دخل النار" وقلت أنا: ومن مات لا يشرك بالله شيئاً دخل الجنة.

یەکەم: ئەوەیە کە لە جۆرەکانی پەرستن، یان لە هێندێکیان هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوەیان هاوبەش دانانی گەورەیە، خاوەنەکەشی هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

دووەم: ئەوەیە لە جۆرەکانی هاوبەش دانانی بچووک بێت، وەکوو ئەوەی کەسێک بڵێت: (ئەگەر خوا و تۆ ویستتان لێبێت، ئەگەر خوا و تۆ نەبوونایە) هاوشێوەی ئەمانە کە بە (پیتی واو) دەگەڕێندرێتەوە سەر لەفزی (الله). هەروەها وەکوو ڕیاییەکی کەم، ئەمەیان ئەگەر خاوەنەکەشی بچێتە دۆزەخ، ئەوا بە هەتا هەتایی تێیدا نامێنێتەوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە ترساندنی تێدایە لە هاوبەش بڕیاردان، بە ڕوونکردنەوەی سەرەنجامی کەسی موشریک.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ترساندن لە هاوبەش بڕیاردان و هاندان لەسەر تەوبەکردن لێی، پێشی مردن.

٢- هەر کەسێک لەگەڵ خوا داوا لە پێغەمبەرێک، یان پیاوچاکێک بکات -جا زیندوو بێت یان مردوو-، یا بەردێک، یاخود دارێک، ئەوا ئەو شتەی کردۆتە هاوتا و شەریکی خوا.

٣- هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا، لێخۆشبوونی بۆ نییە، مەگەر بە تەوبە نەبێت.

***

.....

وَلِمُسْلِمٍ عَنْ جَابِرٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنْ لَقِيَ اللهَ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ». [1]

هەروەها جابر -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هەر کەسێک بگات بە دیداری خوا و هیچ شتێکی نەکردبێتە هاوبەشی خوا، ئەوا دەچێتە بەهەشت، هەر کەسێکیش بمرێت و شتێکی کردبێتە هاوبەشی خوا، ئەوا دەچێتە دۆزەخ".

ڕاڤەکردن

جابر: جابری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامی ئەنساڕی سولەمییە، هاوەڵی پایەبەرز، فەموودەی زۆری گێڕاوەتەوە، کوڕی سەحابەیە، دوای نەوەد ساڵی لە مەدینە وەفاتی کرد، تەمەنی نەوەد و چوار ساڵ بوو.

من لقي الله: هەر کەسێک بمرێت.

لا يشرك به: لەگەڵ خوا هیچ هاوبەشێکی دانەنابێت، نە لە ئولووهییەت، نە لە ڕوبووبییەت.

شيئاً: واتە: هیچ هاوبەشێک کەم بێت، یان زۆر بێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵمان پێ دەدات کە هەر کەسێک بمرێت لەسەر یەکخواپەرستی، ئەوا چوونە بەهەشتی گومانی تێدا نییە، جا ئەگەر خاوەنی گوناهی گەورە بێت و کاتێکیش کە مردبێت سووربووبێت لەسەری، ئەوە لەژێر ویستی خوای گەورە دایە، ئەگەر خوا لێی خۆش

[1] - أخرجه مسلم برقم (٩٣) ، وأحمد في المسند (٣/٣٤٥).

بێت، ئەوە هەر لە سەرەتاوە لێی خۆش دەبێت، ئەگەرنا لە دۆزەخدا سزا دەدرێت، پاشان لێی دەردەهێنرێت و دەخرێتە بەهەشت.

هەر کەسێکیش بمرێت لەسەر شیرکی گەورە، ئەوا ناچێتە بەهەشت و بەزەیی خوا بەدەست ناهێنێت و بە هەتا هەتاییش لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، ئەگەر شیرکەکەشی شیرکی بچووک بێت و چاکەی قورستر و باشتری نەبێت، دەچێتە دۆزەخ، بەڵام بە هەتا هەتایی تێیدا نامێنێتەوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە تووندییەکی تێدایە لە قەدەغەکردنی هاوبەشبڕیاردان، کە ئەمەش پێویست دەکات زۆر بترسین لە هاوبەشبڕیاردان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- پێویستییەتی ترسان لە هاوبەشبڕیاردان؛ چونکە ڕزگاربوون لە دۆزەخ مەرجی ئەوەیە کە کەسەکە دوور بێت لە هاوبەشبڕیاردان.

٢- عیبرەت بە زۆری کردەوە نییە، بەڵکوو عیبرەت بە دووری و پارێزراوییە لە هاوبەشبڕیاردان.

٣- ڕوونکردنەوەی واتای (لا إله إلا الله) کە بریتییە لە وازهێنان لە هاوبەشبڕیاردان و بەتاکدانانی خوا لە پەرستش.

٤- نزیکی بەهەشت و دۆزەخ لە بەندە، کە لەنێوانی بەندە و بەهەشت و دۆزەخ تەنها مردن هەیە.

٥- فەزڵ و چاکیی ئەو کەسەی پارێزراو بێت لە هاوبەشبڕیاردان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ترسان لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا.

دووەم: بێگومان ڕیایی و ڕووپامایی، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

سێیەم: ڕیایی بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردانی بچووک.

چوارەم: شیرکی بچووک و ڕیایی، ترسناکترین شتە لەسەر پیاوچاکان.

پێنجەم: نزیکی بەهەشت و دۆزەخ.

شەشەم: کۆکردنەوە لەنێوانی باسی نزیکی بەهەشت و دۆزەخ لە یەک فەرموودەدا.

حەفتەم: هەرکەسێک بگات بە خوا و شتێکی کردبێتە هاوبەشی خوا، ئەوا دەچێتە دۆزەخ، ئەگەر خواپەرستترین کەسیش بێت.

هەشتەم: بابەتە گەورەکە؛ داواکردنی پێغەمبەر ئیبڕاهیم بۆ خۆی و بۆ منداڵ و نەوەکانی، کە خوا بیانپارێزێت لە پەرستنی بتەکان.

نۆیەم: بایەخدان بە حاڵی زۆرینە؛ لەبەر ئەوەی فەرمووی: {ئەی پەروەردگارم! بێگومان ئەو بتانە زۆرێک لە خەڵکییان گومڕا کردووە و لەڕێگەی ڕاست لایان داون.[واتە: هۆکاری ترسەکەی ئەوەبوو کە زۆرێک لە خەڵکی بەهۆی پەرستنی بتەکان گومڕا بوون].

دەیەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی (لَا إِلَهَ إِلَّا اَللە)ـی تێدایە، هەروەکوو پێشەوا بوخاری باسی کردووە.

یازدەیەم: چاکیی و گەورەیی ئەو کەسەی پارێزراو بووە لە هاوبەش بڕیاردان.

❁❁❁

بَابُ الدُّعَاءِ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ

بەشی بانگەوازکردن بۆلای شایەتی دان بە (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [يوسف: ١٠٨].

فەرمایشتی خوای بڵند: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، بڵێ: ئەمە ڕێگا و ڕێبازی منە بانگەواز دەکەم بۆ لای خوای گەورە و بەتاک پەرستنی لەسەر چاوڕۆشنی و زانیاری و دڵنیایی، ئەمە ڕێگای من و هەر کەسێکیشە کە شوێن من بکەوێ، پاک و بێگەردی بۆ خوای گەورە! من لەو کەسانە نیم کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدەم}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کاتێک لە بەشەکانی پێشوودا باسی تەوحید و فەزڵەکەیی و ترسان لە شیرکی کرد، لەو بەشەشدا باسی ئەوە دەکات کەسێک کە ئەو شتانەی زانی، نابێت تەنها بۆ خۆی بێت، بەڵکوو لەسەری پێویستە کە بانگەوازی بۆ لای خوای گەورە بکات بە دانایی و ئامۆژگاری چاک، هەروەکوو ئەمە ڕێبازی پێغەمبەران و شوێنکەوتەکانیان بووە.

الدعاء: واتە: بانگکردنی خەڵکی.

إلى شهادة أن لا إله إلا الله: واتا: بۆ لای بەیەکدانانی خوا و باوەڕپێهێنانی، هەروەها بەو بەرنامەیەش کە پێغەمبەرەکانی هێناویانە کە بریتییە لە ناوەرۆکی ئەو شایەتی دانە.

قل: پەیامەکە بۆ پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

هذه: واتە: ئەو بانگەوازەی کە من خەڵکی بۆلا بانگ دەکەم و ئەو ڕێگەیەی کە من لەسەریمە.

سبيلي: ڕێباز و بانگەوازەکەم.

أدعو إلى الله: بۆ لای یەکخواپەرستی، نەک بۆ لای بەشێکی دونیایی، یان سەرۆکایەتی، یاخود حیزبایەتی.

على بصيرة: لەسەر زانست و بەڵگەی عەقڵی و شەرعی بەو بانگەوازە، (البصيرة): زانیارییەک کە بەهۆیەوە حەق و بەتاڵ لێک جیا بکرێتەوە.

ومن اتبعني: واتە: ئەوەی باوەڕی بەمن هێناوە و بەڕاستی داناوم: ئەگەری هەیە کە عەتف بکرێتە سەر زەمیرێکی مەڕفووع لە (أدعو)، ئەوکاتیش واتە: من بانگەواز دەکەم بۆ لای خوا لەسەر زانست و چاوڕۆشنی، هەروەها ئەوەی شوێنیشم کەوتبێت بەهەمان شێوە بانگەواز دەکات بۆ لای خوا لەسەر زانست، ئەگەریشی هەیە عەتف بکرێتە سەر جێناوێکی سەربەخۆ(الضمير المنفصل) کە (أنا)یە، ئەوکاتیش واتە: من و شوێنکەوتووەکانیشم لەسەر زانست و چاوڕۆشنین. وتەی ڕاستیش ئەوەیە: کە گەڕاندنەوەکە (العطف) هەردوو واتا لەخۆ دەگرێت، چونکە شوێنکەوتەکانی، ئەوانن ئەهلی زانست و چاوڕۆشنی و بانگخواز بۆ لای خوا.

وسبحان الله: خوا بە پاک و پیرۆز ڕادەگرم لەوەی هاوبەشی هەبێت لە دەسەڵاتی، یان پەرستراوێک هەبێت بە حەق جگە لەو.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە هەواڵ بە خەڵکی بدات دەربارەی ڕێباز و ڕێگەکەی، کە بریتییە لە بانگەوازکردن بۆ لای شایەتی دان بە (لا إله إلا الله) لەسەر زانست و دڵنیایی و بەڵگە، هەموو ئەوانەشی شوێنی کەوتوون، بانگەواز دەکەن بۆلای ئەو شتەی کە ئەو بانگەوازی بۆ کردووە لەسەر زانست و دڵنیایی و بەڵگە، هەروەها خۆی و شوێنکەوتووەکانیشی

خوا بە پاک ڕادەگرن لەوەی هاوبەشی هەبێت لە دەسەڵات و لە پەرستنی، بەڕائەتیش لەو کەسە دەکەن کە هاوبەشی بۆ بڕیار دەدەن، ئەگەرچی نزیکترین کەسیش بێت.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: خوای گەورە لەو ئایەتەدا باسی ڕێبازی پێغەمبەر و شوێنکەوتووەکانی دەکات، کە بریتییە لە بانگەوازیکردن بۆلای شایەتی دان بە (لا إله إلا الله) لەسەر بنچینەی زانست بەوەی بانگەوازی بۆ دەکات. کەواتە ئایەتەکە واجبییەتی بانگەوازیکردنی تێدایە بۆ لای شایەتی دان بە (لا إله إلا الله)، کە بریتییە لە ناونیشانی ئەو بەشە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بانگەوازکردن بۆلای شایەتی دان بە (لا إله إلا الله)، بریتییە لە ڕێبازی پێغەمبەر و شوێنکەوتووەکانی.

٢- لەسەر بانگخواز پێویستە کە زانا بێت بەوەی کە بانگەوازی بۆ دەکات، زاناش بێت بەو شتەی کە ڕێگری لێ دەکات.

٣- ئاگەداربوون لە ئیخڵاس و دڵسۆزی لە بانگەوازکردندا، بەوەی نابێت بانگخواز هیچ مەبەستێکی دیکەی هەبێت جگە لە خوا، نابێت بەو بانگەوازە مەبەستی بەدەستهێنانی سامان و سەرکردایەتی بێت، یان مەبەستی ستایشکردن بێت لەلایەن خەڵکەوە، یاخود بانگەوازکردن بێت بۆلای حیزب، یا مەزهەب.

٤- بێگومان زانست و دڵنیایی و چاوڕۆشنی(البصيرة) فەرزە؛ چونکە شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- واجیبە و شوێنکەوتنیشی نایێتەدی، ئیللا بە زانست و دڵنیایی نەبێت.

٥- جوانی و چاکی تەوحید؛ چونکە تەوحید بە پاک ڕاگرتنی خوای بەرز و بڵندە.

٦- ناشیرینی و خەراپی شیرک؛ چونکە شیرک قسەگوتنە بە خوای بەرز و بڵند.

٧- واجبییەتی دوورکەوتنەوەی موسڵمان لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، نابێت لەهیچ شتێکدا لەوان بێت، ئەوەندە بەس نییە کە هاوبەش بڕیار نەدات.

* * *

.....

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لَمَّا بَعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ قَالَ لَهُ: «إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ -وَفِي رِوَايَةٍ: إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ- فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ؛ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ، فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ؛ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللهِ حِجَابٌ». أَخْرَجَاهُ.[1]

ئیبن عەببباس دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم- کاتێک موعازی نارد بۆ یەمەن [بۆ کاری بانگخوازی] پێی فەرموو: "بێگومان تۆ دەچیت بۆلای خەڵکانێک کە خاوەنی کتێبی ئاسمانیین، جا بۆیە یەکەم شتێک کە بانگەوازیان بۆلا بکەی، با شایەتی دان بە (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) بێت، -لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا: با ئەوە بێت کە خوا بە تاکوتەنها بپەرستن-، ئینجا ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵییان کردی، ئەوە هەواڵیان پێ بدە کە پەروەردگار پێنج نوێژی لەهەموو شەو و ڕۆژێکدا لەسەر پێویست کردوون، جا ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵییان کردی و نوێژیانکرد، ئەوا فێریان بکە کە پەروەردگار زەکاتی ماڵ و سامانەکانیانی لەسەر پێویست کردوون، لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و دەدرێتە هەژارەکانیان، ئینجا ئەگەر لەوەشدا گوێڕایەڵییان کردی و دانیان بەوەدانا، ئەوا لێیان وەربگرە، بەڵام خۆت بپارێزە و خۆت بەدوور بگرە لەوەی باشترین ماڵی خەڵکی

[1] - أخرجه البخاري برقم (١٣٩٥)، ومسلم برقم (١٩) والترمذي برقم (٦٢٥)، وأبو داود برقم (١٥٨٤) وأحمد في مسنده (٢٣٣/١).

وەربگری بۆ زەکات، هەروەها خۆشت بپارێزە لە دوعای ستەملێکراو، چونکە لەنێوانی دوعای ئەو و خوادا پەردە نییە".

ڕاڤەکردن

بعث معاذاً: ئاڕاستەیکرد و ناردی.

إلى اليمن: بەرەو ئەو هەرێمەی کە ناسراوە لە باشووری دووڕگەی عەرەبی، وەکوو بانگخواز و فەرمانڕەوا و دادوەر، ئەمەش لەسالّی دەی کۆچی بوو.

أهل الكتاب: بریتیین لە جوولەکە و نەسڕانییەکان؛ چونکە ئەوانە لە هاوبەش بڕیاردەرە عەرەبەکان زیاتر لە یەمەن بوون، یان زالّتر بوون.

شهادة: دروستە مەڕفووع بێت، ئەوکات ناوە بۆ (یکن) و دواکەوتووە، یەکەم خەبەریشی پێشی کەوتووە، دروستیشە بەپێچەوانە بێت.

وفي رواية: واتە: لە گێڕانەوەیەکی دیکە لە سەحیحی بوخاریدا.

أطاعوك لذلك: واتە: شایەتییان دا و ملکەچبوون بۆ بانگەوازەکەت و بێباوەڕبوون بەوەی دەپەرستڕێت لە جگە لە خوا.

افترض عليهم: واجیبی کرد لەسەریان. جِيبِ جِيَانْ كرد

أطاعوك لذلك: باوەڕیان بە واجیبییەتی نوێژ هێنا و بێبەجێیان کرد.

إياك: وشەی ئاگەدارکردنەوەیە.

وكرائم: مەنسووبە لەسەر ئاگەدارکردنەوە، کۆی وشەی (کریمة)یە، کە بریتییە لە باشترین و دەگمەنترینی سەروەت و سامان.

اتق دعوة المظلوم: وریای بە و لەنێوانی خۆت و پاڕانەوەکەیدا پارێزەرێک دابنێ بە ئەنجامدانی دادپەروەری و وازهێنان لە ستەمکردن.

فإنه: واتە: بارودۆخ و کار.

لیس بینها وبین الله حجاب: واتە: قەدەغە نابێت لە گەیشتن بە خوا، بەڵکوو بەرز دەبێتەوە بۆ لای خوا و وەری دەگرێت.

أخرجاه: واتە: بوخاری و موسلیم لە دوو سەحیحەکەدا گێڕاویەتییانەوە.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کاتێک موعازی کوڕی جەبەلی بۆ هەرێمی یەمەن نارد -ڕەزای خوای لێبێت- وەکوو بانگخواز و مامۆستایەک، ئەو نەخشەیەشی بۆ کێشا کە دەبێت لەکاتی بانگەوازەکەیدا لەسەری بڕوات، بۆیە بۆی ڕوون کردەوە کە ڕووبەڕووی خەڵکانێک دەبێتەوە، ئەهلی زانست و گفتوگۆن، لە جوولەکە و نەسڕانییەکان، تاوەکوو لە ئامادەباشیدا بێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیان و وەڵامدانەوەی گومانەکانیان، پاشان لە بانگەوازەکەیدا دەست بە گرینگترین ئینجا گرینگ بکات، بۆیە دەبێت سەرەتا باگەوازیان بکات بۆ چاککردنی بیروباوەڕ؛ چونکە ئەمە بنچینەیە، جا ئەگەر ملکەچبوون بۆ ئەمە، فەرمانیان پێ دەکات بە جێبەجێکردنی نوێژ؛ لەبەر ئەوەی نوێژ گەورەترینی واجیبەکانە دوای تەوحید، ئینجا ئەگەر جێبەجێیان کرد، فەرمان بە دەوڵەمەندەکانیان دەکات بەوەی زەکاتی ماڵەکانیان بدەن بە هەژارەکانیان، بۆ دڵدانەوەیان و سوپاس کردنێکیش بۆ خوا، پاشان ئاگەداری کردەوە لە بردنی ماڵی باش؛ چونکە واجیب ئەوەیە کە ماڵە مامناوەندەکە ببردرێت، پاشان هانیدا لەسەر دادپەروەری و وازهێنان لە ستەمکردن؛ تاوەکوو ستەملێکراوەکە دوعای لێ نەکات، چونکە دوعاکەی وەرگیراوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: یەکەم شتێک کە بانگەوازی بۆ لا بکرێت، شایەتی دانە بە (لا إله إلا الله)، هەروەها ڕەوانەکردنی بانگخوازانی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- شەرعییەتی ڕەوانەکردنی بانگخوازان بۆ لای خوا.

٢- بە دڵنیایی شایەتی دان بە (لا إله إلا الله) یەکەم واجیبە، کە بریتییە لە یەکەم شتێک خەڵکی بۆلا بانگ بکرێت.

٣- واتای شایەتی دان بە (لا إله إلا الله): بەتاکدانانی خوایە لە پەرستن و وازهێنانە لە پەرستنی جگە لە خوا.

٤- حوکم نادرێت بە موسڵمان بوونی کافر، ئیللا بە دەربڕینی دوو شایەتوومانەکە نەبێت.

٥- جاری وایە مرۆڤ خوێنەرە، بەڵام واتای (لا إله إلا الله) نازانێت، یان دەزانێت، بەڵام کاری پێ ناکات، وەکوو حاڵی ئەهلی کیتاب.

٦- ئاخاوتن لەگەڵ کەسی زانا وەکوو ئاخاوتن لەگەڵ نەزان نییە: "تۆ دەچیتە لای خەڵکانێک ئەهلی کیتابن".

٧- وریابوون لەوەی کە دەبێت مرۆڤ -بەتایبەتی بانگخواز- لەسەر زانست و دڵنیایی بێت لە ئایینەکەی، تاوەکوو لە گومانی چەواشەکارەکان ڕزگاری بێت، ئەمەش بە داواکردنی زانست دەبێت.

٨- بە دڵنیایی نوێژ گەورەترینی واجیبەکانە، دوای دوو شایەتوومانەکە.

٩- زەکات دان واجیبترینی ڕووکنەکانە دوای نوێژ.

١٠- ڕوونکردنەوەی یەکێک لەو چینانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت، ئەویش هەژارەکانن، هەروەها دروستە زەکات تەنها بەوان بدرێت.

١١- دروست نییە زەکات لە باشترینی ماڵ وەربگیرێت، مەگەر بە ڕازیبوونی خاوەنەکەی.

١٢- ئاگەداربوون لە ستەمکردن، هەروەها دوعای ستەملێکراو ومرگیراوە، ئەگەرچی تاوانباریش بێت.

***

.....

وَلَهُمَا عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-: أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ يَوْمَ خَيْبَرَ: «لأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ غَدًا رَجُلًا يُحِبُّ اللهَ وَرَسُولَهُ، وَيُحِبُّهُ اللهُ وَرَسُولُهُ، يَفْتَحُ اللهُ عَلَى يَدَيْهِ»، فَبَاتَ النَّاسُ يَدُوكُونَ لَيْلَتَهُمْ، أَيُّهُمْ يُعْطَاهَا، فَلَمَّا أَصْبَحُوا غَدَوْا عَلَى رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، كُلُّهُمْ يَرْجُو أَنْ يُعْطَاهَا، فَقَالَ: «أَيْنَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ؟»، فَقِيلَ: هُوَ يَشْتَكِي عَيْنَيْهِ، فَأَرْسَلُوا إِلَيْهِ فَأُتِيَ بِهِ، فَبَصَقَ فِي عَيْنَيْهِ وَدَعَا لَهُ؛ فَبَرَأَ كَأَنْ لَمْ يَكُنْ بِهِ وَجَعٌ، فَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ، فَقَالَ: «انْفُذْ عَلَى رِسْلِكَ حَتَّى تَنْزِلَ بِسَاحَتِهِمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلَامِ، وَأَخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عَلَيْهِمْ مِنْ حَقِّ اللهِ تَعَالَى فِيهِ، فَوَاللهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ».[1]

«يَدُوكُونَ»؛ أَيْ يَخُوضُونَ.

هەروەها بوخاری و موسلیم لە سەهلی کوڕی سەعدەوە گێڕاویەتییانەوە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لە ڕۆژی خەیبەردا فەرمووی: "سوێند بە خوا، بەیانی ئەو ئاڵایە بە پیاوێک دەدەم، کە خوا و پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت و خوا و پێغەمبەرەکەشی ئەویان خۆش دەوێت، خوا لەسەر دەستی ئەو پیاوە خەیبەر ڕزگار دەکات"، بۆیە خەڵکی ئەو شەوەیان مانەوە و گفتوگۆیان دەکرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت کامەیان بێت ئاڵاکەی پێ بدرێت، جا کاتێک بەیانییان کرەوە، چوونە لای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، هەموویان ئومێدەواربوون کە پێیان بدرێت،

[1] - أخرجه البخاري برقم (٢٩٤٢)، ومسلم برقم (٢٤٠٦).

فەرمووی: "ەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب لە کوێیە؟"، گوترا: ئەو چاوەکانی ئازاری دەدات و لەدەست ئازاری چاوەکانی سکاڵا دەکات، بۆیە بەدوایاندا نارد و هێنایان، پێفەمبەریش تفی کردە چاوەکانی و دوعای بۆ کرد، ئیتر چاک بوویەوە وەکوو ئەوەی پێشتر ئازاری نەبووبێت، ئینجا ئاڵاکەی پێدا و فەرمووی: "لەسەرخۆ بڕۆ! تاوەکوو دەگەیتە گۆڕەپانی ئەوان، پاشان بانگییان بکە بۆ ئیسلام، هەواڵیشیان پێ بدە بەوەی کە پێویستە لەسەریان لە مافی خوای بەرز و بڵند، سوێند بە خوا! ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە یەک پیاو ڕێنمایی بکات، باشترە بۆ تۆ لە وشتری سوور".

ڕاڤەکردن

سهل بن سعد: سەهلی کوڕی سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی خالیدی ئەنساڕی خەزرەجیی ساعیدییە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، ساڵی (٨٨)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، تەمەنی سەد ساڵی تێپەڕاندبوو.

ولهما: واتە: بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکانی خۆیاندا گێڕاویەتییانەوە.

يوم خيبر: واتە: ڕۆژی ئابڵۆقەدانی خەیبەر لە ساڵی حەفتی کۆچی.

الراية: بریتییە لە ئاڵای سوپا، ئەوەی لەکاتی گەڕانەوە و ڕاکردندا دەگەڕێنەوە لای.

يفتح الله على يديه: هەواڵدانە لەسەر شێوەی موژدەدان بە بەدەستهێنانی ڕزگارکردن.

ليلتَهم: مەنسووبە لەسەر زمرفییەت.

أيُّهم: بە ڕەفعی وشەی (أي) لەسەر بیناء؛ لەبەر ئەوەی ئیزافە کراوە و سەرەتای سیلەکەشی لابراوە.

علي بن أبي طالب: کوڕە مامی پێغەمبەری خوایە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هاوسەری فاتیمەی کچیشیەتی، خەلیفەی چوارەمە، لە کەسە پێشکەوتووەکانە کە هاتوونەتە ناو ئیسلام، یەکێکە لەو دە کەسەی کە موژدەی بەهەشتییان پێدراوە -ڕەزای خوا لەهەموویان بێت-، لە ساڵی (٤٠)ـی کۆچی کوژرا.

يشتكي عينيه: واتە؛ چاوەکانی ئازاریان هەیە؛ بەهۆی چاو گلکردن.

فبَرَأ: بە فەتحی بائەکە لەسەر وەزنی (ضَرَبَ)یە، دروستیشە بە کەسری بائەکە لەسەر وەزنی (عَلِمَ)، واتە: بەتەواوی چاک بوویەوە.

أعطاه الراية: ئالاکەی پێدا.

انفُذْ: واتە: بەرەو پێشەخۆت بڕۆ.

على رِسْلِك: لەسەر خۆ بەبێ پەلەیی

بساحتهم: گۆڕەپانی زەویەکەیان و نزیکی قەڵاکانیان.

إلى الإسلام: بڕیتییە لە خۆبەدەستەوەدان بۆ خوا بە یەکخواپەرستییەوە، ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵییەوە، ڕزگاربوون و دوورکەوتنەوە لە هاوبەش بڕیاردان و شوێنکەوتووانی.

وأخبرهم ... إلخ: واتە: ئەگەر ئەوان وەڵامی تۆیان دایەوە بۆ ئەو ئیسلامەی کە بڕیتییە لە یەکخواپەرستی، ئەوا هەواڵیان پێ بدە بەو شتانەی کە دوای ئەوە لەسەریان پێویستە لە مافی خوا لە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و جگە لەمانەش.

لأن يهدي الله: لە تەئویلی مەسدەرەکەدا موبتەدەئە، خەبەرەکەی (خير)ـە.

حمُر النَّعم: واتە وشتری سوور، کە بڕیتییە لە گرانبەهاترین سەروەت و سامانی عەرەب.

واتای کورتی فەموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- موژدەی بە هاوەڵان داوە بە سەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر جوولەکەکاندا، ئەمەش بەیانی لەسەر دەستی پیاوێک کە فەزڵێکی گەورە و خۆشەویستی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی هەیە، بۆیە هاوەڵان چاویان بڕیە ئەو بابەتە و هەر یەک لەوان پێیان خۆش بوو کە ئەو پیاوە بن؛ لەبەر سوورەبوونیان لەسەر چاکە، جا کاتێک لەسەر بەڵێنەکە ڕۆیشتن، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- داوای ئیمامی عەلی کرد، بەڵام لەوێ نەبوو؛ لەبەر ئەوەی چاوەکانی تووشی نەخۆشیی ببوو، پاشان هات و ئامادە بوو، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە لیکی پیرۆزی تفێکی کردە چاوەکانی، ئەوەبوو ئەو ئازارەی کە

هەستی پێ دەکرد، بە تەواوی نەما، ئینجا سەرکردایەتی سووپاکەی پێدا و فەرمانیشی پێ کرد کە بەلەسەرخۆیی بەرەو پێشەوە بڕوات، تا نزیک دەبێتەوە لە قەڵاکانی دوژمن، ئینجا داوایان لێ بکات کە بێنە ناو ئیسلام، جا ئەگەر وەڵامیان دایتەوە، هەواڵیان پێ بدە بەو شتانەی کە لەسەر موسڵمان پێویستە لە فەرزەکان، پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ ئیمامی عەلی ڕوون کردەوە کە بانگەوازکردن بۆلای خوا فەزڵی گەورەیە، هەروەها کەسی بانگخواز ئەگەر یەک پیاو لەسەر دەستی ڕێنمایی وەربگرێت، ئەوا بۆ ئەو لە بەنرخترین سامانی دونیایی باشترە، چجای ئەگەر خەڵکی زیاتر لەسەر دەستی ڕێنمایی بکرێن.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە دروستێتی و هاندانی بانگەوازکردن بۆ ئیسلامی تێدایە، ئەو ئیسلامەی کە بریتییە لە واتای شایەتیدان بە (لا إله إلا الله)، هەروەها ڕوونکردنەوەی گەورەیی بانگەوازکردن بۆ ئەمەی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- گەورەیی و تایبەتمەندییەکی ئاشکرای تێدایە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب - ڕەزای خوای لێبێت-، هەروەها شایەتی دانێک لەلایەن پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆی بەوەی خوا و پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت و لە ڕووکەش و ناخیشەوە باوەڕدارە.

٢- جێگیرکردنی ئەوەی خوا دۆستەکانی خۆش دەوێت، خۆشویستنێک کە شایستەیە بە گەورەییەکەی، وەکوو هەموو سیفەتە پاک و پیرۆزەکانی دیکەی.

٣- سووربوونی هاوەڵان لەسەر بەدەستهێنانی چاکە و پێشبڕکێ کردنیان بۆ کردەوە چاکەکان -ڕەزای خوایان لێبێت-.

٤- دروستێتی و هاندان لەسەر ئەدەب لەکاتی جەنگ و وازهێنان لە هەڵەشەیی و دەنگی بێزارکەر کە پێویست نییە.

٥- فەرمانکردنی پێشەوا بە بەردەست و سەربازەکانی بە نەرم و نیانی، بەبێ لاوازی و کەمبوونی عەزیمەت.

٦- واجیبیەتی بانگەوازکردن بۆلای ئیسلام، بەتایبەتی پێش جەنگان لەدژی کافرەکان.

٧- هەرکەسێک لە بێباوەڕەکان بانگەوازی ئیسلامی قەبوولْ نەکرد، پێویستە جەنگی لەدژ بکرێت.

٨- بانگەوازکردن دەبێت بە پلە پلەیی بێت، بۆیە سەرەتا داوا لە کافر دەکرێت کە بێتە ناو ئیسلام بە دەربڕینی دوو شایەتومانەکە، پاشان فەرمانی پی دەکرێت بە جێبەجێکردنی فەرزەکانی ئیسلام.

٩- فەزڵی بانگەوازکردن بۆ ئیسلام و ئەو چاکەیەی کە بۆ بانگکراو و بانگخوازیشی تێدایە؛ چونکە بانگکراو جاری وایە ڕێنمایی دەکرێت، بانگخوازیش پاداشتێکی گەورەی دەدرێتەوە، خواش زاناترە.

١٠- بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، ئەمەش بە موژدەدانی بە ڕزگارکردنی خەیبەر پێش ڕووداوی، هەروەها چاکبوونەوەی ئازارەکەی ئیمامی عەلی بەهۆی تفەکەیەوە.

١١- باوەڕهێنان بە قەزا و قەدەر، لەبەر بەدەستهێنانی ئاڵاکە لەلایەن کەسێکەوە کە هەوڵی بۆ نەدابوو، نەدانیشی بەو کەسەی کە هەوڵی بۆ دابوو.

١٢- ناو لەخۆنان بە ئیسلام بەس نییە، بەڵکوو پێویستە واجیبەکانی بزانرێن و جێبەجێش بکرێن.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: بانگەوازکردن بۆ لای خوا، ڕێگەی ئەو کەسەیە کە شوێن پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کەوتووە.

دووەم: ئاگەداربوون لە ئیخڵاس؛ چونکە زۆرێک لە خەڵکی ئەگەر بانگەوازیش بکات بۆ ڕاستی، ئەوە بانگەواز دەکات بۆ لای نەفسی خۆی.

سێیەم: زانست و چاوڕۆشنی، یەکێکە لە فەرزەکان.

چوارەم: یەکێک لە بەڵگەکانی چاکی و جوانی تەوحید، ئەوەیە کە بەپاک ڕاگرتنی خوای بەرز و بڵندە لە قسەپێگوتن.

پێنجەم: یەکێک لە ناشیرینییەکانی شیرک، ئەوەیە کە قسەگوتنە بە خوا.

شەشەم: کە بڕیتییە لە گرنگترینیان: دوورخستنەوەی موسڵمانە لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، نابێت لەوان و وەکوو ئەوان بێت، ئەگەر هاوبەشیش بڕیار نەدات.

حەفتەم: یەکخواپەرستی یەکەم واجیبە.

هەشتەم: بێگومان تەوحید پێشی هەموو شتێک دەستی پێ دەکرێت، هەتا نوێژیش.

نۆیەم: بێگومان واتای «أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ»: واتای شایەتی دانە بە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ).

دەیەم: جاری وایە مرۆڤ خۆی یەکێکە لە ئەهلی کیتاب، بەڵام واتای شایەتی دان بە (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) نازانێت، یان دەیزانێت، بەڵام کاری پێ ناکات.

یازدەیەم: ئاگەداربوون لە فێرکردن بە پلە پلەیی.

دوازدەیەم: دەست پێ کردن بە گرینگترین، ئینجا گرینگ.

سێزدەیەم: سەرفکردنی زەکات و زانینی ئەوەی کە زەکات بە کێ دەدرێت.

چواردەیەم: زانا دەبێت گومان لەلای فێرخواز لابدات و بیرەوێنێتەوە.

پازدەیەم: قەدەغەکردن لە سەندنی مالّی گرانبەها و بە نرخ.

شازدەیەم: خۆپاراستن لە پارانەوەی ستەملێکراو.

حەڤدەیەم: هەواڵدان بەوەی پارانەوەی ستەملێکراو دەگاتە لای خوا و پەردەی نییە.

هەژدەیەم: یەکێک لە بەڵگەکانی تەوحید، ئەو ناڕەحەتی و برسییەتی و دەردانە بوو کە بەسەر گەورەی پێغەمبەران و گەورەی پیاوچاکاندا هات.

نۆزدەیەم: ئەم وتەیەی: «لَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ...» تاکۆتاییەکەی: نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

بیستەم: تف کردنی لە چاوەکانی ئیمامی عەلی: بەهەمان شێوە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

بیست و یەکەم: چاکیی و گەورەیی عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت-.

بیست و دووەم: فەزڵ و گەورەیی هاوەڵان بەهۆی گفتوگۆ کردنیان لەو شەوەدا، کە دەبێت ئەو کەسە کێ بێت و سەرقاڵ بوونیان لە موژدەی ڕزگارکردنی خەیبەر و سەرکەوتن.

بیست و سێیەم: باوەڕهێنان بە قەدەر؛ لەبەر بەدەستهێنانی ئاڵاکە لەلایەن کەسێکەوە کە هەوڵی بۆ نەدابوو، نەدانیشی بەو کەسەی کە هەوڵی بۆ دابوو.

بیست و چوارەم: فێری ڕەوشتکردن لەو قسەیەی کە فەرمووی: «لەسەرخۆ بڕۆ».

بیست و پێنجەم: بانگەوازکردن بۆلای ئیسلام، پێشی جەنگکردن.

بیست و شەشەم: بانگەوازکردن بۆلای ئیسلام، شتێکی شەرعییە[سوننەتە]، بۆ ئەو کەسانەشی کە پێشتر بانگەواز کراون و جەنگیان لەگەڵدا کراوە.

بیست و حەفتەم: بانگەوازکردن بە داناییەوە، لەبەر ئەو وتەیەی: "هەواڵیان پێ بدە بەوەی کە پێویستە لەسەریان".

بیست و هەشتەم: ناسینی مافی خوای گەورە لە ئیسلامدا.

بیست و نۆیەم: پاداشتی ئەو کەسەی کە یەک پیاو لەسەر دەستی ڕێنمایی دەکرێت.

سییەم: سوێند خوارد لەسەر فەتوا.

❁❁❁

بَابُ تَفْسِيرِ التَّوْحِيدِ وَشَهَادَةِ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ الله

بەشی ڕوونکردنەوەی تەوحید و شایەتیدان بە (لا إِلَهَ إِلاَّ الله)

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا﴾ [الإسراء: ٥٧].

فەرمایشتی خوا: {ئەو کەسانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە و دەیانپەرستن، وەکوو مەلائیکەت و عیسا و عوزێر و پیاوچاکان، ئەوانە خۆیان هەر هۆکارێک باش بێت و هەر کردەوەیەک چاک بێت و بە خوای گەورەیان بگەیەنێت و لە خوای گەورە نزیکیان بکاتەوە، ئەو هۆکارانە دەگرنە بەر بۆ خۆ نزیککردنەوە لە خوای گەورە، هەروەها بە ئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورەن و لە سزای خوای گەورە دەترسێن، ئیتر بۆ ئێوە ئەوان دەپەرستن و بەتاکوتەنها خوا ناپەرستن، بە دڵنیایی سزای خوای گەورە شایەنی ئەوەیە کە خەڵکی لێی وریا بن و خۆی لێ بپارێزن}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: کاتێک دانەر -ڕەحمەتی خوی لێبێت- لە بەشەکانی پێشوودا باسی یەکخواپەرستی و فەزڵەکانی و بانگەوازکردن بۆلای و ترسان لە دژەکەی کە هاوبەش بڕیاردانە کرد، لەو بەشەشدا -ڕەحمەتی خوای لێبێت- واتاکەی ڕوون کردەوە؛ چونکە هێندێک خەڵک هەڵە دەکات لە تێگەیشتنی واتاکەی، بۆیە وا گومان دەبات کە واتاکەی تەنها داننانە بە تەوحیدی ڕوبووبییەت، مەبەستیش بە تەوحید ئەوە نییە، بەڵکوو مەبەست پێی ئەو شتەیە کە دەقەکان بەڵگەنە لەسەری، ئەو دەقانەی کە دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- هێندێکیان لەو بەشەدا دێنێتەوە، کە بریتییە لە بەتاکدانانی خوا لە پەرستن و ڕزگاربوون لە شیرک.

شایەتیدان بە (لا إله إلا الله)ـی عەتف کردۆتە سەر تەوحید؛ بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە هەردووکییان واتایان یەک شتە و جیاوازی تێدا نییە.

یدعون: واتە: لێیان دەپارێنەوە لە جگە لە خوا کە بریتیین لە فریشتە و پێغەمبەر و پیاوچاکان و جگە لەوانیش، کەواتە زەمیرِی فاعیلەکە لە وشەی (یدْعون) دەگەڕێتەوە بۆ لای کافرەکان.

یبتغون: واتە: داوا دەکەن، زەمیرِی فاعیلەکە تێیدا دەگەڕێتەوە بۆلای داوالێکراوەکان لە فریشتەکان و هاوشێوەیان.

الوسیلة: ئەوەی بەهۆیەوە نزیک دەبیتەوە بۆ لای خوا، کەواتە واتای (توسل إلى الله): کارێکی کرد کە لە خوای نزیک دەکاتەوە.

ویرجون رحمته: واتە: ئومێدیان بە کەس نییە جگە لە خوا.

ویخافون عذابه: واتە: لە کەس ناترسن جگە لە خوا.

واتایەکی پوخت بۆ ئایەتەکە: خوا -پاک و بێگەردیی و بڵندیی بۆی- هەواڵ دەدات کە ئەوانەی هاوبەشی بڕیاردەرەکان لێیان دەپارێنەوە جگە لە خوا، لە فریشتە و پێغەمبەر و پیاوچاکان، پەلە دەکەن لە داواکردنی هۆکارێک بۆ ئەوەی لە خوایان نزیک بکاتەوە، بۆیە ئومێدیان بە ڕەحمەتەکەی هەیە و لە سزاکەشی دەترسێن، جا ئەگەر ئەوان ئاوا بن و لە ڕیزی بەندەکان بن، ئیتر چۆن لەگەڵ خوادا هاواریان دەکرێتێ، لەکاتێکدا ئەوان سەرقاڵن بە خۆیان و لە خوا دەپارێنەوە و خۆیانی لێ نزیک دەکەنەوە بە پەرستنی.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە واتای تەوحید و شایەتی دان بە (لا إله إلا الله) بریتییە لە وازهێنان لەوەی هاوبەشی بڕیاردەرەکان لەسەری بوونە لە پارانەوە لە پیاوچاکان و کردنیان بە تکاکار بۆلای خوا لە لابردنی زەرەر، یان گواستنەوەی؛ چونکە ئەوە شیرکی گەورەیە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە داوا لە دۆستانی خوا و پیاوچاکان دەکەن بۆ لابردنی خەراپە و زەرەر، یان هێنانی سوود و چاکە، بەوەی کە ئەو داوا لێکراوانە بۆ خۆیان هیچ زەرەر و زیانێکیان بەدەست نییە، ئیتر چۆن بۆ جگە لە خۆیان بەدەستیانە؟!

٢- ڕوونکردنەوەی ترسی زۆری پێغەمبەران و پیاوچاکان لە خوا، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئومێدبوونیان بە ڕەحمەتی خوا.

* * *

.....

وَقَوْلُهُ: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاء مِّمَّا تَعْبُدُونَ ۝ إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ﴾ [الزخرف: ٢٦، ٢٧].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {کاتێک کە ئیبڕاهیم بە باوک و قەومەکەی گوت: من بەریم لەو بت و خوایانەی کە ئێوە دەیپەرستن. تەنها خوای گەورە نەبێ کە منی دروست کردووە و هەر ئەویش ڕێنماییم دەکات بۆ دینەکەی و دامەزراوم دەکات لەسەری}.

ڕاڤەکردن

براءٌ مما تعبدون: واتا: من بەریمە لەهەموو پەرستراوەکانتان.

إلا الذي فطرني: واتا: دروستیکردووم کە (الله)یە، هەر ئەو بەتەنها پەرستراوی منە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی بەندە و نێردراو و دۆستەکەی خۆی، کەوا بەڕائەتی لەهەموو ئەو شتانە کردووە کە باوکی و قەومەکەی دەیپەرستن، هیچی جیا نەکردەوە تەنها ئەو خوایە نەبێت کە دروستی کردووە، هەر ئەو دەپەرستێت بە تاکوتەنها و بێ شەریک.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە واتای تەوحید و شایەتیدان بە (لا إله إلا الله)، بریتییە لە بەڕائەتکردن لە شیرک و بەتاکدانانی خوا لە پەرستن، چونکە (لا إله إلا الله) گشتگیرە بۆ (نەفی) ئەوەی کە ئیبڕاهیم دەریبڕی بەو وتەیەی: {إِنَّنِي بَرَاء}، هەروەها گشتگیریشە بۆ (ئیسپات) ئەوەی کە دەری بڕی بەو وتەیەی: {إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي}.

ئەو سوودانەی کە لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واتای (لا إله إلا الله) بەیەکدانانی خوایە بە ئەنجامدانی پەرستن تەنها بۆ ئەو و بەڕاڤەتکردن لە پەرستنی هەموو شتێک جگە لە خوا.

٢- ئاشکراکردن و دەرخستنی بەڕاڤەت لە ئایینی هاوبەش بڕیاردەرەکان.

٣- واجیبیەتی خۆ بەریکردن لە دوژمنانی خوا، ئەگەرچی نزیکترین کەسیش بن.

* * *

.....

وقوله تعالى: ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَهًا وَاحِدًا لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [التوبة: ٣١] [1].

هەروەها فەرمایشتی خوای بڵند: {جوولەکە و گاورەکان، زانا و خواپەرستەکانیان کردبوو بە پەروەردگار و خوا و لە غەیری خوای گەورە دەیانپەرستن، هەروەها عیسای کوڕی مەریەمیشیان دەپەرست، لە کاتێکدا کە فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێت، کە بەتاکوتەنها یەک خوا بپەرستن کە خوای گەورەیە، هیچ پەرستراوێک بەحەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی (الله)، خوای گەورە زۆر لەوە پاك و بێگەردتره کە ئەوان ئەو کەسانە دەکەنە شەریک بۆ خوای گەورە، شەریکدانانیان بۆ خوای گەورە، ئەوەبوو کە حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن ئەمانیش شوێنیان دەکەوتن، حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ دەکردن و ئەمانیش شوێنیان دەکەوتن، ئەوە پەرستنیان بوو).

ڕاڤەکردن

اتخذوا: جوولەکە و گاورەکانیان وا لێ کردووە.

أحبارهم: واتە: زاناکانیان.

ورهبانهم: واتە: خواپەرستەکانیان.

---

[1] - فقد فسَّر هذه الآية رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لعدي بن حاتم عندما دخل على رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فسمعه يقرأ هذه الآية، فقال عدي: إنهم لم يعبدوهم؟! فقال رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: "بلى إنهم حرّموا عليهم الحلال وحلّلوا لهم الحرام، فاتبعوهم، فذلك عبادتهم إياهم".

أخرجه الترمذي برقم (٣٠٩٤) وهو حديث حسن. وابن أبي شيبة في مصنفه (١٦٧/٧ رقم ٣٤٩٢٥).

أرباباً: واتە: یاسایان بۆ دادەنان و شتیان بۆ حەڵاڵ و حەرام دەکردن؛ چونکە یاسادانان لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگارە، جا بۆیە هەر کەسێک گوێڕایەڵی دروستکراوێک بکات لە یاسا داناندا، ئەوا کردوویەتی بە پەروەردگار.

والمسيح ابن مريم: واتە: عیسایان -علیه السلام- کردبوو بە پەروەردگار بەوەی پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدا.

سبحانه عما يشركون: واتە: خوا پاک و بێگەرد و پێرۆزە لە هاوبەشەکان و هاوونێنەکان.

واتایەکی پوخت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی جوولەکە و نەسڕانییەکان کە دڵسۆزبوون بۆ پیاوانێک لە زانایان و خواپەرستەکان، بۆیە گوێڕایەڵییان کردن لە حەڵاڵکردنی ئەوەی خوا حەرامی کردبوو، هەروەها حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردبوو، بەم کارەشیان هێنایانەنە ڕیزی خوای پەروەردگار، ئەو پەروەردگارەی کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حەڵاڵکردن و حەرامکردنە، هەروەکوو گاورەکان عیسایان پەرست و گومانیشیان وابوو کەوا کوڕی خوایە، بۆیە کتێبی خوایان فڕێدا، ئەوەی کە تێیدا فەرمانی پێ کردبوون بەتەنها گوێڕایەڵی ئەو بکەن و بەتەنهاش ئەو بپەرستن، ئەمەش هەواڵ دانێکە لەلایەن خواوە کە نکوولێ کردن لە کارەکەیان لەخۆ دەگرێت، هەر بۆیەش خۆی پاک و دوور ڕاگرت لە کردەوەکەی ئەوان کە هاوبەش بڕیاردان بوو بۆی.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەشێک لە واتای تەوحید و شایەتی دان بە (لا إله إلا الله)، بەتاکدانانی خوایە بە گوێڕایەڵیکردنی لە حەڵاڵکردنی ئەوەی حەڵاڵی کردووە و حەرامکردنی ئەوەشی حەرامی کردووە، هەروەها هەر کەسێک جگە لە خوا کەسێکی دیکە دابنێت، ئەوەی کە ئەو کەسە بە حەڵاڵی دابنێت ئەویش بە حەڵاڵی دابنێت و ئەوەشی کە ئەو کەسە بە حەرامی دابنێت ئەویش بە حەرامی دابنێت، ئەوا موشریکە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واتای تەوحید و شایەتیدان بە (لا إله إلا الله) گوێڕایەڵیکردنی خوایە لە حەڵاڵکردن و حەرامکردندا.

٢- هەر کەسێک گوێڕایەڵی دروستکراوێک بکات، لە حەڵاڵکردنی حەرام و حەرامکردنی حەڵاڵ، ئەوا ئەو کەسەی کردووە بە هاوبەشی خوا.

٣- وەڵامدانەوەی گاورەکان لەو بیروباوەڕەی کە هەیانە دەربارەی عیسای مەسیح -علیه السلام- و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بەندەی خوایە.

٤- بە پاکڕاگرتن و بەدوور ڕاگرتنی خوا، لە هاوبەش بڕیاردان.

* * *

.....

وَقَوْلُهُ تعالى: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلّهِ جَمِيعاً وَأَنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ﴾ [البقرة: ١٦٥].

هەروەها فەرمایشتی خوای بەرز: {لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن جگە لە خوای گەورە دەکەنە شەریک و هاوشێوە بۆ خوای گەورە، ئەو شەریکانەیان خۆش دەوێ وەکوو خۆشەویستی خوا، چەندێک خوای گەورەیان خۆش دەوێ، ئەوانیشیان بەئەندازەی خوای گەورە خۆش دەوێ، یاخود بتەکانیان خۆش دەوێ بەئەندازەی ئەوەی کە ئیمانداران خوایان خۆش دەوێ، بەڵام باوەڕداران خوای گەورەیان لەوان خۆشتر دەوێ، یان ئیمانداران خوای گەورەیان زیاتر خۆش دەوێ لە خۆشەویستی ئەوان بۆ بتەکانیان، ئای ئەو ستەمکارانە کە کەسانێکیان کردووە بە شەریک و وەکوو خوای گەورە خۆشیانیان دەوێن! کاتێک کە لە ڕۆژی قیامەت سزای خوای گەورە دەبینن، ئەوکاتە دەزانن کە هێز و توانا تەنها بۆ خوای گەورەیە و خوایەکانی ئەوان بێ دەسەڵاتن و ناتوانن سزای خوای گەورەیان لەسەر لابدەن، بێگومان سزای خوای گەورە یەکجار سەختە}.

ڕاڤەکردن

من الناس: کۆمەڵێک لە خەڵکی.

من دون الله: واتە: جگە لە خوا.

أنداداً: واتە: هاوەڵنە و هاوشێوە.

يحبونهم: خۆشەویستی(المحبة): ویستی ئەو شتەیە کە وای دەبینی، یاخود وا گومان دەبەیت کە خێر و چاکەیە، هەروەها ڕەغبەت و ئارەزووی بۆ هەبێت.

کحب الله: واتە: لە خۆشویستندا یەکسانیان دەکەن بە خوا، کە وا دەخوازێت زەلیل بێت بۆ خۆشویستراوەکە و ملکەچی بێت.

ولو یری: ئەگەر بیزانیبا.

إذ یرون العذاب: ئەو کاتەی کە دەیبینن.

أن القوة لله: چونکە هێز و توانا و زاڵبوون تەنها بۆ ئەوە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای بەرز و بڵند باسی حاڵی هاوبەش بڕیاردەرەکانی کردووە لە دونیادا، هەروەها سەرەنجامیان لە دواڕۆژدا، چونکە ئەوان هاووێنە و هاوشێوەیان بۆ خوا داناوە کە یەکسانیان کردوون بە خوا لە خۆشەویستیدا، پاشان باسی حاڵی باوەڕدارە یەکخواپەرستەکان دەکات کە خوایان خۆش دەوێت، بەخۆشەویستییەک کە لەسەرووی خۆشەویستی هاوبەش بڕیاردەرەکانە بۆ هاوبەشەکانی خۆیان، یان لەسەرووی خۆشەویستی خاوەن هاوبەشەکانە بۆ خوا، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی باوەڕداران بۆ خوا پاک و پوختە، بەڵام خۆشەویستی خاوەن هاوبەشەکان بۆ خوا هاوبەشە، پاشان هەڕەشەی لەوانە کرد کە هاوبەشیان بۆی بڕیارداوە بەوەی ئەگەر ئەوەی کە لە ڕۆژی دواییدا دەیبینن و ئەو کارە ترسناکەی کە بەسەریان دێت و ئەو سزا تووندەی کە لەسەر شیرکەکەیان تووشیان دەبێت، هەروەها توانا و دەسەڵاتی خوا جگە لە هاوبەشەکەیان، ئەگەر ئەو شتانەیان بزانیبا، ئەوا کۆتاییان بەو گومڕاییە دەهێنا کە تێیدان، بەڵام وێنای ئەو شتانەیان نەکرد و باوەڕیان پێی نەهێنا.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە یەکێکە لەو دەقانەی کە ڕوونکەرەوە و ڕاڤەکەری تەوحید و شایەتی دانی (لا إله إلا الله)یە؛ چونکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک هاووێنەیەک دابنێت، لەگەڵ خوا خۆشی بووێت وەکوو خۆشەویستی خوا، ئەوا هاوبەشی بڕیار داوە، کەواتە زانرا کە واتای تەوحید؛

بەتاکدانانی پەروەردگارە بەو خۆشەویستییەی کە وا دەخوازێت پەرستن و ملکەچی تەنها بۆ خوا بێت.

ئەو سوودانەی کە لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- یەکێک لە واتاکانی تەوحید و شایەتی دان بە (لا إله إلا الله) بریتییە لە بەتاکدانانی خوا بە خۆشەویستیەک، کە داخوازییە بۆ ملکەچی.

٢- هاوبەش بڕیاردەرەکان خوایان زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ئەمە نەیهێنانە ناو ئیسلام؛ چونکە ئەوان جگە لە خوایان لەگەڵ خوا کردبووە هاوبەش لەو خۆشەویستییەدا.

٣- بە دڵنیایی هاوبەش بڕیاردان ستەمە.

٤- هەڕەشە بۆ هاوبەش بڕیاردەرەکان لەڕۆژی دواییدا.

* * *

.....

وَفِي الصَّحِيحِ عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَنَّهُ قَالَ: «مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ؛ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ عَزَّوَجَلَّ». [1] وَشَرحُ هَذِهِ التَّرْجَمَةِ: مَا بَعْدَهَا مِنَ الأَبْوَابِ.

هەروەها بە سەحیحی لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هاتووە کە فەرموویەتی: "هەر کەسێک بڵێت (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) و بێباوەڕیش بێت بەوەی جگە لە خوا دەپەرستێت، ئەوا سەروەت و سامان و خوێنی قەدەغە و پارێزراو دەبێت، لێپرسینەوەشی تەنها لەلای خوای گەورەیە".

ڕاڤە و لێکدانەوەی ناونیشانی ئەو بەشە: لەو بەشانەی دیکە دایە کەوا دێن.

ڕاڤەکردن

في الصحيح: واتە: سەحیحی موسلیم.

حرم ماله ودمه: واتە: ڕێگری دەکرێت لە بردنی ماڵەکەی و کوشتنی بەگوێرەی ئەوەی کە لێی دەرکەوتووە.

وحسابه على الله: واتە: خوای گەورە خۆی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسە دەکات کە ئەو وشەیەی دەربڕیوە، بۆیە بەگوێرەی مەبەست و بیروباوەڕەکەی پاداشتی دەداتەوە.

الترجمة: تەرجەمەی کتێب و تەرجەمەی بەش، دەستپێک و سەرەتاکەیەتی. بەڵام لێرەدا مەبەستی بە تەرجەمە ئەو وتەیەیەتی: (باب تفسير التوحيد وشهادة أن لا إله إلا الله).

---

[1] - أخرجه مسلم برقم (٢٣)، وأحمد في المسند (٤٧٢/٣).

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا ڕوونی دەکاتەوە کە کوشتنی مرۆڤ و بردنی ماڵەکەی، تەنها بە دوو شت قەدەغە دەبێت:

یەکەم: گوتنی (لا إله إلا الله).

دووەم: بێباوەڕبوون بەوەی دەپەرستریێت لە جگە لە خوا. ئینجا ئەگەر ئەو دوو شتانە بوونیان هەبوو، ئەوە لە ڕووکەشدا واجیبە دەستی لێ هەڵبگیرێت و ناخیشی دەدرێتە دەست خوا، جا ئەگەر لە دڵیدا ڕاستگۆ بوو، پاداشتی بە بەهەشتی پڕ لە نازونیعمەت دەداتەوە، ئەگەر مونافیقیش بوو، سزایەکی بە ئێشی دەدات، بەڵام لە دونیادا بەگوێرەی ڕووکەش حوکم دەدرێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە لە گەورەترینی ئەو شتانەیە کە واتای (لا إله إلا الله) ڕوون دەکاتەوە: کە بریتییە لە بێباوەڕبوون بەوەی جگە لە خوا دەپەرستریێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- واتای (لا إله إلا الله) بریتییە لە: بێباوەڕبوون بەوەی دەپەرستریێت جگە لە خوا، لە بتەکان و گۆڕەکان و جگە لەمانەش.

٢- بە تەنها دەربڕینی (لا إله إلا الله) لەگەڵ بێباوەڕ نەبوون بەوەی دەپەرستریێت جگە لە خوا، خوێن و ماڵ قەدەغە ناکەن، ئەگەر واتاکەشی بزانێت و کاریشی پێ بکات. مادام لەگەڵ ئەوەدا بێباوەڕ نەبێت بەوەی جگە لە خوا دەپەرستریێت.

٣- هەر کەسێک تەوحید بێنێت و جێبەجێی بکات، لە ڕووکەشیشدا پەیوەست بێت بە یاساکانی ئیسلام، ئەوە واجیبە دەستی لێ هەڵبگیرێت، تاوەکوو پێچەوانەی ئەوەی لێ بەدیار دەکەوێت.

٤- واجیبیەتی دەست هەڵگرتن لە کافر، ئەگەر لە ڕووکەشدا هاتە ناو یاساکانی ئیسلام و جێبەجێی کرد، ئەوە واجیبە دەستی لێ هەڵبگیرێت، تاوەکوو پێچەوانەی ئەمەی لێ بەدیار دەکەوێت[واتە: تا کوفری لێ بەدیار دەکەوێت].

٥- جاری وایە مرۆڤ دەڵێت (لا إله إلا الله)، بەڵام کوفر ناکات بەوەی جگە لە خوا دەپەرستێت.

٦- لە دونیادا حوکمدان بەگوێرەی ڕووکەشە، بەڵام لە دواڕۆژدا بەگوێرەی نیاز و مەبەستە.

٧- حەرامیەتی و پارێزراوی ماڵ و خوێنی موسڵمان، تەنها بە حەق نەبێت.

واتای قسەی دانەر: **"وشرح هذه الترجمة ما بعدها من الأبواب"**: ئەو بەشانەی کە لە دوای ئەو بەشەوە دێن، کە تەوحید و واتای (لا إله إلا الله) ڕوون دەکەنەوە، هەروەها شتانێکی زۆر ڕوون دەکەنەوە لە شیرکی بچووک و گەورە و ئەوەشی سەردەکێشێ بۆ شیرک لە زیادەڕۆیی لە پیاوچاکان و بیدعە، لەو شتانەی کە وازهێنان لێیان واجیبە و بەشێکن لە واتا و ناوەرۆکی (لا إله إلا الله).

* * *

ئەو بەشە گەورەترین و گرینگترین بابەتی تێدایە، کە بریتییە لە لێکدانەوەی تەوحید و ڕاڤەکردنی شایەتومان، ئەمەشی بە چەند شتێکی ئاشکرا ڕوون کردەوە:

یەکێک لەوانە؛ ئایەتەکەی سورەتی ئیسرائە، کە وەڵامدانەوەی هاوبەش بڕیاردەرەکانی تێدایە، ئەوانەی لە پیاوچاکان دەپارێنەوە، کەواتە لەو ئایەتەدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو کارە شیرکی گەورەیە.

یەکێکی تر؛ ئایەتەکەی سورەتی تەوبەیە، کە تێیدا ڕوونی دەکاتەوە ئەهلی کیتاب، زانا و خواپەرستەکانی خۆیان کردبووە پەروەردگار جگە لە (الله)، هەروەها ڕوونی کردەوە کە ئەوان فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێت یەک پەرستراو و خوا بپەرستن، لەگەڵ ئەوەی کە تەفسیری ئایەتەکە ئەوەی کە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بریتییە لە: گوێڕایەڵێکردنی زانایان و خواپەرستەکان لە سەرپێچیدا، نەک پاڕانەوە لێیان.

یەکێکی دیکە؛ قسەکەی پێغەمبەر ئیبڕاهیمە بۆ بێباوەڕەکان: {کاتێ ئیبراهیم بە باوکی و گەلەکەی وت: بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیپەرستن. جگە لەو زاتەی کە دروستی کردووم}. تا کۆتایی ئایەتەکە، لەناو پەرستراوەکاندا تەنها پەروەردگاری خۆی جیا کردەوە، هەروەها خوا باسی کرد کە ئەو بەڕائەت و ئەو دۆستایەتییە، بریتییە لە لێکدانەوەی شایەتیدان بە (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، بۆیە فەرمووی: {ئەو یەکخواپەرستییەی لەناو نەوەکانیدا بەجێ هێشت؛ تا بگەڕێنەوە سەری}.

یەکێکی تر؛ ئایەتەکەی سورەتی بەقەرەیە دەربارەی ئەو بێباوەڕانەی کە خوا دەربارەیان فەرمووی: {ئەوان دەرچوونیان نییە لە ئاگر}. باسیکرد کە ئەوان هاوبەشەکانی خۆیان خۆش دەوێت وەکوو خۆشەویستی خوا، کەواتە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان خوایان زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ئەمە نەیهێنانە ناو ئیسلام؛ ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت، کە هاوبەشەکانی لە خوا زیاتر خۆش

بوێت؟! ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت، تەنها هاوبەشەکانی خۆش بوێت و خوای خۆش نەوێت؟!

یەکێکی تریش؛ قسەکەی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: «مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ؛ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».

ئەمەش یەکێکە لە گەورەترینی ئەو شتانەی کە واتای (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) ڕووون دەکاتەوە؛ چونکە تەنها دەربڕینی ئەو وشەیەی نەکردۆتە پاێزەر بۆ خوێن و ماڵ، بەڵکوو تەنها زانینی واتاکەی لەگەڵ دەربڕینیشی نەکردۆتە پاێزەر بۆ خوێن و ماڵ، بەڵکوو تەنها دانپێدانانیشی نەکردۆتە پاێزەر بۆ خوێن و ماڵ، بەڵکوو تەنها ئەوەندەش بەس نییە کە ئەوان تەنها هاواربکەنە خوای بێ هاوبەش، بەڵکوو خوێن و ماڵیان قەدەغە و پارێزراو نابێت، تاوەکوو لەگەڵ ئەو شتانەشدا کوفرکردن بەوەی دەپەرستێت جگە لە خوا بداتە پاڵی، جا ئەگەر گومانی هەبوو، یان وەستا لە کوفرکردن بەوەی دەپەرستێت جگە لە خوا؛ ئەوا نە ماڵی پارێزراو دەبێت، نە خوێنیشی پارێزراو دەبێت.

ئای لەو بابەتە چەند گەورەیە؟! ئای لەو ڕوونکردنەوەیە چەندە ڕۆشنە؟! ئای لەو بەڵگەیە چەندە دەمکوتکەرە بۆ بەرهەڵستیکار؟!

❁❁❁

بَابُ مِنَ الشِّرْكِ لُبْسُ الْحَلْقَةِ وَالْخَيْطِ وَنَحْوِهِمَا؛ لِرَفْعِ الْبَلَاءِ أَوْ دَفْعِهِ

بەشی بەشێک لە هاوبەش بڕیاردان: لەدەستکردنی بازنە و ئەڵقە و پەت و دەزوو و هاوشێوەکانییەتی؛ بۆ لابردنی بەڵا، یان ڕێگری لێکردنی

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ [الزمر: ٣٨].

فەرمایشتی خوای بڵند: {ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ: هەواڵم پێ بدەن ئەگەر خوای گەورە بیەوێ من تووشی زیانێک بکات، ئایا ئەو خوایانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە دەیانپەرستن، دەتوانن ئەو زەرەر و زیانە لەسەر من لابدەن؟ بێگومان نەخێر، یاخود ئایا ئەگەر خوای گەورە بیەوێ من تووشی ڕەحمەت و نیعمەت و خۆشییەک بکات، ئایا ئەوان دەتوانن بیگرنەوە و بیگێڕنەوە؟ بێگومان نەخێر، ئەی موحەممەد، بڵێ: من لە هەموو کاروبارێکمدا تەنها خوای گەورەم بەسە، پشتبەستوان تەنها پشت بە خوای گەورە دەبەستن و هەموو کاروباریان تەنها بە خوای گەورە دەسپێرن}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە باسی هێندێک شت لەخۆ دەگرێت کە دژ و پێچەوانەی تەوحیدن، ئەویش داواکردنی لادانی زەرەرە، یان گێڕانەوەیەتی لە جگە لە خوا، بۆ ئاگەداربوونێ لەو کارە؛ چونکە تەوحید بە دژەکەیەوە دەناسرێتەوە.

من الشرك: (من) هێندێکییە(تبعيضية): واتە: بەشێکە لە شیرکی گەورە، ئەگەر باوەڕی وابوو کە ئەو شتانە بەخوودی خۆیان سوود دەگەیەنن، یان زیان دەگەیەنن،

یاخود بەشێکە لە شیرکی بچووک، ئەگەر باوەڕی وابوو کە ئەو شتانە هۆکارن بۆ سوود و زیان.

الحلقة: بریتییە لە هەموو شتێکی بازنەیی.

ونحوهما: هەر شتێک کە بپۆشرێت و لەبەر بکرێت، یان هەڵبواسرێت بۆ ئەو مەبەستە.

رفع البلاء: لابردنی دوای دابەزین و ڕوودانی.

ودفعه: قەدەغەکردن و ڕێگری لێکردنی پێش ڕوودانی.

أفرأيتم: هەواڵم پێ بدەن.

ما تدعون: داوای هێنانی چاکە و لابردنی خەراپە و زیانی لێ دەکەن.

من دون الله: جگە لە خوا لە هاوشێوەکان و پەرستراوەکان.

بضر: بە نەخۆشی، یان هەژاری، یاخود بەڵا و موسیبەت، یا ناڕەحەتی.

هل هن كاشفات ضُره: واتە: توانات نییە لەسەر ئەمە.

برحمة: واتە: بە لەشساغی و تەندروستی چاک و خەیر و لادانی بەڵا.

حسبي الله: واتە: خوا بەسمە و بەسیشە بۆ ئەو کەسەی کە پشتی پێ دەبەستێت.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکات، کە پرسیار لە هاوبەش بڕیاردەرەکان بکات پرسیاری نکوولّی لێکردن، دەربارەی ئەو بتانەی کە دەیپەرستن جگە لە خوا، ئایا دەتوانێت سوود و زیان بگەیەنێت؟ هەر دەبێت دان بنێن بە بێتوانایی لەو کارە، جا مادام بابەتەکە ئاوایە، کەواتە پەرستنیان جگە لە خوا، بەتاڵ بوویەوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە بەڵگەی تێدایە لەسەر پووچەڵییەتی هاوبەش بڕیاردان. لەدەستکردنی ئەڵقە و بازنە و پەتیش، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان، زەرەر و زیان لانادات و ڕێگری لێ ناکات.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵییەتی هاوبەش بڕیاردان؛ چونکە هەر شتێک کە جگە لە خوا دەپەرستڕێت، زیان و سوودی بەدەست نییە بۆ ئەو کەسەی دەیپەرستێت.

٢- ئاگەدارکردنەوە لە لەدەستکردنی ئەڵقە و بازن و پەت و جگە لەمانە، بۆ بەدەست هێنانی سوود و لابردنی زیان؛ چونکە هاوبەش بڕیاردانە، لە ڕەگەزی ئەو شتانەیە کە لە بتەکان داوا دەکرێت.

٣- دروستییەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەرەکان، بۆ پووچەڵکردنەوەی هاوبەش بڕیاردان.

٤- واجیبیەتی پشت بەستن بە تەنها بە خوای بەدەسەڵات و گەڕاندنەوەی هەموو کارەکان بۆ لای خوا.

* * *

.....

عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ؛ أَنَّ النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- رَأَى رَجُلًا فِي يَدِهِ حَلْقَةٌ مِنْ صُفْرٍ، فَقَالَ: «مَا هَذِهِ؟»، قَالَ: مِنَ الْوَاهِنَةِ، فَقَالَ: «انْزِعْهَا؛ فَإِنَّهَا لَا تَزِيدُكَ إِلَّا وَهْنًا، فَإِنَّكَ لَوْ مُتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ مَا أَفْلَحْتَ أَبَدًا»[1]. رَوَاهُ أَحْمَدُ بِسَنَدٍ لَا بَأْسَ بِهِ.

لە عیمڕانی کوڕی (حُصَيْن)ـەوە، دەڵێت: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پیاوێکی بینی کە ئەڵقەیەکی مسی زەردی لە دەست بوو، فەرمووی: "ئەوە چییە؟"، گوتی: بۆ چارەسەری لاوازی و ئازار لە دەستم کردووە، فەرمووی: "دایکەنە و فڕێیدە، چونکە ئەوە جگە لە لاوازی و بێهێزی هیچی دیکەت بۆ زیاد ناکات، هەروەها ئەگەر بمریت و ئەوەشت پێوە بێت، هەرگیز سەرفراز نابیت".

ڕاڤەکردن

عمران: عیمڕانی کوڕی (حُصَيْن)ـی کوڕی عوبەیدی کوڕی خەلەفی خوزاعییە، هاوەڵی کوڕی هاوەڵە، ساڵی خەیبەر موسڵمان بووە و ساڵی (٥٢)ـی کۆچی لە بەسرە وەفاتی کردووە.

ما هذه؟: پرسیارکردنی نکووڵی کردنە.

الواهنة: جۆرێکە لە نەخۆشی تووشی دەست دەبێت.

انزعها: فڕێیدە، (النزع): ڕاکێشانی بەهێزە.

وهناً: لاوازی.

---

[1] - أخرجه أحمد في المسند "٤/٤٤٥"، وابن حبان كما في الموارد برقم "١٤١٠، ١٤١١"، وابن ماجه برقم "٣٥٣١"، والحاكم في المستدرك "٤/٢١٦"، وصححه ووافقه الذهبي.

ما أفلحت: (الفلاح) بریتییە لە: بردنەوە و سەرکەوتن و بەختەوەری.

واتایەکی پوخت بۆ فەرموودەکە: عیمڕانی کوڕی (حُصَيْن) -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکانی پێغەمبەری خوامان -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ دەکات، لە ڕووبەڕووبوونەوەی شیرک و ڕزگارکردنی خەڵکی لێی، هەڵوێستەکەش ئەوەیە: پیاوێکی بینیوە ئەڵقەیەکی لەدەست کردووە، کە لە مسی زەرد دروستکرابوو، ئەویش پرسیاری لێ کرد دەربارەی هۆکاری لەدەست کردنەکە؟ پیاوەکەش وەڵامی دایەوە کە لەبەر ئەوە پۆشیویەتی؛ تاوەکوو بیپارێزێت لە ئازار، ئەویش فەرمانی پێ کرد کە پەلە بکات لە فڕێدانی، هەواڵیشی پێدا کە سوودی پێ ناگەیەنێت، بەڵکوو زەرەری پێ دەگەیەنێت، هەروەها دەردەکەشی زیاتر دەکات کە لە پێناویدا لەدەستی کردووە، لەوەش گەورەتر؛ ئەگەر لەسەر ئەو کارە بەردەوام بێت، تاوەکوو وەفات دەکات، بێبەش دەبێت لە سەرفرازی و بەختەوەری لە دواڕۆژدا.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر قەدەغەکردن و ڕێگەگرتن لەو کەسەی کە ئەڵقەیەکی لەدەست کردووە، بۆ لادانی بەڵا و موسیبەت؛ چونکە ئەو کارە بەشێکە لە هاوبەشِ بڕیاردان کە پێچەوانەی سەرفرازی و بەختەوەرییە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- لەدەست کردنی ئەڵقە و جگە لەویش، بۆ خۆپاراستن پێی لە نەخۆشییەکان، بەشێکە لە هاوبەشِ بڕیاردان.

٢- قەدەغەکردنی چارەسەرکردن بە حەرام.

٣- ئینکاری کردنی خەراپە و فێرکردنی نەزان.

٤- زەرەر و زیانی هاوبەشِ بڕیاردان، لە دونیا و دواڕۆژدا.

٥- داواکردنی ڕوونکردنەوە لەلایەن موفتی و ڕەچاوکردنی مەبەستەکان.

٦- هاوبەش بڕیاردانی بچووک، لە گوناهی گەورە گەورەترە.

٧- هاوبەش بڕیاردان، بیانووی بە نەزانی تێدا قەبوولّ نییە.[1]

٨- تووندی نواندن لە ئینکاریکردن لەسەر ئەو کەسەی کەوا کارێکی شیرکی ئەنجامداوە؛ لەپێناو دوورخستنەوەی لەو کارە.

* * *

[1] - **تێبینی:** ئەو قسەیە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرینەی زانایانە، لە وەرگێڕانی کتێبی (ڕاڤەی کەشفی شوبوهات)دا، پاشکۆیەکمان تایبەتکردووە بەو بابەتە و لەوێ باسی (عوزر بە جەهل)مانکردووە. وەرگێڕ.

.....

وَلَهُ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ مَرْفُوعًا: «مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلَا أَتَمَّ اللهُ لَهُ، وَمَنْ تَعَلَّقَ وَدَعَةً فَلَا وَدَعَ اللهُ لَهُ»[1]. وَفِي رِوَايَةٍ: «مَنْ تَعَلَّق تَمِيمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ».[2]

هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە عوقبەی کوڕی عامیر گێڕاویەتییەوە بە مەرفووعی[واتە: پێغەمبەر فەرموویەتی]: "هەر کەسێک مووڕوویەک هەڵبواسێت و دڵی پەوەست بکات پێیەوە، دەک خوا مەبەستەکەی بۆ نەهێنێتە دی و کارەکانی بۆ تەواو نەکات، هەر کەسێکیش گوێچکە ماسییەک هەڵبواسێت، دەک خوا نەیخاتە ناو هێمنی و ئارامییەوە". لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەفەرموێ: "هەر کەسێک مووڕوویەک هەڵبواسێت، ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە".

ڕاڤەکردن

عقبة بن عامر: عوقبەی کوڕی عامری جوهەنییە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، شەرعزانێکی گەورە و بەڕێز بوو، سێ ساڵان لە سەردەمی موعاوییە، ئەمیری میسڕ بوو، لە تەمەنی نزیک شەست ساڵی وەفاتی کرد.

وله: واتە: بە هەمان شێوە پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتییەوە.

تعلَّق تميمة: واتە: لەسەر خۆی، یان جگە لە خۆی هەڵبواسێت و بیروبڕواشی پێی هەبێت. (التميمة)ش بریتییە لە: مووڕو کە عەرەبەکان بە منداڵەکانی خۆیان هەڵدەواسی و بەهۆیەوە خۆیان لە چاوزار دەپاراست.

فلا أتم الله له: ئەمە دوعا لێکردنیەتی بەوەی خوا کارەکانی بۆ تەواو ناکات.

---

[1] - أخرجه أحمد في المسند "١٥٤/٤"، وابن حبان كما في الموارد برقم "١٤١٣"، والحاكم في المستدرك "٤١٧/٤".

[2] - أخرجها أحمد في مسنده "١٥٦/٤"، والحاكم "٤١٧/٤".

ودعة: (الودعة): شتێکە لە دەریادا دەردەهێنرێت و بە سەدەف[هێلکە شەیتانۆکە، هێلکە ماسی] دەچێت، خۆیان پێی لە چاوزار دەپاراست.

فلا ودَع الله له: واتە: دەک خوا نەیخاتە ناو ئارامی و هێمنییەوە. یان دەک خوا ئەو شتەی لەسەر سووک نەکات کە لێی دەترسێت.

وفي رواية: واتە: هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە فەرموودەیەکی دیکەدا گێڕاویەتییەوە.

واتایەکی کورت و پوخت بۆ هەردوو فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دوعای لەو کەسە کردووە کە موروو بەکار بهێنێت و باوەڕیشی وابێت کە زەرەری لێ دوور دەخاتەوە، بەوەی خوا مەبەستەکەی بۆ پێچەوانە بکاتەوە و کارەکانی بۆ تەواو نەکات، هەروەکوو چۆن پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دوعا لەو کەسە دەکات کە هێلکە شەیتانۆکە بە مەبەستی دوورخستنەوەی زیان بەکار دێنێت، بەوەی خوا لەناو حەوانەوە و ئارامیدا وازی لێ نەهێنێت، بەڵکوو هەموو شتێکی ئازار بەخش لە دژی بخاتە کار -ئەمەش دوعایەکە، مەبەست پێی ئاگەدار کردنەوەیە لەو کارە-. هەروەها پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە فەرموودەی دووەمدا هەواڵ دەدات کە ئەو کارە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا.

پەیوەندی دوو فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: دوو فەرموودەکە بەڵگەی حەرامیەتی هەڵواسینی موروو و گوێچکە ماسی تێدایە، هەروەها بە شیرکیشی دادەنێت؛ چونکە کەسەکە دڵی خۆی پەیوەست دەکات پێیەوە و پشتیش بە جگە لە خوا دەبەستێت.

ئەو سوودانەی لەو دوو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- هەڵواسینی موروو و گوێچکە ماسی، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

٢- هەر کەسێک پشت بە جگە لە خوا ببەستێت، خوای گەورە بەپێچەوانەی مەبەستەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات.

٣- دوعاکردن لەو کەسەی کە موروو و گوێچکە ماسی هەڵدەواسێت، بەوەی مەبەستەکەی لە دەست بدات و نیازەکەی بۆ پێچەوانە بکاتەوە.***

.....

وَلِابْنِ أَبِي حَاتِمٍ عَنْ حُذَيْفَةَ؛ أَنَّهُ رَأَى رَجُلًا فِي يَدِهِ خَيْطٌ مِنَ الْحُمَّى، فَقَطَعَهُ، وَتَلَا قَوْلَهُ: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ [يوسف: ١٠٦].

هەروەها ئیبن حاتیم لە حوزەیفەوە دەگێڕێتەوە، کە پیاوێکی بینیوە دەزوویەکی لە دەست بووە، لەبەر نەخۆشی تا، ئەویش پچڕاندوویەتی و ئەو ئایەتەشی بۆ خوێندۆتەوە: {زۆربەی خەڵک ئیمان بە خوای گەورە ناهێنن، ئیللا لەگەڵ ئیمانەکەیاندا شەریک بۆ خوای گەورە دادەنێن (باوەڕیان وایە کە خوای گەورە دروستکار و ڕۆزیدەرە، بەڵام هاوار لە غەیری خوا دەکەن و هانا بۆ غەیری خوا دەبەن و پشت بە غەیری خوا دەبەستن)}.

ڕاڤەکردن

ولابن أبي حاتم: واتە: ئیبن ئەبی حاتیم -خاوەنی کتێبی (الجرح والتعديل)- گێڕاویەتییەوە.

عن حذيفة: کوڕی یەمانی عُەبەسیی هاوپەیمانی ئەنساڕە، هاوەڵێکی پایەدارە لە پێشکەوتووە یەکەمەکانە، ساڵی (٣٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

من الحُمَّى: واتە: بۆ پارێزگاری لە نەخۆشی تا، بەگومانی خۆی تاوەکوو تووشی نەبێت.

وتلا: واتە: ئەو ئایەتەی خوێندەوە و کردیە بەڵگە لەسەر نکووڵی کردنی ئەوەی کە بینی.

واتای ئەسەرەکە بە کورتی: حوزەیفەی کوڕی یەمان -ڕەزای خوای لێبێت- پیاوێکی بینی دەزوویەک، یان پەتێکی لە قۆڵی بەستبوو، بەهۆیەوە خۆی لە نەخۆشی

تا دەپاراست، ئەویش پەتەکەی لێ لابرد؛ وەکوو نکوولّی کردنێک لەو کردەوەیەی کابرا، ئەو ئایەتەشی کردە بەڵگە کە خوا تێیدا هەواڵ دەدات هاوبەش بڕیاردەرەکان، داننان بە تەوحیدی ڕوبووبییەت و شیرک لە پەرستن کۆدەکەنەوە.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە لەدەست کردنی پەت و دەزوو، بۆ لادانی نەخۆشی بە شیرک دادەنێت، کە پێویستە نکوولّی لێ بکرێت.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- نکوولّیکردنی لەدەستکردنی دەزوو بۆ لادانی بەڵا و موسیبەت، یان گێڕانەوەی، هەروەها ئەو کارە شیرکە.

٢- واجیبیەتی لابردنی خەراپە و تاوان بۆ کەسێک کە توانای لابردنی هەبێت.

٣- ڕاستی و دروستییەتی بەڵگەهێنانەوە بەو ئایەتەی کە بۆ شیرکی گەورە دابەزیوە لەسەر شیرکی بچووک، چونکە ئەویش دەگرێتەوە.

٤- هاوبەش بڕیاردەرەکان دان بە تەوحیدی ڕوبووبییەت دەنێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر موشریکن؛ چونکە پەرستن تەنها بۆ خوا ئەنجام نادەن.

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: توندی نواندن لەئاست لەدەستکردنی ئەڵقە و دەزوو و هاوشێوەکانیان، بۆ لادانی بەڵا و زەرەر.

دووەم: ئەگەر هاوەڵەکە بمردایە و ئەو ئەڵقەیەی لەدەست بوایە، سەرفراز نەدەبوو؛ کەواتە ئەمە بەڵگەی تێدایە بۆ قسەی ئەو هاوەڵەی کە گوتوویەتی: شیرکی بچووک لە گوناهی گەورە، گەورەترە.

سێیەم: بیانووی بە نەزانی لێ قەبوڵ نەکرد.[1]

چوارەم: ئەڵقە و دەزوو لە دونیادا سوودی نییە، بەڵکوو زەرەریشی هەیە؛ لەبەر ئەو وتەیەی: "جگە لە بێهێزی و لاوازی هیچی دیکەت بۆ زیاد ناکات".

پێنجەم: ئینکاریکردن بە تۆندی، لەسەر ئەو کەسەی کە ئەو کارەی کردووە.

شەشەم: دەربڕین و ڕاگەیاندنی ئەوەی، کە هەر کەسێک شتێک هەڵبواسێت، ئەوا دەدرێتە دەست ئەو شتە.

حەفتەم: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هەر کەسێک مووویەک هەڵبواسێت، ئەوە بێگومان هاوبەشی بڕیار داوە.

هەشتەم: هەڵواسین و لەدەستکردنی دەزوو بۆ نەخۆشی تا، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

نۆیەم: خوێندنەوەی ئایەتەکە لەلایەن حوزەیفەوە: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵان ئەو ئایەتانەی دەربارەی شیرکی گەورە هاتبوون، دەیانکردە بەڵگە لەسەر شیرکی بچووک؛ هەروەکوو ئیبن عەببباس لە ئایەتەکەی سورەتی بەقەرە باسی کرد.

دەیەم: هەڵواسینی گوێچکە ماسی، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

یازدەیەم: دوعاکردن لەسەر ئەو کەسەی کە مووویەک هەڵبواسێت، بەوەی خوا کارەکانی بۆ تەواو نەکات، هەرکەسێکیش گوێچکە ماسییەک هەڵبواسێت، خوا هێمنی و ئارامی بۆ نەهێڵێت.

---

[1] - **تێبینی:** شێخ ئیبن عوسەیمین لە (القول المفید)دا دەفەرموێ: "ئەم قسەیە تێڕوانینی تێدایە؛ چونکە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کە پێی فەرموو: "ئەگەر بمریت و ئەوەشت پێوەبێت، هەرگیز سەرفراز نابیت". ڕووکەشەکەی دیارە، واتە: دوای ئەوەی کە زانیت و فەرمانت پێکرا بە فڕێدانی".

بَابُ مَا جَاءَ فِي الرُّقَى وَالتَّمَائِمِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ڕوقیە و نووشتە و موروومکان

فِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي بَشِيرٍ الأَنْصَارِيِّ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّهُ كَانَ مَعَ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فِي بعضِ أسفارِهِ، فَأَرْسَلَ رَسُولًا: «أَنْ لَا يَبْقَيَنَّ فِي رَقَبَةِ بَعِيرٍ قِلَادَةٌ مِنْ وَتَرٍ أَوْ قِلَادَةٌ إِلَّا قُطِعَتْ».[1]

لە فەرموودەی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە ئەبوو بەشیری ئەنساریيەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە لە یەکێک لە گەشتەکانیدا لەگەڵ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بووە، نێردراوێکی ناردووە [بۆ ئەوەی لەناو خەڵکیدا ڕایبگەیەنێت]: "لە گەردەنی هیچ وشترێکدا ملوانکەی لە پەتی کەوان دروستکراو، یان هەر ملوانکەیەک نەمێنێت، ئیللا دەبێت بپچڕێنرێت و لێ بکرێتەوە".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە بەردەوامبوونە لە باسی ئەو شتانەی کە خەڵک لە بیروباوەڕی یەکخواپەرستی دروست دەکەن، لە نووشتە و موروو شیرکییەکان.

ما جاء في الرقى والتمائم: واتە: ئەوەی هاتووە لە قەدەغەکردنی ئەو شتانەی کە دروست نیین، لە نووشتە و موروو.

في الصحيح: واتە: لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٣٠٠٥"، ومسلم برقم "٢١١٥"، وأبو داود برقم "٢٥٥٢".

عن أبي بشير: ئەو هاوەڵەیە کە بەشداری جەنگی خەندەقی کرد و دوای تەمەنی شەست ساڵی وەفاتی کرد.

قلادةٌ: ئەوەی کە بە گەردەنی وشتر و جگە لە وشتر هەڵدەواسرێت[ملوانکە].

وترٍ: تاکە، کۆیەکەی (أوتار)ـە، واتە: کەوان[پەتی کەوانی کۆن].

أو قلادةٌ: ئەمە گومانێکە لەلایەن ڕاوییەکەوە، ئایا ملوانکەکە لە پەتی کەوانە، یان گشتییە لە کەوان و جگە لە کەوانیش دەگرێتەوە.

واتایەکی پوخت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە یەکێک لە گەشتەکانیدا کەسێکی ناردووە کە لەناو خەڵکیدا جاڕبدات و بڵاوی بکاتەوە، ئەو ملوانکانەی کە بە گەردەنی وشتر هەڵواسراوە و مەبەست پێی دوورخستنەوەی چاوزار و بەڵا و نەخۆشییە، لابردرێن و لێبکرێنەوە، چونکە ئەو کارە بەشێکە لەو شیرکەی کەوا لابردنی پێویستە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەڵواسینی ملوانکەی لە پەتە کۆنی کەوان و هاوشێوەکانی، بۆ لادانی بەڵا و نەخۆشی، حەرام و شیرکە؛ چونکە بەشێکە لە هەڵواسینی تەمیمە و مورووی قەدەغەکراو.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودیە وەردەگیرێن:

١- هەڵواسینی ملوانکە بۆ لادانی بەڵا و نەخۆشی، حوکمی تەمیمەی قەدەغەکراوی هەیە.

٢- لابردنی خەراپە و تاوان.

٣- ئەو شتانەی کە بیروباوەڕی خەڵکی دەپارێزێت، پێویستە بە خەڵکی بگەیەنرێت.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ: «إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ».[1] رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُدَ.

ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەیفەرموو: "بە دڵنیایی نووشتە و مووو و نووشتەی چەوروشیرینی، شیرکن".

ڕاڤەکردن

لەمەودوا دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ڕاڤەی ئەو وشانە دەکات.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵ دەدات کە بەکارهێنانی ئەو شتانە بە مەبەستی لابردنی خەراپە و زیان و بەدەستهێنانی چاکە و بەرژەوەندی لەلای جگە لە خوا، هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا؛ چونکە لابردنی زیان و بەدەستهێنانی چاکە، تەنها بەدەست خوای گەورەیە، ئەو هەواڵ دانەش واتای قەدەغەکردنی ئەو وشەیە دەگەیەنێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە بەکارهێنانی ئەو شتانەی باسکران، شیرکن و خەڵەل لە تەوحیددا دروست دەکەن.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- هاندان لەسەر پاراستنی عەقیدە لەو شتانەی کە کەڵێنی تێدا دروست دەکەن، ئەگەرچی زۆربەی خەڵکیش ئەنجامی بدەن.

٢- حەرامکردنی ئەو شتانەی کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە.

٣- ئەو سێ شتەی کە باسکراوە، شیرکن بەبێ جیاکردنەوە.

* * *

[1] - أخرجه أحمد "٣٨١/١"، وأبو داود برقم "٣٨٨٣"، وابن ماجه برقم "٣٥٣٠"، والحاكم في المستدرك "٤١٨/٤"، وصححه ووافقه الذهبي.

.....

التَّمَائِمُ: شَيْءٌ يُعَلَّقُ عَلَى الأَوْلاَدِ عَنِ الْعَيْنِ؛ لَكِنْ إِذَا كَانَ الْمُعَلَّقُ مِنَ الْقُرْآنِ فَرَخَّصَ فِيهِ بَعْضُ السَّلَفِ، وَبَعْضُهُمْ لَمْ يُرَخِّصْ فِيهِ، وَيَجْعَلْهُ مِنَ الْمَنْهِيِّ عَنْهُ؛ مِنْهُمُ ابْنُ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-.

وَالرُّقَى[1]: هِيَ الَّتِي تُسَمَّى الْعَزَائِمَ، وَخَصَّ مِنْهُ الدَّلِيلُ مَا خَلَا مِنَ الشِّرْكِ، فَقَدْ رَخَّصَ فِيهِ رَسُولُ الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- مِنَ الْعَيْنِ وَالْحُمَةِ.[2]

وَالتِّوَلَةُ: شَيْءٌ يَصْنَعُونَهُ يَزْعُمُونَ أَنَّهُ يُحَبِّبُ الْمَرْأَةَ إِلَى زَوْجِهَا، وَالرَّجُلَ إِلَى امْرَأَتِهِ.

نووشتە: شتێکە بەسەر منداڵدا هەڵدەواسرێت بۆ چاوەزار، بەڵام ئەگەر هاتوو هەڵواسراوەکە لە قورئان بوو، ئەوە هێندێک لە سەلەف ڕێگەیان پێیداوە، هێندێکیشیان ڕێگەیان پێی نەداوە و لە جۆری قەدەغەکراوەکەی دادەنێن، یەکێک لەوانە ئیبن مەسعوودە -ڕەزای خوای لێبێت-.

ڕوقیە خوێندن: ئەوەیە کە پێی دەگوترێت عەزائیم، بەڵگە ئەو جۆرەیانی تایبەتکردووە کە خاڵی بێت لە شیرک، بێگومان پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ڕێگەی داوە ڕوقیە بۆ چاوەزار و پێوەدان بخوێندرێت.

نووشتەی چەوروشیرینی: شتێکە دروستی دەکەن، واش گومان دەبەن کە ئافرەت لەلای پیاوەکەی خۆشەویست دەکات، پیاویش لەلای ژنەکەی خۆشەویست دەکات.

ڕاڤەکردن

يعلق على الأولاد: واتە: بە گەردەنی منداڵدا هەڵدەواسرێت.

من العين: واتە: بۆ لابردن و دوورخستنەوەی تووشبوون بە چاو.

---

[1] - پێشتر واتاکەی ڕوونکرایەوە لە بەشی "من حقق التوحيد دخل الجنة بغير حساب".

[2] - پێشتر واتاکەی ڕوونکرایەوە لە بەشی "من حقق التوحيد دخل الجنة بغير حساب".

العزائم: کۆی (عزيمة)ـە، گوتراوە بریتییە لە چەند ئایەتێک لە قورئاندا، بەسەر ئەوانەدا دەخوێنرێتەوە کە خاوەنی دەرد و نەخۆشین، یان بەسەر ئاودا دەخوێنرێتەوە و دەدرێت بە نەخۆش. یاخود لە قاپ و هاوشێوەی قاپ دەنووسرێتەوە، ئینجا نووسینەکە بە ئاو و هاوشێوەی ئاو ڕەش دەکرێتەوە و دەدرێت بە نەخۆش.

الدليل: بریتییە لە قسەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: "لا رُقيةَ إلا مِنَ عَيْنٍ أو حُمَةٍ". هەروەکوو پێشتر لە "باب من حقق التوحيد" باسکرا.

ما خلا من الشرك: واتا: خاڵی بێت لە داواکردنی یارمەتی لە جگە لە خوا، بەوەی ڕوقیەکە بە ناو و سیفاتەکان و ئایەتەکانی خوا بێت، هەروەها ئەوەشی لە پێغەمبەر- صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ەوە گێڕدراوەتەوە.

ئەنجامی ئەوەی کە دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسیکرد، دەربارەی حوکمی ئەو شتانەی کە باسکران، بەم شێوازەیە:

١- ڕوقیە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: بەشێکی دروستە و شەرعییە، بەشێکیشی قەدەغەکراوە: شەرعییەکە ئەوەیە خاڵی بێت لە شیرک، قەدەغەکراویش ئەوەیە شیرکی تێدا بێت.

٢- نووشتە(التمائم)یش، دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: بەشێکیان قەدەغەکراوە بە کۆدەنگی زانایان: ئەویش ئەوەیە کە شیرکی تێدا بێت، بەشێکیشی زانایان تێیدا جیاوازن، ئەویشیان ئەو جۆرەیە کە بە قورئان بێت. گوتراوە: دروستە، گوتراویشە: قەدەغەکراوە، بۆچوونی دروست ئەوەیە کە قەدەغەکراوە؛ لەبەر ڕێگەگرتن لە نووشتەی خەراپ و پاراستنی قورئان.

٣- نووشتەی چەوروشیرینی(التولة) قەدەغەکراوە بەبێ جیاوازی، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر.

* * *

.....

وَعَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُكَيْمٍ مَرْفُوعًا: «مَنْ تَعَلَّقَ شَيْئًا وُكِلَ إِلَيْهِ». رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ.[1]

عەبدوللای کوڕی عوکەیم بە مەرفووعی دەگێڕێتەوە[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، فەرموویەتی]: "هەر کەسێک شتێک هەڵبواسێت و دڵی پێیەوە پەیوەست بکات، ئەوە دەسپێردرێت بەو شتە".

ڕاڤەکردن

عبد الله بن عُكيم: کونیەکەی ئەبوو مەعبەدی جوهەنی کوفییە، گەیشتووەتە سەردەمی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەڵام نەزاندراوە کە گوێی لە پێغەمبەر بووبێت.

مرفوعاً: واتە: بەرزکراوەتەوە بۆ لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

من تعلق شيئاً: واتە: دڵی بەلای شتێکدا ئاوڕی داوەتەوە کە باوەڕی وایە سوودی پێ دەگەیەنێت، یان بەڵای لێ دوور دەخاتەوە.

وُكِل إليه: واتە: خوا وازی لێ دەهێنێت و دەیسپێرێت بەو شتە و دەیداتە دەست ئەو شتەی کە خۆی پێوە پەیوەست کردووە، جگە لە خوا.

واتای کورتی فەرموودەکە: ئەم فەرموودەیە، وشەکانی کورتن، بەڵام سوودەکەی گەورەیە، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- تێیدا هەواڵ دەدات کە هەر کەسێک بەدڵی، یان بە کردەوەی، یان بە هەردووکیان ئاوڕبداتەوە بەلای شتێک، ئومێدی سوودی پێی هەبێت، یان ئومێدی لابردنی زیانی پێی هەبێت، ئەوا خوا وازی لێ دەهێنێت و دەیسپێرێت بەو شتەی کە خۆی پێوە پەیوەست کردووە، بۆیە هەر کەسێک

[1] - أخرجه أحمد في المسند "٤/٢١١"، والترمذي برقم "٢٠٧٣".

پەیوەست بێت بە خوا، ئەوە خوا بەسیەتی و هەموو کارێکی قورسیشی بۆ ئاسان دەکات، هەر کەسێکیش پەیوەست بێت بە جگە لە خوا، ئەوا خوا دەستی لێ هەڵدەگرێت و دەیسپێرێت بەو شتە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە قەدەغەکردن و ئاگەدارکردنەوەی تێدایە لە پابەند بوون بە جگە لە خوا؛ بۆ بە دەستهێنانی سوودەکان و لادانی زیانەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی پەیوەست بوون بە جگە لە خوا.

٢- واجیبیەتی پەیوەست بوون بە خوا لە هەموو کارەکاندا.

٣- ڕوونکرنەوەی زیانی هاوبەش بڕیاردان و خەراپی سەرەنجامەکەی.

٤- پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکەیە.

٥- سەرەنجامی کردەوە دەگەڕێتەوە بۆ بکەرەکە، جا باش بێت یان خەراپ.

* * *

.....

وَرَوَى الإِمَامُ أَحْمَدُ عَنْ رُوَيْفِعٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «يَا رُوَيْفِعُ، لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ، فَأَخْبِرِ النَّاسَ أَنَّ مَنْ عَقَدَ لِحْيَتَهُ، أَوْ تَقَلَّدَ وَتَرًا، أَوِ اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أَوْ عَظْمٍ، فَإِنَّ مُحَمَّدًا بَرِيءٌ مِنْهُ».[1]

پێشەوا ئەحمەد لە ڕوەیفیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- پێی فەرموومر: "ئەی ڕوەیفیع، لەوەیە تۆ تەمەنت درێژ بێت، بۆیە هەواڵ بە خەڵکی بدە کە هەر کەسێک ڕیشی گرێ بدات، یان پەتی کەوان هەڵبواسێت، یاخود بە پاشەڕۆی ئاژەڵ یا بە ئێسک خۆی پاک بکاتەوە، ئەوە موحەممەد لێی بەریيە".

ڕاڤەکردن

رُوَيفِع: ڕوەیفیعی کوڕی سابتی کوڕی سەکەنی کوڕی عەدی کوڕی حاریسە، لە نەوەی مالیکی کوڕی نەججاڕی ئەنساڕییە، فەرمانڕەوایی ڕەقەقە و تەڕابلووسی گرتۆتە دەست، هەروەها لە ساڵی (٤٧) ئیفریقییەی ئازاد کردووە، لە ساڵی (٥٦)ـی کۆچی لە ڕەقەقە وەفاتی کردووە.

عقد لحيته: گوتراوە: واتاکەی ئەوەیە کە لە جەنگدا دەیانکرد لە لوولکردن و گرێدانی ڕیش بۆ خۆبەگەورە زانین. گوتراویشە: واتاکەی: چاککردنی مووی پرچە؛ تاوەکوو ئاڵۆز و پێچ پێچ دەبێت، لەسەر شێوەی ژنانە و نازەوە. هەروەها گوتراوە: مەبەست پێی گرێدان و کۆکردنەوەیەتی لەناو نوێژدا.

تقلد وتراً: بیکات بە ملوانکەیەک لە گەردەنی خۆی، یان لە گەردەنی ئاژەڵەکەی، لەپێناو خۆپاراستن لە چاوزار.

---

[1] - أخرجه أحمد "٤/١٠٨، ١٠٩"، وأبو داود برقم "٣٦".

استنجی: واتە: پیسایی لایبات لە کۆم.

برجیع دابة: (الرجیع): ڕیخ. بۆیەش پێی گوتراوە (رجیع)؛ چونکە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی یەکەمینی، دوای ئەوەی کە ئالیک بوو.

بريءٌ منه: ئەمە هەڕەشەیەکی تووندە، دەرحەق بەو کەسەی کە ئەو کارە بکات.

واتایەکی کورت و پوخت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی داوە کە ئەو هاوەڵە تەمەنی درێژ دەبێت، تاوەکوو بە خەڵکانێک دەگات کە سەرپێچی ڕێبازی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکەن لە ڕیشدا، ئەویش ئەوەیە کە ڕیشیان دەهێڵنەوە، بەڵام لە جیاتی ڕێزگرتنی گاڵتەی پێ دەکەن، بەشێوەیەک لەبابەتی ڕیشدا خۆیان بە جگە لە عەرەب دەشوبهێنن، یان خۆیان بە خەڵکی ژیان خۆش و پڕ نازونیعمەت و نەرمونیان دەچوێنن. یاخود کەموکوڕی لە بیروباوەڕی تەوحیددا دروست دەکەن بە بەکارهێنانی ئامرازی شیرکی، بۆیە ملوانکە لە ملی خۆیان دەکەن، یان لە گەردەنی ئاژەڵەکانیان دەکەن، بە گومانی خۆیان بەهۆیەوە شتی مەترسیدار لادەدەن و دووری دەخەنەوە. یاخود ئەو شتانە ئەنجام دەدەن کە پێغەمبەرەکەیان قەدەغەی کردووە لە خۆپاککردنەوە بە پاشەڕۆی ئاژەڵ و ئێسک. بۆیە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئامۆژگاری هاوەڵەکەی دەکات، کە بە ئوممەت ڕابگەیەنێت کە پێغەمبەرەکەی بەرییە لەو کەسەی شتێک لەو کارانە ئەنجام بدات.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە قەدەغەکردنی هەڵواسینی پەتی کەوانی تێدایە، بۆ لادانی شتە مەترسیدارەکان، هەروەها ئەو کارە شیرکە؛ چونکە تەنها خوا توانای هەیە کە زیان لابدات.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی؛ چونکە (ڕوەیفیع) تەمەنی درێژ بوو تا ساڵی (٥٦)ـی کۆچی.

٢- واجیبیەتی هەواڵدان بە خەڵکی، بەو شتانەی کە فەرمانیان پێ کراوە و قەدەغەکراون لێی، لەو شتانەی کە پێویستە بیکەن، یان وازی لێ بێنن.

٣- دروستیەتی ڕێزگرتن لە ڕیش و حەرامیەتی گاڵتە پێکردنی بە تاشینی، یا کورتکرنەوەی، یان گرێ دانی، یاخود لوولکردنی، یا جگە لەمانە.

٤- حەرامیەتی لە مل کردنی ملوانکە بۆ لادانی مەترسی، هەروەها ئەمە شیرکە.

٥- حەرامیەتی خۆپاککردنەوە بە پاشەڕۆی ئاژەڵ و ئێسک.

٦- ئەو تاوانانەی کە باسکران، بەشێکن لە گوناهە گەورەکان.

* * *

.....

وَعَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: «مَنْ قَطَعَ تَمِيمَةً مِنْ إِنْسَانٍ كَانَ كَعِدْلِ رَقَبَةٍ». رَوَاهُ وَكِيعٌ. وَلَهُ عَنْ إِبْرَاهِيمَ: «كَانُوا يَكْرَهُونَ التَّمَائِمَ كُلَّهَا؛ مِنَ الْقُرْآنِ وَغَيْرِ الْقُرْآنِ».

سەعیدی کوڕی جوبەیر فەرموویەتی: "هەر کەسێک نووشتەیەک لە مرۆڤێک بکاتەوە، وەکوو ئەوە وایە کە کۆیلەیەکی ئازاد کردبێت". بەهەمان شێوە وەکیع گێڕاویەتییەوە لە ئیبڕاهیمی نەخەعی، کە فەرموویەتی: "قوتابییەکانی ئیبن مەسعوود هەموو جۆرە نووشتەیەکییان پێ ناپەسەند بووە، لە قورئان و جگە لە قورئانیش".

ڕاڤەکردن

وکیع: وەکیعی کوڕی جەڕڕاحە، کەسێکی متمانەیە و پێشەوایە، خاوەنی چەند کتێبێکە، ساڵی (١٩٧)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

إبراهیم: پێشەوا ئیبڕاهیمی نەخەعی، متمانەیە و لە گەورە شەرعزانەکانە، ساڵی (٩٦)ـی کۆچی وەفاتی کرد.

کعدل رقبة: واتە: پاداشتی وەکوو ئەو کەسە وایە کە بەندەیەکی ئازاد کردبێت.

وله: واتە: بەهەمان شێوە وەکیع گێڕاویەتییەوە.

وکانوا: واتە: قوتابییەکانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، کە لە گەورە تابیعییەکانن.

واتای دوو ئەسەرەکە بە کورتی: هەواڵ دانە بەوەی کە هەر کەسێک ئەو شتانە لە مرۆڤ بکاتەوە و بییچڕێنێت کە بەخۆی هەڵدەواسێت بۆ لادانی بەڵا و نەخۆشی، ئەوا پاداشتی وەکوو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە کۆیلەیەکی ئازاد کردبێت؛ چونکە ئەو مرۆڤە بە هەڵواسینی نووشتە بووە بە بەندەی شەیتان، جا ئەگەر لەو کەسەی کردەوە، ئەوا بەندایەتی شەیتانی لێ لابردووە. هەروەها ئیبڕاهیمی نەخەعی لە هێندێک لە

گەورە تابیعییەکان دەگێڕێتەوە کە هەڵواسینی نووشتەیان بەگشتی پێ قەدەغەکراو بووە، ئەگەرچی ئەو شتەی کە تێیدا نووسراوە تەنها قورئانیش بێت، ئەمەش بۆ ڕێگە گرتن لە نووشتەی خەراپ و سووکایەتی کردن بە قورئان.

پەیوەندی دوو ئەسەرەکە بۆ ئەو بەشە ئاشکرایە: چونکە دوو ئەسەرەکە گێڕانەوەی قەدەغەکردنی هەڵواسینی نووشتەی تێدایە بەڕەهایی، لەو گەورە تابیعییانە.

ئەو سوودانەی کە لەو دوو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- فەزڵ و گەورەیی پچڕاندن و لێکردنەوەی نووشتە؛ چونکە ئەو کارە لابردنی خەراپەیە و ڕزگارکردنی خەڵکییە لە هاوبەشی بڕیاردان.

٢- حەرامکردنی هەڵواسینی نووشتە بە ڕەهایی، ئەگەرچی لە قورئانیش بێت، ئەمەش لەلای کۆمەڵێک لە تابیعییەکان.

٣- سووربوونی سەلەف لەسەر پاراستنی بیروباوەڕ لە خوڕافیات و شتی پڕوپووچ.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ڕوقیە و نووشتەی چاوەزار.

دووەم: ڕاڤە و شیکردنەوەی نووشتەی چەوروشیرینی.

سێیەم: ئەو سیانە؛ هەرسێکیان بەشێکن لە هاوبەشی بڕیاردان، بەبێ جیاکردنەوە.

چوارەم: ڕوقیە خوێندن بە قسەی حەق و ڕاست، بۆ چاوزار و پێوەدان، شیرک و قەدەغەکراو نییە.

پێنجەم: نووشتە ئەگەر لە قورئان بێت؛ ئەوا زانایان جیاوازن تێیدا؛ ئایا قەدەغەکراوە یان نا؟

شەشەم: بێگومان هەڵواسینی پەتی کەوان بەسەر ئاژەڵ؛ لەبەر چاوزار: بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

حەفتەم: هەڕەشەی تووند لەسەر ئەو کەسەی کە پەتی کەوان هەڵدەواسێت.

هەشتەم: فەزڵ و گەورەیی پاداشتی ئەو کەسەی، کە نووشتەیەک لە مرۆڤێک بکاتەوە و بیپچڕێنێت.

نۆیەم: بێگومان قسەکەی ئیبڕاهیم، پێچەوانەی ئەو جیاوازییەی نێوان زانایان نییە کە پێشتر باسکرا؛ چونکە مەبەستی قوتابییەکانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودە.

❁❁❁

بَابُ مَنْ تَبَرَّكَ بِشَجَرَةٍ أَوْ حَجَرٍ وَنَحْوِهِمَا

بەشی هەر کەسێک تەبەڕووک بە داربێک، یان بەردێک و هاوشێوەکانی بکات، ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى ۞ وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى ۞ أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَى ۞ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى ۞ إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى﴾ [النجم: ١٩-٢٣].

خوای گەورە فەرموویەتی: {هەواڵمە پێ بدەن دەربارەی لات و عوززا؟ هەروەها (مَنَاة)یشیان هەبووە کە سێیەمە بتیان بووە. ئایا ئێوە خۆتان کوڕ بۆ خۆتان بڕیار دەدەن و کچتان بێ زیندەبەچاڵی دەکەن، بەڵامە کچ دەدەنە پاڵ خوای گەورە و دەڵێن: مەلائیکەت کچی خوایە؟ بەڕاستی ئەمە دابەشکردنێکی نادادپەروەرانە و ستەمکارانەیە. ئەمە ناوانە وەکوو (لات و عوززا و مەنات و هوبەل) و ئەوانە هیچ نییە، تەنها کۆمەڵێک ناوە کە خۆتان و باوک و باپیرانتان ناوتان لەو بتانە ناوە، کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردۆتە خوارەوە کە ئەمانە خوا بن، بەڵکوو ئێوە تەنها شوێنی گومان دەکەون و ئەوەشی کە هەواوئارەزوو و نەفستان ئارەزووی بکات، لە کاتێکدا کە بە دڵنیایی لەلایەن خوای گەورەوە ڕێنماییتان بۆ هاتووە کە قورئانە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە بەردەوامبوونە لە باسی ئەو کردەوە شیرکییانەی کە پێچەوانەی یەکخواپەرستین، یان پێچەوانەی تەواویەتی یەکخواپەرستین.

تبرك: تەبەڕووک(التبرُّك): داواکردنی فەڕداری و پیرۆزیی و هیوا پێ بوون و باوەڕ پێ بوونە.

ونحوهما: ئەوەی بەو دووانە دەچێت، جا شوێن بێت، یا ئەشکەوت بێت، یان گۆڕێک بێت، یاخود کۆڕێک بێت، یا شوێنەوارێک بێت.

أفرأيتم: هەواڵم پێ بدەن دەربارەی ئەو بتانە، ئایا سوود و زیان دەگەیەنێت؟

اللات: بەبێ شەددەی تائەکە و بە شەددەشەوە خوێندراوەتەوە، جا بەگوێرەی خوێندنەوەی یەکەمیان بریتییە لە: تاشە بەردێکی سپی، کە نەخشین و هەڵکۆڵرا بوو، خانووێکییان لەسەر دروستکردبوو لە تائیف، بەگوێرەی خوێندنەوەی دووەمیشیان: ناوی (ئیسمی فاعیلە) لە (لتَّ)ـەوە وەرگیراوە، ناوە بۆ پیاوێک کە خواردنی لە گەنم و جۆ دروست دەکرد بۆ حاجییەکان[1]، جا کاتێک کە مرد لەسەر گۆڕەکەی دەمانەوە.

العُزَّى: درەختێک بوو بەناوی (سمر)، خانوویان لە دەوری دروستکردووە، پەردەی هەبووە، لەنێوانی مەککە و تائیف بووە.

مَنَاة: بتێک بوو لە ناوچەی (مشلل) لەنێوانی مەککە و مەدینەدا.

الثالثة الأخرى: لۆمەکردنیەتی بە دواکەوتن. واتە: دواکەوتووی سووک و بێڕێز.

ألكم الذكر: ئەوەی پێتان خۆشە بۆ خۆتانی دادەنێن، کە بریتییە لە نێر(کوڕ).

وله الأنثى: مێ بۆ خوا دادەنێن، بەشێوەیەک دەڵێن: فریشتەکان کچی خوان.

ضِيزى: ستەم و ناڕەوا.

---

[1] - أخرجه البخاري عن ابن عباس برقم "٤٨٥٩".

أسماء: تەنها ناولێنانە.

سمَّیتموها: لەلایەن خۆتانەوە ناوتان لێناوە.

من سلطان: لە بەڵگە سەلماندن لەسەر پەرستراویەتیان.

إن یتبعون: شوێنی ناکەون. واتە: هیچ بەڵگەیەکیان نییە.

إلا الظن: واتە: گومانی باشیان بە باوک و باپیریان.

وما تهوی الأنفس: بەش و ئارەزوویان بۆ سەرکردایەتی.

الهدی: ناردنی پێغەمبەران بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و حەقی ڕوون.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکان: خوای بەرز و بڵند بەڵگە لەسەر هاوبەش بڕیاردەرەکان دێنێتەوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات لە پەرستنیان بۆ شتانێک کە مەعقوول نیین لەو سێ بتانە، کە چ سوودێکیان پێ گەیاندوون؟ هەروەها سەرزەنشتییان دەکات لەسەر ستەمکردنیان لە دابەشکردن، بەشێوەیەک خۆیان بە پاک ڕاگرت لە مێ(کچ)، بەڵام بۆ خوایان بڕیاردا. پاشان داوای بەڵگەیان لێ دەکات لەسەر ڕاستییەتی پەرستنی ئەو بتانە، ڕوونیشی دەکاتەوە کە گومان و ئارەزووی نەفس نابنە بەڵگە لەسەر ئەو بابەت و مەبەستە. بەڵکوو بەڵگە لەو بابەتەدا ئەوەیە کە پێغەمبەران هێناویانە لە بەڵگە ئاشکرا و یەکلاییکەرەوەکان، لەسەر واجیبیەتی پەرستنی خوا بەتەنها و وازهێنان لە پەرستنی بتەکان.

پەیوەندی ئایەتەکان بەو بەشەوە: ئایەتەکان حەرامکردنی تەبەڕووککردنیان تێدایە بە دار و بەردەکان، هەروەها بە شیرک دانانی؛ چونکە ئەوانەی ئەو بتە باسکراوانە دەپەرستن، بیروباوەڕیان وابوو کە بەرەکەت لەوانەوە بەدەست دێت، ئەمەش بەهۆی بەگەورە دانانیان و پاڕانەوە لێیان. کەواتە تەبەڕووککردن بە گۆڕەکان، وەکوو تەبەڕووککردن بە (لات) وایە. تەبەڕووککردن بە دار و بەردەکان، وەکوو تەبەڕووککردن بە عوززا و مەنات وایە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتانە وەردەگیرێن:

١- تەبەڕووککردن بە دار و بەردەکان، هاوبەش بڕیاردانە.

٢- دروستیەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەرەکان، بۆ پووچەڵکردنەوەی شیرک و جێگیرکردنی تەوحید.

٣- بڕیاردان بەسەر شتێک، جێگیر نابێت ئیللا بە بەڵگەیەک لەوەی خوا دایبەزاندووە، نەک بەتەنها بە گومان و ئارەزووی نەفس.

٤- بێگومان خوا ئیقامە حوججەی کردووە، بە ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان.

* * *

.....

عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- إِلَى حُنَيْنٍ، وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ، وَلِلْمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا، وَيَنُوطُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ، يُقَالُ لَهَا (ذَاتُ أَنْوَاطٍ)، فَمَرَرْنَا بِسِدْرَةٍ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ؛ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «اللهُ أَكْبَرُ، إِنَّهَا السُّنَنُ، قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لِمُوسَى: ﴿اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ [الأعراف: ١٣٨]، لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ».[1] رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَصَحَّحَهُ.

ئەبوو واقیدی لەیسی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەرچووین بۆ غەزای حونەین، ئێمەش تازە موسڵمان ببووین و لەسەردەمی کوفر نزیک بووین، هاوبەش بڕیاردەرەکان دار سیدرەیەکیان هەبوو لەلای دەمانەوە و چەکەکانیان پێدا هەڵدەواسی [بۆ موتفەرک]، پێی دەوترا (شوێنی پێدا هەڵواسراوەکە)، جا ئێمەش بەلای دارەکەدا تێپەڕین و گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا، تۆش دارێکمان بۆ دابنێ، بۆ ئەوەی چەکەکانمانی پێدا هەڵبواسین، هەروەکوو ئەوان دارێکیان هەیە، پێغەمبەری خواش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمووی: "اللهُ أَكْبَرُ! ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، ڕێگەی کەسانی پێش خۆتانە، سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە! قسەیەکتان کرد، وەکوو قسەی نەوەی ئیسرائیلە، کە بە موسایان گوت: {تۆش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ، هەروەکوو چۆن ئەو گەلە پەرستراویان هەیە، موسایش

[1] - أخرجه الترمذي برقم "٢١٨١"، وأحمد في المسند "٢١٨/٥"، وقال الترمذي: حديث حسن صحيح.

فەرمووی: بەڕاستی ئێوە گەلێکی زۆر نەزان و نەفامن}. سوێند بە خوا! ئێوە شوێن ڕێباز و بەرنامەی کەسانی پێش خۆتان دەکەون".

ڕاڤەکردن

أبو واقد الليثيّ: حارسی کوڕی عەوفە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، ساڵی (٦٨)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، تەمەنی (٨٥) ساڵ بووە.

حُنَيْن: دۆڵێکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی مەککە، نێوانی ئەو دۆڵە و مەککە کەمتر لە بیست میلە، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- تێیدا لەگەڵ هۆزی هەوازن جەنگا.

حُدَثاءُ عهدٍ بكُفْرٍ: سەردەممان لە کوفر نزیک بوو[تازە موسڵمان بووبووین].

يعكِفون: لەلای دەمانەوە و بە گەورەیان دەزانی و تەبەڕووکیان پێوە دەکرد.

ينوطون أسلحتهم: چەکەکانیان بەسەردا هەڵدەواسی؛ بۆ پیرۆزی و فەڕداری.

أنواط: کۆی (نَوْط)ـە: چاوگە، پێداهەڵواسراوەکەی پێ ناونراوە، بۆیەش بەو ناوەوە ناونراوە؛ لەبەر زۆری ئەو چەکانەی کە پێیدا هەڵدەواسرێت؛ بۆ تەبەڕووک.

اجعل لنا ذات أنواط: داوایان کرد کە دارێکی وەکوو ئەویان بۆ دابنێت.

الله أكبر: گەورەتر و مەزنترە، شێوە(صيغة)ـی سەرسوڕمانە.

السُّنن: بە زەممی سینەکە: ڕێگەیە، واتە: ئێوە ڕێگەی زەمکراوتان گرتە بەر، هەروەکوو ئەوانەی پێش ئێوەش گرتیبانە بەر.

إسرائيل: یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمی خەلیلە -عليهم الصلاة والسلام-.

سُنن من كان قبلكم: بە زەممی سینەکە: بریتییە لە ڕێگەکانیان، بە فەتحەی سینەکەش دروستە، بە واتای ڕێگەکەیان دێت.

واتای کورتی فەرموودەکە: ئەبوو واقیدی لەیسی هەواڵ دەدات دەربارەی ڕوداوێک کە سەرسوڕمانی و ئامۆژگاری تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لەگەڵ

پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- جەنگی هۆزی (هەوازین)یان کردووە، تازەش هاتبوونە ناو ئیسلام، بۆیە کاری شیرک لێیان شاراوە بوو. کاتێک دیتیان هاوبەش بڕیاردەرەکان تەبەڕووک بە دارێکەوە دەکەن، داوایان لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کرد، کە دارێکی وەکوو ئەوەی ئەوانیان بۆ دابنێت. بۆیە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- (الله أكبر)ـی کرد؛ وەکوو نکوولێکردنێک و بەگەورە دانانێک بۆ خوا و سەرسوڕمانێک لەو قسەیە. هەروەها هەواڵیشی دا کە ئەو قسەیە، وەکوو قسەکەی گەلی موسایە، کاتێک بنیییان کەسانێک بت دەپەرستن، پێیان گوت: ﴿اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾. ئەوەی ئێوەش ڕۆیشتنە لەسەر ڕێگەی ئەوان. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی دا، کە ئەو ئوممەتە شوێن ڕێگەی جوولەکە و نەسرانییەکان دەکەون و بەرنامە و ڕێبازی ئەوان دەگرنە بەر و کردەوەی ئەوان ئەنجام دەدەن، ئەو هەواڵەش واتاکەی سەرزەنشتکردن و ئاگەدارکردنەوەیە لەو کردەوەیە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە تەبەڕووککردن بە دارەکان و جگە لەوانیش، هاوبەش بڕیاردان و کردنە پەرستراوە لەگەڵ خوا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیەدا وەردەگیرێن:

١- تەبەڕووککردن بە دار و بەردەکان و جگە لەمانەش، هاوبەش بڕیاردانە.

٢- ئەو کەسەی واز لە نەریتێکی ناڕەوا دێنێت کە پێشتر لەسەری لێ ڕاهاتبوو، دڵنیایی نییە کە لە دڵیدا پاشماوەی ئەو نەریتە نەمابێتەوە[واتە: لەوەیە ڕۆژێک بگەڕێتەوە سەری].

٣- هۆکاری پەرستنی بتەکان، بریتییە لە: بەگەورە زانینیان و مانەوە لەلایان و تەبەڕووک پێ کردنیان.

٤- جاری وایە مرۆڤ شتێک بە چاک دەزانێت، واش گومان دەبات کە نزیکی دەکاتەوە لە خوا، بەڵام لەڕاستیدا دووری دەخاتەوە لە خوا.

٥- شتێکی چاکە بۆ موسڵمان کە (سبحان الله) و (أللە أکبر) بکات، ئەگەر گوێی لە شتێک بوو کە نابێت لە دیبندا بگوترێت، هەروەها لەکاتی سەرسوڕمانیش.
٦- هەواڵ دان دەربارەی ڕوودانی هاوبەش بڕیاردان لەناو ئەو ئوممەتە، بێگومان ڕووشی دا و هاتەجێ.
٧- نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر ئەوەی هاوبەش بڕیاردان لەناو ئەو ئوممەتەدا ڕوویدا، هەروەکوو چۆن پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی دابوو.
٨- قەدەغەکردنی خۆچواندن بە خەڵکی سەردەمی نەزانین و جوولەکە و گاورەکان، ئیللا ئەوەی بەڵگەی لەسەر بێت کە بەشێکە لە ئایینی ئێمە.
٩- لە حوکمداندا بایەخ بە واتاکانە نەک ناوەکان، چونکە پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- داواکارییەکەی ئەوانی وەکوو داواکاری نەوەی ئیسرائیل دانا و ئاوڕیشی لەوە نەدایەوە کە ناویان لێنا (شوێنی پێدا هەڵواسراوەکە).

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (اَلنَّجْم).

دووەم: شارەزابوون و ناسینی وێنەی ئەو کارەی کە داوایان کرد.

سێیەم: هاوەڵان کارەکەیان نەکرد[تەنها دوایان کرد].

چوارەم: مەبەستیان بەو کارە نزیکبوونەوە بوو لە خوا؛ لەبەر ئەوەی گومانیان وابوو کە خوا پێی خۆشە.

پێنجەم: ئەگەر هاوەڵان حوکمی ئەو شتەیان نەزانیبێت، ئەوە جگە لەوان لەپێشترن بە نەزانین.

شەشەم: بێگومان هاوەڵان چاکە و بەڵێنی لێخۆشبوونی وایان هەیە، کە جگە لەوان نییانە.

حەفتەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بیانووی لێ قەبوڵ نەکردن و بیانووی بۆ نەهێنانەوە؛ بەڵکوو وەڵامی دانەوە بەوەی فەرمووی: «اللهُ أَكْبَرُ! إِنَّهَا اَلسُّنَنُ! لَتَتَّبِعُنَّ سُنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ»؛ کارەکەی لەسەریان تووند کرد بەو سێ شتە.

هەشتەم: کارە گەورەکە -ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە- ئەویش ئەوەیە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هەواڵی داوە کە داواکارییەکەی ئەوان، وەکوو داواکاری نەوەی ئیسرائیلە، کاتێک بە موسایان گوت: ﴿اجْعَل لَّنَا إِلَـهًا﴾.

نۆیەم: نکوولێکردن و بەرپەرچدانەوەی داواکارییەکە و باوەڕبوون بە تەبەڕووککردن بە دار و بەرد، بەشێکە لە واتای (لَا إِلَهَ إِلَّا اَللهُ)، لەگەڵ وردیی و شاراوەییەکەی لەلای هاوەڵان.

دەیەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، سوێندی خوارد لەسەر فەتوادان، سوێندیش ناخوات تەنها بۆ بەرژەوەندییەک نەبێت.

یازدەیەم: بە دڵنیایی هاوبەش بڕیاردان گەورە و بچووکی هەیە؛ لەبەر ئەوەی هاوەڵان بەو کارە لە دیین هەڵنەگەڕانەوە.

دوازدەیەم: قسەکەی ئەوان: «وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ»؛ ئەوەی لێ وەردەگیرێت، کە جگە لەوان[هاوەڵەکانی دیکە] نەزان نین بە حوکمی ئەو کارە و ئەو داواکارییە.

سێزدەیەم: گوتنی (أَلله أكبر) لەکاتی سەرسوڕمان، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی بە مەکڕووهی دەزانێت.

چواردەیەم: داخستنی ڕێگە و هۆکاری بەرەو خەراپە چوون.

پازدەیەم: ڕێگریکردن لە خۆچواندن بە خەڵکی سەردەمی نەزانین[پێشی پێغەمبەرایەتی].

شازدەیەم: تووڕەبوون لەکاتی فێرکردندا.

حەڤدەیەم: ڕێسا و بنچینەیەکی گشتی[واتە: هەر شتێک لە سوننەتی بێباوەڕەکان بێت، ئەوا زەمکراوە]؛ لەبەر ئەوەی فەرمووی: "بەڕاستی ئەوە ڕێبازی خەڵکانی پێش ئێوەیە و ئێوە شوێن کەسانی پێش خۆتان دەکەون".

هەژدەیەم: بە دڵنیایی ئەمە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی؛ چونکە چۆن هەواڵی دابوو، ئاوا هاتەجێ و ڕوویدا.

نۆزدەیەم: هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە لە قورئاندا سەرزەنشتی جوولەکە و گاورەکانی پێ کردووە؛ بۆ ئێمەشە[واتە: ئەگەر وەکوو ئەوان بکەین].

بیستەم: لەلای هاوەڵان شتێکی جێگیر بووە، کە پەرستشەکان بنیادنراون لەسەر فەرمانکردن[واتە: بەبێ فەرمانی خوا و پێغەمبەر، نابێت پەرستش بکرێت]، کەواتە ئاگەدارکردنەوەی تێدایە لەسەر پرسیارەکانی ناو گۆڕ: هەرچی پرسیاری: (کێ پەروەردگارتە؟) ئەوە ڕوونە، بەڵام (کێ پێغەمبەرتە؟)؛ ئەوە لە هەواڵ دانیەوە بە هەواڵە پەنهانەکان[دەزانین کە پێغەمبەرە]، بەڵام (ئایینت چییە؟) ئەوە لەو قسەیەیانەوە وەردەگیرێت: {پەرستراوێکمان بۆ دابنێ} تا کۆتایی ئایەتەکە.

بیست و یەکەم: ڕێباز و بەرنامەی ئەهلی کیتاب سەرزەنشت کراوە، وەکوو ڕێبازی هاوبەش بڕیاردەرەکان.

بیست و دووەم: ئەو کەسەی واز لە نەریتێکی ناڕەوا دێنێت، کە پێشتر دڵی دەقی پێوەگرتبوو، دڵنیایی نییە کە لە دڵیدا پاشماوەی ئەو نەریتە نەمابێتەوە؛ لەبەر ئەوەی گوتیان: "ئێمە لەسەردەمی کوفر نزیکین و تازە لە کوفر ڕزگارمان بووە".

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي الذَّبْحِ لِغَيْرِ اللهِ

بەشی ئەو هەڕەشەیەی کە هاتووە دەربارەی سەربڕین بۆ جگە لە خوا

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۞ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ [الأنعام: ١٦٢-١٦٣].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ: نوێژکردن و ئاژەڵ سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ (الله)یە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، چۆن نوێژکردن بۆ غەیری خوا شەریک دانانە، ئاژەڵ سەربڕینیش بۆ غەیری خوا و ناوی غەیری خوای لەسەر بێنی ئەویش هەر شەریک دانانە، بۆیە خوای گەورە بەیەکەوە هێناویەتییەوە، تەنها بۆ خوا ئەژیم و لە پێناو خوای گەورەشدا ئەمرم. لەم شتانە خوای گەورە شەریکی نییە، چۆن لە نوێژدا شەریکی نییە هەر دەبێ بۆ ئەو بیکەی لەسەربڕینیشدا شەریکی نییە و دەبێت ئاژەڵ هەر بۆ ئەو سەربڕی، بەم شتانە من فەرمانم پێکراوە لەلایەن خوای گەورەوە، من یەکەم موسڵمانم لە ئوممەتەکەی خۆم}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئەو بەشە ڕوونکردنەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردانی تێدایە، کە دژی یەکخواپەرستییە.

ما جاء في الذبح لغير الله: واتە: ئەوەی کە هاتووە لە هەڕەشە و ڕوونکردنەوەی حوکمەکەی.

نُسُكي: ئاژەڵ سەربڕینم.

محياي: ئەوەی ئەنجامی دەدەم لە ژیانم.

مماتي: ئەوەی لەسەری دەمرم لە ئیمان و کردەوەی چاکە.

وبذلك أُمرت: واتە: پەروەردگارم فەرمانی پێ کردووم بە دڵسۆزی لە پەرستندا.

أول المسلمين: واتە: یەکەم کەسم لەو ئوممەتە گوێڕایەڵ دەبم و خۆم بە دەستەوە دەدەم.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە بەو هاوبەش بڕیاردەرانە بڵێت، کە جگە لە خوا دەپەرستن و ئاژەڵ بۆ جگە لەو سەردەبڕن: من نوێژ و سەربڕینم تەنها بۆ خوایە، هەروەها ئەوەی کە لەسەری دەڕیم و ئەوەشی کە لە سەری دەمرم لە ئیمان و کردەوەی چاکە، هەموو ئەوانە بەتاکوتەنها بۆ خوا ئەنجام دەدەم، هیچ یەکێک ناکەمە هاوبەشی، پێچەوانەی ئەوەی کە ئێوە لەسەرینە لە هاوبەش بڕیاردان بۆی.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا هاوبەش بڕیاردانە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا، شیرکی گەورەیە؛ چونکە خوا لکاندوویەتی بە نوێژەوە، کەواتە هەروەکوو چۆن ئەو کەسەی نوێژ بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدات، هاوبەشی بڕیار داوە، بەهەمان شێوەش ئەوەی ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا سەربڕێت، هاوبەشی بڕیار داوە.

٢- بێگومان نوێژکردن و ئاژەڵ سەربڕین، لە گەورەترینی پەرستشەکانن.

٣- واجیبیەتی ئیخڵاس و دڵسۆزی بۆ خوا لە هەموو پەرستشەکاندا.

٤- پەرستشەکان تەوفیقین -واتە: واستاون لەسەر فەرمانی خوا و پێغەمبەر-؛ لەبەر ئەو وتەیەی: ﴿وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ﴾. * * *

.....

وَقَوْلُهُ: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [الكوثر: ٢].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەی موحەممەد، کە ئەو خێرە زۆرەمان پێ بەخشیویت و ئەو چاکە زۆرەمان لەگەڵدا کردوویت لە دونیا و قیامەتدا، تۆش نوێژەکانت بەتاکوتەنها بۆ خوای گەورە بکە و ئاژەڵ سەربڕینیشت بە تەنها بۆ خوای گەورە بێ و بە تەنها ناوی خوای گەورەی لەسەر بێنە، لەبەر ئەوەی هاوبەشی بڕیاردەرەکان ئاژەڵیان بۆ غەیری خوای گەورە سەردەبڕی}.

ڕاڤەکردن

فصلِّ لربك: واتە: بۆ پەروەردگارت نەک بۆ جگە لەو.

وانحر: سەربڕە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکات کە نوێژ و ئاژەڵ سەربڕینی تەنها و بە دڵسۆزی بۆ خوا بێت، وەکوو سەرپێچیکردن و پێچەوانەکردنێک بۆ ئەو هاوبەشی بڕیاردەرانەی جگە لە خوا دەپەرستن و ئاژەڵ بۆ بتەکان سەردەبڕن.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: بێگومان ئاژەڵ سەربڕین پەرستشە و پێویستە بە تەنها بۆ خوا ئەنجام بدرێت، ئەنجامدانیشی بۆ جگە لە خوا، شیرکی گەورەیە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە؛ چونکە سەربڕین پەرستشە، ئەنجامدانی پەرستشیش بۆ جگە لە خوا، شیرکی گەورەیە.

٢- نوێژکردن و ئاژەڵ سەربڕین، لە گەورەترینی پەرستشەکانن.

٣- نوێژکردن و ئاژەڵ سەربڕین بۆ خوا، لە گەورەترینی دیاردەکانی سوپاسکردنی نیعمەتەکانە، چونکە خوای گەورە (فاء)ـی هێناوە، کە بەڵگەیە لەسەر هۆکار؛ چونکە ئەنجامدانی نوێژ و ئاژەڵ سەربڕین، هۆکاری هەستانە بە سوپاسکردنی ئەو زاتەی کە (الکوثر)ـی پێ بەخشیوە. * * *

.....

عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: حَدَّثَنِي رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: «لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ، لَعَنَ اللهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ، لَعَنَ اللهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا، لَعَنَ اللهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الأَرْضِ».[1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیبەوە گێڕدراوەتەوە کە دەفەرموویێ: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- چوار وشەی بۆ باسکردم: "نەفرەتی خوا لەو کەسە بێت کە ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا سەردەبڕێت، نەفرەتی خوا لەو کەسە بێت کە نەفرەت لە دایک و باوکی دەکات، نەفرەتی خوا لەو کەسە بێت کە دالدەی تاوانبارێک، یان بیدعەچییەک دەدات، نەفرەتی خوا لەو کەسەی کە پەرێز و سنووری زەوی دەگۆڕێت".

ڕاڤەکردن

لعنَ الله: لەعنەتکردن لەلایەن خواوە: دەرکردن و دوورخستنەوەیە، لەلایەن دروستکراوەکانیش قسە پێ گوتن و دوعا لێ کردنە.

ذبح لغير الله: بۆ بتەکان و وەلی و پیاوچاکەکان، یان جنۆکە، یاخود جگە لەوانە.

لعن والديه: مەبەست پێیان دایک و باوکییەتی هەرچەندە بەرزبینەوە[وەکوو داپیر و باپیر]، جا یەکسانە ڕاستەوخۆ نەفرەتیان لێ بکات، یان ببێتە هۆکاری نەفرەت لێ کردنیان بەوەی نەفرەت لە دایک و باوکی کەسێک بکات، ئەویش وەکوو خۆی وەڵامی بداتەوە و نەفرەت لە دایک و باوکی ئەو بکات.

آوى: واتە: بیگرێتەخۆ و بیپارێزێت.

[1] - أخرجه مسلم برقم "١٩٧٨".

محدثاً: بە کەسرەی دالەکە: تاوانبارە، بە فەتحەکەشی بریتییە لە داهێنەر لە ئایین[بیدعەچی]، دالّدەدانیشی ڕازی بوونە پێی.

غيّر منار الأرض: بریتییە لەو نیشانە و سنوورانەی کە مولّکی تۆ و دراوسێکەت جیا دەکاتەوە، (گۆڕینیشی) بە پێشخستن و دواخستنی دەبێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئوممەتەکەی ئاگەدار دەکاتەوە لە چوار تاوان، هەواڵ دەدات هەر کەسێک یەکێک لەو تاوانانە ئەنجامبدات، ئەوا خوای گەورە لە ڕەحمەتی خۆی دەری دەکات:

یەکەم: خۆ نزیککردنەوە لە غەیری خوا بە ئاژەڵ سەربڕین؛ چونکە ئەنجامدانی پەرستنە بۆ کەسێک کە شایستەی نییە.

دووەم: هەر کەسێک دوعا لە دایک و باوکی بکات بە نەفرەتکردن، یان جوێنیان پێ بدات، یاخود ببێتە هۆکاری ئەو شتانە، بەوەی نەفرەت لە دایک و باوکی کەسێک بکات، یا جوێنیان پێ بدات، ئەو کەسەش بە هاوشێوە وەڵامی بداتەوە.

سێیەم: هەر کەسێک تاوانبارێک بپارێزێت کە شایستەی حەددی شەرعییە، بەڵام ئەو ڕێگر بێت لەوەی حەددەکەی لەسەر جێبەجێ بکرێت، یان ڕازی بێت بە داهێنان(بدعة) لە دیین و دانی پێدا بنێت.

چوارەم: هەر کەسێک دەستکاری نیشانە و توخوبی زەوی بکات کە مافەکان جیا دەکاتەوە، پێشی بخات، یان دوای بخات لە شوێنی خۆی، بەمەش بەشێک لە زەوی غەیری خۆی بۆ خۆی دادەبڕێت بە ستەم.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا، بەتوندی حەرامکراوە، چونکە بکەرەکەی یەکەمین کەسە کە شایستەی نەفرەتی خوایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ئاژەڵ سەربڕین بۆ غەیری خوا حەرامە و بە تۆندی حەرامکراوە، هەروەها هاوبەشی بڕیاردانە و لەسەرەتای تاوانە گەورەکانە.

٢- ئاژەڵ سەربڕین پەرستشە، پێویستە تەنها بۆ خوا ئەنجامبدرێت.

٣- حەرامکردنی نەفرەتکردن لە دایک و باوک و جوێن پێدانیان، جا ڕاستەوخۆ بێت، یان بوونە هۆکار بێت.

٤- حەرامکردنی پشتیوانیکردن و سەرخستنی تاوانبارەکان و پارێزگاری لێ کردنیان، لەوەی حەددی شەرعییان لەسەر جێبەجێ بکرێت، هەروەها حەرامکردنی ڕازی بوون بە بیدعەکان.

٥- حەرامکردنی دەستکاریکردن و گۆڕینی سنوورەکانی زەوی، بە پێشخستن یا دواخستن.

٦- دروستییەتی نەفرەتکردن لە جۆرەکانی تاوانبارەکان؛ لەپێناو ڕێگریکردن لە تاوانەکان.

* * *

.....

وَعَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «دَخَلَ الْجَنَّةَ رَجُلٌ فِي ذُبَابٍ، وَدَخَلَ النَّارَ رَجُلٌ فِي ذُبَابٍ»، قَالُوا: وَكَيْفَ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: «مَرَّ رَجُلَانِ عَلَى قَوْمٍ لَهُمْ صَنَمٌ، لَا يُجَاوِزُهُ أَحَدٌ حَتَّى يُقَرِّبَ لَهُ شَيْئًا، فَقَالُوا لِأَحَدِهِمَا: قَرِّبْ، قَالَ: لَيْسَ عِنْدِي شَيْءٌ أُقَرِّبُ، قَالُوا لَهُ: قَرِّبْ وَلَوْ ذُبَابًا، فَقَرَّبَ ذُبَابًا؛ فَخَلَّوْا سَبِيلَهُ، فَدَخَلَ النَّارَ، وَقَالُوا لِلآخَرِ: قَرِّبْ، فَقَالَ: مَا كُنْتُ لِأُقَرِّبَ لِأَحَدٍ شَيْئًا دُونَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَضَرَبُوا عُنُقَهُ، فَدَخَلَ الْجَنَّةَ».[1] رَوَاهُ أَحْمَدُ.

هەروەها لە تاریقی کوڕی شیهابەوە دەگێڕدرێتەوە، کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "پیاوێک بەهۆی مێشێکەوە چووە بەهەشت، پیاوێکیش بەهۆی مێشێکەوە چووە دۆزەخ" گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، جا ئەوە چۆن بوو؟ فەرمووی: "دوو پیاو بەلای گەلێکدا تێپەڕین کە بتێکیان هەبوو، ڕێگەیان نەدەدا کەوا کەس بەلایدا تێ بپەڕێت، تاوەکوو شتێکی بۆ نەکردبا بە قوربانی، بۆیە بە یەکێکیان گوت: شتێک بکە بە قوربانی، گوتی: هیچ شتێکم لەلا نییە بیکەم بە قوربانی، پێیان گوت: شتێک بکە بە قوربانی ئەگەر مێشێکیش بێت، ئەویش مێشێکی کرد بە قوربانی، ئەوەبوو ڕێگەیان دا کە بڕوات، بۆیە چووە دۆزەخەوە، بە پیاوەکەی دیکەشیان گوتی: شتێک بکە بە قوربانی، گوتی: من هیچ شتێک بۆ جگە لە خوای گەورە ناکەمە قوربانی، ئەوەبوو لە گەردەنیان دا و چووە بەهەشتەوە".

[1] - أخرجه أحمد في كتاب الزهد "ص٢٢"، وأبو نعيم في الحلية "٢٠٣/١"، وابن أبي شيبة في المصنف "٤٧٧/٦ رقم ٣٣٠٢٨"، موقوفاً على سلمان الفارسي -رضي الله عنه-.

ڕاڤەکردن

طارق بن شهاب: تارِقی کوڕی شیهابی بەجەلی ئەحمەسییە، پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی بینیوە، بەڵام گوێی لێ نەبووە. کەواتە فەرموودەکانی لە جۆری (مُرْسَل)ـن، سەحابەیە. لە ساڵی (٨٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

في ذباب: واتە: بەهۆی مێشێکەوە.

صنمٌ: ئەوەی لە سەر شێوە و وێنەیەک داتاشرابێ و دروستکرابێ.

لا يجاوزه: بەلایدا نەدەڕۆیشت و تێنەدەپەڕی.

يقرِّب: شتێکی بۆ سەربڕێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات دەربارەی ترسناکی هاوبەش بڕیاردان و ناشیرینییەکەی، بۆیە هاوەڵەکانی هاندەدات و فەرموودەکەشی بە سەرەتایەک دەست پێ دەکات، کە وا لە دەروونەکان دەکات سەرسام بێت و چاوەڕێی گفتوگۆی نێو فەرموودەکە بکات: "پیاوێک چووە بەهەشتەوە بەهۆی مێشێکەوە، پیاوێکیش چووە دۆزەخەوە بەهۆی مێشێکەوە". شتێکی کەم بووە هۆی کارێکی ترسناک، وای پێویست کرد کە پرسیار دەربارەی وردەکارییەکەی بکرێت، ئینجا لێرەدا درێژەی پێ دەدات و دەفەرموێت: ئەو دوو پیاوە -وا دەردەکەوێت کە لە نەوەی ئیسرائیل بن- ویستیان بە شوێنێکدا تێبپەڕن کە لە گۆڕەپانەکەیدا بتێک هەبوو، هەر کەسێک بیویستبا کە بەوێدا تێبپەڕێت، لەسەری فەرزبوو کە شتێک سەربڕێت بۆ خۆنزیککردنەوە لێی و بەگەورە دانانی، بۆیە ئەوانەی ئەو بتەیان دەپەرست، داوایان لەو دوو پیاوە کرد کە لەسەر ئەو دەستوورە شیرکییە بڕۆن، جا یەکێکیان بیانووی هێنایەوە بەوەی کە نایکات، بەڵام ئەوان ڕازیبان کرد بە کەمترین شت، چونکە مەبەستیان بەدەستهێنانی سازان و ڕازیبوون بوو لەسەر هاوبەش بڕیاردان، ئیتر ئەوەبوو مێشێکی کردە قوربانی بۆ بتەکە و وازیان لێ هێنا کە

بڕوات، بەهۆی ئەو کارەیەوە چووە دۆزەخ؛ چونکە شیرکێکی ئەنجام دا و لەسەر شیرک لەگەڵیان بوو، داواشیان لەوەی دیکە کرد کە شتێک سەربڕێت بۆ بتەکە، بەڵام ئەو بیانووی هێنایەوە بەوەی کە ئەو کارە شیرکە و ناتوانێت بیکات، بۆیە کوشتییان، بەهۆی ئەوەشەوە چووە بەهەشت؛ چونکە شیرکی ئەنجام نەدا.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاژەڵ سەربڕین پەرستشە و ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا هاوبەش بڕیاردانە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی ترسناکی هاوبەش بڕیاردان، ئەگەر لە شتێکی کەمیش بێت.

٢- بە دڵنیایی هاوبەش بڕیاردان، دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ، هەروەها یەکخواپەرستیش، دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت.

٣- جاری وایە مرۆڤ دەکەوێتە ناو شیرکەوە و ناشزانێت کەوا ئەو شیرکەیە کە دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ.

٤- ئاگەداربوون لە تاوان، ئەگەرچی لە گومانیشدا بچووک بێت.

٥- ئەو پیاوە چووە دۆزەخەوە بە هۆکارێک کە لەسەرەتادا مەبەستی نەبوو، بەڵکوو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە شەڕ و خەراپەی بت پەرستەکان ئەنجامی دا.

٦- بێگومان ئەگەر موسڵمان کارێکی شیرکی ئەنجامدا، ئەوە ئیسلامەتییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و دەشچێتە دۆزەخەوە؛ چونکە ئەو پیاوە موسڵمان بوو، ئەگەرنا نەیدەفەرموو: بەهۆی مێشێکەوە چووە دۆزەخ".

٧- ئەوەی کە گرینگە و بایەخی پێ دەدرێت، کردەوەی دڵە، ئەگەرچی کردەوەی ئەندامەکانی لاشە بچووک و کەمیش بێت.

٨- بە دڵنیایی ئاژەڵ سەربڕین پەرستشە و ئەنجامدانی بۆ غەیری خوا هاوبەش بڕیاردانی گەورەیە.

٩- چاکیی یەکخواپەرستی و گەورەیی بەرهەمەکەی.

١٠- فەزڵ و گەورەیی ئارامگرتن لەسەر حەق و ڕاستی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئەو وتەیەی خوا: ﴿إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي﴾.

دووەم: لێکدانەوەی ئەو وتەیەی خوا: ﴿إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي﴾.

سێیەم: دەست پێکردن بە نەفرەتکردن لەو کەسەی ئاژەڵێک سەربڕێت بۆ غەیری خوا.

چوارەم: نەفرەتکردن لەو کەسەی کە نەفرەت لە دایک و باوکی بکات، بەشێک لەو نەفرەتکردنەش، ئەوەیە کە نەفرەت لە دایک و باوکی پیاوێک بکەیت، ئەویش نەفرەت لە دایک و باوکت بکات.

پێنجەم: نەفرەتکردن لەو کەسەی کە دااڵدەی تاوانبارێک بدات، کە بریتییە لەو کەسەی کارێکی ئەنجام داوە و شتێکی داهێناوە و پێویستە مافی خوای لەسەر جێبەجێ بکرێت؛ بۆیە پەنا دەباتە لای کەسێک کە دااڵدەی بدات و بیپارێزێت لەو حوکمە.

شەشەم: نەفرەتکردن لەو کەسەی سنووری زەوی بگۆڕێت، کە بریتییە لەو نیشانە و سنوورانەی جیاوازی دەخەنە نێوان مافی تۆ و مافی دراوسێکەت لە زەویدا، بەڵام کەسەکە دەچێت دەیگۆڕێت، بە هێنانە پێش یان بە بردنە پاش.

حەفتەم: جیاوازی نێوان نەفرەتکردنی کەسی دیاریکراو، لەگەڵ نەفرەتکردن لە کەسانی تاوانبار بەشێوەیەکی گشتی.

هەشتەم: ئەو چیرۆکە گەورەیە، کە بریتییە لە چیرۆکی مێشەکە[واتە: بیری لێ بکەوە و لێی وردبەوە].

نۆیەم: ئەو پیاوە بەهۆی ئەو مێشە چووە دۆزەخەوە، کە مەبەستیشی ئەوە نەبوو قوربانی بۆ بکات، بەڵکوو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە شەڕ و خەراپەی ئەوان ئەنجامی دا.

دەیەم: ناسینی ئەندازە و گەورەیی هاوبەش بڕیاردان لە دڵی باوەڕداران، کە چۆن ئەو پیاوە ئارامی گرت لەسەر کوشتن و بە داواکارییەکەی ئەوان ڕازی نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەوان تەنها کردەوەی ڕووکەشییان داوا لێکرد.

یازدەیەم: ئەو کەسەی کە چووە دۆزەخەوە [پێشتر] موسڵمان بوو؛ چونکە ئەگەر کافر بووایە؛ نەیدەفەرموو: "دَخَلَ اَلنَّارَ فِي ذُبَابٍ".

دوازدەیەم: چیرۆکەکە شایەتی تێدایە بۆ ئەو فەرموودە سەحیحە: "بەهەشت نزیکترە لە هەر یەکێک لە ئێوە لە قەیتانی پێڵاو و نەعلەکەی، ئاگریش بەهەمان شێوە".

سێزدەیەم: زانینی ئەوەی کە کردەوەی دڵ، بریتییە لە مەبەستە هەرە گەورەکە، هەتا لەلای بت پەرستەکانیش.

❁❁❁

بَابُ لَا يُذْبَحُ للهِ بِمَكَانٍ يُذْبَحُ فِيهِ لِغَيْرِ اللهِ

بەشی نابێت ئاژەڵ بۆ خوا لە شوێنێکدا سەربڕدرێت، کە تێدا ئاژەڵی بۆ غەیری خوا سەردەبڕدرێت

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ﴾ [التوبة: ١٠٨].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەی موحەممەد، هەرگیز نوێژ لەو مزگەوتەدا[مزگەوتی زیرار] نەکەی، چونکە مزگەوتێک هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنچینەی تەقوا دروستکراوە و بنیات نراوە، ئەمە شایەنترە کە تۆ نوێژی تێدا بکەی، کە مزگەوتی (قوبا)یە، یاخود مزگەوتی پێغەمبەری خوایە، یاخود هەردووکیانن، ئەو مزگەوتانە پیاوانێکی تێدایە کە دەیانەوێ خۆیان پاک بکەنەوە بە دەستنوێژ، یان بە غوسل، یان خۆیان لە تاوان پاک دەکەنەوە، خوای گەورەش ئەو کەسانەی خۆش دەوێت، کە خۆیان پاک دەکەنەوە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئەو بەشە پاشکۆی بەشی پێشوویەتی؛ چونکە بەشی پێشووی، ڕوونکردنەوەی حوکمی سەربڕین بۆ جگە لە خوای تێدابوو، ئەو بەشەش قەدەغەکردنی ئەو هۆکارەی تێدایە کە دەگات بە سەربڕین بۆ جگە لە خوا، هەروەها قەدەغەکردنی خۆچواندن بەوانەی ئەو کارە دەکەن.

يذبح فيه لغير الله: واتە: ئامادەکراوە بۆ ئەو بابەتە و مەبەست لێی ئەو کارەیە.

لا تقم فيه: واتە: نوێژ لە مزگەوتی زیڕاڕ مەکە.

لمسجد أسس: دروستکراوە و بنیات نراوە.

على التقوى: لەسەر گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی.

المطهرين: ئەوانەی خۆیان پاک دەکەنەوە لە پیسییە هەستپێکراو و مەعنەوییەکان.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- قەدەغە دەکات لە نوێژکردن لە مزگەوتی زیڕاڕ، ئەوەی کە دووڕووەکان دروستیانکرد بۆ زیانگەیاندن بە مزگەوتی قوباء و کوفرکردن بە خوا و پێغەمبەرەکەی، داوایان لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کرد کە نوێژی تێدا بکات؛ بۆ ئەوەی ئەمە بکەنە بەڵگە و کردەوەی خۆیانی پێ پاکانە بکەن، هەروەها بەتاڵی خۆیانی پێ دابپۆشن، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بەڵێنی پێدان کە ئەو کارە بکات کە داوایان لێ کردبوو، بەڵام ئاگەداری مەبەستە خەراپەکەی ئەوان نەبوو، بۆیە خوا ڕێگری لێکرد لەو کارە و هانیشی دا لەسەر نوێژکردن لە مزگەوتی قوباء، ئەوەی کە لەسەر بنچینەی گوێڕایەڵیکردنی خوا و پێغەمبەرەکەی دامەزراوە، یاخود لە مزگەوتەکەی خۆی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەگوێرەی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوانی ڕاڤەکەرانی قورئان هەیە لەو بوارەوە، پاشان ستایشی خەڵکی ئەو مزگەوتەی کرد بە خۆپاککردنەوەیان لە هاوبەش بڕیاردان و پیسییەکان، خوای گەورەش ئەو کەسەی خۆش دەوێت کە ئەوە سیفەتی بێت.

پەیوەندی ئایاتەکە بۆ ئەو بەشە: بڕیتییە لە قیاسکردنی ئەو شوێنانەی کە ئامادەکراوە بۆ ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا لەسەر ئەو مزگەوتەی کە ئامادەکراوە بۆ سەرپێچیکردنی خوا، لە ڕێگەگرتن لەوەی خوای تێدا بپەرسترێت، کەواتە هەروەکوو چۆن ئەو مزگەوتە دروست نییە نوێژی تێدا بکرێت، بەهەمان شێوەش ئەو شوێنەی کە ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئاژەڵی تێدا سەببڕدرێت بۆ جگە لە خوا، دروست نییە بچێت لەو شوێنە ئاژەڵی تێدا سەربببڕیت بۆ خوا.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی ئاژەڵ سەربڕین بۆ خوا لەو شوێنانەی کە ئامادەکراوە بۆ سەربڕین بۆ غەیری خوا، ئەمەش بە قیاسکردن لەسەر قەدەغەکردنی نوێژکردن لەو مزگەوتەی کە لەسەر بنەمای سەرپێچیکردنی خوا دامەزراوە.

٢- سوننەتیەتی نوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵی چاکەکارەکان، ئەوانەی خۆیان پاک ڕادەگرن لە بەریەککەوتنی پیسایی.

٣- جێگیرکردنی سیفەتی خۆشویستن بۆ خوا بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە خوای گەورە، وەکوو تەواوی سیفەتەکانی.

٤- هاندان لەسەر دەستنوێژ شوشتنی تەواو و ڕێکوپێک، هەروەها خۆ پاککردنەوە لە پیسییەکان.

٥- بە دڵنیایی نیاز ومەبەست کاریگەری دەبێت لەسەر شوێن.

٦- دروستییەتی ڕێگەگرتن لەو هۆکارانەی کە سەردەکێشێت بۆلای هاوبەش بڕیاردان.

* * *

.....

عَنْ ثَابِتِ بْنِ الضَّحَّاكِ قَالَ: نَذَرَ رَجُلٌ أَنْ يَنْحَرَ إِبِلًا بِبُوَانَةَ، فَسَأَلَ النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَقَالَ: «هَلْ كَانَ فِيهَا وَثَنٌ مِنْ أَوْثَانِ الْجَاهِلِيَّةِ يُعْبَدُ؟» قَالُوا: لَا، قَالَ: «فَهَلْ كَانَ فِيهَا عِيْدٌ مِنْ أَعْيَادِهِمْ؟»، قَالُوا: لَا، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «أَوْفِ بِنَذْرِكَ، فَإِنَّهُ لَا وَفَاءَ لِنَذْرٍ فِي مَعْصِيَةِ اللهِ، وَلَا فِيمَا لَا يَمْلِكُ ابْنُ آدَمَ».[1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ، وَإِسْنَادُهُ عَلَى شَرْطِهِمَا.

لە سابتی کوڕی زەحاکەوە دەڵێت: پیاوێک نەزری کردبوو[واتە: لەسەرەخۆی پێویست کردبوو] کە وشترێک لە (بوانە) سەربڕێت، بۆیە پرسیاری لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کرد، ئەویش فەرمووی: "ئایا بتێک لە بتەکانی سەردەمی نەزانینی تێدایە کە پەرسترابێت؟" گوتیان: نەخێر، فەرمووی: "ئەدی ئایە جەژنێک لە جەژنەکانی ئەوانی تێدابوو[شوێنی جەژنگایان بووە]؟" گوتیان: نەخێر، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: "کەواتە وەفا بە نەزرەکەت بکە و جێبەجێی بکە، چونکە وەفا بە نەزرێک ناکرێت کە سەرپێچی خوای تێدا بێت، هەروەها وەفا بە نەزرێکیش ناکرێت کە نەوەی ئادەمر لەتوانایدا نەبێت و ماڵی خۆی نەبێت".

ڕاڤەکردن

ثابت بن الضحاك: سابتی کوڕی زەحاکی کوڕی سەعلەبەی کوڕی عەدیی ئەشهەلیی خەزرەجیی ئەنساڕییە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، لەساڵی (٦٤)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٣١٣".

نذر: (النذر) لە زمانەوانیدا پێویستکردنە، لە شەرعیشدا بریتییە لەوەی مرۆڤ شتێک لە پەرستشەکان لەسەرەخۆی پێویست بکات، کە لەشەرعدا لەسەری پێویست نییە.

بوانة: تەپۆلکەیەک بوو لە پشتی (ینبع).

وثن: بت و پەیکەر(الوثن): هەرشتێک بپەرستریّت لە غەیری خوا، لە گۆڕ و جگە لەویش.

عید: جەژن(العید): ناوێکە بۆ ئەو کۆبوونەوانەی کە دەگەڕێتەوە، لەسەر شێوەی ڕاهاتن.

علی شرطهما: واتە: مەرجەکانی بوخاری و موسلیمی لەسەر جێبەجێ دەبێت، کە بریتییە لەوەی سەنەدەکەی بەیەکەوە بەسترا بێت بە کەسانی (عادل) و (ضابط) و پچڕانی تێدا نییە، بەبێ ئەوەی شاز و عیللەتداریش بێت.

واتایەکی کورت و پوخت بۆ فەرموودەکە: گێڕەرەوەی فەرموودەکە، باسی ئەوە دەکات کەوا پیاوێک لەسەرەخۆی پەیوەست کرد کە وشترێک بۆ پەروەردگاری سەربەرێت لە شوێنێکی دیاریکراو، لەسەر شێوەی گوێڕایەڵی و نزیکبوونەوە بۆ خوا، هات بۆ ئەوەی پرسیار لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بکات، دەربارەی جێبەجێکردن، بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پرسیاری لێ کرد و داوای ڕوونکردنەوەی لێکرد دەربارەی شوێنەکە، ئایا پێشتر هیچ پەرستراوی هاوبەش بڕیاردەرەکانی لێ بووە؟ یان پێشتر هاوبەش بڕیاردەرەکان بەگەورەیان زانیوە و تێیدا کۆبوونەتەوە؟ جا کاتێک پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- زانی کە ئەو شوێنە خاڵییە لەو قەدەغەکراوانە؛ فەتوایدا بە جێبەجێکردنی نەزرەکە، پاشان ڕوونی کردەوە کەوا ئەو نەزرەی دروست نییە وەفای پێ بکرێت، بریتییە لەوەی کە نەزرکراوەکە سەرپێچی خوای تێدا بێت، یان لەژێر توانای نەزرکەرەکە نەبێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە قەدەغەکردنی سەربڕینی تێدایە بۆ خوا، لە شوێنێک کە بتێک لە بتەکانی سەردەمی نەزانینی تێدا بووبێت، یاخود جەژنێک لە جەژنەکانیانی تێدا گێڕدرابێت، ئەگەرچی دوای نەمانیشی بێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی وەفاکردن بە نەزر، ئەگەر هاتوو ئەو شوێنەی کە دیاریکراوە بۆ نەزرەکە بتێکی تێدا بووبێت، ئەگەرچی دوای لادانیشی بێت.

٢- قەدەغەکردنی وەفاکردن بە نەزر لە شوێنی جەژنی سەردەمی نەزانین، ئەگەر دوای لادانیشی بێت.

٣- داوای ڕوونکردنەوە و پرسیارکردنی موفتی لە پرسیارکەر، پێشی فەتوادان.

٤- ڕێگەگرتن لەو هۆکارانەی کە سەردەکێشێت بۆلای هاوبەش بڕیاردان

٥- وازهێنان لە خۆچواندن بە هاوبەش بڕیاردەرەکان لە پەرستش و جەژنەکانیان، ئەگەرچی مەبەستیشی ئەوە نەبێت.

٦- بێگومان سەربڕین بۆ خوا لەو شوێنەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان ئاژەڵی تێدا سەردەبڕن بۆ جگە لە خوا، یان دەیکەنە شوێنی جەژنیان، گوناهـ و تاوانە.

٧- بە دڵنیایی نەزری تاوان، دروست نییە کە وەفای پێ بکرێت.

٨- ئەو نەزرەی کە نەزرکەرەکە لە توانایدا نییە و مووڵکی ئەو نییە، وەکوو ئەوەی بڵێت: نەزر بێت بۆ خوا لەسەرم کە کۆیلەی فلانە کەس ئازاد بکەم. لەسەری نییە کە وەفای پێ بکات.

٩- واجیبیەتی وەفاکردن بەو نەزرەی کە تاوانی تێدا نییە و لەژێر توانا و مووڵکی نەزرکەرەکەیە.

١٠- بە دڵنیایی نەزرکردن پەرستشە و ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا، دروست نییە.

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئەم وتەیەی خوا: ﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا﴾.

دووەم: بێگومان تاوان کارێگەری دەبێت لەسەر زەوی، هەروەها گوێڕایەڵیش بەهەمان شێوە.

سێیەم: گێڕانەوەی بابەتی بە کێشە و گرفت بۆلای بابەتی ڕوون و ئاشکرا؛ بۆ ئەوەی کێشەکە نەمێنێت.

چوارەم: پرسیارکردن و داوای ڕوونکردنەوە لەلایەن موفتییەوە، ئەگەر پێویستی کرد.

پێنجەم: تایبەتکردنی شوێنێک بۆ نەزرکردن، هیچی تێدا نییە، ئەگەر هیچ ڕێگر و بەربەستێکی تێدا نەبێت.

شەشەم: قەدەغەکردنی نەزرکردن لە شوێنێک، ئەگەر بتێک لە بتەکانی سەردەمی نەزانی تێدا بوو بێت، ئەگەرچی دوای لابردنیشی بێت.

حەفتەم: قەدەغەکردنی نەزرکردن لە شوێنێک، ئەگەر جەژنێک لە جەژنەکانی هاوبەش بڕیاردەرەکانی تێدا گێڕدرابێت، ئەگەرچی دوای لابردنیشی بێت.

هەشتەم: دروست نییە وەفا بە نەزرەکەی بکات لەو شوێنەدا؛ چونکە نەزری تاوانە.

نۆیەم: وریابوون لە خوێچواندن بە هاوبەش بڕیاردەرەکان لە جەژنەکانیان، ئەگەر مەبەستیشی ئەوە نەبێت.

دەیەم: وەفا بە نەزر ناکرێت لە تاوان و سەرپێچیکردندا.

یازدەیەم: وەفا بە نەزر ناکرێت لە شتێکدا کە هی مرۆڤ نەبێت و لەتوانایدا نەبێت.

❁❁❁

بَابُ مِنَ الشِّرْكِ النَّذْرُ لِغَيْرِ اللهِ

بەشی نەزرکردن بۆ جگە لە خوا،
بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ﴾ [الإنسان: ٧].
وَقَوْلُهُ: ﴿وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللهَ يَعْلَمُهُ﴾ [البقرة: ٢٧٠].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەگەر لە دونیا نەزرێکیان کردبێ، وەفایان هەیە بەرانبەری، نەزرێک کە چاک بێت جێبەجێی دەکەن}.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {هەر نەفەقە و خێرێک کە ئێوە بیکەن بۆ خۆتان، یان بۆ غەیری خۆتان، یان هەر نەزرێک کە بیکەن، بە دڵنیایی خوای گەورە ئاگای لە هەموویەتی و پاداشتتان دەداتەوە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لەو بەشەدا جۆرێک لە جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردان ڕوون دەکاتەوە کە پێچەوانەی تەوحیدە، ئەویش بریتییە لە نەزرکردن بۆ جگە لە خوا؛ بۆ ئەوەی ئاگەدار بێت و لێی دوور بکەوێتەوە.

من الشرك: واتە: لە هاوبەش بڕیاردانی گەورەیە.

النذر لغير الله: چونکە پەرستنە. ئەنجامدانی پەرستنیش بۆ غەیری خوا هاوبەش بڕیاردانە. (النذر) چاوگی (نذر ينذُر)ـە، واتە: شتێکی لەسەر نەفسی خۆی واجیب

کرد، که له شەرعدا لەسەری واجیب نەبوو، به مەبەستی بەگەورەزانینی نەزربۆکراوەکە. نبچینەکەشی لە زمانەوانیدا: پێویستکردن و خستنە ئەستۆیە.

یوفون بالنذر: ئەوەی کە فەرزیان کردبوو لەسەر خۆیان، لە گوێڕایەڵیکردن بۆ خوا، بە تەواوی جێبەجێی دەکەن.

ما: مەرجییە (شرطیةٌ)، دروستیشە کە مەوسوولە (موصولة) بێت.

أنفقتم من نفقة: هەموو خێرێکی وەرگیراو و وەرنەرگیراویش دەگرێتەوە.

أو نذرتم من نذر: هەموو نەزرێکی وەرگیراو و وەرنەرگیراویش دەگرێتەوە.

فإن الله یعلمه: واتە: پاداشتتان دەداتەوە لەسەری، کەواتە واتای بەڵێن و هەڕەشەی تێدایە.

واتایەکی کورت بۆ دوو ئایەتەکە: خوای گەورە ستایشی ئەوانە دەکات کە خوا دەپەرستن و گوێڕایەڵی دەکەن بەو شتانەی کە لەسەر خۆیان فەرزیان کردووە. هەروەکوو هەواڵ دەدات هەر خێر و سەدەقەیەک کە دەیکەین، هەر پەرستشێکیش کە لەسەرە خۆمان فەرز کردووە بۆ خوا، یان بۆ جگە لە خوا، خوا پێی دەزانێت و ئاگەدارە، پاداشتی هەمووانیش دەداتەوە، بەگوێرەی نیاز و مەبەستەکەی.

پەیوەندی دوو ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئەو دوو ئایەتە بەڵگەنە لەسەر ئەوەی نەزرکردن پەرستشە؛ چونکە خوا ستایشی ئەوانەی کردووە کە وەفای پێ دەکەن، خوای گەورەش ستایش ناکات، تەنها لەسەر کردەوەیەکی فەرمان پێکراو، یان وازهێنان لە قەدەغەکراوێک نەبێت، هەروەکوو هەواڵی داوە کە ئەوەی لە ئێمەوە دەردەچێت لە نەفەقە و نەزر، پێی دەزانێت، هەروەها لەسەر ئەوە پاداشتیشمان دەداتەوە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەزرکردن پەرستشە، هەر شتێکیش پەرستش بێت، ئەوە ئەنجامدانی بۆ جگە لەخوا، هاوبەشی بڕیاردانە.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بێگومان نەزرکردن پەرستشە، ئەنجامدانیشی بۆ جگە لە خوا، شیرکی گەورەیە.

٢- جێگیرکردنی زانست و زانیاری بۆ خوای بەرز و بڵند، بە هەموو شتێک.

٣- جێگیرکردنی پاداشتدانەوە لەسەر کردەوەکان.

٤- هاندان لەسەر وەفاکردن بە نەزر و جێبەجێکردنی.

* * *

.....

وَفِي الصَّحِيحِ عَنْ عَائِشَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْها-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَ اللهَ فَلَا يَعْصِهِ».[1]

هەروەها لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە عائیشەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: "هەر کەسێک نەزری کرد کە گوێڕایەڵی خوا بکات، ئەوە با گوێڕایەڵی بکات[با نەزرەکەی جێبەجێ بکات]، هەر کەسێکیش نەزری کرد کەوا سەرپێچی خوا بکات، ئەوا با سەرپێچی خوا نەکات".

ڕاڤەکردن

عائشة: دایکی بڕواداران و خێزانی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، کچی ئەبوو بەکری سددیقە -ڕەزای خوایان لێبێت-، زاناترین و تێگەیشتووترین ئافرەتە بە ڕەهایی، هەروەها باشترینی خێزانەکانی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، جگە لە خەدیجە، چونکە لە بەباشتر دانانی خەدیجە بەسەر عائشە، جیاوازی هەیە، ساڵی (٥٧)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

في الصحيح: واتە: لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە.

فليطعه: واتە: ئەوەی کە نەزری کردووە لە گوێڕایەڵیکردنی خوا، با جێبەجێی بکات.

فلا يعصه: واتە: ئەوەی کە نەزری کردووە لە تاوان و سەرپێچی، با جێبەجێی نەکات.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٦٦٩٦"، وأبو داود برقم "٣٢٨٩"، والترمذي برقم "١٥٢٦"، وابن ماجه برقم "٢١٢٦"، وأحمد فی مسنده "٣٦/٦، ٤١".

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمان بەو کەسە دەکات کە نەزری گوێڕایەڵی کردووە، وەفا بە نەزرەکەی بکات: وەکوو ئەو کەسەی کە نەزری کردبێت نوێژ بکات، یان خێرێک بکات، یاخود جگە لەوانە، هەروەها ڕێگریش لەو کەسە دەکات کە نەزری تاوانی کردبێت، لە جێبەجێ کردنی نەزرەکەی: وەکوو ئەو کەسەی نەزری کردبێت کە ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا سەربڕیت، یان نوێژ لەلای گۆڕەکان بکات، یاخود گەشت بکات بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکان، یا جگە لەوانەش لە تاوان و سەرپێچییەکان.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەزرکردن دەبێتە گوێڕایەڵی و دەشبێتە تاوان و سەرپێچی، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پەرستشە؛ بۆیە هەر کەسێک نەزر بکات بۆ غەیری خوا، ئەوە بێگومان هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوە لە پەرستنی.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی نەزرکردن پەرستشە، ئەنجامدانیشی بۆ جگە لە خوا، هاوبەش بڕیاردانە.

٢- واجیبیەتی وەفاکردن بە نەزری گوێڕایەڵی.

٣- حەرامیەتی وەفاکردن بە نەزری گوناهوتاوان.

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: واجیبیەتی وەفاکردن بە نەزر و جێبەجێکردنی.

دووەم: مادام سەلمێندرا کە نەزرکردن پەرستشە بۆ خوا، کەواتە ئەنجامدانی بۆ غەیری خوا هاوبەش بڕیاردانە.

سێیەم: نەزری تاوان، وەفا پێکردنی دروست نییە.

❁❁❁

بَابُ مِنَ الشِّرْكِ الِاسْتِعَاذَةُ بِغَيْرِ اللهِ

بەشی پەناگرتن بە غەیری خوا، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾ [الجن: ٦].

فەرمایشتی خوای بڵند: {پیاوانێک لە مرۆڤەکان پەنایان دەگرت بە پیاوانێک لە جنۆکەکان، ئەوانیش زیاتر دەیانترساندن. (عەرەب کاتی خۆی بچوونایەتە دۆڵێکەوە و بترسانایە، دەیانگوت: پەنا دەگرین بە گەورەی جنۆکەکانی ئەم دۆڵە لە خراپەکاری قەومەکەی، ئەوانیش کە زانیان مرۆڤەکان لێیان دەترسێن، زیاتر ترساندیانیان)}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە ڕوونکردنەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردانی تێدایە کە پێچەوانەی یەکخواپەرستییە، ئەویش بریتییە لە داوای پەنادان و پەناگرتن بە غەیری خوا؛ بۆ وریابوون و دوورکەوتنەوە لێی.

الاستعاذة: لە زمانەوانیدا: پەنابردن و خۆپاراستنە. حەقیقەتەکەشی: ڕاکردنە لە شتێک کە لێی دەترسی، بۆ لای کەسێک کە دەتپارێزێت لێی.

يعوذون: بەوەی ئەگەر یەکێکیان بچووبایە دۆڵێک و لە جنۆکە بترسابا، دەیگوت: پەنا دەگرم بە گەورەی ئەو دۆڵە لە گەمژەی گەلەکەی.

رهقاً: ترسان، یان تاوان.

واتای کورتی فەرموودەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە هێندێک لە مرۆڤەکان پەنایان دەگرت بە جنۆکە؛ بۆ ئەوەی بیانپارێزن لەو شتەی کە لێی دەترسن، جنۆکەکانیش زیاتر خەڵکەکەیان دەترساند، لەجیاتی ئەوەی بیانپارێزن و دڵنیایان بکەن، ئەمەش هەڵسوکەوتکردن بوو لەگەڵیان بەپێچەوانەی مەبەستەکەیان، هەروەها سزایەکیش بوو لەلایەن خواوە بۆیان.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: خوای گەورە لە جنۆکە باوەڕدارەکانەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک کە ئایینی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-یان بۆ ڕوون بوویەوە و باوەڕیان پێی هێنا، باسی هێندێک جۆری هاوبەش بڕیاردانیان کرد، کە لەسەردەمی نەزانین لەلایەن مرۆڤەکانەوە ڕووی دەدا، یەکێک لەو جۆرانە: پەناگرتنە بە جگە لە خوا، ئەمەش وەکوو نکوولّی لێ کردنێک.

ئەو سوودانەی لەو ئایاتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی پەناگرتن بە غەیری خوا هاوبەش بڕیاردانە؛ لەبەر ئەوەی جنۆکە باوەڕدارەکان گوتیان: ﴿وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا﴾ [الجن: ٢]. ئینجا دوای ئەوە بە نکوولّییەوە باسی ئەوەیانکرد کە ﴿وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ﴾ [الجن: ٦].

٢- گشتییەتی پەیامی پێغەمبەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ جنۆکە و مرۆڤەکان.

٣- پەناگرتن بە جگە لە خوا، دەبێتە هۆی ترس و لاوازی.

٤- ئەوە لە ئایەتەکە وەردەگیرێت کە پەناگرتن بە خوا، دەبێتە هۆی هێز و ئارامی.

.....

وَعَنْ خَوْلَةَ بِنْتِ حَكِيمٍ قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ: «مَنْ نَزَلَ مَنْزِلًا فَقَالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ حَتَّى يَرْحَلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ».[1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

هەروەها لە خەولەی کچی حەکیمەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەیفەرموو: "هەر کەسێک لە خانووێک، یا شوێنێک دابەزی و گوتی: پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوا لە شەڕ و خەراپەی ئەوەی کە دروستی کردووە، ئەوە هیچ شتێک زیانی پێ ناگەیەنێت، تاوەکوو لەو شوێنەی دەڕوات".

ڕاڤەکردن

خولة بنت حكيم: خەولەی کچی حەکیمی کوڕی ئومەییەی سولەمییە،بخێزانی عوسمانی کوڕی مەزعوون بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، ئافرەتێکی چاکەکاری باش و بەڕێز بوو.

بكلمات الله: لێرەدا مەبەست پێی قورئانە.

التامات: تەواوەکان، ئەوانەی کەموکوڕی و نەنگی ڕووی تێ ناکات.

من شر ما خلق: واتە: لە هەموو شەڕ و خەراپەیەک، لە هەر دروستکراوێک کە خەراپەی پێوە بێت، جا ئاژەڵ بێت، یان جگە لەو.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێنمایی ئوممەتەکەی دەکات بۆ پەناگرتنێکی بەسوود، کە بەهۆیەوە هەموو شتێکی بەمەترسی کە مرۆڤ لێی دەترسێت، لادەچێت و نامێنێت، کاتێک لە شوێنێک لە زەوی دادەبەزێت، پەنا بگرێت بە وتەی خوای چارەسەربەخش، پڕکەرەوەی هەموو پێداویستییەک، تەواو لە

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٧٠٨"، والترمذي برقم "٣٤٣٣"، وابن ماجه برقم "٣٥٤٧"، وأحمد في مسنده "٣٧٧/٦، ٤٠٩".

هەموو کەموکوڕییەک، بۆ ئەوەی لەو شوێنەیدا هێمن و دڵنیا بێت لە هەموو کارەساتێکی خەراپ، مادام جێگیر بێت تێیدا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕێنمایی تێدایە بۆ پەناگرتنێکی بەسوودی شەرعی، لەجیاتی ئەو پەناگرتنە شیرکییەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان ئەنجامیان دەدا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە پاناگرتن پەرستشە.

٢- پەناگرتنی شەرعی، ئەوەیە کە بە خوا، یان ناو و سیفاتەکانی خوا بێت.

٣- قسەی خوا دروستکراو نییە؛ چونکە خوای گەورە پەناگرتن پێی بە دروست داناوە، پەناگرتنیش بە دروستکراو هاوبەش بڕیاردانە، هەروەکوو پێشتر باسکرا، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە قسەی خوا دروستکراو نییە.

٤- فەزڵ و گەورەیی ئەو دوعایە، سەرەڕای کورتییەکەی.

٥- کاروبار و قەدەری دروستکراوەکان بە دەستی خوای گەورەیە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الْجِنّ).

دووەم: پەناگرتن بە غەیری خوا، جۆرێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

سێیەم: بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەمە بە فەرموودەکە؛ چونکە زانایان فەرموودەکەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە وشەکانی خوا دروستکراو نیین؛ گوتویانە: لەبەر ئەوەی پەناگرتن بە دروستکراوەکان، هاوبەش بڕیاردانە.

چوارەم: چاکیی و گەورەیی ئەو دوعایە، سەرەڕای کورتییەکەی.

پێنجەم: کاتێک بەهۆی شتێکەوە سوودێکی دونیایی دێتەجێ -لە گەڕاندنەوەی خەراپە، یان بەدەستهێنانی سوودێک-؛ ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئەو شتە شیرک نییە.

❁❁❁

بَابُ مِنَ الشِّرْكِ أَنْ يَسْتَغِيثَ بِغَيْرِ اللهِ أَوْ يَدْعُوَ غَيْرَهُ

بەشی هانابردن بۆ غەیری خوا، یان پاڕانەوە لە غەیری خوا، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ﴾ [يونس: ١٠٦].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {تۆ مەپاڕێرەوە لە جگە لە خوای گەورە، لەو کەس و شتانەی کە نە سوودت پێ دەگەیەنن نە زیان، چونکە سوود و زیان تەنها بەدەست خوای گەورەیە، ئەگەر بپاڕێیتەوە لە غەیری خوای گەورە، ئەوە تۆ لەو کەسانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردووە، یاخود لەو کەسانەی کە هاوبەش بڕیاردەرن}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر لەو بەشەدا جۆرێک لە جۆرەکانی هاوبەش بڕیاردان باس دەکات کە پێچەوانەی یەکخواپەرستییە، ئەویش بریتییە لە هاوارکردنە غەیری خوا، یان پاڕانەوە لە غەیری خوا.

أن يستغيث: (الاستغاثة): داواکردنی یارمەتی و فریادگوزارییە، کە بریتییە لە لابردنی ناخۆشی و ناڕەحەتی.

أو يدعو: جیاوازی نێوان داوای بەهاناوەهاتن(الاستغاثة) و پاڕانەوە(الدعاء): داوای بەهاناوە هاتن تەنها لە کاتی ناخۆشییە، بەڵام پاڕانەوە لە کاتی ناخۆشی و جگە لە ناخۆشیش دەبێت.

ما لا ينفعك: ئەگەر بیپەرستی.

ولا يضرك: ئەگەر نەیپەرستی.

فإن فعلت: واتە: ئەگەر داوات لە جگە لە خوا کرد، کە نە سوودت پێ دەگەیەنێت و نە زیانیشت پێ دەگەیەنێت.

من الظالمين: لە هاوبەش بڕیاردەرەکان دەبێت؛ چونکە هاوبەش بڕیاردان گەورەترین ستەمە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە قەدەغەی پێغەمبەرەکەی دەکات لەوەی لە یەکێک لە دروستکراوە بێدەسەڵاتەکان بپارێتەوە لە گەیاندنی سوود و لادانی زیان، پاشان حوکمەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەگەر وایدابنێین داوای لە غەیری خوا کرد، ئەو کاتی دەبێت بە یەکێک لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، ئەو قەدەغەکردنەش گشتییە بۆ هەموو ئوممەت.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە ئەوەی تێدایە کە پاڕانەوە لە جگە لە خوا قەدەغەیە، هەروەها هاوبەش بڕیاردانە و پێچەوانەی یەکخواپەرستییە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پاڕانەوە لە غەیری خوا، هاوبەش بڕیاردانی گەورەیە.

٢- بێگومان چاکترینی خەڵکی، ئەگەر لە غەیری خوا بپارێتەوە، دەبێتە هاوبەش بڕیاردەر، چجای جگە لەو.

٣- ڕوونکردنەوەی بێ دەسەڵاتی پەرستراوەکانی هاوبەش بڕیاردەرەکان و پووچەڵییەتی پەرستنیان.

* * *

.....

وَقَوْلُه: ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلاَ رَآدَّ لِفَضْلِهِ يُصَيبُ بِهِ مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [يونس: ١٠٧].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەگەر خوای گەورە بیەوێ تووشی زیانێکت بکات، ئەوا کەس ناتوانێ ئەو زیانەت لەسەر لابەرێت، تەنها خوای گەورە خۆی نەبێت، ئەگەریش بیەوێ تووشی خەیر و چاکەیەکت بکات، ئەوا کەس ناتوانێ ئەو فەزڵەی خوای گەورەت لەسەر لابەرێ و بیگەڕێنێتەوە، خوای گەورە خێر و فەزڵی خۆی تووشی هەر کەسێک دەکات لە بەندەکانی کە ویستی لێ بێت، خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە}.

ڕاڤەکردن

وإن يمسسك: واتە: ئەگەر تووشت بکات.

بضر: بە هەژاری، یان جگە لەوە لە جۆرەکانی زیان.

فلا كاشف: هەڵگری نییە.

فلا راد: گێڕەرەوە و ڕەدکەرەوەی نییە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە هەر خۆی خاوەنی دەسەڵات و هێز و بەخشین و گرتنەوە و زیان و سوودە، نەک جگە لەو، ئەمەش ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە هەر ئەو داواڵێکراو و پەرستراوە بە تەنها، نەوەک جگە لەو لەوانەی زیان و سوودیان بۆ خۆیان بەدەست نییە، چجای ئەوەی بۆ غەیری خۆیان بەدەستیان بێت؟!

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە ڕوونکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە خوای گەورە شایستەی پەرستشە بە پاڕانەوە و هاوشێوەکانی، هەروەها پاڕانەوە لە جگە لە خوا هاوبەشی بڕیاردانە؛ چونکە نە سوود دەگەیەنێت و نە زیانیش دەگەیەنێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجبییەتی بەتاکدانانی خوا بە تەوحیدی ئولووهییەت، لەبەر تەنیابوونی بە تەوحیدی ڕوبووبییەت.

٢- پووچەڵیەتی پاڕانەوە لە غەیری خوا؛ لەبەر بێ دەسەڵاتی لە سوودگەیاندن بەو کەسەی کە داوای لێ دەکات، هەروەها لادانی زیان لێی.

٣- جێگیرکردنی ویست بۆ خوای پاک و بێگەرد.

٤- جێگیرکردنی سیفەتی (لێخۆشبوون) و (ڕەحمەت) بۆ خوای گەورە، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەییەکەی.

***

.....

وَقَوْلُه ﴿فَابْتَغُوا عِندَ اللهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ [العنكبوت: ١٧].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئێوە بەتاك و تەنها داوای ڕزق و ڕۆزی لە خوای گەورە بکەن، چونکە بە تاك و تەنها ڕزق و ڕۆزی بەدەست خوای گەورەیە، هەروەها بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن و شوکرانەبژێری خوای گەورە بکەن، گەڕانەوەشتان لە ڕۆژی قیامەتدا هەر بۆ لای خوای گەورەیە}.

ڕاڤەکردن

ابتغوا: داوابکەن.

واعبدوه: بە دڵسۆزی پەرستنی بۆ ئەنجام بدەن. ئەمە عەتفکردنی گشتییە لەسەر تایبەت؛ چونکە داواکردنی ڕۆزی لەلای خوا، پەرستشە.

واشكروا له: دانبنێن بە نیعمەتەکانی و ئەوەشی کە پێویسە لە گوێڕایەڵیکردنی و وازهێنان لە سەرپێچیکردنی، ئەنجامی بدەن.

إليه: بۆ لای ئەو، نەک بۆ لای جگە لەو.

ترجعون: لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەو کات پاداشتی هەر کارکەرێک بەگوێرەی کردەوەکەی دەداتەوە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان دەکات بە داواکردنی ڕۆزی تەنها لەو، نەک لە بتەکان، هەروەها بە تاکدانانی بە پەرستن و دانان بە نیعمەتەکانی، ئەوەی بە بەندەکانی بەخشیوە، ئینجا سەرفکردنی لە گوێڕایەڵیکردنی خوا و دوورکەوتنەوە لە سەرپێچیکردنی، پاشان هەواڵ دەدات کە سەرەنجام هەر بۆ لای ئەوە، بۆیە پاداشتی هەموو کارکەرێک بەگوێرەی کارەکەی خۆی دەداتەوە، کەواتە لەسەر بەندە پێویستە کە حیساب بۆ ئەو لێپرسینەوەیە بکات.

پەیوەندی ئایاتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە واجیبیەتی بەتاکدانانی خوای تێدایە بە پاڕانەوە و پەرستن، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەی کە جگە لە خوا دەپەرستن.

ئەو سوودانەی کە لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی پاڕانەوە تەنها لە خوا و داواکردنی ڕۆزی لێی.

٢- واجیبیەتی بە تاکدانانی خوا بە هەموو جۆرەکانی پەرستن.

٣- واجیبیەتی سوپاس و ستایشکردنی خوا لەسەر نیعمەتەکانی.

٤- جێگیرکردنی زیندووبوونەوە و پاداشت دانەوە.

٥- دژ بەیەکی لەنێوانی داواکردنی ڕۆزی و هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی و پەرستنی خوادا نییە، هەروەها ئیسلام چاکەی دیین و دونیای تێدایە.

***

.....

وَقَوْلُه: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَومِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ ۝ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاء وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ [الأحقاف: ٥، ٦].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {کێ لەو کەسە گومڕاترە؟ واتە: هیچ کەسێک لەو کەسە گومڕاتر نییە کە لە غەیری خوای گەورە دەپارێتەوە، لە کەسانێک کە تا ڕۆژی قیامەت لێیان بپارێیتەوە وەڵامت نادەنەوە و توانای وەڵامدانەوەیان نییە، نەک هەر توانای وەڵامدانەوەیان نییە، بەڵکوو بێئاگان لە پارانەوەی ئێوە و هەر نایشی بیستن. کاتێکیش لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵکی حەشر دەکرێن، پیاوچاکان و پێغەمبەران و مەلائیکەتەکان دەبن بە دوژمنی ئەو کەسانەی کە لێیان پاڕاونەتەوە و پەرستوویانن، هەروەها ئەوان بەمە پەرستنەی ئەمان، بێ باوەڕن و نکوولی لێ دەکەن و دەڵێن بۆ ئێمەتان کردە شەریک بۆ خوای گەورە؟}.

ڕاڤەکردن

من أضل: واتە: کەس لەو کەسە گومڕاتر نییە.

من دون الله: جگە لە خوا.

لا يستجيب له: ناتوانێت وەڵام بداتەوە، بە پێدانی ئەوەی کە داوای لێ کردووە.

وهم: واتە: داوا لێکراوەکان.

عن دعائهم: واتە: پارانەوەی ئەو هاوبەشی بڕیاردەرانەی کە داوایان لێ کردوون.

غافلون: هەست بە پارانەوەی ئەوانە ناکەن کە داوایان لێ کردوون؛ چونکە ئەوان، یا مردوون، یان بێ گیانن، یاخود مەلائیکەتەکانن و سەقاڵن بەوەی کە لە پێناویدا دروستکراون.

وإذا حُشر الناس: کۆکرانەوە لە ڕۆژی دواییدا.

كانوا: واتە: ئەو پەرستراوانەی کە جگە لە خوا لێیان دەپارێنەوە.

لهم أعداء: واتە: بەڕائەت لەوانە دەکەن کە داوایان لێ کردوون و دژیەتییان دەکەن.

کافرین: نکوولّی لە پەرستنی ئەوانە دەکەن کە پەرستوویانن.

واتایەکی کورت بۆ دوو ئایەتەکە: خوای گەورە بڕیاری داوە بەوەی کەس لەو کەسە گومڕاترنییە، کە داوا لە غەیری خوا دەکات لە دروستکراوەکان، ئەوەی کە ناتوانێت وەڵامی دوعاکەی بداتەوە لە دونیادا و هەستیش بە دوعای ئەو کەسە ناکات کە داوای لێ کردووە، کاتێکیش کە قیامەت داهات و خەڵکی کۆکرانەوە دژایەتی ئەو کەسە دەکات کە داوای لێ کردووە و بەڕائەتیشی لێ دەکات، کەواتە ئەو هاوبەش بڕیاردەرە تەنها لە ناخۆشی و بەدبەختی دایە لە دونیا و دواڕۆژدا، لە دونیادا وەڵامی داواکارییەکەی بەدەست ناهێنێت، لە دواڕۆژیشدا کە زۆر پێویستی پێیەتی، نکوولّی لە پەرستنەکەی دەکرێت.

پەیوەندی ئەو دوو ئایەتە بۆ ئەو بەشە: دوو ئایەتەکە حوکمدانی تێدایە لەسەر ئەو کەسەی کە داوا لە غەیری خوا دەکات بەوەی لەهەموو گومڕاکان گومڕاترە، هەروەها پاڕانەوە پەرستشە، بۆیە هەر کەسێک بۆ جگە لە خوای ئەنجام بدات، ئەوا هاوبەش بڕیاردەرە.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پاڕانەوە پەرستشە، بۆیە هەر کەسێک لە غەیری خوا بپاڕێتەوە؛ ئەوە بە دڵنیایی شیرکی گەورەی بۆ خوا بڕیارداوە.

٢- ڕوونکردنەوەی بەدبەختی ئەو کەسەی داوا لە غەیری خوا دەکات لە دونیا و دواڕۆژدا.

٣- هاوبەش بڕیاردان، گەورەترین گومڕاییە.

٤- جێگیرکردنی زیندووبوونەوە و کۆکردنەوە و پاداشتدانەوە.

٥- بتەکان گوێیان لەو کەسە نییە کە داوایان لێ دەکەن و وەڵامیشیان نادەنەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان بیری لێ دەکەنەوە.

٦- بێگومان پەرستنی خوا بە تاک و تەنها، چاکەی دونیا و دواڕۆژی تێدایە.* * *

.....

وَقَوْلُه تعالى: ﴿أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاء الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ [النمل: ٦٢].

هەروەها فەرمایشتی خوای بڵند: {کێ هەیە وەڵامی لێقەوماو بداتەوە کاتێک کە دەپارێتەوە و هانا بۆ خوای گەورە دەبات جگە لە خوای گەورە؟ کێ هەیە خراپەتان لەسەر هەڵگرێ و لادیدات؟ هەروەها کێ هەیە ئێوە بکات بە جێنشینی گەلانی دیکە لەسەر زەویدا؟ واتە: کەس نییە، ئایا لەگەڵ (الله)دا پەرستراو و خوایەکی تر هەیە کە شایانی پەرستن بێت و ئێوە بیپەرستن و بیکەن بە هاوبەش بۆ خوای گەورە؟ بەڵام زۆر بە کەمی بیر دەکەنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ حەق}.

ڕاڤەکردن

أمّن: واتە؛ کێیە ئەو کەسە؟

المضطر: ناڕەحەت و لێقەوماو ئەوەی تووشی زیان و ناخۆشی بووە.

خلفاء الأرض: دانەپاڵ(ئیزافە)کە بە واتای (فی) دێت، واتە: هەر سەدەیەک دەبێتە جێنشینی سەدەکەی پێش خۆی لەسەر زەویدا.

أإله مع الله: واتە: ئایا جگە لە خوا ئەو شتانەتان پێ دەکات و ئەو نیعمەتانەتان بەسەردا دەڕێژێت.

قليلاً ما تذكَّرون: واتە: کەم بیر دەکەنەوە لە گەورەیی خوا و نیعمەتەکانی لەسەرتان، هەر بۆیەش جگە لەوتان کردە هاوبەشی لە پەرستنیدا.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە بەڵگە لەسەر هاوبەش بڕیاردەرەکان دێنێتەوە لەوەی چەند تکاکارێکیان بۆخۆیان داناوە جگە لە خوا، بەوەی کە زانیویانە و دانیان پێدا ناوە لە وەڵامدانەوەی خوا بۆیان، کاتێک داوای لێ دەکەن لە حاڵەتی ناڕەحەتی و

لابردنی ئەو خەراپە و زیانەی بەسەریاندا هاتووە، هەروەها کردوونی بە جێنشین لەدوای مردووەکانیان، جا ئەگەر پەرستراوەکانیان هیچ شتێک لەو کارانەیان بۆ نەکەن، ئیتر چۆن لەگەڵ خوا دەیانپەرستن؟ بەڵام ئەوان بیر لە نیعمەتەکانی خوا ناکەنەوە مەگەر کەمێک نەبێت، کە ئەویش نابێتە هۆی ترسان لە خوا؛ هەر بۆیەش کەوتنە ناو هاوبەش بڕیاردانەوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە ڕوونکردنەوەی بەتاڵییەتی هاوارکردنە غەیری خوای تێدایە؛ چونکە غەیری خوا وەڵامی لێقەوماو ناداتەوە، خەراپە و زیانی دابەزیو لانادات، زیندوو ناکاتەوە و ناشمرێنێت.

***

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پوچەڵییەتی هاوارکردنە غەیری خوا، لە شتێکدا کە کەس توانای لەسەری نییە، تەنها خوا نەبێت.

٢- هاوبەش بڕیاردەرەکان، دان دەنێن بە تەوحیدی ڕوبووبییەت و ئەمەش نەیهێنانە ناو ئیسلام.

٣- بەڵگەهێنانەوە بە تەوحیدی ڕوبووبییەت لەسەر تەوحیدی ئولووهییەت.

٤- بەڵگەهێنانەوە لەسەر هاوبەش بڕیاردەرەکان، بە شتێک کە دانیان پێدا ناوە، لەسەر شتێک کە نکوولییان لێ کردووە.

❁❁❁

.....

وَرَوَى الطَّبَرَانِيُّ بِإِسْنَادِهِ؛ أَنَّهُ كَانَ فِي زَمَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- مُنَافِقٌ يُؤْذِي الْمُؤْمِنِينَ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: قُومُوا بِنَا نَسْتَغِيثُ بِرَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- مِنْ هَذَا الْمُنَافِقِ، فَقَالَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «إِنَّهُ لَا يُسْتَغَاثُ بِي، وَإِنَّمَا يُسْتَغَاثُ بِاللهِ عَزَّ وَجَلَّ».[1]

هەروەها پێشەوا تەبەرانی گێڕاویەتییەوە، کە لە سەردەمی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دووڕوویەک هەبوو ئازاری باوەڕدارانی دەدا، جا هێندێکیان گوتیان: با هەستین پەنا ببەین بۆ پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لە دەست ئازاری ئەو دووڕووە، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: "داوای بەهاناوەهاتن لەمن ناکرێت، بەڵکوو داوای بە هاناوەهاتن تەنها لە خوا دەکرێت".

ڕاڤەکردن

الطبراني: حافز و پێشەوا: سولەیمانی کوڕی ئەحمەد، خاوەنی سێ موعجەمەکە.

بإسناده: بە سەنەدی خۆی تاوەکوو عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت-.

منافقٌ: عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولە، سەرۆکی دووڕووەکان.

نیفاقیش لێرەدا واتە: دەرخستن و ئاشکراکردنی ئیسلام و شاردنەوەی کوفر.

نستغيث برسول الله: داوامان لێ کرد بۆ ئەوەی ڕێ لەو دووڕووە بگرێت لە ئازاردان.

---

[1] - أخرجه الطبراني. وقال الهيثمي في مجمع الزوائد "١٠/١٥٩": رواه الطبراني، ورجاله رجال الصحيح، غير ابن لهيعة وهو حسن الحديث.

إنه لا يستغاث بي: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێی ناخۆش بوو کە ئەو وشەیەی بۆ بەکاربێنێت؛ لەبەر ئەدەبی بەرانبەر خوا.

واتای کورتی فەرموودەکە: کاتێک ئیسلام بەهێزبوو، تاقمێک لە بێباوەڕەکان هەبوون کە بە ڕووکەش هاتنە ناو ئیسلام، بەڵام لە ناخەوە لەسەر کوفر مانەوە، پێیان گوترا دووڕووەکان، ئینجا هێندێک قسە و کردەوەیان لێوە دەردەچوو، کە موسڵمانەکانی ئەزیەت دەدا، یەکێک لەوانە ئەوەبوو بۆ ئەو پیاوە ڕوویدا، تا وای لێهات هێندێک لە هاوەڵان داوایان لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کرد، کە قەدەغەی بکات و ڕێی لێ بگرێت. پێغەمبەریش توانای هەبوو لەسەر ئەو کارە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شێوە دەربڕینەی کە بە پێغەمبەریان گوت، ئەدەبێکی جوان نەبوو بەرانبەر بە خوا و گوتنی گونجاو نەبوو، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نکوولّی لێ کرد؛ بە مەبەستی فێرکردنی هاوەڵەکان و هەروەها ڕێگەگرتن لە هۆکاری هاوبەش بڕیاردان و پارێزگاریکردن لە یەکخواپەرستی.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە نکوولّیکردنی پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی تێدایە، لە پەنابردنە بەر غەیری خوا.

ئەوەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێت:

١- پەنا نابردرێتە بەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، جگە لەو لەپێشترە کە پەنای نەبردرێتە بەر.

٢- ڕێنماییکردن بۆ بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی باش و پارێزگاریکردن لە یەکخواپەرستی.

٣- گرتنی ئەو ڕێیانەی کە سەردەکێشن بۆ هاوبەش بڕیاردان.

٤- چاکیەتی ئارامگرتن لەسەر ئەزیەت و ئازار لەپێناوی خوا.

٥- سەرزەنشتکردنی دووڕوویی.

٦- حەرامکردنی ئازاردانی باوەڕداران؛ چونکە لە کردەوەی دووڕووەکانە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: گەڕاندنەوە و عەتفکردنی وشەی (الدُّعَاء) بۆ سەر (الإسْتِغَاثَة)، لە بابی عەتفکردنی گشتیی(الْعَامّ)ـەـ، لەسەر تایبەت(الْخَاصّ).

دووەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو وتەیەی خوا: ﴿وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ﴾.

سێیەم: پەناگرتن بە غەیری خوا، شیرکی گەورەیە.

چوارەم: باشترینی خەڵکی، ئەگەر هاوار بکاتە غەیری خوا، بۆ ڕازیکردنی خەڵکی، ئەوا دەبێتە یەکێک لە ستەمکار[هاوبەش بڕیاردەر]ەکان.

پێنجەم: تەفسیری ئایەتەکەی دوای ئەو[مەبەستی ئایەتی دووەمە].

شەشەم: هاوارکردنە غەیری خوا، لە دونیادا سوودی نییە، لەگەڵ ئەوەی کە کوفریشە.

حەفتەم: تەفسیری ئایەتی سێیەم.

هەشتەم: نابێت داوای ڕۆزی لە کەس بکرێت، تەنها خوا نەبێت، هەروەکوو چۆن داوای بەهەشت لە کەس ناکرێت، تەنها خوا نەبێت.

نۆیەم: تەفسیری ئایەتی چوارەم.

دەیەم: باسی ئەوەی کە هیچ کەس لەوە گومڕاتر نییە، کە داوا لە غەیری خوا دەکات.

یازدەیەم: داوالێکراو بێئاگایە لە پاڕانەوەی داواکار و هیچیشی دەربارە نازانێت.

دوازدەیەم: بێگومان ئەو پاڕانەوەیە، هۆکاری ڕقلێبوونەوە و دوژمنایەتی داوالێلێکراوە لە داواکار.

سێزدەیەم: ناونانی ئەو پاڕانەوەیە، بە پەرستشکردن بۆ داوالێکراو.

چواردەیەم: نکوولێکردن و کوفرکردنی داوا لێکراو بەو پەرستنە.

پازدەیەم: بێگومان ئەو کارانە، هۆکارن بۆ ئەوەی کەسەکە ببێتە گومڕاترینی خەڵکی.

شازدەیەم: تەفسیرکردنی ئایەتی پێنجەم.

حەڤدەیەم: کارە سەرسوڕهێنەرەکە، کە بریتییە لە دانانی بت پەرستەکان، بەوەی کەس بەهانای لێقوماو نایەت تەنها خوا نەبێت، هەر لەبەر ئەوەشە لەکاتی ناڕەحەتیدا بەتەنها و بە دڵسۆزی هاوار دەکەنە خوا.

هەژدەیەم: پارێزگاریکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە سنووری یەکخواپەرستی، هەروەها بە ئەدەببوونی لەگەڵ خوا.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئاً وَهُمْ يُخْلَقُونَ ۞ وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ﴾ [الأعراف: ١٩١، ١٩٢].

بەشی وتەی خوای بەرز و بڵند: {ئایا هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن و ئەو بتانە دەکەنە شەریک بۆ خوای گەورە؟ کە توانای دروستکردنی هیچ شتێکیان نییە، بەڵکوو خۆیان دروستکراون. ناتوانن سەرتان بخەن و تەنانەت بێ دەسەڵاتن، ناتوانن خۆشیان سەربخەن، کە دەشکێنرێن یان سوکایەتیان پێ دەکرێت}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لەو بەشەدا بەڵگەکانی پووچەڵییەتی هاوبەش بڕیاردان ڕوون دەکاتەوە، هەروەها حاڵی ئەوانەش ڕوون دەکاتەوە کە جگە لە خوا داوایان لێ کراوە، ئەمەش جێگیرکردنی یەکخواپەرستییە بە بەڵگە سەلمێنەر و یەکلایکەرەوەکان.

أيشركون: پرسیاری نکووڵێکردن و سەرزەنشت کردنە، بۆ ئەو کەسەی کە لە پەرستندا هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدات.

ما لا يخلق شيئاً: واتە: دروستکراوەکان ناتوانن شت دروست بکەن و تێشیاندا نییە کە شایستەی پەرستن بێت.

وهم يُخلقون: واتە: ئەو پەرستراوانە، خۆیان دروستکراو و بەدیهێنراون، بەدیهێنراویش نابێتە هاوبەشی بەدیهێنەر.

ولا يستطيعون لهم نصراً: واتە: هەروەها ئەو پەرستراوانە، ناتوانن ئەو کەسانە سەربخەن کە دەیانپەرستن.

ولا أنفسهم ينصرون: واتە: ئەگەر کەسێک بیەوێت زیانێکیان لێ بدات، ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، جا چۆن دەتوانن زەرەر لە غەیری خۆیان دوور بخەنەوە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە هاوبەشی بڕیاردەرەکان سەرزەنشت دەکات بەوەی لەگەڵ خوا چەند پەرستراوێک دەپەرستن کە هیچ شتێک دروست ناکەن، هیچ شتێکی واشیان تێدا نییە کە بەهۆیەوە شایستەی پەرستن بێت، زەرەر لەو کەسە دوور ناخەنەوە کە داوایان لێ دەکەن، بەڵکوو ناتوانن زەرەر لە خۆشیان دوورخەنەوە، جا ئەگەر ئەوە حاڵیان بێت، کەواتە داوا لێکردنیان پووچەڵ بووەوە؛ چونکە بەدیهێنراو نابێتە هاوبەشی بەدیهێنەر، بێدەسەڵات نابێتە هاوبەشی کەسێکی بەتوانا و خاوەن دەسەڵات، کە هیچ شتێک بێتونای ناکات.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵییەتی هاوبەشی بڕیاردان لە بنچینەوە؛ چونکە پەیوەست بوونە بە دروستکراوێکی بێتوانا.

٢- بە دڵنیایی هەر بەدیهێنەر، شایستەی پەرستنە.

٣- بەڵگە هێنانەوە بە تەوحیدی ڕوبووبییەت، لەسەر تەوحیدی ئولوهییەت.

٤- دروستییەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوبەشی بڕیاردەرەکان؛ بۆ سەرخستنی ڕاستی و سەرکوتکردنی ناڕەوا.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ۞ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾ [فاطر: ١٣،١٤].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەو خوایانەی تر کە ئێوە جگە لە (اللە) لێیان دەپارێنەوە و دەیانپەرستن، ئەوانە مولْکی (قیطمیر)یَکیشیان نییە، (قیطمیر): ئەو پەردە تەنکەیە کە لە ناوکی خورمادا هەیە. ئەگەر ئێوە لێشیان بپارێنەوە، ئەوان گوێیان لە پارانەوەی ئێوە نابێت، ئەگەر واش دابنێین و گریمان وا گوێشیان لە پارانەوەی ئێوەیە، ئەوا ناتوانن وەڵامتان بدەنەوە و داواکاریەکانتان بۆ جێبەجێ بکەن، چونکە بێدەسەڵاتن و توانای هیچ شتێکیان نییە، ئیتر بۆ لێیان دەپارێنەوە؟ لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەڕائەت دەکەن لەوەی کە ئێوە ئەوانتان کردووە بە هاوبەش بۆ خوای گەورە، هیچ کەسێکیش وەکوو خوای گەورە ئەم هەواڵەت پێ ڕاناگەیەنێ، کە زۆر زانایە و زانیارییەکی وردی هەیە}.

ڕاڤەکردن

والذين تدعون من دونه: واتە: ئەوانەی جگە لە خوا لێیان دەپارێنەوە: لە فریشتە و پێغەمبەر و بتەکان و جگە لەوانەش.

قطمير: (القطمير) بریتییە لەو پەردەیەی کە لەسەر ناوکی خورمایە.

لا يسمعوا دعاءكم: چونکە یا مردوون، یان فریشتەنە و سەرقاڵن بەو شتەی کە بۆی دروستکراون.

ما استجابوا لكم: ناتوانن ئەو شتەتان بۆ جێبەجێ بکەن کە داوایان لێ دەکەن.

يكفرون بشرككم: نکوولّی لە شیرکەکەتان دەکەن و بەڕائەتیش لەو کەسانە دەکەن کە لەگەڵ خوا هاوبەشیان بڕیار داوە.

ولا ينبئك: هەواڵت پێ دەدات بە سەرەنجامی کارەکان.

مثل خبیر: زانا بێت پێی کە خوای بەرز و بڵندە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە باسی دۆخی ئەوانە دەکات کە جگە لە خوا داوایان لێ دەکرێت لە فریشتە و پێغەمبەر و بتەکان و جگە لەوانەش، بەشێوەیەک کە بەڵگە بێت لەسەر بێدەسەڵاتی و لاوازییان، هەروەها ئەوانە ئەو مەرجانەیان تێدا نییە کە پێویستە لە کەسی داوالێکراودا هەبێت، کە بریتییە لە: هەبوونی ئەو شتەی کە داوای لێ کراوە، بیستنی پاڕانەوە، توانا لەسەر وەڵامدانەوە. جا هەر کاتێک یەکێک لەو مەرجانە نەبوو، ئەوا پووچەڵ دەبێتەوە کە بێت داوالێکراو، چجای ئەگەر هەموویان بوونی نەبێت.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە بەڵگەی سەلمێنەری تێدایە لەسەر پووچەڵییەتی هاوبەش بڕیاردان و وەڵامدانەوەی هاوبەش بڕیار دەرەکان.

***

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵییەتی هاوبەش بڕیاردان بە بەڵگەی یەکلاییکەرەوە و ئاشکرا.

٢- ڕوونکردنەوەی ئەو مەرجانەی کە پێویستە بوونیان هەبێت لە کەسی داوالێکراو و هاواربۆکراو، کە بریتییە لە:

أ- ئەو شتەی کە داوای لێ دەکرێت، هەبێت.

ب- گوێبیستبوونی لە پاڕانەوەی ئەو کەسەی کە داوای لێ دەکات.

ج- بوونی توانا لەسەر وەڵامدانەوە.

٣- بێگومان بیروباوەڕ دامەزراوە لەسەر بەڵگە و دڵنیایی، نەک لەسەر گومان و خەملاندن و چاولێکردنی کوێرانە.

٤- جێگیرکردنی زانستی خوا بە سەرەنجامی کارەکان.

***

.....

وَفِي "الصَّحِيحِ" عَنْ أَنَسٍ -رضي الله عنه- قَالَ: شُجَّ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَوْمَ أُحُدٍ، وَكُسِرَتْ رَبَاعِيَتُهُ، فَقَالَ: «كَيْفَ يُفْلِحُ قَوْمٌ شَجُّوا نَبِيَّهُمْ؟» فَنَزَلَتْ: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ﴾.[1] [آل عمران: ١٢٨].

لە سەحیحدا هاتووە لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- فەرموویەتی: لە ڕۆژی ئوحوددا پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- سەر و ڕووخساری بریندار کرا، چوار ددانەکانی ناوەڕاستیشی شکێندران، بۆیە فەرمووی: "چۆن گەلێک ڕزگار و بەختەوەر دەبن، کەوا سەر و ڕووخساری پێغەمبەرەکەیان بریندار کردبێت؟" بۆیە بەو هۆیەوە ئەو ئایەتە دابەزی: {ئەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، هیچ شتێک بەدەست تۆ نییە}.

ڕاڤەکردن

فِي الصحيح: واتە: لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە.

شُجَّ: (الشجة): بریتییە لە برین لە سەر و ڕووخسار بەتایبەتی.

أحد: چیایەکی ناسراوە لە باکووری مەدینە، کەوتن و کارەساتە بەناوبانگەکە لەلای ئەو چیایە ڕوویدا؛ بۆیە درایە پاڵی.

الرباعية: بریتییە لەو ددانانەی کە لەدوای ددانەکانی پێشەوە(بڕندە)وە دێت، مرۆڤیش چوار ددانی چوارینەی هەیە.

كيف يفلح قومٌ.. إلخ: واتە: چۆن ڕزگاربوون و سەرکەوتن و بەختەوەرییان بۆ بەدەست دێت، لەگەڵ ئەوەی ئاوایان لە پێغەمبەرەکەیان کرد؟

---

[1] - أخرجه البخاري تعليقاً في كتاب المغازي باب: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾. ص ٧٧٢ ط: بيت الأفكار الدولية.

من الأمر: لە بڕیاردان لەسەر بەندەکان.

واتای کورتی فەرموودەکە: ئەنەس هەواڵ دەدات دەربارەی ئەوەی بۆ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕوویدا لە ڕووداوەکەی ئوحود لە بەڵا و تاقیکردنەوە لەسەر دەستی دوژمنەکانی، کە دوو شوێنی لاشەی پیرۆزی بریندار کرا، بۆیە وەکوو ئەوەی بێ ئومێد بوو لە ڕزگاربوونی بێباوەڕانی قوڕەیش، ئیتر بەهۆی ئەوەوە پێی گوترا: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾ [آل عمران: ١٢٨].

واتە: سەرەنجامی کارەکان و بڕیاری بەندەکان بەدەستی خوایە، بۆیە تۆ بڕۆ بەدەم کاری خۆتەوە و بەردەوامیش بە لەسەر بانگەوازەکەت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەی تێدایە لەسەر پووچەڵییەتی وەلی و پیاوچاک کردنە هاوبەشی خوا؛ چونکە ئەگەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نەتوانێت زەرەر لە خۆی دوورخاتەوە و هیچ بڕیارێکیشی بەدەست نەبێت، ئەوە جگە لەو لەپێشترە کە هیچی بە دەست نەبێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵییەتی وەلی و پیاوچاک کردنە هاوبەشی خوا؛ چونکە ئەگەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هیچ شتێک لە بڕیاری بەندەکانی بەدەست نەبێت، ئەوە جگە لەو لەپێشترە کە هیچی بە دەست نەبێت.

٢- تووشبوونی پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- بە نەخۆشی و تاقیکردنەوە.

٣- واجبییەتی بوونی ئیخلاس لە پەرستنی خوا؛ چونکە فەرمان و بڕیار تەنها بەدەستی خوایە.

٤- چاکیەتی ئارامگرتن و بەرگەگرتنی ئازار و زیان لەپێناوی بانگەوازکردن بۆ لای خوا.

٥- قەدەغەکردنی بێ ئومێدبوون لە ڕەحمەتی خوا، ئەگەرچی مرۆڤ تاوانی جگە لە شیرکیشی ئەنجامدا.

* * *

.....

وَفِيهِ عَنِ ابْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما-: أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرَّكُوعِ فِي الرَّكْعَةِ الأَخِيرَةِ مِنَ الْفَجْرِ: «اللَّهُمَّ الْعَنْ فُلَانًا وَفُلَانًا»، بَعْدَ مَا يَقُولُ: «سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ»؛ فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ﴾. [1] [آل عمران: ١٢٨].

وَفِي رِوَايَةٍ: يَدْعُو عَلَى صَفْوَانَ بْنِ أُمَيَّةَ، وَسُهَيْلِ بْنِ عَمْرٍو، وَالْحَارِثِ بْنِ هِشَامٍ، فَنَزَلَتْ: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ﴾. [2] [آل عمران: ١٢٨].

هەروەها لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت-: کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کاتێک سەری بەرز دەکردەوە لە کڕنووش لە ڕکاتی دووەمی لە نوێژی بەیانی، دەیفەرموو: "ئەی خوایە! نەفرەت لە فلّان و لە فلّان بکەیت" ئەمەش دوای ئەوەی دەیگوت: "سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْد"، بۆیە خوا ئەو ئایەتەی دابەزاند: {ئەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، هیچ شتێک بەدەست تۆ نییە}.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: کە دوعای لە سەفوانی کوڕی ئومەییە و سوهەیلی کوڕی عەمڕ و حارسی کوڕی هیشام دەکرد، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی دابەزاند: {ئەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، هیچ شتێک بەدەست تۆ نییە}.

ڕاڤەکردن

ابن عمر: عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتتابە -ڕەزای خوایان لێبێت-، هاوەڵێکی پایەبەرزە و لە خواپەرستان و زانایانی هاوەڵانە، ساڵی (٧٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٠٦٩".

[2] - أخرجه البخاري برقم "٤٠٧٠".

وفيه: واتە: لە سەحیحدا، مەبەستیشی پێی سەحیحی بوخارییە.

أنه سمع رسول الله: واتە: دوای ئەوەی لە ڕۆژی ئوحووددا سەر و ڕووخساری بریندار کرا و ددانە چوارینەکانی شکێنرا.

اللهم العن: واتە: دەریکە و دوورخەوە لە بەزەیی خۆت.

فلاناً وفلاناً: لەوانە سەفوانی کوڕی ئومەییە و سوهەیلی کوڕی عەمر و حارسی کوڕی هیشام.

سمع الله لمن حمده: خوا وەڵامی ئەو کەسەی داوە، کە سوپاسی کرد و قەبوولیشی کرد. چونکە بە (لام) تێپەڕی کردووە.

الحمد: دژ و پێچەوانەی سەرزەنشت کردنە، ستایشکردنیش لەسەر چاکە و سوپاسکراوەکان دەبێت، لەگەڵ خۆشەویستی بۆی.

يدعو على صفوان ... إلخ: لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی ئوحووددا لە سەرانی موشریکەکان بوون، بەڵام خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتن؛ چونکە موسڵمان بوون و ئیسلامەتییەکەشیان چاک و ڕێک بوو.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- هەواڵ دەدات کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەناو نوێژدا دوعای لە کەسانێکی دیاریکراو لە بێباوەڕەکان دەکرد، کە لە ڕۆژی ئوحووددا ئازاریان دابوو، بەڵام خوای گەورە بەو وتەیەی گلەیی لێ دەکات: {لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ} [آل عمران: ١٢٨]. هەروەها خوا تەوبەی لێ وەرگرتن و باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی هێنا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕوونی دەکاتەوە کە پێغەمبەر- صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نەیتوانی ئازاری هاوبەشی بڕیاردەرەکان لەخۆی و لە هاوەڵانی دوور بخاتەوە، بەڵکوو پەنای بردە بەر پەروەردگاری بەتوانای دەسەڵاتدار، ئەوەش

بەڵگەیە لەسەر پووچەڵییەتی ئەو بیروباوەڕەی کە گۆڕپەرستەکان هەیانە، دەربارەی وەلی و پیاوچاکەکان.

ئەو سوودانەی کە لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵییەتی پەیوەستبوون بە وەلی و پیاوچاکەکان، بۆ داواکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکان و لابردنی ناڕەحەتییەکان.

٢- دروستییەتی دوعاکردن لە هاوبەش بڕیاردەرەکان لەناو نوێژدا.

٣- فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ناوهێنانی کەسی دوعابۆکراو، یان دوعالێکراو، زەرەر بە نوێژ ناگەیەنێت.

٤- فەرموودەکە بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات، کە ئیمام (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَه) و (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْد) پێکەوە کۆدەکاتەوە و دەیانڵێت.

* * *

.....

وَفِيهِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَامَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حِينَ أُنْزِلَ عَلَيه: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ [الشعراء: ٢١٤]. فَقَالَ: «يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ -أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَا- اشْتَرُوا أَنْفُسَكُمْ؛ لَا أُغْنِي عَنكُمْ مِنَ اللهِ شَيْئًا، يَا عَبَّاسُ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، لَا أُغْنِي عَنْكَ مِنَ اللهِ شَيْئًا، يَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، لَا أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللهِ شَيْئًا، وَيَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ، سَلِينِي مِنْ مَالِي مَا شِئْتِ، لَا أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللهِ شَيْئًا». [1]

لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، کاتێک ئەو ئایەتەی بۆ دابەزی: {خزم و کەسە زۆر نزیکەکانت ئاگەدار کەوە و بیانترسێنە}، هەستا و فەرمووی: "ئەی کۆمەڵی قوڕەیش -یان وشەیەکی هاوشێوەی ئەمە-، نەفسی خۆتان بکڕنەوە و ڕزگاری بکەن، لەبەر ئەوەی من هیچ شتێکم بۆ ئێوە پێ ناکرێت لەلای خوا و ناتوانم سزای خواتان لێ دوور بخەمەوە، ئەی عەببباسی کوڕی عەبدولموتتەلیب، هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا، ئەی سەفییەی پووری پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا، ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد، چەندی حەزت لێیە لە سامانەکەم داوام لێ بکە، هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا".

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٧٥٣"، ومسلم برقم "٢٠٦"، والترمذي برقم "٣١٨٤".

ڕاڤەکردن

أبو هريرة: گوتراوە ڕاست ئەوەیە کە ناوی (عبد الرحمن بن صخر) بووە، دەوسییە و لە هاوەڵە گەورە و بەڕێز و حافز و زاناکانیان بووە. زیاتر لە پێنج هەزار فەرموودەی گێڕاوەتەوە، ساڵی پەنجا و حەفت یان هەشت یان نۆی کۆچی وەفاتی کردووە.

وفيه: واتە: لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە.

قام: واتە: بەرز بووەوە بۆ سەر چیای سەفا.

عشيرتك: هۆزی پیاو بریتیین لە نەوە نزیکەکانی باوکی، یان خانەوادەکەی.

الأقربين: واتە: نزیکترینیان، ئینجا نزیکەکەیان.

يا معشر: (المعشر): کۆمەڵ.

أو كلمة: بە نەسبی "كلمة" عەتفە لەسەر پێشی خۆی. واتە: یان وشەیەکی هاوشێوەی گوت، ئەمە گومانێکە لەلایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە.

اشتروا أنفسكم: واتە: ڕزگاری بکەن لە سزا بە یەکخواپەرستی و گوێڕایەڵیکردنی، پشت بەگەورەیی و شکۆی ڕەچەڵەک مەبەستن.

لا أغني عنكم من الله: ناتوانم سزای خواتان لێ دوورخەمەوە، ئەمە لابردنی ئەو گومانەیە کە پێیان وابوو بە تکاکردنی سزای خوایان لێ دوور دەخاتەوە.

عباسُ، وصفيةُ، وفاطمةُ: بە ڕەفع(زەمم) لەسەر مەبنی، دروستیشە بە نەسب(فەتحە) بۆ بانگکردن. **وابنَ، وعمةَ، وبنتَ:** تەنها بە نەسب، لەجیاتی موناداید، یان عەتفی بەیانە.

سليني من مالي: چونکە هەر ئەوەیە کە لە توانای دایە، بەڵام ئەوەی کە فەرمانی خوا بێت، ئەوا هیچ توانای لەسەری نییە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: ئەبوو هوڕەیڕە -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو کارەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کردی، کاتێک خوا

لە کتێبە پیرۆزەکەیدا فەرمانی پێ کرد کە خزمە نزیکەکانی ئاگەدار بکاتەوە؛ هەستا بەجێبەجێکردنی فەرمانی پەروەردگاری و بانگی قوڕەیشی کرد لەناو دۆڵەکانیان، هەروەها بانگی مامی و پووری و کچەکەی کرد و ئاگەداری کردنەوە بە ئاگەدارکردنەوەیەکی تایبەت و فەرمانیشی پێ کردن کە خۆیان ڕزگار بکەن لە سزای خوا، بە یەکدانانی خوا و گوێڕایەڵیکردنی، هەروەها پێی ڕاگەیاندن کەوا ناتوانێت هیچ شتێک لە سزای خوایان لێ دوور بخاتەوە، ئەگەر باوەڕ نەهێنن، کەواتە تەنها نزیکییان لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەبێ باوەڕهێنان، سوودی بۆیان نابێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە ئەوەی تێدایە کە دروست نییە شتێک لە پێغەمبەر داوا بکرێت، جگە لەویش لە پێشترە کە داوای لێ نەکرێت، تەنها ئەوەی کە لە توانای دایە لە کاروباری دونیایی. بەڵام ئەوەی کە کەس لەتوانایدا نییە تەنها خوا نەبێت، ئەوا دروست نییە داوا لە کەس بکرێت تەنها لە خوا نەبێت، کەوابوو وەڵامدانەوەی ئەو گۆڕپەرستانەی تێدایە کە هانا بۆ مردووەکان دەبەن؛ بۆ لابردنی ناڕەحەتی و جێبەجێکردنی پێداویستییەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی ئەوانەی پێغەمبەران و پیاوچاکان دەپەرستن، ئەوانەی پەیوەست دەبن بە دروستکراوەکان بۆ جێبەجێ بوونی ئەو پێداویستییانەیان کە تەنها لەتوانای خوادایە.

٢- دروست نییە هیچ شتێک لە بەندە داوا بکرێت، تەنها ئەوەی لە توانایدا بێت.

٣- پەلەکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی پەروەردگاری و گەیاندنی پەیامەکەی.

٤- هیچ شتێک لە سزای خوا ڕزگارت ناکات، تەنها باوەڕ و کردەوەی چاکە نەبێت، نەک پشت بەستن بە خۆدانە پاڵ بۆلای کەسەکان.

٥- بە دڵنیایی لەپێشترینی خەڵکی بە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، ئەوانەن کە گوێڕایەڵی دەکەن و شوێنی دەکەون، جا لە خزمە نزیکەکانی بن، یان جگە لەوان بن.

٦- تەنها خزمایەتی و نزیکی لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەبێ باوەڕ و کردەوەی چاک و بیروباوەڕی ڕاست و دروست، سوودی نابێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای دوو ئایەتەکە.

دووەم: چیرۆک و داستانی ئوحوود.

سێیەم: دوعای قونووتی گەورەی پێغەمبەران، گەورە پیاوچاکانیش لە پشتییەوەن و ئامین دەکەن لەناو نوێژدا.

چوارەم: ئەوانەی دوعایان لێ دەکرا، بێباوەڕ بوون.

پێنجەم: قوڕەیشییەکان شتانێکیان کرد، کە زۆربەی بێباوەڕەکان نەیان دەکرد، لەوانە: بریندارکردنی سەر و ڕووخساری پێغەمبەرەکەیان، سووربوونیان لەسەر کوشتنی، شێواندنی لاشەی کوژراوەکان، لەگەڵ ئەوەی ئەوان کوڕە مامیان بوون.

شەشەم: خوای گەورە دەربارەی ئەو بابەتە، ئەو ئایەتەی دابەزاندە سەری: {ئەی موحەممەد، هیچ شتێک لەو کارە بەدەست تۆ نییە}.

حەفتەم: وتەی خوا: {چ خوا تەوبەیان لێ وەربگرێت، یان سزایان بدات، چونکە بەڕاستی ئەوانە ستەمکارن}؛ ئەوەبوو خوا تەوبەی لێ قەبوولکردن و باوەڕیان هێنا.

هەشتەم: دوعای قونووت خوێندن لە کاتی دابەزینی ناخۆشی و ناڕەحەتی بەسەر موسڵمانانداا.

نۆیەم: ناوهێنانی دوعالێکراو لەناو نوێژدا، بە ناوەکانی خۆیان و باب و باپیریان.

دەیەم: نەفرەتکردن لەکەسی دیاریکراو لەناو قونووتدا.

یازدەیەم: بەسەرهاتی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، کاتێک ئەو ئایەتەی بۆ دابەزی: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾.

دوازدەیەم: سووربوون و کۆششی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەسەر ئاگەدارکردنەوە و بانگەوازکردن، بەشێوەیەک بەهۆی ئەو کارەوە درایە پاڵ شێتیەتی، بەهەمان شێوەش ئەگەر ئەمڕۆ موسڵمان ئاوا بکات، دەدرێتە پاڵ شێتیەتی.

سێزدەیەم: وتەی پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بۆ دوور و نزیک: "هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا"، هەتا فەرمووی: "ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد! هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێت لەلای خوا"، جا ئەگەر پێغەمبەر - کە گەورەی پێغەمبەرانە- هیچی پێ نەکرێت بۆ گەورەی ئافرەتانی جیهانیان، هەروەها ئەگەر مرۆڤیش باوەڕی بەوە هەبێت کە پێغەمبەر تەنها ڕاستی دەڵێت، پاشان سەیری ئەوە بکات کە چی لەناو دڵی خەڵکی تایبەت دایە ئەمڕۆ، ئەوکاتی وازهێنان لە یەکخواپەرستی و غەریبییەتی دینی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿حَتَّى إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ﴾ [سبأ: ٢٣].

بەشی وتەی خوای بەرز و بڵند: {کاتێک کە خوای گەورە لە ئاسمان قسە دەکات و بڕیارێک دەردەکات، مەلائیکەت هەموویان سوژدە بۆ خوای گەورە دەبەن و دەترسێن، تا ترسەکە لەسەر دڵیان لادەچێت، دواتر بە جبریل، یان بە هەڵگرانی عەرشی خوای گەورە دەڵێن: پەروەردگارتان چی فەرموو؟ دەڵێن: وتە ڕاستەکەی فەرموو، خوای گەورە زۆر بەرز و بڵند و گەورەیە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە ڕوونکردنەوەی دۆخی فریشتەکانی تێدایە، ئەوانەی بەهێزترین و گەورەترین کەسانێکن کە جگە لە خوا پەرستراون، جا ئەگەر ئەوە دۆخیان بێت لەگەڵ خوا، ئەوەی کە باس کرا لە ڕێزیان بۆ خوا و ترسانیان لە خوا، ئیتر چۆن لەگەڵ خوا داوایان لێ دەکرێت؟ کەواتە جگە لەوان لەپێشترە کە داوایان لێ نەکرێت. ئەوە وەڵامێکە بۆ هەموو ئەو هاوبەشبڕیاردەرانەی، کەوا لەگەڵ خوا داوا لە کەسانێک دەکەن کە هاوشێوەی فریشتەکانیش نەبن.

فُزِّع عن قلوبهم: ترسەکە لە دڵی فریشتەکان لاکەت، ئەو بورانەوەیەی کە تووشیان دەبێت لەکاتی بیستنی وتەی خوا لەڕێگەی وەحی بۆ لای جبریل.

قالوا: واتە: هێندێکیان وەکوو موژدەدان بە هێندێکی دیکەیان گوت: {پەروەردگارتان چی فەرموو؟} [سبأ: ٢٣]. دەڵێن: ڕاستی و حەق: واتە: خوا حەقی فەرموو.

وهو العلي: ئەو زاتەی بەرز و بڵندی شکۆ و پلەوپایە و بەرزی دەسەڵات و زاڵبوون و بەرزی زاتی هەیە.

الكبير: ئەو زاتەی کە لەو گەورەتر و مەزنتر نییە -تبارك وتعالى-.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی فریشتەکان، کاتێک گوێیان لە وەحی خوای گەورە دەبێت بۆ جبریل، لەو کاتەدا لەبەر بەگەورە دانان و ترسی خوا دەترسن، هەروەها دەلەرزن، تاوەکوو تووشی دۆخێک دەبن وەکوو لەهۆشخۆچوون، جا کاتێک ترسەکە لەسەر دڵیان نامێنێت، دەست دەکەن بە پرسیارکردن و دەڵێن: {پەروەردگارتان چیی فەرموو}؟ ئەوانیش دەڵێن: ڕاستیی فەرموو، هەر ئەویش بەرز و بڵندە لەسەر هەموو شتێک، ئەو زاتەیە لەو گەورەتر و مەزنتر نییە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی هەموو دەستە و تاقمی هاوبەش بڕیاردەرەکان، ئەوانەی کەسانێک دەپەرستن کە وەکوو فریشتەکانیش نیین و یەکسان نیین بەوان، لە هیچ سیفەتێک لە سیفاتەکانیان.

٢- جێگیرکردنی قسەکردن بۆ خوای پاک و بێگەرد و بڵند، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

٣- بە دڵنیایی وتەی خوای گەورە دروستکراو نییە، چونکە فریشتەکان دەڵێن: {پەروەردگارتان چی فەرموو}؟ نەیانفەرموو: پەروەردگارتان چی دروستکرد؟

٤- جێگیرکردنی سیفەتی بەرز و بڵندی بۆ خوا لەسەر دروستکراوەکانی.

٥- جێگیرکردنی گەورەیی خوا.

* * *

.....

فِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «إِذَا قَضَى اللهُ الأَمْرَ فِي السَّمَاءِ ضَرَبَتِ الْمَلَائِكَةُ بِأَجْنِحَتِهَا خَضَعَانًا لِقَوْلِهِ، كَأَنَّهُ سِلْسِلَةٌ عَلَى صَفْوَانٍ، يَنْفُذُهُمْ ذَلِكَ. حَتَّى إِذَا فُزِّعَ عَنْ قُلُوبِهِمْ؛ قَالُوا: مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ؟، قَالُوا: الْحَقَّ؛ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ، فَيَسْمَعُهَا مُسْتَرِقُ السَّمْعِ، وَمُسْتَرِقُ السَّمْعِ هَكَذَا بَعْضُهُ فَوْقَ بَعْضٍ -وَصَفَهُ سُفْيَانُ بِكَفِّهِ، فَحَرَفَهَا وَبَدَّدَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ- فَيَسْمَعُ الْكَلِمَةَ فَيُلْقِيهَا إِلَى مَنْ تَحْتَهُ، ثُمَّ يُلْقِيهَا الآخَرُ إِلَى مَنْ تَحْتَهُ، حَتَّى يُلْقِيَهَا عَلَى لِسَانِ السَّاحِرِ أَوِ الْكَاهِنِ، فَرُبَّمَا أَدْرَكَهُ الشِّهَابُ قَبْلَ أَنْ يُلْقِيَهَا، وَرُبَّمَا أَلْقَاهَا قَبْلَ أَنْ يُدْرِكَهُ، فَيَكْذِبُ مَعَهَا مِائَةَ كَذْبَةٍ، فَيُقَالُ: أَلَيْسَ قَدْ قَالَ لَنَا يَوْمَ كَذَا وَكَذَا: كَذَا وَكَذَا؟ فَيُصَدَّقُ بِتِلْكَ الْكَلِمَةِ الَّتِي سُمِعَتْ مِنَ السَّمَاءِ».[1]

لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئەبوو هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "کاتێک خوای گەورە لە ئاسمان بڕیارێکی دەرکرد، فریشتەکان بە باڵەکانیان دەدەن بەیەکدا، وەکوو دەربڕینی ملکەچییەک بۆ بڕیار و وتەکەی خوا، دەنگی وتەکەی خوا لە کاریگەری لەسەر دڵیان، وەکوو زنجیرێکی ئاسن وایە کە بەسەر بەردێکی لووسدا بهێنرێت، ئاوا دەگاتە هەموویان و دەترسن و کاریگەری لەسەریان دەبێت. جا کاتێک ترسەکە لەسەر دڵیان لادەچێت، هێندێکیان بە هێندێکی دیکەیان دەڵێن: ئەرێ پەروەردگارتان چ بڕیارێکی

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٧٠١".

فەرموو؟ دەڵێن: حەقی فەرموو، خوای گەورەش بەرز و بڵند و گەورەیە، جا ئەو شەیتانانەی کە گوێ بۆ قسەی فریشتەکان دەگرن، گوێیان لەو قسەیە دەبێت، ئەو شەیتانە گوێگرانەش ئاوان، هێندێکیان لەسەر هێندێکی دیکەیانن -سوفیان بەدەستەکانی وەسفی کرد، جا دەستەکانی خوار کردەوە و نێوانی پەنجەکانی لێک بڵاوکردەوە- شەیتانەکە گوێی لەو قسەیە دەبێت و دەیگەیەنێتە ئەوەی ژێرە خۆی، پاشان ئەوەی دیکە دەیگەیەنێتە ژێرە خۆی، هەتا دەیگەیەنێتە سەر زمانی جادووگەرێک، یان فاڵچییەک، لەوانەیە پزیسک[ئەستێرەی سوتێنەر]ی بەرکەوێت و بیسوتێنێت، پێشی ئەوەی وشەکە بگەیەنێت، ڕەنگە وشەکەش بگەیەنێت، پێشی ئەوەی پارچە ئەستێرەکەی پێ بکەوێت، ئەویش سەد درۆی لەگەڵ تێکەڵ دەکات، ئینجا دەوترێت: ئایا فلانە ڕۆژ ئاوا و ئاوا: ئاوا و ئاوای نەگوت[ڕاست بوو]؟ بۆیە بەهۆی ئەو وشە ڕاستەی کە لە ئاسمان بیستراوە، جادووگەرەکە بەڕاست دادەنرێت".

ڕاڤەکردن

سفيان: سوفیانی کوڕی عویەینەی کوڕی مەیمونی هیلالییە، متمانە و حافز و بەڵگەیە، لە گەورە پێشەواکانە، ساڵی (١٩٨)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

في الصحيح: واتە: لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە.

إذا قضى الله الأمر: واتە: ئەگەر خوا بڕیارێکی فەرموو.

خَضَعاناً: بە دوو فەتحە، لە (الخضوع)ـەوە هاتووە، ڕیوایەتیش کراوە بە زەممەی یەکەمین و سکونی دووەمینی، واتە: (خاضعين)ملکەچیین.

كأنه: واتە: دەنگە بیستراوەکە.

صفوان: بریتییە لە بەردێکی لووس.

ينفذهم ذلك: واتە: ئەو قسەیە دەگاتە هەموو شوێنێکی فریشتەکان و کاریان تێ دەکات.

فيسمعها: واتە: ئەو وشەیەی کە خوا بڕیاری داوە.

مسترق السمع: ئەو شەیتانانەی کە گوێ لە قسەی فریشتەکان دەگرن.

وصفه: واتە: وەسفی ئەوە دەکات کە چۆن شەیتانەکان هێندێکیان دەچنە سەر پشتی هێندێکی دیکەیان، هەتا دەگەنە ئەو شوێنەی کە گوێیان لە قسەی فریشتەکان دەبێت، کاتێک باسی ئەو فەرمانە دەکەن کە خوا بڕیاری داوە.

فحرّفها: خواری کردەوە.

وبدد بين أصابعه: واتە: نێوانی پەنجەکانی بڵاو کردەوە.

الساحر: ئەوەی جادوو ئەنجام دەدات: کە بریتییە لەو شتەی هۆکارەکەی شاراوە و وردە، لە کاری گرێدان و ڕوقیە خوێندن و جگە لەمانەش.

والكاهن: ئەو کەسەیە کە هەواڵ دەدات دەربارەی کاروباری بوونەوەر لە داهاتووی ڕۆژگار و بانگەشەی ناسینی نهێنییەکان دەکات.

أدركه الشهاب: واتە: ئەوەی گوێ دەگرێت، پارچە ئەستێرەیەکی پێ دەکەوێت، (الشهاب): ئەوەی کە تێی دەگیرێت پێش ئەوەی قسەکە بگەیەنێت، ڕاستەوخۆ دەیسووتێنێت.

فيكذب: واتە: جادووگەرەکە، یان فاڵچییەکە درۆ دەکات.

معها: واتە: لەگەڵ ئەو وشەیەی کە گەیاندوویەتی.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات دەربارەی بەگەورەدانانی فریشتەکان، بۆ قسەی خوا و ئەوەی کە بەسەریان دێت لە ترس و پرسیارکردنیان لەوەی پەروەردگاریان فەرموویەتی و وەڵامدانەوەی هێندێکیان بۆ هێندێکی دیکەیان. هەروەها ئەوەی شەیتانەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوانەی گوێ لە قسەی فریشتەکان دەگرن لەو بابەتەدا؛ بۆ ئەوەی بیگەیەنن بە جادووگەر و فاڵچییەکان لە خەڵکی، ئەوەشی کە شەیتانەکان پێیان دەکەوێت لە تێگرتنی پارچە ئەستێرە لەوکاتەدا، بەڵام هێندێک جار شیتانەکە دەتوانێت ئەو وشەیەی لە فریشتەکە دەبیستێت، بیگەیەنێت بە جادووگەر، یان فاڵچییەکە؛ ئەمەش لەبەر حیکمەتێک کە خوا دەیزانێت، ئەگەرنا خوای گەورە هیچ شتێکی لێ ون نابێت، ئینجا لەگەڵ ئەو وشەیەدا، لەلایەن شەیتان، یا ئادەمییەوە نەوەد و نۆ درۆی تێکەڵ دەکرێت و

هەمووشی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەکرێتەوە، خەڵکیش بەهۆی ئەو قسە ڕاستەوە، هەمووی بەڕاست دادەنێن.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە وەڵامدانەوەی تێدایە بۆ هاوبەشبڕیاردەرەکان؛ چونکە ئەگەر ئەوە دۆخی فریشتەکان بێت لەکاتی بیستنی قسەی خوا، لەگەڵ ئەو هێزەی کە خوا پێی بەخشیون، ئەوا زاندرا کە دروست نییە شتێک لە پەرستشەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت، چجای ئەو کەسەی کە لەخوار ئەوانە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بەرپەرچدانەوەی ئەو هاوبەشبڕیاردەرانەی کە فریشتە و پێغەمبەر و پیاوچاکەکان دەپەرستن.

٢- بەگەورەدانانی خوا، هەروەها تەنها ئەو شایستەی پەرستشە، تاک و تەنهایە و هاوبەشی نییە.

٣- جێگیرکردنی بەرز و بڵندی خوا لەسەر دروستکراوەکانی، هەروەها جێگیرکردنی قسەکردنی بە قسەیەکی بیستراو.

٤- پووچەڵکردنەوەی جادوو و فاڵگرتنەوە، ئەگەرچی لەهێندێک کاتدا فاڵچی و جادووگەرەکەش ڕاست بکەن.

٥- بایەخ بە باو و زۆرینەیە، نەک دەگمەن و کەم.

* * *

.....

وَعَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سِمْعَانَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «إِذَا أَرَادَ اللهُ تَعَالَى أَنْ يُوحِيَ بِالأَمْرِ، تَكَلَّمَ بِالْوَحْيِ أَخَذَتِ السَّمَاوَاتِ مِنْهُ رَجْفَةٌ» أَوْ قَالَ: «رَعْدَةٌ شَدِيدَةٌ، خَوْفًا مِنَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، فَإِذَا سَمِعَ ذَلِكَ أَهْلُ السَّمَاوَاتِ صَعِقُوا وَخَرُّوا للهِ سُجَّدًا، فَيَكُونُ أَوَّلَ مَنْ يَرْفَعُ رَأْسَهُ جِبْرِائِيلُ، فَيُكَلِّمُهُ اللهُ مِنْ وَحْيِهِ بِمَا أَرَادَ، ثُمَّ يَمُرُّ جِبْرِائِيلُ عَلَى الْمَلَائِكَةِ، كُلَّمَا مَرَّ بِسَمَاءٍ سَأَلَهُ مَلَائِكَتُهَا: مَاذَا قَالَ رَبُّنَا يَا جِبْرِائِيلُ؟ فَيَقُولُ جِبْرِائِيلُ: قَالَ الْحَقَّ، وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ. فَيَقُولُونَ كُلُّهُمْ مِثْلَ مَا قَالَ جِبْرِائِيلُ. فَيَنْتَهِي جَبْرِائِيلُ بِالْوَحْيِ إِلَى حَيْثُ أَمَرَهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ».[1]

لە نەوواسی کوڕی سیمعانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "ئەگەر خوای بەرز و بڵند بیەوێت وەحی بە فەرمانێک بکات و بڕیارێک دەربکات، قسە دەکات بە وەحی، ئاسمانەکان لەترسی خوا تووشی لەرزین دەبن" یان فەرمووی: "لەرزینێکی تووند دەیانگرێت، لەترسی خوای گەورە، جا ئەگەر خەڵکی ئاسمانەکان[فریشتەکان]، گوێیان لەو وتەیەی خوا بوو، لەهۆش خۆیان دەچن و دەکەونە سوژدەبردن بۆ خوا، جا یەکەم کەس کە سەری بەرز دەکاتەوە جبریلە، ئینجا خوای گەورە لە وەحی خۆی قسەی لەگەڵدا دەکات بەو شتەی کە خۆی دەیەوێت، پاشان جبریل بەلای فریشتەکاندا تێدەپەڕێت، هەرکاتێک بەلای ئاسمانێکدا تێبپەڕێت، فریشتەکانی پرسیاری لێ دەکەن: ئەی جبریل! پەروەردگارمان

[1] - أخرجه ابن خزيمة في التوحيد رقم "٢٠٦"، وابن أبي عاصم في السنة رقم "٥١٥"، والآجري في الشريعة.

چی فەرموو؟ ئەویش دەڵێت: حەق و ڕاستی فەرموو، هەر ئەویش بەرز و بڵند و هەرە گەورەیە. ئینجا هەموویان قسەیەک دەڵێن هاوشێوەی ئەوەی جبریل گوتی. پاشان جبریل وەحیەکە دەگەیەنێتە ئەو شوێنەی، کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە".

ڕاڤەکردن

النواس: نەوواسی کوڕی سیمعانی -بەکەسرەی سینەکە- کوڕی خالیدی کوللابییە، هاوەڵێکی گەورەیە -ڕەزای خوای لێبێت-.

الوحي: واتە: وتەی خوای دابەزێنراوە بۆ سەر پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکانی.

أخذت السماوات: واتە: تووشی ئاسمانەکان بوو.

رجفة: بە ڕەفع(زەممە). واتە: دەلەرزێت و دەشڵەژێت.

خوفاً من الله: لەبەر ئەوەی لە خوا دەترسێت، بەو هەست و ناسینەی خوا کە تێیدا دانراوە.

صعقوا: (الصعق): بورانەوە و لەهۆش خۆچوون.

خروا: (خرّ): کەوتن لە بەرزییەوە، مەبەستیش لێرەدا کەوتنە سوژدە بردنە.

أول: بە فەتحەی لامەکە خەبەری (يكون)ـە.

إلى حيث أمره الله: لە ئاسمان و زەوی.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات دەربارەی گەورەیی خوا، بەوەی ئەگەر بیەوێت لە وەحیەکەی قسە بکات بەوەی کە دەیەوێت، ئەوا ئاسمانەکان تووشی لەرزین و جووڵەیەکی تووند دەبن لەترسی خوای گەورە؛ چونکە دەزانن خوا چەندە گەورەیە، جا ئەگەر فریشتەکان گوێبیستی قسەی خوای گەورە بوون، لەهۆش خۆیان دەچن و دەکەونە سوژدە بردن؛ لەبەر بەگەورەدانانی خوا و لەترسی خوا، پاشان جبریل -عليه السلام- یەکەم کەسە لەوان کە سەری بەرز دەکاتەوە؛ چونکە نوێنەرە لەنێوانی خوا و پێغەمبەرەکانی، جا خوا

قسەی لەگەڵدا دەکات بەوەی کە دەیەوێت لە بڕیارەکانی، پاشان جبریل بەلای فریشتەی ئاسمانەکاندا تێدەپەڕێت، ئەوانیش پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی ئەوەی خوا چی فەرموە؟ ئەویش بەو شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە: "حەقی فەرموە و بڵند و هەرە گەورەشە"، ئینجا ئەوانیش هاوشێوەی قسەکەی جبریل دەڵێنەوە، پاشان جبریل دەڕوات و وەحییەکە دەگەیەنێتە لای ئەو کەسە، کە خوا فەرمانی پێ کردووە پێی بگەیەنێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە هەمان ئەو شتەی تێدایە کە لە دەقەکانی پێشوودایە، لە ڕوونکردنەوەی گەورەیی خوا و ترسی فریشتەکان و ئاسمانەکان لە خوا، کەواتە وەڵامدانەوەی تێدایە لەسەر ئەو کەسەی کە جگە لە خوا دەپەرستێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بەرپەرچ دانەوەی ئەو هاوبەشی بڕیاردەرانەی کە لەگەڵ خوادا دروستکراوی دیکەیان کردۆتە پەرستراو.

٢- ڕوونکرنەوەی گەورەیی خوا و شایستەیی بۆ پەرستن بە تاک و تەنها.

٣- جیگیرکردنی ئەوەی خوا قسە دەکات، کەی بیەوێت، بەو شتەی بیەوێت، چۆن بیەوێت.

٤- جێگیرکردنی بەرز و بڵندی خوا بەسەر دروستکراوەکانیەوە.

٥- چاکیی و گەورەیی جبریل -علیه السلام-.

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکە.

دووەم: ئەو بەڵگەیەی کە تێیدایە لەسەر پووچەڵیەتی هاوبەش بڕیاردان، بەتایبەتی ئەو کەسەی پەیوەست بووە بە پیاوچاکانەوە، کە بریتییە لەو ئایەتەی دەربارەی گوتراوە: ڕەگی داری هاوبەش بڕیاردان دەپچڕێنێت لە دڵدا.

سێیەم: لێکدانەوەی واتای ئەو وتەیەی خوا: {وتە ڕاستەکەی فەرموو، تەنها ئەویش بەرز و بڵند و گەورەیە}.

چوارەم: هۆکاری پرسیارکردنیان لەو بوارەوە.

پێنجەم: جبریل دوای ئەوە بەو وتەیەی وەڵامیان دەداتەوە: "ئاوا و ئاوای فەرموو".

شەشەم: باسی ئەوەی کە یەکەم کەس سەری بەرز دەکاتەوە: جبریلە.

حەفتەم: جبریل ئەو قسەیە بە فریشتەکانی هەموو ئاسمانەکان دەڵێت؛ لەبەر ئەوەی پرسیاری لێ دەکەن.

هەشتەم: بورانەوەکە، خەڵکی هەموو ئاسمانەکان دەگرێتەوە.

نۆیەم: لەرزینی ئاسمانەکان؛ لەبەر گوێبیستبوونی قسەی خوا.

دەیەم: تەنها جبریلە کە وەحی دەگەیەنێتە ئەو شوێنەی خوا فەرمانی پێ کردووە.

یازدەیەم: باسی گوێڕاگرتن و دزینی قسە لەلایەن شەیتانەکانەوە.

دوازدەیەم: چۆنیەتی سواربوونی هێندێکیان لەسەر پشتی هێندێکی دیکەیان.

سێزدەیەم: ڕەوانەکردنی ئەستێرەکان.

چواردەیەم: هێندێک جار ئەستێرەکە بەری دەکەوێت پێش ئەوەی قسەکە بگەیەنێت، هێندێک جاریش قسەکە دەگەیەنێتە گوێی دۆستەکەی خۆی لە مرۆڤ، پێشی ئەوەی ئەستێرەکەی بەرکەوێت.

پازدەیەم: فاڵچیش، هێندک جار قسەی ڕاست دەکات.

شازدەیەم: لەگەڵ ئەو قسە ڕاستەدا، سەد درۆی تێکەڵ دەکات.

حەڤدەیەم: درۆیەکەیان بەڕاست دانەناوە، ئیللا بەهۆی ئەو وشەیەی کە لە ئاسمانەکانەوە بیستراوە.

هەژدەیەم: ومرگرتنی شتی پووچەڵ و بەتاڵ لەلایەن دەروونەکانەوە، چۆن پەیوەست دەبن بە یەک قسەی ڕاست، بەڵام بایەخ بە سەد درۆ نادەن و پەندی لێ ومرناگرن؟!

نۆزدەیەم: خەڵکی هێندێکیان ئەو وشەیە دەگەیەننە هێندێکی دیکەیان و لەبەری دەکەن و دەیکەنە بەڵگە.

بیستەم: جێگیرکردنی سیفاتەکان بە پێچەوانەی پەکخەرەکان[ئەوانەی سیفاتەکانی خوا لەکار دەخەن].

بیست و یەکەم: دەربڕینی هۆکاری ئەو لەرزین و لەهۆش خۆچوونە؛ لەبەر ترسانە لە خوای گەورە.

بیست و دووەم: فریشتەکان دەکەونە سوژدەبرن بۆ خوای گەورە.

❁❁❁

بَابُ الشَّفَاعَةِ

بەشی تکاکردن

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَأَنذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُواْ إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ﴾ [الأنعام: ٥١].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەی موحەممەد، بەو قورئانە پیرۆزە ئاگەداری ئەو کەسانە بکە، کە دەترسێن لەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە حەشریان بکات و زیندوویان بکاتەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، کە لەو ڕۆژەدا هیچ دۆست و خۆشەویستێکیان نییە کە دۆستایەتی و خۆشەویستییان بکات، هیچ پشتیوانێکیان نییە کە پشتیوانیان بێت، سەرخەر و تکاکارێکیان لای خوای گەورە نییە کە تکایان بۆ بکات}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: کاتێک هاوبەش بڕیاردەرەکان بیانوو بۆ ئەو شیرکە دێننەوە، کە لەسەرینە لە هاوارکردنە فریشتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکان، هەروەها دەڵێن: ئێمە دەزانین کە ئەوانە دروستکراون، بەڵام لەلای خوا پێگە و ڕێزیان هەیە، ئێمەش دەمانەوێت ئەوانە تکامان بۆ بکەن لەلای خوا، دانەر - ڕەحمەتی خوای لێبێت- بەو بەشە دەیەوێت ئیقامەی حوججە بکات لەسەر ئەوەی کە ئەو کارە خودی ئەو شیرکەیە کەوا خوا قەدەغەی کردووە و هەموو هۆکارێکیشی پووچەڵ کردۆتەوە کە سەر دەکێشێت بۆ شیرک.

الشفاعة: چاوگ(مصدر)ـی (شفع)ـەیە، واتا: دانەپاڵی شتێک بۆ هاوشێوەی خۆی، کاتێک دەڵێی: (شفعت الشيء شفعاً) واتا: شتێکم دایەپاڵ تاکێک. هەروەها

(شفع فيه) واتە: یارمەتیدا لە بەدەستهێنانی داواکارییەکەی، لەلای کەسێک کە لەلای بێت.

وأنذِرْ: (الإنذار) بریتییە لە: ئاگەدارکردنەوە لە شوێنی ترس و وریاکردنەوە لێی.

بە: واتە: بە قورئان.

یخافون: دەترسن.

أن یحشروا: کۆبکرێنەوە و زیندووبکرێنەوە.

لیس لهم من دونه ولي ولا شفیع: لە شوێنی نەسبە لەسەر حال، واتە: هیچ دۆستێکیان نییە کە سەریان بخات، هیچ تکاکارێکیشیان نییە کە تکایان بۆ بکات.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەفەرموێ: بە قورئان ئەو کەسانە بترسێنە کە لە پەروەردگاریان دەترسن، لەوانەی خاوەنی دڵێکی تێگەیشتوون، ئەوانەی بیر لە وەستانیان دەکەنەوە لەبەردەم پەروەردگاریان، هیچ نزیکێکیان نییە کە سەریان بخات و نێوەندێکیش نییە کە لەلای خوا تکایان بۆ بکات بەبێ مۆڵەتی خۆی، بەشکوو خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو کاتە و لەو دونیایەش کارێک بکەن کە بەهۆیەوە خوا ڕزگاریان بکات لە سزای خۆی لە ڕۆژی دواییدا.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە وەڵامدانەوەی تێدایە بۆ ئەو هاوبەشبڕیاردەرانەی کە لە پێغەمبەران و پیاوچاکان دەپارێنەوە و داوای تکاکردنیان لێ دەکەن.

ئەو سوودانەی کە لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی ئەو هاوبەشبڕیاردەرانەی تێدایە کە خۆیان نزیک دەکەنەوە لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و داوای تکاکردنیان لێ دەکەن.

٢- دروستییەتی ئامۆژگاری و بیرخستنەوەی ڕۆژی دوایی.

٣- بە دڵنیایی هەر باوەڕدارانن کە سوود لە ئامۆژگاری وەردەگرن. * * *

.....

وَقَوْلُهُ تعالى: {قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا} [الزمر: ٤٤].

وَقَوْلُهُ: {مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ} [البقرة: ٢٥٥].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەی موحەممەد، بڵێ: شەفاعەت هەمووی بۆ خوای گەورەیە و بەدەست خوای گەورەیە و کەس بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندی خوای گەورە، ناتوانێت شەفاعەت بکات و خوای گەورە لە کافران و خواکانیشیان ڕازی نییە، ئیتر چۆن دەتوانن شەفاعەتتان بۆ بکەن؟!}

هەروەها فەرمایشتی خوا: {هیچ کەسێک ناتوانێ شەفاعەت بکات لەلای خوای گەورە، ئیللا بەمۆڵەتی خوای گەورە نەبێ، کە مۆڵەت بدات بۆ تکاکار و تکابۆکراو}.

ڕاڤەکردن

لله الشفاعة: واتە: شەفاعەت مولْکی خوایە، کەواتە ئەوانەی ئێوە داوای شەفاعەتیان لێ دەکەن، هیچ شتێک لە شەفاعەتیان بەدەست نییە.

جميعاً: حالێکی تەئکید لەسەر کراوە.

من ذا الذي: واتە: هیچ کەسێک.

يشفع عنده إلا بإذنه: خوا مۆڵەتی بدات بۆ تکاکردن، کەواتە هیچ یەکێک بۆی نییە کە قسە بکات بە تکاکردن، ئیللا ئەگەر خوای گەورە مۆڵەتی پێ بدات بە قسەکردن.

واتایەکی کورت بۆ دوو ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات، بەوانە بڵێت کە پەیوەستن بە وەلی و پیاوچاکەکان و داوای تکاکردنیان لێ دەکەن: ئەوانەی ئێوە داوایان لێ دەکەن، هیچ شتێک لە تکاکردنیان بەدەست نییە، بەڵکوو تکاکردن هەمووی مولْکی خوایە، کەس ناتوانێت تکا بۆ کەسێکی دیکە بکات، ئیللا

بە مۆڵەتی خوا نەبێت، کەواتە کەس ناتوانێت لەڕۆژی دواییدا قسە بکات، ئیللا ئەگەر خوای گەورە مۆڵەتی پێ بدات بە قسەکردن.

پەیوەندی دوو ئایەتەکە بەو بەشەوە: دوو ئایەتەکە وەڵامدانەوەی ئەو هاوبەشبڕیاردەرانەی تێدایە کە جگە لە خوا، چەند تکاکارێکیان بۆ خۆیان داناوە لە فریشتە و پێغەمبەر و بتەکان، ئەوانەی کە وێنەیان کێشراوە لەسەر وێنەی پیاوچاکەکان، واش گومان دەبەن کە شتێک لە تکاکردنیان بەدەستە و دەتوانن تکا بکەن لەلای خوا، بە بێ مۆڵەتی ئەو.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی ئەو هاوبەشبڕیاردەرانەی کەوا داوای شەفاعەت لە دروستکراوەکان دەکەن.

٢- بە دڵنیایی شەفاعەت بەتەنها مووڵکی خوایە، بۆیە پێویستە تەنها داوا لەو بکرێت.

٣- ڕوونکردنەوەی گەورەیی و دەسەڵاتی خوا و ملکەچبوونی هەموو دروستکراوەکان بۆ فەرمانڕەواییەکەی.

٤- لە ئایەتی دووەمدا، جێگیرکردنی شەفاعەتی تێدایە، بۆ ئەو کەسەی کە خوای گەورە مۆڵەتی بدات بەوەی تکای بۆ بکرێت.

* * *

.....

وَقَوْلُهُ تعالى: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللهُ لِمَن يَشَاء وَيَرْضَى﴾ [النجم: ٢٦].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {چەندەها فریشتە هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا لەگەڵ زۆری پەرستنیان بۆ خوای گەورە و ڕێزیان لای خوای گەورە، شەفاعەت و تکای ئەوان لای خوای گەورە هیچ سوودێکی نییە، ئیللا لە پاش ئەوەی کە خوای گەورە مۆڵەتیان بدات، کە شەفاعەت بکەن بۆ هەر کەسێک، کە ویستی لێ بێ و ڕازیش بێ لەو کەسەی کە شەفاعەتی بۆ دەکرێ، واتە: ئەهلی تەوحید بێت و موشریک نەبێت، ئیتر چۆن ئێوە بەئومێدی ئەو بتانەن تاوەکوو شەفاعەتتان بۆ بکەن؟!}

ڕاڤەکردن

کم: خەبەرییە لە شوێنی ڕەفع لەسەر ئیبتیداء. واتاکەی: زۆرێک لە فریشتەکان.

لا تغني: نە سوودی هەیە و نە سوودیش دەگەیەنێت، لە شوێنی ڕەفع خەبەری موبتەدایە.

إلا من بعد أن يأذن الله: خوا مۆڵەتیان بدات بە تکاکردن.

لمن يشاء: بۆ ئەو کەسەی کە ویستی لێبێت لە بەندەکانی.

ويرضى: خوا لە قسە و کردەوەی ڕازی بێت.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە زۆرێک لە فریشتەکان لەگەڵ پێگەیان لەلای خوا، تکاکردنیان سوودی بۆ هیچ کەسێک نابێت، هەروەها سوودیش ناگەیەنێت ئیللا ئەگەر خوای گەورە مۆڵەتیان بدات کە تکا بکەن بۆ ئەو کەسەی کە بیەوێت تکایان بۆ بکرێت لە بەندەکانی، هەروەها تکا بۆکراوەکەش لەوانە بێت کە خوا لە قسە و کردەوەی ڕازی بێت، بەوەی پارێزراو بێت

لە هاوبەش بڕیاردان، کەمی و زۆری، ئینجا ئەگەر ئەوە دەربارەی فریشتەکان وا بێت، ئەوا جگە لەوان لەپێشترن.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە وەڵامدانەوەی ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەی تێدایە، کەوا داوای شەفاعەت لە فریشتەکان و جگە لەوانیش لە دروستکراوەکان دەکەن.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی هاوبەش بڕیاردەرەکان، ئەوانەی کە خۆیان نزیک دەکەنەوە لە دروستکراوەکان و داوای شەفاعەتیان لێ دەکەن.

٢- بێگومان شەفاعەت موڵکی خوایە بەتەنها، بۆیە جگە لەو داوا لە هیچ کەسی دیکە ناکرێت.

٣- بە دڵنیایی شەفاعەت سوودی نابێت، مەگەر بە دوو مەرج نەبێت:

مەرجی یەکەم: مۆڵەتدانی پەروەردگار بۆ تکاکار کە تکا بکات.

مەرجی دووەم: ڕازی بوونی خوا لە تکابۆکراو، بەوەی کەسەکە لە ئەهلی تەوحید و ئیخڵاس بێت.

* * *

.....

وَقَوْلُهُ تعالى: ﴿قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ﴾ الآيتين.

هەروەها فەرمایشتی خوای بڵند: {ئەی موحەممەد، بە کافرانی قوڕەیش بڵێ: ئەوانەی کە ئێوە جگە لە خوای گەورە کردووتانن بە خوا و دەیانپەرستن، بانگیان بکەن با ئەو برسیەتیەی کە تووشتان بووە، لەسەرتانی لادەن، ئەوان بە ئەندازەی مێرووڵەیەکی بچووک، یان ئەندازەی گەردێک لە ئاسمانەکان و زەویدا، موڵکیان نییە و جگە لە خوای گەورە کەس موڵکی نییە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە کردووتانن بە خوا}.

ڕاڤەکردن

تەواوی دوو ئایەتەکە: خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ۞ وَلَا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ عِندَهُ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ حَتَّى إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ﴾ [سبأ: ٢٢، ٢٣].

واتە: نەک خۆیان موڵکیان نییە، بەڵکوو شەریکی خوای گەورەش نین، نەک شەریک نین، بەڵکوو یارمەتیدەری خوای گەورەش نین و خوای گەورە پشتیان پێ نابەستێ و پێویستی پێیان نییە. نەک هەر خوای گەورە داوای یارمەتیان لێ ناکات و یارمەتیدەری خوا نین و خوای گەورە پێویستی پێیان نییە، بەڵکوو خوای گەورە تکاشیان قەبوڵ ناکات، شەفاعەتی ئەو کەسانە لای خوای گەورە سوودی نییە، تەنها ئەگەر کەسێک خوای گەورە خۆی مۆڵەتی دابێ، وەکوو پێغەمبەران و مەلائیکەتەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان و منداڵی موسڵمانان، کە ئەمانە بەڵگەیان لەسەر هاتووە، کاتێک کە خوای گەورە لە ئاسمان قسە دەکات و بڕیارێک دەردەکات، مەلائیکەت هەموویان سوژدە بۆ خوای گەورە دەبەن و دەترسێن، تا ترسەکە لەسەر دڵیان لادەچێت، دواتر بە جبریل، یان بە هەڵگرانی عەرشی خوای

گەورە دەڵێن: پەروەردگار چی فەرموو؟ دەفەرموویێ: حەقی فەرموو، خوای گەورە زۆر بەرز و زۆر گەورەیە.

قل: واتە: بە هاوبەش بڕیاردەرەکان بڵێ.

زعمتم: واتە: گومانتان وایە کە ئەوانە پەرستراون.

من دون الله: واتە: جگە لە خوا؛ بۆ ئەوەی بەگومانی خۆتان سوودتان پێ بگەیەنن.

مثقال: کێش، ئەندازە.

ذرة: لە چاکە، یان خەراپە، مەبەستیش بە (الذرة): مێروولەی بچووکە. هەروەها بە هەر بەشێک لە بەشەکانی تۆز دەگوترێت[گەردیلە].

شرك: هاوبەشی لەگەڵ خوا.

منهم: لە پەرستراوەکان.

من ظهير: یارمەتی دەرێک کە یارمەتی بدات لەسەر هەڵسوڕاندنی کاروباری ئاسمانەکان و زەوی.

ولا تنفع الشفاعة عنده: واتە: لەلای خوای بەرز و بڵند، ئەمە وەڵامە بۆ ئەو قسەیەیان: خواکانیان لەلای (الله) تکا دەکەن.

إلا لمن أذن له: کە تکا بکات بۆ جگە لە خۆی.

واتایەکی کورت بۆ دوو ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە بە بەشێوەیەکی لە ڕووداوەستان(التَّحدِّي) بە هاوبەش بڕیاردەرەکان بڵێت: داوا لەو خوایانەتان بکەن کە بە گومانی خۆتان سوودتان پێ دەگەیەنێت و خەراپە و ناخۆشیتان لەسەر لادەبات. چونکە ئەوان ناتوانن ئەو کارە بکەن؛ لەبەر ئەوەی لەو بوونەوەرەدا ئەندازەی بچووکترین مێروولە مولکییان نییە، بە مولکی سەربەخۆیی، هەروها لەو بوونەوەرەدا کەمترین هاوبەشییان لەگەڵ خوادا نییە، هیچ کەسیشیان تێدا

نییە کە یارمەتی خوا بدات لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان، ناشتوانن بەپێشی خوا بکەون لە تکاکردن بۆ ئێوە، ئیللا ئەگەر خوا مۆڵەتیان پێ بدات بەو کارە، خوای گەورەش مۆڵەت بە تکاکردن نادات بۆ کەسی موشریک، کەواتە ئەوان بەسەربەخۆیی هیچ شتێکیان بەدەستەوە نییە و لە مووڵک و دەسەڵاتیش هاوبەش نیین و یارمەتی خاوەن مووڵکیش نادەن، شەفاعەتیشیان بەدەست نییە لەلای خوا بەبێ مۆڵەتی ئەو. کەوابوو پەرستنیان جگە لە خوا پووچەڵ بوویەوە.

پەیوەندی دوو ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: دوو ئایەتەکە وەڵامدانەوەی هاوبەش بڕیاردەرەکانی تێدایە، ئەوانەی خۆیان نزیک دەکەنەوە لە پیاوچاکەکان و داوای شەفاعەتیان لێ دەکەن، هەروەها لێیان دەپارێنەوە بۆ بەدەستهێنانی سوود و لابردنی خەرپە و زیان.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی هاوبەش بڕیاردەرەکان، ئەوانەی لەگەڵ خوا داوا لە پەرستراوی دیکە دەکەن، وەکوو فریشتەکان و جگە لەوان، واش گومان دەبەن، کە ئەو شتانە دەتوانن سوودیان پێ بگەیەنن، یان خەراپە و زیانیان لێ دوورخەنەوە.

٢- دروستییەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوبەش بڕیاردەرەکان؛ بۆ پووچەڵکردنەوەی شیرک.

٣- پچڕاندنی ئەو هۆکارانەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان پەیوەستن پێیەوە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی کەسی موشریک، بۆیە پەرستراوەکەی خۆی دەپەرستێت؛ چونکە سوودی پێ دەگەیەنێت. سوودیش نایتە دی ئیللا لەلایەن کەسێکەوە کە یەکێک لەو چوار تایبەتمەندییەی تێدا بێت:

یەکەم: یان دەبێت خاوەنی ئەو شتە بێت کە داوای لێ دەکرێت، لەلایەن ئەو کەسەی کە دەیپەرستێت.

دووەم: یان دەبێت هاوبەشی خاوەن مووڵک بێت.

سێیەم: یان دەبێت پشتگیر و یارمەتیدەری بێت.

چوارەم: یانیش دەبێت تکاکار بێت لەلای ئەو.

بە دڵنیایی خوای گەورەش ئەو چوار هۆکارەی لە پەرستراوی هاوبەش بڕیاردەرەکان نەفی کردووە؛ کەواتە پەرستنیان پووچەڵ بووەوە.

٤- جێگیرکردنی شەفاعەت، ئەوەی بە مۆڵەتی خوا دەبێت.

٥- بێگومان هاوبەش بڕیاردەرەکان، شەفاعەت سوودی لەبۆیان نابێت؛ چونکە خوای گەورە مۆڵەت بە شەفاعەتکردن نادات بۆ هاوبەش بڕیاردەر.

* * *

.....

قَالَ أَبُو الْعَبَّاسِ: «نَفَى اللهُ عَمَّا سِوَاهُ كُلَّ مَا يَتَعَلَّقُ بِهِ الْمُشْرِكُونَ، فَنَفَى أَنْ يَكُونَ لِغَيْرِهِ مُلْكٌ، أَوْ قِسْطٌ مِنْهُ، أَوْ يَكُونَ عَوْنًا للهِ، وَلَمْ يَبْقَ إِلَّا الشَّفَاعَةُ، فَبَيَّنَ أَنَّهَا لَا تَنْفَعُ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّبُّ، كَمَا قَالَ: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى﴾ [الأنبياء: ٢٨].

فَهَذِهِ الشَّفَاعَةُ الَّتِي يَظُنُّهَا الْمُشْرِكُونَ هِيَ مُنْتَفِيَةٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، كَمَا نَفَاهَا الْقُرْآنُ، وَأَخْبَرَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَنَّهُ يَأْتِي فَيَسْجُدُ لِرَبِّهِ وَيَحْمَدُهُ -لَا يَبْدَأُ بِالشَّفَاعَةِ أَوَّلًا- ثُمَّ يُقَالُ لَهُ: «ارْفَعْ رَأْسَكَ، وَقُلْ يُسْمَعْ، وَسَلْ تُعْطَ، وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ».[1]

وَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: مَنْ أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِكَ؟ قَالَ: «مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ».[2]

فَتِلْكَ الشَّفَاعَةُ لِأَهْلِ الإِخْلَاصِ بِإِذْنِ اللهِ، وَلَا تَكُونُ لِمَنْ أَشْرَكَ بِاللهِ.

وَحَقِيقَتُهُ: أَنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ هُوَ الَّذِي يَتَفَضَّلُ عَلَى أَهْلِ الإِخْلَاصِ، فَيَغْفِرُ لَهُمْ بِوَاسِطَةِ دُعَاءِ مَنْ أَذِنَ لَهُ أَنْ يَشْفَعَ لِيُكْرِمَهُ، وَيَنَالَ الْمَقَامَ الْمَحْمُودَ.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٣٣٤٠"، ومسلم برقم "١٩٤".

[2] - أخرجه البخاري برقم "٩٩".

فَالشَّفَاعَةُ الَّتِي نَفَاهَا الْقُرْآنُ مَا كَانَ فِيهَا شِرْكٌ، وَلِهَذَا أَثْبَتَ الشَّفَاعَةَ بِإِذْنِهِ فِي مَوَاضِعَ، وَقَدْ بَيَّنَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَنَّهَا لَا تَكُونُ إِلَّا لِأَهْلِ التَّوْحِيدِ وَالإِخْلاَصِ». انْتَهَى كَلاَمُهُ.

ئەبوو عەبباس فەرموویەتی: "خوای گەورە جگە لە خۆی هەموو ئەو شتانەی نەفی کردووە و ڕەتکردۆتەوە کە هاوبەشی بڕیاردەرەکان پەیوەستن پێیەوە، بۆیە ڕەتی کردۆتەوە کە جگە لەو مولْک و دەسەڵاتی هەبێت، یان بەشێک لە مولْکی هەبێت، یاخود ببێتە یارمەتی دەری خوا، هیچ نەمایەوە تەنها شەفاعەت نەبێت، ڕوونی کردەوە کە ئەویش سوودی نابێت، تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت کە پەروەردگار مۆڵەتی دابێت تکای بۆ بکرێت، هەروەکوو خوا فەرموویەتی: {تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێ، کە خوا ڕازی بێ تکای بۆ بکرێ}.

ئا ئەو تکاکردنەی کە هاوبەشی بڕیاردەرەکان گومانیان پێی هەیە، لە ڕۆژی دواییدا لابراوە، هەروەکوو قورئان نەفی کردووە، هەروەها پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی داوە کە لە ڕۆژی دواییدا دێت و سوژدە بۆ پەروەردگاری دەبات و ستاییشی دەکات -سەرەتا و ڕاستەوخۆ دەست بە تکاکردن ناکات- پاشان پێی دەوترێت: "سەرت بەرز بکەوە، داواکارییەکەت بڵێ دەبیسترێت، داوا بکە پێت دەبەخشرێت، تکا بکە تکاکەت وەردەگیرێت".

هەروەها ئەبوو هوڕەیرە فەرمووی: کێ بەختەوەرترین کەسە کە بەبەر شەفاعەتی تۆ بکەوێت؟ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمووی: "ئەو کەسەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) بە دڵسۆزی لە دڵیەوە".

ئەو تکاکردنە تایبەت بۆ ئەهلی ئیخڵاسە بە ویستی خوا، بۆ ئەو کەسە نییە کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت. ڕاستییەکەشی ئاوایە: خوای گەورە چاکە لەگەڵ ئەهلی ئیخڵاسدا دەکات، بۆیە لێیان خۆش دەبێت بەهۆی پاڕانەوەی ئەو کەسەی کە مۆڵەتی داوە تکا بکات، بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرێت و پلەوپایەی سوپاسکراویش بەدەست بێنێت.

کەواتە ئەو تکاکردنەی کە قورئان ڕەتی کردۆتەوە: ئەوەیانە کە هاوبەش بڕیاردانی تێدایە، هەر بۆیەش لە چەند شوێنێک تکاکردنی بە مۆڵەتی خۆی جێگیر کردووە، بە دڵنیایی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ڕوونی کردۆتەوە کە تکاکردن تەنها بۆ ئەهلی تەوحید و ئیخڵاس دەبێت". قسەکەی کۆتایی هات.

ڕاڤەکردن

أبو العباس: شێخی ئیسلام تەقیەددین، ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلیمی کوڕی عەبدوسسەلامە، ئیبن تەیمییە، پێشەوای بەناوبانگ و خاوەنی کتێبە بەسوودەکان، لە ساڵی (٧٢٨)ـی کۆچی وەفاتیُ کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

قسط: (القسط) بریتییە لە بەش.

الشفاعة التي يظنها المشركون: واتە: ئەو شەفاعەتەی کە لە غەیری خوای داوا دەکەن لە هاوبەشەکان.

وأخبر النبي: واتە: لە فەرموودەی جێگیر لە هەردوو سەحیحەکە و جگە لەوانیش لە فەرموودەی شەفاعەت.

وقال أبو هريرة: واتە: لەو فەرموودەیەی کە بوخاری و موسلیم و نەسائی لە ئەبوو هوڕەیڕەوە گێڕاویەتییانەوە .

أسعد الناس: ئەوانەی لەهەمووان زیاتر بەدەستی دێنن و بەختەوەرن پێێ.

خالصاً من قلبه: ئەمە خۆپاراستنە لەو دووڕووەی کە بەتەنها بە زمانی دەیڵێت.

وحقيقته: واتە: ڕاستییەتی بابەتەکە لە ڕوونکردنەوەی تکاکردنی ڕاست و دروست، نەک ئەو شێوەیەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان گومانی دەکەن.

المقام المحمود: واتە: ئەوەی هەموو دروستکراوەکان سوپاسی دەکەن.

مەبەستی دانەر لە هێنانی قسەکەی شێخی ئیسلام لێرەدا.

مەبەستەکە ئەوەیە کە ڕاڤە و لێکدانەوەی تێدایە بۆ ئایەتەکانی ئەو بەشە، کەواتە ئەو سوودانەی تێدایە:

١- سیفەتی تکاکردنی ڕەتکراوە و لادراو، سیفەتی تکاکردنی جێگیرکراو.

٢- باسی تکاکردنی گەورە، کە بریتییە لە (مەقامی مەحموود)، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- چی دەکات. تاوەکوو مۆڵەتی پێ بدرێت بەو تکاکردنە.

٣- بێگومان بەختەوەرترین-کەس بە شەفاعەت، خەڵکی بڕوادارن.

سوودێک: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- شەش جۆر تکاکردنی هەیە:

یەکەم: ئەو تکاکردنەیە کە تایبەتە بە پێغەمبەرمان موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، کە بریتییە لە تکاکردن بۆ ئەو خەڵکەی لە گۆڕەپانی قیامەت ڕاوەستاوە؛ بۆ ئەوەی خوا دادوەری لەنێوانیاندا بکات و پشوویان پێ بدات لە وەستانیان لە گۆڕەپانی قیامەت.

دووەم: تکاکردنی بۆ خەڵکی بەهەشت؛ هەتا بچنە ناویەوە.

سێیەم: تکاکردن بۆ خەڵکانێکی تاوانبار کە شایستەی چوونە دۆزەخن، بۆ ئەوەی نەچنە ناوی.

چوارەم: تکاکردن بۆ خەڵکانێکی تاوانبار کە چوونەتە دۆزەخ؛ بۆ ئەوەی بێنەدەرەوە لێی.

پێنجەم: تکاکردن بۆ خەڵکێکی بەهەشتی؛ بۆ زیادبوونی پاداشتیان و بەرز بوونەوەی پلەیان.

شەشەم: تکاکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ ئەبوو تاڵیبی مامی؛ تاوەکوو خوا سزای لەسەر سووک بکات.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکان.

دووەم: سیفەتی شەفاعەتی ڕەتکراوە.

سێیەم: سیفەتی شەفاعەتی جێگیرکراو.

چوارەم: باسی تکاکردنی گەورە، کە بریتییە لە (مەقامی مەحموود).

پێنجەم: سیفەت وچۆنیەتی ئەوەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەنجامی دەدات، کە ڕاستەوخۆ دەست بە تکاکردن ناکات، بەڵکوو سوژدە دەبات، جا ئەگەر مۆڵەتی پێدرا؛ ئەو جار تکا دەکات.

شەشەم: کێ بەختەومرترین کەسە بە شەفاعەت؟

حەفتەم: تکاکردن، بۆ ئەو کەسە نابێت کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت.

هەشتەم: ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی تکاکردن.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ﴾.

بەشی وتەی خوای بەرز و بڵند: {ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، بە دڵنیایی تۆ ناتوانی هیدایەتی کەسێک بدەی کە خۆشت دەوێ -خۆشەویستی سروشتی نەک شەرعی-، یان پێت خۆشە ئیمان بێنێ}.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ [القصص: ٥٦].

واتە: بەڵکوو خوای گەورە خۆی هیدایەتی هەر کەسێک دەدات کە ویستی لێ بێت و ئەو کەسە شایەنی هیدایەت بێت، خوای گەورە زاناترە بەوەی کێ شایەنی ئەوەیە کە هیدایەت وەربگرێ.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: وەڵامدانەوەی تێدایە بۆ گۆڕپەرستەکان، ئەوانەی بیروباوەڕیان بەوە هەیە کە پێغەمبەران و پیاوچاکان سوود و زیان دەگەیەنن. ئەمەش ئەگەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە ژیانیدا سوور بووبێت لەسەر ڕێنمایی مامی، بەڵام بۆی ئاسان نەبووبێت، دوای مردنیشی دوعای بۆ کردبێت، بەڵام قەدەغە کرابێت لەو کارە، هەروەها خوای گەورە باسی ئەوەی کردووە کە پێغەمبەر ناتوانێت ڕێنمایی ئەو کەسە بکات کە خۆشی دەوێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- زیان و سوودی بەدەست نییە، کەواتە پەیوەستبوون پێی؛ بۆ بەدەست هێنانی سوود و لادانی خەراپە و زیان، پووچەڵ بوویەوە، جگە لەویش لە پێشترە.

إنك: پەیامەکە بۆ پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

لا تهدي: هیدایەتی تەوفیق بۆ هاتنە ناو ئیسلام[ئیمان خستنە ناو دڵ]. بەڵام هیدایەتی بانگەواز و ڕوونکردنەوە، ئەوە بێگومان پێغەمبەر هەیبووە: {وَإِنَّكَ لَتَهْدِي

إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ}. واتە: تۆ ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، هیدایەتی خەڵکی دەدەیت و ڕێنماییان دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست.

من أحببت: ئەوەی پێت خۆشە ڕێنمایی بکرێت.

ولكن الله يهدي من يشاء: ڕێنمایی دەکات بۆ هاتنە ناو ئیسلام.

وهو أعلم بالمهتدين: واتە: زاناترە بەوەی کێ شایستەی ڕێنماییە و کێش شایستەی گومڕاییە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەفەرموێ: تۆ ناتوانیت ڕێنمایی ئەو کەسە بکەیت کە پێت خۆشە بێتە ناو ئیسلام، بەڵام ئەوە تەنها بەدەستی خوایە، چونکە هەر ئەوە ڕێنمایی ئەو کەسە دەکات کە ڕێنمایی بۆی بوودێت، هەر ئەویش شارەزاترە بەوەی کێ شیستەی ڕێنماییە و کێش شایستەی نییە.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئەو بەشە بەڵگەی ڕوونی تێدایە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نە زەرەر و نە سوود و نە قەدەغەکردنی بەدەست نییە، کاروبار هەمووی بەدەستی خوایە، کەواتە وەڵامی تێدایە بۆ ئەوانەی هاواری دەکەنێ؛ بۆ لابردنی ناخۆشی و جێبەجێکردنی پێداویستییەکان.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- وەڵامدانەوەی ئەوانەی باوەڕیان وایە کە پیاوچاکەکان سوود دەگەیەنن، یان زیان دەگەیەنن، دوای مردنیش بەشێوەی کەرامەت هەڵسوکەوت دەکەن و کاروبار هەڵدەسوڕێنن.

٢- بە دڵنیایی هیدایەتی تەوفیق بەدەستی خوای گەورەیە.

٣- جێگیرکردنی زانست بۆ خوای پەروەردگار.

٤- جێگیرکردنی دانایی (الحكمة) بۆ خوای پاک و بێگەرد.

٥- پووچەڵکردنەوەی پەیوەستبوونی دڵ بە جگە لە خوا.* * *

.....

فِي الصَّحِيحِ عَنِ ابْنِ الْمُسَيَّبِ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: لَمَّا حَضَرَتْ أَبَا طَالِبٍ الْوَفَاةُ، جَاءهُ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، وَعِنْدَهُ عَبْدُ اللهِ بْنُ أَبِي أُمَيَّةَ وَأَبُو جَهْلٍ، فَقَالَ لَهُ: «يَا عَمِّ، قُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، كَلِمَةً أُحَاجُّ لَكَ بِهَا عِنْدَ اللهِ»، فَقَالَا لَهُ: أَتَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ؟ فَأَعَادَ عَلَيْهِ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَأَعَادَا، فَكَانَ آخِرَ مَا قَالَ: هُوَ عَلَى مِلَّةِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، وَأَبَى أَنْ يَقُولَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، فَقَالَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «لأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ، مَا لَمْ أُنْهَ عَنْكَ»، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى﴾ [التوبة: ١١٣].

وَأَنْزَلَ اللهُ فِي أَبِي طَالِبٍ: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ [1] [القصص: ٥٦].

لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئیبن موسەییەبەوە، لە باوکییەوە فەرمووی: کاتێک ئەبوو تاڵیب لە سەرەمەرگ نزیک بوویەوە، پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هات بۆ لای، بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوو ئومەییە و ئەبوو جەهلی لەلا بوو، ئەویش پێی فەرموو: "ئەی مامە، بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ)، ئەمە وشەیەکە بەهۆیەوە شایەتیت بۆ دەدەم لەلای خوا و دەیکەمە بەڵگە بۆت لەلای خوا"، ئەوانیش پێیان گوت: ئایا تۆ واز

[1] - أخرجه البخاري برقم "١٣٦٠" ومسلم برقم "٢٤" وأحمد في المسند "١٦٨/٥، ٤٤٣".

دینی و پشت هەڵدەکەیت لە ئایینی عەبدولموتتەڵیب؟ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لێی دووبارە کردەوە، ئەوانیش دووبارەیان کردەوە، بەڵام کۆتایی قسەکە گوتی: ئەو لەسەر ئایین و ڕێبازی عەبدولموتتەڵیبە، ملی نەدا و ڕەتی کردەوە کە بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمووی: "سوێند بێت داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم، مادام ڕێگریم لێ نەکرێت"، بەو هۆیەشەوە خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند: {نابێ پێغەمبەری خوا و باوەڕداران، داوای لێخۆشبوون بۆ موشریکەکان بکەن، ئەگەر خزمی نزیکیشیان بێت، دوای ئەوەی کە دڵنیابوون ئەمە دۆزەخییە و کە بەچاوی خۆت دەبینی لەسەر کوفر و شیرک دەمرێ}.

هەروەها خوای گەورە دەربارەی ئەبوو تاڵیب ئەو ئایەتەی دابەزاند: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾.

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی ئیبن موسەییەب: سەعیدی کوڕی موسەییەبە، یەکێکە لە زانا و شەرعزانە گەورەکانی تابیعیین، دوای ساڵی نەوەدی کۆچی وەفاتی کردووە.

في الصحيح: واتە: سەحیحی بوخاری.

عن أبيه: موسەییەب، سەحابەیە و لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان وەفاتی کردووە.

لما حضرت أبا طالب الوفاة: واتە: نیشانە و پێشەکییەکانی.

يا عم: "عمِّ": مونادای موزافە، یائەکەی لێ لابراوە و کەسرەکەی هێڵراوەتەوە؛ بۆ ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر یائەکە.

كلمة: بە نەسب، بەدەلە لەبڕی (لا إله إلا الله).

أحاج: بە شەددەی جیمەکە، مەفتوحە لەسەر جەزم بە وەڵامی ئەمر، لە (المحاجة)ـەوە هاتووە، کە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی بەڵگە، واتە: بەهۆیەوە شایەتیت بۆ دەدەم لەلای خوا.

أترغب؟: ئایا واز دەهێنیت؟

ملة عبد المطلب: بریتییە لە هاوبەش بڕیاردان و پەرستنی بتەکان، بەڵگەی هاوبەش بڕیاردەرەکانی بیر هێنایەوە: ﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ﴾ [الزخرف: ٢٢].

واتە: ئێمە باوک و باپیرانی خۆمان لەسەر جۆرە عیبادەتێک بینیوە.

فأعاد عليه النبي: واتە: قسەکەی خۆی بۆ دووبارە کردەوە، کە بریتیی بوو لە: ئەی مامە بڵێ: (لا إله إلا الله).

وأعادا عليه: واتە: ئەبوو جەهل و عەبدوڵڵا قسەکەی خۆیان دووبارە کردەوە، کە بریتی بوو لە: ئایا واز دەهێنیت لە ئایینی عەبدولموتتەڵیب؟

هو على ملة عبد المطلب: گێڕەوەی فەرموودەکە جێناوی قسەکەری گۆڕیوە بە جێناوی نادیار؛ لەبەر ناشیرینی وشە باسکراوەکە.

وأبى أن يقول: لا إله إلا الله: ئەوە جەختکردنەوەیە بۆ ئەوەی پێشوو.

ما كان للنبي: واتە: نابێت، ئەمە هەواڵە بەواتای قەدەغەکردن دێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: ئەبوو تاڵیب، پێغەمبەری -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە ئازاری گەلەکەی دەپاراست، لە پارێزگاریکردن لە پێغەمبەر کارێکی کرد کە جگە لەو خەڵکی دیکە نەیانکرد، بۆیە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- سوور بوو لەسەر ڕێنماییکردنی، لەوانە کاتێک نەخۆش کەوت و لەسەرەمەرگدابوو، چوو سەردانی کرد و ئیسلامی خستە بەردەمی؛ بۆ ئەوەی کۆتایی ژیانی لەسەر ئیسلامەتی بێت و بەمەشەوە ڕزگاربوون و بەختەوەری بۆ بەدەست بێت، هەروەها داوای لێ کرد کە وشەی تەوحید بڵێت. بەڵام هاوبەش بڕیاردەرەکان داوایان لێ کرد کە لەسەر ئایینی باب و باپیرانی بمێنێتەوە، کە بریتییە لە هاوبەش بڕیاردان؛ لەبەر ئەوەی دەیانزانی کە وشەی تەوحید، بەڵگەیە لەسەر نکوواڵیکردنی شیرک و پەرستنی خوا بەدڵسۆزی و بەتەنها. پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دووبارە داوای دەربڕینی شیاتوومانی لە

مامی کردەوە. هاوبەش بڕیاردەرەکانیش سەرپێچییان لێ کرد، بەمەش بوونە هۆکارێک بۆ ئەوەی حەق وەرنەگرێت و لەسەر شیرک بمرێت.

ئینجا لەو کاتەدا پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- سوێندی خوارد کە داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکات لە خوا، مادام قەدەغە نەکرێت لەو کارە. بۆیە خوای گەورە قەدەغەکردنی ئەو کارەی دابەزاند و بۆشی ڕوون کردەوە کە هیدایەت بەدەستی خوایە، کێی بیەوێت بە فەزڵی خۆی پێی دەبەخشێت؛ چونکە دەزانێت کێ گونجاوە بۆ هیدایەت و کێش گونجاو نییە بۆی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- سوودی بەدەست نییە بۆ نزیکترین کەسیش لێیەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پووچەڵیەتی پەیوەستبوون بە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بۆ بەدەست هێنانی سوود، یان دوورخستنەوەی زیان، جگە لەوێش لەپێشترە کە پێیەوە پەیوەست نەبین.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- دروستییەتی سەردانیکردنی نەخۆشی موشریک، ئەگەر ئومێدی موسڵمانبوونی لێ دەکرا.

٢- زەرەر و زیانی برادەر و هاوڕێی خەراپ، لەسەر مرۆڤ.

٣- واتای (لا إله إلا الله) بریتییە لە وازهێنان لە پەرستنی بت و وەلی و پیاوچاکەکان و بەتاکدانانی خوا. هەروەها هاوبەش بڕیاردەرەکانیش واتاکەیان دەزانی.

٤- بە دڵنیایی هەرکەسێک بڵێت (لا إله إلا الله) بە زانست و یەقین و بیروباوەڕەوە؛ ئەوا دەچێتە ناو بازنەی ئیسلام.

٥- بێگومان کردەوەکان بە کۆتاییەکەیانە.

٦- حەرامکردنی داوای لێخۆشبوونکردن بۆ هاوبەش بڕیاردەرەکان، هەروەها حەرامکردنی دۆستایەتیکردن و خۆش ویستنیان.

۷- پوچەڵیەتی پەیوەستبوون بە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و جگە لەو، بۆ بەدەستهێنانی سوود، یان لادانی زەرەر و زیان.

۸- بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسەی کە وا گومان دەبات ئەبوو تاڵیب موسڵمان بووە.

۹- زیانی چاولێکردنی باب و باپیر و گەورەکان، بەشێوەیەک قسەیان بکرێتە بەڵگە و لەکاتی کێشە و ناکۆکیدا بگەڕێتەوە لای.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئەو وتەیەی خوا: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئەو وتەیەی خوا: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَن يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ﴾.

سێیەم: بابەتە گەورەکە کە بریتییە لە؛ لێکدانەوەی واتای وتەکەی پێغەمبەر: "بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)"، بە پێچەوانەی ئەوەی کەسانێک کە بانگەشەی زانست دەکەن لەسەرینە[کە پێیان وایە واتاکەی دەزانن].

چوارەم: بێگومان ئەبوو جەهل و ئەوانەشی لەگەڵی بوون، دەیانزانی پێغەمبەر- صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەگەر بە پیاوێکی گوت: بڵێ: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، مەبەستی چییە، دەک خوای گەورە ئەو کەسە دوور بخاتەوە لە هەموو چاکەیەک، کە ئەبوو جەهل لەو شارەزاترە بە بنچینەی ئیسلام!

پێنجەم: سووربوون و پێداگیری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەسەر موسڵمان بوونی مامی.

شەشەم: وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی وا گومان دەبات کە عەبدولموتتەڵیب و پێشینەکانی موسڵمان بوونە.

حەفتەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- داوای لێخۆشبوونی بۆ مامی کرد، بەڵام خوا لێی خۆش نەبوو، بەڵکوو ڕێگریشی لێ کرا لەو کارە.

هەشتەم: زەرەر و زیانی هاوەڵی خەراپ لەسەر مرۆڤ.

نۆیەم: زیانی بەگەورەدانانی پێشینە و باب و باپیران و گەورەکان.

دەیەم: گومانێکی ئەهلی بەتاڵ لە بەگەورەدانانی باب و باپیران؛ لەبەر ئەوەی ئەبوو جەهلیش ئەمەی کردە بەڵگە.

یازدەیەم: بەڵگە لەسەر ئەوەی کردەوەکان بە کۆتاییەکەیانە؛ چونکە ئەگەر وشەی تەوحیدی بگوتبا، ئەوا سوودی پێ دەگەیاند.

دوازدەیەم: بیرکردنەوە لە گەورەیی ئەو گومانە لە دڵی گومڕاکاندا؛ چونکە لەو چیرۆکەدا ئەوەی تێدایە کە ئەوان تەنها بەو گومانە گفتوگۆیان لەگەڵیدا دەکرد، سەرەڕای سووربوونی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و دووبارەکردنەوەی داواکەی، بەڵام لەبەر گەورەیی و ئاشکراییەکەی لەلای ئەوان؛ کورتیان هەڵهێنا لەسەری.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ أَنَّ سَبَبَ كُفْرِ بَنِي آدَمَ وَتَرْكِهِمْ دِينَهُمْ هُوَ الْغُلُوُّ فِي الصَّالِحِينَ

بەشی ئەوەی هاتووە کە هۆکاری کوفری نەوەی ئادەم و وازهێنانیان لە ئایینەکەیان، بریتیی بووە لە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکان.

وَقَوْلِ اللهِ عز وجل: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ﴾ [النساء: ١٧١].

فەرمایشتی خوای گەورە: {ئەی ئەهلی کیتاب، ئەی جوولەکە و گاورەکان، زیادڕەوی مەکەن و سنوور مەبەزێنن لە ئایینەکەتاندا، جوولەکە زیادڕەویان دەکرد، تا گوتیان: عوزێر کوڕی خوایە، گاورەکانیش زیادڕەویان لە عیسادا کرد، تا گوتیان: کوڕی خوایە، دواتر وتیان: خوایە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کاتێک هێندێک لەو شتانەی ڕوون کردەوە کە گۆڕپەرستەکان لەگەڵ مردووەکان ئەنجامی دەدەن، لەو شتانەی کە شیرکە و پێچەوانەی تەوحیدە، لەو بەشەدا دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە کە هۆکاری ئەمە، بریتییە لە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی لێی وریا بن و دوورکەونەوە.

ما جاء: واتە: لە بەڵگەکان.

تركهم: بە کەسرە، دەگەڕێندرێتەوە سەر موزاف ئیلەیهی کە (کفر).

الغلو: بریتییە لە: تێپەڕاندنی سنوور و زیادەڕەویکردن لە بەگەورەدانان بە قسە و کردەوە و تێپەڕاندنی ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە.

في الصالحين: لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و جگە لەوانیش.

أهل الكتاب: بریتیین لە جوولەکە و نەسڕانییەکان.

لا تغلوا في دينكم: ئەو سنوورەی خوا بۆی داناون، تێیمەپەڕێنن؛ چونکە نەسڕانییەکان زیادەڕەوییان لە عیسای مەسیحدا کرد و جوولەکەکانیش زیادەڕەوییان لە عوزێردا کرد.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە جوولەکە و نەسڕانییەکانی قەدەغە کردووە لە بەزاندنی ئەو سنوورەی خوا بۆی داناون، بەوەی دروستکراو بەرز نەکەنەوە لەسەرووی پلەی خۆی، ئەوەی خوای بۆی داناوە، لە پلەیەک دایبنێن کە تەنها بۆ خوا دەبێت.

پەیوەندی ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: ئایەتەکە قەدەغەکردنی تێدایە لە زیادەڕەوییکردن بەڕەهایی، جا زیادەڕەوییکردن لە پیاوچاکانیش دەگرێتەوە، پەیامەکە ئەگەرچی بۆ ئەهلی کیتابە، بەڵام گشتییە و هەموو ئوممەت دەگرێتەوە، ئاگەدارکردنەوەیەکە بۆیان کە دەربارەی پێغەمبەر و پیاوچاکەکانیان، کارێک نەکەن وەکوو کاری نەسڕانییەکان لە عیسا و جوولەکەکان لە عوزەیر.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی زیادەڕەویکردن لە کەسەکان و کردەوەکان و جگە لەمانەش.

٢- وەڵامدانەوەی جوولەکە و نەسڕانییەکان و هاوشێوەیان، لە زیادەڕویکردنیان لە کەسەکان و کردەوەکان و جگە لەمانەش.

٣- هاندان لەسەر پەیوەستبوون بە مامناوەندییەتی لە ئایین و هەموو کارەکان، لەنێوانی لایەنی زیادەڕەوی و شلڕەویدا.

٤- ئاگەدارکردنەوە لە شیرک و هۆکار و ئامرازەکانی.

* * *

.....

فِي الصَّحِيحِ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- فِي قَوْلِهِ تَعَالَى: {وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا} [نوح: ٢٣].

قَالَ: «هَذِهِ أَسْمَاءُ رِجَالٍ صَالِحِينَ مِنْ قَوْمِ نُوحٍ، فَلَمَّا هَلَكُوا أَوْحَى الشَّيْطَانُ إِلَى قَوْمِهِمْ؛ أَنِ انْصِبُوا إِلَى مَجَالِسِهِمُ الَّتِي كَانُوا يَجْلِسُونَ فِيهَا أَنْصَابًا، وَسَمُّوهَا بِأَسْمَائِهِمْ، فَفَعَلُوا، وَلَمْ تُعْبَدْ، حَتَّى إِذَا هَلَكَ أُولَئِكَ وَنُسِيَ الْعِلْمُ عُبِدَتْ».[1]

وَقَالَ ابْنُ الْقَيِّمِ: «قَالَ غَيْرُ وَاحِدٍ مِنَ السَّلَفِ: لَمَّا مَاتُوا عَكَفُوا عَلَى قُبُورِهِمْ، ثُمَّ صَوَّرُوا تَمَاثِيلَهُمْ، ثُمَّ طَالَ عَلَيْهِمُ الأَمَدُ فَعَبَدُوهُمْ».

لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئیبن عەبباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە دەربارەی ئەم وتەیەی خوا: {دەسەڵاتدار و گەورەکان بە خەڵکە ژێر دەستەکەیان گوت: واز نەهێنن لە پەرستنی خوایەکانتان، ئەو پێنج خوایەی کە دەیانپەرستن، وازیان لێ مەهێنن و بەردەوام بن و دامەزراو بن لەسەر پەرستنیان و بە قسەی نووح نەکەن، هەروەها واز لە پەرستنی (ودد و سواع و یەغووس و یەعووق و نەسر) مەهێنن}.

فەرموویەتی: "ئەمانە ناوی پیاوێکی چاک بوون لە گەلی نووح، جا کاتێک مردن، شەیتان وەحی (وەسوەسەی) بۆ گەلەکەیان دروست کرد، کە بچن لەو کۆڕانەی کە پێشتر تێیدا دادەنیشتن، پەیکەر لەسەر شێوەی ئەوان دروست بکەن و بۆیان دابنێن و بەناو ئەوانیشەوە بکەن، ئەوانیش کردیان، بەڵام [سەرەتا] نەپەرستران، تاوەکوو ئەو

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٩٢٠".

نەوەیە لەناوچوون و مردن، هەروەها زانست نەما و لەبیر چوویەوە، ئەوەبوو پەرستران".

هەروەها ئیبن قەییم دەفەرموویێ: جگە لە یەکێک لە سەلەف فەرموویانە: "کاتێک کە ئەو پیاوچاکانە مردن، خەڵکەکە چوون لەسەر گۆڕەکانیان مانەوە، پاشان پەیکەریان بۆ دروستکردن، پاشان ماوەیەکی دووردرێژیان بەسەردا تێپەڕی ئینجا پەرستنیان".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی ئیبن قەییم: پێشەوا و زانای پایەبەرز موحەممەدی کوڕی ئەبوو بەکری کوڕی ئەیووبی زوڕەعی دیمەشقییە، قوتابی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەیە، ساڵی (٧٥١)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، چەندان کتێبی بەسوود و بەناوبانگی هەیە.

لا تذرن آلهتكم: واز لە پەرستنیان مەهێنن.

ولا تذرون وداً ... إلخ: واتە: هەروەها واز لەوانە مەهێنن بەتایبەتی.

فلما هلكوا: واتە: ئەو پیاوچاکانە مردن و گەلەکەیان زۆر بەتوندی بۆیان خەفەتبار بوون.

أوحى الشيطان إلى قومهم: واتە: وەسوەسەی کرد و خستییە لایان.

انصبوا: بە کەسری (صاد)ـەکە.

أنصاباً: واتە: پەیکەرێکی داتاشراو لەسەر وێنەی ئەوان.

حتى إذا هلك أولئك: واتە: ئەوانەی دایاننا؛ بۆ ئەوەی بە بینینیان کردەوەی خاوەنەکانیان بیر بکەوێتەوە، بەمەش چوست و چالاک ببن لەسەر پەرستش.

ونُسي العلم: واتە: زانست و زانیاریەکە نەما و نەزانەکان زاڵ بوون، ئەوانەی شیرک و تەوحید لێک جیاناکەنەوە.

عُبدت: واتە: ئەو بتانە پەرستران؛ لەبەر ئەوەی شەیتان پێی گوتن: باوک و باپیرانتان ئەوانەیان دەپەرست.

واتای کورتی ئەسەرەکە: ئیبن عەببباس -ڕەزای خوای لێبێت- ئەو ئایەتە پیرۆزە ئاوا تەفسیر دەکات: ئەو پەرستراوانەی خوا باسی کردووە، کە گەلی نووح ئامۆژگاری یەکتریان دەکرد بە بەردەوامبوون لەسەر پەرستنیان، ئەمەش دوای ئەوەی کە پێغەمبەرەکەیان نووح -علیه السلام- ڕێگری لێ کردن لە هاوبەش دانان بۆ خوا، ئەوانە لە بنچینەدا ناوی کەسانێکی پیاو چاک بوون لەوان، زیادەڕەوییان تێدا کردن بەوەی شەیتان گومڕایکردن و کارەکەی ڕازاندەوە بۆیان، تاوەکوو پەیکەریان بۆ دروستکردن، ئیتر سەرەنجام ئەو وێنە و پەیکەرانە، سەری کێشا تاوەکوو بوو بە بت و جگە لە خوا پەرسترا.

ئەوەی ئیبن قەییمیش باسی کردووە، هەر واتای ئەوەیە کە بوخاری باسی کرد، تەنها ئەوەندەیە کە ئیبن قەییم باسی مانەوەیان دەکات لەسەر گۆڕەکانیان، پێش ئەوەی وێنەیان بکێشن، کەواتە زیادەیەک دەخاتە سەر ئەوەی پێشوو، ئەویش ئەوەیە کە مانەوەیان لەسەر گۆڕ، هۆکاری پەرستنیان بووە بۆ پیاوچاکەکان.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا، هۆکارێکە بۆ پەرستنیان جگە لە خوا.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- بێگومان زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکان، هۆکارێکە بۆ پەرستنیان جگە لە خوا و وازهێنان لە ئایین بەگشتی.

٢- ئاگەدارکردنەوە لە وینەکێشان و هەڵواسینی وێنە، بەتایبەتی وێنەی گەورەکان.

٣- ئاگەدارکردنەوە لە فێڵی شەیتان و نیشاندانی ناحەق لە وێنەی حەق.

٤- وریاکردنەوە لە بیدعە و داهێنراوەکان، ئەگەرچی مەبەستی ئەنجامدەرەکەشی باش بێت.

٥- ئەمانە هۆکار و ئامرازن بەرەو شیرک؛ بۆیە پێویستە لێیان وریا بین.

٦- ناسینی گەورەیی بوونی زانست و زیانی لەدەستدانی.

٧- هۆکاری لەدەستدانی زانست، بریتییە لە مردنی زانایان.

٨- وریابوون لە چاولێکردن، کە هێندێک جار سەردەکێشێت بۆ چوونە دەرەوەی خاوەنەکەی لە ئیسلام.

* * *

.....

وَعَنْ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- قَالَ: «لَا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، إِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ، فَقُولُوا: عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ». أَخْرَجَاهُ.[1]

لە پێشەوا عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمووی: "زیادەڕەوی لە ستایشکردنی منداو مەکەن، هەروەکوو نەسڕانییەکان زیادەڕەوییان لە عیسای کوڕی مەریەمدا کرد، من تەنها بەندەیەکم، بۆیە ئێوەش بڵێن: بەندە و نێردراوی خوا".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت-: عومەری کوڕی خەتتابی کوڕی نوفەیلی قورەیشیی عەدەوییە، ئەمیری باوەڕدارانە و گەورەترینی هاوەڵانە دوای ئەبوو بەکر، لە زیلحیججەی ساڵی (٢٣)ـی کۆچی شەهید بووە.

لا تطروني: (الإطراء): تێپەڕاندنی سنوورە لە ستاییشکردن و درۆکردن تێیدا.

كما أطرت النصارى ابن مريم: هەروەکوو نەسڕانییەکان زیادەڕەوییان لە عیسادا کرد -علیه السلام-، هەتا گەیشتە ئەوەی بانگەشەی خوایەتییان تێدا کرد.

فقولوا عبد الله ورسوله: واتە: بە بەندە و نێردراوی خوا وەسفم بکەن، هەروەکوو پەروەردگارم بەوە وەسفی کردووم.

واتای فەرموودەکە بەکورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەفەرموێ: بەشێوەیەک ستاییشم مەکەن کە زیادەڕەوی تێدا بکەن، هەروەکوو نەسڕانییەکان زیادەڕەوییان لە عیسادا کرد -علیه السلام-، بانگەشەی خوایەتییان تێدا کرد. من لە

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٣٤٤٥". والحديث ليس موجوداً في صحيح مسلم، كما قال المصنف -رحمه الله-. والحديث أخرجه أحمد "٢٣/١، ٢٤، ٤٧، ٥٥".

بەندەیەکی خوا و پێغەمبەرێکی زیاتر نییم؛ بۆیە بەوە وەسفم بکەن و لەسەرووی پلەی خۆم -ئەوەی خوا بۆی داناوم- بەرزم مەکەنەوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری کردووە لە زیادەڕەویکردن لە مافی دا، بە پێدانی شتێک لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگاریەتی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی زیادەڕەویکردن، کە سەردەکێشی بۆ شیرک هەروەکوو لەلای نەسڕانییەکان سەری کێشا لە مافی عیسادا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی تێپەڕاندنی سنوور لە ستایشکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و دەرهێنانی لەبازنەی بەندایەتی؛ چونکە ئەمە بریتییە لە هاوبەشڕیاردان بۆ خوا.

٢- ئامۆژگاری بەهێزی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ ئوممەتەکەی.

٣- بە دڵنیایی زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا، هۆکارێکە بۆ کەوتنە ناو شیرکەوە.

٤- ئاگەدارکردنەوە لە خۆچواندن بە بێباوەڕەکان.

* * *

.....

قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «إِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمُ الْغُلُوُّ».[1]

پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "ئامان وریا بن لە زیادەڕەویکردن، چونکە ئەوەی ئوممەتانی پێش ئێوەی لەناوبرد، زیادەڕەویکردن بوو".

ڕاڤەکردن

گێڕەرەوەی(الراوي) فەرموودەکە: ئەو فەرموودەیە دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی کردووە بەبێ باسکردنی گێڕەرەوەکەی. بەڵام بێگومان پێشەوا ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە لە فەرموودەی ئیبن عاببەس گێڕاویەتییانەوە.

والغلو: مەنسووبە بۆ ئاگەدارکردنەوە بە فیعلێکی موقەددەر، بریتییە لە: تێپەڕاندنی سنوور.

من كان قبلكم: ئەوانەی پێش ئێوە لە ئوممەتەکان.

واتای فەرموودەکە بەکورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئوممەتەکەی ئاگەدار دەکاتەوە لە زیادەڕەویکردن لە ئایین لە سنووری شەرع، ئەمەش گشتییە بۆ هەموو جۆرەکانی زیادەڕەویکردن لە بیروباوەڕ و کردەوەکاندا، لەوانەش زیادەڕەویکردن لە بەگەورە دانانی پیاوچاکان، ئەوەی کە بووە هۆی تیاچوونی ئوممەتەکانی پێشوو؛ ئەمەش وا دەخوازێت کە دوور بکەوینەوە لە ڕێبازەکەیان، دوورکەوتنەوەیەک کە نەکەوینە ناو ئەو شتەی بووە هۆی لەناوچوونیان؛ چونکە ئەو کەسەی بەشداریان دەکات لە هێندێک شتی ڕێبازەکەیان، ترسی لەسەرە کە وەکوو ئەوان لەناو بچێت.

---

[1] - أخرجه أحمد في المسند "١/٢١٥، ٣٤٧"، وابن ماجه برقم "٣٠٢٩"، وابن خزيمة برقم "٢٨٦٧"، والحاكم "١/٤٦٦"، وصححه ووافقه الذهبي.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕێگریکردن لە زیادەڕەویکردنی تێدایە بەڕەهایی، هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە زیادەڕەویکردن هۆکاری لەناوچوونە لە دونیا و دواڕۆژدا، زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکانیش لەپێشترە کە دەچێتە ناو ئەو قەدەغەکردنەوە؛ چونکە هۆکاری هاوبەشی بڕیاردانە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگریکردن لە زیادەڕەویکردن و ڕووبەڕووبونەوەی خەراپی سەرەنجامەکەی.

٢- بایەخدان بەو ئوممەتانەی کە پێشی ئێمە ڕۆیشتوون؛ بۆ دوورکەوتنەوە لەو هەڵانەی کە ئەوان تووشی بوون.

٣- سووربوونی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەسەر ڕزگاربوونی ئوممەتەکەی لە هاوبەشی بڕیاردان و هۆکارەکانی و دوورکەوتنەوە لێی.

٤- هاندان لەسەر مامناوەندیەتی لە پەرستن و جگە لەوێش، لەنێوانی لایەنی زیادەڕەویی و کەمتەرخەمی.

٥- زیادەڕەوییکردن لە پیاوچاکاندا، هۆکارە بۆ کەوتنە ناو هاوبەشی بڕیاردان.

٦- ترسی زۆری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە شیرک و ئاگەدارکردنەوەی لێی.

* * *

.....

وَلِمُسْلِمٍ عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ»، قَالَهَا ثَلَاثًا.[1]

پێشەوا موسلیم لە ئیبن مەسعوودەوە گێڕاویەتییەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "لەناوچوون ئەوانەی قوڵ دەبنەوە و زیادەڕەوی دەکەن لە شتەکاندا"، سێ جاران ئەمەی فەرموو.

ڕاڤەکردن

المتنطعون: ئەوانەی قوڵ دەبنەوە لە قسە و پەرستن و جگە لەمانەش. **ثلاثاً:** واتە: ئەو وشەیەی سێ جاران فەرموو؛ بۆ زیادە گەیاندن و فێرکردن.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ڕوونی دەکاتەوە کە وردبوونەوە و قوڵ بوونەوە لە شتەکان و زیادەڕەویکردن تێیدا، دەبێتە هۆی تیاچوون، مەبەستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قەدەغەکردنی ئەو کارەیە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: بە دڵنیایی قووڵبوونەوە بەشێکە لەو زیادەڕەوییەی کە قەدەغە کراوە، قووڵبوونەوە لە بەگەورە دانانی پیاوچاکان، بۆ ئەو سنوورەی کە سەر بکێشێت بەرەو شیرک، ئەویش دەچێتە ئەو قووڵبوونەوەیە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- هاندان لەسەر دوورکەوتنەوە لە قووڵبوونەوە لە هەموو شتێک؛ بەتایبەتی لە پەرستشەکان و ڕێگرتنی پیاوچاکاندا.

٢- هاندان لەسەر مامناوەندیەتی لەهەموو شتێکدا.

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٦٧٠"، وأبو داود برقم "٤٦٠٨" وأحمد "٣٨٦/١".

٣- سوورببوونی زۆری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەسەر ڕزگار بوونی ئوممەتەکەی، هەروەها هەوڵدانی لە گەیاندنی ئایین.

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: هەر کەسێک لەو بەشە و دوو بەشەکەی دوای ئەوە تێبگات، غوربەتی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێ، هەروەها شتی سەیر دەبینێت لە هێز و توانای خوا و گۆڕین وهەڵگێڕانەوەی بۆ دڵەکان.

دووەم: ناسینی ئەوەی کە یەکەم شیرک لە زەویدا ڕوویدا، بەهۆی گومانی پیاوچاکانەوە بوو.

سێیەم: ناسینی یەکەم شت کە ئایینی پێغەمبەرانی پێ گۆڕدرا، هۆکاری ئەمە چی بوو؟ لەگەڵ زانینی ئەوەی کە ڕەوانەی کردوون.

چوارەم: قەبووڵکردنی بیدعە، لەگەڵ ئەوەی کە شەریعەت و فیترەتەکان ڕەتی دەکەنەوە.

پێنجەم: هۆکاری هەموو ئەمە: تێکەڵکردنی ڕاستی و حەق بوو بە ناحەق.[ئەمەش بەهۆی دوو شتەوە ڕووی دا]:

یەکەمیان: خۆشویستنی پیاوچاکان.

دووەمیان: ئەنجامدانی شتێک لەلایەن خەڵکانێک لە ئەهلی عیلم و دیین، کە مەبەستیان پێی چاکە بوو؛ بەڵام ئەوانەی دوای ئەوان گومانیان وابوو کە مەبەستیان پێی شتێکی دیکە بووە.

شەشەم: لێکدانەوەی ئەو ئایەتەی لە سورەتی نووحە.

حەفتەم: سروشتی ئادەمی وایە کە ڕاستی لە دڵیدا کەم دەکات، بەڵام ناڕەوا زیاد دەبێت.

هەشتەم: بەڵگەی ئەو قسەیەی تێدایە کە لە سەلەف نەقڵ کراوە؛ ئەویش ئەوەیە کە بیدعە هۆکاری کوفرە.

نۆیەم: شەیتان دەزانێت کە بیدعە سەرەنجامەکەی بەرەو کوێ دەڕوات؛ ئەگەرچی مەبەستی ئەنجامدەرەکەشی باش بێت.

دەیەم: ناسینی بنەما گشتییەکە، کە بریتییە لە ڕێگریکردن لە زیادەڕەویکردن، هەروەها زانینی ئەوەی کە سەرەنجامەکەی بەرەو کوێ دەڕوات.

یازدەیەم: زەرەر و زیانی مانەوە لەسەر گۆڕ؛ لەبەر کردەوەی چاکە.

دوازدەیەم: ناسینی ڕێگریکردن لە پەیکەر دروستکردن و حیکمەت لە لابردنیان.

سێزدەیەم: ناسینی گەورەیی ئەو چیرۆکە و زۆری پێویستی بۆی، لەگەڵ بێئاگایی خەڵکیش لێی.

چواردەیەم: سەیرترین شت ئەوەیە: کەسانێک کە بانگەشەی زانست دەکەن و لە کتێبی تەفسیر و فەرموودە ئەو چیرۆکە دەخوێننەوە و لە واتای قسەکەش تێدەگەن، بەڵام خوای گەورە بەربەستی خستووەتە نێوانی ئەوان و نێوانی دڵیان[تەوحید]، تا وای لێهاتووە کە باوەڕیان وایە کارەکەی گەلی نووح باشترین پەرستشە، هەروەها باوەڕیان وایە کە ئەوەی خوا و پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردووە، هەر کەسێک قەدەغەی بکات، ئەوە کوفرە و حەڵاڵکەری خوێن و ماڵ و سامانە[واتە: بابەتەکەیان پێچەوانە کردۆتەوە].

پازدەیەم: ئاشکراکردنی ئەوەی کە ئەوان هیچ شتێکیان نەدەویست، تەنها تکاکردن نەبێت.

شازدەیەم: گومانیان وابوو کە ئەو زانایانەی ئەو پەیکەرانەیان کێشابوو، مەبەستیان تکاکردن بووە.

حەڤدەیەم: ڕوونکردنەوەیەکی گەورە لە وتەی پێغەمبەر: "زیادەڕەوی لە ستایشکردنی منداً مەکەن، هەروەکوو نەسڕانییەکان لە عیسای کوڕی مەریەمدا کردیان"، سەڵات وسەلامی خوا لەسەر پێغەمبەر، لەسەر ئەوەی کە ئایینەکەی زۆر بە ڕوونی گەیاند.

هەژدەیەم: ئامۆژگاری کردنی پێغەمبەر بۆ ئیمە، بەوەی زیادەڕەوەکان تیادەچن.

نۆزدەیەم: دەربڕین بەڕاشکاوی کە ئەوان نەیان پەرستن، هەتا زانست لەبیرچوویەوە، کەواتە ڕوونکردنەوەی ناسینی گەورەیی بوونی زانست و زیانی لەدەستدانی زانستی تێدایە.

بیستەم: بە دڵنیایی هۆکاری لەدەستدانی زانست: مردنی زانایانە.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ مِنَ التَّغْلِيظِ فِيمَنْ عَبَدَ اللهَ عِنْدَ قَبْرِ رَجُلٍ صَالِحٍ، فَكَيْفَ إِذَا عَبَدَهُ؟

بەشی ئەوەی کە هاتووە لە بەڵگەی توند دەربارەی ئەو کەسەی کە خوا دەپەرستێت لەلای گۆڕی پیاوێکی چاک، ئەی ئەگەر گۆڕەکە بپەرستێت، دەبێت چۆن بێت؟

فِي الصَّحِيْحِ عَنْ عَائِشَةَ: أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ ذَكَرَتْ لِرَسُولِ اللهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- كَنِيسَةً رَأَتْهَا بِأَرْضِ الْحَبَشَةِ، وَمَا فِيهَا مِنَ الصُّوَرِ، فَقَالَ: «أُولَئِكِ إِذَا مَاتَ فِيهِمُ الرَّجُلُ الصَّالِحُ، أَوِ الْعَبْدُ الصَّالِحُ، بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ، أُولَئِكِ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللهِ».[1]

فَهَؤُلَاءِ جَمَعُوا بَيْنَ الفِتْنَتَيْنِ: فِتْنَةِ الْقُبُورِ، وَفِتْنَةِ التَّمَاثِيلِ.

لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە عائیشەوە کە دایکی سەلەمە بۆ پێغەمبەری خوای باسکردووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کەوا لە خاکی حەبەشە کەنیسەیەکی بینیوە، هەروەها ئەو وێنە و تابلۆیانەشی کە تێیدا بووە. ئەویش فەرمووی: "ئەوانە ئەگەر پیاوێکی چاک، یان بەندەیەکی باش تێیاندا بمردبا، دەچوون مزگەوتێک(پەرستگا)یەکیان لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکرد و وێنە و تابلۆی ئەو پیاو چاکەشیان تێدا دەکێشا، ئەوانە خەڵکینی خەڵکین لەلای خوای گەورە".

کەواتە ئەوانە دوو فیتنەیان پێکەوە کۆکردۆتەوە: فیتنەی گۆڕەکان و فیتنەی پەیکەر و وێنەکان.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٢٧"، ومسلم برقم "٥٢٨"، وأحمد "٥١/٦".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە پەرستنی خوا لەلای گۆڕ، هۆکارێکە بەرەو شیرک، کە پێچەوانەی تەوحیدە.

ژیاننامەی (أم سلمة): دایکی باوەڕدارانە، هیندی کچی ئومەییەی مەخزوومی قورەیشییە، ساڵی (٦٢)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، -ڕەزای خوای لێبێت-.

ذكرتْ للنبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: واتە: لە نەخۆشی مردنیدا.

كنيسة: بە فەتحەی کافەکە و کەسرەی نونەکە: پەرستگای نەسڕانییەکانە.

أولئك: بە فەتحەی کافەکە و کەسرەکەی.

الرجل الصالح أو العبد الصالح: ئەمە -خواش باشتر دەزانێت- گومانە لەلایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە.

تلك الصور: واتە: ئەو وێنانەی کە دایکی سەلەمە باسی کرد.

فهؤلاء...إلخ: ئەوە قسەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەیە، دانەر وەکوو ڕوونکردنەوە بۆ واتای فەرموودەکە باسی کردووە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: لەکاتێکدا پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە نەخۆشی سەرەمەرگیدابوو، دایکی سەلەمە لەلای پێغەمبەر وەسفی ئەوەی کرد کە لە پەرستگای نەسڕانییەکان بینیویەتی، لە وێنە و تابلۆی ئادەمیزادەکان. بۆیە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەو هۆکارەی ڕوون کردەوە کە لەپێناویدا ئەو وێنەو و تابلۆیانەیان هەڵواسی بوو؛ کە بریتییە لە زیادەڕەویکردن لە بەگەورەدانانی پیاوچاکان؛ ئەوەی کە سەری کێشا بۆ دروستکردنی مزگەوت و پەرستگاکان لەسەر گۆڕەکان و دانانی تابلۆکانیان لەسەری، پاشان حوکمی ئەو کەسەی ڕوونکردەوە کە ئەو کارە ئەنجام دەدات، بەوەی ئەوانە خەراپترینی خەڵکین؛ چونکە لەو کارەدا دوو

قەدەغەکراویان کۆکردۆتەوە، ئەوانیش: فیتنەی گۆڕ و کردنیان بە مزگەوت، هەروەها فیتنەی بەگەورە دانانی پەیکەر، کە سەردەکێشێ بۆ هاوبەش بڕیاردان.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەی ئاشکرای تێدایە لەسەر قەدەغەکردنی پەرستنی خوای گەورە لەلای گۆڕی پیاوچاکەکان و کردنیان بە مزگەوت و پەرستگا؛ چونکە ئەوە کاری نەسڕانییەکان بووە، هەر کەسێکیش بیکات، ئەوا لە خەراپترینی خەڵکییە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگریکردن لە پەرستنی خوا لەلای گۆڕی پیاوچاکان؛ چونکە هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان و لە کاری نەسڕانییەکانیشە.

٢- باسکردنی ئەو کارەی بێباوەڕەکان دەیکەن؛ بۆ ئەوەی موسڵمانەکان وریا بن لێی.

٣- ئاگەداربوون لە کێشانی وێنە و تابلۆ و دانانی تابلۆ؛ چونکە ئەمە هۆیەکە بۆ هاوبەش بڕیاردان.

٤- هەر کەسێک مزگەوتێک لەسەر گۆڕی پیاوێکی چاک دروست بکات، ئەوە لە خەراپترینی دروستکراوەکانە، با مەبەستیشی باش بێت.

***

.....

وَلَهُمَا عَنْهَا، قَالَتْ: «لَمَّا نُزِلَ بِرَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً لَهُ عَلَى وَجْهِهِ، فَإِذَا اغْتَمَّ بِهَا كَشَفَهَا، فَقَالَ -وَهُوَ كَذَلِكَ-: «لَعَنَةُ اللهُ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ»؛ يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا، وَلَوْلَا ذَلِكَ لأُبْرِزَ قَبْرُهُ، غَيْرَ أَنَّهُ خُشِيَ أَنْ يُتَّخَذَ مَسْجِدًا».[1] أَخْرَجَاهُ.

بەهەمان شێوە بوخاری و موسلیم لە عائشەوە گێڕاویەتییانەوە، کە فەرموویەتی: کاتێک فریشتەی گیانکێشان هاتە لای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، پارچە قوماشێکی خەت خەتی دەخستە سەر دەم و چاوی، جا ئەگەر بەهۆیەوە تەنگە نەفەس ببوایە لایدەدا، لەکاتێک لەو دۆخە نارەحەتەدا بوو، فەرموووی: "نەفرەتی خوا لەسەر جووەکە و نەسڕانییەکان بێت، لەبەر ئەوەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت و پەرستگا"، بەمە خەڵکی ئاگەدار دەکردەوە لەو کارەی کە ئەوان کردیان، ئەگەر ئەمە نەبووایە، ئەوا گۆڕەکەی لە دەرەوە دەنێژرا، بەڵام ترسا لەوەی گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت و مەزارگە.

ڕاڤەکردن

ولهما: واتە: بوخاری و موسلیم، ئەو قسەیە بێ پێویستی دەکات لە قسەی کۆتایی کە دەڵێت: هەردووکیان گێڕاویەتییانەوە(أخرجاه)، بەڵام لەوانەیە ئەمە هەڵەیەکی بێ مەبەست بێت.

عنها: واتە: عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت-.

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٣٥"، ومسلم برقم "٥٣١".

لما نُزل: بە زەممەی نوونەکە و کەسرەی زایەکە، واتە: فریشتەی گیانکێشان هاتە لای.

طفق: بە کەسرەی فائەکە و فەتحەکەی، واتە: ئاوای دەکرد، یان دایدەنا.

خميصة: پۆشاکێک، یان پارچە قوماشێکی چوارگۆشە کە هێڵ و هێمای لەسەربوو.

اغتم بها: واتە: تەنگەنەفەسی دەکرد و هەناسەی لە دمرچوون دەگیرا.

كشفها: واتە: لە ڕووخساری پیرۆزی لایدەدا.

فقال وهو كذلك: واتە: لەو دۆخە تەنگەدا، ئازاری ناڕەحەتی ڕووح کێشانی دەچەشت.

يحذّر ما صنعوا: واتە: نەفرەتی لێ دەکردن؛ بۆ ئاگەدارکردنەوەی ئوممەتەکەی لەوەی کارێک بکەن وەکوو ئەوان.

ولولا ذلك: واتە: ئەگەر ئاگەدارکردنەوەکەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نەبووایە لەو کارەی کە ئەوان کردیان و نەفرەتی نەکردبا لەو کەسەی ئەو کارەی کردووە.

لأُبرز قبرُه: واتە: لە دمرەوەی ماڵەکەی دەنێژرا[وەکوو گۆڕی هاوەڵەکانی].

خشي: بە فەتحەی خائەکە گێڕدراوەتەوە، بکەرەکەی دیارە، واتاکەی دەبێتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمانی پێ کردوون، گۆڕەکەی لە دمرەوەی ماڵەکەی نەنێژرێت. هەروەها بە زەممەی خائەکەش گێڕدراوەتەوە، بکەرەکەی دیار نییە، واتاکەی دەبێتە: هاوەڵەکان ترساون لەمە، بۆیەش گۆڕەکەی لە دمرەوە و لە شوێنێکی دیار نەنێژراوە.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەبەر سووربوونی لەسەر پارێزگاریکردن لە تەوحید و دوورخستنەوەی ئوممەتەکەی لەو شتەی کە ئوممەتە گومڕاکان تێیکەوتن، لە زیادەڕەویکردن لە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان، هەتا بەهۆی ئەمەوە سەریان کێشا بۆ هاوبەش بڕیاردان، پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-

لەکاتێکدا لەسەرە مەرگدا بوو، ئازاری ناڕەحەتی گیان کێشانی دەچەشت، ئوممەتەکەی ئاگەدار دەکردەوە لە زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکەی، بۆ ئەوەی نەیکەن بە مزگەوت و نوێژی لەلا نەکەن؛ هەروەکوو جوولەکە و نەسڕانییەکان ئەو کارەیان لەگەڵ گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد، بۆیە سەڵاتی خوای لەسەر بێت، بە دڵنیایی ئایینەکەی زۆر بەڕوونی گەیاند.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕێگری کردنی تێدایە لە پەرستنی خوا لەلای گۆڕی پێغەمبەرەکان و کردنیان بە مزگەوت؛ چونکە سەردەکێشێت بۆلای هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگەگرتن لەوەی گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان بکرێتە مزگەوت و نوێژی تێدا بکرێت بۆ خوا؛ چونکە ئەمە هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان.

٢- گرینگی دان و بایەخی زۆری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بە یەکخواپەرستی و ترسانی لەوەی گۆڕەکەی بەگەورە دابنرێت؛ لەبەر ئەوەی ئەم کارە، هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان.

٣- دروستییەتی نەفرەتکردن لە جوولەکە و نەسڕانییەکان و ئەو کەسەشی هەمان کاری ئەوان بکات، لە دروستکردنی خانوو لەسەر گۆڕ و کردنی بە مزگەوت و پەرستگا.

٤- ڕووبەڕوونکردنەوەی حیکمەتی ناشتنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەناو ماڵەکەیدا، ئەمە بۆ ڕێگەگرتن بووە لەوەی خەڵکی بەهۆیەوە تووشی فیتنە نەبن.

٥- پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-یش مرۆڤە، ئەو شتانەی کە بەسەر مرۆڤەکاندا دێت، بەسەر ئەویشدا دێت، وەکوو مردن و ناڕەحەتی ڕووح کێشان.* * *

.....

وَلِمُسْلِمٍ عَنْ جُنْدَبِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَبْلَ أَنْ يَمُوتَ بِخَمْسٍ، وَهُوَ يَقُولُ: «إِنِّي أَبْرَأُ إِلَى اللهِ أَنْ يَكُونَ لِي مِنْكُمْ خَلِيلٌ؛ فَإِنَّ اللهَ قَدِ اتَّخَذَنِي خَلِيلًا، كَمَا اتَّخَذَ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا، وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا مِنْ أُمَّتِي خَلِيلًا؛ لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلًا. أَلَا وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، أَلَا فَلَا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ، فَإِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ». [1]

هەروەها پێشەوا موسلیم لە جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بوو، پێش ئەوەی بمرێت بە پێنج شەو، دەیفەرموو: "من نکوولی دەکەم لەلای خوا کە یەکێک لە ئێوە خەلیلی من بێت، چونکە خوای گەورە منی کردووە بە خەلیلی خۆی، هەروەکوو ئیبراهیمی کردۆتە خەلیل، ئەگەر یەکێکم لە ئوممەتەکەم بکردبا بە خەلیل، ئەوا ئەبوو بەکرم دەکرد بە خەلیل. ئاگەدارین! ئوممەتانی پێش ئێوە، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت و پەرستگا، هۆشیارین! گۆڕەکان مەکەنە مزگەوت و پەرستگا، لەبەر ئەوەی بە دڵنیایی من ڕێگریتان لێ دەکەم لەو کارە".

ڕاڤەکردن

ژیاننامە:

١- (جندب): جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سوفیانی بەجەلیبە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، دوای سالّی شەستی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

[1] - أخرجه مسلم برقم "٥٣٢".

٢- **(أبا بكر):** ئەبوو بەکری سددیق: عەبدوڵڵای کوڕی عوسمانی کوڕی عامری کوڕی عەمری کوڕی کەعبی تەیمییە، جێنشینی پێغەمبەری خوایە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بە کۆدەنگی زانایان باشترینی هاوەڵانە، ساڵی (١٣) وەفاتی کردووە و تەمەنی (٦٣) ساڵ بووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

بخمس: واتە: پێنج شەو. گوتراویشە: پێنج ساڵ.

إني أبرأ: واتە: نامەوێ و نکوولّی لێ دەکەم.

خليلاً: (الخليل): خۆشەویست بەوپەڕی خۆشەویستی.

ألا: پێتی دەستپێکردن و ئاگەدارکردنەوەیە.

من كان قبلكم: مەبەستی: جوولەکە و نەسڕانییەکانە.

يتخذون قبور أنبيائهم مساجد: بە نوێژکردن لەلای و بەرەو لای، هەروەها بە دروستکردنی مزگەوت و گومبەد لەسەری.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێشی وەفاتکردنی باسی فەرموودەیەکی گرینگ دەکات بۆ ئوممەتەکەی، بۆیە باسی پێگەی خۆی دەکات لەلای خوا، کە گەیشتۆتە بەرزترین پلەی خۆشەویستی؛ هەروەکوو پیغەمبەر ئیبڕاهیم ئەو پلەیەی بەدەست هێناوە، هەر بۆیەش نکوولّی لەوە کرد کە جگە لە خوا خەلیلێکی هەبێت؛ لەبەر ئەوەی دڵی پڕ بووە لە خۆشەویستی و بەگەورەدانان و ناسینی خوا؛ بۆیە جێگەی کەسی تێدا نابێتەوە. ئەگەر لەناو دروستکروەکاندا کەسێکی بکردبا بە خەلیلی خۆی، ئەوە ئەبوو بەکری سددیقی دەکردە خەلیل، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ گەورەیی و چاکیی ئەبوو بەکر و کردنی بە جێنشین دوای خۆی. پاشان هەواڵی دا دەربارەی زیادەڕەویکردنی جوولەکە و نەسرانییەکان لە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان، هەتا کردنیان بە پەرستگای شیرکی، ڕێگریشی لە ئوممەتەکەی کرد، کە هەمان کاری ئەوان ئەنجام بدەن.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕێگریکردنی تێدایە لەوەی گۆڕەکان بکرێنە شوێنی پەرستن؛ چونکە هۆکارێکە بۆ هاوبەشی بڕیاردان. هەروەکوو جوولەکە و نەسڕانییەکان و جگە لەوان لە ئەهلی بیدعە وا دەکەن.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگریکردن لەوەی گۆڕەکان بکرێنە شوێنی پەرستن، نوێژیان لەلا بکرێت، یان بەرەو ڕوویان بکرێت، هەروەها مزگەوت، یان گومبەدیان لەسەر دروست بکرێت، ئەمەش لەترسی کەوتنە ناو شیرک بەهۆی ئەو کارەوە.

٢- داخستن و گرتنی ئەو هۆکارانەی کە سەردەکێشێت بەرەو شیرک.

٣- جێگیرکردنی سیفەتی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

٤- چاکیی و گەورەیی دوو خەلیلەکە: موحەممەد و ئیبڕاهیم -علیهما السلام-.

٥- فەزڵ و گەورەیی ئەبوو بەکری سددیق، کە باشترینی ئوممەتە بە ڕەهایی.

٦- فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر خەلافەتی ئەبوو بەکری سددیق.

* * *

.....

فَقَدْ نَهَى عَنْهُ فِي آخِرِ حَيَاتِهِ، ثُمَّ إِنَّهُ لَعَنَ -وَهُوَ فِي السِّيَاقِ- مَنْ فَعَلَهُ، وَالصَّلَاةُ عِنْدَهَا مِنْ ذَلِكَ، وَإِنْ لَمْ يُبْنَ مَسْجِدٌ. وَهُوَ مَعْنَى قَوْلِهَا: «خَشِيَ أَنْ يُتَّخَذَ مَسْجِدًا»، فَإِنَّ الصَّحَابَةَ لَمْ يَكُونُوا لِيَبْنُوا حَوْلَ قَبْرِهِ مَسْجِدًا.

وَكُلُّ مَوْضِعٍ قُصِدَتِ الصَّلَاةُ فِيهِ فَقَدِ اتُّخِذَ مَسْجِدًا، بَلْ كُلُّ مَوْضِعٍ يُصَلَّى فِيهِ يُسَمَّى مَسْجِدًا، كَمَا قَالَ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «جُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا».[1]

بێگومان لە کۆتایی ژیانیدا ڕێگری لەو کارە کرد، پاشان -لەکاتێکدا لەسەرەمەرگدا بوو- نەفرەتی کرد لەو کەسەی ئەو کارە بکات، هەروەها نوێژکردنیش لەلای گۆڕ بەشێکە لە گۆڕ کردنە مزگەوت، با مزگەوتیشی بەسەرەوە دروست نەکرابێت. ئەمەش واتای قسەکەی عائیشەیە: "ترسا لەوەی گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت"، چونکە هاوەڵەکان هەرگیز بەنیاز نەبوون لە دەوری گۆڕەکەی مزگەوت دروست بکەن.

ئینجا هەر شوێنێکیش ڕووی تێکرا و مەبەست بوو کە نوێژی تێدا بکرێت، ئەوە بێگومان کراوە بە مزگەوت، بەڵکوو هەر شوێنێک نوێژی تێدا کرا، پێی دەگوترێت مزگەوت، هەروەکوو پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "هەموو زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت و پاککەرەوە".

ڕاڤەکردن

ئەمە قسەی شێخی ئیسلام، ئیبن تەیمیەیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، بەهۆیەوە واتا و دەلالەتی فەرموودەکانی پێشوو ڕوون دەکاتەوە.

[1] - أخرجه البخاري برقم "٣٣٥"، ومسلم برقم "٥٢١".

ڕوونکردنەوەی قسەکەی ئیبن تەیمییە:

واتای ئەو وتەیەی: **"فقد نهى عنه في آخر حياته"**: هەروەکوو لە فەرموودەکەی جوندوبدا هاتووە.

ئەو وتەیەشی: **"ثم إنه لعن وهو في السياق من فعله"**: هەروەکوو لە فەرموودەکەی عائیشەدا هاتووە.

واتای ئەو وتەیەی: **"والصلاة عندها من ذلك"** واتە: بەشێکە لە کردنیان بە مزگەوت و پەرستگا.

واتای ئەو وتەیەی: **"وإن لم يُبن مسجدٌ"** واتە: نوێژکردن لەلای گۆڕەکان، بەشێکە لە کردنیان بە مزگەوت، کە نەفرەت لەو کەسە کراوە ئەو کارە دەکات، ئەگەر بەبێ دروستکردنی مزگەوتیش بێت.

واتای ئەو وتەیەی: **"وهو معنى قولِها: خَشي أن يُتخذ مسجداً"** واتە: مەبەستی قسەکەی عائیشە لە هۆکاری ناشتنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە ماڵەکەی خۆیدا و دەرنەخستنی گۆڕەکەی.

واتای ئەو وتەیەی: **"فإن الصحابة لم يكونوا ليبنوا حول قبره مسجداً"** واتە: لەبەر ئەوەی زانیان کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- توند بووە لەو بوارەوە و نەفرەتیشی کردووە لەو کەسەی ئەو کارە دەکات، کەواتە مەبەستەکە؛ قەدەغەکردنی نوێژە لەلای گۆڕ.

واتای ئەو وتەیەی: **"وكل موضع قُصدت الصلاة فيه فقد اتُخذ مسجداً"**؛ لەبەر ئەوەی ئامادەکراوە بۆ نوێژکردن، ئەگەرچی پەرستگاشی لەسەر دروست نەکرابێت.

واتای ئەو وتەیەی: **"بل كل موضع يُصلى فيه يسمى مسجداً"** واتە: ئەگەرچی بەتایبەتیش بۆ ئەو مەبەستە نەبێت، بەڵکوو وا ڕێککەوت کە نوێژی تێدا بکرێت، لەبەر ئەوە لەوێدا کاتی نوێژ هات.

واتای ئەو وتەیەی: **كما قال النبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: "جُعلت لي الأرض مسجداً وطهوراً".** مەبەستی بەمە بەڵگە هێنانەوەیە بۆ قسەکانی پێشوو، چونکە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا ناوی لە زەوی ناوە مزگەوت؛ لە هەموو بەشێکی نوێژکردن دروستە، تەنها ئەوەی بەڵگە جیای کردبێتەوە و بە دروستی نەزانیبێت.

* * *

.....

وَلِأَحْمَدَ -بِسَنَدٍ جَيِّدٍ- عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- مَرْفُوعًا: «إِنَّ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ مَنْ تُدْرِكُهُمُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاءٌ، وَالَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْقُبُورَ مَسَاجِدَ».[1] رَوَاهُ أَبُو حَاتِمٍ فِي صَحِيحِهِ.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد بە سەنەدێکی باش گێڕاویەتییەوە لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- بە مەرفووعی[واتە: وتەی پێغەمبەر]: "بەڕستی خەراپترینی خەڵکی کەسانێکن، کە قیامەتیان بەسەردا دێت لەکاتێکدا زیندوون، هەروەها ئەوانەش کەوا گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت و پەرستگا".

ڕاڤەکردن

شرار الناس: بە کەسرەی شینەکە، کۆی (شرّ)ـە، واتە: خەراپترین، فیعلی تەفزیلە(پلەی باڵا).

من تدركهم الساعة: واتە: نیشانە و پێشەکییەکانی: وەکوو دەرچوونی ئاژەڵەکە و هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە.

يتخذون القبور مساجد: واتە: بە نوێژکردن لەلای گۆڕ و بەرەو گۆڕ.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو کەسانەی کە قیامەت لەسەر ئەوان هەڵدەستێت لەکاتێکدا زیندوون کە ئەوانە خەراپترینی خەڵکین، هەروەها ئەو کەسانەشی کە لە لای گۆڕ و بەرەو گۆڕ نوێژ دەکەن و گومبەدی لەسەر دروست دەکەن، ئەمەش ئاگەدار کردنەوەیە بۆ ئوممەتەکەی کە نەکەن لەگەڵ گۆڕی پێغەمبەر و پیاوچاکەکانیاندا کارێک بکەن، وەکوو کاری ئەو خەراپەکارانە.

[1] - أخرجه أحمد في مسنده "٤٣٥/١"، وصححه ابن حبان في صحيحه برقم "٣٤٠".

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە هۆشیارکردنەوەی تێدایە لەوەی گۆڕەکان بکرێنە مزگەوت و لە ناویدا نوێژ بکرێت و تەبەڕووکی پێوە بکرێت؛ چونکە ئەوە هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ئاگەدارکردنەوە لە نوێژکردن لە لای گۆڕەکان، چونکە هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان.

٢- بە دڵنیایی هەر کەسێک گۆڕی پیاوچاکان، بکاتە مزگەوت بۆ نوێژکردن تێیدا؛ ئەوە لە خەراپترینی خەڵکییە، ئەگەرچی مەبەستیشی نزیکبوونەوە بێت لە خوا.

٣- بێگومان قیامەت لەسەر خەراپترینی خەڵکی هەڵدەستێت.

٤- هۆشیارکردنەوە لە هاوبەش بڕیاردان و هۆکارەکانی و ئەو شتانەی نزیکت دەکەنەوە لێی، جا مەبەستی خاوەنی ئەو هۆکارانە هەرچییەک بێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ئەوەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باسی کرد، دەربارەی ئەو کەسەی کەوا مزگەوتێک لەسەر گۆڕی پیاوێکی چاک دروست بکات و خوای تێدا بپەرستێت؛ با مەبەستی بکەرەکەشی ڕاست و دروست بێت.

دووەم: ڕێگریکردن لە وێنە و پەیکەر و ئەو فەرمانە تووندانەی لەو بوارەوە هاتوون.

سێیەم: پەند وەرگرتن لە جەختکردنەوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو بوارە: چۆن سەرەتا ئەوەی بۆ ڕوون کردنەوە، پاشان بەر لە مردنی بە پێنج شەو، ئەوەی فەرموو کە فەرمووی، پاشان کاتێک لەسەرەمەرگ و لەکاتی ڕووح کێشاندا بوو،بەتەنها بەوەی پێشوو وازی نەهێنا.

چوارەم: ڕێگری کردنی لە ئەنجامدانی ئەو کارە[دروستکردنی مزگەوت] لەلای گۆڕەکەی، پێش ئەوەی گۆڕ بوونی هەبێت.

پێنجەم: یەکێک لە ڕێگەکانی جوولەکە و نەسڕانییەکان بەرانبەر گۆڕی پێغەمبەرەکانیان[واتە: دەیکەنە مزگەوت].

شەشەم: نەفرەتکردنی پێغەمبەر لەوان، لەسەر ئەو کارە.

حەفتەم: بە دڵنیایی مەبەستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئاگەدارکردنەوەی ئێمەیە، نەوەکوو لەلای گۆڕەکەی ئەو، هەمان کاری ئەوان بکەین.

هەشتەم: هۆکاری دەرنەخستن و لەماڵەوە ناشتنی گۆڕەکەی.

نۆیەم: واتای گۆڕ کردنە مزگەوت.

دەیەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەو کەسەی کەوا گۆڕ دەکاتە مزگەوت، لکاندوویەتی بەو کەسانەی کە قیامەتیان لەسەر هەڵدەستێت، ئینجا باسی هۆکاری بەرەو شیرک چوونی کرد، پێش ڕوودانی لەگەڵ کۆتاییەکەی.

یازدەیەم: ئەوەی لە وتارەکەیدا باسی کرد پێش مردنی بە پێنج شەو: وەڵامدانەوەی ئەو دوو کۆمەڵەی تێدایە کە خەراپترینی ئەهلی بیدعەن، بەڵکوو هێندێک لە سەلەف لە حەفتا و دوو فیرقەکە دەریان کردوون، ئەوانیش ڕافیزەکان و جەهەمییەکانن، ئینجا بەهۆی ڕافیزەکان، هاوبەشی بڕیاردان و پەرستنی گۆڕەکان سەری هەڵدا، هەروەها ئەوان یەکەم کەسانێکن[لەناو ئەو ئوممەتە]، کە مزگەوتیان لەسەر گۆڕەکان دروست کرد.

دوازدەیەم: ئەوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێی تاقی کرایەوە لە توندیی و ناڕەحەتی گیان کێشان.

سێزدەیەم: ئەوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بەهۆیەوە ڕێزی لێ گیراوە لە خۆشەویستی خوا.

چواردەیەم: دەربڕین بە ڕاشکاوی بەوەی کە خەلیلیەتی بەرزترە لە مەحەببەت.

پازدەیەم: دەربڕین بە ڕشکاوی کە ئەبوو بەکری سددیق، چاکترینی هاوەڵانە.

شازدەیەم: ئاماژەکردن بە جێنشینایەتی ئەبوو بەکر.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ أَنَّ الْغُلُوَّ فِي قُبُورِ الصَّالِحِينَ يُصَيِّرُهَا أَوْثَانًا تُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی زیادەڕەویکردن لە گۆڕی پیاوچاکان، دەیگۆڕێت و دەیکاتە بتێک و جگە لە خوا دەپەرسترێت

رَوَى مَالِكٌ فِي الْمُوطَّأِ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا يُعْبَدُ، اشْتَدَّ غَضَبُ اللهِ عَلَى قَوْمٍ اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ».[1]

پێشەوا مالیک لە کتێبی (الْمُوطَّأ)دا گێڕاویەتییەوە: کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "ئەی خوایە! گۆڕەکەم نەکەی بە بتێک و بپەرسترێت، لەبەر ئەوەی تووڕەیی خوا تووند و زۆر بووە لەسەر گەلێک، کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت و پەرستگا".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کاتێک لە بەشی پێشوو هۆشداریدا لە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا، لەو بەشەشدا دەیەوێت، ڕوون بکاتەوە کە زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکاندا، هۆکارێکە بۆ هاوبەشبڕیاردان، کە پێچەوانەی تەوحیدە، ئەمەش بە پەرستنی مردووەکان دەبێت. هەروەکوو دەیەوێت بەهەمان شێوە هۆشداریش بدات لە زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکاندا.

---

[1] - أخرجه مالك في موطئه برقم "٨٥"، وأحمد في مسنده "٢٤٦/٢".

ژیاننامەی پێشەوا مالیک: پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەسی کوڕی مالیکی کوڕی ئەبوو عامری ئەسبەحییە، ناسراوە بە پێشەوای مەدینە: (إمام دار الهجرة)، هەروەها یەکێکە لە چوار پێشەواکە، ساڵی (١٧٩)ـی کۆچی وەفاتی کرد -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

اللهم: بانگکراوە. مەبنییە لەسەر زەممە لە مەحەللی نەسبدا، میمەکەش شەددەدار و زیادەیە.

وثناً: بریتییە لەو پەرستراوەی کە پەیکەری نییە: وەکوو گۆڕ و دار وکۆڵەکە و دیوار و بەردەکان و هاوشێوەیان.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ترسا لەوەی ئوممەتەکەی لەگەڵ گۆڕەکەی تووشی ئەو شتە ببن کە جوولەکە و نەسڕانییەکان لەگەڵ گۆڕی پێغەمبەرەکانیان تووشی بوون، لە زیادەڕەویکردن تێیدا تاوەکوو بوو بە بت، بۆیە داوای لە پەروەردگاری کرد، کە گۆڕەکەی ئەویش ئاوای لێ نەیێت. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هۆشداریدا لە هۆکاری لکانی تووندی تووڕەیی و نەفرەتی خوا بە جوولەکە و نەسڕانییەکان. کە ئەوە بووە لە ئاستی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردوویانە، هەتا کردیانە بت و دەپەرسترا، بۆیەش تووشی شیرکی گەورە بوون کە پێچەوانەی تەوحیدە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: بێگومان زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکانیدا دەیکات بە بت و دەپەرستریێت؛ چونکە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمووی: "ئەی خوایە! گۆڕەکەم نەکەی بە بتێک و بپەرستریێت"، ئەمەشی بەو قسەیەی خۆی ڕوونکردەوە: "گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت".

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی زیادەڕەویکردن لە گۆڕی پێغەمبەرەکان، دەیکات بە بت و دەپەرسترێت.

٢- بەشێک لە زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکان، کردنیانە بە مزگەوت و پەرستگا، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ هاوبەش بڕیاردان.

٣- جێگیرکردنی وەسفکردنی خوای گەورە بە (تووڕەبوون)، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

* * *

.....

وَلِابْنِ جَرِيرٍ بِسَنَدِهِ عَنْ سُفْيَانَ، عَنْ مَنْصُورٍ، عَنْ مُجَاهِدٍ: ﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى﴾ [النجم: ١٩].

قَالَ: «كَانَ يَلُتُّ لَهُمُ السَّوِيقَ فَمَاتَ، فَعَكَفُوا عَلَى قَبْرِهِ».

وَكَذَا قَالَ أَبُو الْجَوْزَاءِ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: «كَانَ يَلُتُّ السَّوِيقَ لِلْحَاجِّ».

هەروەها پێشەوا ئیبن جەریر بە سەنەدی خۆی گێڕاویەتییەوە لە سوفیان، ئەویش لە مەنسوورِ، ئەویش لە موجاهید، کە دەربارەی ئەو ئایەتە: {دەی هەواڵمِ پێ بدەن، ئایا لات و عوززا کە دوو بت بوون، ئایا هیچیان پێ دەکرێت؟}.

فەرموویەتی: "لات، پیاوێک بوو خواردنی سەویقی بۆ حاجییەکان دروست دەکرد، دوایی مرد، بۆیە لەسەر گۆڕەکەی دەمانەوە".

هەروەها ئەبوو جەوزائیش ئاوای فەرموە، لە ئیبن عەببباسەوە: "لات پیاوێک بوو، سەویقی بۆ حاجییەکان دروست دەکرد".

[سەویق: خواردنێک بوو لە ئاردی گەنم، یان جۆ دروست دەکرا، پاشان تێکەڵ دەکرا لەگەڵ ئاو، یاخود ڕۆن و خورما، ئینجا دەخورا].

ڕاڤەکردن

ژیاننامە: .

١- **ابن جرير:** پێشەوای حافز، موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری، خاوەنی تەفسیر، ساڵی (٣١٠)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٢- **سفيان:** ئەوەی دیار بێت مەبەست پێی سوفیانی کوڕی سەعیدی سەوریيە، پێشەوا و بەڵگە و خواپەرست بووە، ساڵی (١٦١)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٣- **منصور:** کوڕی موعتەمیرە، متمانە و شەرعزانە، ساڵی (١٣٢)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٤- **مجاهد:** کوڕی جەبرە، متمانەیە و پێشەوایە لە تەفسیردا، زانستی لە ئیبن عەببـاس و جگە لەو وەرگرتووە، ساڵی (١٠٤)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٥- **أبو الجوزاء؛** ئەوسی کوڕی عەبدوڵڵای ڕەبعییە، متمانە و بەناوبانگە، ساڵی (٨٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

یلت السویق: واتە: ئاردەکەی تێکەڵ دەکرد لەگەڵ ڕۆن و هاوشێوەی ڕۆن.

عکفوا علی قبره: ڕوویان تێکرد و بەردەوام بوون لەسەری و چاوەڕێی پاداشت بوون لەسەری.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: بێگومان هۆکاری پەرستنی لات، بریتیی بووە لە زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکەی، تاوەکوو بوو بە بتێک و دەپەرسترا.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- قَالَ: «لَعَنَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- زَائِرَاتِ الْقُبُورِ، وَالْمُتَّخِذِينَ عَلَيْهَا الْمَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ».[1] رَوَاهُ أَهْلُ السُّنَنِ.

هەروەها لە ئیبن عەببасەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- نەفرەتی لەو ئافرەتانە کرد کەوا زۆر سەردانی گۆڕەکان دەکەن، هەروەها ئەوانەشی کە مزگەوت لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن و چرای لەسەر دادەگیرسێنن".

ڕاڤەکردن

أهل السنن: واتە: ئەبوو داوود و ترمزی و ئیبن ماجە. بەڵام نەسائی نەیگێڕاوەتەوە.

زائرات القبور: واتە: ئەوانەی سەردانی گۆڕەکان دەکەن لە ئافرەتان.

والسُّرج: واتە: ئەوانەی چرا لەسەر گۆڕەکان دادەگیرسێنن و ڕووناکی دەکەنەوە.

واتای فەرموودەکە بەکورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دوعا دەکات بە نەفرەتکردن -کە بریتییە لە دەرکردن و دوورخستنەوە لە ڕەحمەتی خوا- بۆ ئەو ئافرەتانەی کە سەردانی گۆڕەکان دەکەن؛ لەبەر ئەوەی سەردانی کردنیان خەراپەی لێ دروست دەبێت، وەکوو شین و ڕۆڕۆ و ئارامی لەبەربران و هەروەها پیاوان تووشی فیتنە دەبن پێیانەوە. هەروەها نەفرەتی کرد لەوانەی کە گۆڕەکان دەکەن بە شوێنی پەرستش، یاخود بە چرا و لەمپا ڕووناکی دەکەنەوە؛ چونکە ئەم کارە زیادەڕەوی کردنە تێیدا و هۆکارێکیشە بۆ تووشبوونی خاوەنەکەی بە شیرک.

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٢٣٦"، والترمذي برقم "٣٢٠"، وابن ماجه برقم "١٥٧٥"، وأحمد في مسنده "٢٢٩/١، ٢٨٧، ٣٢٤، ٣٣٧".

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکاندا؛ چونکە ئەوە دەیکات بە بت و دەپەرسترێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکاندا بە کردنیان بە پەرستگا؛ چونکە ئەمە سەردەکێشێت بەرەو شیرک.

٢- حەرامکردنی ڕووناککردنەوەی گۆڕستان؛ چونکە ئەمە هۆکارێکە بۆ پەرستنیان.

٣- بە دڵنیایی زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکاندا، یەکێکە لە گوناهە گەورەکان.

٤- هۆکاری قەدەغەکردنی نوێژکردن لەلای گۆڕەکان، بریتییە لە: ترسان لە شیرک، نەک لەبەر پیسی؛ چونکە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- گۆڕکردنە مزگەوت و ڕووناککردنەوەی پێکەوە لکاندووە و نەفرەتیشی لە هەردوو کارەکە کردووە. ئینجا نەفرەتکردن لەسەر داگیرساندنی چرا لەسەر گۆڕ لەبەر پیسیی نییە، هەروەها نوێژ کردنیش لەلای بەهەمان شێوە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی وشەی بتەکان (الْأَوْثَان).

دووەم: ڕاڤەکردنی وشەی پەرستش (الْعِبَادَة).

سێیەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پەنای نەگرتووە بە خوا، تەنها لەو شتە نەبێت کە ترساوە ڕوو بدات.

چوارەم: ئەو ترس و خۆپەنادانەی لکاندووە بە گۆڕی پێغەمبەران کردنە مزگەوت.

پێنجەم: باسی ئەوەی کە خوای گەورە زۆر تووڕە بووە.

شەشەم: بڕیتییە لە گرینگترینیان: ناسینی چۆنیەتی پەرستنی لات، کە لە گەورەترینی بتەکان بووە.

حەفتەم: شارەزابوون لەوەی کە بتی لات، گۆڕی پیاوێکی چاک بووە.

هەشتەم: لات ناوی خاوەنی گۆڕەکە بووە، هەروەها باسی واتای ناوەکەش.

نۆیەم: نەفرەتکردنی لەو ئافرەتانەی زۆر سەردانی گۆڕەکان دەکەن.

دەیەم: نەفرەتکردنی لەو کەسەی چرا لەسەر گۆڕ دادەگیرسێنێت[بە بەردەوامی].

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي حِمَايَةِ الْمُصْطَفَى -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- جَنَابَ التَّوْحِيدِ، وَسَدِّهِ كُلَّ طَرِيقٍ يُوصِلُ إِلَى الشِّرْكِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی پارێزگاریکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لە لایەنی یەکخواپەرستی، هەروەها هەموو ڕێگەیەکیشی گرتووە کە بەرەو هاوبەش بڕیاردان بڕوات

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {بە دڵنیایی ئەی گرۆی عەرەب، پێغەمبەرێکتان لە نەفسی خۆتان بۆ هاتووە کە عەرەبە وەکوو خۆتان، یاخود ئەی مرۆڤایەتی، پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە وەکوو خۆتان مرۆڤە، هەر شتێک ئێوە تووشی ناڕەحەتی بکات، پێغەمبەری خواش پێی ناخۆشە، یان ئەوەی ئێوە تووشی سزا، بکات لە قیامەتدا پێی ناخۆشە}. تا کۆتایی ئایەتەکە.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ [التوبة: ١٢٨]. واتە: زۆر سوورە لەسەر هیدایەت و باوەڕهێنان و سوودی دونیا و قیامەتتان، بەرانبەر بە باوەڕداران زۆر بە سۆز و بەزەیی و میهرەبانە.

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستیی: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- کاتێک لە بەشەکانی پێشوودا، شتێک لە پارێزگاریکردنی پێغەمبەری -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بۆ لایەنی یەکخواپەرستی ڕوون کردەوە، دەیەوێت لەو بەشەشدا پاریزگاری کردنە تایبەتەکەی ڕوون بکاتەوە.

المصطفى: بریتییە لە هەڵبژێردراو.

جناب: واتە: لایەن.

جاءكم: بۆ لای ئێوە هاتووە ئەی کۆمەڵی عەرەب.

من أنفسكم: لە ڕەگەزی خۆتانە و بە زمانی خۆتانە.

عزيز عليه: واتە: زۆر ناڕەحەتە لەسەری، ئەمە خەبەرێکی پێشکەوتووە.

ما عنتم: ئەوەی لەسەرتان قورسە و ئازارتان پێ دەگەیەنێت لە کوفر و گومڕایی و کوشتن و دیلبوون، ئینجا (ما) و ئەوەشی چۆتە سەری لە تەئویلی مەسدەڕدا: موبتەدەئێکی دواکەوتووە.

حريص عليكم: واتە: زۆر سوورە و زۆر ئارەزووی لەوەیە هیدایەت بدرێن و سوودی دونیا و دواڕۆژ بەدەست بێنن.

بالمؤمنين: واتە: نەک بەرانبەر جگە لە باوەڕداران.

رءوف: زۆر بە سۆز و بەزەییە.

رحيم: زۆر میهرەبانە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی بەندەکانی لەسەر شێوەی منەتکردن کەوا پێغەمبەرێکی گەورەی لە ڕەگەزی خۆیان و بە زمانی خۆیان بۆ ناردوون، لەسەری قورسە و ناڕەحەت دەبێت، ئەو شتەی ئەوان ناڕەحەت دەکات، ئەو شتەی ئەوان ئازار دەدات، ئەویش ئازاری پێ دەچێژێت، زۆر سوورە لەسەر ڕێنمایی کردنیان و بەدەستهێنانی سوود بۆیان، زۆر بە بەزەیی و میهرەبانە بەتایبەتی بەرانبەر بە باوەڕداران.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئەو وەسفانەی لەو ئایەتەدا باسکراوە بەرانبەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، وا دەخوازێت کە ئوممەتەکەی دەترسێنێت و

ئاگەداریان دەکاتەوە لە هاوبەش بڕیاردان، کە بریتییە لە گەورەترین تاوان؛ چونکە ئەوە مەبەستە هەرە گەورەکەیە لە پەیامەکەی.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئوممەتەکەی لە هاوبەش بڕیاردان ئاگەدار کردۆتەوە و دووری خستوونەتەوە لێی، هەموو ڕێگەیەکیشی داخستووە کە بەهۆیەوە سەربکێشێت بەرەو هاوبەش بڕیاردان.

٢- ئاگەدارکردنەوە لە نیعمەتی خوا لەسەر بەندەکانی، بە ناردنی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە بۆلایان کە لە خۆیانە.

٣- ستایشکردنی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، چونکە ئەو لە نێو جەرگەی عەرەبە و بەڕیزترینیشیانە لە ڕووی خانەوادە و ڕەچەڵەکەوە.

٤- ڕوونکردنەوەی دڵسۆزیی و سۆز و بەزەیی پێغەمبەر بەرانبەر بە باوەڕداران.

٥- بەڵگەی تێدایە لەسەر توند و تیژی پێغەمبەر لەسەر بێباوەڕ و دووڕووەکان.

* * *

.....

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا، وَصَلُّوا عَلَيَّ؛ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ».[1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ بِإِسْنَادٍ حَسَنٍ، وَرُوَاتُهُ ثِقَاتٌ.

لە ئەبوو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەفەرموێت: "ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، گۆڕەکەی منیش مەکەن بە شوێنی کۆبوونەوە و جەژنگا، سەڵەواتیشم لەسەر لێ بدەن، چونکە سەڵەواتەکانتان دەگات بە من، لەهەر شوێنێک بن"

ڕاڤەکردن

لا تجعلوا بيوتكم قبوراً: ماڵەکانتان خاڵی مەکەن لە نوێژی سوننەت و پارانەوە و قورئان خوێندن؛ چونکە ئەو کاتی وەکوو گۆڕەکانی لێ دێت.

ولا تجعلوا قبري عيداً: (العيد): ئەو زەمان وشوێنەیە کە خەڵکی لە هاتن و ڕووتێکردنی ڕاهاتوون و دەقیان پێوە گرتووە. واتە: گۆڕی من مەکەن بە شوێنی کۆبوونەوە کە بەردەوام بێنە لای و خووی پێوە بگرن، بۆ نوێژکردن و پارانەوە و جگە لەمەش.

فإن صلاتكم تبلغني حيث كنتم: واتە: سەڵەواتەکانی ئێوە پێم دەگات، جا نزیک بن یان دووربن لە گۆڕەکەم، کەواتە پێویست ناکات ئێوە بێنە لای گۆڕەکەم و هاتوچۆی بۆلا بکەن.

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٠٤٢"، وأحمد في مسنده "٣٦٧/٢".

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری کردووە لە لەکارخستن و خاڵیکردنی ماڵەکان، لە نوێژی سوننەت و پاڕانەوە و قورئان خوێندن تێیدا، چونکە ئەو کاتی وەکوو گۆڕەکانی لێ دێت؛ لەبەر ئەوەی قەدەغەبوونی نوێژکردن لەلای گۆڕەکان، لەلای ئەوان شتێکی جێگیر بوو، بۆیە ڕێگری لێ کردن لەوەی ماڵەکانیشیان وا لێ بکەن، هەروەها ڕێگری کرد لە دووبارەکردنەوەی سەردانیکردنی گۆڕەکەی و کۆبوونەوە لەلای، بەشێوەی لێڕاهاتن و خوو پێوەگرتن، بەمەبەستی پاڕانەوە و نزیکبوونەوە؛ چونکە ئەمە هۆکارێکە بۆ هاوبەشی بڕیاردان، هەروەها فەرمانی کرد کەوا لەبڕی ئەوە بەسە کە سەڵات و سەلامی زۆری لەسەر لێ بدەن، جا لە هەر شوێنێکی ئەو زەوییە بێت؛ چونکە ئەمە پێی دەگات، جا نزیک و دوور وەکوو یەک یەکسانە، بۆیە پێویست ناکات بە نۆرە بێنە سەر گۆڕەکەی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە کۆتایی پێهێنانی تێدایە بۆ بابەتی هاوبەشی بڕیاردان، هەروەها گرتنی ئەو ڕێگایانەشی تێدایە کە سەردەکێشێت بۆ شیرک؛ چونکە ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە گۆڕەکان نابێت نوێژیان لەلا بکرێت، هەروەها ڕێگری لێ کردن لە کۆبوونەوە لەلای گۆڕەکەی و ڕاهاتن لە چوونە لای؛ چونکە ئەمە سەردەکێشێت بەرەو شیرک.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- داخستنی ئەو ڕێگایانەی سەردەکێشێت بەرەو هاوبەشی بڕیاردان، وەکوو نوێژکردن لەلای گۆڕەکان و زیادەڕەویکردن لە گۆڕەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەوەی بکرێتە شوێنی کۆبوونەوە و خوو پێوەگرتن و هاتنە لا، بەشێوەیەک سەردانی کردنی تایبەتی لێ بکەوێتەوە.

٢- شەرعییەتی سەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەر لەهەموو لایەکی سەر زەوی.

٣- هیچ تایبەتمەندییەک لە نزیکبوونەوە لە گۆڕەکەی نییە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٤- قەدەغەکردنی گەشتکردن بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٥- پارێزگاریکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەلایەنی تەوحید.* * *

.....

وَعَنْ عَلِيِّ بْنِ الْحُسَيْنِ؛ أَنَّهُ رَأَى رَجُلًا يَجِيءُ إِلَى فُرْجَةٍ كَانَتْ عِنْدَ قَبْرِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَيَدْخُلُ فِيهَا فَيَدْعُو، فَنَهَاهُ، وَقَالَ: أَلَا أُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ أَبِي، عَنْ جَدِّي، عَنْ رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا تَتَّخِذُوا قَبْرِي عِيدًا، وَلَا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا؛ فَإِنَّ تَسْلِيمَكُمْ يَبْلُغُنِي أَيْنَ كُنْتُمْ». رَوَاهُ فِي الْمُخْتَارَةِ.

هەروەها لە عەلی کوڕی حوسەینەوە گێڕدراوەتەوە، کەوا پیاوێکی بینیوە دەهاتە لای دەلاقەیەک کە لەلای گۆڕی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بوو، ئینجا دەچووە ناوی و دەپاڕایەوە، ئەویش ڕێگری لێکرد و فەرمووی: ئایا فەرموودەیەکتان بۆ نەگێڕمەوە کە گوێم لە باوکم بووە، ئەویش لە باپیرم، ئەویش لە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کە فەرموویەتی: "گۆڕەکەم مەکەنە شوێنی کۆبوونەوە و جەژنگا، ماڵەکانیشتان مەکەن بە گۆڕستان، لەبەر ئەوەی سەلامەکانتان پێم دەگات، جا لە هەر کوێیەک بن".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (علي بن الحسين): عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی ئەبوو تاڵیبە، ناسراوە بە (زين العابدين)، لە باشترینی تابیعییەکانە، ساڵی (٩٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

فرجة: کونێک، یان دەلاقەیەک لەناو دیواردا.

المختارة: ناوی کیتابێکە، ئەو فەرموودە باشانە لەخۆ دەگرێت کە زیادەن لەسەر سەحیحی بوخاری و موسلیم، دانەرەکەی (ضياء الدين)ـە، موحەممەدی کوڕی عەبدولواحیدی مەقدیسی حەنبەلییە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە قەدەغەکردنی ئەوەی تێدایە کە مەبەستت گۆڕی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بێت، لەپێناو پارانەوە لەلای، جا گۆڕی جگە لەو لەپێشترە کە نابێت؛ چونکە ئەمە جۆرێکە لە کردنە جەژنگا، کە هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی پارانەوە لە گۆڕی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر پارێزگاری کردنە لە سنووری تەوحید.

٢- پێویستییەتی نکوولێکردن لە خەراپە و فێرکردنی نەزان.

٣- ڕێگەگرتن لە گەشتکردن بۆ سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ لەبەر پارێزگاریکردن لە تەوحید.

٤- مەبەستی شەرعی لە سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- تەنها سەلام کردنە؛ ئێ ئەمەش پێی دەگات لە نزیک و دوور.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی تەوبە.

دووەم: دوورخستنەوەی ئوممەتەکەی لە سنووری شیرک، بەوپەڕی دوورخستنەوە.

سێیەم: باسی سووربوونی پێغەمبەر لەسەر ڕێنماییکردنی ئێمە، هەروەها سۆز و بەزەیی و میهرەبانییەکەی بۆ ئێمە.

چوارەم: قەدەغەکردنی سەردانیکردنی گۆڕەکەی بەتایبەتی، لەگەڵ ئەوەی سەردانیکردنی گۆڕەکەی لە باشترینی کردەوەکانە.

پێنجەم: ڕێگەگرتنی لە زۆر سەردانیکردنی گۆڕەکەی.

شەشەم: هاندانی لەسەر ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان لە ماڵدا.

حەفتەم: شتێکی جێگیر بووە لەلای هاوەڵان، کە نوێژ لە گۆڕستاندا ئەنجام نادرێت.

هەشتەم: هۆکاری ڕێگەگرتنی لە سەردانیکردنی گۆڕەکەی، بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە سەڵات و سەلامی پیاو لەسەری، پێی دەگات ئەگەرچی دووریش بێت، کەواتە پێویست بە گومانی ئەو کەسە ناکات کە بیەوێت نزیک ببێتەوە.

نۆیەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە بەرزەخدا، لەناو کردەوەکانی ئوممەتەکەی، تەنها سەڵات و سەلامی نیشان دەدرێت.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ أَنَّ بَعْضَ هَذِهِ الأُمَّةِ يَعْبُدُ الأَوْثَانَ

بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی ئەوەی کە هێندێک لەو ئوممەتە، بتەکان دەپەرستن

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ﴾ [النساء: ٥١].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئایا نابینی ئەوانەی کە بەشێک لە کتێبیان وەرگرتووە کە جوولەکەن و تەوراتیان بۆ هاتووە، ئیمانیان بە جیبت و تاغووت) هەیە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: کاتێک دانەر باسی تەوحید و ئەو شتەشی کرد کەوا دژ و پێچەوانەیەتی، یان لێی کەم دەکاتەوە، وەکوو هاوبەش بڕیاردان، لەو بەشەشدا باسی ئەوە دەکات کە ئەو شیرکە هەر دەبێت لەناو ئەو ئوممەتە ڕووبدات، مەبەستیشی بەمە وەڵامدانەوەی گۆڕپەرستەکانە، ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن و دەشڵێن: لەناو ئوممەتی موحەممەدی شیرک ڕووندەدات، لەکاتێکدا دەشڵێن: (لا إله إلا الله محمدٌ رسول الله).

الأوثان: کۆی (وثن)ـە، بریتییە لەو شتەی مەبەست بێت کە جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ ئەنجام بدرێت، لە گۆڕەکان و گومبەدەکان و جگە لەمانەش.

ألم تر: ئایا سەیرت نەکردووە.

الذين أوتوا: ئەوانەی پێیان دراوە، کە جوولەکە و نەسڕانییەکانن.

نصيباً: بەش.

يؤمنون: بەڕاستی دادەنێن.

بالجبت: وشەیەکە بەکاردێت بۆ بت و فاڵچی و جادووگەر.

والطاغوت: لە (الطغیان)ـەوە هاتووە، کە بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوور، کەواتە هەر شتێک لە ئەندازە و سنووری خۆی تێپەڕی، ئەوا تاغووتە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی شەیتانە.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە بەشێوەی سەرسامی و نکوولێ لێکردنەوە بە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەفەرموێ: ئایا سەیری ئەو جوولەکە و نەسڕانییانەت نەکردووە؟ ئەوانەی بەشێک لە کتێبی خوایان پێدرا، ئەو کتێبەی ڕوونکردنەوە و جیاکردنەوەی حەق و بەتاڵی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا بەتاڵ بەڕاست دادەنێن، لە پەرستنی بتەکان و فاڵچییەتی و جادووگەری، هەروەها لەو کارەشدا گوێڕایەڵی شەیتان دەکەن.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئەگەر بێتوو ئەوانەی بەشێک لە کتێبیان بۆ هاتووە، باوەڕ بە جیبت و تاغووت بێنن، ئەوە ئەو ئوممەتەی کە قورئانی بۆ هاتووە، نکوولێ لێ ناکرێت و بەدوور نازانرێت کەوا جیبت و تاغووت بپەرستێت؛ چونکە پێغەمبەر - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەوالّی داوە کە لەناو ئەو ئوممەتەدا کەسانێک پەیدا دەبن کارێک دەکەن وەکوو کاری جوولەکە و نەسڕانییەکان، موافەقەی ئەوان دەکەن، ئەگەرچی ڕقیشی لێی ببێتەوە و بزانێت کە ناڕەوایە.

ئەوسوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- لەناو ئەو ئوممەتەدا کەسانێک پەیدا دەبن کە بتەکان دەپەرستن، هەروەکوو بۆ جوولەکە و نەسڕانییەکان ڕوویدا.

٢- باوەڕهێنان بە جیبت و تاغووت لەو شوێنەدا، واتا: هاوڕابوون و موافەقەکردنی شوێنکەوتووەکانی، ئەگەرچی ڕقیشی لێ ببێتەوە و بزانێت ناڕەوایە.

٣- بە دڵنیایی کوفرکردن بە جیبت و تاغووت، واجیبە لەهەموو کتێبە ئاسمانییەکاندا.

٤- واجیبیەتی کارکردن بە زانست، هەرکەسێکیش کار بە زانستەکەی نەکات، ئەوا خۆچووواندنی تێدایە بە جوولەکە و نەسڕانییەکان.* * *

.....

وَقَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ﴾ [المائدة: ٦٠].

ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: ئەی جوولەکە، ئایا هەواڵتان بدەمێ کێ شوێن و پاداشتی خراپترە لای خوا لەوەی کە ئێوە تانە و تەشەر لە ئێمە دەدەن؟ ئەوە کەسانێکە لە ئێوە کە خوای گەورە دەری کردوون لە ڕەحمەتی خۆی و نەفرەتی لێ کردوون و غەزەبی لێ گرتوون و کەسانێکیشی لێ کردوون بە مەیموون و بەراز، وەکوو هاوەڵانی ڕۆژی شەممە، ئەوەی ڕاوە ماسییەکەیان کرد کە خوای گەورە کردیانی بە مەیموون و بەراز، هەروەها هێندێکیشیانی کرده تاغووت و بتپەرست.

ڕاڤەکردن

قل: پەیام و دواندنەکە بۆ موحەممەدە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

هل أنبئكم: ئایا هەواڵتان پێ بدەم.

بشرّ من ذلك: ئەوەی لە بەرانبەر ئێمە باسی دەکەن لە سەرزەنشتکردن بە درۆ و بوختان، لەو قسەیەتان کە بەرانبەر ئێمە دەڵێن: لە ئێوەمان خەراپتر نەدیتووە.

مثوبة عند الله: واتە: پاداشت لەلای خۆی لەڕۆژی دوایی، مەنسووبە لەسەر تەمییز، ئەی ئەوانەی ئەو سیفاتانەتان تێدایە! ئەو سیفەتانە لەسەر ئێوە جێبەجێ دەبێت، نەک ئێمە.

من لعنه الله: دەری کردووە و دووری خستۆتەوە لە ڕەحمەتی خۆی.

وغضب عليه: تووڕەبوونێک کە لەدوای ئەوە ڕازی نابێت.

وجعل منهم القردة: بریتیین لە: هاوەڵانی ڕۆژی شەممە لە جوولەکەکان.

والخنازیر: بریتیین لە بێباوەڕەکانی سفرە و خوانەکەی عیسا لە نەسڕانییەکان. گوتراویشە کە هەردوو شێوە گۆڕینەکە بۆ بەراز و مەیموون، لە هاوەڵانی شەممە بوو لە جوولەکەکان. گەنجەکانیان گۆڕدران بوون بە مەیموون و پیرەکانیش گۆڕدران بە بەراز.

وعبدَ الطاغوتَ: واتە: هێندێکیانی وا لێ کرد کە شەیتانیان دەپەرست، واتە: گوێڕایەڵی دەکرد لەو شتەی کە بۆی ڕازاندەوە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێ: بەوانە بڵێ کەوا ئایینەکەی ئێوەیان کردۆتە گەمە و گاڵتە لە ئەهلی کیتاب: ئایا هەواڵتان پێ بدەم بەو کەسەی کە خەراپترین پاداشت لەڕۆژی دواییدا لەلای خوا بەدەست دێنێت؛ بەڕستی ئەو کەسەیە کە وەسفکراوە بەو سیفاتانە، کە بریتییە لە دووربوون لە ڕەحمەتی خوا و بەدەستهێنانی تووڕەیی خوا بە بەردەوامی، هەروەها ئەو کەسەی کە وێنەی دەرەوە و ڕووکەشی شێواوە بە گۆڕانی بۆ مەیموون، یان بەراز، وێنەی ناوەوەشی گۆڕاوە بە گوێڕایەڵیکردنی شەیتان و پشتهەڵکردنی لە وەحی خوا. ئەو سیفەتانە تەنها لەسەر ئێوە جێبەجێ دەبێت ئەی ئەهلی کیتاب، هەروەها ئەوەشی خۆی بە ئێوە بچوێنێت، نەک لەسەر ئێمە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئەگەر لەناو ئەهلی کیتاب کەسانێک هەبن، کە جگە لە خوا تاغووتیان پەرستبێت، بەهەمان شێوەش لەناو ئەو ئوممەتە کەسانێک دەبن کە ئەو کارە بکەن.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرن:

١- ڕوودانی شیرک لەناو ئەو ئوممەتە، هەروەکوو چۆن لەناو جوولەکە و نەسڕانییەکاندا کەسانێک هەبوون کە تاغووتیان دەپەرست.

٢- گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەهلی بەتاڵ و ڕوونکردنەوەی ئەو کەم و کوڕییانەی کە تێیاندایە، ئەگەر شوێنکەوتووانی حەقیان تۆمەتبار کرد بە شتێک کە تێیاندا نییە.

٣- پاداشتدانەوە تەنها لەسەر کردەوەکان دەبێت، هەروەها پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکە دەبێت.

٤- وەسفکردنی خوا بەوەی تووڕە دەبێت و نەفرەتیش لە تاوانباران دەکات.

٥- بێگومان گوێڕایەڵیکردنی شەیتان، بریتییە لە سەرچاوەی هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا.

* * *

.....

وَقَوْلُهُ: ﴿قَالَ الَّذِينَ غَلَبُوا عَلَى أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا﴾ [الكهف: ٢١].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەوانەی کە زاڵ بوون بەسەر کارەکەدا و قسە ڕۆیشتوو و دەسەڵاتدار بوون، گوتیان: مزگەوتێکیان لەسەر دروست دەکەین}.

ڕاڤەکردن

الذين غلبوا على أمرهم: واتە: ئەوانەی زاڵ بوون بەسەر کاری هاوەڵانی ئەشکەوت، کە بریتیی بوون لەوانە خاوەنی قسە و هێز و دەسەڵات بوون.

لنتخذن عليهم: لە دەوروبەریان.

مسجداً: نوێژی تێدا بکرێت و خەڵکی ڕووی تێ بکەن و تەبەڕووکی پێوە بکەن.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەوانە کە زاڵ بوون بەسەر کاری هاوەڵانی ئەشکەوت، بەشێوەی سەرزەنشتکردن بۆیان، کە گوتیان: دەبێت شوێنی نوێژێکیان لە دەوروبەر دروست بکەین؛ بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووی تێ بکەن و تەبەڕووکی پێوە بکەن.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە لەناو ئەو ئوممەتەدا کەسانێک دەبن کە مزگەوت لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن، هەروەکوو لەپێشی ئەوانیش کەسانێک هەبوون ئاوایان دەکرد.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان و هۆشداریدان لەو بوارەوە؛ چونکە سەردەکێشێت بەرەو هاوبەش بڕیاردان.

٢- بە دڵنیایی لەناو ئەو ئوممەتەدا کەسانێک پەیدا دەبن کەوا مزگەوت لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن، هەروەکوو ئەوانەی لەپێش ئەوان بوون هەمان کاریان کرد.

٣- ئاگەدارکردنەوە لە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا.

٤- دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان، بەشێکە لە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکاندا.

* * *

.....

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، حَذْوَ الْقُذَّةِ بِالْقُذَّةِ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ لَدَخَلْتُمُوهُ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ: «فَمَنْ؟!».[1] أَخْرَجَاهُ.

لە ئەبوو سەعیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "سوێند بەخوا، ئێوە شوێن ڕێگەی ئوممەتانی پێش خۆتان دەکەون، چۆن پەڕی تیر لە پەڕەکەی دیکەی دەچێت، ئاواش ئێوە شوێنیان دەکەون، هەتا ئەگەر ئەوان بچنە ناو کونی بزن مژەوە، ئەوا ئێوەش دەچنە ناویەوە"، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، مەبەستت جوولەکە و نەسڕانییەکانە؟ فەرمووی: "ئەدی کێن جگە لەوان".

ڕاڤەکردن

سَنَنَ: بە فەتحەی سینەکە، واتە: ڕێگە.

من كان قبلكم: واتە: ئەو ئوممەتانەی لەپێش ئێوە بوون.

حذو: مەنسووبە لەسەر مەسدەر، واتە: وەکوو ئەوان دەکەن و لەسەر ڕێگەی ئەوان دەڕۆن.

القُذّة: بە زەممەی قافەکە: تاکەکەی (القُذَذ)ـە، بریتییە لە پەڕی تیر. تیر دوو پەڕی یەکسانی هەیە.

حتى لو دخلوا جُحر ضب: واتە: ئەگەر وا دابندرێت کە بچنە ناوی، سەرەڕای تەسکییەکەی.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٣٤٥٦"، ومسلم برقم "٢٦٦٩".

لدخلتموه: لەبەر سووربوونتان لە گرتنە بەری ڕێگەی کەسانی پێش خۆتان.

قالوا: يا رسول الله، اليهود والنصارى: واتە: ئایا ئەوانەی ئێمە شوێن ڕێگەکەیان دەکەوین: جوولەکە و نەسڕانییەکانن، یان مەبەستت جوولەکە و نەسڕانییەکانە؟

قال: فمن؟: پرسیاری نکوولّی لێ کردنە، واتە: جا کێن جگە لەوانە؟

أخرجاه: واتە: بوخاری و موسلیم. بەڵام ئەمە دەربڕینی موسلیمە.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵێک دەدات، کە هەواڵەکە واتای قەدەغەکردنی ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت: ئومەتەکەی واز لە هیچ شتێک ناهێنن لەوەی کە جوولەکە و نەسرانییەکان دەیکەن، ئیللا ئەوانیش هەرهەمووی ئەنجام دەدەن، واز لە هیچ شتێک ناهێنن، ئەگەرچی شتەکەش هیچ و پووچ و بێ نرخ بێت. ئینجا ئەم هەواڵە بە چەند جۆرێک لە جەختکردنەوە دەچەسپێنێت، ئەویش بریتییە لە لامی سوێند خواردن و نونی تەوکید، هەروەها وەسفی خۆچووواندنی بەوان بەوە کرد، وەکوو چۆن پەڕی تیر بە پەڕەکەی دیکەی دەچێت، ئاواش خۆیان بەوان دەچوێنن، پاشان بەشێوازێکی وردتر وەسفی خۆچواندنەکەی بەوان کرد؛ بەشێوەیەک ئەگەر شتێکی پڕوپووچ و نامۆش ئەنجام بدەن، ئەوا لەناو ئەو ئوممەتە کەسانێک دەبن کەوا خۆیان بەوان بچوێنن.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە شیرک لەناو ئەو ئوممەتەدا ڕووەدات؛ چونکە لەناو ئوممەتانی پێش ئێمەش بوونی هەبووە، لەناو ئەو ئوممەتەش کەسانێک دەبن کە شیرک ئەنجام دەدەن، لەبەر شوێنکەوتنیان بۆ ئەوان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕوودانی شیرک لەناو ئەو ئوممەتە، لەبەر چاولێکردنیان بۆ ئوممەتانی پێش خۆیان.

٢- نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتییەکەی؛ چونکە هەوڵی بەمەدا پێش ڕوودانی، بۆیە چۆن هەوڵی دابوو، ئاوا ڕوویدا و هاتەجێ.

٣- ئاگەدارکردنەوە لە خۆچووادن بە بێباوەڕەکان.

٤- هۆشداریدان لەوەی کە بێباوەڕەکان تێکەوتن لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا و جگە لەو، لەوەی خوای گەورە حەرامی کردووە.

* * *

.....

وَلِمُسْلِمٍ عَنْ ثَوْبَانَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «إِنَّ اللهَ زَوَى لِيَ الأَرْضَ، فَرَأَيْتُ مَشَارِقَهَا وَمَغَارِبَهَا، وَإِنَّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا مَا زُوِيَ لِي مِنْهَا، وَأُعْطِيتُ الْكَنْزَيْنِ: الأَحْمَرَ وَالأَبْيَضَ، وَإِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي لِأُمَّتِي أَنْ لَا يُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ، وَأَنْ لَا يُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ سِوَى أَنْفُسِهِمْ، فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ، وَإِنَّ رَبِّي قَالَ: يَا مُحَمَّدُ، إِذَا قَضَيْتُ قَضَاءً فَإِنَّهُ لَا يُرَدُّ، وَإِنِّي أَعْطَيْتُكَ لِأُمَّتِكَ أَنْ لَا أُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ، وَأَنْ لَا أُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ سِوَى أَنْفُسِهِمْ فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ، وَلَوِ اجْتَمَعَ عَلَيْهِمْ مَنْ بِأَقْطَارِهَا، حَتَّى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهْلِكُ بَعْضًا، وَيَسْبِيَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا».[1]

وَرَوَاهُ الْبَرْقَانِيُّ فِي صَحِيحِهِ، وَزَادَ: «وَإِنَّمَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي الأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ، وَإِذَا وَقَعَ عَلَيْهِمُ السَّيْفُ لَمْ يُرْفَعْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَلْحَقَ حَيٌّ مِنْ أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ، وَحَتَّى تَعْبُدَ فِئَامٌ مِنْ أُمَّتِي الأَوْثَانَ، وَإِنَّهُ سَيَكُونُ فِي أُمَّتِي كَذَّابُونَ ثَلَاثُونَ كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ، وَأَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ، لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَلَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ مَنْصُورَةً، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ وَلَا مَنْ خَالَفَهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى».

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٨٨٩".

هەروەها پێشەوا موسلیم لە سەوبانەوە دەگێڕێتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "بە دڵنیایی خوای گەورە زەوی بۆ من هێناوەیەک و نزیکی کردەوە، منیش خۆرهەڵات و خۆراواکەییم بینی، بێگومان دەسەڵاتی ئوممەتەکەی من دەگاتە ئەو شوێنەی کە بۆم نزیککرایەوە و نیشانم درا، هەروەها هەردوو گەنجینەکەشم پێ درا: سوور و سپییەکە، من بۆ ئوممەتەکەم داوام لە پەروەردگارم کرد کەوا بە گرانیی و وشکە سااڵی گشتی لەناویان نەبات و دوژمنێشکیش لە جگە لە خۆیان زاڵ نەکات بەسەریاندا و وڵات و سامان و نەفسیان حەاڵڵ بکات، بەاڵم پەروەردگارم فەرمووی: ئەی موحەممەد، ئەگەر من بڕیارێکم دەرکرد، ئەوا ڕەت ناکرێتەوە، من ئەوەم بە ئوممەتەکەت دا کەوا بە گرانی و وشکە سااڵی گشتی لەناویان نەبەم، هەروەها ئەوەشم پێدا کە دوژمنێک لە جگە لە خۆیان زاڵ نەکەم بەسەریاندا بۆ ئەوەی وڵات و نەفسیان حەاڵڵ نەکات و دەستی بەسەردا نەگرێت، ئەگەرچی خەڵکی سەر زەویش هەرهەموویان لێیان کۆببنەوە، تاوەکوو هێندێکیان هێندێکی دیکەیان لەناودەبەن و هێندێکیان هێندێکی دیکەیان دەکەن بە کۆیلە و کەنیزەک".

هەروەها بەڕقانیش لە سەحیحەکەی خۆیدا گێڕاویەتییەوە و ئەوەندەشی زیاد کردووە: "تەنها شتێک کە لێی دەترسم تووشی ئوممەتەکەم ببێت، پێشەوا گومڕاکەرەکانن، ئەگەر شمشێر و جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، ئەوا بەرز ناکرێتەوە و هەر لەناویاندا دەمێنێت، تاوەکوو ڕۆژی دوایی، قیامەتیش دانایەت، هەتاوەکوو هۆزێک لە ئوممەتەکەی من نەچێتە پاڵ هاوبەش بڕیاردەرەکان و هەتا چەندان کۆمەڵیش لە ئوممەتەکەی من بت نەپەرستن، هەروەها لەناو ئوممەتەکەی منداسی درۆزن پەیدا دەبن، هەرهەموویان وا گومان دەبەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەرن، بەاڵم من کۆتایی پێغەمبەرانم، هیچ پێغەمبەرێک لەدوای من نایەت، بەردەوامیش لە ئوممەتی من دەستەیەک لەسەر حەق و ڕاستی دەمێننەوە و هەمیشەش سەرکەوتوون، ئەوانەی سەریان ناخەن و پشتیان بەردەدەن و ئەوانەشی سەرپێچی و دژایەتییان دەکەن، زەرەریان پێ ناگەیەنن، هەتا فەرمانی خوای پاک و پیرۆز و بڵند دێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (ثوبان): بەندەی ئازادکراوی پێغەمبەری خوا بووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هاوەڵایەتی کردووە و لەگەڵی بووە، لە دوای ئەویش لە شام جێگیر بووە، لە ساڵی (٥٤)ـی کۆچی لە (حمص) وەفاتی کردووە.

زوى لي الأرض: نزیکی کردەوە و هێنایە پێش و کۆیکردەوە سەریەک، وەکوو شێوەی لەپی دەست کە لە ئاوێنە سەیری بکات، بۆیە سەیری دەسەڵاتی ئوممەتەکەی کردووە لەوپەڕی خۆرهەڵات و خۆراوای زەوی.

ما زُوِيَ لي منها: ئەگەری هەیە کە ببێتە مەبنی بۆ فاعیل(بکەر دیار)، ئەگەریش هەیە مەبنی بێت بۆ مەفعوول(بکەر نادیار).

الكنزين: گەنجینەی کیسرا، کە بریتییە لە مووڵکی فارس، هەروەها گەنجینەی قەیسەر، کە بریتییە لە مووڵکی ڕۆم.

الأحمر: بریتییە لە گەنجینەی قەیسەر؛ چونکە ئەوان زیاتر زێڕیان هەبوو.

والأبيض: بریتییە لە گەنجینەی کیسرا؛ چونکە ئەوانە زیاتر گەوهەر و زیویان هەبوو. ئینجا (الأحمر والأبيضَ) هەردووکیان مەنسووبن لەسەر بەدەل.

بسنة: (السنة) واتە: وشکە ساڵی.

بعامّة: سیفەتە بۆ وشەی (سنة)، گێڕدراوەتەوە بە (باء) و بەبێ بائیش، واتە: وشکە ساڵییەکی گشتی کە بەهۆیەوە تیاچوونی گشتی ڕووەدات.

من سوى أنفسهم: واتە: لە جگە لەوان لە بێباوەڕەکان.

بيضتهم: گوتراوە واتە: گۆڕەپانەکەیان و ئەو شار و وڵاتەشی بەدەستیان هێناوە، گوتراویشە زۆربەیان و کۆمەڵەکەیان.

حتى يكون بعضهم يهلك بعضاً: واتە: هەتا ئەوەیان لێ ڕووەدات، ئەو کاتی دووژمنە بێباوەڕەکەیان زاڵ دەکات بەسەریان.

الأئمة المضلين: واتە: ئەمیر و زانا و خواپەرستەکان، ئەوانەی خەڵکی شوێنیان دەکەون.

وإذا وقع عليهم السيف: واتە: فیتنە و کوشتار لەنێوانیاندا ڕووەدات.

لم يُرفع إلى يوم القيامة: واتە: فیتنە و جەنگ لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە.

يلحق حيٌّ من أمتي: (الحي) تاکی (الأحياء)ـە، بریتییە لە تیرە و هۆزەکان.

بالمشركين: واتە: نیشتەجێ دەبن لەگەڵیان لە شارەکەیاندا.

فئامٌ: واتە: چەندان کۆمەڵ.

خاتم النبيين: واتە: کۆتایی پێغەمبەران.

حتى يأتي أمر الله: ئەوەی کە دیارە مەبەست پێی: ئەو بایە بۆن خۆشەیە کە گیانی باوەڕداران دەکێشێت.

تبارك: تەواو و گەورە و پیرۆز بووە، ئەم وشەیە تەنها بۆ خوا دەگوترێت.

وتعالى: بڵندییەکەی گەورە و کاملە.

واتایەکی کورتی فەرموودەکە: ئەمە فەرموودەیەکی گەورەیە، چەند شتێکی گرینگ و هەواڵێکی ڕاست لەخۆ دەگرێت، لەو فەرموودەیەدا پێغەمبەری ڕاستگۆی بەڕاستداندراو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات کە خوای گەورە زەوی بۆ کۆکردۆتەوە، هەتا ئەو شوێنەی بینی کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئوممەتەکەی دەگاتێ لەوپەڕی خۆرهەڵات و خۆراوا، ئەم هەواڵەش وەکوو خۆی هاتەدی؛ چونکە دەسەڵاتی ئوممەتەکەی فرەوان بوو، هەتا گەیشتە ئەوپەڕی خۆراوا، بۆ ئەوپەڕی خۆرهەڵات، هەروەها هەواڵی دا کە دوو گەنجینەکەی پێ درا، ئەویش ڕوویدا هەروەکوو چۆن هەواڵی دابوو؛ چونکە ئوممەتەکەی دەسەڵاتی کیسرا و قەیسەری بەدەستهێنا، بەوەشی کە تێیدابوو لە زێڕ و زیو و گەوهەر، هەروەها هەواڵیشی دا کەوا داوای لە پەروەردگاری کردووە ئوممەتەکەی بە وشکە ساڵی گشتی لەناو نەبات و

دوژمنێکیش لە بێباوەڕەکان زاڵ نەکات بەسەریاندا، کە دەست بگرێت بەسەر وڵاتیان و کۆمەڵەکەشیان ڕیشەکێش بکات. بەڵام خوای گەورە داوای یەکەم و دووەمی پێ بەخشی، مادام ئوممەتەکەی دوور بێت لە جیاوازی و پارچە پارچەیی و جەنگ لەنێوانیاندا، جا ئەگەر ئەوە هاتەدی، خوای گەورەش دوژمنێک لە بێباوەڕەکان زاڵ دەکات بەسەریاندا، ئەمەش هاتەدی هەروەکوو هەواڵی دابوو، ئەو کاتەی ئوممەت بەش بەش بوو. هەروەها پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەسەر ئوممەتەکەی ترساوە لە ترسناکیی ئەمیر و زانا گومڕا و گومڕاکەرەکان؛ لەبەر ئەوەی خەڵکی شوێنیان دەکەون لە گومڕاییەکەیان. هەواڵیشی داوە کە ئەگەر فیتنە و کوشتار لەناو ئوممەت ڕوویدا، ئەوا بەردەوام دەبێت تێیدا تاوەکوو ڕۆژی دوایی، ئەمەش ڕوویدا هەروەکوو چۆن هەواڵی دابوو، چونکە هەر لەو کاتەوەی فیتنە ڕوویدا بە کوژرانی عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- بەردەوامە تاوەکوو ئەمڕۆ. هەروەها هەواڵی داوە کەوا هێندێک لە ئوممەتەکەی دەچنە ڕیزی هاوبەش بڕیاردەرەکانەوە لە وڵات و لە ئایینیش. چەندان کۆمەڵیش لە ئوممەتەکەی دەچنە سەر ڕێبازی شیرک، ئەمەش ڕوویدا هەروەکوو هەواڵی دابوو، لەبەر ئەوەی گۆڕ و دار و بەردەکان پەرستران. هەروەها هەواڵی دا دەربارەی سەرهەڵدانی بانگەشەکەرانی پێغەمبەرایەتی، بەڵام هەموو ئەوانەی بانگەشەی دەکەن، ئەوا درۆزنن؛ چونکە پێغەمبەرایەتی بە ڕەوانەکردنی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- کۆتایی هات. ئینجا پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- موژدەی دا بە مانەوەی کۆمەڵێک لە ئوممەتەکەی لەسەر ئیسلام، سەرەڕای ڕوودانی ئەو کارەسات و بەڵایانە، بەڵام ئەو دەستەیە سەرەڕای کەمییان، زەرەرمەند نابێت بە پیلانی دوژمنەکان و سەرپێچیکارەکانی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: لەو فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی داوە کە کۆماڵانێک لە ئوممەتەکەی بتەکان دەپەرستن؛ کەواتە وەڵامدانەوەی تێدایە بۆ ئەو کەسەی کەوا نکوولی لە ڕوودانی شیرک دەکات لەناو ئەو ئوممەتە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕووداني شیرک لەناو ئەو ئوممەتە و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی نکووڵی لەمە دەکات.

٢- نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتییەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، چونکە چەند هەواڵێکی دابوو، ناوەرۆکەکەیان هاتەدی، هەروەکوو چۆن هەواڵی دابوو.

٣- سۆز و بەزەیی تەواوی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بەرانبەر بە ئوممەتەکەی؛ چونکە ئەوەی چاکەیە داوای لە پەروەردگاری کرد بۆ ئوممەتەکەی، کە گەورەترینیان یەکخواپەرستییە، هەروەها ترساوە لەسەر ئوممەتەکەی لەو شتەی کە زیانی پێ دەگەیەنێت، کە گەورەترینیان هاوبەش بڕیاردانە.

٤- هۆشیارکردنەوەی ئوممەت لە جیاوازی و ناکۆکیی و بانگخوازانی گومڕایی.

٥- کۆتاییهاتنی پێغەمبەرایەتی بە موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٦- موژدەدان بەوەی کە حەق و ڕاستی بە تەواوی تیا ناچێت، هەروەها موژدەدان بەوەی کۆمەڵێک بەردەوام لەسەر حەق دەمێننەوە، زەرەریشیان پێ ناگەیەنێت نە ئەو کەسەی پشتیان بەردەدات، نە ئەو کەسەشی دژایەتییان دەکات.

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (اَلنِّسَاء).

دووەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (اَلْمَائِدَة).

سێیەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (اَلْكَهْف).

چوارەم: کە گرینگترینیانە: واتای باوەڕبوون بە جیبت و تاغووت لەو شوێنەدا چییە؟ ئایا بریتییە لە بیروباوەڕی دڵ؟ یان هاوڕابوونی شوێنکەوتووەکانیانە لەگەڵ ڕقلێبوونەوەیان و زانینی پووچەڵییەتییان؟

پێنجەم: گوتەی ئەوان: بێگومان بێباوەڕەکان -ئەوانەی کە ئەمان دەیانزانی بێباوەڕن-: ڕێنماییکراوترن و ڕێبازەکەیان ڕاستترە لە باوەڕداران.

شەشەم: کە بریتییە لە مەبەستی ناونیشانەکە: بە دڵنیایی ئەو کارە[شوێنکەوتنی ئوممەتانی پێشوو]، هەر دەبێت لەناو ئەو ئوممەتەدا بێتەدی؛ هەروەکوو لە فەرموودەکەی ئەبوو سەعید باسکرا.

حەفتەم: پێغەمبەر بە ڕاشکاوی دەری بڕیوە کە پەرستنی بتەکان، لەناو ئەو ئوممەتەدا لە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر ڕوودەدات.

هەشتەم: لەهەمووی سەرسووڕهێنەرتر: دەرچوونی کەسانێکە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن؛ وەکوو (موختار) لەگەڵ ئەوەی هەردوو شایەتوومانەکەشی دەردەبڕی و بەڕاشکاویش دانی بەوەدا دەنا کە یەکێکە لەو ئوممەتە و پێغەمبەر حەق و ڕاستە و قورئانیش ڕاستە، لەکاتێکدا لە قورئاندا ئەوەی تێدایە کە موحەممەد کۆتایی پێغەمبەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو ئەمانەدا خەڵکی بەڕاستیان دادەنا و باوەڕیان پێی دەکرد، سەرەڕای ئەو دژبەیەکییە ئاشکرایە، بێگومان موختار لەکۆتایی سەردەمی هاوەڵان دەرکەوت، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆریش شوێنی کەوتن.

نۆیەم: موژدەدان بەوەی حەق و ڕاستی بەتەواوەتی لەناو ناچێت، هەروەکوو لەپێشتردا لەناوچوو و نەما، بەڵکوو بەردەوام کۆمەڵێک لەسەر حەق دەمێنن.

دەیەم: نیشانە گەورەکە: ئەو کۆمەڵەیە سەرەڕای کەمیان، بەڵام ئەوانەی پشتیان ناگرن و ئەوانەشی دژایەتییان دەکەن، هیچ زەرەریان پێ ناگەیەنن.

یازدەیەم: بێگومان ئەو مەرجە تاوەکوو ڕۆژی دواییە.

دوازدەیەم: ئەو نیشانە گەورانەی کە تێیدایە: لەوانە: هەواڵدانی بەوەی خوای گەورە خۆرهەڵات و خۆراوای زەوی بۆ کۆکردۆتەوە و نیشانی داوە، هەواڵیشیدا بە واتای ئەمە، بۆیە شتەکە هاتەدی هەروەکوو چۆن هەواڵی

دابوو، بەپێچەوانەی باشوور و باکوور. یەکێکی تر لەوانە: هەواڵدانی بەوەی هەردوو گەنجینەکەی پێدراوە. یەکێکی دیکە لەوانە: هەواڵ دانی بەوەی پارانەوەی بۆ ئوممەتەکەی وەڵامدرایەوە لە دوو شتدا، بەڵام لە سێیەمیاندا وەڵامی نەدرایەوە. یەکێکی تر: هەواڵدانی بە ڕوودانی کوشتار و ئەگەر ڕووشیدا، ئەوا فیتنەکە لاناچێت و بەردەوام دەبێت. هەروەها هەواڵدانی بەوەی هێندێکیان هێندێکی دیکەیان لەناو دەبەن و دەکەنە کۆیلە. هەروەها ترسی لەسەر ئوممەتەکەی لە پێشەوایانی گومڕاکەر. یەکێکی تر لەوانە: هەواڵدانی بە دەرکەوتنی بانگەشەکەرانی پێغەمبەرایەتی لەناو ئەو ئوممەتە. هەروەها هەواڵدانی: بە مانەوەی کۆمەڵی سەرکەوتوو. هەموو ئەمانە هاتەجێ و ڕوویدا هەروەکوو چۆن هەواڵی دابوو، لەگەڵ ئەوەی هەریەک لەوانە لە عەقڵ زۆر دوورە.

سێزدەیەم: کورتهەڵهێنانی ترس لەسەر ئوممەتەکەی لە پێشەوایانی گومڕاکەر.

چواردەیەم: ئاگەدارکردنەوە لە واتای پەرستنی بتەکان.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي السِّحْرِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی سیحر و جادووگەری

وَقَوْلُ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ﴾ [البقرة: ١٠٢].

وَقَوْلُهُ: ﴿يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ﴾ [النساء: ٥١].

قَالَ عُمَرُ: «الجبتُ: السِّحْرُ، وَالطَّاغُوتُ: الشَّيْطَانُ».

وَقَالَ جَابِرُ: «الطَّوَاغِيتُ: كُهَّانٌ كَانَ يَنْزِلُ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ، فِي كُلِّ حَيٍّ وَاحِدٌ».

فەرمایشتی خوا: {بە دڵنیایی دەیانزانی کە هەر کەسێک ئەو سیحرە فێر ببێت و وەری بگرێت و بیگۆڕێتەوە بە کتێبی خوای گەورە، لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ بەشێکی لە پاداشت نییە و کردەوەکانیشی بەتاڵ دەبێتەوە}.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {باوەڕیان بە جیبت و تاغووت هەیە}.

پێشەوا عومەر فەرموویەتی: "جیبت: جادووە، تاغووتیش: شەیتانە".

هەروەها جابریش دەفەرموێ: "تاغووتەکان: فاڵچییەکانن کە شەیتانەکان دادەبەزینە سەریان و دەهاتنە لایان، لەناو هەموو هۆزێک یەکێکی تێدایە".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: لەبەر ئەوەی سیحر بەشێکە لە بەشەکانی شیرک؛ چونکە سیحر نایەتەدی بەبێ هاوبەش بڕیاردان، بۆیە دانەر ئەو بەشەی بۆ تەرخانکردووە لە پەرتووکی یەکخواپەرستی؛ تاوەکوو ئەو بابەتە ڕوون بکاتەوە، بۆ هۆشیارکردنەوە لێی.

ما جاء: واتە: ئەوەی هاتووە لە هەڕەشە و ڕوونکردنەوەی پێچەوانەیەتی بۆ تەوحید و کافرکردنی بکەرەکەی.

في السحر: (السحر) لە زمانەوانیدا: دەستەواژەیەکە بۆ ئەو شتەی کە هۆکارەکەی شاراوە و وردە. لە شەرعیشدا بریتییە لە: هێندێک نووشتە و ویرد و قسە و دەرمان و دووکەڵکردن و گرێدان، کار لە دڵ و لاشەکان دەکات، بەم هۆیەشەوە نەخۆشی دەکات، یان دەیکوژێت، یان پیاو جیا دەکاتەوە لە خێزانەکەی.

ولقد علموا: واتە: جوولەکەکان دەیانزانی، ئەوانەی جادوویان گۆڕییەوە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەران.

لمن اشتراه: واتە: ڕازی بووە بە جادوو لەبڕی شەرعی خوا و ئایینەکەی.

من خلاق: لە بەش و پشک.

الجبت: وشەیەکە بەکاردێت بۆ بت و جادووگەر و فاڵچی. ڕاڤە و لێکدانەوەی پێشەوا عومەریش بۆ وشەی سیحر، لێکدانەوەی شتێکە بە هێندێک لە تاکەکانی[واتە: جیبت: یەکێک لە واتاکانی بریتییە لە: جادوو].

الطاغوت: لە (الطغیان)ـەوە وەرگیراوە: کە بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوور، کەواتە هەر کەسێک ئەندازە و سنوور ببەزێنێت لە تاوان و سەرپێچی، ئەوە تاغووتە.

الطواغیت کهّانٌ: مەبەست پێی ئەوەیە کە فاڵچییەکان، بەشێکن لە تاغوتەکان، کەواتە یەکێکە لە واتاکانی، نەک مەبەستی پێی کورتهەڵهێنان بێت لەو واتایە.

ینزل علیهم الشیطان: واتە: شەیتانەکان، نەک ئیبلیس بەتایبەتی، کەواتە ناوی ڕەگەزە.

في کل حي: لە هەموو تیرە و هۆزێک.

واتایەکی کورت بۆ هەردوو ئایەتەکە: خوای گەورە دەفەرموێ: بێگومان ئەو جوولەکانەی کە جادوویان گۆڕییەوە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەران و باوەڕهێنان بە خوا

زانیویانە، کە ئەو کەسەی جادووی گۆڕیبێتەوە بە کتێبی خوا و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکانی، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا هیچ بەشێکی لە پاداشت نییە، لە ئایەتی دووەمیش: خوای بەرز هەواڵ دەدات دەربارەی جوولەکەکان کەوا باوەڕیان بە جیبت هەیە، جادووگەریش بەشێکییەتی.

پەیوەندی دوو ئایەتەکە بەو بەشەوە: هەر دوو ئایەتەکە بەڵگەنە لەسەر حەرامکردنی جادووگەری، هەروەها بەشێکیشن لە جیبت.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی سیحر و جادوو.

٢- کوفر و بێباوەڕی کەسی جادووگەر.

٣- هەڕەشەی توند بۆ ئەو کەسەی پشت لە کتێبی خوا دەکات و دەیگۆڕێتەوە بە شتێکی دیکە جگە لەو.

٤- سیحر بەشێکە لە شیرک کە دژ و پێچەوانەی تەوحیدە؛ لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی شەیتانەکانە و پەیوەست بوونە پێیانەوە.

* * *

.....

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ–رَضِيَ اللهُ عَنْهُ–؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ –صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– قَالَ: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: «الشِّرْكُ بِاللهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إِلَّا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ».[1]

لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "دوور بکەونەوە لە حەفت شتە لەناوبەرەکان"، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوانە چیین؟ فەرمووی: "هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا، جادووگەری، کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوا حەرامی کردووە، مەگەر بە حەق نەبێت، خواردن و وەرگرتنی سوود(ڕیبا)، خواردنی مالّی هەتیوو، پشتهەڵکردن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای موسڵمانان و بێباوەڕان، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێنپاکی بێئاگای باوەڕدار بە داوێن پیسی".

ڕاڤەکردن

ئەو فەرموودەیە بوخاری و موسلیم گێڕاویەتییانەوە.

اجتنبوا: دووربکەونەوە.

الموبقات: لەناوبەرەکان، بۆیەش پێی گوتراوە لەناوبەرەکان؛ چونکە بکەرەکەی لەناو دەبات لەدونیا و دواڕۆژدا.

الشرك بالله: بەوەی هاوشێوە بۆ خوا دابنێت، لێی بپارێتەوە و ئومێدی پێی هەبێت و لێی بترسێت.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٧٦٦"، ومسلم برقم "٨٩"، وأبو داود برقم "٢٨٧٤".

التي حرم الله: واتە: کوشتنی حەرام کردووە.

إلا بالحق: واتە: بەهۆی کردەوەیەک کە کوشتن پێویست بکات.

وأكل الربا: واتە؛ وەرگرتنی جا بەهەر شێوەیەک بێت.

وأكل مال اليتيم: مەبەستی ئەوەیە: دەستدرێژی تێدا بێت. (اليتيم)یش: ئەو کەسەیە باوکی مردووە و خۆی باڵغ نەبووە.

التولي يوم الزحف: پشتهەڵکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی بێباوەڕەکان لە کاتی جەنگدا.

وقذفُ المحصنات: تۆمەتبارکردنیان بە زینا، (المحصنات): پارێزراوەکان لە زینا. مەبەست پێی: ئازادە داوێنپاکەکان.

الغافلات: بێئاگا لە کاری بەدڕەوشتی و ئەوەشی کە پێی تۆمەتبارکراون، واتە: پاکوخاوێن.

المؤمنات: ئەو ئافرەتانەی بڕوایان بە خوا هەیە.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمان بە ئوممەتەکەی دەکات بە دوورکەوتنەوە لە حەفت تاوانی لەناوبەر، کاتێک پرسیاری لێ کرا دەربارەیان کە چیین؟ ڕوونی کردەوە کە بریتیین لە: هاوبەشی بڕیاردان بۆ خوا، بەدانانی هاوتا و هاوڕێنە بۆی بەهەر شێوەیەک بێت، بۆیەش بە هاوبەشی بڕیاردان دەستی پێکرد؛ چونکە گەورەترینی تاوانەکانە، هەروەها کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوا قەدەغەی کردووە بکوژرێت، مەگەر بە ڕێێدەرێکی شەرعیی، وەرگرتنی ڕیبا بە خواردن بێت، یان بەجگە لەو لە شێوەکانی سوود وەرگرتن، دەستدرێژیکردنە سەر ماڵی ئەو منداڵەی باوکیی مردووە، هەڵاتن لە جەنگ لەگەڵ بێباوەڕەکان، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێنپاک بە زینا.

هۆکاری هێنانی فەرموودەکە لە بەشی جادووگەری: بێگومان فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی جادووگەری و دانانی لە ڕیزی تاوانە گەورە لەناوبەرەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی هاوبەشڕیاردان، کە گەورەترینی تاوانە گەورەکانە.

٢- حەرامکردنی جادوو، کە یەکێکە لە تاوانە گەورە لەناوبەرەکان و یەکێکیشە لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام.

٣- حەرامکردنی کوشتنی نەفسێک بە ناحەق.

٤- دروستیەتی کوشتنی نەفس، ئەگەر بە حەق بێت، وەکوو تۆڵەسەندنەوە و هەڵگەڕانەوە و زیناکردن دوای شووکردن، یان ژن هێنان.

٥- حەرامکردنی ڕیبا و گەورەیی ترسناکییەکەی.

٦- حەرامکردنی دەستدرێژیکردنە سەر مالّی هەتیووەکان.

٧- حەرامکردنی ڕاکردن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بێباوەڕەکان.

٨- حەرامکردنی تۆمەتبارکردن بە زینا و نێربازی.

٩- تۆمەتبارکردنی بێباوەڕ، یەکێک نییە لە تاوانە گەورەکان.

* * *

.....

وَعَنْ جُنْدَبٍ مَرْفُوعًا: «حَدُّ السَّاحِرِ: ضَرْبُهُ بِالسَّيْفِ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَقَالَ: «الصَّحِيحُ أَنَّهُ مَوْقُوفٌ».[1]

وَفِي صَحِيحِ الْبُخَارِيِّ عَنْ بَجَالَةَ بْنِ عَبَدَةَ قَالَ: كَتَبَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: أَنِ اقْتُلُوا كُلَّ سَاحِرٍ وَسَاحِرَةٍ، قَالَ: فَقَتَلْنَا ثَلَاثَ سَوَاحِرَ.[2]

وَصَحَّ عَنْ حَفْصَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- أَنَّهَا أَمَرَتْ بِقَتْلِ جَارِيَةٍ لَهَا سَحَرَتْهَا، فَقُتِلَتْ.[3]

وَكَذَا صَحَّ عَنْ جُنْدَبٍ.

قَالَ أَحْمَدُ: «عَنْ ثَلَاثَةٍ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-».

هەروەها لە جوندوبەوە بە مەرفووعی هاتووە: "سزای جادووگەر لە شەرعدا: ئەوەیە بە شمشێر لە گەردەنی بدرێت". ترمزی گێڕاویەتییەوە، بەڵام فەرموویەتی: "سەحیح ئەوەیە کە مەوقووفە[واتە وتەی جوندوبە، نەک وتەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-].

لە سەحیحی بوخاریشدا هاتووە لە بەجالەی کوڕی عەبەدە، کە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب نامەیەکی نووسی، کە هەرچی جادووگەری پیاو و ئافرەت هەیە بیکوژن، [بەجالە] دەفەرموێ: ئێمەش سێ جادووگەرمان کوشت.

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم "١٤٦٠"، والبيهقي في سننه الكبرى "١٣٦/٨"، والحاكم في المستدرك "٣٦٠/٤".

[2] - أخرجه البخاري برقم "٣١٥٦"، وأحمد في المسند "١٩٠/١".

[3] - أخرجه مالك في موطئه "٨٧٢/٢".

هەروەها بە سەحیحیش لە حەفسەوە هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت- کە فەرمانی کردووە بە کوشتنی کەنیزەکێکی خۆی، لەبەر ئەوەی جادووی لێ کردبوو، بۆیە کوژرا.

بە هەمان شێوەش بە سەحیحی لە جوندوبەوە هاتووە.

پێشەوا ئەحمەد فەرموویەتی: "کوشتنی جادووگەر لە سێ کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا هاتووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-".

ڕاڤەکردن

حد الساحر: واتە: سزاکەی.

ضربهُ بالسيف: واتە: کوشتنی، گێڕدراوەتەوە بە "ضربە" بە هاء و تاء.

موقوفٌ: واتە: لە قسەی سەحابەیە، نەک لە قسەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، لە سێ کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا: ئەوانیش بریتیین لە: عومەر و حەفسە و جوندوب.

پەیوەندی ئەو ئەسەرانە بەو بەشەوە: ئەو ئەسەرانە ڕوونکردنەوەی سزای جادووگەری تێدایە کە کوشتنە؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی تاوانی جادووگەری، کە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرانە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی سزای جادووگەر، کە دەکوژرێت و داوای تەوبەشی لێ ناکرێت.

٢- بوونی ئەنجامدانی سیحر لەناو موسڵمانان لەسەردەمی عومەر، ئەی دەبێت دوای ئەو چۆن بێت؟

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی بەقەرە.

دووەم: لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی نیساء.

سێیەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی جیبت و تاغووت و جیاوازی لەنێوانیان.

چوارەم: جاری وایە تاغووت لە جنۆکە دەبێت، جاریش وایە لە مرۆڤ دەبێت.

پێنجەم: ناسینی حەفت تاوانە لەناوبەرەکان، کە بەتایبەتی ڕێگری لێ کراوە.

شەشەم: بە دڵنیایی جادووگەر کافر دەبێت.

حەفتەم: جادووگەر دەکوژرێت و داوای تەوبەشی لێ ناکرێت.

هەشتەم: بوونی سیحر لەناو موسڵمانانداو لەسەردەمی پێشەوا عومەر، ئەی دەبێت دوای ئەو چۆن بێت؟!

❁❁❁

بَابُ بَيَانِ شَيْءٍ مِنْ أَنْوَاعِ السِّحْرِ

بەشی ڕوونکردنەوەی هێندێک لە جۆرەکانی جادوو

قَالَ أَحْمَدُ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ، عَنْ حَيَّانُ بْنُ الْعَلَاءِ، حَدَّثَنَا قَطَنُ بْنُ قَبِيصَةَ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- قَالَ: «إِنَّ الْعِيَافَةَ، وَالطَّرْقَ، وَالطِّيَرَةَ؛ مِنَ الْجِبْتِ».[1]

قَالَ عَوْفٌ: «الْعِيَافَةُ: زَجْرُ الطَّيْرِ، وَالطَّرْقُ: الْخَطُّ يُخَطُّ بِالأَرْضِ».

وَالْجِبْتُ -قَالَ الْحَسَنُ-: «رَنَّةُ الشَّيْطَانِ». إِسْنَادُهُ جَيِّدٌ.

وَلِأَبِي دَاوُدَ وَالنَّسَائِيِّ وَابْنِ حِبَّانَ فِي صَحِيحِهِ الْمُسْنَدُ مِنْهُ.

پێشەوا ئەحمەد فەرموویەتی: موحەممەدی کوڕی جەعفەر بۆی گێڕاینەوە، عەوف بۆی گێڕاینەوە، لە حەییانی کوڕی عەلاء، قەتەنی کوڕی قەبیسە بۆی گێڕاینەوە، لە باوکییەوە، کەوا گوێی لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بووە فەرموویەتی: "بە دڵنیایی فڕاندنی باڵندە و گەشبین بوون بە دەنگ و جموجۆڵیان، هێڵ کێشان بە خۆڵ، شووم و ڕەشبینی بە شتێکی بینراو، یان بیستراو، بەشێکن لە جیبت".

عەوف دەڵێت: "(الْعِيَافَة): هەڵفڕاندنی باڵندەیە، (الطَّرْق)یش: هێڵێکە بەزەویدا دەکێشرێت".

(الْجِبْت)یش -حەسەنی بەسڕی فەرموویەتی-: "دەنگی شەیتانە".

[1] - أخرجه أحمد في المسند "٤٧٧/٣"و وأبو داود برقم "٣٩٠٧"، وابن حبان كما في الموارد برقم "١٤٢٦".

ئەم فەرموودەیە، ئەبوو داوود و نەسائیی و ئیبن حیببان لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتییانەوە.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، کاتێک لە بەشی پێشوودا باسی جادووی کرد، لەو بەشەدا باسی شتێک لە جۆرەکانی سیحر و جادوو دەکات؛ لەبەر زۆر ڕوودانی و شاراوەیی لە خەڵکیی، هەتا گومانیان برد کە جادوو بەشێکە لە کەرامەتی پیاوچاکەکان، سەرەنجام کارەکە بەرەو ئەوەی بردن کە خاوەنەکانیان پەرست و بەمەش کەوتنە ناو شیرکی گەورە.

ژیاننامە:

١- **أحمد:** بریتییە لە: پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.

٢- **محمد بن جعفر:** ئەو کەسەیە کە بەناوبانگە بە غوندوری هوزەلیی بەسڕی، متمانە و بەناوبانگە.

٣- **عوف:** کوڕی ئەبوو جەمیلەیە، ناسراوە بە عەوفی ئەعرابی، متمانەیە.

٤- **عن أبیه:** بریتییە لە (قبیصة)ـی کوڕی موخاریقی هیلالیی، هاوەڵێکی بەناوبانگە.

٥- **الحسن:** حەسەنی بەسڕییە.

زجر الطیر: گەشبین بوون بە ناو و دەنگەکانیان و شوێنی ڕۆیشتن و جموجۆڵیان.

من الجبت: واتە: بەشێکە لە کاری جادوویی.

یُخط بالأرض: ڕەمماللـەکان هێڵ بە زەویدا دێنن و بەو هۆیەشەوە بانگەشەی زانستی غەیب دەکەن.[الرمالون: ئەوانەن هێڵ بەسەر خۆڵدا دێنن و بەهۆیەوە بانگەشەی زانستی غیب دەکەن].

الجبت رنّة الشيطان: ئەوە ڕاڤەی جیبتە بەهێندێک لە تاکەکانی. (الرنة)ش: دەنگە، هەموو دەنگەکانی ڕابواردن و گاڵتە دەچنە ژێری، ئینجا بۆیەش دراوەتە پاڵ شەیتان؛ چونکە ئەو بانگەشەی بۆ دەکات.

ولأبي دواد ... إلخ: واتە: ئەوانە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە، تەنها مەڕفووعەکەشیان لێ باسکردووە، لێکدانەوەکەی عەوفیان باس نەکردووە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: ڕوونی دەکاتەوە کە (العِيافة) و (الطرْق) و (الطيرَة)، بەشێکن لە جیبت، کە بریتییە لەو جادووەی کە دژ و پێچەوانەی تەوحیدە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی بانگەشەکردنی زانستی پەنهان و شاراوە؛ لەبەر ئەوەی پێچەوانەی یەکخواپەرستییە.

٢- حەرامکردنی شووم و ڕەشبینی؛ چونکە پێچەوانەی یەکخواپەرستییە، یان پێچەوانەی تەواویەتییەکەیەتی.

٣- حەرامکردنی ڕابواردن و سەماگە بە هەموو جۆرەکانییەوە؛ چونکە ئەو شتانە پێچەوانەی گوێڕایەڵی خوا و تەواویەتی تەوحیدن.

٤- ڕابواردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، -وەکوو: گۆرانی و زورنا و ئامێرەکانی دیکەی ڕابواردن- بەشێکن لە دەنگی شەیتان، ئەو شەیتانەی هەموو کاری ڕێگەگرتنە لە ڕێبازی خوا.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «مَنِ اقْتَبَسَ شُعْبَةً مِنَ النُّجُومِ، فَقَدِ اقْتَبَسَ شُعْبَةً مِنَ السِّحْرِ؛ زَادَ مَا زَادَ».[1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ.

لە ئیبن عەببباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هەر کەسێک بەشێک لە ئەستێرەناسی[ئەوەی کە دەکرێتە بەڵگە لەسەر ڕووداوەکانی زەوی] وەربگرێت و فێر ببێت، ئەوا بە دڵنیایی بەشێک لە جادوو فێر بووە، جا هەرچەندە زیاتر بەشەکانی ئەستێرەناسی فێز ببێت، ئەوا زیاتر بەشەکانی جادوو فێربووە و زیاتر تاوانبارە".

ڕاڤەکردن

من اقتبسَ: هەر کەسێک فێر ببێت.

شعبة: بەشێک.

شعبة من السحر: ئەوەی کە حەرامیەتییەکەی زانراوە.

زاد ما زاد: واتە: هەرچەندە زیاتر زانستی ئەستێرەناسی فێر ببێت، ئەوا تاوانی زیاتر دەبێت، وەکوو تاوانی جادووگەر، یان زیاتر لە بەشەکانی جادووی وەرگرتووە، وەکوو چۆن زیاتر زانستی ئەستێرەناسی فێر بووە و وەریگرتووە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لەو فەرموودەیەدا هەواڵ دەدات، هەواڵێک کە واتاکەی قەدەغەکردن و هۆشیارکردنەوەیە: ئەویش ئەوەیە کە هەر کەسێک شتێک لە ئەستێرەگەری فێر ببێت، ئەوا شتێک لە

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٩٠٥"، وابن ماجه برقم "٣٧٢٦"، وأحمد في مسنده "١/٢٧٧، ٣١١".

جادووگەری حەرام فێر بووە، هەرچەندەش زیاتر فێری ئەستێرەگەری ببێت، ئەوا زیاتر فێری جادوو دەبێت؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەستێرەگەری بڕیاردانە بەسەر شتە غەیبییەکانەوە، بەشێوەیەک کەسی ئەستێرەگەر، هەوڵ دەدات ڕووداوەکانی داهاتوو بدۆزێتەوە، ئەوەی کە بەشێکە لە زانستی غەیب و خوای گەورە تایبەتی کردووە بە خۆیەوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا هەواڵ دەدات، کە ئەستێرەگەری جۆرێکە لە جۆرەکانی جادووگەری.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی ئەستێرەگەری، ئەوەی کە بریتییە لە هەواڵ دان دەربارەی داهاتوو، بە پشت بەستن بە بارودۆخی ئەستێرەکانەوە؛ چونکە بانگەشەکردنی زانستی غەیبە.

٢- بە دڵنیایی ئەستێرەگەری یەکێکە لە جۆرەکانی جادوو، کە پێچەوانەی تەوحیدە.

٣- هەرچەندە زیاتر فێری ئەستێرەگەری ببێت، ئەوا زیاتر فێری جادووگەری دەبێت.

* * *

.....

وَلِلنَّسَائِيِّ مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-: «مَنْ عَقَدَ عُقْدَةً ثُمَّ نَفَثَ فِيهَا فَقَدْ سَحَرَ، وَمَنْ سَحَرَ فَقَدْ أَشْرَكَ، وَمَنْ تَعَلَّقَ شَيْئًا وُكِلَ إِلَيْهِ».[1]

پێشەوا نەسائیی لە فەرموودەی ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕاوینەتییەوە کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هەر کەسێک گرێیەک لە پەتێک بدات و پاشان فووی پێدا بکات، ئەوا بە دڵنیایی سیحری ئەنجام داوە، هەر کەسێکیش سیحر ئەنجام بدات، ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوە، هەروەها هەر کەسێک شتێک هەڵبواسێت و دڵی پەیوەست بکات بەو شتەوە، ئەوا دەدرێتە دەست ئەو شتە و خوای گەورە وازی لێ دەهێنێت".

ڕاڤەکردن

من عقد عقدة: لەسەر ئەو شێوەی کە ساحیرەکان دەیکەن، لە گرێدانی پەت و هاوشێوەکانی.

ونفَث فيها: (النفث) بریتییە لە: فووکردن لەگەڵ کەمێک لیک، بەڵام لە تفیش کەمترە.

فقد سحَر: واتە: کاری جادووگەری حەرامی ئەنجامدا.

ومن سحر فقد أشرك: لەبەر ئەوەی سیحر بەبێ شیرک ئەنجام نادرێت؛ چونکە سیحر داوای یارمەتیکردنە لە شەیتانەکان.

ومن تعلّق شيئاً وُكل إليه: واتە: هەر کەسێک دڵی پەیوەست بێت بە شتێک و پشتی پێ ببەستێت؛ ئەوا خوای گەورە دەیداتە دەست ئەو شتە و وازی لێ دەهێنێت.

---

[1] - أخرجه النسائي، وللجزء الأخير من الحديث شواهد يتقوى بها، أخرج الشاهد الترمذي برقم "٢٠٧٣"، وأحمد "٣١٠/٤، ٣١١"، والحاكم "٢١٦/٤".

واتای فەرموودەکە بەکورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- جۆرێک لە جۆرەکانی سیحر و حوکمەکەی ڕوون دەکاتەوە، بەمەش ئوممەتەکەی ئاگەدار دەکاتەوە لە ئەنجامدانی جادوو. بۆیە دەفەرموێت: یەکێک لە جۆرەکانی جادوو ئەوەیە کە گرێ لە پەت و هاوشێوەکانی بدات، ئینجا فوو بەو گرێیانەدا بکات، فوو پێداکردنێک کە کەمێک تفی[ورده تفی] لەگەڵدا بێت؛ ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جادووگەرەکان، ئەگەر بیانەوێت سیحر ئەنجام بدەن پەتەکان گرێ دەدەن، پاشان لەسەر هەر گرێیەک فوویەکی پێدا دەکەن، تاوەکوو ئەو سیحرەی دەیانەوێت ئەنجامی دەدەن، بەمەش نەفسە پیسەکەی ڕێک دەکەوێت لەگەڵ خەراپە، هەروەها داوای کۆمەکیش لە شەیتان دەکات و فوو بەو گرێیانەدا دەکات، هەناسەیەک لە نەفسە پیسەکەی دەردەچێت کە هاوشانە لەگەڵ تفێکی تێکەڵ بە شەڕ و خەراپە، لەگەڵ ئەوەشدا داوای یارمەتی لە شەیتانەکان دەکات، بەو هۆیەشەوە سیحرلێکراوەکە بە ویستی کەونی و قەدەری خوا تووش دەبێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە جۆرێک لە جۆرەکانی جادوو ڕوون دەکاتەوە، کە بریتییە لە سیحری گرێدان، ناوی لێ نراوە نوشتە (العزيمة).

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی جادوو، ئەویش ئەو جۆرەیە کە بە هۆی گرێدان و فووپێداکردن ڕوودەدات.

٢- بە دڵنیایی سیحر، هاوبەش بڕیاردانە؛ چونکە داوای کۆمەکیی کردنە لە شەیتانەکان.

٣- هەر کەسێک پشت بە جگە لە خوا ببەستێت، ئەوا خوا پشتگیری ناکات و ڕیسوای دەکات.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «أَلَا هَلْ أُنَبِّئُكُمْ مَا الْعَضْهُ؟ هِيَ النَّمِيمَةُ؛ الْقَالَةُ بَيْنَ النَّاسِ».[1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

هەروەها لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕدرێتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "ئایا هەواڵتان پێ بدەم کە سیحر(الْعَضْهُ) چییە؟ بریتییە لە:گێڕانەوەی قسە و فیتنەیی، قسەهێنان و قسەبردن لەنێوانی خەڵکیدا".

ڕاڤەکردن

ألا: ئامرازی ئاگەدارکردنەوەیە.

أنبئكم: هەواڵتان پێ بدەم.

العضْهُ: بە فەتحەی عەینەکە و سکوونی زادەکە، چاوگی (عَضَه يعْضَهُ عضْهاً)ـە، بەواتای درۆی کرد و جادووی کرد، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی: جادووە.

النميمة: گواستنەوەی قسە بە مەبەستی تێکدانی نێوانی خەڵکی.

القالة: زۆر قسەکردن و دروستکردنی دوژمنایەتی و ناکۆکیی لەنێوانی خەڵکی، بەوەی قسەی خەڵکی بۆ یەکتری بگێڕێتەوە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەیەوێت ئوممەتەکەی ئاگەدار بکاتەوە لە فیتنەیی لەنێوانی خەڵکی، بەوەی قسەی خەڵکی بگوازێتەوە بۆ یەکتر بەمەبەستی تێکدانی نێوانیان، جا سەرەتا قسەکانی بەشێوەی پرسیارکردن دەست پێ کرد؛ بۆ ئەوەی زیاتر کاریگەری لەسەر دەروونەکان هەبێت و

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٦٠٦".

زیاتریش ببێتە هۆی هۆشیاربوون، پرسیاری لی کردن کەوا (الْعَضْهُ) چییە، واتە: سیحر چییە، پاشان وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە بەوەی (الْعَضْهُ) بریتییە لە: گواستنەوەی قسە لەنێوانی خەڵکی، بەمەبەستی تێکدانی نێوانیان و زۆر قسەکردن و دروستکردنی دوژمنایەتی لەنێواندا؛ چونکە ئەو کارە هەمان ئەو شتە دەکات کە سیحر دەیکات، لە تێکدانی نێوانی خەڵکیی و لێک جیا کردنەوەی دڵەکان.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا ڕوونی دەکاتەوە، کە قسە هێنان و بردن(النميمة)، جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- نەمیمی کردن، جۆرێکە لە جۆرەکانی جادوو؛ چونکە هەمان ئەو شتە دەکات کە جادوو دەیکات، لە جیا کردنەوەی دڵەکان لە یەکتری و تێکدانی نێوانی خەڵکی، نەک مەبەست ئەوە بێت کە کەسی قسەهێنەر و قسەبەر(النمام)، حوکمی ساحیر وەربگرێت لە ڕووانگەی کوفر و جگە لەوە.

٢- حەرامکردنی قسە هێنان و قسە بردن، هەروەها یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

٣- فێرکردن بەشێوەی پرسیار و وەڵام، چونکە ئەوە زیاتر لە بیر و هۆش جێگیر دەبێت و زیاتریش دەبێتە هۆی هۆشیاربوون.

* * *

.....

وَلَهُمَا عَنِ ابْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- قَالَ: «إِنَّ مِنَ الْبَيَانِ لَسِحْرًا».[1]

هەروەها بوخاری و موسلیم لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕاویەتییانەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "بە دڵنیایی بەشێک لە زمان پاراوی و ڕەوانبێژی، سیحرە".

ڕاڤەکردن

البیان: ڕەوانبێژی و زمانپاراوی.

لسحراً: واتە: کاری سیحر دەکات، حەق دەکات بە بەتاڵ و ناڕەوا، بەتاڵێش دەکات بە حەق، بەم هۆیەشەوە دڵی نەزانەکان بۆ لای خۆی کێش دەکات.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- جۆرێکی دیکە لە جۆرەکانی سیحر و جادوو ڕوون دەکاتەوە، کە بریتییە لە: ڕەوانبێژی و زمانپاراوی؛ ئەمەش لەبەر ئەو جۆرە کاریگەرییەیەتی لەسەر دڵ و گوێچکەکان؛ هەتا لەوانەیە حەق و ڕەوا وێنا بکات لە وێنەی ناحەق، ناحەقیش لە وێنەی حەق پیشان بدات؛ هەروەکوو سیحر ئەو کارە دەکات. مەبەستەکەش زەممکردنی ئەو جۆرە ڕەوانبێژییەیە کە ڕاست و ڕەوا تێکەڵ بە ناڕەوا و درۆ دەکات و سەر لە گوێگر دەشێوێنێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی جادووی تێدایە، ئەویش بریتییە لە هێندێک لە ڕەوانبێژی.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی سیحر، ئەویش بریتییە لەو ڕەوانبێژییەی کە شاردنەوە و ڕاستی لێ گۆڕینی تێدایە.

٢- بە خەراپە باسکردنی ئەو جۆرە ڕەوانبێژییە، بەڵام ئەو جۆرە ڕەوانبێژییەی کە ڕاستی ڕوون دەکاتەوە و جێگیری دەکات، هەروەها ناڕەوا پووچەڵ دەکاتەوە و بەدرۆی دەخاتەوە، ئەوا شتێکی باش و سوپاسکراوە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: بە دڵنیایی هەڵفڕاندنی باڵندە و گەشبین بوون بە دەنگ و جموجۆڵیان، هێڵ کێشان بە خۆڵ، شووم و ڕەشبینی بە شتێکی بینراو یان بیستراو، ئەمانە بەشێکن لە جیبت".

دووەم: ڕاڤەکردنی وشەی (الْعِيَافَة) و (الطَّرْق).

سێیەم: بێگومان زانستی ئەستێرەناسی، بەشێکە لە سیحر.

چوارەم: گرێدان لەگەڵ فوو پێداکردندا، بەشێکە لە سیحر.

پێنجەم: بە دڵنیایی قسەهێنان و بردن لەنێوانی خەڵکی، بەشێکە لە سیحر[واتە: کاری سیحر دەکات].

شەشەم: هێندێک لە ڕەوانبێژیش، بەشێکە لە سیحر.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْكُهَّانِ وَنَحْوِهِمْ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی کاهینەکان و هاوشێوەکانیان

رَوَى مُسْلِمٌ فِي صَحِيحِهِ عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ فَصَدَّقَهُ؛ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ يَوْمًا».[1]

موسلیم لە سەحیحەکەیدا لە هێندێک لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- گێڕاویەتییەوە، لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، کە فەرموویەتی: "هەر کەسێک بچێتە لای فاڵچییەک و پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێک و بەڕاستیشی دابنێت لەوەی کە دەیڵێت، ئەوا نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێت".

ڕاڤەکردن

الكهان: کۆی (کاهن)ـە، بریتییە لەو کەسەی هەواڵ دەدات دەربارەی شتە شاراوەکان لە داهاتوودا، بە پشت بەستن بە داواکردنی یارمەتی لە شەیتانەکان.

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی کاهینەکان بانگەشەی زانستی نهێنی دەکەن، ئەوەی کە خوای گەورە تایبەتی کردووە بەخۆیەوە، ئەمەش بانگەشەی هاوبەش بوونە لەگەڵ خوا لە زانستی شاراوەدا، بۆیە دانەر لەو بەشەدا دەیەوێت ئەو هەڕەشانە ڕوون بکاتەوە کە دەربارەی کاهینەکان و ئەوانەش هاتوون کە بەڕاستیان دەزانن.

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٢٤٠"، وأحمد في مسنده "٦٨/٤"، "٣٨٠/٥".

ما جاء في الكهان: واتە: لە توند و تیژیی و هەڕەشە.

ونحوهم: وەکوو فاڵگرەوەکان و ئەستێرە ناسەکان و ئەوانەی هێڵ بە زەویدا دەکێشن و بەهۆیەوە بانگەشەی زانستی نهێنی دەکەن.

عن بعض أزواج النبي: بریتییە لە حەفسە.

لم تقبل له صلاة: واتە: پاداشتی بۆ نییە لە نوێژەکەدا.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەو هەڕەشەیە ڕوون دەکاتەوە، کە دروست دەبێت لەسەر چوون بۆ لای کاهینەکان و هاوشێوەکانیان، بۆ پرسیارکردن لەو شتە شاراوانەی کە کەس نایزانێت تەنها خوا نەبێت، پاداشتی ئەوەی ئەو کارە دەکات، بێبەش بوونیەتی لە پاداشتی نوێژەکەی بۆ ماوەی چل ڕۆژ؛ لەبەر تووشبوونی بە تاوان. کەواتە لەمەدا هەڕەشەیەکی توند هەیە و قەدەغەکردنێکی بێگومان هەیە لەو کارە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کارە لە گەورەترینی حەرامکراوەکانە، ئینجا ئەگەر ئەوە پاداشتی ئەو کەسە بێت کە دەچێتە لای کاهین، ئەی دەبێت پاداشتی کاهینەکە خۆی چی بێت؟! پەنا دەگرین بە خوا لەو کارە و داوای پارێزراوی لە خوا دەکەین.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕێگەگرتنی تێدایە لە چوونە لای کاهینەکان و هاوشێوەکانی، هەروەها قەدەغەکردنی بەڕاستدانانیانی تێدایە؛ ئەمەش لەبەر پێچەوانەیەتی بۆ تەوحید.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگەگرتن بۆ چوونە لای کاهینەکان و پرسیار لێکردنیان دەربارەی شتە شاراوەکان و بەڕاستدانانیان لەو بابەتە، کە ئەمەش کوفرە.

٢- حەرامیەتی بانگەشەکردنی زانینی غەیب، کە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

سوودێک؛ هەر کەسێک بچێتە لای کاهینەکان و بەڕاستیان نەزانێت، ئەوا نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێت، هەروەکوو لەو بوارەوە فەرموودەیەکی دیکە هاتووە، بەڵام ئەوەی بەڕاستیان بزانێت، ئەوا بێباوەڕ بووە بەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

***

.....

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنْ أَتَى كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ؛ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-». [1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ.

وَلِلأَرْبَعَةِ وَالْحَاكِمِ -وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِهِمَا- عَنِ النبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «مَنْ أَتَى عَرَّافًا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ؛ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ». [2]

وَلِأَبِي يَعْلَى بِسَنَدٍ جَيِّدٍ عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ مِثْلُهُ مَوْقُوفًا. [3]

هەروەها لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کە فەرموویەتی: "هەر کەسێک بچێتە لای کاهینێک[ئەوەی بانگەشەی زانینی غەیب دەکات]و بەڕاستیشی دابنێت لەو قسەیەی کە دەیکات، ئەوا بە دڵنیایی بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-.

هەروەها خاوەنی چوار سونەنەکە و حاکمیش گێڕاویەتییانەوە -و گوتووشیەتی: فەرموودەیەکی سەحیحە لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیمە- لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کە فەرموویەتی: "هەر کەسێک بچێتە لای فاڵچییەک، یان کاهینێک، بەڕاستیشی دابنێت لەو قسەیەی کە دەیڵێت، ئەوا بە دڵنیایی بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-".

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٩٠٤"، وأحمد في مسنده "٤٠٨/٢، ٤٢٩، ٤٧٦".

[2] - أخرجه الحاكم في المستدرك "٨/١"، وأحمد في المسند "٤٢٩/٢".

[3] - أخرجه أبو يعلى في مسنده "رقم ٥٤٠٨"، والبزار كما في الكشف "رقم ٢٠٦٧"، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد "١١٨/٥": رواه البزار ورجاله رجال الصحيح، خلا هبيرة بن يريم وهو ثقة.

هەروەها ئەبوو یەعلاش بە سەنەدێکی باش، هاوشێوەی ئەمەی لە ئیبن مەسعوودەوە بە مەوقووفی گێڕاوەتەوە[واتە: قسەی ئیبن مەسعوودە].

ڕاڤەکردن

بما أُنزل على محمد: واتە: قورئان و سوننەت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە بە هەردوو ڕیوایەتەکەیەوە: هەڕەشەیەکی تونده لەسەر چوونە لای کاهین و فاڵگرەوەکان، بۆ پرسیار لێکردنیان لە شتە شاراوەکان و بەڕاستدانانیان لەو بوارەوە؛ چونکە زانستی غەیب، بە دڵنیایی خوای گەورەوە تایبەتی کردووە بە خۆیەوە. جا بۆیە هەر کەسێک بچێتە لایان و بەڕاستیان بزانێت؛ ئەوە بە بێگومان بێباوەڕ بووە بەو وەحییەی کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕێگەگرتنی تێدایە لە چوونە لای کاهین و فاڵچییەکان و ڕوونکردنەوەی هەڕەشە لەو بوارەوە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی چوونە لای کاهین و فاڵچییەکان و پرسیار لێکردنیان، هەروەها واجیبیەتی دوورکەوتنەوە لێیان؛ چونکە ئەمە کوفرە ئەگەر بەڕاستیان دابنێت، حەرامیشە ئەگەر بەڕاستیان دانەنێت.

٢- واجیبەتی بەدرۆخستنەوەی کاهین و ئەستێرەناسەکان.

٣- هەر کەسێک بڕواتە لایان و بەڕاستیشیان بزانێت؛ ئەوا بە دڵنایی بێباوەڕ بووە بەوەی کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٤- بێگومان کاهینایەتی شیرکە؛ چونکە بانگەشەکردنی هاوبەش بوونە لەگەڵ خوای گەورە لە زانسی شاراوە و نەهێنیدا.

* * *

.....

وَعَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- مَرْفُوعًا: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ تَطَيَّرَ أَوْ تُطُيِّرَ لَهُ، أَوْ تَكَهَّنَ أَوْ تُكُهِّنَ لَهُ، أَوْ سَحَرَ أَوْ سُحِرَ لَهُ، وَمَنْ أَتَى كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ؛ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-».[1] رَوَاهُ الْبَزَّارُ بِإِسْنَادٍ جَيِّدٍ.

وَرَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الأَوْسَطِ بِإِسْنَادٍ حَسَنٍ مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبَّاسٍ؛ دُونَ قَوْلِهِ: «وَمَنْ أَتَى...» إلى آخره.

قال الْبَغَوِيُّ: «الْعَرَّافُ: الَّذِي يَدَّعِي مَعْرِفَةَ الأُمُورِ بِمُقَدِّمَاتٍ يَسْتَدِلُّ بِهَا عَلَى الْمَسْرُوقِ وَمَكَانِ الضَّالَّةِ وَنَحْوِ ذَلِكَ».

وَقِيلَ: هُوَ الْكَاهِنُ، وَالْكَاهِنُ هُوَ الَّذِي يُخْبِرُ عَنِ الْمُغَيَّبَاتِ فِي الْمُسْتَقْبَلِ.

وَقِيلَ: الَّذِي يُخْبِرُ عَمَّا فِي الضَّمِيرِ.

وَقَالَ أَبُو الْعَبَّاسِ ابْنُ تَيْمِيَّةَ: «الْعَرَّافُ: اسْمٌ لِلْكَاهِنِ وَالْمُنَجِّمِ وَالرَّمَّالِ وَنَحْوِهِمْ، مِمَّنْ يَتَكَلَّمُ فِي مَعْرِفَةِ الأُمُورِ بِهَذِهِ الطُّرُقِ».

هەروەها لە عیمڕانی کوڕی (حُصَيْن)ەوە -ڕەزای خوای لێبێت- بە مەڕفووعی گێڕدراوەتەوە[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی]: "لە ئێمە نییە ئەو کەسەی کە باڵندە هەڵدەفڕێنێت و ڕەشبینی پێوە دەکات، یان باڵندەی بۆ هەڵبفڕێنرێت، یاخود جادوو بکات، یان جادووی بۆ بکرێت، یاخود فاڵ بگرێتەوە، یان فاڵی بۆ بگیرێتەوە، هەر کەسێکیش بڕواتە لای کاهینێک و بەڕاستیشی بزانێت لەوەی

[1] - قال الهيثمي في مجمع الزوائد "١١٧/٥": رواه البزار ورجاله رجال الصحيح، خلا إسحاق بن الربيع وهو ثقة.

کە دەیڵێت، ئەوا بێگومان بێباوەڕ بووە بەوەی دابەزیوەتە سەر موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

هەروەها تەبەرانیش (لە معجم الأوسط)دا بە سەنەدێکی حەسەن، ئەو فەرموودەیەی لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاوەتەوە، بەڵام بەبێ وتەی: "وَمَنْ أَتَىَ..." تا کۆتاییەکەی.

پێشەوا بەغەوی فەرموویەتی: "(الْعَرَّاف): ئەو کەسەیە کە بانگەشەی زانینی کاروبارەکان دەکات، بە کۆمەڵێک پێشەکی، کە دەیانکاتە بەڵگە لەسەر شتی دزراو و شوێنی شتی ونبوو و هاوشێوەی ئەمە".

گوتراوە: عەرڕاف، بریتییە لە کاهین، کاهینیش بریتییە لەو کەسەی کە هەواڵ دەربارەی شتە غەیبییەکانی داهاتوو دەدات. هەروەها گوتراویشە: ئەو کەسەیە کە هەواڵ دەربارەی ئەو شتە دەدات کە لە ناخ و دڵدایە.

هەروەها پێشەوا ئەبوو عەبباس، ئیبن تەیمییە فەرموویەتی: "عەرڕاف: ناوێکە بۆ کاهین و ئەستێرەگرەوە و ئەوەی هێڵ بەزەویدا دەکێشێت و هاوشێوەکانیان، لەوانەی قسە دەربارەی زانینی کاروبارەکان دەکەن بەو ڕێگایانە".

ڕاڤەکردن

لیس منا: واتە: کەسێک ئەو کارە ناکات کە لە کۆمەڵی ئێمە بێت و کار بە شوێنکەوتنمان بکات و پەیڕەوەی لە شەریعەتەکەی ئێمە بکات.

مَنْ تَطَيَّرَ: بانگەشە هەڵبڕێنێت و ڕەشبینی پێوە بکات.

أو تُطير له: فەرمان بە کەسێک بکات کە بانگەشەی بۆ هەڵبڕێنێت. دەربڕینەکانی دیکەش بەهەمان شێوەن.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: ئەو کەسە نابێتە شوێنکەوتەی ئێمە و پەیڕەوکەری شەرعی ئێمە، کە کاری هەڵفڕاندنی بانگەشە بکات، یا بانگەشەی زانینی غەیب بکات، یان جادوویی بکات، یاخود ئەو کارانەی بۆ بکرێت؛ چونکە ئەو کارانە بانگەشەکردنی زانستی غەیبی تێدایە، کە خوا تایبەتی کردووە بە خۆیەوە، هەروەها تێکدانی بیروباوەڕ و عەقڵەکانە، هەر کەسێکیش

ئەو کەسە بەڕاست بزانێت کە شتێک لەو کارانە دەکات؛ ئەوا بێگومان بێباوەڕ بووە بە وەحیی خوایی، ئەوەی کە هاتووە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو نەزانینیانە و پارێزگاریکردن لە عەقڵەکان. هەروەها ئەوەی کەوا هێندێک خەڵک دەیکەن لە خوێندن لەناو لەپێ دەست، یان بەستنەوەی بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤ و شانسەکەی بە بورجەکان و هاوشێوەی ئەمانەش، ئەویش دەلکێت بەو بابەتەوە.

بە دڵنیاییش هەریەک لە پێشەوایان؛ بەغەوی و ئیبن تەیمییە، واتای (العرّاف) و (الکاهن) و (المنجم) و (الرّمّال)یان ڕوون کردۆتەوە، کە کورتەکەی بەو شێوەیەیە: هەر کەسێک بانگەشەی شتێک لە زانستی شاراوەکان بکات، ئەوا دەچێتە ژێر ناوی کاهینەوە، یان هاوبەشە لەگەڵی لە واتادا، بۆیە دەلکێندرێت پێیەوە، کەواتە کاهین ئەوکەسەیە کە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەوەی کە لە داهاتوودا ڕوودەدات و شتیش لەو شەیتانانە وەردەگرێت کە گوێ لە فریشتەکان ڕادەگرن، هەروەکوو لە سەرەتای (کتاب التوحید) باسکرا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە قەدەغەکردن و تووندکردنی تێدایە لە ئەنجامدانی کاهینایەتی و هاوشێوەکانی و بەڕاستدانانی خاوەنەکانی.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی بانگەشەکردنی زانستی غەیب؛ لەبەر ئەوەی پێچەوانەی یەکخواپەرستییە.

٢- حەرامکردنی بەڕاستدانانی ئەوکەسەی ئەو کارە دەکات، بە فاڵگرتنەوە، یا جگە لەو؛ لەبەر ئەوەی ئەمە کوفرە.

٣- واجیبەیەتی بەدرۆزانینی کاهینەکان و هاوشێوەکانیان و واجیبییەتی دوورکەوتنەوە لەخۆیان و زانستەکانیان.

٤- واجیبییەتی دەستگرتن بەوەی دایبەزیوەتە سەر پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و فرێدانی ئەوەی کە پێچەوانەی ئەمەیە.

* * *

.....

وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ -فِي قَوْمٍ يَكْتُبُونَ أَبَا جَادٍ، وَيَنْظُرُونَ فِي النُّجُومِ-: «مَا أَرَى مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ لَهُ عِنْدَ اللهِ مِنْ خَلَاقٍ».[1]

هەروەها ئیبن عەببباس فەرموویەتی -دەربارەی خەڵکانێک کە (ئەبجەد) دەنووسنەوە، لەهەمان کاتیشدا سەیری ئەستێرەکان دەکەن- [نووسینەوەکەیان بە جووڵە و ڕۆیشتن و هەڵهاتن و ئاوابوونی ئەستێرەکان دەبەستنەوە و پێیان وایە کاریگەریان هەیە لەسەر ڕووداوەکانی زەوی]: "وای نازانم ئەو کەسەی کە ئەو کارە دەکات، هیچ بەشێکی لەلای خوا هەبێت".

ڕاڤەکردن

يكتبون أبا جاد: واتە: پیتەکانی "أَبْجَدْ هَوَّزْ حُطِّي كَلَمُنْ سَعْفُصْ قُرشت ثخذ ضظغ" بەش بەش دەکەن، ئەوەی کە پێی دەگوترێت (حروف الْجُمَل)، فێری دەبوون بۆ بانگەشەکردنی زانستی پەنهان و شاراوە.

وينظرون في النجوم: واتە: بیروباوەڕیان وابوو کە ئەستێرەکان کاریگەرییان هەیە، بۆیە کارەکانیان دادەمەزراند لەسەر گومانێکی خەراپ و باوەڕێکی پووچ و ناڕەوا دەربارەی ئەستێرەکان و ژمارەکان، ئەوەی کە گومانیان وابوو بەهۆیەوە زانستی غەیب دەزانن.

ما أرى: بە فەتحەی هەمزەکە، بە واتای: نازانم دێت، بە زەممەکەشی، بە واتای: گومان نابەم دێت.

من خلاق: لە بەش.

---

[1] - قال الهيثمي في مجمع الزوائد "١١٨/٥": رواه الطبراني وفيه خالد بن يزيد العمري، وهو كذاب.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: ئیبن عەببباس دەفەرمووێ: نازانم و گومان نابەم کە ئەو کەسەی پیتەکانی ئەبجەد دەنووسێتەوە و سەیری ئەستێرەکان دەکات، ئینجا لەسەر ئەو بنەمایە بڕیار لەسەر داهاتوو دەدات، وای نابینم ئەوکەسەی کە ئەو کارە دەکات، هیچ بەشێکی لەلای خوا هەبێت؛ چونکە ئەوە دەچێتە ژێر حوکمی فاڵگرەوەکان، ئەوانەی بانگەشەی زانستی غەیب دەکەن.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نووسینەوەی پیتەکانی ئەبجەد و فێربوونیان بۆ ئەو کەسەی کە بەهۆیەوە بانگەشەی زانینی غەیبیان پێ دەکات، هەروەها سەیری ئەستێرەکانیش دەکات لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی وایە کە کاریگەرییان هەیە، هەموو ئەمانە دەچێنە ژێر فاڵگرتنەوە، ئینجا هەر کەسێک ئەو کارە بکات، ئەوا بێگومان بەشەکەی خۆی لەلای خوا لەدەست داوە.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی فێربوونی ئەبجەد، بەشێوەیەک کە بەهۆیەوە بانگەشەی زانستی غەیب بکرێت؛ چونکە پێچەوانەی یەکخواپەرستییە. بەڵام فێربوونیان بۆ ژماردنی پیتەکان بەناوەکانیانەوە، هەروەها ڕستەیەک لەو پیتانە پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی بە حیساباتی پێ بکرێت، ئەوا هیچی تێدا نییە.

٢- حەرامکردنی ئەستێرەگەری؛ چونکە هۆکارێکە بۆ هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا.

٣- فریو نەخواردن بەو زانست و زانیاریانەی کە ئەهلی بەتاڵ هەیانە؛ چونکە ئەمە مۆڵەتدانە بۆ ئەوان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: بێگومان بەڕاستدانانی کاهین، لەگەڵ باوەڕهێنان بە قورئان، بەیەکەوە کۆنابنەوە.

دووەم: دەربڕین بە ئاشکرا بەوەی ئەو کارە کوفرە.

سێیەم: باسی ئەوکەسەی کە کاهینایەتی بۆ دەکرێت.

چوارەم: باسی ئەوکەسەی کە باڵندەی بۆ هەڵدەفڕێنرێت.

پێنجەم: باسی ئەوکەسەی کە جادووی بۆ دەکرێت.

شەشەم: باسی ئەوکەسەی کە پیتەکانی ئەبجەد فێر دەبێت.

حەفتەم: باسی جیاوازی لەنێوانی کاهین و عەڕاف.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي النُّشْرَةِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی بەتاڵکردنەوەی سیحر لە سیحرلێکراو

عَنْ جَابِرٍ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- سُئِلَ عَنِ النُّشْرَةِ، فَقَالَ: «هِيَ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ».[1] رَوَاهُ أَحْمَدُ -بِسَنَدٍ جَيِّدٍ- وَأَبُو دَاوُدَ، وَقَالَ: سُئِلَ أَحْمَدُ عَنْهَا؛ فَقَالَ: ابْنُ مَسْعُودٍ يَكْرَهُ هَذَا كُلَّهُ.

لە جابرەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- پرسیاری لێکرا دەربارەی حوکمی بەتاڵکردنەوەی سیحر[ئەو جۆرەی کە لە سەردەمی نەزانین دەکرا]، ئەویش فەرمووی: "ئەمە لە کاری شەیتانە". پێشەوا ئەحمەد بە سەنەدێکی باش گێڕاویەتییەوە، هەروەها ئەبوو داوودیش گێڕاویەتییەوە و فەرموویەتی: دەربارەی نوشرە پرسیار لە پێشەوا ئەحمەد کرا، ئەویش فەرمووی: "ئیبن مەسعوود، ئەمەی هەموو بە ناپەسەند(مەکرووە) دەزانی".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: کاتێک دانەر باسی حوکمی جادوو و بانگەشەکردنی غەیبی کرد، لەو بەشەدا باسی ئەو شتانە دەکات کە دەربارەی بەتاڵکردنەوەی سیحر لە سیحرلێکراو هاتووە؛ لەبەر ئەوەی جاری وایە لەلایەنی شەیتانەکان و جادووگەرەکانەوەیە، ئەوکاتیش دەبێتە دژ و پێچەوانەی تەوحید.

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٨٦٨"، وأحمد في المسند "٣/٢٩٤".

النُّشْرة: جۆرێکە لە چارەسەر و ڕوقیە خوێندن، چارەسەری ئەوکەسەی پێ دەکرێت کە جنۆکە لێی دابێت بەهۆی جادووەوە، بۆیەش بەم ناوە ناونراوە؛ چونکە ئەو نەخۆشییەی کە دایپۆشیوە، لایدەدات و نایهێڵێت.

سئل عن النشرة: واتە: ئەو نوشرەیەی کە خەڵکی سەردەمی نەزانی دەیانکرد.

هي من عمل الشيطان: چونکە نەخۆشییەکە لە سیحر لێکراو لادەبەن بە چەند جۆرێک لە سیحر و بەگەڕخستنێکی شەیتانی.

يكره هذا كله: واتە: ئەو نوشرەیەی کە لە کاری شەیتانە، هەمووی بە مەکرووە دەزانی.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پرسیاری لێکرا دەربارەی چارەسەری سیحرلێکراو، بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی نەزانین ئەنجامیان دەدا، ئایا حوکمی چییە؟ پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- وەڵامی دایەوە کە ئەوە لە کاری شەیتانە، یان بەهۆی شەیتانەوە دەکرێت؛ چونکە بەچەند جۆرێک سیحر و بەکارهێنانی شەیتان ئەنجام دەدرێت، کەواتە کارێکی شیرکیی و حەرامکراوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی ئەو نوشرەیەی کە لە کاری شەیتانە و نوشرەی سەردەمی نەزانین بووە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی نوشرە بەو شێوەیەی کە سەردەمی نەزانی دەیانکرد؛ چونکە سیحرە و سیحریش کوفرە.

٢- دروستییەتی و دواکراوی پرسیارکردن لە زانایان، دەربارەی ئەو شتەی کە کێشە لە حوکمەکەی دروست دەبێت؛ لەبەر وریابوون لە کەوتنە ناو شتێکی قەدەغەکراو.

* * *

.....

وَفِي الْبُخَارِيِّ عَنْ قَتَادَةَ: قُلْتُ لِابْنِ الْمُسَيَّبِ: رَجُلٌ بِهِ طِبٌّ أَوْ يُؤَخَّذُ عَنِ امْرَأَتِهِ؛ أَيُحَلُّ عَنْهُ أَوْ يُنَشَّرُ؟ قَالَ: «لَا بَأْسَ بِهِ، إِنَّمَا يُرِيدُونَ بِهِ الإِصْلَاحَ، فَأَمَّا مَا يَنْفَعُ فَلَمْ يُنْهَ عَنْهُ».

وَرُوِيَ عَنِ الْحَسَنِ أَنَّهُ قَالَ: «لَا يَحُلُّ السِّحْرَ إِلَّا سَاحِرٌ».

قَالَ ابْنُ الْقَيِّمِ: «النُّشْرَةُ: حَلُّ السِّحْرِ عَنِ الْمَسْحُورِ، وَهِيَ نَوْعَانِ :

أَحَدُهُمَا: حَلٌّ بِسِحْرٍ مِثْلِهِ، وَهُوَ الَّذِي مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ، وَعَلَيْهِ يُحْمَلُ قَوْلُ الْحَسَنِ، فَيَتَقَرَّبُ النَّاشِرُ وَالْمُنْتَشِرُ إِلَى الشَّيْطَانِ بِمَا يُحِبُّ، فَيُبْطِلُ عَمَلَهُ عَنِ الْمَسْحُورِ .

وَالثَّانِي: النُّشْرَةُ بِالرُّقْيَةِ، وَالتَّعَوُّذَاتِ، وَالدَّعَوَاتِ، وَالأَدْوِيَةِ الْمُبَاحَةِ؛ فَهَذَا جَائِزٌ».

هەروەها بوخاریش لە قەتادەوە گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: بە ئیبن موسەییەبم گوت: پیاوێک جادووی لێ کراوە، یان لە هاوسەرەکەی بەستراوەتەوە، ئایا سیحرەکەی لێ بەتاڵ دەکرێتەوە؟ فەرمووی: "هیچی تێدا نییە، چونکە ئەوان مەبەستیان بەو کارە تەنها چاکسازییە، ئەوەی کە سوودی هەبێت، ڕێگری لێ نەکراوە".

هەروەها لە حەسەنی بەسڕی گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "هیچ کەسێک سیحر بەتاڵ ناکاتەوە، تەنها ساحیر نەبێت".

ئیبن قەییم فەرموویەتی: "نوشرە: بەتاڵکردنەوەی سیحرە لە سیحرلێکراو، ئەویش دوو جۆرە:

یەکەمیان: بەتاڵکردنەوەی سیحر بە سیحرێکی وەکوو خۆی، ئەوەیان لە کاری شەیتانە، قسەکەی حەسەنی بەسڕیش بەو شێوەیە لێک دەدرێتەوە، جا لەوکاتەدا ئەوەی کارەکە دەکات و ئەوەشی بۆی دەکرێت، خۆیان لە شەیتان نزیک دەکەنەوە بەو شێوەیەی کە پێی خۆشە، بەمەش کارەکەی بەتاڵ دەبێتەوە لە سیحرلێکراو.

دووەمیان: بەتاڵکردنەوەی سیحرە بە ڕوقیە خوێندن و خۆپەنادان بە خوا و پاڕانەوە و چارەسەری ڕێگە پێدراو، ئا ئەوەیان دروستە.

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (قتادة): کوڕی دیعامەی سەدوسیی بەسڕییە، متمانەیە، لە حافزترینی تابیعییەکان بووە، ساڵی سەد و سێزدە تاوەکوو نۆزدە، لەو نێوانەدا لەدایکبووە.

بە طبٍّ: بە کەسرەی (طاء)، واتە: جادوو(جادووی لێکراوە)، بۆیەش پێیان گوتووە (طب)؛ لەبەر گەشبینی.

یؤَخَّذ: بە فەتحەی واوی هەمزەدار و شەددەی خائەکە، واتە: لە هاوسەرەکەی بەستراوە و ناتوانێت لەگەڵی کۆببێتەوە.

لا بأس بە: واتە: بە چارەسەرکردنی بە شتی ڕێگەپێدراو، کە مەبەست پێی بەرژەوەندی و لابردنی خەراپەیە.

لا یَحُل السحر إلا ساحر: واتە: کەس ناتوانێت سیحرەکە بکاتەوە و چارەسەری بکات، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە سیحر دەزانێت.

واتایەکی کورت بۆ دوو ئەسەرەکە: سەعیدی کوڕی موسەییەب، دەربارەی حوکمی نوشرە پرسیاری لێ کرا، ئەویش فەتوایدا بە دروستییەتی؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی مەبەست لێی بەدەستهێنانی سوود و لادانی زەرەرە، ئەوەی ئاواش بێت، ڕێگری لێ نەکراوە، مەبەستەکەشی ئەو جۆرە نوشرەیەیە کە هیچ قەدەغەکراوێکی تێدا نییە: وەکوو ڕوقیەکردن بە ناوەکانی خوا و وتەکانی. هەرچی قسەکەی حەسەنی بەسڕیشە، ئەوا قسەکەی قەدەغەکردنی نوشرە دەخوازێت؛ چونکە کەس ناتوانێت

سیحر بەتاڵ بکاتەوە، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە زانیاری دەربارەی سیحر هەیە. ئەمەش وا لێک دەدرێتەوە کە سیحر بە سیحر بەتاڵ بکرێتەوە، ئەو کارەش لە کاری شەیتانە. هەروەها ئەو درێژەیەی کە ئیبن قەییم باسی کردووە، کۆکردنەوەی نێوان دوو وتەکەیە، کورتە و پوختەکەشی ئەمەیە: چارەسەرکردنی سیحرلێکراو بە چارەسەری ڕێگەپێدراو و خوێندنی قورئان، کارێکی دروستە، بەڵام چارەسەرکردنی بە سیحرێکی وەکوو خۆی حەرامکراوە. خواش زاناترە.

پەیوەندی ئەو ئەسەرە بەو بەشەوە: ڕوونکردنەوەی درێژەی حوکمی نوشرەیە، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەوەی کامەیان دروستە و کامەشیان دروست نییە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: قەدەغەکردنی بەتاڵکردنەوەی سیحر لە سیحرلێکراو[بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی نەزانین هەبوو].

دووەم: جیاوازی نێوان نوشرەی قەدەغەکراو و ڕێگە پێدراو، ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازییە کێشە و ئاڵۆزییەکە لادەبات.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّطَيُّرِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ڕەشبینی و شووم

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ﴾. [الأعراف: ١٣١].

وَقَوْلِهِ: ﴿قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ﴾ [يس: ١٩].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {خێر و شەڕ هەمووی بە دەست خوای گەورەیە. ئەوەی کە تووشی ئەوان دەبێ لە بەڵا و ناخۆشی، کە بەلایانەوە شوومە، هەر هەمووی بە دەست خوای گەورەیە، بەڵام زۆربەیان ئەمە شتە نازانن، نەزانن بۆیە شەڕ و خراپە دەدەنە پاڵ مووسا}.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەوانیش گوتیان: شوومی ئێوە بەهۆی کردەوەی خراپ و کوفری خۆتانەوەیە}.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

تەواوکەری ئایەتی دووەم: ﴿أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ﴾ [يس: ١٩]. واتە: ئایا ئەگەر ئامۆژگاری بکرێن، ئەوە دەبێتە شووم و نەگبەتی بۆتان؟ نەخێر وا نییە، ئێوە هەر خۆتان گەلێکی سەرەڕۆن و لە تاوان ڕۆچوون، بۆیە شووم و نەگبەتی یەخەی گرتوون.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: لەبەر ئەوەی ڕەشبینی بە بیستراو و بینراو، جۆرێکە لە هاوبەش بڕیاردان، ئەوەی کە دڕ و پێچەوانەیە لەگەڵ یەکخواپەرستی، یان تەواویەتی یەکخواپەرستی کەم دەکاتەوە؛ بۆیە دانەر ئەو بەشەی لە پەرتووکی یەکخواپەرستی تایبەت کردووە بەو بابەتەوە؛ بۆ ئاگەدارکردنەوە لێی.

ما جاء في التطير: واتە: ئەوەی هاتووە لە هەڕەشە، (التطير)یش: چاوگی (تَطَيَّرَ)یە، کە بریتییە لە ڕەشبینی بە شتی بینراو، یان بیستراو.

ألا: ئامرازی ئاگەدارکردنەوەیە.

إنما: ئامرازی کورتهەڵهێنان و دیاریکردنە.

طائرهم: ئەو بڕیارەی کە بەسەریاندا دراوە و بۆیان تەقدیر کراوە.

عند الله: واتە: بەڵکوو بەدبەختی و چارەڕەشیەکەیان لەلایەن خواوەیە و بە بڕیاری کەونی و قەدەری ئەوە، ئەمەش بە هۆی کوفر و بەدرۆ زانینیانە بۆ ئایەتەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی.

لا يعلمون: وەسفکردنیانە بە نەزانی و نەبوونی زانست، هەروەها ئەوان تێناگەن.

طائركم: واتە: بەشی ئێوە و ئەوەی تووشتان دەبێت لە خەراپە.

معكم: واتە: بەهۆی کردەوە و بێباوەڕییەکانی خۆتان و سەرپێچیتان بۆ ئامۆژگاریکاران.

أئن ذكرتم: واتە: لەبەر ئەوەی ئێمە ئامۆژگاریمان کردن و بیری ئێوەمان خستەوە؛ ئێوەش بەو قسەیەتان ڕووبەڕووی ئێمە بوونەوە: ﴿إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ﴾ [یس: ١٨]. واتە: بەڕاستی ئێمە بە هاتنتان، تووشی نەگبەتی بووین.

بل أنتم قوم مسرفون: ڕۆچوون لە گوناهـ و تاوان، نەریت و خووی ئێوەیە، بۆیە لێرەوەیە کە نەگبەتیتان بۆ هاتووە. (السرف)یش: خەراپەکارییە، کە بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوور لە سەرپێچیکردنی ڕاستی.

واتایەکی کورت بۆ دوو ئایەتەکە: ئایەتی یەکەم: لەبەر ئەوەی گەلی فیرعەون، ئەگەر تووشی گرانی و وشکەسالّی بووبان، دەیانگوت: بە هۆی موسا و هاوەڵەکانی نەگبەتی ئەوان، ئەوەمان تووش بوو، خوای گەورەش وەڵامیان دەداتەوە بەوەی کە ئەو شتەیان تووش بووە، تەنها بە هۆی قەزا و قەدەری خواوە بووە لەسەریان، ئەویش بە هۆی کوفرەکەیانەوە، پاشان وەسفی زۆرینەیان دەکات بە نەزانی و نەبوونی زانست، خۆ ئەگەر تێگەیشتبان، ئەوا دەیانزانی کە موسا هیچ شتێکی

نەهێناوە، تەنها چاکە و بەرەکەت و سەرفرازی نەبێت بۆ ئەو کەسەی باوەڕی پێ هێنابێت و شوێنی کەوتبێت.

ئایەتی دووەم: خوای گەورە وەڵامی ئەو کەسە دەداتەوە، کە پێغەمبەران بە درۆ دەزانێت، ئینجا تووشی بەڵا و موسیبەت دەبێت، پاشان بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو بەڵایە لەلایەنی پێغەمبەرانەوە هاتووە و بەهۆی ئەوانەوە بووە، بۆیە خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە هۆکاری ئەو بەڵایە، لەلایەنی خۆیانەوە بووە، هەروەها بەهۆی کردەوەکان و کوفرەکانی خۆیان بووە، نەوەک لەلایەنی پێغەمبەران هەروەکوو بانگەشە دەکرێت. ئینجا ئەوەی کە گونجاوبوو بۆ ئەوان، دەبووایە قسەی ئامۆژگاریکارەکانیان وەرگرتبا؛ بۆ ئەوەی پارێزراو بووبان لەو بەڵا و موسیبەتە؛ بەڵام ئەوان گەلێکی ڕۆچوو بوون لە تاوان، بۆیە لێرەوەیە کە نەگبەتی و موسیبەتیان بۆ دەهات.

پەیوەندی دوو ئایەتەکە بۆ ئەو بەشە: بێگومان خوای گەورە باسی کردووە کە ڕەشبینی و شووم، لە کردەوەی سەردەمی نەزانی و هاوبەش بڕیاردەرەکانە، بە دڵنیایی خوای گەورە سەرزەنشتی کردوون و ڕقی لێ بوونەتەوە.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی ڕەشبینی و شووم، لە کردەوەی سەردەمی نەزانی و هاوبەش بڕیاردەرەکانە.

٢- جێگیرکردنی قەزا و قەدەر و باوەڕهێنان پێیان.

٣- بێگومان بەڵا و تاقیکردنەوە، بەهۆی سەرپێچی و تاوانەکانەوەیە.

٤- لە ئایەتی یەکەم: سەرزەنشتکردنی نەزانی تێدایە؛ چونکە سەردەکێشێت بەرەو نەناسینی شیرک و هۆکارەکانی، لەپاشانیش تووش بوون و کەوتنە ناوی.

٥- لە ئایەتی دووەمدا: واجیبیەتی وەرگرتنی ئامۆژگاری تێدایە؛ چونکە وەرنەگرتنی ئامۆژگاری، یەکێکە لە سیفاتەکانی بێباوەڕەکان.

٦- بێگومان ئەوەی کە پێغەمبەران هێناویانە، چاکە و بەرەکەتە بۆ ئەو کەسەی شوێنی بکەوێت.

* * *

.....

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا عَدْوَى، وَلَا طِيَرَةَ، وَلَا هَامَةَ، وَلَا صَفَرَ». أَخْرَجَاهُ.[1]

زَادَ مُسْلِمٌ: «وَلَا نَوْءَ، وَلَا غُولَ».[2]

هەروەها لە ئەبوو هوڕەیڕەوە هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "گواستنەوەی نەخۆشی نییە، ڕەشبینی نییە، کوندە پەپوو کاریگەری نییە و ڕەشبینی پێوە ناکرێت، مانگی سەفەریش شوومی و ڕەشبینی پێوە نییە".

پێشەوا موسلیم ئەوەندەی زیادکردووە: "هەروەها ئەستێرەکان، کایگەریان لەسەر ڕووداوەکانی سەر زەوی نییە و ڕەشبینیان پێوە ناکرێت، جنۆکە و شەیتانەکانیش(دێو) کاریگەریان نییە".

ڕاڤەکردن

لا عدوى: (العدوى): ناوێکە لە (الإعداء)ـەوە هاتووە، کە بریتییە لە تێپەڕبوون و گواستنەوەی دەرد و نەخۆشی لە خاوەنەکەیەوە بۆ یەکێکی دیکە، ئینجا ئەوەی کە نەفی کراوە و نکوولّی لێ کراوە، ئەو جۆرەیانە کە خەڵکی سەردەمی نەزانی باوەڕیان وابوو نەخۆشی بە سرووشتی خۆی و هەر لە خۆیەوە تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە، نەک بە قەدەری خوا.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٥٧٥٧"، ومسلم برقم "٢٢٢٠" "١٠٢".

[2] - أخرجه مسلم برقم "٢٢٢٠" "١٠٦".

ولا طيرَة: (الطيرة) بریتییە لە: ڕەشبینی بە باڵندە و ناو و دەستەواژە و شوێن و کەسەکان، ئینجا وشەی (لا) دەکرێت نافییە بێت، دەشکرێت ناهییە بێت، بەڵام نەفی کاریگەرترە.

ولا هامة: (الهامة): بە تەخفیفی میمەکە: کوندە پەپووە، خەڵکی ڕەشبینییان پێوە دەکرد، بۆیە فەرموودەکە هاتووە ئەو شتە نکووڵی لێ دەکات و پووچەڵی دەکاتەوە.

ولا صفر: گوتراوە مەبەست پێی: مارێکە لەناو سکدایە، تووشی مەڕومالّات و خەڵکیش دەبێت، گومانیان وابوو کە ئەمە لە نەخۆشی گەڕی زیاتر دەگواستڕێتەوە، بۆیە فەرموودەکە هاتووە نکووڵی لەو گومانە دەکات، گوتراویشە مەبەست پێی: مانگی سەفەرە، کە خەڵکی ڕەشبینییان پێوە دەکرد، بۆیە فەرموودەکە هات ئەو شتەی پووچەڵ کردەوە.

ولا نَوْءَ: ڕوونکردنەوەی ئەمە لە بەشی خۆیدا دێت -إن شاء الله-.

ولا غُول: (الغُول): جۆرێکە لە جنۆکە و شەیتانەکان، گومانیان وابوو کە ڕێیان لێ دەشێوێنن و لەناویان دەبەن، بۆیە فەرموودەکە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو گومانە و هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ناتوانێت کەس سەرلێشێواو بکات، یان لەناوی ببات.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نکووڵی لەو شتانە دەکات کە لەسەردەمی نەزانی باوەڕیان پێی هەبوو، لە بیروباوەڕی پووچ، وەکوو ڕەشبینی بە باڵندە و هێندێک مانگ و ئەستێرەکان و هێندێک جنۆکە و شەیتانەکان، بۆیە پێیان وابوو بەهۆی ئەو شتانەوە تووشی لەناوچوون و زیان دەبن؛ هەروەکوو باوەڕیان وابوو کە نەخۆشییەکان بڵاو دەبنەوە و دەگواستڕێنەوە لەشوێنی تووشبوون، بۆ جێگەیەکی دیکە بە خودی خۆیان، بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەموو ئەو شتە پووچ و ئەفسانانە ڕەت دەکاتەوە، لەشوێنیان پشت بەستن بە خوا و بیروباوەڕی یەکخواپەرستی تەواو دەچێنێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر پووچەڵکردنەوەی ڕەشبینی بە باڵندە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمە بیروباوەڕێکی نەفامییە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵکردنەوەی ڕەشبینی بە باڵندە و شتەکانی دیکە.

٢- پووچەڵکردنەوەی بیروباوەڕی نەزانی، کە پێیان وابوو نەخۆشییەکان بە سرووشتی خۆیان دەگوسترێنەوە، نەک بە قەدەری خوای بەرز و بڵند.

٣- پووچەڵکردنەوەی ڕەشبینی بە کوندە پەپوو و مانگی سەفەر.

٤- پووچەڵکردنەوەی باوەڕبوون بە کاریگەری ئەستێرەکان.

٥- پووچەڵکردنەوەی بیروباوەڕی سەردەمی نەزانی دەربارەی دێوەکان.

٦- واجبییەتی پشت بەستن بە خوا.

٧- بەشێک لە هێنانەدی تەوحید، وریابوونە لەو هۆکارانەی سەردەکێشن بەرەو شیرک.

٨- پووچەڵکردنەوەی ئەوەی کە هێندێک لە خەڵکی ڕەشبینییان بە ڕەنگەکانەوە دەکرد، وەکوو ڕەش و سوور، یان هێندێک ژمارە و ناو و کەسەکان و خاوەنی نەخۆشییەکان.

* * *

.....

وَلَهُمَا عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «لَا عَدْوَى، وَلَا طِيَرَةَ، وَيُعْجِبُنِي الْفَأْلُ» قَالُوا: وَمَا الْفَأْلُ؟ قَالَ: «الْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ».[1]

بەهەمان شێوە بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە گێڕاویەتییانەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "گواستنەوەی نەخۆشی نییە. ڕەشبینیش نییە، بەڵام گەشبینییم پێ خۆشە" گوتیان: جا گەشبینی چییە؟ فەرمووی: "وشەیەکی باش و چاکە".

ڕاڤەکردن

الفأل: هەمزەدارە، بۆ ئەو شتانەیە کە دڵ خۆش دەکات و دڵ تەنگیش دەکات، بە پێچەوانەی (الطيرة)، کە تەنها بۆ ئەو شتانەیە دڵ تەنگ و ڕەشبین دەکات.

الكلمة الطيبة: وەکوو ئەوەی پیاوێک نەخۆش بێت، گوێی لە کەسێک دەبێت دەڵێت: ئەی سەلامەت و بێوەی! ئەویش ئومێدی بەوە دەبێت کە لە نەخۆشییەکەی چاک ببێتەوە.

پەیوەندی باسکردنی فەرموودەکە لەو بەشەدا: فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی ئەوەی تێدایە، کە گەشبینی بەشێک نییە لە (الطيرة)ـی قەدەغەکراو.

ئەو سوودانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێن:

١- بێگومان گەشبینی بەشێک نییە لە (الطيرة)ی قەدەغەکراو.

٢- ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەی (الفأل).

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٥٧٥٦"، ومسلم برقم "٢٢٢٤".

٣- دروستییەتی گومانی باش بردن بە خوا و قەدەغەکردنی گومانی خەراپ بردن پێی.

جیاوازی نێوان (الفأل) و (الطیرة):

١- (الفأل) لەو شتەدا دەبێت کە دڵخۆشکەرە.

٢- (الفأل) گومانی باش بردن بەخوای تێدایە، بەندەش فەرمانی پێکراوە کەوا گومانی باش بەخوا ببات.

٣- (الطیرة) تەنها لەو شتانەدا دەبێت کە خەراپە و دڵ تەنگ دەکات.

٤- (الطیرة) گومانی خەراپ بردنی تێدایە بە خوا، بەندەش ڕێگری لێکراوە لەوەی گومانی خەراپ بە خوا ببات.

***

.....

وَلِأَبِي دَاوُدَ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ قَالَ: ذُكِرَتِ الطِّيَرَةُ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَقَالَ: «أَحْسَنُهَا: الْفَأْلُ، وَلَا تَرُدُّ مُسْلِمًا، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يَكْرَهُ؛ فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ لَا يَأْتِي بِالْحَسَنَاتِ إِلَّا أَنْتَ، وَلَا يَدْفَعُ السَّيِّئَاتِ إِلَّا أَنْتَ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِكَ».[1]

هەروەها ئەبوو داوود بە سەنەدێکی سەحیح لە عوقبەی کوڕی عامیر گێڕاویەتییەوە، کە فەرموویەتی: لەلای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، باسی (الطِّيَرَة) کرا، ئەویش فەرمووی: "باشترینیان: گەشبینییە، کە موسڵمان لە مەبەستەکەی ناگەڕێنێتەوە، بۆیە ئەگەر یەکێک لە ئێوە شتێکی بینی کە پێی ناخۆش بوو، با بڵێت: ئەی خوایە! هیچ کەسێک چاکە ناهێنێت، تەنها تۆ نەبیت، هیچ کەسێکیش خەراپە لانادات، تەنها تۆ نەبیت، هیچ گۆڕانێکیش لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر نییە و هیچ هێزێک نییە، تەنها بە هۆی تۆوە نەبێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (عروة): عورْوەی کوڕی عامیری قورەیشییە، گوتراویشە: جوهەینی مەککییە. ئیبن حیببان ئەوەی لە کتێبی (الثقات)دا باس کردووە.

ولا ترد مسلماً: بە پێچەوانەی بێباوەڕ، لەبەر ئەوەی دەیگێڕێتەوە لە چوون بەرەو مەبەستەکەی.

لا يأتي بالحسنات... إلخ: واتە: ڕەشبینی نە چاکە دەهێنێت، نە خەراپەش دوور دەخاتەوە.

ولا حول: (الحول): گۆڕانە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە.

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٧١٩".

ولا قوة: لەسەر ئەمە.

إلا بك: تۆ بەتەنها.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: عوقبە باسی ئەوە دەکات کە لەلای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، باسی (الطيرة) کرا؛ تاوەکوو حوکمەکەی ڕوون بکاتەوە و چیش بکرێت لە بەرانبەریدا، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- (الطيرة)ی پووچەڵ کردەوە، هەوالێشی دا کە (الفأل) بەشێکە لەو، بەڵام لەو باشترە، هەروەها هەوالێشی دا کە (الطيرة)، موسڵمان لە چوون بەرەو مەبەستەکەی ناگێڕتەوە؛ لەبەر باوەڕبوونی بەوەی کە هیچ کەسێک زیان ناگەیەنێت و سوودیش ناگەیەنێت، تەنها خوا نەبێت، بەڵکوو تەنها کەسی هاوبەش بڕیاردەر دەگێڕێتەوە، ئەوەی باوەڕی پێیەتی، پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێنمایی کرد بۆ چارەسەرێک کە بەهۆیەوە (الطيرة) دوور دەخرێتەوە و لادەدرێت، ئەویش ئەو دوعایەیە کە دڵ پەیوەست دەکات بۆ بەدەستهێنانی سوود و لادانی خەراپە و بەڕائەتکردن لە هێز و توانا، تەنها بە خوای گەورە نەبێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە پووچەڵکردنەوەی (الطيرة)ی تێدایە، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو شتەشی کە بەهۆیەوە (الطيرة) دوورەدەخرێتەوە و جیاکردنەوەی (الفأل)یش لێی.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵکردنەوەی (الطيرة) و ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەش کە (الطيرة)ی پێ دوور دەخرێتەوە، وەکوو پاڕانەوە و زیکرکردن.

٢- ئەوەی کە دەکەوێتە ناو دڵ لە (الطيرة)، زەرەری نییە، بەڵکوو خوای گەورە بە تەوەککول لایدەدات.

٣- (الفأل) بەشێکە لە (الطيرة)، بەڵام باشترینیانە.

٤- واجیبیەتی پشت بەستن بەخوا و خۆبەریکردن لە هێز و توانا.* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ مَرْفُوعًا: «الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، وَمَا مِنَّا إِلَّا؛ وَلَكِنَّ اللهَ يُذْهِبُهُ بِالتَّوَكُّلِ».[1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَصَحَّحَهُ، وَجَعَلَ آخِرَهُ مِنْ قَوْلِ ابْنِ مَسْعُودٍ.

هەروەها لە ئیبن مەسعوودەوە بە مەرفووعی گێڕدراوەتەوە[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی]: "ڕەشبینیکردن هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا، ڕەشبینیکردن هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوا، ئینجا هیچ کەسێک لە ئێمە نییە، ئیللا بەشێک لە ڕەشبینی تێدایە و لە دڵیدا دروست دەبێت، بەڵام خوای گەورە بە هۆی پشت بەستن بە خوا لایدەبات و نایهێڵێت". ئەبوو داوود و ترمزی گێڕاوەتییانەوە، ترمزی بە سەحیحی داناوە و ئەو بەشەی کۆتاییشی بە قسەی ئیبن مەسعوود داناوە.

ڕاڤەکردن

الطيرة شرك: لەبەر ئەوەی پەیوەست بوونی دڵی تێدایە بە جگە لە خوا.

وما منا إلا: شتێکی تێدا شارداوەتەوە کە تەقدیرەکەی ئەوەیە: هیچ کەسێک لە ئێمە نییە، ئیللا لە دڵیدا شتێک لە ڕەشبینی تێدایە.

يذهبه بالتوكل: واتە: بە پشت بەستن بە خوا بۆ بەدەستهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیان، ڕەشبینی لادەدات.

آخره من قول ابن مسعود: کە بڕیتییە لە "وما منا... تا کۆتایی"، ئەمەش ڕاستە[واتە: قسەی ئیبن مەسعوودە، نەک پێغەمبەر]؛ چونکە ڕەشبینی شیرکە، پێغەمبەریش پارێزراوە لە شیرک.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات و هەواڵەکەش دووبارە دەکاتەوە؛ بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە لە دڵەکاندا جێگیر

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٣٩١٠"، والترمذي برقم "١٦١٤"، وقال: هذا حديث حسن صحيح.

ـت، کە ڕەشبینی هاوبەش بڕیاردانە؛ لەبەر ئەوەی ڕەشبینی پەیوەست بوونی دڵی ـیە بە جگە لە خوا، هەروەها گومانی خەراپ بردنیشە بە خوا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕەشبینی وبەش بڕیاردانە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی ڕەشبینی بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان؛ چونکە پەیوەست بوونی دڵە بە جگە لە خوا.

٢- دروستییەتی دووبارەکردنەوەی باسکردنی بابەتە گرینگەکان؛ تاوەکوو لەبەر بکرێ و لە دڵەکاندا جێگیر ببێت.

٣- خوای گەورە ڕەشبینی بە پشت بەستن بەو ناهێڵێت، بۆیە زەرەر لەو کەسە نادات کە لە دەروونیدا شتێکی لە ڕەشبینی هەست پێ کرد، پاشان پشتی بە خوا بەست و ئاوڕی لێ نەدایەوە.

***

.....

وَلِأَحْمَدَ مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَمْرٍو: «مَنْ رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ عَنْ حَاجَتِهِ؛ فَقَدْ أَشْرَكَ»، قَالُوا: فَمَا كَفَّارَةُ ذَلِكَ؟ قَالَ: «أَنْ يَقُولَ: اللَّهُمَّ لَا خَيْرَ إِلَّا خَيْرُكَ، وَلَا طَيْرَ إِلَّا طَيْرُكَ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ».[1]

وَلَهُ مِنْ حَدِيثِ الْفَضْلِ بْنِ الْعَبَّاسِ: «إِنَّمَا الطِّيَرَةُ مَا أَمْضَاكَ أَوْ رَدَّكَ».[2]

هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە فەرموودەی ئیبن عەمر گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "هەر کەسێک ڕەشبینی بیگێڕێتەوە لە داخوازی و پێویستییەکەی؛ ئەوا بە دڵنیایی هاوبەشی بۆ خوا داناوە"، گوتیان: جا کەفارەتی ئەو ڕەشبینییە چییە؟ فەرمووی: "ئەوەیە بڵێت: ئەی خوایە! هیچ چاکەیەک نییە، تەنها چاکەی تۆ نەبێت، هیچ شووم و نەگبەتییەکیش نییە، تەنها لەلای تۆوە نەبێت، هیچ پەرستراوێکیش نییە جگە لە تۆ نەبێت".

بەهەمان شێوە پێشەوا ئەحمەد لە فەرموودەی فەزڵی کوڕی عەباس گێڕاویەتییەوە: "ڕەشبینی ئەوەیە کە بتڕوێنێت، یان بتگێڕێتەوە".

ڕاڤەکردن

ژیاننامە:

١- **ابن عمرو:** عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاسە -ڕەزای خوایان لێبێت-، یەکێکە لە موسڵمانە پێشووەکان و کاروکردەوەی چاکی زۆر بووە.

٢- **الفضل:** فەزڵی کوڕی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبە، کوڕە مامی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

فقد أشرك: چونکە بە ئیخڵاسی پشتی بە خوا نەبەستووە، بەوەی ئاوڕی لە غەیری خوا داوەتەوە.

---

[1] - أخرجه أحمد "٢/٢٢٠".

[2] - أخرجه أحمد "١/٢١٣".

كفارة ذلك: واتە: کەفارەتی ڕووداني ئەو ڕەشبینییە.

لا إله غيرك: واتە: هیچ پەرستراوێک بەحەق نییە جگە لە تۆ.

إنما الطيرة: واتە: ئەوەی کە ڕێگری لێ کراوە.

ما أمضاك: واتە: هانت دەدات لەسەر ڕۆیشتن بۆ ئەو شتەی کە مەبەستتە.

أو ردّك: دەتگێڕێتەوە لە ڕۆیشتن بۆ لای.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕایدەگەیەنێت کە ئەو ڕەشبینییەی قەدەغەکراوە و شیرکە، حەقیقەت و زابیتەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ هان دەدات لەسەر ڕۆیشتن بەرەو ئەو شتەی کە مەبەستییەتی، یان دەیگەڕێنێتەوە لە مەبەستەکەی، لەبەر پشت بەستن بە ڕەشبینییەکە، بۆیە ئەگەر بیگەڕێنێتەوە لەو پێویستییەی کە بڕیاری لەسەری داوە، وەکوو ویستی سەفەرکردن و هاوشێوەکەی، ئەوا بێگومان چۆتە ناو دەرگای هاوبەش بڕیاردان و بەرییە لە پشت بەستن بەخوا، هەروەها دەرگای ترسی لەسەر خۆی کردۆتەوە. کەواتە تێگەیشتنی پێچەوانەی فەرموودەکە ئەوەیە کە هەر کەسێک ڕەشبینی ساردی نەکاتەوە لە بڕیارەکەی، ئەوا بێگومان زەرەری لێ نادات. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێنمایی کرد بۆ ئەو شتەی کە ڕەشبینی پێ دوور دەخرێتەوە، لەو پارانەوانەی کە پشت بەستن بە خوا و دڵسۆزی لە پەرستنی خوای تێدایە.

پەیوەندی دوو فەرموودەکە بەو بەشەوە: دوو فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی تێدایە بۆ حەقیقەتی ڕەشبینی شیرکی.

ئەو سوودانەی لەو دوو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕەشبینی بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

٢- حەقیقەتی ڕەشبینی شیرکی، ئەوەیە کە پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت بەرەو کارکردن پێی.

٣- ئەو ڕەشبینییەی کە کاریگەری لەسەر بڕیار و مەبەستی مرۆڤ نەبێت، ئەوا (طیَرَة) نییە.

٤- ناسینی ئەو زیکرەی کە بەهۆیەوە ڕەشبینی لە دڵ دوور دەخاتەوە، هەروەها گرینگییەکەی بۆ موسڵمان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ئاگەدارکردنەوە لەو وتەیەی خوا: {بێدار بن، بێگومان ئەو ناخۆشیانەی بەلایانەوە شووم و خراپە، لە لایەن خواوەیە، نەک مووسا و ئیمانداران}. لەگەڵ ئەو وتەیەش: {شووم و نەگبەتی ئێوە بەخۆتانەوەیە}.

دووەم: ڕەتکردنەوە و نکووڵیکردنی گواستنەوەی نەخۆشی[ئەوەی کە خەڵکی سەردەمی نەفامی لێی تێگەیشتبوون، کە بە خوودی خۆی دەگواستریتەوە].

سێیەم: ڕەتکردنەوە و نکووڵیکردنی شووم و ڕەشبینی.

چوارەم: ڕەتکردنەوەی کاریگەری کونده پەپوو.

پێنجەم: ڕەتکردنەوەی ڕەشبین بوون بە مانگی سەفەر.

شەشەم: گەشبینی بەشێک نییە لە (طِّیَرَة)ی زەمکراو، بەڵکوو سوننەتە.

حەفتەم: لێکدانەوەی وشەی گەشبینی(الْفَأْل).

هەشتەم: ئەو ڕەشبینییەی کە لە دڵدا دروست دەبێت لەگەڵ پێناخۆش بوونی، ئەوا زەرەر ناگەیەنێت؛ بەڵکوو خوای گەورە بە تەوەککول نایهێڵێت و لایدەبات.

نۆیەم: باسی ئەو زیکرەی کە دەبێت ئەو کەسە بیڵێت کە هەستی بەو ڕەشبینییە کرد.

دەیەم: دەربڕین بەڕاشکاوی بەوەی ڕەشبینی هاوبەش بڕیاردانە.

یازدەیەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی (الطِّیَرَة)ی زەمکراو.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّنْجِيمِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ئەستێرەناسی و ئەستێرەگەری

قَالَ الْبُخَارِيُّ فِي صَحِيحِهِ: قَالَ قَتَادَةُ: «خَلَقَ اللهُ هَذِهِ النُّجُومَ لِثَلَاثٍ: زِينَةً لِلسَّمَاءِ، وَرُجُومًا لِلشَّيَاطِينِ، وَعَلَامَاتٍ يُهْتَدَى بِهَا، فَمَنْ تَأَوَّلَ فِيهَا غَيْرَ ذَلِكَ أَخْطَأَ، وَأَضَاعَ نَصِيبَهُ، وَتَكَلَّفَ مَا لَا عِلْمَ لَهُ بِهِ».[1] انْتَهَى.

پێشەوا بوخاری لە سەحیحەکەیدا دەفەرمووێ: قەتادە فەرموویەتی: "خوای گەورە ئەو ئەستێرانەی بۆ سێ حیکمەت و مەبەست دروست کردووە: بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی ئاسمانەکان، بۆ تێگرتن و سووتاندنی شەیتانەکان، هەروەها نیشانەیەکیشن کە خەڵکی بە هۆیانەوە ڕێگای خۆیانی پێ دەدۆزێنەوە، بۆیە هەر کەسێک دەربارەی ئەستێرەکان، جگە لەو سێ حیکمەتە بەشتێکی دیکە لێکی بداتەوە، ئەوا هەڵەی کردووە و بەشی خۆی لەدەست داوە و زۆریشی لەخۆی کردووە بۆ زانینی شتێک کە زانیاری دەربارەی نییە".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: لەبەر ئەوەی بەشێک لە ئەستێرەگەری ناڕەوا و پووچە، چونکە بانگەشەی هاوبەش بوون لەگەڵ خوای تێدایە لە زانستی نهێنیدا، هەروەها پەیوەستبوونی دڵە بەجگە لە خوا، لەگەڵ ئەوەشدا دانەپاڵی بەڕێوەبردنە بۆلای ئەستێرەکان، ئەمەش دڕ و پێچەوانەی یەکخواپەرستییە،

[1] - أخرجه البخاري معلقاً في كتاب بدء الخلق، باب في النجوم "ص ٦١٤" ط: بيت الأفكار الدولية.

بۆیە وا گونجاو بوو لێرەدا بەشێک دابنرێت کە تێیدا ئەستێرەناسی قەدەغەکراو و ئەستێرەناسی ڕێگە پێدراو ڕوون بکرێتەوە، تاوەکوو موسڵمان لەسەر زانست و چاوڕۆشنی بێت لەو بابەتەدا.

ما جاء في التنجيم: واتە: باسی ئەو ئەستێرەگەرییەی دروستە و ئەوەشی کە دروست نییە و زەمکردنی و حەرامکردنی و ئەو هەڕەشانەشی کە دەربارەی هاتوون. (التنجيم)یش بریتییە لە: بارودۆخەکانی گەردوون بکرێنە بەڵگە لەسەر ڕووداوەکانی زەوی، ئەمەش پێی دەگوترێت زانستی کارتێکردن و کاریگەری(علم التأثير).

قال البخاري في صحيحه: واتە: بە موعەللەقی.

خلق الله النجوم لثلاثٍ: ئەوە لە قورئانی پیرۆز وەرگیراوە.

زينةً للسماء: ئاماژەیە بۆ وتەی خوای بەرز و بڵند: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ﴾ [الملك: ٥]. واتە: بە دڵنیایی ئاسمانی دونیامان ڕازاندۆتەوە و جوانمان کردووە بەو ئەستێرانەی کە لەناوی دامان ناوە.

ورجوماً للشياطين: ئاماژەیە بۆ ئەو وتەیەی خوای بەرز و بڵند: ﴿وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ﴾ [الملك: ٥]. واتە: بەشێک لەو ئەستێرانەشمان وەکوو نەیزەک لێ کردووە و لە شەیتان و جنۆکە سەرکەشەکانی دەگرین، ئەگەر بیانەوێ بەرز ببنەوە بۆ ئاسمان و هەواڵی ئاسمان بدزن، بەو نەیزەکانە لێیان دەدەین و دەیانسووتێنین.

وعلامات: نیشانە لەسەر لایەکان و وڵاتەکان و جگە لەمانەش.

يُهتدى بها: واتە: خەڵکی بەهۆیەوە ڕێنمایی دەکرێن و ڕێگای پێ دەدۆزنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ﴾ [الأنعام: ٩٧]. واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەستێرەکانیشی بۆ ئێوە دروست کردووە، تا ڕێگای خۆتانی پێ بدۆزنەوە لە تاریکییەکانی شەودا لە وشکانی و دەریادا.

فمن تأول فيها غير ذلك: واتە: هەر کەسێک دەربارەی ئەو ئەستێرانە گومانێکی دیکە ببات، جگە لەو سێ مەبەستەی خوای گەورە باسی کردووە و بانگەشەی زانستی نەێنی بکات.

فقد أخطأ: چونکە قسەی کردووە بەبێ بەڵگە.

وأضاع نصيبه: واتە: بەشی خۆی لە تەمەنی بەفیڕۆ داوە؛ چونکە سەرقاڵ بووە بەشتێک کە سوودی تێدا نییە، بەڵکوو زیانی تێدایە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: قەتادە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی ئەو حیکمەتە دەکات کەوا خوای گەورە لەپێناویدا ئەستێرەکانی دروست کردووە - هەروەکوو خوا لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کردووە- وەکوو وەڵامێک بۆ ئەوانەی لەسەردەمی دابەزینی قورئاندا دەرکەوتن و باوەڕیان دەربارەی ئەو ئەستێرانە بە شێوەیەک بوو، جگە لەو شێوەیەی کە بەدیهێنەری ئەستێرەکان لە کتێبەکەیدا باسی کردووە. هەروەها ئەوانە بەبێ زانست قسەیان کرد و تەمەنی خۆشیان لە شتێکدا بەسەر برد کە زەرەریان پێ دەگەیەنێت، هەروەها زۆریشیان لەخۆیان کرد بۆ ئەوەی شتێک بەدەست بێنن کە لە توانایاندا نییە. ئیتر ئەوە حاڵی هەر کەسێکە کە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت لە غەیری قورئان و سوننەت.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە ڕوونکردنەوەی حیکمەتی دروستکردنی ئەستێرەکانی تێدایە -هەروەکوو خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کردووە- هەروەها وەڵامدانەوەشی تێدایە بۆ ئەو کەسەی کە گومانی حیکمەتێکی دیکە بکات لە دروستکردنی ئەستێرەکان، پێچەوانەی ئەو حیکمەتە بێت کە خوا باسی کردووە.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی حیکمەت لە دروستکردنی ئەستێرەکان، هەروەکوو قورئان بەڵگەیە لەسەری.

٢- وەڵامدانەوەی ئەوکەسەی وا گومان ببات کە ئەستێرەکان دروستکراون بۆ حیکمەتیک، غەیری ئەوەی خوا باسی کردووە.

٣- گەڕانەوە بۆلای کتێبی خوا پێویستە؛ بۆ ڕوونکردنەوە و جیاکردنەوەی حەق لە ناحەق.

٤- هەر کەسێک داوای هیدایەت بکات لە غەیری قورئان و سوننەت؛ ئەوا ڕاستی لەدەست داوە و کاتی خۆشی بەفیڕۆ داوە، هەروەها زۆریشی لەخۆی کردووە بۆ گەیشتن بە شتێک کە لەتوایدا نییە.

***

.....

وَكَرِهَ قَتَادَةُ تَعَلُّمَ مَنَازِلِ الْقَمَرِ، وَلَمْ يُرَخِّصِ ابْنُ عُيَيْنَةَ فِيهِ. ذَكَرَهُ حَرْبٌ عَنْهُمَا. وَرَخَّصَ فِي تَعَلُّمِ الْمَنَازِلِ أَحْمَدُ وَإِسْحَاقُ.

قەتادە فێربوونی شوێن و قۆناغەکانی مانگی پێ ناپەسەند بوو، ئیبن عویەیینەش ڕێگای پێ نەداوە. حەرب ئەمەی لێ باس کردوون و گێڕاویەتییەوە. بەڵام پێشەوا ئەحمەد و ئیسحاق ڕێگەی بە فێربوونی قۆناغەکانی مانگ نەداوە.

ڕاڤەکردن

ژیاننامە:

١- ابن عيينة: واتە: سوفیانی کوڕی عویەیینە.

٢- حربٌ: واتە: حەربی کرمانی، لە قوتابیە گەورەکانی پێشەوا ئەحمەدە.

٣- أحمد: واتە: پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.

٤- وإسحاق: واتە: ئیسحاقی کوڕی ڕاهەویهی.

منازل القمر: ئەوەی کە مانگ لەهەموو شەوێکدا لە شوێنێک دەبێت و لادەدات، کە بریتییە لە بیست و هەشت شوێن، ناسینی ئەمەش پێی دەگوترێت: زانستی تەسییر.[علم التسيير: بریتییە لەوەی ئەستێرەکان بکرێنە بەڵگە، بۆ ناسینەوەی لایەکان و کاتەکان].

مەبەست لە هێنانی ئەو قسەیە: ڕوونکردنەوەی جیاوازی زانایانە دەربارەی فێربوونی پێگە و شوێنەکانی مانگ، کە بریتییە لە (علم التسيير)، ئەو زانستەی کە مەبەست لێی کردنە بەڵگەی مانگە، لەسەر دۆزینەوەی قیبلە و کاتی نوێژەکان و ناسینی وەرزەکان. جا ئەگەر ئەوە جیاوازییەکەیان بێت دەربارەی ئەو جۆرەی کە هیچ قەدەغەکراوێکی تێدا نییە، بۆ یەکلاییکردنەوەی بابەتەکە؛ -تاوەکوو تووشی قەدەغەکراوەکە نەبن- ئەدی دەبێت حاڵت چۆن بێت لە ئاست قەدەغەکردنیان بۆ فێربوونی (علم التأثير)، ئەوەی کە گومڕایی و ترسناکە.

* * *

.....

وَعَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «ثَلَاثَةٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ: مُدْمِنُ الْخَمْرِ، وَقَاطِعُ الرَّحِمِ، وَمُصَدِّقٌ بِالسِّحْرِ». [1] رَوَاهُ أَحْمَدُ وَابْنُ حِبَّانَ فِي صَحِيحِهِ.

هەروەها لە ئەبوو مووسا گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: "سێ جۆرە کەس ناچنە بەهەشت: ئەو کەسەی بەردەوام بێت لەسەر مەی خواردنەوە، ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندبێت، ئەو کەسەشی جادووگەری بەڕست بزانێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (أبي موسى): ئەبوو مووسای ئەشعەرییە، عەبدوڵڵای کوڕی قەیسە، هاوەڵێکی گەورە و بەناوبانگە، ساڵی (٥٠)ـی کۆچی لە کووفە وەفاتی کرد.

لا يدخلون الجنة: ئەمە لە دەقەکانی هەڕەشەیە، ئەوەی چۆن هاتووە ئاوا باس دەکرێت و دەڕوێنرێت.

مدمن الخمر: ئەوەی بەردەوامە لەسەر خواردنەوەی مەی، تاوەکوو دەمرێت و تەوبەشی نەکردبێت.

قاطع الرحم: واتە: ئەوەی هەڵناستێت بە ئەنجامدانی ئەرک و پێویستییەتی خزمایەتی.

ومصدِّقٌ بالسحر: ئەو سیحرەی کە یەکێک لە جۆرەکانی ئەستێرەگەرییە، هەروەکوو پێشتر لەو فەرموودەیەدا باس کرا: "من اقتبس شُعبة من النجوم فقد اقتبس شعبة من السحر".

---

[1] - أخرجه أحمد في المسند "٣٩٩/٤"، وابن حبان في موارد الظمآن برقم "١٣٨٠، ١٣٨١".

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات لەسەر شێوەی هۆشیارکردنەوە، کە سێ جۆرە تاوانبار ناچنە بەهەشت:

یەکەم: ئەوکەسەی کە بەردەوام دەبێت لەسەر خواردنەوەی سەرخۆشکەر، لەهەر شتێک بێت.

دووەم: ئەوکەسەی کە هەڵناستێت بە جێبەجێ کردنی ئەرکی خزمایەتی، ئەوەی کەوا خوا فەرمانی بەگەیاندنی کردووە.

سێیەم: بەڕاست دانەری جادووگەری، ئەو جادووەی کە جۆرێکی زۆر و شێوەیەکی جیاجیا کۆدەکاتەوە، بەشێک لەوانە ئەستێرەگەرییە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە هەڕەشەکردنی تێدایە لەو کەسەی کە جادووگەری بەڕاست دادەنێت، کە بەشێک لێی ئەو ئەستێرەگەرییەیە کە بابەتی بەشەکەیە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی ئەستێرەگەری و هەژمارکردنی بە یەکێک لە تاوانە گەورەکان؛ چونکە دەچێتە ژێر جادووگەرییەوە، ئەوەی کە ناچێتە بەهەشتەوە ئەوکەسەی بەڕاستی بزانێت.

٢- حەرامکردنی خواردنەوەی مەی و هەڕەشەی توند دەرحەق بەو کەسە کە مردبێت و تەوبەی لە خواردنەوەی نەکردبێت.

٣- واجیبیەتی بەجێ گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و حەرامکردنی پچڕاندنی.

٤- واجیبیەتی بەدرۆخستنەوەی جادووگەری بەهەموو جۆرەکانییەوە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: حیکمەت لە دروستکردنی ئەستێرەکان.

دووەم: وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی گومانی وا بێت کە بۆ جگە لەو حیکمەتانە دروستکراون.

سێیەم: باسی جیاوازی و ناکۆکیی دەربارەی فێربوونی شوێنی ئەستێرەکان.

چوارەم: هەڕەشە دمرحەق بەو کەسەی شتێک لە جادووگەری بەڕاست بزانێت، با بشزانێت کە پووچ و بەتاڵە.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي الاِسْتِسْقَاءِ بِالأَنْوَاءِ

بەشی ئەو هەڕەشەیەی کە هاتووە دەربارەی داواکردنی باران بە هۆی ئەستێرەکانەوە

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ﴾ [الواقعة: ٨٢].

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {لە جیاتی شوکرانە بژێری خوای گەورە بکەن لەسەر ئەو ڕزقەی پێی بەخشیوون، ئێوە بەدرۆی دەزانن و باوەڕی پێ ناکەن و نایگەڕێننەوە بۆ خوای گەورە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: لەبەر ئەوەی دانەپاڵی باران بارین بۆلای ئەستێرە، بەشێوەیەک بیروباوەڕت وابێت کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بارینی، شیرکی گەورەیە، وەکوو باوەڕبوونی بەدەستهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیان لە مردوو و نادیارەکان، یان شیرکی بچووکە، ئەگەر باوەڕی وا نەبێت کە ئەستێرە کاریگەری هەیە، بەڵکوو هۆکارێکن بۆ بارینی باران، بۆیە وا گونجاوبوو کە دانەر لە کتێبی تەوحیددا بەشێک تەرخان بکات؛ بۆ ئاگەدارکردنەوە لێی.

ما جاء: ئەوەی کە هاتووە لە هەڕەشە.

في الاستسقاء: واتە: داواکردنی ئاو و هاتنی باران.

بالأنواء: کۆی (نَوء) واتە: لە شوێنەکانی مانگ کە بریتیین لە بیست و هەشت شوێن، هەموو شەوێک مانگ لەیەکێک لەو شوێنانە لادەدات و دادەبەزێت، هەر لەو بوارەشەوەیە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ﴾ [یس: ٣٩]. واتە: هەروەها کات و شوێنی هەڵهاتنی مانگیشمان دیاری کردووە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە بیست

و هەشت ئەستێرەن، شوێنی هەڵهاتنیان ناسراوە، لە هەموو سێزدە ڕۆژێک یەکێکیان لەگەڵ هەڵهاتنی بەرەبەیان بزر دەبێت. دوایی یەکێکی دیکە لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێت، ئینجا لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی هەیڤیدا هەمووی کۆتایی دێت، عەرەبەکان لەسەردەمی نەزانیدا گومانیان وابوو کە ئەگەر یەکێکیان ون ببێت و ئەوەکەی دیکەیان هەڵ بێت، ئەوا باران دەبارێت و بارانەکە دەدەنە پاڵ هەڵهاتن، یان ئاوابوونی ئەستێرە و دەشڵین: بەهۆی فلانە ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری.

وتجعلون رزقكم: واتە: ئەو بەشەی کە خوا پێیداون -لەجیاتی سوپاسکردنی نیعمەتی خوا بە داباراندنی باران- بە درۆی دەزانن.

أنكم تكذبون: بەوەی نیعمەتەکان دەدەنە پاڵ غەیری خوا لە ئەستێرەکان و دەڵێن: بەهۆی فلانە ئەستێرە و فلانە ئەستێرەوە، بارانمان بۆ باری.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە ڕەخنە لە هاوبەش بڕیاردەرەکان دەگرێت، بەهۆی بێباوەڕ بوونیان بە نیعمەتەکانی خوا، لەبەر ئەوەی بارینی بارانیان داوەتە پاڵ ئەستێرەکان، هەروەها هەواڵ دەدات کە ئەو قسەیە درۆیەکی تەواوە؛ چونکە بارینی باران تەنها بە فەزڵ و تەقدیری خوایە، دەستی هیچ دروستکراوێکی تێدا نییە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: خوای گەورە نکووڵی لەوە دەکات کە بارینی باران بدرێتە پاڵ جگە لە خۆی لە ئەستێرە و شوێنەکانی ئەستێرە، ئەمەشی ناو لێنا درۆ.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- پووچەڵکردەوەی دانە پاڵی باران بارین بۆ لای ئەستێرەکان.

٢- بە دڵنیایی دانە پاڵی باران بارین بۆ لای ئەستێرە، درۆیە.

٣- واجیبیەتی سوپاسکردنی خوا لەسەر نیعمەتەکانی، هەروەها واجیبیەتی دانە پاڵی باران بارین بۆ لای خوا، وەکوو فەزڵ و چاکەیەک لەلایەن خۆیەوە.

***

.....

وَعَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْعَرِيِّ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لَا يَتْرُكُونَهُنَّ: الْفَخْرُ بِالأَحْسَابِ، وَالطَّعْنُ فِي الأَنْسَابِ، وَالِاسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ، وَالنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّتِ »، وَقَالَ: «النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا؛ تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ، وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ».[1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

هەروەها ئەبوو مالیکی ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "چوار ڕەوشت لە کردەوەی نەزانینن، ئێوە وازی لێ ناهێنن: خۆهەڵکێشان و شانازیکردن بە ڕەچەڵەک و باب و باپیران، تانەدان لە نەژاد و ڕەچەڵکی خەڵکی، داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە، شیوەن و لاواندنەوە لەسەر مردوو". هەروەها فەرمووی: "ئەو کەسەی شیوەن و ڕۆڕۆ لەسەر مردوو دەکات، ئەگەر بەر لە مردنی تەوبە نەکات، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا زیندوو دەکرێتەوە لەکاتێکدا پۆشاکێکی لەبەرە لە مسی تواوە، هەروەها پۆشاکێکیش لە گەڕ و گولی [کە پێستەی دادەپۆشێت وەکوو زرێ]".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (أبي مالك): ناوی حارسی کوڕی حارسی شامییە، سەحابەیە.

من أمر الجاهلية: لێرەدا مەبەست بە نەزانی؛ پێشی ناردنی پێغەمبەرە، بۆیەش بەو ناوە ناونراون؛ لەبەر زۆری نەزانینیان، هەرشتێک پێچەوانەی ئەو بەرنامەیە بێت کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- پێی هاتووە، ئەوە جاهلییەتە.

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٩٣٤".

لا يتركونهن: واتە: ئەو ئوممەتە ئەنجامیان دەدەن، جا یان لەگەڵ بوونی زانست بە حەرامکردنەکەی، یاخود لەگەڵ نەزانین بە حەرامکردنەکەی.

الفخر بالأحساب: واتە: خۆبەزلزانین بەسەر خەڵکەوە بە باوک و باپیران و کردەوە چاکەکانیان.

والطعن في الأنساب: واتە: قسە پێگوتنی بە تانە لێ دان و لە پلەوپایە کەمکردنەوەی.

والاستسقاء بالنجوم: واتە: دانەپاڵی ئاو و هاتنی باران بۆلای ئەستێرەکان.

والنياحة: واتە: بەرزکردنەوەی دەنگ و لاواندنەوە و شیوەنکردن بۆ مردوو.

تقام يوم القيامة: لە گۆڕەکەی زیندوو دەکرێتەوە و ڕادەگیرێت لە ڕۆژی لێپرسینەوە و پاداشت دانەوە.

سربال من قطران: واتە: پۆشاکێک لە مسی تواوە، مسەکەی تێوە دەچێت و پێیەوە بۆیاوی دەکرێت، بەمەش وەکوو پۆشاکی لێ دێت.

دِرع: (الدرع): پۆشاکێکە لە ئاسن دروست دەکرێت، لەکاتی جەنگدا لەبەر دەکرێت.

من جَرَب: گەڕی(الجرب): نەخۆشییەکی پێستییە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باس لەوە دەکات کە لەمەودوا لەناو ئەو ئوممەتەدا، هێندێک لەو تاوانانەی کەوا خەڵکی پێشی ناردنی پێغەمبەر ئەنجامیان دەدا، ڕوو دەدەن و دێنەجێ، ئەمەش خۆی لە چوار خووڕەوشت دەبینێتەوە، کە بریتیین لە: فیز و شانازیکردن بە باوک و باپیران، لەگەڵ ئەوەی شکۆ و پایەبەرزی تەنها بە لەخوا ترسانە، هەروەها بەکەمزانینی ڕەچەڵەکی خەڵکی و لەکەدارکردنی، هەروەها دانە پاڵی باران بارین بۆلای هەڵهاتنی ئەستێرەکان، هەروەها بەرزکردنەوەی دەنگ بە گریان و شیوەنکردن لەسەر مردوو. پاشان هەڕەشەکە دەربارەی ڕەوشتی کۆتایی ڕوون دەکاتەوە، بەوەی هەر کەسێک بەردەوام بێت لەسەری بەبێ ئەوەی تەوبەی لێ بکات، ئەوا لەڕۆژی دواییدا دێت

لاشەی بە مسی تواوە بۆیاوی دەبێت، هەتا وای لی دێت ئەمە وەکوو کراس و بەرگی لێ دێت؛ تاوەکوو ئاگری تێبەر ببێت و بەلاشەی وەبنووسێت و بۆنەکەی ناخۆش و بۆگەنی ببێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە، هەروەها ئەمە لە کردەوەی جاهیلییەتە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە، هەروەها ئەمە لە کردەوەی نەفامییە.

٢- هەر شتێک لە کاروکردەوەی نەزانین بێت، خەڵکی هەموویان وازی لێ ناهێنن.

٣- ئەوشتەی لە کاروکردەوەی نەزانیین بێت، ئەوا لە ئایینی ئیسلامدا زەمکراوە.

٤- قەدەغەکردنی خۆچواندن بە سەردەمی نەزانیین.

٥- حەرامکردنی فیز و شانازیکردن بە ڕەچەڵەکی باب و باپیران، هەروەها ئەمە لە کردەوەی نەزانییە.

٦- حەرامکردنی قسەگوتن بە ڕەچەڵەکی خەڵکیی بە زەمکردنی و بەکەم باسکردنی.

٧- حەرامکردنی شیوەنکردن و لاواندنەوە و ڕوونکردنەوەی سزاکەی و هەژمارکردنی لە ڕیزی تاوانە گەورەکان.

٨- پەشیمان بوونەوە، تاوان دەسڕێتەوە، ئەگەرچی گەورەش بێت.

٩- جاری وایە موسڵمان بەشێک لە ڕەوشتی نەفامی تێدا دەبێت، ئەمەش وا ناخوازێت کە کافر بێت.

***

.....

وَلَهُمَا عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ قَالَ: صَلَّى لَنَا رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ، عَلَى إِثْرِ سَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ، فَقَالَ: «هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ؟» قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ؛ فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي كَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا؛ فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي مُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ».[1]

وَلَهُمَا مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبَّاسٍ مَعْنَاهُ، وَفِيهِ: قَالَ بَعْضُهُمْ: لَقَدْ صَدَقَ نَوْءُ كَذَا وَكَذَا؛ فَأَنْزَلَ اللهُ هَذِهِ الآيَاتِ: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿تُكَذِّبُونَ﴾.

هەروەها بوخاری و موسلیم لە زەیدی کوڕ خالید گێڕاویەتییانەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- نوێژی بەیانی بۆ کردین لە حودەیبییە، ئەمەش لەدوای باران بارینێک بوو لە شەودا، جا کاتێک لە نوێژەکە تەواو بوو، ڕووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی: "ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو؟" گوتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: خوا فەرموویەتی: "هێنێک لە بەندەکانم بەیانییان کردەوە، باوەڕیان بە من هێنا، هێندێکیشیان بێباوەڕبوون بە من، جا ئەوەی کە گوتی: بە فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورە بارانمان بۆ باری، ئەوە باوەڕدارە بە من و بێباوەڕە بە ئەستێرە، بەڵام ئەوەی کە گوتی: بەهۆی هەڵهاتن و ئاوابوونی فلانە ئەستێرە و فلانە ئەستێرە بارانمان بۆ باری، ئەوە بێباوەڕە بە من و باوەڕدارە بە ئەستێرە".

[1] - أخرجه البخاري برقم "٨٤٦"، ومسلم برقم "٧١".

بەهەمان شێوە بوخاری و موسلیم لە فەرموودەی ئیبن عەببەس بە واتای ئەو فەرموودەیە هێناویانە و ئەوەشی تێدایە: هێندێکیان گوتیان: بە دڵنیایی فڵانە ئەستێرە و فڵانە ئەستێرە ڕاستییان کرد، بەو هۆیەشەوە خوای گەورە ئەو ئایەتانەی دابەزاند: {جا سوێند بێت بە هەڵهاتن و ئاوابوونی ئەستێرەکان} تا دەگاتە ئەو شوێنەی: {ئێوە باوەڕ ناهێنن}.

[ئەمە هەڵەیەکە لەلایەن دانەرەوە، چونکە ئەو فەرموودەیەی ئیبن عەببەس، تەنها موسلیم گێڕاویەتییەوە، نەک بوخاری و موسلیم].

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (زید بن خالد): جوهەنیی مەدەنییە، هاوەڵێکی بەناوبانگە.

صلی لنا: واتە: نوێژی بۆ کردین.

الحديبية: گوندێکە بەهۆی بیرێکەوە ناونراوە کە لەوێیە، قۆناێک لە مەککەوە دوورە، ئێستا پێی دەگوترێت شومەیسییە.

إثر: بە کەسرەی هەمزەکە، ئەوەی لەدوای شتێکەوە دێت.

سماءٌ: باران بەو ناوەوە ناونراوە؛ چونکە لە ئاسمانەوە دادەبەزێت، ئاسمانیش هەرشتێکە کە بەرز ببێتەوە.

من الليل: واتە: لەو شەوەدابوو.

فلما انصرف: واتە: ئاوڕی دایەوە بەلای نوێژخوێنەکان، مەبەستەکە ئەوە نییە کە لە شوێنەکە ڕۆیشتبێت.

أتدرون؟: بێژەی پرسیارکردنە، واتاکەی ئاگەدارکردنەوەیە.

من عبادي: مەبەستی پێی بەندایەتی گشتییە.

وكافرٌ: واتە: کوفری بچووک.

مُطرنا بنوء كذا وكذا: واتە: بارانی دایە پاڵ غەیری خوا، لەکاتێکدا بیروباوەڕیشی وایە کە ئەوەی باران دەبارێنێت، هەر خوایە.

صدق نوء كذا وكذا: واتە: هەورەکە ڕاستی کرد و فڵانە ئەستێرە بارانی باراند.

فلا أقسم: ئەوە سوێند خواردنێکە لەلایەن خوای گەورەوە، خوای گەورەش بۆی هەیە سوێند بەهەر شتێک بخوات کە بیەوێت.

بمواقع النجوم: واتە: شوێنی هەڵهاتن و ئاوابوونی ئەستێرەکان، لەسەر بۆچوونی زۆربەی موفەسسیرەکان.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: ئەو هاوەڵە گەورەیە باسی ڕێنماییەکەی پێغەمبەرمان -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ دەکات بۆ ئوممەتەکەی، بەهۆی باران بارین و ئەوەشی پێویستە لەو کاتەدا کە بیڵێن، جا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە پەروەردگارییەوە دەگێڕێتەوە کاتێک کە خەڵکی تاقی کردەوە بەوەی نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتن بە دابەزاندنی باران، ئەوەی کە مایەی ژیانیانە، بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان دانیان بە فەزڵ و چاکەی خوا دانا و نیعمەتەکەیان دایە لای خوا، بە شێوەی سوپاسگوزاری. بەشێکیشیان نکوولّییان لە فەزڵی خوا کرد و نیعمەتەکەیان دایە پاڵ هەڵهاتنی ئەستێرە و ئاوابوونی، ئینجا کاری یەکەمیان ناوبرا بە ئیمان و کاری دووەمیشیان ناوبرا بە کوفر.

هەروەها لە گێڕانەوەی ئیبن عەبباسیش هاتووە ئەو ئایەتانەی، کە بریتیین لە وتەی خوای بەرز و بڵند: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ﴾ ئایەتەکانی دوای ئەوەش، دابەزیوە دەربارەی نکوولّیکردن لە دانە پاڵی باران بۆلای ئەستێرەکان.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە حەرامکردنی دانە پاڵی باران بۆلای ئەستێرەکانی تێدایە، هەروەها ئەوەشی تێدایە کە ئەو کارە بە بێباوەڕی و درۆ ناو دەبات.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی دانە پاڵی باران بۆلای ئەستێرە و ناوبردنیشی بە کوفر.

٢- دروستییەتی و داواکراوی فێرکردنی خەڵکی و ئاگەدارکردنەوەیان لەو شتانەی کە کەموکوڕی لە بیروباوەڕدا دروست دەکات.

٣- واجیبیەتی سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی، هەروەها دانەپاڵی نیعمەت بۆلای جگە لە خوا دروست نیە.

٤- فێرکردن بەشێوەی پرسیار و وەڵام؛ چونکە ئەمە کاریگەرە لەسەر دەروون زیاترە.

٥- هەر کەسێک پرسیاری لێ کرا دەربارەی شتێک کە نایزانێت، ئەوا دەوەستێت و دەبێت زانستەکە بگێڕێتەوە بۆلای زاناکەی.

٦- وەسفکردنی خوا بە فەزڵ و ڕەحمەت.

٧- بە دڵنیایی هێندێک لە جۆری کوفر هەیە، کە بکەرەکەی لە دیین دەر ناکات.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی واقیعە.

دووەم: باسکردنی ئەو چوار شتەی کە لە کار و کردەوەی نەزانیین.

سێیەم: باسکردنی ئەوەی کە هێندێک لەو چوارە، کوفرن.

چوارەم: هێندێک لە جۆری کوفر هەیە، کە بکەرەکەی لە دیین دەر ناکات.

پێنجەم: وتەی پێغەمبەر: «أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وكَافِرٌ»؛ بەهۆی دابەزینی نیعمەتە.

شەشەم: تێگەیشتن و وردبوونەوە لە ئیمان لەو شوێنەدا.

حەفتەم: تێگەیشتن بۆ کوفر لەو شوێنەدا.

هەشتەم: تێگەیشتن لەو قسەیەی پێغەمبەر: «لَقَدْ صَدَقَ نَوْءَ كَذَا وكَذَا».

نۆیەم: چۆنیەتی دەرهێنانی بابەتێک لەلایەن زاناوە بۆ فێرخوازەکان بە پرسیارکردن لێی؛ ئەمەش لەبەر ئەو وتەیەی پێغەمبەر: «أَتَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ».

دەیەم: هەڕەشەکردن لەو ئافرەتەی شیوەن و لاواندنەوە لەسەر مردوو دەکات.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللهِ﴾ الآيَةَ.

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن جگە لە خوای گەورە دەکەنە شەریک و هاوشێوە بۆ خوای گەورە، ئەو شەریکانەیان خۆش دەوێ وەکوو خۆشەویستی خوا، چەندێک خوای گەورەیان خۆش دەوێت، ئەوانیشیان بە ئەندازەی خوای گەورە خۆش دەوێ، یاخود بتەکانیان خۆش دەوێ بە ئەندازەی ئەوەی کە ئیمانداران خوایان خۆش دەوێت}. ئایەتەکە تەواو بکە.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلّهِ جَمِيعاً وَأَنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ﴾ [البقرة: ١٦٥]. واتە: بەڵام باوەڕداران خوای گەورەیان لەوان خۆشتر دەوێ، یان ئیمانداران خوای گەورەیان زیاتر خۆش دەوێ لە خۆشەویستی ئەوان بۆ بتەکانیان، ئای ئەو ستەمکارانە کە کەسانێکیان کردووە بە شەریک و وەکوو خوای گەورە خۆشیان دەوێن، کاتێک کە لە ڕۆژی قیامەت سزای خوای گەورە دەبینن، ئەو کاتە دەزانن کە هێز و توانا تەنها بۆ خوای گەورەیە و خوایەکانی ئەوان بێ دەسەڵاتن و ناتوانن سزای خوای گەورەیان لەسەر لابدەن، سزای خوای گەورەش یەکجار سەختە.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: لەبەر ئەوەی خۆشەویستی خوای گەورە، بریتییە لە بنچینەی ئایینی ئیسلام و بە تەواوبوونی ئایینی مرۆڤ تەواو دەبێت، بە کەمبوونیشی یەکخواپەرستی مرۆڤ کەم دەبێت، بۆیە دانەر لەو بەشەدا ئاگەداری لەسەر ئەو بابەتە داوە.

أنداداً: هاوویّنە و هاوشێوە.

يحبونهم كحب الله: واتە: یەکسانیان دەکەن بە خوا لە خۆشەویستیی و بەگەورە داناندا.

والذين آمنوا أشد حباً لله: واتە: لە خۆشەویستی خاوەن بتەکان بۆ خوا. گوتراویشە: لە خۆشەویستی خاوەن بتەکان بۆ بتەکانیان.

واتای ئایەتەکە بە کورتی: خوای گەورە باسی حاڵی هاوبەش بڕیاردەرەکان دەکات لە دونیادا، هەروەها ئەو سزایەشی کە لە دواڕۆژدا بۆیان هەیە، بە شێوەیەک هاوویّنە و هاوشێوەیان لە دروستکراوەکانی بۆ خوا بڕیاردا، کە یەکسانیان دەکردن لەگەڵ خوا لە خۆشەویستی و بە گەورە داناندا.

هەروەها خوای پەروەردگار باسی ئەوە دەکات کە باوەڕداران، خۆشەویستی تایبەت دەکەن بۆ خوا، هەروەکوو هەموو جۆرەکانی دیکەی پەرستن تایبەت دەکەن بۆ خوا.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی هەر کەسێک هاوشێوەیەک بۆ خوا دابنێت، خۆشەویستییەکەی یەکسان بکات بە خۆشەویستی خوا؛ ئەوا موشریکە بە شیرکی گەورە.

٢- هێندێک لە موشریکەکان خوایان خۆش دەوێت بە خۆشەویستییەکی توند، بەڵام ئەوە سوودی پێ ناگەیەنێت، تەنها بەوە نەبێت کەوا بە دڵسۆزی خوای خۆش بووێت.

***

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللهِ وَرَسُولِهِ ...﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ: ئەگەر باوک و منداڵەکانتان} تاوەکوو ئەو وتەیەی: {ئا ئەمانە خۆشەویستترە لەلاتان لە خوای گەورە و لە پێغەمبەرەکەی} ئایەتەکە تەواو بکە.

ڕاڤەکردن

ئایەتەکە بە تەواوی: ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللهُ بِأَمْرِهِ وَاللهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ [التوبة: ٢٤]. واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: ئەگەر باوک و منداڵ و برا و خێزان و هۆز و عەشیرەتتان، هەروەها سەروەت و سامانێک کە پەیداتان کردووە، بازرگانیەک کە لەوە دەترسێن لەناو بچێت، ماڵێک کە هەتانە و پێی ڕازین و خۆشتان دەوێت، ئا ئەمانە خۆشەویستترە لەلاتان لە خوای گەورە و لە پێغەمبەرەکەی و لە جیهادکردن لەپێناو خوای گەورە، ئەوا چاوەڕێ بن تا فەرمان و سزای خوای گەورە دێت و خوای گەورە سزاتان دەدات، خوای گەورە هیدایەتی کەسانێک نادات کە فاسیق بن.

عشیرتکم: خزمە نزیکەکانتان، لە (العِشرة)ـەوە وەرگیراوە.

اقترفتموها: بەدەستتان هێناوە.

کسادها: لەدەستدانی کاتی فرۆشتنی و گەرمبوونی بازاڕی.

ومساکن: ماڵ و خانووەکان.

ترضونها: مانەوە تێیدا سەرسامتان دەکات.

أحب إليكم: واتە: ئەگەر ئەو شتانەتان لەلا خۆشەویستتر بێت لە خوا و پێغەمبەرەکەی و جیهادکردن لەپێناویدا.

فتربّصوا: واتە: چاوەڕوانی ئەوە بن کە تووشتان دەبێت لە سزای خوا.

واتای ئایەتەکە بە کورتی: خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردووە هەڕەشە لەو کەسە بکات کەوا هەموو ئەو شتانە، یان هێندێکی هەڵدەبژێرێت بەسەر خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەنجامدانی ئەوەی کە خوا واجیبی کردووە لەسەری، لەو کردەوە چاکانەی خوا پێی خۆشە و پێی ڕازییە، وەکوو کۆچکردن و تێکۆشان و هاوشێوەی ئەمانە، جا خوای گەورە سەرەتا بە باوک و کوڕ و براکان و هەروەها بە دۆست و برادەرەکان و هاوشێوەی ئەمانە دەستی پێکرد، بۆیە هەر کەسێک باگەشە خۆشەویستی خوا بکات، لەهەمان کاتیشدا خۆشەویستی ئەو شتانە پێش بخات بەسەر خۆشەویستی خوا، ئەوا درۆزنە و با چاوەڕێی سزاش بکات.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە واجیبیەتی پێشخستنی خۆشەویستی خوا و خۆشەویستی ئەو شتانەشی تێدایە، کە خوا خۆشی دەوێن لە کەسەکان و کردەوەکان، بەسەر خۆشەویستی جگە لەوانە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی خۆشەویستی خوای گەورە و خۆشەویستی ئەوەش کە خوا خۆشی دەوێت.

٢- واجیبیەتی خۆشەویستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٣- هەڕەشە بۆ سەر ئەو کەسەی کە ئەو هەشت شتە، یان جگە لەوانەی، لەلا خۆشەویستترە لە ئایینەکەی.

* * *

.....

عَنْ أَنَسٍ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ».[1] أَخْرَجَاهُ.

لە ئەنەسەوە دەگێڕدرێتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕی تەواو نابێت، هەتاوەکوو من خۆشەویستتر نەبم لەلای، لە کوڕەکەی و دایک و باوکی و خەڵکی هەر هەمووی".

ڕاڤەکردن

لا يؤمن أحدكم: واتە: ئیمانی تەواو.

حتى أكون أحب إليه: بە نەسبی (أحب)ـەوە، دەبێتە خەبەری (أكون).

والناس أجمعين: عەتفی گشتییە لەسەر تایبەت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵ دەدات کە هیچ کەسێک باوەڕی تەواو ناهێنێت، ئەو باوەڕەی کە بەهۆیەوە ڕزگاری دەبێت و شایستەی چوونە بەهەشتیش دەبێت، هەتاوەکوو خۆشەویستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- پێش دەخات بەسەر خۆشەویستی نزیکترین کەس لێیەوە، هەروەها بەسەر خۆشەویستی هەموو دروستکراوێک، چونکە بەهۆی پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ژیانی هەتا هەتایی بەدەست دێت، خۆشویستنی پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- وا دەخوازێت کە گوێڕایەڵی بکرێت و شوێنی ئەوەش بکەوین کە فەرمانی پێ کردووە، هەروەها پێشخستنی قسەکەی بەسەر قسەی هەموو دروستکراوێک.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "١٥"، ومسلم برقم "٤٤".

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر پێشخستنی خۆشەویستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بەسەر خۆشەویستی هەموو دروستکراوێک، هەروەها هاتنەدی ئیمانیشی بەستاوەتەوە بەو مەرجەوە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی خۆشەویستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و پێشخستنی بەسەر خۆشەویستی هەموو دروستکراوێک.

٢- بێگومان کردەوەکان بەشێکن لە باوەڕ؛ لەبەر ئەوەی خۆشویستن کردەوەی دڵە، بە دڵنیایی ئیمانیش لەو کەسە نەفی کراوە کە پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- خۆشەویستتر نەبێت لەلای لەوەی کە باسکرا.

٣- بە دڵنیایی نەفی کردنی ئیمان، بەڵگە نییە لەسەر دەرچوون لە ئیسلام.

٤- باوەڕی ڕاستگۆ، هەر دەبێت شوێنەوار و کاریگەرییەکەی لەسەر خاوەنەکەی دەر نەکەوێت.

***

.....

وَلَهُمَا عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا للهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْقَذَهُ اللهُ مِنْهُ؛ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ».

وَفِي رِوَايَةٍ: «لَا يَجِدُ أَحَدٌ حَلَاوَةَ الإِيمَانِ حَتَّى...»[1] إِلَى آخِرِهِ.

بەهەمان شێوە بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە گێڕاویەتییانەوە، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "سێ ڕەوشت هەنە، هەر کەسێک ئەو سێ ڕەوشتەی تێدا بێت، بەهۆیانەوە شیرینی باوەڕ هەست پێ دەکات: ئەوەیە خوا و پێغەمبەری لەلا خۆشەویستتر بێت لە جگە لەوان، هەروەها کاتێک کەسێکیشی خۆش دەوێت، خۆشی نەوێت مەگەر لەبەر خوا نەبێت، هەروەها پێی ناخۆش بێت و ڕقیشی لەوە ببێتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی، دوای ئەوەی خوا ڕزگاری کرد لێی، هەروەکوو چۆن پێی ناخۆشە کە فڕێ بدرێتە ناو ئاگر".

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: "هیچ کەسێک هەست بە شیرینی ئیمان ناکات، تاوەکوو...". هەتا کۆتایی فەرموودەکە.

ڕاڤەکردن

ولهما عنه: واتە: بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە گێڕاویەتییانەوە.

ثلاثٌ من كنّ فيه: واتە: سێ ڕەوشت هەنە، هەر کەسێک تێیانیدا هەبێت. دەست پێکردنیش بە (ثلاث) دروستە، ئەگەرچی نەکێڕەشە؛ لەبەر ئەوەی بەگوێرەی مەبەستی

[1] - أخرجه البخاري برقم "١٦"، ومسلم برقم "٤٣".

ئیزافەکردنە.

وجد بهن حلاوة الإيمان: لەبەر ئەوەی چێژی دڵ و نیعمەت و خۆشحاڵییەکەی بەدەست دەهێنێت.

أحب إليه: مەنسووبە لەسەر ئەوەی کە خەبەری (یکون)ـە.

مما سواهما: لەو شتانەی مرۆڤ بە سرووشتی خۆی خۆشی دەوێت، وەکوو منداڵ و خێزان و هاوشێوەی ئەمانە.

أن يحب المرء: ئەو کەسەی کە باوەڕی وایە ئیماندار و خواپەرستە.

لا يحبه إلا لله: واتە: لەپێناو گوێڕایەڵی خوا.

أن يعود في الكفر: واتە: بگەڕێتەوە بۆ لای کوفر.

كما يكره أن يلقى في النار: واتا: هەردوو شتەکە وەکوو یەک یەکسان بێت لە لای: فڕێدان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، یان گەڕانەوە بۆ بێباوەڕی.

وفي رواية: واتە: هی بوخاری.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باسی ئەوە دەکات، کە ئەگەر موسڵمان سێ ڕەوشتی تێدا بێتەدی، کە بریتیین لە: پێشخستنی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی، بەسەر خۆشەویستی جگە لەوان لە کەس و کار و سەروەت و سامان. هەروەها کاتێکیش کەسێکی لە خەڵکی خۆش ویست، لەبەر ئیمان و گوێڕایەڵییەکەی بێت بۆ خوا، نەک لەبەر مەبەستێکی دونیایی بێت. هەروەها ڕقیشی لە بێباوەڕی ببێتەوە، بەوپەڕی ڕقلێبوونەوە، بەشێوەیەک فڕێ دانە ناو ئاگر و گەڕانەوە بۆ بێباوەڕی لەلا یەکسان بێت. هەر کەسێک ئەو سێ ڕەوشتەی تێدا بێت، ئەوا شیرینی باوەڕی چەشتووە، تام و چێژیش لە کردەوە چاکەکان دەکات و بەرگەی ناڕەحەتییەکانیش دەگرێت لەپێناو ڕازیبوونی خوا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە گەورەیی پێشخستنی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی تێدایە بەسەر خۆشەویستی جگە لەوان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- گەورەیی پێشخستنی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەسەر هەموو شتێک.

٢- گەورەیی خۆشەویستی لەپێناوی خوا.

٣- بێگومان باوەڕداران، خوای بەرز و بڵندیان خۆش دەوێت، خۆشەویستییەکی پاک و پوخت.

٤- هەر کەسێک ئەو سێ ڕەوشتەی تێدا بێت، ئەوە باشترە لەو کەسەی کە ئەو ڕەوشتانەی تێدا نەبێت، ئەگەرچی ئەو کەسەش کە ئەو ڕەوشتانەی تێدایە، پێشتر کافر بوو بێت، دواتر موسڵمان بوو بێت، یان تاوانبار بوو بێت، دوایی تەوبەی کردبێت لە تاوانەکەی.

٥- پێویستییەتی ڕقلێبوونەوە لە کوفر و کافرەکان؛ چونکە هەر کەسێک ڕقی لە شتێک ببێتەوە، ڕقیشی لەو کەسە دەبێتەوە کە ئەو شتەی تێدا بێت.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: «مَنْ أَحَبَّ فِي اللهِ، وَأَبْغَضَ فِي اللهِ، وَوَالَى فِي اللهِ، وَعَادَى فِي اللهِ؛ فَإِنَّمَا تُنَالُ وَلَايَةُ اللهِ بِذَلِكَ، وَلَنْ يَجِدَ عَبْدٌ طَعْمَ الإِيمَانِ -وَإِنْ كَثُرَتْ صَلَاتُهُ وَصَوْمُهُ- حَتَّى يَكُونَ كَذَلِكَ، وَقَدْ صَارَتْ عَامَّةُ مُؤَاخَاةِ النَّاسِ عَلَى أَمْرِ الدُّنْيَا، وَذَلِكَ لَا يُجْدِي عَلَى أَهْلِهِ شَيْئًا».[1] رَوَاهُ ابْنُ جَرِيرٍ.

وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ فِي قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ﴾ [البقرة: ١٦٦]، قَالَ: «الْمَوَدَّةُ».[2]

هەروەها لە ئیبن عەببباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "هەر کەسێک لەپێناوی خوا باوەڕداری خۆش ویست و لەپێناوی خواش ڕقی لە بێباوەڕ و تاوانبار ببێتەوە، هەروەها لەپێناوی خوا دۆستایەتی دەکرد و هەر لەپێناوی خواش دوژمنایەتی دەکرد، ئەوا بێگومان بەهۆی ئەوەوە پشتگیری خوا بەدەست دێنێت، هیچ بەندەیەکیش تامی ئیمان بەدەست ناهێنێت -ئەگەرچی نوێژ و ڕۆژووشی زۆر بێت- تاوەکوو ئاوا نەبێت، وای لێ هاتووە زۆربەی برادەرایەتی لەسەر کاروباری دونیاییە، ئەمەش هیچ سوودێک بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت".

هەروەها ئیبن عەببباس دەربارەی ئەو وتەیەی خوای بەرز و بڵند: {هەرچی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبووە لە دونیادا، هەر هەمووی دەپچڕێ} فەرموویەتی: پەیوەندییەکان: خۆشەویستییە.

---

[1] - أخرجه ابن المبارك في الزهد "رقم ٣٥٣".

[2] - أخرجه الحاكم في المستدرك "٢/٢٧٢" وصححه، ووافقه الذهبي.

ڕاڤەکردن

من أحب في الله: واتە: باوەڕدارانی لەبەر باوەڕبوونیان بەخوا خۆش بوویت.

ووالى في الله: واتە: دۆستایەتی باوەڕدارانی دەکرد، بە سەرخستنیان و ڕێز گرتنیان.

وأبغض في الله: واتە: ڕقی لە بێباوەڕ و خراپەکار و گومڕایەکان ببێتەوە؛ لەبەر سەرپێچی کردنیان بۆ پەروەردگاریان.

وعادى في الله: واتە: دوژمنایەتی بۆ بێباوەڕەکان ئاشکرا بکات بە کردەوە، وەکوو جیهادکردن دژیان و خۆبەریکردن لێیان.

ولاية الله: بە فەتحەی واوەکە، پشتگیری کردنی بۆ بەندەکەی بە سەرخستن و خۆشەویستی.

طعم الإيمان: تام و چێژی ئیمان و دڵخۆش بوون پێیەوە.

مؤاخاة الناس: برایەتی و خۆشەویستی هێندێکیان بۆ هێندێکی دیکەیان.

على أمر الدنيا: لەپێناو دونیا، بۆیە دونیایان خۆش ویست و هەر لەپێناوی دونیاش خەڵکییان خۆش ویست.

وذلك: واتە: برایەتی لەسەر کاری دونیا.

لا يجدي على أهله شيئاً: هەر لە بنچینەدا سوودیان پێ ناگەیەنێت، بەڵکوو زەرەریان پێ دەگەیەنێت.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: ئیبن عەبباس -ڕەزای خوای لێبێت- ئەو هۆکارانەی کەوا دەبێتە هۆی خۆشەویستی و سەرخستنی خوا بۆ بەندەکەی، کورتی دەکاتەوە لە خۆشویستنی دۆستەکانی خوا و ڕقلێبوونەوە لە دوژمنەکانی، هەروەها دەرخستنی ئەو خۆشەویستی و ئەو دوژمنایەتییە بە ئاشکرایی، بە سەرخستنی باوەڕداران و پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ تاوانباران و جیهادکردن لە دژیان. هەروەها باس لەوە دەکات ئەو کەسەی ئەو شتانەی تێدا نەبێت، هەرگیز تام و چێژی باوەڕ ناکات، ئەگەرچی پەرستنیشی زۆر بێت. پاشان ئیبن عەبباس باس لەوە دەکات کە ئەو بابەتە

لەسەردەمی خۆیدا پێچەوانە بۆتەوە، بۆیە خەڵکی وای لێهاتووە یەکتریان خۆش دەوێت و ڕقیان لە یەکتر دەبێتەوە لەپێناو دونیا، ئەمەش سوودیان پێ ناگەیەنێت، بەڵکوو زەرەریان پێ دەگەیەنێت. دوایی ئەو ئایەتە پیرۆزەی تەفسیر کرد: ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ﴾. بەوەی مەبەست پێی ئەو خۆشەویستییەیە کە لە دونیادا لەنێوانیان هەبوو، لە دواڕۆژدا لەنێوانیان پچڕا و خیانەتی لێ کردن لەکاتێکدا کە زۆر پێویستییان پێی هەبوو، هەروەها هێندێکییان بەڕائەت لە هێندێکیان دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو خۆشەویستییە لەپێناو غەیری خوا بوو.

پەیوەندی ئەو ئەسەرە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە ئەوەی تێدایە کە بەدەستهێنانی خۆشەویستی و سەرخستنی خوا بۆ بەندەکەی، بەستراوەتەوە بە دوو مەرج:

یەکەمیان: خۆشویستنی دۆستانی خوا و ڕقلێبوونەوەی دوژمنەکانی بە دڵ.

دووەمیان: دەرخستنی خۆشویستنی دۆستانی خوا و ڕقلێبوونەوە لە دوژمنەکانی بە کردەوە، ئەویش بە سەرخستنی دۆستەکانی و تێکۆشان دژی دوژمنەکانی.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە خۆشەویستی و سەرخستنی خوا بۆ بەندەکەی بەدەست دەهێنێت.

٢- وەسفکردنی خوا بە خۆشەویستی، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

٣- دروستییەتی و گەورەیی خۆشەویستی لەپێناوی خوا و ڕقلێبوونەوە لەپێناوی خوا، هەروەها زۆری کردەوە چاکەکان جێیان ناگرنەوە.

٤- پێویستییەتی سەرخستنی باوەڕداران و یارمەتی دانیان، هەروەها ڕقلێبوونەوەی بێباوەڕەکان و تێکۆشان لەدژیان.

٥- ڕوونکردنەوەی بەرهەمی خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە لەپێناوی خوا، وەکوو چێشتنی تامی ئیمان و خۆشی لێ بینینی.

٦- سەرزەنشتکردنی خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە لەپێناو دونیا و ڕوونکردنەوەی خەراپی سەرەنجامەکەی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی بەقەرە.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی تەوبە.

سێیەم: واجیبیەتی خۆشویستنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەسەر نەفس و کەس و کار و سامان.

چوارەم: نەفیکردنی ئیمان، بەڵگە نییە لەسەر دەرچوون لە ئیسلام.

پێنجەم: بێگومان ئیمان تام و چێژی خۆی هەیە، جاری وایە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، جاری واشە هەستی پێ ناکات.

شەشەم: ناسینی چوار کردەوەکەی دڵ، ئەوەی کە خۆشەویستی و پشتیوانی خوا بەوانەوە نەبێت، بەدەست ناییێت، هیچ کەسێکیش هەست بە تامی ئیمان ناکات، ئیللا بەهۆی ئەوانەوە نەبێت.

حەفتەم: تێگەیشتنی هاوەڵان بۆ واقیع، کە زۆربەی برادەرایەتی لەسەر کاروباری دونیایە.

هەشتەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتی: ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ﴾.

نۆیەم: هێندێک لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، خوایان خۆش دەوێت، بە خۆشەویستییەکی زۆریش.

دەیەم: هەڕەشە لەسەر ئەو کەسەی کە ئەو هەشت شتە، لەلای خۆشەویستر بێت لە ئایینەکەی.

یازدەیەم: هەر کەسێک هاوشێوەیەک دابنێت و خۆشویستنیشی یەکسان بکات بە خۆشەویستی خوا؛ ئەوە شیرکی گەورەیە.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٧٥]. الآيَةَ.

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەوەی کە داتانئەنیشێنێت و نایەڵێ دەرچن بۆ جیهاد و دەتانترسێنێ، ئەوە تەنها شەیتانە کە ترسی دۆستەکانی خۆی لە کافران دەخاتە دڵی باوەڕدارانەوە، بەڵام ئەی باوەڕداران، ئێوە لەوان مەترسن و ترسی کافرانتان نەبێ، ئێوە تەنها لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی ترسان، لە کۆکەرەوەترینی جۆرەکانی پەرستنە، کەوا پێویستە بە دڵسۆزی بۆ خوا ئەنجام بدرێت، بۆیە دانەر بەو بەشە، ئاگەداری دەدات لەسەر واجیبیەتی ئەنجامدانی ئەو ترسە بە ئیخڵاسەوە بۆ خوا.

إنما: ئامرازی کورتهەڵهێنان و دیاریکردنە.

الشيطان: نیشانەیەکە بۆ ئیبلیسی نەفرەت لێکراو.

يخوِّف أولياءه: واتە: دەتانترسێنێت بە دۆستەکانی خۆی و واش تێتان دەگەیەنێت کە ئەوان خاوەنی هێز و ئازایەتییەکی زۆرن.

فلا تخافوهم: واتە: لەو دۆستانەی شەیتان مەترسێن، کەوا ئێوەی بەوان ترساند.

وخافونِ: سەرپێچی لە فەرمانی من مەکەن.

إن كنتم مؤمنين: چونکە ئیمان وا دەخوازێت، کە ترسان لە خوا هەڵبژێردرێت بەسەر ترسان لە خەڵکی.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵمان پێ دەدات کە یەکێک لە پیلانەکانی دوژمنی خوا(شەیتان)، ئەوەیە کە باوەڕداران دەترسێنێت لە سەرباز و دۆستەکانی خۆی؛ بۆ ئەوەی جیهادیان نەکەن و فەرمانیان بە چاکە پێ نەکەن و ڕێگریشیان لێ نەکەن لە خەراپە. هەروەها لە ئێمەشی قەدەغە کردووە کە لێیان بترسین و فەرمانیشی پێ کردووین کە بەتەنها لەو بترسین؛ چونکە ئەوە بریتییە لە داخوازی ئیمان، بۆیە هەرچەندە ئیمانی بەندە بەهێز بێت؛ ئەوا ترسی دۆستەکانی شەیتان لە دڵیدا لادەچێت، هەرچەندەش ئیمانی بەندە لاواز بێت؛ ئەوا ترسانی لە دۆستەکانی شەیتان زۆرتر و بەهێزتر دەبێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- ترسان پەرستشە، پێویستە بە دڵسۆزی بۆ خوا ئەنجام بدرێت.

٢- ئەنجامدانی ترس بۆ غەیری خوا، هاوبەشی بڕیاردانە، وەکوو ئەوەی بترسێت لە غەیری خوا لە بت یان تاغووت، کە تووشی شتێکی ناخۆش و خەراپی بکات.

٣- هۆشیارکردنەوە لە فێڵ و پیلانی شەیتان.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللهِ﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن کە دووڕوون، دەڵێن: ئێمە ئیمانمان بە خوای گەورە هێناوە، بەڵام ئەگەر لە پێناوی خوای گەورەدا ئازار بدرێ و تاقی بکرێتەوە، ئەو کاتە ئەو ئازاردان و تاقیکردنەوەیەی خەڵکی، وەک ئەوە سەیر دەکات و وا دەزانێ خوای گەورە سزای داوە، ئەوەندە بەلایەوە قورسە و لە دین هەڵدەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی بێئارام و دووڕووە}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿وَلَئِن جَاء نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ أَوَلَيْسَ اللهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ الْعَالَمِينَ﴾ [العنكبوت: ١٠]. واتە: هەروەها ئەگەر سەرکەوتن لەلایەن خوای گەورەوە بێت و باوەڕداران بەسەر کافراندا سەر بخات، ئەو کاتە مونافیقان بە باوەڕداران دەڵێن: ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا بووین، واتە: لەو غەنیمەتە بەشمان بدەن، ئایا خوای گەورە خۆی زاناتر نییە بەوەی کە لە سینگ و دڵی خەڵکیدایە، کە چیان شاردۆتەوە؟ واتە: خوای گەورە دەزانێ کە ئەو مونافیقانە درۆ دەکەن.

ومن الناس: واتە: هێندێک لە خەڵکی.

من يقول آمنا بالله: واتە: بە زمانی بانگەشەی باوەڕ دەکات.

أوذي في الله: واتە: لەپێناو خوای بەرز و بڵند.

فتنة الناس: ئازاری ئەوان و تووشکردنیان بە ناخۆشی و خەراپە.

كعذاب الله: واتە: ئازاری خەڵکی، ئەوەی کە بە هۆی دەستگرتنی بە ئایینەکەیەوە تووشی دەبێت، وەکوو سزای خوا سەیری دەکات، ئەوەی کە تووشی دەبێت لەسەر

هەڵگەڕانەوەی لە ئایینەکەیەوە، کەواتە لە دەست ئێش و ئازاری خەڵکی ڕایکرد، بەڵام لە ئایینەکەی هەڵگەڕایەوە.

نصرٌ من ربك: سەرکەوتن و غەنیمەت.

إنا كنا معكم: ئێمە لەگەڵ ئێوەین لە ئایین، بۆیە لە غەنیمەتدا بمانکەن بە هاوبەش.

بما في صدور العالمين: بەوەی لە دڵیاندایە لە ئیمان و دووڕوویی.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو کەسەی کە دێتە ناو بازنەی ئیمان بەبێ زانست و چاڕۆشنی، کە ئەگەر تووشی تاقیکردنەوە و ئەزیەتدانی بێباوەڕەکان بوو، ئەوا ئەو سزایە -کە هەر دەبێت پغەمبەران و شوێنکەوتووەکانیان تووشی ببن لەلایەن ئەوانەی سەرپێچییان دەکەن- ئەو سزایە لە ڕاکردن لێی و وازهێنانی لەو هۆکارەی کە لەپێناویدا تووشی بوو، وەکوو سزای خوای لێدەکات، ئەو سزایە کە باوەڕداران لێی ڕادەکەن، کەواتە لە ئێشی سزای دوژمنانی خوا ڕایکرد لەوەی وازی لە ئایینەکەی هێنا، بۆلای سزای خوا، کەوابوو لە دەست قرچەی گەرما پەنای بە ئاگر گرت. ئینجا ئەگەر خوای گەورە سەرباز و دۆستەکانی خۆی سەرخست، دەفەرموێت: من لەگەڵتان بووم، خوای گەورە زاناتر بوو بەو دووڕوویەی لە سینەیدا بوو.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە سوودی ئەوە دەدات بەدەستەوە کە ترسان لە خەڵکی لەوەی تووشی شتێکی ناخۆشی بکەن، بەهۆی باوەڕهێنانی بەخوا، بەشێکە لە ترسان لە غەیری خوا، ئەمەش لاوازی ئیمان دەخوازێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بێگومان ترسان لە ئازاری خەڵکی بەهۆی باوەڕهێنان، ترسانە لە غەیری خوا.

٢- واجیبیەتی ئارامگرتن لەسەر ئەزیەت و ئازار لەپێناوی خوا.

٣- سووکی و نزمی وڕەی دووڕووەکان.

٤- جێگیرکردنی زانستی خوای باڵادەست.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللهِ مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلاَّ اللهَ﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوای گەورە: {تەنها کەسانێک مانّی خوای گەورە ئاوەدان دەکەنەوە لە کەعبەی پیرۆز و مزگەوتەکانی تر، کە ئیمانیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەیە، هەروەها نوێژەکانیان دەکەن و زەکاتی مانّیان دەدەن، لە هیچ کەسێکیش ناترسێن جگە لە (اللە) نەبێت}.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿فَعَسَى أُوْلَئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ الْمُهْتَدِينَ﴾ [التوبة: ١٨]. واتە: ئا ئەمانە بە دڵنیایی کەسانێکن، کە خوای گەورە هیدایەتی داون.

إنما يعمر مساجد الله: واتە: ئاوەدانکردنەوەیان تەنها بە پەرستش و گوێڕایەڵی دەبێت.

من آمن بالله... إلخ: واتە: ئەوانەی کۆکەرەوەی سیفەتە تەواوە زانستی و کردەوەییەکانن.

ولم يخش إلا الله: (الخشية) بریتییە لە: ترس و بیم. مەبەست بە (الخشية) لێرەدا: واتە ترسی بەگەورەدانان و پەرستش و گوێڕایەڵیکردن. بەڵام ترسێکی سرووشتی، وەکوو ترسان لە شتە مەترسیدارە دونیاییەکان، ئەوا خەریکە کەس لێی پارێزراو نەبێت[واتە: شتێکی ئاساییە]. پێویستیشە لە هەموو ئەو شتانەدا، ترسەکە لە بڕیاری خوا و کاری خوا بێت.

فعسى أولئك: ئەوانەی ئەو سیفەتانەیان تێدایە.

أن يكونوا من المهتدين: واتە: ئا ئەوانە ڕێنمایی کراون. هەموو (عسى)یێک کە لەلایەن خواوە بەکار هاتبێت، ئەوا بۆ دڵنیایی و واجیب بوونە، واتە: ئەو شتە دێتەدی.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: کاتێک خوای گەورە لە ئایەتەکەی پێشوو. ئاوەدانکردنەوەی مەعنەوی مزگەوتەکانی بە پەرستش، نەفی کرد لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، لەو ئایەتەدا ئاوەدانکردنەوەیانی بە پەرستش، بۆ باوەڕداران جێگیر کرد. ئەوانەی بە دڵەکانیان باوەڕیان هێناوە و بە ئەندامەکانیشیان کردەوەیان کردووە. بەردەوامیش بوونە لەسەر جێبەجێ کردنی نوێژەکان، بە ڕووکنەکانی و واجیباتەکانی و سوننەتەکانی، زەکاتیشیان داوە بەوانەی کە شایستەن، هەروەها ترسیشیان تایبەت کردووە بۆ خوا و بە ئیخڵاسەوە لەخوا ترساون.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە واجیبیەتی بە تەنها ترسان لە خوای تێدایە، کە بریتییە لە بنچینەی ئەنجامدانی پەرستن بۆ خوا بە تەنها.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی بە تەنها ترسان لە خوای تاک و تەنها.

٢- بە دڵنیایی کردەوە سوودی نابێت لەگەڵ هاوبەش بڕیاردانا.

٣- ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت، بە گوێڕایەڵی و کردەوەی چاک دەبێت، نەک بە تەنها دروستکردن.

٤- هاندان لەسەر ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان، لە ڕووی حیسسیی و مەعنەویش.

* * *

.....

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- مَرْفُوعًا: «إِنَّ مِنْ ضَعْفِ الْيَقِينِ أَنْ تُرْضِيَ النَّاسَ بِسَخَطِ اللهِ، وَأَنْ تَحْمَدَهُمْ عَلَى رِزْقِ اللهِ، وَأَنْ تَذُمَّهُمْ عَلَى مَا لَمْ يُؤْتِكَ اللهُ، إِنَّ رِزْقَ اللهِ لَا يَجُرُّهُ حِرْصُ حَرِيصٍ، وَلَا يَرُدُّهُ كَرَاهِيَةُ كَارِهٍ».[1]

هەروەها لە ئەبوو سەعیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- بە مەرفووعی گێڕدراوەتەوە: "بە دڵنیایی بەشێک لە لاوازی یەقین، ئەوەیە خەڵکی ڕازی بکەیت بە تووڕەکردنی خوا، ستاییشیان بکەیت لەسەر ڕزق و ڕۆزی خوا، سەرزەنشتیشیان بکەیت لەسەر شتێک کە خوا پێی نەداویت، بەڕاستی ڕۆزی و بەخشینی خوا بە سوورىوونی کەسی چاوبرسی و بەتەنگەوەهاتوو، ڕاناکێشرێ و بەدەست نایێت، هەروەها پێناخۆش بوونی کەسی ناڕازیش، نایگێڕێتەوە".

ڕاڤەکردن

ضعف: بە زەممە و فەتحەی (صاد)ـەکە، دڕ و پێچەوانەی هێز و تەندروستییە.

اليقين: دڕ و پێچەوانەی گومان(الشك)ـە، بریتییە لە باوەڕی تەواو.

ترضي الناس بسخط الله: واتە: ڕازیبوونی ئەوان هەڵدەبژێری بەسەر ڕازیبوونی خوا.

وأن تحمدهم: واتە: سوپاسیان دەکەی و بەباشە باسیان دەکەی.

---

[1] - أخرجه أبو نعيم في الحلية "١٠٦/٥"، "٤١/١٠". والبيهقي في شعب الإيمان "رقم ٢٠٣". وأخرجه الطبراني من حديث عبد الله بن مسعود عن النبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-. انظر معجمه الكبير "٢١٥/١٠ -٢١٦ رقم ١٠٥١٤". وقال الهيثمي في مجمع الزوائد "٧١/٤": فيه خالد بن يزيد العمري واتُّهم بالوضع.

علی رزق الله: واتە: ئەوەی لەلایەن خواوە گەیشتووە بە تۆ، لەسەر دەستی ئەوان، بەوەی بیدەیتە پاڵ ئەوان و ئەوەی نیعمەت و چاکەی لەگەڵ کردوویت، لەبیری بکەیت.

وأن تذمّهم علی ما لم یؤتك الله: واتە: ئەگەر داوای شتێکی لێ کردن و ئەوانیش نەیاندایتێ، لەسەر ئەوە سەرزەنشتیان بکەیت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە موسڵمان لەسەری بێت، لە بەهێزی متمانە بوون بە خوا و پشت بەستن پێی، هەروەها باوەڕبوون بەوەی هەموو شتێک بەڕێوەبردن و ویستی ئەوە، بەشێک لەوانە؛ هۆکارەکانە، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت سەرەنجامەکانی لەسەر دادەمەزرێنێت، بەمەش داواکراوەکە دێتەدی، ئەگەریش ویستی لێ بێت ڕێگری دەکات لە هاتنەدی سەرەنجامەکە، هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، هەر ئەو سوپاسکراوە لەسەر خۆشی و ناخۆشی و ناڕەحەتی و خۆشگوزەرانی، ئەمەش بریتییە لە دڵنیایی تەواو، بەڵام ئەو کەسەی کە دڵی پەیوەست کردبێت بە خەڵکی و ئارەزووی لەگەڵ هۆکارەکان بێت، جا ئەگەر شتێک لە چاکە لەسەر دەستی خەڵکی بەدەست بێنێت، ستاییشیان دەکات. ئەگەریش مەبەستەکەی بەدەست نەهێنا، سەرزەنشت و لۆمەیان دەکات، ئا ئەوە بێگومان یەقینەکەی لاواز بووە و پشت بەستنی بە خوا کەموکوڕی تێکەوتووە. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموودەکەی کۆتایی پێهێنا بە تەئکید کردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو شتەی کە لەسەرەتاکەی جێگیری کرد، ئەویش ئەوەیە کە بەخشین و گرتنەوە، بە فەرمانی خوا و بەگوێرەی دانایەکەی ڕوو دەدەن، ناگەڕێنەوە بۆ بایەخ پێدانی بەندە، یان پێناخۆش بوونی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە واجیبیەتی پەیوەستکردنی دڵی تێدایە بە خوا لە بەدەستهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیان، هەروەها ترسان بە

تەنها لە خوا و ئاوڕ نەدانەوە بۆ لای دروستکراو، بە ستایشکردن، یان سەرزەنشتکردن، لەسەر ئەوەی کە بەدەست دێت لە بەخشین و گرتنەوە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی پشت بەستن بە خوا و ترسان لێی و داواکردنی ڕۆزی لێی.

٢- جێگیرکردنی قەزا و قەدەر.

٣- پشت نەبەستن بە هۆکارەکان.

٤- پێشخستنی ڕازیکردنی خوا بەسەر ڕازیکردنی دروستکراوەکان.

* * *

.....

وَعَنْ عَائِشَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنِ الْتَمَسَ رِضَا اللهِ بِسَخَطِ النَّاسِ؛ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وَأَرْضَى عَنْهُ النَّاسَ، وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَا النَّاسِ بِسَخَطِ اللهِ؛ سَخِطَ اللهُ عَلَيْهِ وَأَسْخَطَ عَلَيْهِ النَّاسَ».[1] رَوَاهُ ابْنُ حِبَّانَ فِي صَحِيحِهِ.

هەروەها لە عائیشەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەگێڕدرێتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هەر کەسێک داوای ڕازی بوونی خوا بکات و بەدوایدا بگەڕێت بە تووڕەبوونی خەڵکی، ئەوا خوا لێی ڕازی دەبێت و خەڵکیشی لێ ڕازی دەکات، بەڵام هەر کەسێک بەدوای ڕازی کردنی خەڵکییدا بگەڕێت، بە تووڕەکردنی خوا، ئەوا خوا لێی تووڕە دەبێت و وا دەکات خەڵکیش لێی ناڕازی بن و ڕقیان لێی ببێتەوە".

ڕاڤەکردن

التمس: داوا بکات.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ئەو ڕێگەیە ڕوون دەکاتەوە کەوا ڕازیبوونی خوا و ڕازیبوونی خەڵکیشی پێ بەدەست دێت، هەروەها ئەو ڕێگەیەش ڕوون دەکاتەوە کەوا دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خوا و تووڕەبوونی خەڵکیش. ئەمەش لەبەر ئەوەی خەڵکی شارەزایان بە سەرەنجامی شتەکان کورتە و کاریگەرییەکان زاڵە بەسەریاندا، بۆیە هێندێک جار ئارەزوویان تێک دەگیرێت لەگەڵ ئەو شتانەی خوا داینناوە، لەو شتانەی کە چاکەی ئەوانی تێدایە، جا ئیستا بێت، یان دوایی، لێرەوە هەڵوێستی ئەو باوەڕدارەی کە ئیمانێکی ڕاست و

[1] - أخرجه ابن حبان كما في موارد الظمآن برقم "١٥٤١، ١٥٤٢"، والترمذي برقم "٢٤١٦".

دروستی هەیە، جیا دەبێتەوە لە هەڵوێستی ئیمان لەرزۆک. باوەڕدار ڕازیکردنی خوا هەڵدەبژێرێت بەسەر ڕازیکردنی خەڵکی، بۆیە بەردەوام لەگەڵ شەرعی خوا دەبێت، لۆمەی لۆمەکار نایوەستێنێت لەپێناوی خوا، بۆیە خوا بە پشتیوانی خۆی پشتی دەگرێت؛ لەبەر ئەوەی لەخوا دەترسێت ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا﴾ [الطلاق: ٢]. واتە: هەر کەسێک لەخوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوا خوا دەرووی لێ دەکاتەوە.

بەڵام ئیمان لەرزۆک ڕازیکردنی خەڵکی هەڵدەبژێرێت بەسەر ڕازیکردنی خوا، بۆیە داواکارییان بۆ دێنێتەدی، ئەگەرچی پێچەوانەی شەرعی خواش بێت، ئەمەش لە ڕاستیدا لە خەڵکی ترساوە و لەخوا نەترساوە، بەڵام لە داهاتوودا مەبەستەکەی پێچەوانە دەبێتەوە و ئەوانەی ستاییشیان دەکرد، دەگۆڕێن و سەرزەنشتی دەکەن، بەڵام هەرگیز سوودی پێ ناگەیەنن لەلای خوا، کەواتە زەرەری لەخۆیدا و زەرەریشی لەو کەسەدا کە دەیویست بە سەرپێچیکردنی خوا سوودیان پێ بگەیەنێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە واجبیەتی ترسان لە خوا و پێشخستنی ڕازیکردنی خوا بەسەر ڕازیکردنی دروستکراوەکانی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- واجبیەتی ترسان لە خوا و پێشخستنی ڕازیکردنی خوا بەسەر ڕازیکردنی دروستکراوەکەی.

٢- ڕوونکردنەوەی سزای ئەو کەسەی کە ڕازیبوونی خەڵکی هەڵدەبژێرێت بەسەر ڕازیبوونی خوا.

٣- واجبیەتی پشت بەستن بە خوا.

٤- ڕوونکردنەوەی ئەو سەرەنجامە چاکانەی لە پێشخستنی ڕازیکردنی خوادا هەیە، هەروەها ئەو سەرەنجامە خراپانەشی کە لە پێشخستنی ڕازیکردنی خەڵکی بەسەر ڕازیکردنی خوادا هەیە.

٥- بە دڵنیایی دڵی بەندەکان، بە دەستی خوای گەورەیە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی ئالی عیمڕان.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی تەوبە.

سێیەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی عەنکەبووت.

چوارەم: بە دڵنیایی یەقین لاواز دەبێت و بەهێزیش دەبێت.

پێنجەم: باسی نیشانەی لاوازی یەقین، هێندێک لەوانە: ئەو سێ شتانەیە.

شەشەم: بە دڵسۆزی و بە تەنها ترسان لە خوا. یەکێکە لە فەرزەکان.

حەفتەم: باسی پاداشتی ئەو کەسەی کە تەنها لە خوا دەترسێت.

هەشتەم: باسی سزای ئەو کەسەی کە واز لە لەخوا ترسان دێنێت.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَعَلَى اللهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [المائدة: ٢٣].

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئێوە تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستن، ئەگەر ئێوە ئیماندارن}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر بەو بەشە دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە کە پشت بەستن بە خوا فەرزێکە، پێویستە بە تەنها و دڵسۆزی بۆ خوا بێت؛ چونکە لە گەورەترینی پەرستشەکانە و بەرزترین پلەوپایەی یەکخواپەرستیشە.

وعلى الله: واتە: نەک لەسەر غەیری خوا.

فتوكلوا: پشت بەو ببەستن و کارەکانتان بگەڕێننەوە بۆلای ئەو و بەوی بسپێرن.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە مووسا -علیه السلام-، فەرمانی بە گەلەکەی کرد کەوا بچنە ناو زەوی پیرۆزەوە، ئەوەی خوا بۆی نووسی بوون، هەروەها با لە ترسی ستەمکارەکان بەرەو دواوە نەگەڕێنەوە، بەڵکوو بەرەو پێشەوە بڕۆن و لێیان نەترسێن، لە تێکشکاندنیاندا پشت بە خوا ببەستن، باوەڕیان بە ڕاستی بەڵێنەکەی خوا هەبێت کە خوا پێی داون، ئەگەر باوەڕدارن.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی پشت بەست بە خوای تاک و تەنها، هەروەها پشت بەستن بە جگە لە خوا هاوبەش بڕیاردانە؛ چونکە تەوەککول پەرستشە.

٢- بە دڵنیایی پشت بەستن بە خوا، مەرجە لە ڕاستییەتی ئیماندا، لەکاتی نەبوونیدا ئیمانیش نامێنێت.

***

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئیمانداری ڕاستەقینە تەنها ئەو کەسانەن کاتێک کە یادی خوای گەورەیان لەلا دەکرێت و ناوی خوای گەورەیان لا دێنیت، دڵیان دەترسێت و دێتە لەرزین، کاتێکیش بیەوێت تاوان بکات، پێی بڵێیت: لە خوا بترسە، دڵی دەترسێت و دێتە لەرزین}.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ [الأنفال: ٢]. واتە: کاتێک کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، ئیمانیان پێی زیاد دەکات، تەنهاش پشت بە خوای گەورە دەبەستن و کارەکانیان تەنها بە خوای گەورە دەسپێرن.

وجلت قلوبهم: لە خوا ترسا.

وعلى ربهم: نەک لەسەر غەیری خوا.

يتوكلون: کارەکانیان دەگەڕێننەوە بۆلای خوا و ناترسن و ناگەڕێنەوە، تەنها بۆلای ئەو نەبێت.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە و باڵادەست وەسفی باوەڕدارە ڕاستەقینەکان دەکات بە سێ سیفاتی گەورە، کە بریتیین لە:

١- ترسان لە خوا لەکاتی باس و یادکردنیدا، بۆیە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن و وازیش لە قەدەغەکراوەکانی دەهێنن.

٢- زیادبوونی ئیمانیان لەکاتی بیستنی خوێندنەوەی وتەی خوا.

٣- گەڕاندنەوەی کارەکان بۆلای خوا و پشت بەستن تەنها بەو.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پشت بەستن بەتەنها بە خوا، لە سیفاتی باوەڕدارانە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- داواکراوی و واجیبیەتی پشت بەستن بە خوا، کە ئەمە یەکێکە لە سیفاتەکانی باوەڕداران.

٢- بێگومان باوەڕ زیاد دەکات و کەمیش دەکات. زیاد دەکات بە کردەوەی چاکە و کەمیش دەکات بە تاوان و سەرپێچی.

٣- باوەڕهێنان بە خوا، وا دەخوازێت کە پشت تەنها بەو ببەسترێت.

٤- یەکێک لە سیفاتەکانی باوەڕداران، خۆبەدەستەوەدان و ملکەچییە بۆ خوای باڵادەست.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [الأنفال: ٦٤].

وَقَوْلِهِ ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ [الطلاق: ٣].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ و باوەڕداران، خوای گەورەتان بەسە، بۆ ئەوەی کە سەرتان بخات بەسەر کافراندا}.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {هەر کەسێک کارەکانی بە خوای گەورە بسپێرێ و تەوەککول بکاتە سەر خوای گەورە و متمانەی بە خوای گەورە هەبێت، ئەوە خوای گەورەی بەسە بەوەی کە کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات}.

ڕاڤەکردن

حسبك الله ومن اتبعك: بە تەنها ئەوت بەسە، هەروەها بەسیشە بۆ شوێنکەوتووەکانت.

فهو حسبه: واتە: بەسیەتی.

واتایەکی کورت بۆ هەردوو ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ بە پێغەمبەر و ئوممەتەکەشی دەدات کە ئەو بەتەنها بەسیانە، بۆیە لەگەڵ ئەودا پێویستییان بە کەس نابێت، جا با پشت بەستن و ئومێدیان بەتەنها لەسەر ئەو بێت، هەروەکوو چۆن خوا بۆ هەموو کردەوەیەک پاداشتی داناوە، بەهەمان شێوەش پاداشتی پشت بەستن بەخۆی وا داناوە کە خۆی بەس بێت بۆ ئەو کەسەی پشتی پێ دەبەستێت، ئینجا ئەگەر خوای گەورە بەس بێت بۆ ئەو کەسەی کە پشتی پێ دەبەستێت، هەروەها پارێزەریشی بێت، ئەوا دوژمن هیچ تەماعێکی تێدا نییە.

پەیوەندی دوو ئایەتەکە بەو بەشەوە: هەردوو ئایەتەکە بەڵگەنە لەسەر واجیبیەتی پشت بەستن بە خوا؛ چونکە خوا بەسە بۆ ئەو کەسەی کە پشتی پێ دەبەستێت.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجبییەتی پشت بەستن بە خوا؛ لەبەر ئەوەی لە گەورەترینی جۆرەکانی پەرستشە.

٢- ڕوونکردنەوەی گەورەیی پشت بەستن بە خوا و سوودەکەی، کە گەورەترین هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان.

٣- بێگومان پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەیە.

* * *

.....

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- قَالَ: ﴿حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيْلُ﴾؛ قَالَهَا إِبْرَاهِيمُ -عليه السلام- حِينَ أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَقَالَهَا مُحَمَّدٌ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حِينَ قَالُوا: ﴿إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ، فَزَادَهُمْ إِيْمَانًا، وَقَالُوْا: حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيْلُ﴾ [آل عمران: ١٧٣].[1] رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَالنَّسَائِيُّ.

لە ئیبن عەببباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- فەرموویەتی: "ئەم وشەیە: ﴿حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيْلُ﴾، ئیبڕاهیم سەلامی -خوای لەسەر بێت- گوتی، کاتێک فڕێدرایە ناو ئاگر، هەروەها موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- گوتی، کاتێک قوڕەیشییەکان گوتیان: { بێگومان خەڵکی واتە: کافران هەموویان بۆ ئێوە کۆبوونەتەوە، لێیان بترسێن، بەڵام ئیمانداران ئیمانیان زیادی کرد و نەترسان و وەڵامیان نەڕووخا، بەڵکوو گوتیان: ئێمە خوای گەورەمان بەسە و خوای گەورە باشترین خوایە کە پشتی پێ ببەستین و کارەکانی خۆمانی پێ بسپێرین}.

ڕاڤەکردن

حسبنا الله: واتە: بەسمانە، بۆیە پشت بە کەس نابەستین تەنها بەو نەبێت.

نعم الوكيل: واتە: ئەوەی کاروباری بەندەکانی پێ دەسپێردرێت.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس -ڕەزای خوایان لێبێت- دەگێڕێتەوە کە ئەو وشە گەورەیە:{حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ}، هەردوو خۆشەویستی خوا؛ ئیبڕاهیم و موحەممەد -علیهما الصلاة والسلام- لە دوو هەڵوێستی تەنگ و ناڕەحەت گوتوویانە، کە لە گەلەکەیانەوە تووشیان بووە، ئەمەش کاتێک بوو کە ئیبڕاهیم بانگی گەلەکەی کرد بۆلای خواپەرستی، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون،

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٥٦٣، ٤٥٦٤".

ئیبڕاهیمیش بتەکانیانی شکاند، ئینجا وێستیان بتەکانیان سەربخەن، بۆیە داریان کۆکردەوە و ئاگرێکیان بۆی هەڵگیرساند و بە مەنجەنیق فڕێیاندایە ناوەڕاستەکەی، ئەویش ئەو وشەیەی گوت. خوای گەورەش بە ئاگرەکەی گوت: ﴿كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ﴾ [الأنبياء: ٦٩]. واتە: وتمان ئەی ئاگر، سارد و سەلامەت بە لەسەر ئیبڕاهیم. هەروەها کاتێک قوڕەیش هەواڵێکیان بۆ موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نارد، کە هەڕەشەیان لێ دەکرد و دەیانگوت: ئێمە هێزێکمان بۆ خۆت و بۆ هاوەڵەکانت کۆکردۆتەوە؛ تاوەکوو لە ڕەگوڕیشەوە هەڵتان بکێشین. بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو کاتەدا ئەو وشە گەورەیەی گوت: {حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ}. ئەوەبوو: ﴿فَانقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ﴾ [آل عمران: ١٧٤]. واتە: باوەڕداران بە نیعمەت و بە فەزڵ و چاکەیەکی زۆر گەڕانەوە لەلایەن خوای گەورەوە، کە تووشی هیچ شەڕ و زەرەر و زیانێک نەبوون و پاراستیانی.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە ئەوەی تێدایە کە ئەو وشەیە، کە وشەی کار پێ سپاردن و پشت بەستنە بە خوا، ئەو وشەیەیە کە لەکاتی تەنگانە و ناڕەحەتیدا دەگوترێت. هەروەها بەڵگەیە لەسەر پشت بەستن بە خوا، بۆ لادانی فێڵ و پیلانی دوژمنەکان.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- چاکیی و گەورەیی ئەو وشەیە، کە پێویستە لەکاتی ناڕەحەتی و تەنگانەدا بگوترێت.

٢- بێگومان پشت بەستن بە خوا، لە گەورەترینی هۆکارەکانە بۆ بەدەستهێنانی چاکە و لادانی خەراپە، لە دونیا و دواڕۆژدا.

٣- بە دڵنیایی ئیمان زیاد دەکات و کەمیش دەکات.

٤- ئەوەی کە مرۆڤ پێی ناخۆشە، جاری وایە خێری تێدایە بۆ ئەو.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: بە دڵنیایی پشت بەستن بە خوا، یەکێکە لە فەرزەکان.

دووەم: پشت بەستن بە خوا، یەکێکە لە مەرجەکانی ئیمان.

سێیەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی ئەنفال.

چوارەم: لێکدانەوەی واتای ئەو ئایەتەی کە لە کۆتایی سورەتی ئەنفالدا هاتووە، کە بریتییە لە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللهُ﴾.

پێنجەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (الطَّلَاق).

شەشەم: گەورەیی پێگەی ئەو وشەیە، کە ئەمە وتەی پێغەمبەر ئیبراهیم و موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِما وَسَلَّم- بووە لەکاتی ناڕەحەتی و ناخۆشیدا گوتوویانە.

❁❁❁

بَابُ

قَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللهِ فَلاَ يَأْمَنُ مَكْرَ اللهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ﴾ [الأعراف: ٩٩].

وَقَوْلِهِ: ﴿وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّآلُّونَ﴾ [الحِجر: ٥٦].

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئایا ئەمینن لە پیلان و سزای خوای گەورە؟ دەی هیچ کەسێک ئەمین نابێ لە پیلان و سزای خوا، ئیللا کەسانێکی زەرەرمەند نەبێ}.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {کێ هەیە بێ ئومێد بێ لە ڕەحمەتی خوای گەورە، مەگەر کەسانێکی گومڕا}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بەو بەشە دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، کەوا ئەمین بوون لە پیلانی خوا و بێئومێد بوون لە ڕەحمەتی خوا، لە گەورەترینی تاوانەکانە، هەردووکیشیان پێچەوانەی تەواویەتی تەوحیدن، هەروەها لەسەر باوەڕدار پێویستە کەوا ترس و ئومێد پێکەوە کۆبکاتەوە.

مکر الله: مۆڵەت پێدانی خوا بۆ بەندە، ئەگەر سەرپێچی کرد، تا ئەو کاتەی کە تۆڵەی لێ دەستێنێتەوە بە تۆڵەسەندنەوەی کەسێکی زاڵی بە توانا.

الخاسرون: لەناوچووەکان.

یقنط: (القنوط): بەدوور زانینی دەروو لێبوونەوە و بێئومێد بوون لێی.

الضالون: ئەوانەی هەڵەیان کردووە و ڕێگەی ڕاستییان نەپێکاوە.

واتایەکی کورت بۆ هەردوو ئایەتەکە: خوای گەورە باسی بارودۆخی خەڵکی ئەو شار و گوندانە دەکات کە پێغەمبەرانیان بەدرۆ زانیوە، ئەوەی کە وای لێکردوون

بەدرۆیان بزانن، بریتیی بووە لە دڵنیابوون و ئەمین بوون لە فێڵ و پیلانی خوا بۆیان و نەترسان لە خوا، بۆیە ڕۆچوون لە تاوان و سەرپێچی، بەدوریشیان زانی کە خوا پیلانیان بۆ دابنێت، ئەمەش حاڵی لەناوچووەکانە.

لە ئایەتی دووەمیش؛ خوای گەورە لە ئیبراهیمی خەلیلەوە -علیه السلام- دەگێڕێتەوە، کاتێک فریشتەکان موژدەیان پێدا بە منداڵەکەی کە ئیسحاقە -علیه السلام-، ئەوەی بە دوور زانی، لەبەر گەورەیی تەمەنی، بەڵام فریشتەکان پێیان فەرموو: ﴿فَلاَ تَكُن مِّنَ الْقَانِطِينَ﴾ [الحجر: ٥٥]. واتە: تۆ لە بێئومێدەکان مەبە، ئەویش وەڵامی دانەوە کە ئەو بێئومێد نییە؛ بەڵام ئەمەی بەشێوەی سەرسوڕمان فەرموو.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- لە ئایەتی یەکەمدا: ئاگەدارکردنەوەی تێدایە لە ئەمین بوون لە پیلانی خوا، هەروەها ئەمە لە گەورەترینی تاوانەکانە.

٢- لە ئایەتی دووەمیشدا: هۆشیارکردنەوەی تێدایە لە بێئومێد بوون لە ڕەحمەتی خوا، هەروەها ئەمە لە گەورەترینی تاوانەکانە.

٣- لە هەردووک ئایەتەکەشدا ئەوەی تێدایە، کە لەسەر باوەڕدار پێویستە ترس و ئومێد بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بۆیە نابێت لایەنی ئومێد زاڵ بکات و ئەمین بێت لە پیلانی خوا، هەروەها ناشبێت لایەنی ترس زاڵ بکات و بێئومێد بێت لە ڕەحمەتی خوا.

٤- بە دڵنیایی ترس و ئومێد؛ لە جۆرەکانی پەرستشن، ئەوانەی کەوا پێویستە بە دڵسۆزی بۆ خوای تاک و تەنها و بێ هاوبەش ئەنجام بدرێن.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- سُئِلَ عَنِ الْكَبَائِرِ؛ فَقَالَ: «الشِّرْكُ بِاللهِ، وَالْيَأْسُ مِنْ رَوْحِ اللهِ، وَالأَمْنُ مِنْ مَكْرِ اللهِ».[1]

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: «أَكْبَرُ الْكَبَائِرِ: الإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَالأَمْنُ مِنْ مَكْرِ اللهِ، وَالْقُنُوطُ مِنْ رَحْمَةِ اللهِ، وَالْيَأْسُ مِنْ رَوْحِ اللهِ».[2]

رَوَاهُ عَبْدُ الرَّزَّاقِ.

هەروەها لە ئیبن عەببباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، پرسیاری لێ کرا دەربارەی گوناهە گەورەکان، ئەویش فەرمووی: "ئەوانەن: هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا، بێئومێدبوون لە ڕەحمەت و بەخشندەیی خوا، دڵنیا بوون لە پیلانی خوا".

هەروەها لە ئیبن مەسعوودەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "گەورەترینی تاوانە گەورەکان، بریتیین لە: هاوبەشدانان بۆ خوا، ئەمین بوون لە پیلانی خوا، نا ئومێد بوون لە ڕەحمەتی خوا، بێهیوایی لە میهرەبانی خوا".

ڕاڤەکردن

الكبائر: کۆی (كبيرة)یە، کە بریتییە لە: هەموو تاوانێک خوای گەورە هەڕەشەی لە خاوەنەکەی کردبێت بە دۆزەخ، یا نەفرەتکردن، یان تووڕەبوون، یاخود سزا، یا نەفیکردنی ئیمان، یاخود لە دونیادا حەددێکی بۆ دانا بێت.

---

[1] - قال الهيثمي في مجمع الزوائد "١٠٤/١": رواه البزار والطبراني ورجاله موثقون.

[2] - أخرجه عبد الرزاق في مصنفه "٤٥٩/١٠" رقم "١٩٧٠١"، والطبراني في معجمه الكبير "١٥٦/٩ رقم ٨٧٨٤". قال الهيثمي في مجمع الزوائد "١٠٤/١": رواه الطبراني وإسناده صحيح.

الشرك بالله: هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا لە پەروەردگارییەتی و پەرستراوییەتی.

واليأس من روح الله: واتە: پچڕاندنی ئومێد و ئاوات بە خوا، لەو شتەی کە نیاز و مەبەستییەتی و لێی دەترسێت و هیوای پێ هەیە.

من مكر الله: واتە: لە فێڵ و پیلانی خوا بۆ بەندە، یان لێستاندنەوەی ئەو ئیمانەی کە پێی بەخشیوە.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا باسی کردووە کە تاوانە گەورەکان، بریتیین لەوەی: کە هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدرێت لە پەروەردگاریەتی، یان پەرستراویەتی، بۆیەش بەوە دەستی پێ کرد؛ لەبەر ئەوەی گەورەترین تاوانە. هەروەها پچڕاندنی ئومێد و هیوا بە خوای گەورە؛ چونکە ئەوە گومانی خەراپ بردنە بە خوا و نەزانینیشە بە فرەوانی ڕەحمەتی خوا، هەروەها ئەمین بوون لە مۆڵەت پێدانی خوا بۆ بەندە بە نیعمەتەکانی، هەتا ئەو کاتەی کە لەناکاوێک دەیگرێت. مەبەست بەو فەرموودەیە ئەوە نییە کە گوناهە گەورەکان لەوەندەی باسکرا کورت بکرێتەوە؛ چونکە تاوانە گەورەکان زۆرن، بەڵکوو مەبەست ڕوونکردنەوەی گەورەترینیانە، هەروەکوو ئەسەرەکەی ئیبن مەسعوود ئەوە دەگەیێنێت، ئەوەی کە دانەر دوای فەرموودەکە هێنای.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمین بوون لە پیلانی خوا و نائومێد بوون لە ڕەحمەتی خوا، لە تاوانە گەورەکانە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی ئەمین بوون لە پیلانی خوا و بێهیوا بوون لە ڕەحمەتەکەی، کە هەردووکیان لە گەورەترینی تاوانە گەورەکانن، هەروەکوو موڕجیئە و خەواریجەکان لەسەر ئەمەن[واتە: موڕجیئەکان ئەمینن لە پیلانی خوا، خەواریجەکانیش بێهیوان لە ڕەحمەتەکەی].

٢- بە دڵنیایی هاوبەش بڕیاردان، گەورەترین تاوان و گەورەترینی تاوانە گەورەکانیشە.

٣- ئەوەی کە لەسەر بەندە پێویستە، ئەوەیە لە نێوانی ترس و ئومێددا بێت، بەشێوەیەک ئەگەر ترسا، بێئومێد نابێت، ئەگەریش هیوا و ئومێدی هەبوو، ئەمین نابێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی ئەعراف.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (الْحِجْرِ).

سێیەم: هەڕەشەی توند بۆ ئەو کەسەی کە ئەمین دەبێت لە پیلانی خوا.

چوارەم: هەڕەشەی توند دەربارەی بێئومێد بوون.

❁❁❁

بَابٌ مِنَ الإِيمَانِ بِاللهِ الصَّبْرُ عَلَىَ أَقْدَارِ اللهِ

بەشی بەشێک لە باوەڕهێنان بە خوا؛ ئارامگرتنە لەسەر قەدەرەکانی خوا

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَمَن يُؤْمِن بِاللهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾ [التغابن: ١١].

قَالَ عَلْقَمَةُ: «هُوَ الرَّجُلُ تُصِيبُهُ الْمُصِيبَةُ فَيَعْلَمُ أَنَّهَا مِنْ عِنْدِ اللهِ؛ فَيَرْضَى وَيُسَلِّمُ».

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {هەر کەسێک ئیمان بێنێ بە خوای گەورە و بزانێ ئەمەی تووشی بووە لەلایەن خوای گەورەوەیە و ئارام بگرێ، ئەوا خوای گەورە هیدایەتی دڵی دەدات و باشتری پێ دەبەخشێت}.

عەلقەمە فەرموویەتی: "ئەوە کەسێکە بەڵا و کارەساتێکی تووش دەبێت، ئەویش دەزانێت کە ئەوە لەلایەن خوای گەورەوەیە، بۆیە ڕازی دەبێت و ملکەچی قەدەری خوا دەبێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (علقمة): عەلقەمەی کوڕی قەیسی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەلقەمەیە، لە ژیانی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لەدایکبووە، هەروەها لە گەورە تابیعییەکان وەزنا و جێ متمانەکانیانە، دوای ساڵی شەستی کۆچی وەفاتی کردووە.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر بەو بەشە دەیەوێت واجیبیەتی ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکانی خوا و حەرامیەتی ناڕازیبوون لێیان ڕوون بکاتەوە؛ چونکە ئەمە دژ و پێچەوانەی تەواویەتی تەوحیدە.

الإيمان: لەزمانەوانیدا: بەڕاستدانانێکە کە دڵنیایی بۆ هەواڵدەرەکە تێدا بێت. لە شەرعیشدا: دەربڕینە بە زمان و بیروباوەڕبوونە بە دڵ و کردەوەکردنە بە ئەندامەکانی لاشە.

الصبر: لەزمانەوانیدا: بەندکردن و وازهێنانە، لە شەرعیشدا بریتییە لە: گرتنەوەی نەفس لە بێئارامی و شپرزەیی، هەروەها گرتنەوەی زمان لە سکاڵاکردن و ڕازی نەبوون، گرتنەوەی ئەندامەکانی لاشەش لە لێدان لە ڕوومەت و یەخە دادڕین.

ومن يؤمن بالله: باوەڕی وایە کە بەڵا و موسیبەت بە قەزا و قەدەری خوایە، لەو کاتانەشدا دەڵێت: (إنا لله وإنا إليه الراجعون).

يهد قلبه: بۆ ئارامگرتن لەسەر موسیبەتەکە.

هو الرجل تصيبه ... إلخ: ئەمە ڕاڤە و لێکدانەوەیە بۆ ئەو ئیمانەی لە ئایەتەکەدا باسکراوە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە هەر کەسێک تووشی کارەساتێک بوو و زانی کە ئەوە لە قەدەری خوایە، بۆیە ئارامی گرت و چاوەڕی پاداشت بوو لەلایەن خواوە، ملکەچیش بوو بۆ قەدەری خوا، ئەوا خوا ڕێنمایی دڵی دەکات، هەروەها ئەوەشی لە دونیا لەدەستی داوە، بۆی قەرەبوو دەکاتەوە بە ڕێنماییکردنی دڵی وَ یەقینێکی ڕاستەقینەش، جاری وایە ئەوەی لێی وەرگرتۆتەوە، پێی دەبەخشێتەوە، یان بە باشتر لەو.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئارامگرتن لەسەر قەدەرە ئازاربەخشەکانی خوا.

ئەو سوودانەی لە ئایەتەکە وەردەگیرێن:

١- فەزڵ و گەورەیی ئارامگرتن لەسەر قەدەرە ئازاربەخشەکان، وەکوو کارەساتەکان.

٢- بە دڵنیایی کردەوەکان بەشێکن لە حەقیقەت و ناوەرۆکی ئیمان.

٣- بێگومان ئارامگرتن هۆکاری ڕێنمایی دڵە.

٤- هیدایەت؛ بەشێکە لە پاداشتی کەسی ئارامگر.* * *

.....

وَفِي صَحِيحِ مُسْلِمٍ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «اثْنَتَانِ فِي النَّاسِ هُمَا بِهِمْ كُفْرٌ: الطَّعْنُ فِي النَّسَبِ، وَالنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّتِ».[1]

هەروەها لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە، لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "دوو ڕەوشت لەناو خەڵکیدا هەن، ئەو دووانە تێیاندا کوفرن: تانە و تەشەردان لە ڕەچەڵەک، شین و ڕۆڕۆکردن لەسەر مردوو".

ڕاڤەکردن

هما: واتە: ئەو دووانە.

بهم كفر: واتە: ئەو دوو ڕەوشتانە کوفرن کە خەڵکی هەیانە؛ چونکە هەردووکیان لە کردەوەی بێباوەڕەکانن.

الطعن في النسب: واتە: قسەگوتن بە ڕەچەڵەک، بە کەموکوڕی دانە پاڵ و لە نرخ کەمکردنەوە.

والنياحة على الميت: واتە: بەرزکردنەوەی دەنگ بە ژماردنی ڕەوشت و سیفاتەکانی؛ چونکە ئەوە ناڕازی بوونە بە قەدەری خوا.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵ دەدات کەوا دوو ڕەوشت لە ڕەوشتەکانی کوفر، بەردەوام دەبن لەناو خەڵکی، کەس لێی پارێزراو نابێت، ئیللا ئەوەی خوا پاراستبێتی.

یەکەمیان: لەکەدارکردنی ڕەچەڵەکی خەڵکی و کەموکوڕی دانە پاڵی.

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٦٧".

دووەمیان: بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی کارەسات، وەکوو ناڕازیبوونێک لە قەدەری خوا.

بەڵام مەرج نییە کە هەرکەسێک لقێک لە لقەکانی کوفری تێدابوو، ببێت بە کافر و لە ئایینی ئیسلام بچێتە دەرەوە، هەتا حەقیقەتی کوفری تێدا دێتەدی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی لاواندنەوە و شیوەنکردن؛ چونکە ئەمە ناڕازیبوونە لە قەدەر و ئارام نەگرتنە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی شیوەنکردن، هەروەها ئەمە ڕەوشتێکی کوفرە و لە تاوانە گەورەکانە.

٢- واجیبیەتی ئارامگرتن، چونکە ئەگەر شیوەنکردن حەرام بکرێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر دژەکەی، کە ئارامگرتنە.

٣- هێندێک کوفر هەیە، کە خاوەنەکەی لە ڕێبازی ئیسلام دەرناکات.

٤- حەرامکردنی تانەدان لە ڕەچەڵەک و کەموکوڕی دانەپاڵی.

***

.....

وَلَهُمَا عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- مَرْفُوعًا: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ، وَشَقَّ الْجُيُوبَ، وَدَعَا بِدَعْوَىَ الْجَاهِلِيَّةِ».[1]

هەروەها بوخاری و موسلیم لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕاویەتییانەوە بە مەرفووعی[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی:] "لە ئێمە نییە ئەو کەسەی لە ڕوومەتی بدات و یەخەی دابدڕێت، هەروەها شین و ڕۆڕۆی سەردەمی نەفامی بکات".

ڕاڤەکردن

لیس منا: ئەوە لە بابەتی هەڕەشەیە و نابێت تەئویل بکرێت.

من ضرب الخدود: بۆیە ڕوومەتی تایبەت کردووە؛ چونکە لێدان بە زۆری لە ڕوومەت دەدرێت، ئەگەرنا لێدان لە تەواوی دەموچاو وەکوو ئەوە.

وشقّ الجيوب: کۆی (جیب) کە بریتییە لە: شوێنی چوونە ژوورەوەی سەر لە پۆشاک[یەخە].

دعوى الجاهلية: بریتییە لە: شیوەنکردن لەسەر مردوو و پاڕانەوە بە فەوتان و لەناوچوون.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەڕەشە لەو کەسە دەکات کە شتێک لەو ڕەوشتانە بکات؛ لەبەر ئەوەی ناڕازیبوون بە پەروەردگار و ئارامنەگرتنی پێویست لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەمە زیان گەیاندنە بە نەفس، وەکوو لێدان لە ڕووخسار و لەناوبردنی سامان بە دڕاندنی پۆشاک و پارچەپارچەکردنی، هەروەها پاڕانەوە بە شەڕ و لەناوچوون و سکاڵاکردن لەدەست خوای گەورە، لەخۆ دەگرێت.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "١٢٩٤"، ومسلم برقم "١٠٣".

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی نارازی بوون لە قەدەری خوا، بە قسە و کردەوە، هەروەها ئەمە لە تاوانە گەورەکانە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی نارازی بوون بە قەدەری خوا بە قسە، یان کردەوە، هەروەها ئەمە لە تاوانە گەورەکانە.

٢- واجیبیەتی ئارامگرتن لەکاتی بەڵا و موسیبەت.

٣- واجیبیەتی پێچەوانەکردنی سەردەمی جاهیلیەت؛ لەبەر ئەوەی پێچەوانەکردنیان یەکێکە لە مەبەستەکانی خوای دانا.

***

.....

وَعَنْ أَنَسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «إِنَّ عِظَمَ الْجَزَاءِ مَعَ عِظَمِ الْبَلَاءِ، وَإِنَّ اللهَ تَعَالَى إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلَاهُمْ؛ فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السُّخْطُ».[1] حَسَّنَهُ التِّرْمِذِيُّ.

هەروەها لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "بەڕاستی گەورەیی پاداشت لەگەڵ گەورەیی بەڵا و کارەسات دایە، هەروەها بە دڵنیایی ئەگەر خوای گەورە خەڵکێکی خۆشویست، ئەوا تاقییان دەکاتەوە، جا هەر کەسێک ڕازی بێت، ئەوا ڕازی بوونی خوای بۆ هەیە، هەر کەسێکیش ناڕازی بێت، ئەوا خوا لێی تووڕەیە".

ڕاڤەکردن

عظم الجزاء مع عظم البلاء: بە کەسرەی عەینەکە و فەتحەی (ظاء)ـەکە، واتە: هەر کەسێک بەڵا و تاقیکردنەوەکەی قورستر بێت، ئەوە پاداشتەکەشی گەورەتر دەبێت.

فمن رضي: بەوەی خوا بڕیاری داوە و بۆی تەقدیر کردووە لە تاقیکردنەوە.

فله الرضا: لەلایەن خواوە، پاداشتەکە بەگوێرەی کردەوەکەیانە.

ومن سخط: بە کەسرەی خائەکە، (السخط)یش واتە: پێناخۆش بوونی شتێک و ڕازی نەبوون پێی.

فله السخط: واتە: تووڕەبوونی بۆ هەیە لەلایەن خواوە، وەکوو سزایەک بۆی.

[1] - أخرجه الترمذي برقم "٢٣٩٨"، وابن ماجه برقم "٤٠٢١".

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات کە گەورەیی و زۆری پاداشت، لەگەڵ گەورەیی بەڵا و تاقیکردنەوەیە، ئەوەی کە بەسەر بەندەدا دێت لەو دونیایەدا، ئەگەر ئارام بگرێت و چاوەڕێی پاداشت بکات، هەروەها یەکێک لە نیشانەکانی خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکەی، ئەوەیە کە تاقی دەکاتەوە؛ جا ئەگەر ڕازی بێت بە قەزا و قەدەری خوا لەسەری و چاوەڕێی پاداشت بکات و گومانی باش بە پەروەردگاری ببات، ئەوا خواش لێی ڕازی دەبێت و پاداشتی دەداتەوە، بەڵام ئەگەر ناڕازی بێت بە بڕیاری خوا و ئارام نەگرێت لەسەر ئەو شتەی کە تووشی بووە، ئەوا خواش لێی تووڕە دەبێت و سزاشی دەدات.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕوونی دەکاتەوە کە نیشانەی خۆشەویستی خوا بۆ بەندە چییە، هەروەها ڕوونکردنەوەی حیکمەتی خوای تێدایە لەو شتانەی کە بەسەریدا دێت لە کارەسات و نەهامەتییەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی نیشانەی خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکەی، کە بریتییە لە تاقیکردنەوە.

٢- وەسفکردنی خوا بە خۆشویستن و ڕازیبوون و تووڕەبوون، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

٣- جێگیرکردنی دانایی خوا لە کردەوەکانیدا.

٤- بێگومان پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەیە.

٥- هاندان لەسەر ئارامگرتن لەسەر موسیبەت و کارەساتەکان.

٦- جاری وایە مرۆڤ شتێکی پێناخۆشە، بەڵام خێری بۆ ئەو تێدایە.

* * *

.....

وَقَالَ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «إِذَا أَرَادَ اللهُ بِعَبْدِهِ الْخَيْرَ؛ عَجَّلَ لَهُ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا، وَإِذَا أَرَادَ بِعَبْدِهِ الشَّرَّ؛ أَمْسَكَ عَنْهُ بِذَنْبِهِ حَتَّى يُوافِيَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».[1]

هەروەها پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ بەندەکەی بوێت، ئەوا سزای بۆ پێش دەخات لە دونیادا، بەڵام ئەگەر خەراپەی بەندەکەی بوێت، ئەوا لە دونیادا سزای نادات و سزای تاوانەکەی لە دونیادا لێ دوور دەخاتەوە، تاوەکوو لە دواڕۆژدا بەهەموو تاوانەکانییەوە دەگەڕێتەوە و ئەویش بەو شێوەیەی کە شیاوە پاداشتی دەداتەوە".

ڕاڤەکردن

ئەو فەرموودەیە و ئەوەی پێشیشی، ترمزی بە یەک سەنەد و لەڕێی یەک هاوەڵیش گێڕاویەتییەوە؛ بۆیە دانەر وەکوو یەک فەرموودەی لێ کردوون.

عجّل له العقوبة في الدنيا: بەڵا و موسیبەتی بەسەردا دەبارێنێت؛ لەبەر ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی دەدا، دوایی کە لەژێر ئەو تاقیکردنەوەیە دەردەچێت، هیچ تاوانێکی لەسەر نەماوە.

أمسك عنه بذنبه: واتە: سزای تاوانەکەی لێ دوور دەخاتەوە.

يوافي به: بەکەسرەی فائەکە، بکەر دیارە، مەنسووبە بە (حتی)، واتە: کاتێک لەڕۆژی دواییدا دێت، هەموو تاوانەکانی لەسەرە و بە تاوانەکانییەوە دەگەڕێتەوە، خواش بەو شێوەی کە شایستەیە سزای دەدات.

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم "٢٣٩٨"، وأحمد برقم "٨٧/٤"، والحاكم "٣٤٩/١".

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات کە نیشانەی ئەوەی کە خوا چاکەی بوێت بۆ بەندەکەی، ئەوەیە بەپەلە و زوو لە دونیادا لەسەر تاوانەکانی سزای دەدات، تاوەکوو کە لێی دەردەچێت، هیچ تاوانێکی لەسەر نەماوە تا لە دواڕۆژدا سزای بدات؛ چونکە هەر کەسێک لە دونیادا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا لە دواڕۆژدا لێپرسینەوەی سووک دەبێت. هەروەها یەکێک لە نیشانەکانی ویستنی خەراپە بۆ بەندە، ئەوەیە لە دونیادا پاداشتی ناداتەوە بە گوناهەکانی و سزای نادات، تاوەکوو لەڕۆژی دواییدا دێت، هەموو تاوانەکانی بەتەواوی لەسەرماوە، ئینجا خوای گەورە بەو شێوەیەی کە شایستەیە پاداشتی دەداتەوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە هاندانی تێدایە لەسەر ئارامگرتن لەسەر کارەساتەکان و ڕازیبوون بە قەدەر؛ چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی بەندەیە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- نیشانەی ئەوەی کە خوا خێر و چاکەی بۆ بەندەکەی دەوێت، ئەوەیە هەر لە دونیادا سزای تاوانەکەی بۆ پێش دەخات.

٢- نیشانەی ئەوەی کە خوا خەراپەی بۆ بەندەکەی دەوێت، ئەوەیە کە لە دونیادا سزای نادات بە هۆی تاوانەکەیەوە، هەتا لە ڕۆژی دواییدا سزای لەسەر دەدات.

٣- ترسان لەوەی کە لەشساغی و تەندرستی بەردەوام، نیشانەی شەڕ و خەراپە بێت.

٤- ئاگەداربوون لە گومانی باش بردن بە خوا و ئومێد پێبوونی لەو ناخۆشی و ناڕەحەتییانەی کە بڕیاری داوە لەسەری.

٥- جاری وایە مرۆڤ شتێکی پێناخۆشە، بەڵام چاکەی بۆ ئەو تێدایە، جاری واشە شتێکی پێخۆشە، بەڵام خەراپەی ئەوی تێدایە.

٦- هاندان لەسەر ئارامگرتن لەسەر بەڵا و موسیبەتەکان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئەتەکەی سوڕەتی (التَّغَابُن).

دووەم: ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکانی خوا، بەشێکە لە باوەڕبوون بە خوا.

سێیەم: قەدەغەکردنی تانەدان لە نەژاد و ڕەچەڵەک.

چوارەم: هەڕەشەی توند لەسەر ئەو کەسەی کە لە ڕوومەتی خۆی دەدات و یەخەی خۆی دادەدڕێت و شین و ڕۆڕۆی سەردمی نەفامی دەکات.

پێنجەم: نیشانەی ئەوەی کە خوا چاکەی بۆ بەندەکەی دەوێت.

شەشەم: نیشانەی ئەوەی کە خوا خەراپەی بۆ بەندەکەی دەوێت.

حەفتەم: نیشانەی خۆشەویستی خوا بۆ بەندە.

هەشتەم: حەرامکردنی ناڕازیبوون بە قەدەری خوا.

نۆیەم: پاداشتی ڕازیبوون بە بەڵا و تاقیکردنەوە.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي الرِّيَاءِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ڕیاییکردن

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەی موحەممەد، پێیان بڵێ: من تەنها وەک ئێوە مرۆڤێکم فریشتە نییم، یان خوا نییم، جیاوازیەکەم ئەوەیە کە لەلایەن خوای گەورەوە وەحیم بۆ دێت و کراوم بە پێغەمبەر، پەیامی منیش ئەوەیە کە پەرستراو و خوای ئێوە تەنها یەک خوایەکە و شەریکی نییە و تاک و تەنهایە}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ [الكهف: ١١٠]. واتە: جا هەر کەسێک بە ئومێدی گەیشتنە بە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت، بە سەری بەرز و بە ڕووی سپی کە باوەڕدارانن، با لە دونیادا کردەوەی چاک بکات، [واتە: لەسەر سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت و بیدعە نەبێت]، لە کاتی عیبادەت کردنیشی بۆ پەروەردگاری هیچ کەسێک نەکاتە شەریک بۆ خوای گەورە، [واتە: بۆ ڕیایی نەبێت و بە ئیخلاس و دڵسۆزییەوە کردەوەکانی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدات].

پەیوەندی باسی ئەو بەشە لە پەرتووکی یەکخواپەرستییدا: لەبەر ئەوەی ڕیابازیکردن کەموکوڕی لە تەوحیددا دروست دەکات، هەروەها هەڵوەشێنەرەوەی ئەو کردەوەیەشە کە ڕیایی تێدا کراوە، بۆیە وا گونجاوبوو کە دانەر لەو بەشەدا ئاگەداری لەسەر بدات.

الرياء: چاوگی (راءی مراءاة ورياء)ـەنە، ئەویش ئەوەیە کە مەبەستی بێت خەڵکی ببینن کەوا کارێک دەکات لەسەر شێوەیەک، بەڵام لەناخیدا شتێکی دیکە دەشارێتەوە.

قل: دواندن و پەیامەکە بۆ پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، واتە: بە خەڵکی بڵێ.

أنا بشر مثلكم: واتە: لە مرۆڤایەتیدا؛ هیچ بەشێکم لە پەروەردگاریەتی و پەرستراویەتیدا نییە.

أنما إلهكم إله واحد: واتە: پەرستراوی ئێوە بەڕاستی، ئەوەی کە بانگتان دەکەم بۆ پەرستنی، یەک پەرستراوە و هیچ هاوبەشێکی نییە.

يرجو لقاء ربه: واتە: لەو سەرەنجامە بترسێت کە بۆی دەگەڕێتەوە، هەروەها بە هیوای بینینی خواش بێت لە ڕۆژی دواییدا.

عملاً صالحاً: بریتییە لەوەی: موافیقی شەرعی خوا بێت و مەبەست پێی خوای گەورە بێت.

ولا يشرك بعبادة ربه: واتە: بە کردەوەکانی ڕیایی نەکات و بۆ بەرچاوی نەبێت.

أحداً: نەکێرەیە لە ڕستەی نەفیدا، بۆیە هەموو کەسێک دەگرێتەوە، جا هەر کەسێک بێت.

واتای کورتی ئایەتەکە: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکات، کەوا هەواڵ بە خەڵکی بدات ئەو مرۆڤێکە وەکوو ئەوان لە مرۆڤایەتیدا، هیچ شتێکی لە پەروەردگاریەتی و پەرستراویەتی نییە، بەڵکوو کاری ئەو تەنها گەیاندنی ئەو وەحییەیە کە خوا بۆی دەنێرێت، گرینگترین شتیش کە بە وەحی بۆی ناردبێت ئەوەیە کە پەرستراوی ڕاستەقینە، یەک پەرستراوە کە ئەویش (الله)یە، دروست نییە لەگەڵ ئەودا هیچ یەکێک بکرێتە هاوبەشی لە پەرستندا، هەر دەشبێ سەرەنجام بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو لە ڕۆژی دواییدا، بۆیە ئەو کەسەی کە بە هیوای

ڕزگاربوونە لەو ڕۆژەدا لە سزای خوا، خۆی بۆ ئامادە دەکات بە کردەوەی پاک و دوور لە شیرک و موافیقی ئەوەش بێت کە خوا داینناوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە فەرمانکردنی تێدایە بە ئەنجامدانی کردەوە بە دڵسۆزی و بەبێ شیرک، ئەو شیرکەی کە ڕیایی بەشێکە لەو.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی بنچینەی ئایین بریتییە لە: بەتاکدانانی خوا بە پەرستن.

٢- بێگومان ڕیایی، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان.

٣- ئەو شیرکەی کە لە هاوبەش بڕیاردەرەکاندا ڕووی دەدا، بریتیی بوو لە: هاوبەش بڕیاردان لە پەرستندا.

٤- دروست نییە لەگەڵ خوا هیچ یەکێک بپەرستریت، نە بتەکان و نە پێغەمبەران و نە پیاوچاکان و نە جگە لەوانیش.

* * *

.....

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- مَرْفُوعًا: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ مَعِي فِيهِ غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ».[1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

هەروەها لە ئەبوو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە بە مەرفووعی[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی:] "خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: من دەوڵەمەندترین و بێ پێویستترینی هاوبەشەکانم لە هاوبەش بۆ دانان، بۆیە هەر کەسێک کردەوەیەک بکات، لەو کردەوەیەدا لەگەڵ من کەسێکی دیکە بکاتە هاوبەشم، ئەوا واز لە خۆی و ئەو کردەوەیەش دێنم کە هاوبەشی تێدا بڕیار داوە".

ڕاڤەکردن

أنا أغنى الشركاء عن الشرك: واتە: بێنیازم لە هاوبەشی، هەر کەسێک بێت، هەروەها لەو کردەوەیەش کە هاوبەشی تێدایە.

أشرك معيَ فيه غيري: واتە: بە کردەوەکەی مەبەستی جگە لە من بێت، لە دروستکراوەکان.

تركته وشركه: واتە: کردەوەکەی لێ وەرناگرم، بەڵکوو وازی لێ دێنم بۆ ئەو کەسەی کە کردوویەتیە هاوبەشی من و لەپێناوی ئەودا کرووویەتی.

واتای فەرموودەکە بە کورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە پەروەردگاری گەورە و بەرزییەوە دەگێڕێتەوە -ئەمەیە کە پێی دەگوترێت فەرموودەی قودسی-: کەوا خوای گەورە بەرییە لەو کردەوەیەی کە هاوبەشی یەکێکی چۆتە ناو بە ڕیایی، یان

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٩٨٥"، وأحمد "٣٠١/٢، ٤٣٥"، وابن ماجه برقم "٤٢٠٢"، وابن خزيمة برقم "٩٣٨".

جگە لەو؛ چونکە خوای گەورە هیچ کردەوەیەک قەبوولّ ناکات، ئیللا ئەوە نەبێت کە بە دڵسۆزی بۆ ئەو ئەنجام بدرێت.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر قەبوولّ نەبوونی ئەو کردەوەیەی کە ڕیایی، یان جگە لەو لە جۆرەکانی شیرکی چۆتە ناو.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ئاگەداربوون لە هاوبەش بڕیاردان بە هەموو جۆرەکانییەوە؛ هەروەها ئەمە بەربەستێکە لە قەبوولّ بوونی کردەوە.

٢- واجیبیەتی ئەنجامدانی کردەوە بۆ خوا بە ئیخلاّس و دوور لە هەموو پیسی و گەندەڵی شیرک.

٣- وەسفکردنی خوا بە دەوڵەمەندی.

٤- وەسفکردنی خوا بە قسەکردن.

***

.....

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ مَرْفُوعًا: «أَلا أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي مِنَ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ؟». قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: «الشِّرْكُ الْخَفِيُّ؛ يَقُومُ الرَّجُلُ فَيُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ؛ لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ رَجُلٍ». رَوَاهُ أَحْمَدُ.(١)

هەروەها لە ئەبوو سەعیدەوە بە مەرفووعی گێڕدراوەتەوە[واتە: پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی:] "ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە شتێک کە لەلای من ترسناکترە لەسەر ئێوە لە مەسیحی دەججال؟". گوتیان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: "هاوبەشی بڕیاردانی شاراوە، پیاوێک هەڵدەستێت و نوێژ دەکات، ئینجا نوێژەکەی جوان دەکات و دەیڕازێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبینێت کە پیاوێک سەیری دەکات".

ڕاڤەکردن

أخوف: فیعلی تەفزیلە (پلەی باڵا)، واتە: ترسناکترین شت.

المسيح: خاوەنی فیتنە گەورەکە، بۆیەش پێی گوتراوە مەسیح؛ لەبەر ئەوەی چاوێکی سڕاوەتەوە، یان لەبەر ئەوەی زەوی مەسح دەکات، واتە: بەپەلە دەیبڕێت.

الدجال: ئەوەی دەجەلی زۆرە، واتە: درۆی زۆرە.

الشرك الخفي: بۆیە پێی گوتراوە شاراوە؛ چونکە خاوەنەکەی وای نیشان دەدات کە کردەوەکەی بۆ خوایە، بەڵام لەناخیدا مەبەستی پێی جگە لە خوایە.

يزيِّن صلاته: چاکی دەکات و درێژی دەکاتەوە و هاوشێوەی ئەمانە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: هاوەڵان باسی فیتنەی مەسیحی دەججالیان دەکرد و لێی دەترسان، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵی پێدان کەوا

---

١ - أخرجه ابن ماجه برقم "٤٢٠٤"، وأحمد في المسند ٣/٣٠.

شتێکی دیکە هەیە کە جێگای مەترسییە و دەترسێت تووشیان ببێت، زیاتر لە ترسی فیتنەی دەججال، ئەویش بریتییە لە هاوبەش بڕیاردان لە نیاز و مەبەست، ئەوەی کە بۆ خەڵکی دەرناکەوێت، پاشان لێکی دایەوە بە جوانکردنی کردەوە، ئەوەی کە دەبێت تەنها بۆ خوا ئەنجام بدرێت، ئەو لەپێناو دیتنی خەڵکی ئەنجامی دەدات.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە ئاگەدارکردنەوەی تێدایە لە ڕیایی، هەروەها ڕاڤە و لێکدانەوەی ڕیاییشی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- لە فەرموودەکەدا بەزەیی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی تێدایە لەسەر ئوممەتەکەی و ئامۆژگاریکردنی بۆیان.

٢- بە دڵنیایی ڕیایی ترسناکترە لەسەر پیاوچاکان، لە فیتنەی دەججال.

٣- وریابوون لە ڕیایی، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لە هاوبەش بڕیاردان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی کەهف.

دووەم: ئەو کارە گەورەیە، لە ڕەتکردنەوەی کردەوەی چاکە، ئەگەر شتێکی بۆ غەیری خوا تێکەڵ بوو.

سێیەم: باسی ئەو هۆکارەی وا پێویست دەکات کە کردەوەکە ڕەت بکرێتەوە، کە بریتییە لە تەواویەتی دەوڵەمەندی و بێنیازی خوا.

چوارەم: یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی کردەوە، بریتییە لەوەی؛ خوای گەورە باشترینی هاوبەشەکانە.

پێنجەم: ترسی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەسەر هاوەڵەکانی لە ڕووپامایی.

شەشەم: پێغەمبەر ڕیایی وا لێکدایەوە بەوەی پیاوێک نوێژ بکات بۆ خوا، بەڵام جوانی دەکات و دەیڕازێنێتەوە؛ لەبەر ئەوەی دەبینێت پیاوێک سەیری دەکات.

بَابٌ مِنَ الشِّرْكِ إِرَادَةُ الإِنْسَانِ بَعَمَلِهِ الدُّنْيَا

بەشی بەشێک لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا؛ ئەوەیە مرۆڤ مەبەستی بە کردەوەکەی دەستکەوتنی دونیا بێت

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ﴾ الآيَتَيْنِ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {هەر کەسێک لە دونیادا مەبەستی تەنها ڕازاوەیی و جوانی ژیانی دونیا بێت و بۆ دونیا بژێ، ئەوا کردەوەکانیان بەتەواوی پێ دەدەین و دونیایان بۆ دەڕازێنینەوە و دەستیان دەخەین، لە دونیادا وایان لێ دەکەین کە هیچ شتێکیان کەم نەبێ لە ڕزق و ڕۆزی و لەشساغی و هێمنی و ئارامی}.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

ئایەتی دووەم وتەی خوای گەورەیە: ﴿أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ [هود: ١٥، ١٦]. واتە: بەڵام ئەو کەسانە لە ڕۆژی دواییدا جگە لە ئاگری دۆزەخ، هیچ شتێکی تریان بۆ نییە؛ لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ دونیا ژیاون و قیامەتیان نەویستووە، ئەگەر کردەوەیەکی چاکیشیان کردبێت بۆ مەبەستی دونیا و ناوبانگ، هەمووی بەتاڵ و پووچەڵ دەبێتەوە.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ئەو بەشە ڕوونی دەکاتەوە کە کردەوە لەپێناوی دونیادا هاوبەشە بڕیاردانە و پێچەوانەی تەواویەتی یەکخواپەرستییە، هەروەها کردەوەش پووچەڵ دەکاتەوە، ئینجا جیاوازیشی لەگەڵ بەشی پێشوودا ئەوەیە: ئەوەیان کردەوە کردنە لەپێناو بەدەستهێنانی دونیا، بەڵام ئەوەی بۆ ڕیایی کار دەکات، کارەکەی تەنها لەپێناو ستایشکردن و بەباشە باسکردنە.

يريد الحياة الدنيا وزينتها: واتە: مەبەستی بە کردەوەکەی پاداشتی دونیا و سامانەکەی بێت.

نوَفِّ إليهم: پاداشتی کردەوەکانیان دەدەینەوە بە لەشساغی و دڵخۆش بوون بە کەس و کار و سامان و منداڵ.

لا يُبخسون: لێیان کەم ناکات.

ليس لهم في الآخرة إلا النار: لەبەر ئەوەی تەنها لەپێناو ژیانی دونیادا کردەوەیان کردووە.

وحبِط: پووچەڵ دەبێتەوە.

ما صنعوا فيها: لەدواڕۆژدا هیچ پاداشتیان بۆ نییە لەسەر کردەوەکانیان؛ چونکە مەبەستیان پێی دواڕۆژ نەبوو.

واتای دوو ئایەتەکە بە کورتی: هەر کەسێک مەبەست و داواکارییەکەی دونیا بێت و بە کردەوەکانی مەبەستی دونیا بێت و ئاوڕ لە دواڕۆژ نەداتەوە، ئەوا خوای گەورە لە دونیادا بە چاکەکانی پاداشتی دەداتەوە -ئەگەر خوا بیەوێت- هەروەکوو لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاء لِمَن نُّرِيدُ﴾ الآية [الإسراء: ١٨]. واتە: {هەر کەسێک لە ژیانیدا مەبەستی دونیا بێت و بۆ دونیا هەوڵ بدات، ئەوە ئێمەش بۆ هەر کەسێک کە ویستمان لێ بێت و بمانەوێت بۆی پێش دەخەین و لە دونیادا پاداشتی دەدەینەوە}. پاشان کە دەچێتە دواڕۆژ، هیچ چاکەیەکی نییە کە بە هۆیەوە پاداشت بدرێتەوە.

پەیوەندی باسکردنی دوو ئایەتەکە لەو بەشەدا: هەردوو ئایەتەکە حوکمی ئەو کەسەیان ڕوونکردۆتەوە کە مەبەستی بە کردەوەکانی دونیا و سەرەنجامەکەی بێت، لە دونیا و دواڕۆژدا.

ئەو سوودانەی لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- دوو ئایەتەکە ئەوەیان تێدایە، کە هاوبەش بڕیاردان بەتاڵکەرەوەی کردەوەکانە، هەروەها مەبەستبوونی دونیا و ڕازاوەییەکەی بە کردەوە، بەتاڵکەرەوەیە بۆ کردەوە.

٢- دوو ئایەتەکە ئەوەیان تێدایە؛ کە جاری وایە کافر و ئەو کەسەشی کە مەبەستی بە کردەوە چاکەکانی دونیایە، خوای گەورە لە دونیادا پاداشتییان دەداتەوە و لە دواڕۆژدا هیچ چاکەیەکیان نامێنێت، تاوەکوو بەهۆیەوە پاداشتیان بداتەوە.

٣- دوو ئایەتەکە هۆشیارکردنەوەیەکی تونديان تێدایە بۆ مەبەست بوونی دونیا بە کردەوەی دواڕۆژ.

٤- دوو ئایەتەکە هاندانیان تێدایە لەسەر مەبەستبوونی دواڕۆژ بە کردەوە چاکەکان.

* * *

.....

فِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ، تَعِسَ عَبْدُ الدِّرْهَمِ، تَعِسَ عَبْدُ الْخَمِيصَةِ، تَعِسَ عَبْدُ الْخَمِيلَةِ، إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ، وَإِنْ لَمْ يُعْطَ سَخِطَ، تَعِسَ وَانْتَكَسَ، وَإِذَا شِيكَ فَلَا انْتَقَشَ، طُوبَى لِعَبْدٍ آخِذٍ بِعِنَانِ فَرَسِهِ فِي سَبِيلِ اللهِ، أَشْعَثَ رَأْسُهُ، مُغْبَرَّةٍ قَدَمَاهُ، إِنْ كَانَ فِي الْحِرَاسَةِ كَانَ فِي الْحِرَاسَةِ، وَإِنْ كَانَ فِي السَّاقَةِ كَانَ فِي السَّاقَةِ، إِنِ اسْتَأْذَنَ لَمْ يُؤْذَنْ لَهُ، وَإِنْ شَفَعَ لَمْ يُشَفَّعْ».[1]

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەبوو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "دەک بەندەی دینار لەناوچێت! دەک بەندەی درهەم لەناوچێت! دەک بەندەی پۆشاکی ئاوریشم لەناوچێت! دەک بەندەی پۆشاکی قەدیفە لەناوچێت! ئەگەر پێی بەخشرا، ڕازی دەبێت، ئەگەریش پێی نەبەخشرا، ناڕازی و تووڕە دەبێت، دەک لەناوچێت و سەرەوژێر بێت و بە دەمدا بکەوێت، هەروەها ئەگەر دڕکێک بەگیانیدا چوو، نەتوانێت دەری بێنێت، بەختەوەری و بەهەشت بۆ ئەو بەندەیەی کە هەمیشە ئامادەیە و جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە بۆ تێکۆشان لەپێناوی خوادا، سەروپرچی گڤ و ئاڵۆز بووە، پێیەکانیشی تۆزاوی بوونە، ئەگەر لە پاسەوانی[بەشی پێشەوەی سوپا] دابنرێت، ئەوا پاسەوانی دەکات بەبێ کەمتەرخەمی، ئەگەریش لە بەشی دواوەی سوپا دابنرێت، ئەوا دەچێتە دواوەی سوپا و کارەکەی بە جوانی جێبەجێ دەکات، ئەگەر مۆڵەت بخوازێت بۆ چوونە لای ئەمیرەکان، ئەوا مۆڵەتی پێ نادرێت، ئەگەریش تکا بکات، ئەوا تکاکەی وەرناگیرێت".

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٨٨٧".

ڕاڤەکردن

في الصحيح: واتە: سەحیحی بوخاری.

تعس: بە کەسرەی عەینەکە واتە: کەوت، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی: لەناوچوو.

الخميصة: پۆشاکی ئاوریشمە، یان خوری نیشانەدارە، لە کۆندا پۆشاکی خەڵکی بووە.

الخميلة: بە فەتحەی خائەکە واتە: قەدیفە[پارچەیەکی چنراوی لووسی تووکنە].

انتكس: واتە: نەخۆشی دووبارە بۆی بگەڕێتەوە. گوتراویشە: سەرەوژێر بێت، ئەمە: دوعا لێکردنیەتی بە سەرنەکەوتن و بەدەست نەهێنانی هیوا و ئاوات.

شِيك: دڕکێکی تێڕاچوو.

فلا انتقش: نەتوانێت دەری بێنێت بە مەقاش(مووکێش).

طوبى: ناوی بەهەشتە، یان دارێکە لە بەهەشت.

عنان: بە کەسرەی عەینەکە واتە: قایشی لغاو(جڵەو).

في سبيل الله: واتە: جیهادکردن لەدژی هاوبەش بڕیاردەرەکان.

أشعث رأسُه: سیفەت(ئاوەڵناو)ـە بۆ (عبد)، مەجرووڕە بە فەتحە لەجیاتی کەسرە؛ چونکە (ممنوع من الصرف)ـە، واتە: کەسرە و تەنوینی ناچێتە سەر، وشەی (رأسه)ش بکەرە و واتاکەشی: قژی سەری گڤ و ئاڵۆزە؛ جیهادکردن سەرقاڵی کردووە لە چەورکردن و داهێنانی پرچ و موومکانی.

مغبرّة قدماه: ئاوەڵناوی دووەمە بۆ (عبد)، وشەی (قدماه)ش بکەرە، واتە: تۆز و خۆڵی پێوە لکاوە، بەپێچەوانەی ئەوانەی لە خۆشی و نازونیعمەتدا دەژین.

الحراسة: بە کەسرەی حائەکە واتە: پارێزگاری لە سوپا دەکات، بەبێ کەمتەرخەمی و بێئاگایی.

في الساقة: واتە: لەکۆتایی سوپا دەبێت؛ لەبەر ئەوەی نەفسی خۆی دەگۆڕێت و ئالۆگۆڕێ پێ دەکات و تەرخانی کردووە بۆ بەرژەوەندی جیهاد.

إن استأذن: واتە: بۆ چوونە لای فەرمانڕەواکان.

لم يُؤذن له: چونکە لەلای ئەوان هیچ ڕێزێکی نییە؛ لەبەر ئەوەی مەبەستی ئەوە نییە کە بە کردەوەکانی دونیا بەدەست بێنێت و خۆی نزیک بکاتەوە لە فەرمانڕەواکان.

وإن شفع: واتە: ئەگەر بارودۆخ ناچاری بکات، بۆ ئەوەی نێوەندگیری بکات لە کارێک کە خوا و پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشە، لە جێبەجێکردنی پێداویستی خەڵکی.

لم يشفع: بە فەتحە و شەددەی فائەکە، واتە: تکاکردنەکەی لەلای فەرمانڕەواکان و هاوشێوەکانیان وەرناگیرێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا حاڵی دوو پیاو باس دەکات و وێنای دەکات: یەکێکیان داواکاری دونیایە، ئەوەی دیکەشیان داواکاری دواڕۆژە؛ جا داواکاری دونیا بۆتە بەندەی دونیا، ڕازی دەبێت و تووڕەش دەبێت تەنها لەبەر دونیا، ئینجا دەرحەق بەوەیان دوعای لێکرد بە دەربڕینی هەواڵی: "تعس وانتكس وإذا شيك فلا انتقش" واتە: ئەگەر خەراپەیەکی تووش بوو، لێی دەرنەچێت و ڕزگاری نەبێت؛ بۆیە نە داواکراوەکەی بەدەست هێنا، نە ڕزگاریشی بوو لەوەی کە لێی دەترسا، هەروەها بۆتە بەندەی هەواوئارەزووەکانی؛ هیچ پەیوەندییەکیشی بە پەروەردگارییەوە نییە، تاوەکوو بەهۆیەوە ڕزگاری بکات لەوەی کە تێیکەوتووە. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- حاڵی بەندەیەکی خوای ڕاستگۆی ڕوون کردەوە، کە هەوڵ دەدات بۆ ڕازیکردنی خوا و دوور دەکەوێتەوە لەو شتانەی دەبێتە هۆی تووڕە بوونی خوا، ئارام دەگرێت لەسەر ناڕەحەتی بەڵا و ماندووبوون؛ هەروەها ئەو پیاوە یەکلایی نەبۆتەوە بۆ خۆشی و ڕابواردن و بەدەستهێنانی ئارەزووەکانی، لەبەردەم خەڵکیش خۆی دەرنەخستووە؛ هەتا لەلایان ناسرا بێت و بووبێتە خاوەن ڕێز و شکۆ لەلایان؛ لەبەر ئەوەی بە کردەوەکانی

مەبەستی دونیا و بەدەستهێنانی پلەوپایە نەبووە، بەڵکوو مەبەستی خوای گەورە و بەهەشت بووە؛ بۆیەش پاداشتەکەی بەهەشتە، یان داڕێکە لە بەهەشت.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە سەرزەنشتکردنی کارکردن لەپێناوی دونیای تێدایە، هەروەها ستایشکردنی کردەوەکردن لەپێناو دواڕۆژی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- سەرزەنشتکردنی کارکردن لەپێناوی دونیادا و ستایشکردنی کارکردن لەپێناوی دواڕۆژ.

٢- فەزڵ و گەورەیی خۆبەکەمزانین.

٣- گەورەیی تێکۆشان لەپێناوی خوای گەورەدا.

٤- سەرزەنشتکردنی ڕابواردن و ژیانی پڕ لە نازونیعمەت و ستایشکردنی ژیانی سەختی و پیاوەتی و بەهێزی؛ چونکە ئەمە یارمەتی دەرە لەسەر تێکۆشان لەپێناوی خوادا.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: باسی داواکردنی دونیا لەلایەن مرۆڤەوە، بە کردەوەی دواڕۆژ.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی هوود.

سێیەم: ناونانی مرۆڤی موسڵمان، بە بەندەی دینار و درەم و پۆشاک.

چوارەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو بەندایەتییە، بەوەی ئەگەر پێی ببەخشرێت، ڕازی دەبێت، ئەگەریش پێی نەدرێت، ناڕازی و تووڕە دەبێت.

پێنجەم: واتای وتەی پێغەمبەر: «تَعِسَ وَانْتَكَسَ».

شەشەم: واتای وتەی پێغەمبەر: «وَإِذَا شِيكَ فَلَا انْتَقَشَ».

حەفتەم: بەچاکە باسکردنی موجاهیدی وەسفکراو بەو سیفاتانە.

❁❁❁

بَابُ مَنْ أَطَاعَ الْعُلَمَاءَ وَالأُمَرَاءَ فِي تَحْرِيمِ مَا أَحَلَّ اللهُ، أَوْ تَحْلِيلِ مَا حَرَّمَهُ؛ فَقَدِ اتَّخَذَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللهِ

بەشی هەر کەسێک گوێڕایەڵی زانایان و فەرمانڕەوایان بکات لە حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە، یان حەڵاڵکردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە؛ ئەوە بە دڵنیایی ئەوانی کردۆتە پەروەردگار جگە لە خوا

وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: «يُوشِكُ أَنْ تَنْزِلَ عَلَيْكُمْ حِجَارَةٌ مِنَ السَّمَاءِ، أَقُولُ: قَالَ رَسُولُ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، وَتَقُولُونَ: قَالَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَر!».

پێشەوا ئیبن عەببباس فەرموویەتی: "نزیکە لە ئاسمانەوە بەرد بەسەرتاندا ببارێت، لەبەر ئەوەی من دەڵێم: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی، بەڵام ئێوە دەڵێن: ئەبوو بەکر و عومەر فەرموویانە!".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی باسکردنی ئەو بەشە لە پەرتووکی یەکخواپەرستیی: لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵیکردن، یەکێکە لە جۆرەکانی پەرستش؛ بۆیە دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بەو بەشە هۆشیاری دەدات لەسەر واجیبیەتی تایبەتکردنی بەدیهێنەری بەرز و بڵند پێیەوە، هەروەها هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان گوێڕایەڵی ناکرێت، ئیللا ئەگەر گوێڕایەڵی کردنی لە جگە لە سەرپێچی خوای گەورەدا بوو.

أرباباً: واتە: هاوبەش لەگەڵ خوا لە یاسادانانداً.

قال ابن عباس ... إلخ: واتە: ئەمەی بە کەسێک فەرموو کە دەربارەی (متعة الحج) مشتومڕی لەگەڵ دەکرد، ئیبن عەببباس فەرمانی پێ دەکرد؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر -

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمانی پێ کردووە، بۆیە کەسی سەرپێچیکار بەڵگەی بە قەدەغەکردنی ئەبوو بەکر و عومەر دەهێنایەوە دەربارەی (متعة الحج)، بەڵام ئیبن عەببباس بەڵگەی بە سوننەتی پێغەمبەری خوا دەهێنایەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

. [متعة الحج: واتە: ئیحرام بە تەنها بۆ عومرە ببەستێت لە مانگەکانی حەجدا، ئینجا دوای تەواوکردنی عەمرەکەی ئیحرامەکەی بشکێنێت، دوایی ئیحرام ببەستێتەوە بۆ حەج].

یوشك: نزیکە و بەپەلەیە.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: ئیبن عەببباس -ڕەزای خوایان لێبێت- چاوەڕوانی ئەوە دەکات، کە خوای گەورە لە ئاسمان سزایەکی بەپەلەی خەراپ بنێرێتە خوارەوە بۆ سەر ئەو کەسەی کەوا قسەی ئەبوو بەکر و عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- پێش دەخات بەسەر قسەی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، چونکە باوەڕهێنان بە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، وا دەخوازێت کە دەبێت شوێنی بکەوین و قسەی بەپێش قسەی هەموو کەسێک بخەین، جا هەر کەسێک بێت.

پەیوەندی باسکردنی ئەو ئەسەرە لەو بەشەدا: ئەسەرەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی گوێڕایەڵی کردنی زانایان و فەرمانڕەوایان، لەو شتەدا کە پێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هەروەها ئەمە هۆکاری پێویست بوونی سزایە.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی پێشخستنی وتەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بەسەر قسەی هەموو کەسێک.

٢- بێگومان سەرپێچیکردنی ڕێبازی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، سزا پێویست دەکات.

* * *

.....

وَقَالَ أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ: «عَجِبْتُ لِقَوْمٍ عَرَفُوا الإِسْنَادَ وَصِحَّتَهُ؛ يَذْهَبُونَ إِلَى رَأْيِ سُفْيَانَ؛ وَاللهُ تَعَالَى يَقُولُ: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ﴾ [النور: ٦٣]، أَتَدْرِي مَا الْفِتْنَةُ؟ الْفِتْنَةُ: الشِّرْكُ؛ لَعَلَّهُ إِذَا رَدَّ بَعْضَ قَوْلِهِ أَنْ يَقَعَ فِي قَلْبِهِ شَيْءٌ مِنَ الزَّيْغِ فَيَهْلِكَ».

هەروەها پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: "سەرم سوڕماوە لە خەڵکانێک کە سەنەدی فەرموودە و سەحیییەکەی دەزانن، بەڵام دەچن شوێن بۆچوونی سوفیان دەکەون، خوای گەورەش دەفەرموێ: {ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەکەن، با ئاگادار بن، لەبەر ئەوەی بەهۆی بێ فەرمانیکردنی پێغەمبەری خوا تووشی فیتنە دەبن}، ئایا دەزانی فیتنە چییە[ئەوەی لێرە باسکراوە]؟ فیتنە: هاوبەش بڕیاردانە، لەوانەیە ئەو کەسە ئەگەر هێندێک لە قسەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ڕەتبکاتەوە، شتێک لە لادان و گومڕایی لە دڵیدا دروست ببێت، دواجار بە هۆی ئەمەوە لەناو بچێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەکان:

١- **أحمد:** پێشەوا ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنبەلە، ساڵی (٢٤١)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٢- **سفيان:** باوکی عەبدوڵڵا، سوفیانی کوڕی سەعیدی سەوریە، پێشەوای دونیانەویست و خواپەرست، جێمتمانە و شەرعزانە، ساڵی (١٦١)ـی وەفاتی کردووە.

قال أحمد: واتە: کاتێک پێی گوترا: خەڵکانێک واز لە فەرموودە دەهێنن و بەرەو بۆچوونی سوفیان، یان جگە لەو لە شەرعزانەکان دەچێت و وەریدەگرێت.

عرفوا الإسناد وصحته: واتە: سەحیحیەتی سەنەدی فەرموودەیان زانی؛ لەبەر ئەوەی سەحیحیەتی سەنەد، بەڵگەیە لەسەر سەحیحیەتی فەرموودە.

یخالفون عن أمره: واتە: فەرمانی خوای گەورە، یان پێغەمبەر-صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم، کارەکەش بە "عن" تێپەڕییە؛ چونکە واتای پشتێکردن لەخۆ دەگرێت.

أن تصیبهم فتنة: بەڵا و تاقیکردنەوە لە دونیادا.

أو یصیبهم عذاب ألیم: لە دواڕۆژدا.

لعله: واتە: ئەو مرۆڤەی کە سەحیحیەتی فەرموودەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی لەلا ڕوون دەبێتەوە، لەوانەیە.

إذا رد بعض قوله: واتە: ئەگەر هێندێک وتەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕەتبکاتەوە.

من الزیغ: واتە: لادان لە حەق و خەراپبوونی دڵ.

واتاکەی بەکورتی: پێشەوا ئەحمەد نکووڵی لەو کەسە دەکات کە فەرموودەی سەحیح لە پێغەمبەری خواوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەناسێت، دوای ئەوە تەقلیدی سوفیان، یان جگە لەو دەکات، لە شتێکدا کە پێچەوانەی فەرموودەیە، ئینجا بیانووش دێنێتەوە بە چەند بیانوویەکی پووچ؛ بۆ ئەوەی کردەوەکەی خۆی پینە بکات. لەگەڵ ئەوەی کە واجیبە لەسەر باوەڕدار، ئەگەر کیتابی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێگەیشت و واتاکەشی زانی، جا لە هەر شتێکدا بێت، ئەوا دەبێت کاری پێ بکات، ئەگەر هەر کێیەکیش سەرپێچی بکات، بەو شێوەیە پەروەردگارمان فەرمانی پێ کردووین، هەروەها پێغەمبەرمان -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمانی پێ کردووە، پاشان پێشبینی مەترسییەک دەکات لەسەر ئەو کەسەی کە سوننەتی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی لەلا سەحیح بێت، ئینجا

سەرپێچی لە هێندێکی بکات، دەترسێت کە ئەو کەسە دڵی لە حەق لابدات و بەو هۆیەشەوە لە دونیا و دوارۆژ تیابچێت، بۆ ئەمەش بەڵگە بەو ئایەتە دێنێتەوە کە باسکرا، هاوشێوەکانیشی لە قورئاندا زۆرن، وەکوو فەرمایشی خوای گەورە: ﴿فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللهُ قُلُوبَهُمْ﴾ [الصف: ٥] . واتە: کاتێک لە شوێنکەوتنی حەق لایاندا، بەوەی ئازاری پێغەمبەرەکەیاندا، خوای گەورەش زیاتر دڵیانی لەسەر حەق و هیدایەت لادا.

پەیوەندی باسکردنی ئەو ئەسەرە لەو بەشەدا: ئاگەدارکردنەوە لە تەقلیدکردنی زانایان، بەبێ بەڵگە و وازهێنان لە کارکردن بە قورئان و سوننەت، کە ئەمە هاوبەش بڕیاردانە لە گوێڕایەڵی کردندا.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی تەقلیدکردن؛ بۆ ئەو کەسەی کە بەڵگە و چۆنیەتی بەڵگەهێنانەوە دەزانێت.

٢- دروستیەتی تەقلیدکردن بۆ کەسێک کە بەڵگە نازانێت؛ بەوەی تەقلیدی کەسێک بکات لە زانایان کە متمانەی بە زانست و ئایینەکەی هەبێت.

* * *

.....

عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقْرَأُ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللهِ﴾ الآيَة، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: إِنَّا لَسْنَا نَعْبُدُهُمْ، قَالَ: «أَلَيْسَ يُحَرِّمُونَ مَا أَحَلَّ اللهُ فَتُحَرِّمُونَهُ، وَيُحِلُّونَ مَا حَرَّمَ اللهُ فَتُحِلُّونَهُ؟»، فَقُلْتُ: بَلَى، قَالَ: «فَتِلْكَ عِبَادَتُهُمْ».[1] رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَحَسَّنَهُ.

لە عەدیی کوڕی حاتەمی تائی -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە، کەوا گوێی لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بووە ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە: {جوولەکەکان و گاورەکان زانا و خواپەرستەکانیان کردبوو بە پەروەردگار و خوا و لە غەیری خوای گەورە دەیانپەرستن}، دەڵێت: منیش پێم گوت: ئێمە نەمان دەپەرستن، فەرمووی: "ئایا ئەوەی خوا حەڵاڵی کردبوو، ئەوان حەرامیان نەدەکرد و ئێوەش بە حەرامتان دەزانی؟ ئەوەشی خوا حەرامی کردبوو، ئەوان حەڵاڵیان نەدەکرد و ئێوەش بە حەڵاڵتان دەزانی؟" منیش گوتم: بەڵی، فەرمووی: "دەی ئەوەیە پەرستنیان".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەکان:

عدي: عەدیی کوڕی حاتەمی تائییە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، ئیسلامەتییەکەی چاک بوو.

اتخذوا: وایان لێکرد.

أحبارهم: زانایانی جوولەکە.

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم "٣١٠٤"، وذكره ابن كثير في تفسيره "٤٥٨/٢"، وعزاه إلى أحمد والترمذي وابن جرير. وقال الترمذي: هذا حديث غريب.

ورهبانهم: خواپەرستی جوولەکەکان.

أرباباً من دون الله: چونکە شوێنیان کەوتن لە حەڵاڵکردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە و حەرامکردنی ئەوەشی خوا حەڵاڵی کردووە.

أليس يحرمون...إلخ: ئەمە ڕوونکردنەوەی واتای کردنیانە بە خوا و پەروەردگار.

واتاکەی بە کورتی: کاتێک ئەو هاوەڵە گەورەیە گوێی لە خوێندنەوەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بوو بۆ ئەو ئایەتە، کەوا هەواڵ دەدات دەربارەی جوولەکە و گاورەکان: بەوەی ئەوان زانا و خواپەرستەکانی خۆیان کردبووە خوا، یاسایان بۆ دادەنان کە پێچەوانەی یاسای خوای گەورە بوو، ئەوانیش لەو شتەدا گوێڕایەڵییان دەکردن، بەڵام ئەو هاوەڵە واتای ئایەتەکەی لەلا بووە کێشە؛ لەبەر ئەوەی وای گومان دەبرد کە پەرستش کورت بۆتەوە لە سوژدە و هاوشێوەکانی. بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆی ڕوون کردەوە کە بەشێک لە پەرستنی زانا و خواپەرستەکان بریتییە لە: گوێڕایەڵیکردنیان لە حەڵاڵکردنی حەرام و حەرامکردنی حەڵاڵ، بەپێچەوانەی حوکمی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: بە دڵنیایی گوێڕایەڵیکردنی دروستکراو لە سەرپێچیکردنی خوا، پەرستنێکە بە جگە لە خوا، بەتایبەتی لە دانانی حوکمەکان و دانانی ئەو یاسایانەی کە پێچەوانەی حوکمی خوان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بێگومان گوێڕایەڵیکردنی زانایان و جگە لەوانیش لە دروستکراوەکان لە گۆڕینی حوکمەکانی خوا -ئەگەر هاتوو کەسە گوێڕایەڵەکە، دەیزانی پێچەوانەن بۆ شەرعی خوا- ئەوا شیرکی گەورەیە.

٢- بە دڵنیایی حەڵاڵکردن و حەرامکردن؛ مافی خوای بەرز و بڵندە.

٣- ڕوونکردنەوەی جۆرێک لە جۆرەکانی شیرک، کە بریتییە لە شیرکی گوێڕایەڵیکردن.

٤- دروستیەتی و هاندان لەسەر فێرکردنی کەسی نەزان.

٥- بێگومان واتای پەرستن فرەوانە؛ هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە خوا پێی خۆشە و پێی ڕازییە، لە قسە و کردەوەکان، ئاشکرا و شاراوەکان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (النُّور).

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (بَرَاءَة).

سێیەم: ئاگەدارکردنەوە لە واتای پەرستن، ئەوەی کە عەدی نکوولّی لێ کرد.

چوارەم: نموونە هێنانەوەی ئیبن عەبباس بە ئەبوو بەکر و عومەر، هەروەها نموونە هێنانەوەی ئەحمەد بە سوفیان.

پێنجەم: گۆڕانی بارودۆخەکان تاوەکوو ئەو سنوورە، هەتا وای لێ هاتووە لەلای زۆرینەی خەڵکی پەرستنی خواپەرستەکان[پیاوچاکەکان]، بریتییە لە چاکترینی کردەوەکان و ناویشیان لێ ناوە ویلایەت، هەروەها پەرستنی زاناکانیش[کە بریتییە لە وەرگرتنی قسەکانیان بە ڕەهایی و شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی کردنیان]، بریتییە لە زانست و تێگەیشتن لە ئایین، پاشان بارودۆخەکە گۆڕا، تا وای لێهات کەسانێک پەرستران کە لە پیاوچاکان نیین، هەروەها کەسانێکیش بە واتای دووەم پەرستران[گوێڕایەڵییانکرا و قسەیان وەرگیرا]، کە لە چیینی نەزانەکان بوون.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا...﴾ الآيَاتِ.

بەشی وتەی خوای گەورە: {ئایا نابینی ئەوانەی کە بە گومانی خۆیان دەڵێن: ئەی موحەممەد، ئیمانمان هێناوە بەو قورئانەی کە بۆ تۆ دابەزیوە و بەو کیتابانەی تریش کە لە پێش تۆدا دابەزیون، لە کاتێکدا کە دەیانەوێ حوکمـ و بڕیار ببەن بۆ لای تاغووت و فاڵچییەکان و ئەوانەی کە حوکمـ بە غەیری قورئانی پیرۆز دەکەن، لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە لە هەموو کتێبە ئاسمانیەکاندا کە کوفر بکەن بە هەموو تاغووتێک، شەیتانیش دەیەوێ گومڕایان بکات و لە ڕێگای ڕاست دووریان بخاتەوە، بە گومڕاکردنێکی زۆر دوور}.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکان: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ۞ فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآؤُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ إِحْسَانًا وَتَوْفِيقًا﴾ [النساء: ٦٠- ٦٢]. واتە: هەروەها کاتێک کە بانگیان بکەیت و پێیان بڵێیت وەرن بۆ لای ئەو قورئانە پیرۆزەی کە خوای گەورە دایبەزاندوە، وەرن بۆ لای پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-؛ با حوکم و بڕیار لە نێوانتاندا بکات، دەبینی مونافیقان پشتت تێ دەکەن و ڕا دەکەن لەوەی کە حوکم بێننەوە بۆ لای قورئان و بۆ لای پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-. ئەی کاتێک کە تووشی بەڵا و موسیبەتێک دەبن بەهۆی کردەوە خراپەکانی خۆیانەوە وەک

ئەوەی کە حوکم دەبەن بۆ لای تاغووتەکان، پاشان دێن بۆ لای تۆ ئەی موحەممەد -صلی الله علیه وسلم-، سوێند دەخۆن بە خوای گەورە، کە ئێمە حوکممان بردووە بۆ لای تاغووتەکان، یان بۆ لای غەیری تۆ؛ تەنها مەبەستمان چاکە بووە و مەبەستمان ئەوە بووە کە بگەینە ڕێککەوتن، نەک مەبەستمان سەرپێچیکردنی تۆ بێت.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بەو بەشە هۆشداری دەدات لەسەر ئەوەی، کە تەوحید ئەوە لەخۆ دەگرێت و وا دەخوازێت پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەبابەتە کێشەلەسەرەکان بکرێتە دادوەر؛ چونکە ئەوە لە داخوازی دوو شایەتییەکەیە، بۆیە هەر کەسێک شایەتومان دەربڕێت، پاشان لابدات و جگە لە پێغەمبەر بکات بە دادوەر؛ ئەوە بێگومان درۆی کردووە لە شایەتییەکەی.

ألم تر: پرسیاری سەرسوڕمان و نکوولێکردنە.

يزعمون أنهم آمنوا ... إلخ: واتە: بانگەشەی ئیمان دەکەن بەوە، لەکاتێکدا درۆ دەکەن.

أن يتحاكموا: واتە: ناکۆکییان دەبێت.

إلى الطاغوت: لەسنوور دەرچوونێکی زۆرە، لێرەشدا مەبەست پێی کەعبی کوڕی ئەشرەفی جوولەکەیە، بەڵام هەموو کەسێکیش دەگرێتەوە کە حوکم بکات بە جگە لەوەی خوا دایبەزاندووە.

أن يكفروا به: واتە: گوێڕایەڵێکردنی تاغووت نەکەن.

ويريد الشيطان: بەوەی فەرمانیان پێ دەکات و بۆیان دەڕازێنێتەوە کە حوکم بەبەنەوە لای تاغووتەکان.

أن يضلهم: ڕێگەیان لێ دەگرێت لە گرتنەبەری ڕێگەی ڕاستی و ڕێنمایی.

ضلالاً بعيداً: لایان دەدا بە لادانێکی دوور.

إلى ما أنزل الله: واتە: لە قورئاندا لە حوکمکردن لەنێوانی خەڵکیی.

وإلى الرسول: بۆ ئەوەی حوکم لەنێواندا بدات لەو شتەی کە ناکۆکن تێیدا.

رأيت المنافقين: واتە: ئەوانەی کە بانگەشەی ئیمان دەکەن، بەڵام درۆ دەکەن.

يصدون: پشت هەڵدەکەن، لە شوێنی نەسبە لەسەر حال.

عنك: بۆلای جگە لە تۆ.

صدوداً: چاوگ(مەسدەر)ی "صدّ"یە، یان ئیسمی مەسدەرە.

فكيف: واتە: حاڵیان چۆن دەبێت؟ چی دەکەن؟

إذا أصابتهم مصيبة: ئەگەر سزایان بۆ بێت، وەکوو کوشتن و هاوشێوەکانی.

بما قدمت أيديهم: واتە: بە هۆی حوکم بردنەوە لای غەیری تۆ و ڕازی نەبوون بە حوکمی تۆ، ئایا دەتوانن لێی ڕابکەن؟

ثم جاءوك: بۆ بیانوو هێنانەوە، کاتێک تووش دەبن، مەعتووفە لەسەر (أصابتهم)، لەسەر (يصدون)ـە.

إن أردنا: واتە: بە حوکم بردنەوە لای جگە لە تۆ مەبەستمان نەبووە.

إلا إحساناً: واتە: چاکسازی لەنێوانی خەڵکی.

وتوفيقاً: ئاشتی و پێکهاتن لەنێوانی دوو دوژمن، مەبەستمان سەرپێچی تۆ نەبووە.

واتايەکی کورت بۆ ئايەتەکان: خوای گەورە نکوولّی لەو کەسە دەکات کە بانگەشەی ئیمان دەکات بەوەی خوا دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەرەکەی و پێغەمبەرانی پێش ئەویش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، حوکم بباتەوە لای غەیری کیتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، هەروەها حوکم دەباتەوە لای تاغووت، ئەوەی خوا فەرمانی بە بەندە باوەڕدارەکانی کردووە کە کوفری پێ بکەن؛ بەڵام شەیتان دەیەوێت کە ئەوانەی حوکم دەبەنەوە لای تاغووتەکان، گومڕایان بکات و لایان بدات لە ڕێگای هیدایەت و ڕاستی و دووریان بخاتەوە لێی، ئەگەر ئەوانە بانگیش بکرێن بۆ حوکم بردنەوە بۆلای کیتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، ئەوا پشت هەڵدەکەن؛ پشتهەڵکردنی خۆبەگەورەزانین و ڕازی نەبوون، جا دەبێت حاڵ و کردەوەیان چۆن بێت ئەگەر بەڵا و موسیبەت دابەزیبە سەریان و بۆ ئەو بابەتەش پێویستییان بە پێغەمبەر بوو؟! تاوەکوو بۆیان لەخوا بپارێتەوە و کێشەکەیان

بۆ چارەسەر بکات بۆیە دێنە لای و بیانوو دێننەوە لەوەی ئەنجامیان داوە، کە مەبەستیان سەرپێچی ئەو نەبووە لە لادانیان بۆلای غەیری ئەو، بەڵکوو مەبەستیان چاکسازی و ئاشتەوایی بووە لەنێوانی خەڵکی. ئەو بیانووە پووچانە دەردەخەن؛ تاوەکوو کردەوەی خۆیان پینە بکەن، کاتێک کە ئابڕوویان دەچێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتانە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی حوکم بردنەوە لای کیتابی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، هەروەها ڕازیبوون پێی و ملکەچبوون بۆی.

٢- هەر کەسێک حوکم بباتەوە لای غەیری شەریعەتی ئیسلامی، ئەوا باوەڕدار نییە، هەروەها چاکسازیش نییە، ئەگەر بانگەشەی ئەوەش بکات کە مەبەستی چاکسازییە.

٣- بە دڵنیایی هەر کەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوا دایبەزاندووە؛ ئەوا تاغووتە، هەر کەسێکیش حوکم بباتەوە لای غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندووە، ئەوا حوکمی بردۆتەوە لای تاغووت، ئەگەرچی ناویشی بنێت بەهەر ناوێکەوە.

٤- واجیبیەتی کوفرکردن بە تاغووت.

٥- ئاگەداربوون لە فێڵ و پیلانی شەیتان و ڕێگری کردنی لە مرۆڤ لە وەرگرتنی حەق.

٦- هەر کەسێک بانگ بکرێت بۆلای حوکم بردنەوە لای ئەوەی خوا دایبەزاندووە، ئەوە پێویستە لەسەری وەڵامبداتەوە و قەبوڵی بکات، ئینجا ئەگەر پشتی هەڵکرد؛ ئەوا دووڕووە.

٧- بانگەشەی مەبەستی چاکسازی، بیانوو نییە بۆ حوکمکردن بە جگە لەوەی خوا دایبەزاندووە.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ [البقرة: ١١].

هەروەها فەرمایشتی خوا: {کاتێک کە پێیان بگوترێت ئاشووب مەگێڕن و ئاشووب مەنێنەوە لەسەر زەوی بە دووڕوویی و خۆشەویستی دەربڕین بۆ کافران و تاوانکردن، دەڵێن: ئێمە تەنها چاکسازین}.

ڕاڤەکردن

وإذا قيل لهم: واتە: بە دووڕووەکان.

لا تفسدوا في الأرض: واتە: بە کوفر و جگە لەو لە جۆرەکانی تاوان و سەرپێچیکردن.

إنما نحن مصلحون: ئەوەی ئێمە تێیداین، ئاشووب و خەراپەکاریی نییە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە باسی سیفاتی دووڕووەکان دەکات، کە ئەگەر ڕێگرییان لێ بکرێت لە ئەنجامدانی تاوان، ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری ئاشووب و خەراپەکای لەسەر زەوی، بە دابەزینی سزایەکان، هەروەها ئەگەر فەرمانیان پێ بکرێت بە چاکە و گوێڕایەڵی، ئەوەی کە چاکبوونی سەر زەوی پێوەیە، وەڵام دەدەنەوە: بەوەی کاری ئێمە چاکسازییە؛ لەبەر ئەوەی خەراپەکاری وێنا دەکەن بە چاکسازی؛ چونکە نەخۆشی لە دڵیاندا هەیە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: هەر کەسێک بانگەوازی بکات بۆلای حوکم گێڕانەوەی لای جگە لەوەی خوا دابەزاندووە، یان بانگەوازی بکات بۆلای تاوان، ئەوە بە دڵنیایی گەورەترین خەراپەکای لەسەر زەوی ئەنجام داوە.

خراپه کاری

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- هۆشداری دان لە حوکمکردن بەو یاسا و دەستوورانەی کە پێچەوانەی شەریعەتن، ئەگەرچی خاوەنەکانیشی بانگەشەی ئەوە بکەن کە مەبەستیان چاکسازییە.

٢- بانگەشەی چاکسازی؛ بیانوو نییە بۆ وازهێنان لەوەی خوا دایبەزاندووە.

٣- ئاگەداربوون لە سەرسامبوون بە بیروبۆچوون.

٤- کەسی دڵنەخۆش؛ حەق لە وێنەی بەتاڵ نیشان دەدات و بەتاڵ و پووچیش بە حەق.

٥- مەبەستی چاک، ڕێپێدەر نییە بۆ سەرپێچیکردنی شەرع.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا﴾ [الأعراف: ٥٦].

هەروەها فەرمایشتی خوای گەورە: {ئێوە ئاشووب لەسەر زەوی مەنێنەوە بە کوشتن و وێرانکاری، لە دوای ئەوەی کە خوای گەورە ئیسڵاح و چاکسازی لە زەویدا کردووە، بە هۆی ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان}.

ڕاڤەکردن

لا: بۆ قەدەغەکردنە.

تفسدوا في الأرض: بە هاوبەش بڕیاردان و تاوان.

بعد إصلاحها: بە ناردنی پێغەمبەران و دانانی حوکمەکان و ئەنجامدانی کرەوە چاکەکان.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی خەراپەکاری لەسەر زەوی -بە تاوان و گوێڕایەڵیکردنی دروستکراوەکان، لە سەرپێچی بەدیهێنەر- دوای ئەوەی خوای گەورە بۆی چاککردووین، بە ناردنی پێغەمبەران و ڕوونکردنەوەی شەریعەت و بانگەوازیکردن بۆ گوێڕایەڵی خوا؛ چونکە پەرستنی غەیری خوا و بانگەوازکردن بۆلای غەیری خوا و هاوبەش بڕیاردان بۆی و ستەمکردن و تاوان، گەورەترین خەراپەکارین لەسەر زەوی.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: هەر کەسێک بانگەواز بکات بۆلای حوکم بردنەوە لای غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندووە، ئەوە بێگومان گەورەترین خەراپەکاری هێناوەتە سەر زەوی.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی گوناهـ و تاوان، تێکدان و خەراپەکارییە لەسەر زەوی.

٢- بێگومان چاکە و گوێڕایەڵی؛ چاکسازییە بۆ زەوی.

٣- حوکمکردن بە غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندووە؛ خەراپەکارییە لەسەر زەوی.

٤- چاکبوونی مرۆڤ و چاککردنیان، بە هیچ شتێک نابێت، ئیللا بە حوکمکردن بەوەی خوا دایبەزاندووە.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ...﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوا: {ئایا پشت لە حوکمەکەی خوا دەکەن و حوکمی نەزانی و نەفامیان دەوێت؟ (جگە لە حوکمی خوای گەورە، هەموو حوکم و بڕیارێکی تری پێچەوانەی حوکمی خوا، ستەم و نەفامییە)}.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ [المائدة: ٥٠]. واتە: کێ هەیە حوکمی باشتر و دادپەروەرتر و بەسۆز و بەزەییتر بێ لە حوکمی خوای گەورە؟ بەڵام بۆ کەسانێک کە یەقینیان هەبێ، نەک بۆ کەسانێک کە نەفام و نەزان بن و شوێن هەواوئارەزووی خۆیان کەوتبێتن و بە هەواوئارەزوی خۆیان یاسا و ڕێسا دابنێین، هەروەکوو خەڵکی سەردەمی نەفامی وایان دەکرد.

أفحكم: پرسیاری نکوولّی کردنە.

الجاهلية: ئەوەی پێشی ئیسلام، هەر شتێکیش پێچەوانە بێت لەگەڵ ئیسلام، ئەوە بەشێکە لە نەفامی.

يبغون: داوا دەکەن.

ومن: واتە: هیچ یەکێک.

أحسن من الله حكماً: ئەوە لە بەکارهێنانی کاری پلەی باڵایە(أفعل التفضيل)ـە، کە لایەکەی دیکە و لە بەرانبەریدا هاوبەشی نییە.

لقوم يوقنون: واتە: لەلای گەلێک کە یەقینیان هەبێت، چونکە هەر ئەوانن کە بیر لە کارەکان دەکەنەوە و دەزانن هیچ حوکمێک باشتر نییە لە حوکمی خوا.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە نکوولّی لەو کەسە دەکات کە لە حوکمی خوا دەردەچێت -ئەو حوکمەی کە هەموو چاکە و دادپەروەرییەکی لەخۆ

گرتووە و هەموو خەراپەیەکیشی قەدەغەکردووە- بۆلای جگە لەو لە: بۆچوون و ئارەزوو و زاراوەکان، ئەوەی کە پیاوەکان دایانهێناوە و لەسەری ڕێککەوتوون، بەبێ پاڵپشتییەک لە شەریعەتی خوا، هەروەکوو ئەو شتانەی کە خەڵکی سەردەمی نەفامی حوکمیان پێ دەکرد، لە گومڕایی و نەزانین و داب و نەریتی تیرەیی.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: هەر کەسێک داوای حوکمی غەیری خوا بکات - لە دەستوور و یاسا دەستکردەکان-، ئەوە بێگومان داوای حوکمی نەفامی کردووە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی حوکمکردن بە شەریعەتی خوا.

٢- ئەوەی پێچەوانەی شەرعی خوا بێت، ئەوە بەشێکە لە حوکمی نەزانی.

٣- ڕوونکرنەوەی تایبەتمەندی حوکمەکانی شەریعەت، کە بریتییە لە چاکە و دادپەروەریی و بەزەیی.

٤- حوکمکردن بە یاسا دەستکردەکان و دەستوورە ڕۆژاواییەکان؛ کوفرە.

* * *

.....

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا جِئْتُ بِهِ».

قَالَ النَّوَوِيُّ: «حَدِيثٌ صَحِيحٌ، رَوَيْنَاهُ فِي كِتَابِ الْحُجَّةِ بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ».[1]

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هیچ یەکێک لە ئێوە، باوەڕی تەواو نییە، تاوەکوو هەواوئارەزووی شوێنکەوتەی ئەوە نەبێت کە من هێناومە".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (النووي): موحییەددین، باوکی زەکەریا، یەحیای کوڕی شەرەفی نەوەوی -نیسبەتە بۆلای نەوا(نَوی) گوندێکە لە شام-، پێشەوایەکی بەناوبانگە، خاوەنی چەندان کتێبە، لە ساڵی (٦٧٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

الحجة: واتە: کتێبی (الحجة على تارك المحجة)، هی شێخ (أبي الفتح نصر بن إبراهيم المقدسي الشافعي).

ئەو فەرموودەیە سەنەدەکەی قسەی لەسەرە، بەڵام واتاکەی بێگومان ڕاست و دروستە، ئەگەرچی سەنەدەکەی سەحیح نەبێت، بەڵگە و پاڵپشتیشی لە قورئاندا هەیە، وەکوو وتەی خوای گەورە: ﴿فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ [النساء: ٦٥]. واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، سوێند بێ بە پەروەردگارت! ئیمان ناهێنن تا تۆ نەکەنە حاکم و دادوەر لەو ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، پاشان کە تۆ

[1] - انظر الأربعين النووية "ص٤٨".

بڕیارت لە نێوانیان دا، نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێک هەبێ لەو بڕیارەی کە تۆ داوتە و دەبێ لەناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ؛ هەروەها خۆیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ، تەسلیم بوونێکی تەواو بەبێ ڕەتکردنەوە.

لا یؤمن أحدکم: واتە: ئیمانی واجیبی بۆ نایێتەدی و لە ئەهلی ئیمان نابێت.

هواه: واتە: ئەوەی کە ئارەزووی لێ دەکات و نەفسی پێی خۆشە و حەزی لێیەتی.

تبعاً لما جئت به: ئەوەی خۆش دەوێت کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمانی پێ کردووە، ڕقی لەوەش دەبێتەوە کە قەدەغەی کردووە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: بە دڵنیایی مرۆڤ نابێتە ئیماندار -ئیمانێکی تەواو و پێویست-، تاوەکوو خۆشەویستییەکەی شوێنکەوتەی ئەو بەرنامەیە نەبێت کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێی هاتووە، لە: فەرمان پێکراو و قەدەغەکراوەکان و جگە لەوانەش، بۆیە ئەوەی خۆش دەوێت کە فەرمانی پێ کردووە، ڕقیشی لەوە دەبێتەوە کە ڕێگری لێ کردووە.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: نەفیکردنی ئیمان لەو کەسەی کە دڵی ئارام نەبووە بە شەرعی خوا و خۆشی ناوێت، ڕقیشی لەوە نابێت کە پێچەوانەیەتی لە یاسا و دەستوورە دەستکردەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی خۆشویستنی هەموو ئەو شتانەی کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هێناویەتی، بەتایبەتی بابەتی یاسادانان و کارکردن پێی.

٢- واجیبیەتی ڕقلێبوونەوە لەهەموو ئەو شتانەی کە پێچەوانەی شەریعەتی پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هەروەها دوورکەوتنەوە لێی.

٣- نەمانی ئیمان لەو کەسەی کە بە دڵی ئارەزووی سەرپێچی کردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکات، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا کاریشی پێ بکات.

* * *

.....

وَقَالَ الشَّعْبِيُّ: كَانَ بَيْنَ رَجُلٍ مِنَ الْمُنَافِقِينَ وَرَجُلٍ مِنَ الْيَهُودِ خُصُومَةٌ، فَقَالَ الْيَهُودِيُّ: نَتَحَاكَمُ إِلَى مُحَمَّدٍ؛ عَرَفَ أَنَّهُ لَا يَأْخُذُ الرِّشْوَةَ، وَقَالَ الْمُنَافِقُ: نَتَحَاكَمُ إِلَى الْيَهُودِ؛ لِعِلْمِهِ أَنَّهُمْ يَأْخُذُونَ الرِّشْوَةَ، فَاتَّفَقَا أَنْ يَأْتِيَا كَاهِنًا فِي جُهَيْنَةَ؛ فَيَتَحَاكَمَا إِلَيْهِ؛ فَنَزَلَتْ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ...﴾ الآيَةَ.

هەروەها شەعبی دەفەرموویێ: لەنێوانی پیاوێک لە دووڕووەکان و پیاوێک لە جوولەکەکاندا کێشە و ناکۆکییەک هەبوو، جوولەکەکە گوتی: کێشەکەمان دەبەینەوە لای موحەممەد، چونکە دەیزانی ئەو بەرتیل وەرناگرێت، بەڵام دووڕووەکە گوتی: کێشە و حوکمەکەمان دەبەینەوە لای جوولەکە، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەوان بەرتیل وەردەگرن، دواجار ڕێککەوتن کە بچنە لای فاڵچییەک لە تیرەی جوهەینە و کێشەکە بگەڕێننەوە بۆلای ئەو، ئەوەبوو ئەو ئایەتە دابەزی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ...﴾.

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (الشعبي): عامری شەڕاحیلی شەعبییە، گوتراویشە عامری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی شەڕاحیلی شەعبی حیمیەرییە، ئەبوو عەمری کوفییە، کەسێکی متمانە و حافز و شەرعزانە، یەکێکیشە لە تابیعییەکان. گوتراوە ساڵی (١٠٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، جگە لەمەش گوتراوە.

من المنافقين: کۆی (منافق)ـە، ئەو کەسەیە کە ئیسلام دەردەخات و کوفر دەشارێتەوە.

اليهود: کۆی (يهودي)یە، لە وشەی (هاد)ـەوە هاتووە، ئەگەر گەڕایەوە، گوتراویشە (اليهودي) نیسبەتە بۆلای (يهودا)ی کوڕی یەعقووب -علیه السلام-.

خصومة: واتە: مشتومڕ و ناکۆکی.

الرشوة: ئەو شتەیە کەوا دەدرێت بەو کەسەی کە سەرپەرشتی کاروباری خەڵکی دەکات، ئەو شتەش بۆیە وەردەگرێت؛ تاوەکوو لەگەڵ ئەو کەسەی پێی داوە ستەم بکات، هەر لەبابەتی بەرتیل: ئەوەیە کە یەکێک لە دوو کەسە ناکۆکەکە دەیدەن بە دادوەر، یان جگە لەو؛ بۆ ئەوەی بڕیارەکە لە بەرژەوەندی ئەو بدات، لە وشەی (الرشاء)ـەوە وەرگیراوە: ئەوەی کە بەهۆیەوە دەگەیت بە ئاو.

جهينة: تیرەیەکی عەرەبیی بەناوبانگە.

فنزلت: ئەوە ڕوونکردنەوەی هۆکاری دابەزینی ئایەتە پیرۆزەکەیە.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: شەعبی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە کە ئەو ئایەتە پیرۆزە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ...﴾ دابەزیوە، بەهۆی ئەو کێشەیەی کە ڕوویداوە لەنێوانی پیاوێک کەوا بانگەشەی ئیمانی دەکرد و دەیەوێست حوکم بباتەوە لای غەیری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەبەر ڕاکردن لە حوکمی دادپەروەر؛ ئەمە کە وای لێ کرد حوکم بباتەوە لای تاغووت، بەبێ ئەوەی گوێش بەوە بدات کە لەسەری دادەمەزرێ لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمان؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر درۆکردنی لە بانگەشەکردنی ئیمان؛ بۆیە هەر کەسێک کارێکی وەکوو ئەو بکات، ئەوە لە حوکمیشدا وەکوو ئەوە.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: حوکم بردنەوە لای غەیری شەرعی خوا، ئیمان بە خوا و کتێبەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی حوکم بردنەوە لای شەریعەتی خوا.

٢- گێڕانەوەی حوکم بۆلای غەیری شەریعەتی خوا، پێچەوانەی ئیمانە.

٣- ئاشکراکردنی حەقیقەتی دووڕووەکانی تێدایە، کە ئەوان لە جوولەکەش خەراپترن.

٤- حەرامکردنی وەرگرتنی بەرتیل؛ هەروەها وەرگرتنی بەرتیل لە ڕەوشتی جوولەکەکانە، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نەفرەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل دەدات و ئەوەشی وەریدەگرێت.

* * *

.....

وَقِيلَ: نَزَلَتْ فِي رَجُلَيْنِ اخْتَصَمَا، فَقَالَ أَحَدُهُمْ: نَتَرَافَعُ إِلَى النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، وَقَالَ الآخَرُ: إِلَى كَعْبِ بْنِ الأَشْرَفِ، ثُمَّ تَرَافَعَا إِلَى عُمَرَ، فَذَكَرَ لَهُ أَحَدُهُمَا الْقِصَّةَ، فَقَالَ لِلَّذِي لَمْ يَرْضَ بِرَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: أَكَذَلِكَ؟ قَالَ: نَعَمْ؛ فَضَرَبَهُ بِالسَّيْفِ فَقَتَلَه.

گوتراوە: ئەو ئایەتە دەربارە دوو پیاو دابەزی کە ناکۆکییان لەنێواندا دروست بوو، جا یەکێکیان گوتی: کێشەکەمان بەرز دەکەینەوە بۆلای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، ئەوەی دیکەشیان گوتی: دەیبەینەوە لای کەعبی کوڕی ئەشرەف، پاشان بەرزیانکردەوە بۆلای عومەر، جا یەکێکیان بەسەرهاتەکەی باسکرد، پێشەوا عومەریش بەوەیانی گوت کەوا ڕازی نەبوو بە حوکمی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: ئایا بابەتەکە ئاوابوو؟ گوتی: بەڵێ، ئەویش بەشمشێر لێیدا و کوشتی.

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (كعب بن الأشرف): جوولەکەیەکی عەرەبییە، لە هۆزی (طَيِّئ)ـەـ، دایکیشی لە هۆزی بەنوو نەزیرە، زۆر دژایەتی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-ی دەکرد.

وقيل نزلت: واتا: ئەو ئایەتەی کە پێشتر باسکرا.

واتای ئەسەرەکە بە کورتی: ئەو ئەسەرە ڕوونکردنەوەی قسەیەکی دیکەیە -جگە لەوەی پێشتر باسکرا-، دەربارەی هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە پیرۆزە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ...﴾. کاتێکیش کە بەسەرهاتەکە گەیشتە عومەری کوڕی خەتتاب -ڕەزای خوای لێبێت-، لە بابەتەکەی کۆڵییەوە و دڵنیابوو، ئەوەبوو ئەو کەسەی کوشت کە بە حوکمی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ڕازی نەبوو.

پەیوەندی باسکردنی ئەسەرەکە لەو بەشەدا: ئەسەرەکە بەڵگەی تێدایە لەسەر کوفری ئەو کەسەی کە حوکم دەباتەوە لای غەیری شەرعی خوا، هەروەها شایستەی کوشتنیشە؛ لەبەر ئەوەی هەڵگەڕاوەیە لە ئایینی ئیسلام.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- شەریعەتی غەیری خوا و پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بکرێت بە دادوەر، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام.

٢- هەڵگەڕاوە لە ئایینی ئیسلام؛ دەکوژرێت.

٣- بانگەوازکردن بۆلای حوکمکردن بەغەیری شەرعی خوا، یەکێکە لە سیفاتەکانی دووڕووەکان، ئەگەرچی ئەو کەسەشی کە داوا دەکرێتە بکرێتە دادوەر، پێشەوایەکی چاک و گەورەی وەکوو عومەری کوڕی خەتتاب بێت -ڕەزای خوای لێبێت-.

٤- دروستییەتی تووڕەبوون لەبەر خوا و پێغەمبەرەکەی و ئایینەکەی.

٥- دروستییەتی گۆڕینی خەراپە بە دەست، بۆ کەسێک کە توانای لەسەر ئەو کارە هەبێت.

٦- بە دڵنیایی ناسینی حەق، بێپێویستت ناکات لە کارکردن پێی و ملکەچبوون بۆی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (النِّسَاء) و ئەوەشی کە تێیدایە لە یارمەتیدان لەسەر تێگەیشتن لە واتای تاغووت.

دووەم: لێدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (الْبَقَرَة): ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ﴾.

سێیەم: لێدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (الأَعْرَاف): ﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا﴾.

چوارەم: لێکدانەوەی واتای: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾.

پێنجەم: ئەوەی کە شەعبی فەرمووی، دەربارەی هۆکاری دابەزینی ئایەتی یەکەم[کە هەر کەسێک ڕازی نەبێت بە حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی؛ ئەوا کافر و هەڵگەڕاوەیە].

شەشەم: ڕاڤەکردنی ئیمانی ڕاستگۆ و درۆزن.

حەفتەم: بەسەرهاتی پێشەوا عومەر لەگەڵ دووڕووەکە.

هەشتەم: ئیمان بۆ هیچ یەکێک ناچێتەدی، تاوەکوو ئارەزووی شوێنکەوتەی ئەو بەرنامەیە نەبێت کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هێناویەتی.

❁❁❁

بَابُ مَنْ جَحَدَ شَيْئًا مِنَ الأَسْمَاءِ وَالصِّفَاتِ

بەشی هەر کەسێک نکوولّی لە هێندیک لە ناو و سیفاتەکانی خوا بکات

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {کاتێک ئەوان کوفر دەکەن بە (الرَّحْمَن)، کە ناوی خوای گەورەیە و نکوولّی لەو ناوە دەکەن و دەڵێن نایناسین، وەکوو لە ڕێککەوتنامەی حودەیبیە ڕەتیان کردەوە بنووسن (بسم الله الرحمن الرحيم)}.

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿قُلْ هُوَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ﴾ [الرعد: ٣٠]. واتە: بڵێ: (الرَّحْمَن) پەروەردگاری منە، هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە کە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی (الله)، من تەنها پشتم بە خوای گەورە بەستووە و کارەکانم هەموو بەو سپاردووە، هەروەها تەوبە و گەڕانەوەشم هەر بۆ لای خوای گەورەیە.

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی یەکخواپەرستی سێ جۆرە: یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتی، یەکخواپەرستی پەرستراویەتی، یەکخواپەرستی ناو و سیفاتەکان، هەروەها ئیمان بە خواش نایێتەدی، ئیللا بە هاتنەدی ئەو سێیانە نەبێت؛ بۆیە دانەر بەو بەشە هۆشداری دا لەسەر ئەو جۆرە[واتە ناو و سیفاتەکانی خوا]؛ تاوەکوو حوکمی ئەو کەسە ڕوون بکاتەوە کە نکوولّی لێ دەکات.

باب من جحد ... إلخ: واتە: بەوە کافر دەبێت.

وهم: واتە: بێباوەڕەکانی قوڕەیش.

يكفرون بالرحمن: واتە: نکوولّی لەو ناوە دەکەن، لەگەلّ باوەڕهێنانیان بە (الله)، کەواتە (الرحمن)یش ناوێکە لە ناوەکانی خوا، (الرحمة)یش سیفەتێکە لە سیفاتەکانی.

قل: ئەی موحەممەد، لەوەلّامیاندا بلّێ لە بێباوەڕبوونیان بە (الرحمن).

هو ربي: واتە: (الرحمن) پەروەدگارمە، ئەگەرچی ئێوە بێباوەڕبن پێی.

لا إله إلا هو: واتە: هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە جگە لەو.

عليه: نەک لەسەر جگە لەو.

توكلت: کارەکانم هەرهەموو دەگەڕێنمەوە بۆلای ئەو و پشتیش بەو دەبەستم.

وإليه متاب: گەڕانەوەم و تەوبەکردنم.

واتای ئایەتەکە بەکورتی: خوای گەورە نکوولّی لە هاوبەش بڕیاردەرەکانی قوڕەیش دەکات، کە نکوولّییان لە ناوی (الرحمن) دەکرد، فەرمانیش بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکات کەوا وەلّامی ئەو نکوولّی کردنەیان بداتەوە و باوەڕبوونیشی بە پەروەردگاری و ناو و سیفاتەکانی ڕابگەیەنێت، هەروەها تەنها خوای گەورە شایستەی پەرستشە و پشتی پێ دەبەستێت و دەگەڕێتەوە لای لە هەموو کارەکاندا، تەوبە و گەڕانەوەش لە تاوانەکان هەر بۆ لای ئەوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: بە دلّنیایی نکوولّیکردن لە ناو و سیفاتەکانی خوا، کوفرە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- بێگومان نکوولّیکردن لە ناو و سیفاتەکانی خوا کوفرە.

٢- واجیبیەتی باوەڕبوون بە ناو و سیفاتەکانی خوا.

٣- واجیبیەتی پشت بەستن بە خوا و تەوبە و گەڕانەوە بۆلای ئەو.

٤- واجیبیەتی پەرستنی خوا بە دلّسۆزی.

* * *

.....

وَفِي صَحِيحِ الْبُخَارِيِّ؛ قَالَ عَلِيٌّ: «حَدِّثُوا النَّاسَ بِمَا يَعْرِفُونَ، أَتُرِيدُونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللهُ وَرَسُولُهُ؟!».[1]

هەروەها لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە، پێشەوا عەلی فەرموویەتی: "قسە بۆ خەڵکیی بکەن بەوەی کە لێی تێدەگەن و دەگاتە عەقڵیان، ئایا دەتانەوێت کەوا خوا و پێغەمبەرەکەی بە درۆ بزانرێن؟"

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

صحيح البخاري: واتە: ئەو کتێبەی کەوا بوخاری فەرموودە سەحیحەکانی تێدا کۆکردەوە. بوخاریش بریتییە لە: پێشەوا موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری، نیسبەتە بۆلای (بُخاری)، شارێکە لە ڕۆژهەڵات. کتێبەکەشی ڕاستترین کتێبە لە دوای کتێبی خوا.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: پێشەوای باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبوو تالیب - ڕەزای خوای لێبێت-، ڕێنمایی دەکات کەوا نابێت قسە بۆ خەڵکی عەوام بکرێت، ئیللا بەوەی کە ناسراوە و سوود بە خەڵکیی دەگەیەنێت لە بنچینە و حوکمەکانی ئایینەکەیان، لە یەکخواپەرستیی و ڕوونکردنەوەی حەڵاڵ و حەرام و ئەوەشی کە لەو شتانە سەرقاڵیان دەکات؛ لەوەی کە پێویستییان پێی نییە، یان ئەو شتانەی کە سەردەکێشێت بۆ ڕەتکردنەوەی حەق و قەبووڵ نەکردنی، لەو شتانەی کە تێگەیشتن لێیان گومان دروست دەکات لە لایان، هەروەها لەسەریشیان قورسە تێگەیشتن لێی؛ ئەمەشی کاتێک فەرموو کەوا چیرۆکخوانەکان، واتە: ئامۆژگاریکارەکان زۆربوون لە سەردەمی جێنشینایەتییەکەی.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "١٢٧".

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکەی، لەدوای باسی ئەسەرەکەی دوای ئەوە دێت.

ئەو سوودەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێت: ئەگەر ترسی زەر هەبوو لە قسەکردن بۆ خەڵکی، بە هێندێک شت کە لێی تێناگەن؛ ئەوا نابێت و گونجاو نییە کە ئەو شتانەیان بۆ باس بکرێت، ئەگەرچی ڕاستیش بێت.

* * *

.....

وَرَوَى عَبْدُ الرَّزَّاقِ، عَنْ مَعْمَرٍ، عَنِ ابْنِ طَاوُسٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ؛ أَنَّهُ رَأَى رَجُلًا انْتَفَضَ لَمَّا سَمِعَ حَدِيثًا عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فِي الصِّفَاتِ؛ اسْتِنْكَارًا لِذَلِكَ، فَقَالَ: «مَا فَرَقُ هَؤُلَاءِ؟ يَجِدُونَ رِقَّةً عِنْدَ مُحْكَمِهِ، وَيَهْلِكُونَ عِنْدَ مُتَشَابِهِهِ». انتهى.

هەروەها عەبدورەزاق گێڕاویەتییەوە، لە مەعمەر، لە ئیبن تاووس، لە باوکی، لە ئیبن عەباس، کەوا پیاوێکی بینیوە، کاتێک گوێی لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بووە دەربارەی سیفاتەکانی خوا، ڕاچڵەکیوە و لەرزیوە، وەکوو نکوولی کردنێک بۆ ئەو سیفەتە، ئیبن عەباسیش گوتی: "ئەوانە بۆچی [لە جێگیرکردنی سیفەتی خوا] دەترسن؟ ئەوەی لە قورئان و سوننەت واتاکەی ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەوە نەرم دەبن و باوەڕی پێ دێنن و قەبوولی دەکەن، ئەوەشی کە واتاکەی ناڕوون و شاراوەیە، ئەوە وەریناگرن و بەمەش تیادەچن".

ڕاڤەکردن

ژیاننامە:

١- **عبد الرزاق:** عەبدورەزاقی کوڕی هەممامی سەنعانییە، پێشەوای حافزە، خاوەنی چەند کتێبێکە، ساڵی (٢١١)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٢- **معمر:** ئەبوو عوڕوە، مەعمەری کوڕی ڕاشیدی ئەزدی بەسڕییە، متمانە و (ثبت)ـە، ساڵی (١٥٤)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٣- **ابن طاووس:** عەبدوڵڵای کوڕی تاووسی یەمانییە، متمانەیە، کەسێکی چاک و خواپەرستە، ساڵی (١٣٢)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

انتفض: واتە: ڕاچڵەکی.

فقال: واتە: ئیبن عەبباس.

ما: پرسیاریە.

فرق: بە فەتحەی فائەکە و ڕائەکە، واتە: ترسان.

هؤلاء: ئاماژە دەکات بۆ خەڵکانێک، کە ئامادەی کۆڕەکەی دەبن لە عاممەی خەڵکیی.

رقة: نەرمیی و قەبووڵکردن.

محکمه: ئەوەیە کە واتاکەی ڕوون و ئاشکرا بێت و گومان و ناڕوونی لەلای کەس دروست نەکات.

متشابهه: ئەوەیە کەوا تێگەیشتنی جێگای گومانە و ناڕوونە لەلایان.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: ئیبن عەبباس -ڕەزای خوایان لێبێت- نکووڵی لە خەڵکانێک دەکات، لەوانەی کە ئامادەی کۆڕەکەی دەبوون لە عاممەی خەڵکی، هێندێکیان ترسێکیان بۆ دروست دەبوو، کاتێک گوێیان لە هێندێک لە فەرموودەکانی سیفات دەبوو، تووشی لەرزینیش دەبوون؛ لەبەر نکووڵی کردنیان بۆ ئەو سیفەتە، ئیمانی واجیبیان لێ نەهاتەدی بەوەی کە بە سەحیحی لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هاتووە، جا واتاکەیان زانیبێت، یاخود نەیانزانیبێت، کەواتە وازیان هێنا لەوەی کە پێویست بوو لەسەریان باوەڕی پێ بێنن، لەو شتەی کە واتاکەیان نەدەزانی لە قورئان، لەکاتێکدا حەققە و باوەڕدار گومانی تێیدا نییە، هێندێکیشیان وا مانای لێک دەدەنەوە بە پێچەوانەی ئەو واتایەی کە خوا دەیەوێت و مەبەستییەتی، بەمەش لەناو دەچن.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: دوای ئەوەی کە دانەر باسی ئەسەرەکەی عەلی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت قسەیەک بۆ خەڵکی بکرێت کە لێی تێناگەن، باسی ئەو ئەسەرەی کرد، کەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ادەقەکانی سیفات، لەوانە نیین کە باسکردنیان قەدەغە بێت، بەڵکوو پێویستە باس

بکرێن و ڕابگەیێندرێن؛ کەواتە نکوولّی کردنی هێندێک لە خەڵکی بۆی، ڕێگر نییە لە باسکردنیان؛ چونکە بەردەوام زانایان ئایەت و فەرموودەکانی سیفاتیان خوێندۆتەوە، بە ئامادەبوونی خەڵکی عەوام و تایبەتیش.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- هیچ ڕێگرییەک نییە لە باسکردنی ئایەت و فەرموودەکانی سیفاتەکانی خوای گەورە، بە ئامادەبوونی عەوامی خەڵکیی و تایبەتەکەشیان؛ ئەمەش بۆ فێربوون.

٢- هەر کەسێک شتێک ڕەت بکاتەوە لە دەقەکانی سیفات، یان نکوولّی لێ بکات دوای ڕاستییەتی، ئەوە لە تیاچووەکانە.

٣- نکوولّیکردن لەو کەسەی کە ئینکاری هێندێک لە دەقەکانی سیفاتەکانی خوای گەورە دەکات.

* * *

.....

وَلَمَّا سَمِعَتْ قُرَيْشٌ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَذْكُرُ الرَّحْمَنَ أَنْكَرُوا ذَلِكَ، فَأَنْزَلَ اللهُ فِيهِمْ: ﴿... وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ ...﴾.

هەروەها کاتێک قوڕەیشییەکان گوێیان لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باسی ناوی (الرَّحْمَن)ی دەکرد، نکوولییان لەمە کرد، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی دەربارەیان دابەزاند: {کاتێک کە ئەوان کوفر دەکەن بە (الرَّحْمَن)}.

ڕاڤەکردن

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: باسی (الرحمن)ی دەکرد: واتە کاتێک کە نووسی "بسم الله الرحمن الرحيم"، لە ڕێککەوتنامەی حودەیبییە، گوتیان: هەرچی (الرحمن)ـە، ئەوە ئێمە ناینناسین و ناشزانین ڕەحمان چییە، هەروەها هیچ شتێکیش نانووسین تەنها: (باسمك اللهم) نەبێت[1]، کەواتە ئەمە دەبێتە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە، هەروەها گوتراویشە: قوڕەیشییەکان کاتێک ئەمەیان گوت کە گوێیان لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بوو لە سوژدەدا دوعای دەکرد و دەیگوت: "یا رحمن یا رحیم"، ئەوانیش گوتیان: ئەوە وا گومان دەبات کەوا لە یەک خوا دەپارێتەوە، لەکاتێکدا لە دووان دەپارێتەوە (الرحمن، الرحيم)، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ دابەزینی ئایەتەکە، هیچ ڕێگرییەکیش نییە لەوەی ئایەتێک لەبەر دوو هۆکار، یان زیاتر دابەزێت. پێشتریش لەسەرەتای ئەو بەشەدا، ئەو ئایەتە و ئەوەشی کە پەیوەستە پێیەوە، باسکرا.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- جێگیربوونی ناو و سیفاتەکان بۆ خوای گەورە و بڵند.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٧٣١، ٢٧٣٢".

٢- زۆری ناوەکان، بەڵگە نییە لەسەر زۆری ناولێنراو.

٣- دروستییەتی و داواکراوی پارانەوە لە خوا، بە ناو و سیفاتەکانی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: نەمانی ئیمان بەهۆی نکووڵیکردنی هێندێک لە ناو و سیفاتەکانی خوا.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (الرَّعْد).

سێیەم: وازهێنان لە قسەکردن و باسکردنی شتێک کە گوێگر لێی تێناگات.

چوارەم: باسکردنی هۆکارەکە: ئەوەیە کە سەردەکێشێت بۆ بە درۆ زانینی خوا و پێغەمبەرەکەی، ئەگەرچی نکووڵی لێکەرەکەش بەئەنقەستی نەبێت.

پێنجەم: قسەکەی ئیبن عەبباس بۆ ئەو کەسەی کەوا نکووڵی لە هێندێک لە ناو و سیفاتەکان بکات، کە ئەمە لەناوی دەبات.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ

بەشی وتەی خوای گەورە

﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾ الآيَةَ. قَالَ مُجَاهِدٌ مَا مَعْنَاهُ: «هُوَ قَوْلُ الرَّجُلِ: هَذَا مَالِي وَرِثْتُهُ عَنْ آبَائِي». وَقَالَ عَوْنُ بْنُ عَبْدِ اللهِ: «يَقُولُونَ: لَوْلَا فُلَانٌ لَمْ يَكُنْ كَذَا». وَقَالَ ابْنُ قُتَيْبَةَ: «يَقُولُونَ: هَذَا بِشَفَاعَةِ آلِهَتِنَا».

{نیعمەتەکانی خوای گەورە هەمووی دەزانن و دەیناسن، بەڵام لە دوای ئەوە نکوولی لێ دەکەن} تا کۆتایی ئایەتەکە. موجاهید فەرموویەتی: "ئەوە بریتییە لە قسەی پیاو کە دەڵێت: ئەمە سەروەت و سامانی خۆمە، لە باب و باپیرانەوە بۆم ماوەتەوە". عەونی کوڕی عەبدوڵڵا فەرموویەتی: "ئەگەر فلان نەبوایە، ئەو شتە ڕووی نەدەدا". ئیبن قوتەیبەش فەرموویەتی: "دەڵێن: ئەوە بەهۆی تکاکردنی خوایەکانمان بەدەست هاتووە".

ڕاڤەکردن

تەواوکەری ئایەتەکە: ﴿وَأَكْثَرُهُمُ الْكَافِرُونَ﴾ [النحل: ٨٣]. واتە: هەروەها زۆربەشیان کافر و بێباوەڕن.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: دانەر دەیەوێت بەو بەشە واجیبییەتی بە ئەدەبوون لەگەڵ ڕوبووبییەتی خوا ڕوون بکاتەوە، ئەویش بە دوورکەوتنەوە لە دەستەواژە شیرکییە شاراوەکان، وەکوو دانەپاڵی نیعمەتەکان بۆلای غەیری خوا؛ چونکە ئەوە پێچەوانەی تەواویەتی یەکخواپەرستییە.

ژیاننامە:

١- مجاهد: بریتییە لە: شێخی تەفسیر، موجاهیدی کوڕی جەبری مەککی، پێشەوای خواناس، یەکێکە لە قوتابییەکانی ئیبن عەبباس، لەسەر بۆچوونی پەسەند لە ساڵی (١٠٤)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٢- عون: بریتییە لە: عەونی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعوودی هوزەلیی، متمانە و خواپەرست بووە، دەوروبەری ساڵی (١٢٠)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٣- ابن قتيبة: عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی کوڕی قوتەیبەی دینەوەرییە، حافزە، خاوەنی تەفسیر و چەند کتێبێکی دیکەشە، ساڵی (٢٧٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

يعرفون: واتە: هاوبەش بڕیاردەرەکان دەزانن.

نعمة الله: جیاوازی هەیە لە مەبەست بەو نیعمەتە، دانەر هێندێک لە قسەی زانایانی لەو بوارەوە باسکرد.

ورثه عن آبائي ... إلخ: بێژەری ئەو قسانە و هاوشێوەکانی، نکوولێکەرە لە نیعمەتەکانی خوا، بە دانەپاڵی بۆڵای غەیری خوا، نکوولی لێ دەکات و دانی پێدا نانێت، بەڵام ئایەتەکە گشتگیرە بۆ هەموو ئەوەی کە زانایان لە واتاکەیدا باسیان کردووە.

واتای ئایەتەکە بە کورتی: هاوبەش بڕیاردەرەکان دان دەنێن بە نیعمەتەکانی خوا، ئەوەی کە خوا -لە سوڕەتی "نەحل" و جگە لەویش- بۆی ژماردن، دان دەنێن بەوەی لەلایەن خواوەیە، پاشان نکوولی لێ دەکەن بە دانەپاڵی بۆڵای غەیری خوا، لە پەرستراوەکانیان و باب و باپیریان و جگە لەوانەش، کەواتە ئەوان دژبەیەکن لەو بابەتەدا.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- هاوبەش بڕیاردەرەکان دان دەنێن بە تەوحیدی ڕوبووبییەت.

٢- واجیبیەتی دانەپاڵی نیعمەتەکان بۆلای خوای گەورە بە تەنها.

٣- ئاگەداربوون لە دانەپاڵی نیعمەتەکان بۆلای غەیری خوا؛ چونکە هاوبەش بڕیاردانە لە ڕوبووبییەت.

٤- واجیبیەتی بە ئەدەببوون لە دەربڕینەکان و حەرامکردنی پشت بەستن بە هۆکارەکان.

* * *

.....

وَقَالَ أَبُو الْعَبَّاسِ -بَعْدَ حَدِيثِ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الَّذِي فِيهِ؛ أَنَّ اللهَ تَعَالَى قَالَ: «أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ...» الْحَدِيثَ؛ وَقَدْ تَقَدَّمَ-: «وَهَذَا كَثِيرٌ فِي الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ يَذُمُّ سُبْحَانَهُ مَنْ يُضِيفُ إِنْعَامَهُ إِلَى غَيْرِهِ، وَيُشْرِكُ بِهِ».

قَالَ بَعْضُ السَّلَفِ: «هُوَ كَقَوْلِهِمْ: كَانَتِ الرِّيحُ طَيِّبَةً، وَالْمَلَّاحُ حَاذِقًا، وَنَحْوِ ذَلِكَ مِمَّا هُوَ جَارٍ عَلَى أَلْسِنَةِ كَثِيرٍ».

ئەبوو عەببباس -دوای هێنانی فەرموودەکەی زەیدی کوڕی خالید، ئەوەی کە تێیدا هاتووە، کەوا خوای گەورە دەفەرموویێ: «أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ...» تا کۆتایی فەرموودەکە، کە پێشتر باسکرا- فەرموویەتی: "ئەمە زۆرە لە قورئان و سوننەت، کە خوای گەورە سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکات کەوا نیعمەتەکانی دەداتە پاڵ غەیری خوا و هاوبەشی بۆ بڕیار دەدات".

هێندێک لە پێشینان فەرموویانە: "ئەوە وەکوو ئەو قسەیەیانە کە دەڵێن: بایەکە نەرم و چاک بوو، کەشتییەوانەکەش زیرەک و لێهاتوو بوو، هەروەها هاوشێوەی ئەو قسانەش کەوا بەسەر زمانی زۆرێک لە خەڵکیدا دێن".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (أبو العباس): شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

وقد تقدم: واتە: لە (باب ما جاء في الاستسقاء بالأنواء).

الملاح: بەڕێوەبەری کەشتی، کەشتییەوان.

السلف: پێشکەوتووەکانن لە زانایانی ئەو ئوممەتە، لە هاوەڵان و تابیعییەکان و شوێنکەوتەکانیان.

واتایەکی کورتی ئەسەرەکە: ئەگەر کەشتیەکان ڕێبکەن و بڕۆن بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک، بە بایەکی نەرم و چاک بە فەرمانی خوا، ئەوا دەیاندایە پاڵ نەرمی و چاکیی بایەکە و لێهاتوویی کەشتیەوانەکە و پەروەردگاریان لەبیر دەکەن، ئەو خوایەی کە ڕەحمی پێ کردوون و کەشتیەکەی لە دەریادا بۆ ڕووواندوون، کەواتە ئەمە وەکوو دانەپاڵی بارانە بۆلای ئەستێرەکان.

حوکمی کەسێک کە ئەو کارە بکات: پێویستی بە دریژەپێدانە:

١- ئەگەر ئەو کەسەی ئەو قسەیە دەکات، مەبەستی ئەوە نەبێت کە بایەکە و کەشتیەوانەکە و هاوشێوەکانی بکەری ئەو کارەن، بە بێ ئەوەی خوا دروستی کردبێت و فەرمانی پێ کردبێت، بەڵکوو مەبەستی تەنها دانەپاڵ بێت بۆلای هۆکارەکە، ئەوە شیرکی بچووکە؛ چونکە نیعمەتەکەی داوەتە پاڵ غەیری خوا، لەکاتێکدا واجیبە بدرێتە پاڵ خوای گەورە.

٢- بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت کە ئەو شتانە، ئەو کارە دەکەن جگە لە خوا؛ ئەوا شیرکی گەورەیە.

ئینجا یەکەمیانە کەوا بەسەر زمانی زۆرێک لە موسڵمانانداندێت، بۆیە پێویستە لێی وریا بین.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ناسینی نیعمەت و نکووڵی لێکردنی.

دووەم: ناسینی ئەوەی کە ئەو قسەیە لەسەر زمانی زۆرێک لە خەڵکییە.

سێیەم: ناولێنانی ئەو قسەیە بە نکووڵیکردن لە نیعمەت.

چوارەم: کۆبوونەوەی دوو شتی دژ بەیەک[ناسینی نیعمەت و نکووڵی لێکردنی] لەناو دڵدا.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ

بەشی وتەی خوای بەرز و بڵند

﴿فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢٢].

قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ فِي الآيَةِ: «الأَنْدَادُ؛ هُوَ الشِّرْكُ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ عَلَى صَفَاةٍ سَوْدَاءَ فِي ظُلْمَةِ اللَّيْلِ، وَهُوَ أَنْ تَقُولَ: وَاللهِ وَحَيَاتِكِ يَا فُلَانَةُ، وَحَيَاتِي، وَتَقُولَ: لَوْلَا كُلَيْبَةُ هَذَا لأَتَانَا اللُّصُوصُ، وَلَوْلَا الْبَطُّ فِي الدَّارِ لأَتَى اللُّصُوصُ، وَقَوْلُ الرَّجُلِ لِصَاحِبِهِ: مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ، وَقَوْلُ الرَّجُلِ: لَوْلَا اللهُ وَفُلَانٌ، لَا تَجْعَلْ فِيهَا فُلَانًا، هَذَا كُلُّهُ بِهِ شِرْكٌ». رَوَاهُ ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ.

{دەی ئێوە هیچ هاوەڵێک بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن، لە کاتێکدا کە ئێوە دەزانن ئەو کەسانەی کردووتانن بە شەریک بۆ خوای گەورە، دەزانن کە خوای گەورە هاوبەشی نییە}.

ئیبن عەببباس دەربارەی ئەو ئایەتە فەرموویەتی: "الأَنْدَاد: بریتییە لە هاوبەش بڕیازدان، کە شاراوەترە لە شوێنەواری ڕۆیشتنی مێرووڵە، لەسەر بەردێکی لووسی ڕەش، لە تاریکیی شەودا، ئەویش بریتییە لەوەی کە بڵێیت: سوێند بە خوا و بە ژیانی تۆ ئەی فلانە کەس، هەروەها سوێند بە ژیانم، هەروەها بڵێیت: ئەگەر ئەو سەگۆکە نەبوایە، ئەوا دزەکان دەهاتنە سەرمان، هەروەها ئەگەر مراوییەکە نەبوایە لە ماڵدا، ئەوا دزەکان دەهاتن، هەروەها بریتییە لە قسەی پیاو کە بە هاوەڵەکەی دەڵێت: ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێت، هەروەها وتەی پیاو کە دەڵێت: ئەگەر خوا و فلانە کەس نەبوونایە،

نەکەی فلان بخەیتە ناو ئەو وشەیەوە و بڵێی: ئەگەر خوا و فلانە کەس نەبوونایە، ئەمانە هەمووی هاوبەش دانانە بۆ خوا".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی بەشێک لە هێنانەدی تەوحید، بریتییە لە: خۆپاراستن لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا لە وشە و دەربڕینەکاندا، ئەگەرچی بێژمرەکەش لە دڵیدا مەبەستی نەبێت؛ بۆیە دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بەو بەشە هۆشداری دەدات لەسەر ئەو بابەتە و هێندێک لەو دەوستەواژانەش ڕوون دەکاتەوە؛ بۆ ئەوەی دووربکەوینەوە لەوانە و ئەوەشی وەکوو ئەوانەیە.

فلا تجعلوا لله أنداداً: واتە: هاووێنە و هاوتا، کەوا پەرستن یان هێندێک پەرستنیان بۆ ئەنجام بدرێت.

وأنتم تعلمون: کە خوا پەروەردگارتانە، جگە لەو ڕۆزیتان نادات و جگە لەویش شایستەی پەرستن نییە.

في الآية: واتە: لە لێکدانەوەی واتای ئەو ئایەتە.

دبيب النمل: ڕۆیشتنی.

على صفاة: (الصفا): بەردێکی لووس.

كلبة: بچووککراوەی (كلبة)یە، لێرەشدا: ئەو سەگەیە کەوا بۆ پارێزگاریکردن لە مەڕومااڵات و جگە لەوانەش ڕادەگیرێت.

اللصوص: کۆی (لصّ)ـە، کە بریتییە لە: دزەکان.

البطّ: کۆی (بطّة)یە، بریتییە لە: باڵندەی ئاوی کە لە ماڵدا ڕادەگیرێت، ئەگەر جگە لە خاوەن ماڵەکە هاتە ناوی، نکوولّی لێ دەکات و هاوار دەکات و دەقیرێنێت.

لا تجعل فيها فلاناً: واتە: فلان مەخەرە ناو قسەکەتەوە بڵێیت: ئەگەر خوا و فلانە کەس نەبوونایە، بەڵکوو بڵێ: ئەگەر خوا نەبێت بە تەنها.

هذا كله به شرك: واتە: ئەو وشە و دەربڕینانەی کە باسکران و هاوشێوەکانیشیان، هاوبەش بڕیاردانن بۆ خوا، واتە: شیرکی بچووک.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای پاک و بێگەرد ڕێگری لە خەڵکی دەکات کەوا هاووێنە و هاوشێوەی بۆ دابنێن و هێندێک پەرستنیان بۆ ئەنجام بدەن؛ لە کاتێکدا دەزانن کە خوای گەورە بە تەنها بەدیهێنەر و ڕۆزیدەرە؛ هەروەها ئەو هاوبەشانە بێتوانا و هەژارن، هیچ کارێکیان بە دەست نییە. ئەوەشی کە ئیبن عەببباس باسیکردووە؛ چەند نموونەیەکە بۆ هاوبەشدانان؛ لەبەر ئەوەی دەربڕینی ئایەتەکە ئەو نموونانە دەگرێتەوە، ئەگەرچیش ئەوانە شیرکی بچووک بن و ئایەتەکەش دەربارەی شیرکی گەورە دابەزیوە؛ کەواتە سەلەف ئایەتێک کە دەربارەی شیرکی گەورە دابەزیوە، دەیکەنە بەڵگە لەسەر شیرکی بچووک.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- هۆشداریدان لە هاوبەش بڕیاردان لە پەرستشدا.

٢- هاوبەش بڕیاردەرەکان، دان دەنێن بە تەوحیدی ڕوبووبییەت.

٣- شیرکی بچووک؛ زۆر شاراوەیە و کەم کەسیش ئاگەداری دەبێت.

٤- واجیبیەتی دوورکەوتنەوە لە دەستەواژە شیرکییەکان، ئەگەرچی مرۆڤ بە دڵیشی مەبەستی نەبێت.

* * *

.....

وَعَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ».[1] رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَحَسَّنَهُ، وَصَحَّحَهُ الْحَاكِمُ.

هەروەها لە عومەری کوڕی خەتتاب -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "هەر کەسێک سوێند بە جگە لە خوا بخوات، ئەوە بە دڵنیایی کوفری کردووە، یان هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوە".

ڕاڤەکردن

عن عمر: ڕاستەکەی لە ئیبن عومەرە[واتە: فەرموودەکە ئیبن عومەر گێڕاویەتییەوە، نەک عومەر].

من حلف: (الحلف): سوێند خواردنە، بریتییە لە: دوپاتکردنەوەی حوکمێک بە باسکردنی گەورەکراوێک، لەسەر شێوازێکی تایبەت.

بغير الله: واتە: بە هەر دروستکراوێک لە دروستکراوەکان.

كفر أو أشرك: ئەگەری هەیە ئەوە گومانێک بێت لەلایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە. ئەگەریشی هەیە کە "أو" بە واتای (واو) بێت، ئەوکاتیش دەبێتە کوفر و شیرک. مەبەستیش کوفر و شیرکی بچووکن.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لەو فەرموودەیەدا هەواڵێک دەدات، کە واتاکەی قەدەغەکردنە: هەر کەسێک سوێند بخوات بەغەیری خوا لە دروستکراوەکان، ئەوە بێگومان ئەو سوێندپێخوراوەی کردۆتە هاوبەشی خوای گەورە و کوفری کردووە بە خوا؛ چونکە سوێندخواردن بە

[1] - أخرجه الترمذي برقم "١٥٣٥"، وأبو داود برقم "٣٢٥١"، والحاكم "٢٩٧/٤".

شتێک، وا دەخوازێت کە ئەو شتە بە گەورە دابنرێت، گەورەییش لەڕاستیدا تەنها بۆ خوای تاک و تەنهایە، بۆیە سوێند ناخورێت تەنها بە خوا، یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی نەبێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بۆ ئەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک سوێند بە غەیری خوا بخوات، ئەوە بێگومان ئەو سوێندە پێ خوراوەی کردۆتە هاوشێوە و هاوبەشی خوا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی سوێندخواردن بە غەیری خوا، هەروەها شیرک و کوفرە بە خوا.

٢- بە گەورەدانان بە سوێندخواردن؛ مافی خوای گەورەیە و سوێند بە کەس ناخورێت، تەنها بەو نەبێت.

٣- سوێندخواردن بە جگە لە خوا، نابێتە هۆی واجیبوونی کەفارەت؛ لەبەر ئەوەی لە فەرموودەکەدا باسی کەفارەتی نەکردووە.

* * *

.....

وَقَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: «لَأَنْ أَحْلِفَ بِاللهِ كَاذِبًا؛ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَحْلِفَ بِغَيْرِهِ صَادِقًا».[1]

هەروەها ئیبن مەسعوود فەرموویەتی: "ئەگەر سوێند بە خوا بخۆم بە درۆ، پێم خۆشترە لەوەی سوێند بە غەیری خوا بخۆم بە ڕاستی".

ڕاڤەکردن

لأن: (اللام): لامی دەستپێکردنە و (أن)یش مەسدەرە، فیعلەکەی دواشی مەنسووبە لە تەئویلی مەسدەرِدا، مەرفووعە لەسەر ئیبتیداء.

أحب ... إلخ: خەبەری موبتەدایەکەیە.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر سوێند بە خوا بخۆم لەسەر شتێک لەکاتێکدا من درۆزن بم تێیدا، لەلام خۆشترە لەوەی سوێند بە غەیری خوا بخۆم لەسەر شتێک لەکاتێکدا ڕاستگۆ بم تێیدا؛ بۆیەش سوێندخواردن بە خوا بە درۆی پەسەند و زاڵکرد، بەسەر سوێندخواردن بە غەیری خوا بەڕاستی؛ لەبەر ئەوەی سوێندخواردن لەو حاڵەتەدا، چاکەی تەوحیدی تێدایە و خەراپەی درۆکردنیشی تێدایە، بەڵام سوێندخواردن بە غەیری خوا بە ڕاستگۆیی، چاکەی ڕاستگۆیی تێدایە و خەراپەی شیرکیشی تێدایە، ئێ ڕوونیشە کە چاکەی تەوحید گەورەترە لە چاکەی ڕاستگۆیی، خەراپەی درۆکردنیش سووکترە و بچووکترە لە خەراپەی شیرک.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشەوە: ئەسەرەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی سوێندخواردن بە غەیری خوا.

---

[1] - قال الهيثمي في مجمع الزوائد "١٧٧/٤": رواه الطبراني في الكبير ورجاله رجال الصحيح.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی سوێندخواردن بە غەیری خوا.

٢- بە دڵنیایی شیرکی بچووک؛ گەورەترە لە گوناهە گەورەکانی وەکوو درۆکردن و هاوشێوەکانی لە تاوانە گەورەکان.

٣- دروستییەتی ئەنجامدانی ئەو شتەی کە کەمترین خەراپە و زەرەری هەیە، ئەگەر ناچاربیت یەکێکیان ئەنجام بدەیت.

٤- وردی تێگەیشتنی ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت-.

***

.....

وَعَنْ حُذَيْفَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا تَقُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ وَشَاءَ فُلَانٌ، وَلَكِنْ قُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ ثُمَّ شَاءَ فُلَانٌ».[1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ.

وَجَاءَ عَنْ إِبْرَاهِيمَ النَّخَعِيِّ أَنَّهُ يَكْرَهُ أَنْ يَقُوْلَ الرَّجُلُ: (أَعُوذُ بِاللهِ وَبِكَ)، وَيَجُوزُ أَنْ يَقُولَ: (بِاللهِ ثُمَّ بِكَ)، قَالَ: وَيَقُولُ: (لَوْلَا اللهُ ثُمَّ فُلَانٌ)، وَلَا تَقُولُوا: (لَوْلَا اللهُ وَفُلَانٌ).

هەروەها حوزەیفە -ڕەزای خوای لێبێت- لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "مەڵێن: ئەگەر خوا و فلانە کەس ویستیان لێبێت، بەڵکوو بڵێن: ئەگەر خوا ویستی لێبێت، پاشان ئەگەر فلانە کەس ویستی لێبێت".

هەروەها لە ئیبراهیمی نەخەعی گێڕدراوەتەوە کەوا پێی ناپەسەند و باش نەبووە کە پیاو بڵێت: (پەنا دەگرم بە خوا و بە تۆ)، بەڵام دروستە کە بڵێت: (پەنا دەگرم بە خوا پاشان بە تۆ)، فەرموویەتی: دەبێ بڵێت: (ئەگەر خوا نەبوایە، پاشان فلانە کەس)، نابێت بڵێت: (ئەگەر خوا و فلانە کەس نەبوونایە).

ڕاڤەکردن

لا تقولوا: (لا): بۆ قەدەغەکردنە و فیعلەکەی دواشی مەجزوومە پێیەوە، نیشانەی جەزمەکەشی لابردنی نونە.

ما شاء الله وشاء فلان: چونکە عەتفکردن بە (واو)، کۆکردنەوە و یەکسانکردن دەخوازێت.

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٤٩٨٠"، وأحمد في المسند "٣٨٤/٥".

ما شاء الله ثم شاء فلان: چونکە عەتفکردن بە (ثُمّ)، ڕێکخستن و دواکەوتن دەخوازێت.

یکرە: کەڕاهەت لە عورف و بەکارهێنانی سەلەفدا، مەبەست پێی حەرامکردنە.

أعوذ: (العوذ): پەنابردن بۆلای غەیر و پەیوەستبوون پێیەوە.

لولا: پێی دەوترێت (حرف امتناع لوجود)، واتە: نەبوون و ڕوونەدانی شتێک لەبەر بوونی شتێکی دیکە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری لەوە دەکات کە ناوی دروستکراوێک عەتف بکرێت و بگەڕێندرێتەوە سەر ناوی بەدیهێنەر بە پێتی (واو)، دوای باسکردنی ویست و هاوشێوەکانی؛ چونکە بە هۆی ئەوە عەتف پێکراوەکە[کە دروستکراوە]، یەکسان دەبێت بە عەتفکراوە سەرەکە[کە بەدیهێنەرە]؛ لەبەر ئەوەی واوی عەتف بۆ موتڵەقی جەمعە، بۆیە ڕێکخستن و بەدواداهاتن ناخوازێت؛ یەکسانکردنی دروستکراو بە بەدیهێنەریش هاوبەشی بڕیاردانە، بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بەدروستی دەزانێت کەوا عەتفی دروستکراو بکرێتە سەر بەدیهێنەر بە پێتی (ثُمّ)؛ چونکە عەتف پێکراوەکە دوادەکەوێت لە عەتفکراوە سەرەکە بە ماوەیەک، بۆیە هیچ مەترسییەکی تێدا نییە؛ لەبەر ئەوەی عەتف پێکراوەکە دەبێتە شوێنکەوتە. ئەو ئەسەرەی کە لە نەخەعیشەوە گێڕدراوەتەوە، هەمان ئەو سوودە دەگەیێنێت کە فەرموودەکە گەیاندی.

ئینجا ئەو حوکمەش -کە بریتییە لە پەناگرتن بە دروستکراو- تایبەتە بەو دروستکراوە زیندووانەی کە توانایان هەیە، نەک مردوو و بێتواناکان؛ چونکە ئەوان نابێت هیچ شتێکییان بدرێتە پاڵ و نابێت پەنایان پێ بگیرێت.

پەیوەندی فەرموودە و ئەسەرەکە بەو بەشەوە: هەردووکیان بەڵگەنە لەسەر ڕێگریکردن لە گوتنی: "ئەگەر خوا و فلانە کەس ویستیان لێبێت"، هەروەها هاوشێوەی ئەوەش؛ چونکە ئەو قسەیە بەشێکە لە دانانی هاوبەشی بۆ خوا، ئەوەی کە

لەسەرەتای بەشەکەدا، ئایەتەکە قەدەغەی کرد، بەو شێوەیەش کە ئیبن عەببباس تەفسیری کرد.

ئەو سوودانەی کە لە فەرموودەکە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی گوتنی: "ئەگەر خوا و تۆ ویستتان لێبێت"، هاوشێوەی ئەو دەستەواژانەش کەوا عەتفکردنی تێدایە بۆ سەر (الله) بە پێتی (واو)؛ چونکە ئەمە بەشێکە لە هاوبەش دانان بۆ خوا.

٢- دروستییەتی گوتنی: "ئەگەر خوا ویستی لێبێت، پاشان تۆ ویستت لێبێت"، هاوشێوەی ئەو دەستەواژانە کە عەتفکردنی تێدایە بۆ سەر (الله) بە پێتی (ثُمَّ)؛ چونکە ئەمە هیچ مەترسی و قەدەغەیەکی تێدا نییە.

٣- جێگیرکردنی ویست بۆ خوا، هەروەها جێگیرکردنی ویست بۆ بەندە، ویستی بەندەش شوێنکەوتەی ویستی خوای گەورەیە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەی سورەتی (الْبَقَرَة) دەربارەی هاوشێوە و هاوتاکان.

دووەم: هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت-، ئایەتێک کە دەربارەی شیرکی گەورە دابەزیوە، وای تەفسیر دەکەن کەوا شیرکی بچووکیش دەگرێتەوە.

سێیەم: سوێندخواردن بە غەیری خوا، هاوبەش بڕیاردانە.

چوارەم: ئەگەر کەسێک سوێند بە خوا بخوات بەڕاستی، ئەوە گەورەترە لە سوێندخواردن بە خوا بەڵام بە درۆ.

پێنجەم: جیاوازی نێوان (الْوَاو) و (ثُمَّ) لە دەربڕیندا؛[چونکە (واو) یەکسانکردن دەخوازێت، بەڵام پاشان(ثُمَّ) بۆ ڕێکخستن و بەدواداهاتنە.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِيمَنْ لَمْ يَقْنَعْ بِالحَلِفِ بِاللهِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی کەسێک کە ڕازی نەبێت بە سوێندخواردن بە خوا

عَنِ ابْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ، مَنْ حَلَفَ بِاللهِ فَلْيَصْدُقْ، وَمَنْ حُلِفَ لَهُ بِاللهِ فَلْيَرْضَ، وَمَنْ لَمْ يَرْضَ فَلَيْسَ مِنَ اللهِ». [1] رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ بِسَنَدٍ حَسَنٍ.

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "سوێند بە باب و باپیرانتان مەخۆن، هەر کەسێک سوێند بە خوا بخوات، با ڕاستگۆ بێت، هەروەها هەر کەسێکیش سوێندی بە خوا بۆ خورا، با ڕازی بێت، ئەو کەسەشی ڕازی نەبێت، ئەوا هیچ پەیوەندیەکی بە خواوە نییە و خوا لێی بەرییە".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ڕازی نەبوون بە سوێندخواردن بە خوا، پێچەوانەی تەواویەتی تەوحیدە؛ لەبەر ئەوەی ئەمە، بەڵگەیە لەسەر کەمی بە گەورەدانانی پەروەردگاری مەزن.

ما جاء فيمن ... إلخ: واتە: ئەوەی هاتووە لە هەڕەشە.

الحلف: سوێندخواردن.

---

[1] - أخرجه ابن ماجه برقم "٢١٠١".

لا تحلفوا بآبائكم: ئەوە ڕێگریکردنە لە سوێندخواردن بە باب و باپیران؛ چونکە ئەوە لەلایان ناسراو بووە، ئینجا واتای ئەوەش بەدەستەوە نادات کە سوێندخواردن بە غەیری باب و باپیران دروست بێت؛ چونکە پێشتر باسی قەدەغەکردنی سوێندخواردن بە غەیری خوا بەڕەهایی کرا.

فليصدق: واتە: واجیبە لەسەری ڕاستگۆ بێت؛ ئەمەش لەبەر بە گەورە دانانی سوێندخواردن بە خوا؛ لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیی واجیبە ئەگەر سوێندیش بە خوا نەخوات، چجای ئەوەی ئەگەر سوێند بە خوا بخوات!

فليرض: واتە واجیبە لەسەری ڕازی بێت؛ لەبەر بە گەورەزانینی سوێندخواردن بە خوا. ئەمەش واجیبە لە بانگەشەکردنەکان و جگە لەوانیش.

واتای فەرموودەکە بەکورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری دەکات لە سوێندخواردن بە باب و باپیرانەوە؛ چونکە سوێندخواردن بەگەورەدانانی سوێند پێ خوراوەکەیە، بەگەورەدانانیش مافی خوای گەورەیە؛ پاشان فەرمان بەو کەسە دەکات کە سوێند بە خوا دەخوات کە ڕاستگۆ بێت لەوەی سوێندی لەسەر دەخوات؛ چونکە ڕاستگۆیی یەکێکە لەو شتانەی کە خوای گەورە لەسەر بەندەکانی واجیبی کردووە بە ڕەهایی، چجای ئەوەی ئەگەر سوێندیان بە خوا خواردا! هەروەها پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمان بەو کەسە دەکات کەوا سوێندی بەخوا بۆ دەخورێت، لە کێشەیەک، یان جگە لە کێشە، بەوەی ڕازی بێت بە سوێندەکە؛ چونکە ئەمە بەشێکە لە بە گەورەدانانی خوا، پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەڕەشە تونەدەکە ڕوون دەکاتەوە دەربارەی ئەو کەسەی کە ڕازی نابێت بە سوێندخواردن بە خوا؛ چونکە ئەوە بەڵگەیە لەسەر بە گەورە دانەنانی خوا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە هەڕەشەیەکی تۆندی تێدایە دەرحەق بەو کەسەی کە ڕازی نابێت بە سوێندخواردن بە خوا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- هەڕەشەی توند دەرحەق بەو کەسەی کە ڕازی نەبێت بە سوێندخواردن بە خوا.

٢- واجیبیەتی ڕاستگۆیی لە سوێند خواردندا.

٣- حەرامکردنی درۆکردن لە سوێند خواردندا.

٤- گومانی باش بردن بە موسڵمان، مادام پێچەوانەکەی لێ دەرنەکەوتووە.

٥- واجیبیەتی بەڕاستدانانی ئەو کەسەی کە سوێند بە خوا دەخوات، ئەگەر باوەڕدار بێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: قەدەغەکردنی سوێندخواردن بە باب و باپیران.

دووەم: فەرمانکردن بەو کەسەی سوێندی بۆ دەخورێت بە خوا کە ڕازی بێت.

سێیەم: هەڕەشە لەو کەسەی کە ڕازی نابێت.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ

بەشی گوتنی ئەگەر خوا ویستی لێبێت و تۆش ویستت لێ بێت

عَنْ قُتَيْلَةَ: أَنَّ يَهُودِيًّا أَتَى النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فَقَالَ: إِنَّكُمْ تُشْرِكُونَ، تَقُولُونَ: مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ، وَتَقُولُونَ: وَالْكَعْبَةِ، فَأَمَرَهُمُ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- إِذَا أَرَادُوا أَنْ يَحْلِفُوا أَنْ يَقُولُوا: وَرَبِّ الْكَعْبَةِ، وَأَنْ يَقُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ ثُمَّ شِئْتَ.[1] رَوَاهُ النَّسَائِيُّ وَصَحَّحَهُ.

لە قوتەیلەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: جوولەکەیەک هاتە لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، گوتی: ئێوە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن، دەڵێن: ئەگەر خوا و تۆ ویستتان لێبێت، هەروەها دەڵێن: سوێند بە کەعبە، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمانی پێ کردن[واتە: بە موسڵمانان]، ئەگەر ویستیان سوێند بخۆن، با بڵێن: سوێند بە پەروەردگاری کەعبە، هەروەها بڵێن: ئەگەر خوا بیەوێت، پاشان تۆ بتەوێت.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: بێگومان ئەو بەشە دەچێتە ناو "بەشی وتەی خوای گەورە: ﴿...فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً...﴾" لەوێ پەیوەندییەکەمان ڕوونکردەوە.

---

[1] - أخرجه النسائي "٦/٧" برقم "٣٧٧٣" وأحمد "٣٧١/٦- ٣٧٢"، والبيهقي "٢١٦/٣"، والحاكم "٢٩٧/٤"، وصححه ووافقه الذهبي.

ژیاننامەی (قُتَيلة): بە زەممەی قافەکە و فەتحەی تائەکە، بچووککراوەیە، کچی سەفییەی جوهەنییە، یەکێکە لە هاوەڵەکان -ڕەزای خوای لێبێت-.

قول: ما شاء الله وشئت: واتە: حوکمی قسەکردن بەو دەستەواژەیە چییە، ئایا دروستە یاخود نا؟ ئینجا ئەگەر دروست نەبێت، ئایا شیرکە یان نا؟

تشرکون: واتە: شیرکی بچووک.

ما شاء الله وشئت: ئەمە هاوبەشکردنی تێدایە لە ویستی خوا.

وتقولون: والکعبة: ئەمە سوێند خواردنە بە غەیری خوا.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: ئەو جوولەکەیە بۆ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی باسکرد کە هێندێک لە موسڵمانان دەکەونە ناو شیرکی بچووکەوە، کاتێک کە ئەو دەربڕینانەیان لێوە دەردەچێت کە باسی کرد، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دانی پێدانا لەسەر ئەوەی کە ئەو دەربڕینانە بەشێکن لە شیرک، هەروەها ڕێنماییشی دا بۆ بەکارهێنانی دەربڕینێکی دوور لە شیرک، بەوەی سوێند بە خوا بخۆن و ویستی بەندەش عەتف بکەنە سەر ویستی خوا بە وشەی پاشان (ثُمَّ)، کە بۆ ڕێکخستن و بەدواداهاتنە؛ تاوەکوو ویستی بەندە شوێنکەوتەی ویستی خوا بێت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە گوتنی: "ئەگەر خوا و تۆ ویستتان لێبێت" شیرکە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- گوتنی: ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێت، هەروەها سوێندخواردن بە غەیری خوا، شیرکە؛ چونکە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دانی پێدانا بۆ جوولەکەکە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە بەشێکن لە شیرک.

٢- شارەزایی جوولەکەکان بە شیرکی بچووک.

٣- تێگەیشتنی مرۆڤ، ئەگەر پێی خۆش بێت.

٤- وەرگرتنی حەق لەهەر کەسێکەوە بێت کە بیهێنێت، ئەگەرچی دوژمنێکی سەرپێچیکاریش بێت لە ئایینداا.

٥- شیرکی بچووک؛ خاوەنەکەی لە ئایینی ئیسلام دەرناکات.

٦- دوورکەوتنەوە لەو دەربڕینانەی کەوا کەموکوڕی لە بیروباوەڕدا دروست دەکەن و گۆڕینیان بە دەستەواژەیەکی دوور لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا.

٧- کەسی زانا؛ ئەگەر ڕێگری لە شتێک کرد، ئەوا ئەگەر کرا لەجیاتی شتێکی دیکە دیاری دەکات، کە بێ پێویست بکات لە قەدەغەکراوەکە.

٨- بە دڵنیایی قەدەغەکردنی شیرک گشتییە، هیچ شتێکی گونجاو نییە، هەتا سوێندخواردن بە کەعبەش، کە بریتییە لە مااڵی خوا لەسەر زەوی خوا، چجای جگە لە کەعبە؟!

٩- جێگیرکردنی ویست بۆ خوا و جێگیرکردنی ویست بۆ بەندە، کە شوێنکەوتەیە بۆ ویستی خوا.

***

.....

وَلَهُ أَيْضًا عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ؛ أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ، فَقَالَ: «أَجَعَلْتَنِي للهِ نِدًّا؟! مَا شَاءَ اللهُ وَحْدَهُ».[1]

هەروەها هەر پێشەوا نەسائی لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاویەتییەوە، کەوا پیاوێک بە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-ی گوت: ئەگەر خوا ویستی لێبێت و تۆش ویستت لێ بێت، پێغەمبەریش فەرمووی: "ئایا منت کردە هاوتا و هاوبەشی خوا؟! بڵێ: ئەگەر خوا بە تەنها ویستی لێبێت".

ڕاڤەکردن

وله: واتە: نەسائی.

أجعلتني: پرسیارکردنی نکووڵی لێکردنە.

نداً: واتە: هاوبەش.

واتای کورتی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- نکووڵی لەو کەسە کرد کە ویستی پێغەمبەر عەتف دەکاتە سەر ویستی خوا بە پیتی واو؛ چونکە ئەو عەتفکردنە وا دەخوازێت کە خوا و دروستکراو یەکسان بکرێن، هەروەها ئەمەشی بە هاوبەش دانان بۆ خوا هەژمارکرد، پاشان ویستی دایە پاڵ خوای گەورە بە تەنها.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: گوتنی : "ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێت"، هەروەها هاوشێوەی ئەو دەربڕینەش، بەشێکە لە دانانی هاوبەش بۆ خوا، ئەوەی کە بەو وتەیەی خۆی قەدەغەی کردووە: ﴿فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢٢].

---

[1] - أخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة برقم "٩٨٨"، وأحمد في المسند "٢١٤/١، ٢٨٣، ٣٤٧".

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگریکردن لە گوتنی: "ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێت"، ئەوەشی کە وەکوو ئەوەیە لەو دەستەواژانەی کە عەتفکردنی ویستی بەندەی تێدایە لەسەر ویستی خوا بە پیتی واو و هاوشێوەی ئەمە.

٢- هەر کەسێک کە بەندە یەکسان بکات بە خوای گەورەوە، ئەگەرچی لە شیرکی بچووکیش بێت، ئەوە کردوویەتی بە هاوبەش بۆ خوا.

٣- نکوولێکردن لە خەراپە.

٤- بە دڵنیایی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- سنووری تەوحیدی پاراستووە و ڕێگەکانی شیرکیشی گرتووە.

***

.....

وَلِابْنِ مَاجَهْ، عَنِ الطُّفَيْلِ -أَخِي عَائِشَةَ لِأُمِّهَا- قَالَ: "رَأَيْتُ كَأَنِّي أَتَيْتُ عَلَى نَفَرٍ مِنَ الْيَهُودِ، قُلْتُ: إِنَّكُمْ لَأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلَا أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: عُزَيْرٌ ابْنُ اللهِ، قَالُوا: وَإِنَّكُمْ لَأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلَا أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: مَا شَاءَ اللهُ وَشَاءَ مُحَمَّدٌ، ثُمَّ مَرَرْتُ بِنَفَرٍ مِنَ النَّصَارَى، فَقُلْتُ: إِنَّكُمْ لَأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلَا أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: الْمَسِيحُ ابْنُ اللهِ، قَالُوا: وَإِنَّكُمْ لَأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلَا أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: مَا شَاءَ اللهُ وَشَاءَ مُحَمَّدٌ، فَلَمَّا أَصْبَحْتُ أَخْبَرْتُ بِهَا مَنْ أَخْبَرْتُ، ثُمَّ أَتَيْتُ النَّبِيَّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فَأَخْبَرْتُهُ، فَقَالَ: «هَلْ أَخْبَرْتَ بِهَا أَحَدًا؟»، قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَحَمِدَ اللهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: «أَمَّا بَعْدُ؛ فَإِنَّ طُفَيْلًا رَأَى رُؤْيَا أَخْبَرَ بِهَا مَنْ أَخْبَرَ مِنْكُمْ، وَإِنَّكُمْ قُلْتُمْ كَلِمَةً كَانَ يَمْنَعُنِي كَذَا وَكَذَا أَنْ أَنْهَاكُمْ عَنْهَا، فَلَا تَقُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ وَشَاءَ مُحَمَّدٌ، وَلَكِنْ قُولُوا: مَا شَاءَ اللهُ وَحْدَهُ». [1]

هەروەها پێشەوا ئیبن ماجە گێڕاویەتییەوە لە تۆفەیل -برای عائیشەیە لەدایکییەوە- فەرموویەتی: "لەخەودا بینیم کەوا بەلای چەند کەسێک[لە سێ تا نۆ] لە جوولەکەکاندا تێپەڕیم، گوتم: بەڕستی ئێوە گەلێکی چاکن، ئەگەر نەڵێن: عوزەیر کوڕی خوایە، گوتیان: هەروەها ئێوەش گەلێکی چاکن، ئەگەر نەڵێن: خوا و موحەممەد ویستییان لێبێت، پاشان بەلای چەند کەسێک لە گاورەکاندا تێپەڕیم، گوتم: بەڕاستی ئێوە

[1] - أخرجه ابن ماجه برقم "٢١١٨"، وأحمد "٣٩٣/٥".

گەلێکی باشن، ئەگەر نەڵێن: عیسای مەسیح کوڕی خوایە، گوتیان: هەروەها ئێوەش گەلێکی باشن، ئەگەر نەڵێن: خوا و موحەممەد ویستییان لێبێت، جا کاتێک بەیانیم کردەوە، ئەو خەوەم بۆ چەند کەسێک گێڕایەوە، پاشان هاتمە لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- و هەواڵەکەم پێدا، ئەویش گوتی: "ئایا ئەو هەواڵەت بەکەس داوە؟"، گوتم: بەڵێ، ئەویش سوپاس و ستاییشی خوای گەورەی کرد و ئینجا گوتی: "دوای ئەوە، بێگومان توفەیل خەونکی بینیوە و بۆ هێندێک لە ئێوەی گێڕاوەتەوە، ئێوەش وشەیەکتان گوتووە، بەڵام ئەوە و ئەوە[شەرمکردن لەخوا] ڕێگرییان لێکردم کەوا لێتانی قەدەغە بکەم، بۆیە [لەمەودوا] مەڵێن: ئەگەر خوا و موحەممەد ویستیان لێبێت، بەڵام بڵێن: ئەگەر تەنها خوا ویستی لێبێت.

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (الطفيل): توفەیلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حارسی کوڕی سەخبەرەی ئەزدییە، یەکێکە لە هاوەڵان -ڕەزای خوای لێبێت-، تەنها ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە.

علی نفر: (النفر): خزم و هۆزی مرۆڤە، ناوی کۆیە، تەنها بۆ پیاوان بەکاردێت.

لأنتم القوم: واتە: باشترین گەل ئێوەن.

لولا أنكم تقولون عزيرٌ ابن الله: واتە: ئەگەر شیرکتان نەبووایە بە دانەپاڵی منداڵ بۆلای خوا؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی عوزێر هەموو تەوڕاتی لەبەر بوو، بۆیەش ئەو قسەیەیان دەربارەی گوت، گوتراویشە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر بووە.

تقولون ما شاء الله وشاء محمد: بەڕەچییان دایەوە بە باسکردنی شتێک کە لە هێندێک لە موسڵمانانداە هەیە لە شیرکی بچووک.

تقولون المسيح: واتە: عیسای کوڕی مەریەم -علیه السلام-.

ابن الله: هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دەدەن بە دانەپاڵی منداڵ بۆلای خوا. بۆیەش ئەو قسەیەیان دەربارەی عیسا گوت؛ چونکە لە دایک بووە بە بێ باوک.

حمد الله وأثنى عليه: (الحمد): ستایشکردن لەسەر کارە جوان و چاکەکانی ئیختیاری، وەکوو نیعمەتەکان و جگە لەوانەش، (الثناء)یش بریتییە لە: دووبارەکردنەوەی سوپاس و ستایشکردن.

كان يمنعني كذا وكذا: بریتییە لە شەرمکردن، هەروەکوو لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە؛ چونکە ئەو کاتی خوا فەرمانی پێ نەکردبوو بە نکووڵی لێکردنی.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: توفەیل -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵ دەدات کە لە خەویدا بینیویەتی بەلای کۆمەڵێک لە خەڵکی جوولەکە و گاورەکاندا تێپەڕیوە، ئەویش نکووڵی لێ کردوون، لەوەی هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە و کوڕیان داوەتە پاڵ خوا -خوا بڵند و پیرۆزە لەوە-، ئەوانیش بەرپەرچیان داوەتەوە بە باسکردنی ئەوەی هێندێک موسڵمان لەسەرینە لە هاوبەش بڕیاردانی بچووک، کە لە هێندێک لە دەربڕینەکانیاندا هاتووە، ئینجا کاتێک کە بەیانی کردۆتەوە، ئەو خەوەی بۆ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- گێڕاوەتەوە، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕایگەیاندووە و نکووڵی لە خەڵکی کردووە کەوا ئەو وشە شیرکییانە دەربڕن، فەرمانیشی پێ کردوون کەوا وشەیەک دەربڕن کە پاک و دوور بێت لە شیرک.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە سوودی ئەوەی هەیە کە دەربڕینی گوتەی: (ئەگەر خوا و موحەممەد بیانەوێت)، هەروەها وشە هاوشێوەکانیشی، شیرکی بچووکن هەروەکوو پێشتر باسمانکرد.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- گرنگیدان بە خەون، کە هۆکارێکە بۆ دانانی هێندێک لە حوکمەکان، لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٢- بێگومان گوتنی: "ئەگەر خوا و فڵانە کەس بیانەوێت"، هەروەها هاوشێوەی ئەمەش، شیرکی بچووکە.

٣- شارەزایی جوولەکە و گاورەکان بە شیرکی بچووک، لەگەڵ ئەوەش ئەوەی ئەوان لەسەرینە، شیرکی گەورەیە، [بەڵام ئەو قسەیەیان کرد]؛ لەپێناو تانەدان بوو لە موسڵمانان.

٤- پێشخستنی سوپاس و ستایشکردنی خوا لە وتارەکاندا، هەروەها گوتنی: (أما بعد)، تێیدا.

٥- سونەتییەتی کورتکردنەوەی ویست لەسەر خوا[واتە: بڵێیت: ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت بە تەنها]، ئەگەرچی دروستیشە کە بڵێیت: ئەگەر خوا ویستی لێبێت، پاشان فلانە کەس ویستی لێبێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: شارەزایی جوولەکەکان بە شیرکی بچووک.

دووەم: مرۆڤ تێدەگات، ئەگەر پێی خۆش بێت.

سێیەم: وتەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- "ئایا منت کردە هاوبەش بۆ خوا"؛ ئەی دەبێت حوکمی ئەو کەسە[مەبەستی بوسەپرییە] چۆن بێت کە دەڵێت: "يَا أَكْرَمَ الْخَلْقِ مَا لِي مَنْ أَلُوذُ بِهِ سِوَاكَ...". واتە: ئەی بەڕێزترینی دروستکراوەکان[مەبەستی پێغەمبەرە]! جگە لە تۆ کێم هەیە کە پەنای پێ بگرم؟! هەروەها دوو دێرە هۆنراوەکەی دوای ئەوەش.

چوارەم: ئەو قسەیە شیرکی گەورە نییە؛ لەبەر فەرموودەی: "ئەوە و ئەوە ڕێگریان لێ کردم کە لێتانی قەدەغە بکەم"، [چونکە ئەگەر شیرکی گەورە بووایە، زوو نکوولّی لێ دەکرد].

پێنجەم: بێگومان خەوی چاک؛ یەکێکە لە بەشەکانی وەحی.

شەشەم: خەوی چاک؛ جاری وایە دەبێتە هۆی دانانی هێندێک لە حوکمەکان.

❁❁❁

بَابٌ مَنْ سَبَّ الدَّهْرَ فَقَدْ آذَى اللهَ

بەشی هەر کەسێک جوێن بە ڕۆژگار و زەمانە بدات، ئەوە بە دڵنیایی ئازاری خوای داوە

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {کافران و (دەهرییەکان)، نکوولّی زیندووبوونەوەیان دەکرد و دەیانگووت: تەنها ژیانی دونیا هەیە و لە دونیادا دەژین و پاشان دەمرین، هیچ شتێکیش ئێمە لەناو نابات، تەنها سەردەم و زەمانە نەبێ و زیندووبوونەوەش نییە}.

ڕاڤەکردن

تەواوکردنی ئایەتەکە: ﴿وَمَا لَهُم بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ [الجاثية: ٢٤]. واتە: ئەوان هیچ زانیارییەکیان لەم شتەدا نییە و تەنها لە گومانەوە ئەم قسانە دەکەن و گومان دەبەن.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: بێگومان جوێندان و قسەگوتن بە سەردەم و زەمانە؛ شیرک لەخۆ دەگرێت؛ چونکە ئەو کەسەی کە قسە بە ڕۆژگار دەڵێت، ئەگەر باوەڕی وا بێت کە ڕۆژگار بکەرە لەگەڵ خوادا، ئەوە موشریکە.

أذى الله: چونکە وەسفی خوای کردووە بە سیفاتی کەموکوڕی.

وقالوا: واتە: ئەوانەی نکوولّی لە زیندووبوونەوە دەکەن.

ما هي: واتە: ژیان.

إلا حياتنا الدنيا: واتە: ئەو ژیانەی کە لە دونیادایە، ئیتر ژیانی دوایی بوونی نییە.

نموت ونحيا: واتە: هێندێک دەمرن و هێندێکیش زیندوو دەبنەوە، بەوەی لەدایک دەبن.

وما يهلكنا إلا الدهر: واتە: تێپەڕینی زەمانە.

وما لهم بذلك: واتە: بەو قسەیە.

من علم: واتە: بەڵگەیان نییە لەسەر قسەکە، بەڵکوو ئەو قسەیەیان کرد، لەسەر بنەمای چاولێکردن و نکوولّی کردنی شتێک، کە هەستیان پێ نەکرد و زانیاریان دەربارەی نەبوو.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی دەهرییە کافرەکان و ئەوانەشی کە لەسەر بۆچوونی ئەوان بوون لە هاوبەش بڕیاردەرەکانی قوڕەیش، لە نکوولّی کردنی زیندووبوونەوە، چونکە ئەوان دەیانگووت: جگە لەو ژیانەمان، هیچ ژیانێکی دیکە بوونی نییە، هەر ئەوەیە هێندێکمان دەمرین و هێندێکی دیکەش لەدایک دەبن، ئینجا هیچ هۆکارێکیش بۆ مردنمان بوونی نییە، جگە لە تێپەڕبوونی زەمانە و دووبارە بوونەوەی شەو و ڕۆژ، خوای گەورەش وەڵامی دانەوە بەوەی ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان نییە لەسەر ئەو نکوولّی لێ کردنە، تەنها گومان نەبێت، گومانیش بەڵگە نییە. لەکاتێکدا ئەو کەسەی نکوولّی لە شتێک دەکات، پێویستە بەڵگە لەسەر نکوولّی کردنەکەی بێنێتەوە، هەروەکوو چۆن پێویستە ئەو کەسەی کە شتێک جێگیر دەکات، بەڵگە بێنێتەوە لەسەر جێگیرکردنی.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: هەر کەسێک قسە بە ڕۆژگار و زەمانە بڵێت، ئەوا بێگومان بەشداری ئەو دەهریانەی کردووە لە قسەگوتن بە زەمانە، ئەگەرچی لە بیروباوەڕیشدا هاوبەشیان نەبێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- جێگیرکردنی زیندووبوونەوە و وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی نکوولّی لێ دەکات.

٢- سەرزەنشکردنی ئەو کەسەی کە ڕووداوەکان دەداتە پاڵ ڕۆژگار و زەمانە.

٣- هەر کەسێک نکوولّی شتێک بکات، ئەوە داواکراوە بە هێنانەوەی بەڵگە لەسەر نکوولّی کردنی، وەکوو ئەو کەسەی کە شتێک جێگیر دەکات.

٤- بێگومان گومان پشتی پێ نابەستریّت بۆ بەڵگەهێنانەوە لە بابەتەکانی بیروباوەڕدا.

* * *

.....

وَفِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: يُؤْذِينِي ابْنُ آدَمَ، يَسُبُّ الدَّهْرَ، وَأَنَا الدَّهْرُ: أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ».

وَفِي رِوَايَةٍ: «لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ؛ فَإِنَّ اللهَ هُوَ الدَّهْرُ».[1]

هەروەها لە سەحیدا هاتووە لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، لە پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- کە فەرموویەتی: "خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: نەوەی ئادەم ئازارم دەدات، لەبەر ئەوەی جوێن بە ڕۆژگار و زەمانە دەدات و سەرزەنشتی دەکات، لەکاتێکدا من ڕۆژگارم: واتە شەو و ڕۆژ هەڵدەسوڕێنم و ڕۆژگار بەڕێوە دەبەم".

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: "جوێن بە ڕۆژگار و زەمانە مەدەن، چونکە خوا بەڕێوەبەری ڕۆژگار و هەڵسوڕێنەرەیتی".

ڕاڤەکردن

في الصحيح: واتە: سەحیحی بوخاری.

يؤذيني: کەموکوڕی دەداتە پاڵم.

يسب الدهر: واتە: سەرزەنشتی دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت، لەکاتێک کە بەڵا و موسیبەت دادەبەزێت.

وأنا الدهر: واتە: خاوەنی ڕۆژگار و بەڕێوەبەری ئەو کاروبارانەیە کە دەیدەنە پاڵ ڕۆژگار.

أقلِّب الليل والنهار: بە یەک بە دوای یەکدا هاتن لەنێوانیان و ئەوەشی کە تێیاندا ڕوو دەدات لە چاکە و خەراپە.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٨٢٦"، ومسلم برقم "٢٢٤٦".

وفي رواية: واتە: گێڕانەوەی موسلیم و جگە لەو.

فإن الله هو الدهر: واتە: هەر خوایە کە ئەو شتەی ویستی لێ بێت، لە چاکە و خەراپە، لە زەمان و ڕۆژگاردا دەڕوێنێت و دەیهێنێتە کایەوە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە پەروەردگاری دەگێڕێتەوە: کە ئەو کەسەی قسە بە ڕۆژگار دەڵێت، لەکاتی دابەزینی کارەسات و ناڕەحەتی، ئەوە لە ڕاستیدا قسە بە خوای گەورە دەڵێت و بە کەموکوڕی دانە پاڵ خوا، ئازاری دەدات؛ چونکە ئەوە تەنها خوایە کە ئەو کارانە دێنێتە کایەوە؛ ڕۆژگار و سەردەمیش تەنها دروستکراوێکی دەستبەسەر و گوێڕایەڵە، هەروەها سەردەمێکە کە ئەو ڕووداوانەی تێدا ڕووەدات، بە فەرمانی خوای گەورە.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ئەوەی تێدایە کە هەر کەسێک جوێن بە سەردەم و زەمانە بدات، ئەوا بە دڵنیایی ئازاری خوای داوە، واتە: ناتەواوی داوەتە پاڵی.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی جوێندان بە ڕۆژگار و سەردەم.

٢- واجبیەتی باوەڕهێنان بە قەزا و قەدەر.

٣- بێگومان ڕۆژگار دروستکراوێکی ڕام و گوێڕایەڵە.

٤- جاری وایە دروستکراوەکان ئازاری خوا دەدەن بە ناتەواوی دانە پاڵی، بەڵام زەرەری پێ ناگەیێنن.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕێگریکردن لە جوێندان و قسەگوتن بە ڕۆژگار.

دووەم: ناونانی ئەو کارە بە ئازاردانی خوا.

سێیەم: بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە وتەی: «فَإِنَّ اللهَ هُوَ الدَّهْرُ».

چوارەم: ئەو کارە دەبێتە جوێندان بە خوا، ئەگەرچی بە دڵیشی مەبەستی نەبێت.

بَابُ التَّسَمِّي بِقَاضِي الْقُضَاةِ وَنَحْوِهِ

بەشی ناونان بە دادوەری دادوەرەکان و هاوشێوەکانی

فِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «إِنَّ أَخْنَعَ اسْمٍ عِنْدَ اللهِ: رَجُلٌ تَسَمَّى مَلِكَ الأَمْلاَكِ، لَا مَالِكَ إِلَّا اللهُ».

قَالَ سُفْيَانُ: مِثْلُ شَاهَانْ شَاهْ.

وَفِي رِوَايَةٍ: «أَغْيَظُ رَجُلٍ عَلَى اللهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَخْبَثُهُ»[1].

قَوْلُهُ: «أَخْنَعُ» يَعْنِي أَوْضَعُ.

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "بەڕاستی سووکترین و بێڕێزترین ناو لەلای خوا: پیاوێکە ناوی لەخۆی ناوە پادشای پادشاکان، لەکاتێکدا هیچ پادشا و دەسەڵاتدارێکی ڕاستەقینە نییە، تەنها خوا نەبێت".

سوفیان فەرموویەتی: وەکوو شاهەنشاە[پادشای پادشایان].

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: "بێزراوترین و پیسترین پیاو لەلای خوا لە ڕۆژی دواییدا". فەرمایشتی: «أَخْنَع» واتە: سووکترین و ڕیسواترین.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئەو بەشە ڕوونی دەکاتەوە کە ناونان بە ناوێک کە هاوبەشی بۆ خوا تێدا بێت لە بەگەورە داناندا، ئەوە هاوبەش بڕیاردانە لە ڕوبووبییەت.

[1] - أخرجه البخاري برقم "٦٢٠٥، ٦٢٠٦"، ومسلم برقم "٢١٤٣".

ژیاننامەی (سفیان): سوفیانی کوڕی عویەینەی کوڕی مەیمونی هیلالییە، متمانە و حافز و شەرعزانە، لە کوفە ساڵی (١٠٧)ـی کۆچی لەدایکبووە، لە مەککە نیشتەجێ بووە و هەر لەوێشدا ساڵی (١٩٨)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

ونحوه: واتە: هاوشێوەی دادومری دادومرەکان، وەکوو فەرمانڕەوای فەرمانڕەواکان، دەسەڵاتداری دەسەڵاتدارەکان، گەورەی گەورەکان.

في الصحيح: لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم.

يسمَّى: بکەر نادیارە: واتە: بەوە بانگ دەکرێ و ڕازییە پێی، لە هێندێک گێڕانەوەشدا هاتووە (تَسمّی) بە تاء، واتە: خۆی ناوناوە بەوە.

الأملاك: کۆی (ملِك)ـە، بە کەسرەی لامەکە.

لا مالك إلا الله: ئەمە وەڵامە بۆ ئەو کەسەی کە ئەو کارە دەکات، کە خۆی کردۆتە هاوبەشی خوا لەشتێکدا کە لە تایبەتمەندییەکانی خوایە.

شاهان شاه: ئەوە دەستەواژەیەکە لەلای عەجەمەکان بەکاردێت دەربارەی (پادشای پادشاکان)، ئەمەش نموونە هێنانەوەیە نەوەک کورتهەڵهێنان بێت.

وفي رواية: واتە: لە گێڕانەوەی موسلیم لە سەحیحەکەی خۆیدا.

أغيظ رجل: (الغيظ): وەکوو تووڕەبوون و ڕقلێبوونەوەیە، واتە: بێزراو و ڕقلێبووەوە دەبێت لەلای خوا.

وأخبثه: واتە: پووچترینیان، واتە: کەسێکی پیس و ڕقلێگیراو دەبێت لەلای خوا.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات کە بێڕێزتین و سووکترین خەڵکی لەلای خوای گەورە، کەسێکە کەوا ناوی لەخۆی ناوە بە ناوێک، کە هەڵگری واتای گەورەیی و دەسەڵاتە، ئەوەی کە شایستە نییە تەنها بۆ خوا نەبێت، وەکوو پادشای پادشایان؛ لەبەر ئەوەی ئەمە خۆچواندنی تێدایە بە خوا، هەروەها خاوەنەکەشی بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی دەکات، یان بانگەشەی بۆ

دەکرێت کەوا هاوبەشی خوایە؛ هەربۆیەش ئەوەی ئەو ناوەی لەخۆی ناوە، لەهەموو خەڵکی بێزراوتر و پیسترە لەلای خوا.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی ناونان بە قازی قازییەکان و هاوشێوەکانی، بە قیاسکردنە سەر حەرامکردنی ناونان بە پادشای پادشایان، ئەوەی کە سەرزەنشتکردن و هۆشداری دان لێی لە فەرموودەدا هاتووە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی ناونان بە دادوەری دادوەرەکان و هاوشێوەکانی.

٢- واجبییەتی ڕێزگرتنی ناوەکانی خوای گەورە.

٣- هاندان لەسەر خۆبەکەمزانین و هەڵبژاردنی ئەو ناو و نازناوانەی کە گونجاو و لەبارن بۆ دروستکراوەکان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕێگریکردن لە ناونان بە پادشای پادشایان.

دووەم: ئەوەی کە هەمان واتای هەبێت حوکمی وەکوو ئەوە؛ هەروەکوو سوفیان فەرمووی.

سێیەم: تێگەیشتن لەو تونديیەی کە لەو بابەتە و هاوشێوەکانیدا هەیە، لەگەڵ ئەوەش کە دڵ مەبەستی واتاکەی نەبووە.

چوارەم: تێگەیشتن و هەستکردن بەوەی کە ئەو تونديیە لەبەر خوای گەورەیە.

❁❁❁

بَابُ احْتِرَامِ أَسْمَاءِ اللهِ تَعَالَى، وَتَغْيِيرِ الاِسْمِ لِأَجْلِ ذَلِكَ

بەشی ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و گۆڕینی ناویش لەپێناو ئەمە

عَنْ أَبِي شُرَيْحٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-: أَنَّهُ كَانَ يُكْنَى أَبَا الْحَكَمِ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «إِنَّ اللهَ هُوَ الْحَكَمُ، وَإِلَيْهِ الْحُكْمُ»، فَقَالَ: إِنَّ قَوْمِي إِذَا اخْتَلَفُوا فِي شَيْءٍ أَتَوْنِي فَحَكَمْتُ بَيْنَهُمْ، فَرَضِيَ كِلَا الْفَرِيقَيْنِ، فَقَالَ: «مَا أَحْسَنَ هَذَا، فَمَا لَكَ مِنَ الْوَلَدِ؟»، قُلْتُ: شُرَيْحٌ، وَمُسْلِمٌ، وَعَبْدُ اللهِ، قَالَ: «فَمَنْ أَكْبَرُهُمْ؟»، قُلْتُ: شُرَيْحٌ، قَالَ: «فَأَنْتَ أَبُو شُرَيْحٍ». رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَغَيْرُهُ.[1]

لە ئەبوو شوڕەیحەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕدرێتەوە: کەوا کونیەی (ئەبوو حەکەم)ی بۆ داندرابوو و بەو کونیەیە بانگ دەکرا، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرمووی: "بەڕاستی هەر خوا بڕیاردەر و فەرمانڕەوایە و بڕیاریش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە"، شوڕەیحیش گوتی: گەلەکەی من ئەگەر لە شتێکدا ناکۆک و جیاواز بوونایە، دەهاتنە لای من و منیش حوکمم لەنێوانیان دەدا و ئاشتەواییم لەنێوانیاندا دەکرد، بەمەش هەردوو کۆمەڵەکە ڕازی دەبوون، پێغەمبەریش فەرمووی: "ئای ئەوە چەند کارێکی چاکە! بەڵام تۆ چەند منداڵت هەیە؟"، گوتم: شوڕەیح و موسلیم و عەبدوڵڵا، فەرمووی: "کامەیان گەورەترینیانە؟"، گوتم: شوڕەیح، فەرمووی: "کەواتە تۆ ئەبوو شوڕەیحی".

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٤٩٥٥"، والبيهقي "١٠/١٤٥"، والحاكم في المستدرك "٤/٢٧٩".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: بێگومان ڕێزگرتنی ناوەکانی خوای گەورە و گوڕێنی ناویش لەپێناو ئەمە، بەشێکە لە هێنانەدی یەکخواپەرستی.

ژیاننامەی (أبو شُریح): ناوی هانیئی کوڕی یەزیدی کیندییە، سەحابەیە و لە کوفە نیشتەجێ بووە، لە مەدینەش وەفاتی کردووە لە ساڵی (٦٨)ـی کۆچی -ڕەزای خوای لێبێت-.

احترام أسماء الله: واتە: بە گەورەدانانی، ڕێزلێگرتنیشی، واتە: ڕەچاوی پیرۆزییەکەی کرد و لێی ترسا.

تغيير الاسم: واتە: گۆڕینی و دانانی جگە لەو لە شوێنی.

من أجل ذلك: واتە: لەپێناو ڕێزگرتنی ناوەکانی خوا.

يُكنى: (الكنية): ئەوەیە کە بە باوک، یان دایک دەست پێ دەکرێت.

الحكَم: یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە و واتا: ئەو فەرمانڕەوایەی ئەگەر بڕیارێکی دەرکرد، ئەوە بڕیارەکەی ڕەت ناکرێتەوە.

وإليه الحكم: واتە: یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان بەندەکان لە دونیا و دواڕۆژدا.

إن قومي ... إلخ: واتە: من ئەو کونیەیەم بۆ خۆم دانەناوە، بەڵکوو گەلەکەم ئەو کونیەیەیان بۆ داناوم.

ما أحسن هذا: واتە: ئاشتەوایی لەنێوانی خەڵکی و حوکمدان لەنێوانیان بە دادپەروەری و گەڕان بەدوای دادگەری.

فأنت أبو شُريح: کونیەی بۆ دانا بە گەورەترینیان، لەبەر ڕەچاوکردن؛ چونکە لەپێشترە بەوە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نکوولی لەو هاوەڵە کرد کە کونیەکەی (ئەبوو حەکەم) بوو؛ چونکە (الحكم) یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، ناوەکانی خواش پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت؛ هاوەڵەکەش هۆکاری ئەو کونیە دانانەی بۆ ڕوون کردەوە، کە ئەو ئاشتەوایی و تەبایی لەنێوانی گەلەکەیدا دەکرد و کێشەکانیانی چارەسەر دەکرد، بەو شێوەیەی کە هەردوو خاوەن کێشەکان

ڕازی دەبوون، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەو کارەی پێ باش بوو، بەڵام کونیەکەی نا، بۆیە ئەو کونیەیەی گۆڕی و کونیەیەیەکی دیکەی بۆ دانا، بە ناوی گەورەترینی منداڵەکانی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ڕێگریکردن لە سووکایەتیکردن بە ناوەکانی خوا، بە ناو لەخۆنان و کونیە لەخۆنان بەو ناوانەی کە تایبەتن بە خوا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی سووکایەتیکردن بە ناوەکانی خوای تێدایە، هەروەها ڕێگەگرتن لەهەر شتێک کە ببێتە هۆی ڕێز نەگرتنیان، وەکوو کونیە بۆ خۆ دانان بە ئەبوو حەکەم و هاوشێوەکانی.

٢- بە دڵنیایی (الحکم)، یەکێکە لە ناوەکانی خوای بەرز و بڵند.

٣- دروستیەتی ئاشتەواییکردن و حوکم بردنەوە لای کەسێک کە بۆ دادوەریکردن بگونجێت، ئەگەرچی خۆشی دادوەر نەبێت، هەروەها بڕیارەکەشی پەیوەستکەرە و پەیوەندبوون پێیەوە پێویستە.

٤- پیاو کونیەی بۆ دادەنرێت، بە گەورەترینی کوڕەکانی.

٥- دروستیەتی پێشخستنی گەورە. گونجاو

٦- دروستیەتی گۆڕینی ناوێکی نەگونجاو، بۆ ناوێکی گوناو و باش.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕێزگرتن و بەگەورەدانانی ناو و سیفاتەکانی خوا، [بە وازهێنان لە ناونانی دروستکراوەکان بە ناوەکانی خوا]، ئەگەرچی مەبەستیشی بە قسەکە واتاکەی نەبێت.

دووەم: گوڕێنی ناو لەپێناو ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوا.

سێیەم: هەڵبژاردنی گەورەترینی کوڕەکان بۆ دانانی کونیە.

❁❁❁

بَابُ مَنْ هَزَلَ بِشَيْءٍ فِيْهِ ذِكْرُ اللهِ أَوِ القُرْآنِ أَوِ الرَّسُوْلِ

بەشی هەر کەسێک گاڵتە بە شتێک بکات کە زیکری خوا، یا قورئان، یان پێغەمبەری تێدا بێت

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {کاتێک کە پرسیاریان لێ بکەی، بۆچی ئەم قسانەتان کردووە و تانە و تەشەر لە پێغەمبەری خوا و لە هاوەڵان و لە دین دەدەن؟ ئەو کاتە دەڵێن ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، ڕێگا دووربوو دەمەتەقێمان دەکرد بۆ ئەوەی دووری ڕێگاکە ببڕین و گاڵتەمان دەکرد و کاتمان بەسەر دەبرد}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿قُلْ أَبِاللهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ﴾ [التوبة: ٦٥]. واتە: پێیان بڵێ: ئایا ئێوە شت نەما گاڵتەی پێ بکەن، ئیللا خوای گەورە و ئایەتەکانی خوا و پێغەمبەری خوا نەبێ؟ ئایا ئێوە گاڵتە بەمانە دەکەن؟

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسەیە کە گاڵتە بە شتێک دەکات کەوا زیکری خوا، یان قورئان، یاخود پێغەمبەر - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-ی تێدا بێت، هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو کارە کوفرە و پێچەوانەی یەکخواپەرستییە.

باب من هزل ... إلخ: واتە: بەشی ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسەی کە ئەوکارە دەکات.

هَزَل: (الهزل): گاڵتە و ڕابواردن، پێچەوانەی ڕاستییە.

ولئن: لامەکە لامی سوێند خواردنە.

سألتهم: پەیامەکە بۆ پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، واتە: ئەگەر پرسیار لەو دووڕووانە بکەیت لە گاڵتەکردنیان بە تۆ و بە قورئان.

ليقولُن: بە بیانوو هێنانەوە.

نخوض ونلعب: مەبەستمان گاڵتە پێکردن و بە درۆزانین نەبوو، بەڵکوو مەبەستمان ڕۆچوون بوو لە گفتوگۆ و گاڵتەکردن بوو.

قل أبالله وآياته ورسوله: واتە: پێیان بڵێ -وەکوو سەرزەنشتکردنێک لەسەر گاڵتەکردنەکەیان، پەیامەکەش بۆ پێغەمبەرە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بێگومان ئەو بیانووەتان هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنێت لەلای خوا.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەفەرموێ: ئەگەر پرسیار لەو دووڕووانە بکەیت، ئەوانەی وشەی کوفریان بە گاڵتەوە دەربڕی، ئەوا بیانووت بۆ دێننەوە بەوەی مەبەستیان گاڵتە پێکردن و بە درۆخستنەوە نەبوو، بەڵکوو مەبەستیان ڕۆچوون بوو لە گفتوگۆکردندا، ئەویش هەواڵێ پێدان کە ئەو بیانووەیان هیچ سوودیان پێ ناگەیێنێت لەلای خوا.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشە: ئایەتەکە -لەگەڵ ئەوەی دوای ئەو ئایەتەش-، بەڵگەیە لەسەر کوفری ئەو کەسەی کەوا گاڵتە بە شتێک بکات کە زیکری خوا، یان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، یاخود قورئانی تێدا بێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- گاڵتەکردن بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی، کوفرە و پێچەوانەی یەکخواپەرستییە.

٢- هەر کەسێک کردەوەیەکی کوفری بکات و بانگەشەی ئەوەش بکات کە نەیزانیوە کوفرە، ئەوا بەمە بیانووی لێ وەرناگیرێت.

٣- واجیبیەتی بە گەورەدانانی زیکری خوا و کیتابەکەی و پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

٤- هەر کەسێک قسەیەکی کوفری دەربڕێت، ئەوا کافر دەبێت، ئەگەرچی بە دڵیشی باوەڕی بەوە نەبێت کە گوتوویەتی. [1]

* * *

[1] - لێرەدا لە خاڵی دووەم و چوارەم، شێخ مەبەستی ئەوە نییە کە (عوزر بە جەهل) ڕەت بکاتەوە و پێی وا بێت لە هیچ قسە و کردەوەیەکی کوفریدا عوزر بە جەهل بوونی نەبێت؛ چونکە لە پەرتووکەکانی دیکەیدا، باسی ئەوەی کردووە کە نەزانین یەکێکە لە بیانووەکان، بەڵکوو لێرەدا مەبەستی پێی کوفرێکی تەیبەت و دیاریکراوە، ئەویش: (کوفری گاڵتەکردن)ـە، واتە: ئەگەر کەسێک بە وتە، یان بە کردەوە گاڵتە بە خوا و ئایین و پێغەمبەران بکات، ئەوا بێگومان ئەو جۆرە کەسانە کافر دەبن و بیانوویان لێ وەرناگیرێت، ئەگەرچی لەڕووکەشیشدا بانگەشەی ئەوە بکەن کە نەیانزانیبێت؛ چونکە ئەو جۆرە کوفرانە لە کەسێک دەرناچێت، مەگەر ڕقی لە خوا و پێغەمبەرەکەی ببێتەوە.

.....

عن ابنِ عُمَرَ، ومحمدِ بنِ كعبٍ، وزيدِ بنِ أسلمَ، وقَتادةَ -دَخَلَ حَدِيْثُ بَعْضِهِم في بَعْضٍ-: "أنَّهُ قالَ رجُلٌ في غَزْوَةِ تَبوك: مَا رَأَيْنا مِثْلَ قُرَّائِنا هَؤلاءِ أرغَبَ بُطونًا، ولا أَكْذَبَ أَلسُنًا، ولا أجْبَنَ عندَ اللِّقاءِ -يَعني الرَّسُولَ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- وأَصْحَابَهُ القُرَّاءَ-، فقالَ له عَوْفُ بنُ مالكٍ: كَذَبْتَ؛ ولَكِنَّكَ مُنَافِقٌ، لأُخْبِرَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَذَهبَ عوْفٌ إلى رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-؛ لِيُخْبِرَهُ، فَوجَدَ القُرْآنَ قَدْ سَبَقَهُ، فَجَاءَ ذَلَكَ الرَّجُلُ إلى رَسُولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- وَقَدْ ارْتَحَلَ، وَرَكِبَ ناقَتَهُ، فقالَ: يا رَسُولَ اللهِ! إنَّما كُنَّا نَخُوضُ ونَلْعَبُ ونَتَحَدَّثُ حَدِيثَ الرَّكْبِ، نَقْطَعُ بِهِ عَنَّا الطَّرِيقِ، قَالَ ابْنُ عُمَر: كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِ متعلِّقاً بِنِسْعَةِ ناقَةِ رَسولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، وإِنَّ الحِجَارةَ تَنْكُبُ رِجْلَيْهِ، وَهُوَ يَقُولُ: إِنَّما كُنَّا نَخُوضُ ونَلْعَبُ، فيقولُ لَهُ رسولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: ﴿أَبِاللهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُنَ ۝ لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾. التوبة: ٦٥-٦٦]، مَا يَلْتَفِتُ إِلَيْهِ، ومَا يَزِيْدُهُ عَلَيْهِ.

لە ئیبن عومەر و موحەممەدی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی ئەسلەم و قەتادە دەگێڕدرێتەوە -فەرموودەی هێندێکیان چۆتە ناو هێندێکی تر و ئەمە کۆکراوەی گێڕانەوەکانیانە-: "پیاوێک لە جەنگی تەبووکدا گوتی: کەسمان نەبینیوە وەکوو ئەو

قورئان خوێنانەی ئێمە، ئەوەندە لە خەمی سکیاندا بن و حەزیان لەوە بێت سکیان تێر بکەن، هەروەها کەسمان نەبینیوە وەکوو ئەوانە درۆزن بن و ئەوەندەش ترسنۆک بن، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا -مەبەستی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- و هاوەڵە قورئانخوێنەکانی بوو-، عەوفی کوڕی مالیکیش گوتی: درۆتکرد، لەبەر ئەوەی تۆ دووڕوویت، سوێند بێت ئەو هەواڵە دەگەێنمە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، ئەوەبوو عەوف ڕۆیشت بۆلای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، بۆ ئەوەی هەواڵەکەی پێ ڕابگەێنێت، بەڵام دیتی قورئان پێشی ئەو کەوتووە و خوای گەورە لە ڕێگەی وەحییەوە هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندووە، ئینجا ئەو پیاوە هاتە لای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، بەڵام پێغەمبەر شوێنەکەی جێهێشتووە و سواری وشترەکەی بووە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەڕاستی ئێمە تەنها گفتوگۆ و گاڵتەمان دەکرد و قسەی ڕێگامان دەکرد، دووری و ناڕەحەتی ڕێگامان بەو قسانە دەبڕی، ئیبن عومەر دەڵێت: وەکوو ئەوە وایە کە ئێستا سەیری دەکەم و لەپێش چاومە کە چۆن ئەو پیاوە خۆی بە گوریسی وشترەکەی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەڵواسیوە، دەڕۆیشت و بەردەکانیش بەر پێی دەکەوتن و دەیگوت: "ئێمە تەنها دەمەتەقێمان دەکرد بۆ ئەوەی دووری ڕێگاکە ببڕین و گاڵتەمان دەکرد و کاتمان بەسەر دەبرد"، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- پێی دەگوت: {ئایا ئیوە گاڵتەتان بە خوا و ئایەت و بەڵگەکانی و پێغەمبەرەکەی دەکرد؟ بەهانە مەهێنەوە، چونکە بەڕاستی ئێوە بێباوەڕبوون، پاش بڕوا هێنانتان}. ئیتر ئاوڕی لێ نەدەدایەوە و لەوەش زیاتری پێ نەدەگوت.

ڕاڤەکردن

ژیاننامە:

١- **ابن عمر:** عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتتابە -ڕەزای خوایان لێبێت-.

٢- **محمد بن كعب:** موحەممەدی کوڕی کەعبی کوڕی سولەیمی قوڕەزی مەدەنییە، زانایەکی متمانەپێکراوە، ساڵی (١٢٠)ـی کۆچی وەفاتی کردووە.

٣- زيد بن أسلم: بەندەی ئازادکراو و خزمەتکاری عومەری کوڕی خەتتاب بووە - ڕەزای خوای لێبێت- کەسێکی متمانە و بەناوبانگ بووە، ساڵی (١٣٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٤- قتادة: قەتادەی کوڕی دیعامەی سەدووسییە، ڕاڤەکاری قورئان و حافزە، نزیکەی ساڵی (١١٧)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٥- عوف بن مالك: عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعییە، یەکەم جەنگ کە ئامادەی بووە، خەیبەر بووە، کۆمەڵێک لە تابیعییەکان فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە، ساڵی (٧٣)ـی کۆچی وەفاتی کردووە، -ڕەزای خوای لێبێت-.

دخل حديث بعضهم في بعض: واتە: فەرموودەکە کۆکراوەتەوە لە گێڕانەوەکانیان.

قرّائنا: (القراء): کۆی (قارئ)ـە، قورئانخوێنەکانیش لەلای سەلەف: ئەوانەن کە قورئان دەخوێنن و واتاکەشی دەزانن.

أرغب بطوناً: واتە: سکیان گەورە و فرەوانە، وەسفیان دەکەن بە فرەوانی سکیان و زۆر خواردن.

عند اللقاء: واتە: ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن.

فوجد القرآن قد سبقه: واتە: وەحی لەلایەن خواوە هات دەربارەی ئەو قسەیەی کە گوتیان، پێش ئەوەی عەوف بگاتە لای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

إنما كنا نخوض ... إلخ: واتە: قسەمان دەگۆڕییەوە و مەبەستمان حەقیقەتی گاڵتەکردن نەبوو.

نسعة: (النسعة): گوریس و قایشێکی چنراوی خاوەن کەزی پانە، کە کۆپانی وشتری پێ توند دەکرێت.

واتایەکی کورتی ئەسەرەکە: ئەو گێڕەرەوانە باسی ئەوە دەکەن کە لەسەر دەستی دووڕووەکان ڕوویدا، لە قسەگوتن بە پێغەمبەری خوا و -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هاوەڵان و گاڵتەپێکردنیان؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی دڵی ئەو دووڕووانە کوفر و ڕق و

کینەی تێدابوو، بەڵام خوای گەورە ئەوەی لەسەر زمانیان دەرخست و ئەوەبوو ئەو قسەیەیان گوت، ئینجا ئەو باوەڕدارە ڕاستگۆیانەشی کە لەوێ ئامادە بوون، نکوولّییان لێکردن؛ لەبەر پەرۆشی و خەمخۆریان بۆ خوا و ئایینەکەی، پاشان ڕۆیشت؛ تاوەکوو کارەکەیان بگەیێنێتە لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بەڵام ئەو خوایەی کە نهێنی و شاراوە دەزانێت، قسەکەیانی بیست و هەواڵەکەشی بە پێغەمبەرەکەی ڕاگەیاند، پێش گەیشتنی ئەو باوەڕدارە، هەروەها خوای گەورە حوکمی کوفریشی بەسەر دادان و بیانووشی لێ وەرنەگرتن، پاشان یەکێک لەو دووڕووانە هاتە لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و بیانووی دەهێنایەوە، بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕازی نەبوو بیانووەکەی وەربگرێت؛ چونکە خوا فەرمانی بەوە پێ کردبوو. لە وەڵامدانەوەیدا بۆ ئەو کەسە لەوە زیاتری نەکرد کە خوا دەرحەقیان فەرموویووی لە سەرزەنشتکردن و قسەپێگوتن.

پەیوەندی ئەسەرەکە بەو بەشە: ئەسەرەکە ڕووبەڕووبونەوە و لێکدانەوەی ئایەتە پیرۆزەکەی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دوژمنایەتییەی کە لە دەروونی دووڕووەکاندا هەیە، بەرانبەر خوا و پێغەمبەرەکەی و باوەڕدارەکان.

٢- هەر کەسێک گاڵتە بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوا کافرە، ئەگەرچی بەڕاستیشی نەبێت و بەگاڵەوەی بێت.

٣- باسکردنی کردەوەی فاسیق و تاوانبارەکان بۆ کاربەدەستانی موسڵمانان؛ لەپێناو وازهێنانیان، غەیبەت و نەمیمەت نییە، بەڵکوو بەشێکە لە ئامۆژگاری بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی موسڵمانان و هەموو موسڵمانان.

٤- توند و تیژی لەسەر دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەکەی.

٥- بێگومان هێندێک لە بیانووەکان، نابێت وەربگیرێن.

٦- ترسان لە دووڕوویی؛ چونکە خوای گەورە باوەڕی بۆ ئەوانە جێگیرکرد، پێش ئەوەی ئەو قسەیە بڵێن کە گوتیان.

٧- بە دڵنیایی گاڵتەکردن بە خوا، یان بە پێغەمبەرەکەی، یاخود بە قورئان، هەڵوەشێنەرەوەیەکە لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام، ئەگەرچی بە دڵیشی باوەڕی بەوە نەبێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: کە بریتییە لە بابەتە گەورەکە؛ هەر کەسێک گاڵتە بەو شتانە بکات، ئەوا بێباوەڕە.

دووەم: بێگومان ئەمە لێکدانەوەی واتای ئایەتەکەیە، دەربارەی هەر کەسێ کە ئەو کارە بکات، جا هەر کەسێک بێت.

سێیەم: جیاوازی نێوان نەمیمەکردن و ئامۆژگاریکردن بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی. [نەمیمە: قسەهێنان و بردنە بە مەبەستی تێکدانی نێوانی خەڵکی].

چوارەم: جیاوازی لەنێوان ئەو لێبوردنەی کە خوا پێی خۆشە، لەگەڵ توند و تیژیی لەسەر دوژمنانی خوا.

پێنجەم: بێگومان هێندێک بیانوو هەیە، نابێت وەربگیرێت.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِن بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي﴾ [فصّلت: ٥٠].

قالَ مُجاهِدٌ: «هذا بِعَمَلي، وأَنا مَحْقوقٌ بهِ».

وقالَ ابنُ عبَّاسٍ: «يريدُ من عِنْدي».

وَقَوْلِهِ: ﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي﴾ [القصص: ٧٨].

قَالَ قَتَادَةُ: «عَلَى عِلْمٍ مِنِّي بِوجُوهِ الْمَكَاسِبِ».

وَقَالَ آخَرونَ: «عَلى عِلْمٍ مِنَ اللهِ أَنِّي لَهُ أَهْلٌ».

وَهَذَا مَعْنَى قَوْلِ مُجَاهِدٍ: «أُوتِيتُهُ عَلَى شَرَفٍ».

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئەگەر تووشی خێر و چاکە و ڕەحمەتێکی بکەین لەلایەن خۆمانەوە، لە دوای ئەو ناخۆشی و زەرەروزیانەی کە تووشی بووە، دەڵێت: ئەمە هی خۆمە و من شایەنی ئەم خێر و چاکە و نیعمەتانەم}.

موجاهید فەرموویەتی: "ئەوە بەهۆی کردەوەی خۆم دەستم کەوتووە و من شایستەی ئەو نیعمەتانەم".

هەروەها ئیبن عەبباس فەرموویەتی: "مەبەستی ئەوەیە کە ئەوشتانە لەلایەن خۆمەوەیە و بەهۆی کردەوەی خۆمەوە بەدەستم هێناوە".

هەروەها فەرمایشتی خوای گەورە: {قارون گوتی: ئەم ماڵە، من بە زانیاریی و لێهاتوویی خۆم پەیدام کردووە، یان خوای گەورە ئەیزانی کە من شایەنی ئەم ماڵەم، بۆیە پێی داوم و فەزڵی من دەزانێت}.

قەتادە فەرموویەتی: "ئەو شتانەم بەدەستهێناوە بەهۆی زانیاری خۆمەوە بە ڕێگەکانی کاسبی و قازانج".

هەروەها هێندێکی دیکە گوتوویانە: "خوای گەورە زانیاری هەبووە بەوەی من شایەنی ئەو نیعمەتانەم".

ئەمەش واتای قسەی موجاهیدە: "ئەو نیعمەتانەم پێدراوە، لەبەر ڕێز و پلەوپایەم".

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّي إِنَّ لِي عِندَهُ لَلْحُسْنَىٰ فَلَنُنَبِّئَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِمَا عَمِلُوا وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ [فصلت: ٥٠].

واتە: لەخۆی بایی دەبێت و دەڵێت: من گومانم هەیە کە قیامەت هەبێت، ئەگەر بشگەڕێمەوە بۆ لای خوای گەورە و دروست بوونەوە و زیندوو بوونەوە هەبێت، ئەوە لای خوای گەورە من ڕێزم هەیە و هەموو چاکەیەکم دەست دەکەوێت و بەهەشت بۆ من دەبێت، بە دڵنیایی لە ڕۆژی قیامەتدا هەواڵ بە کافران دەدەین کە لە دونیا چیان کردووە، هەروەها سزایەکی زۆر سەخت و دژواریان پێ دەچێژین لەسەر بێباوەڕییان.

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئەو بەشە ڕوونی دەکاتەوە، کە گومان بردنی مرۆڤ بەوەی شایستەی ئەو نیعمەتانەیە کە بەدەستی هێناوە، دوای ماندووبوون، پێچەوانەی تەواویەتی یەکخواپەرستییە.

ولئن: (اللام): لامی سوێند خواردنە.

أذقناه: پێمان بەخشی.

رحمة: دەوڵەمەندی و لەشساغی.

ضراء: ناڕەحەتی و موسیبەت.

قائمة: واتە: هەڵدەستێت.

ولئن رُجِعت إلى ربي: واتە: خۆ ئەگەر قیامەتیش هەڵبستێت و بگەڕێمەوە لای پەروەردگارم -لەسەر شێوەی گومان و ئەگەر-.

إن لي عنده للحسنى: واتە: لەلای خوا لە دواڕۆژدا دۆخێکی چاکم دەبێت لە ڕێزگرتن؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی وایە، کە ئەوەی بەدەستی دێنێت لە

نیعمەتەکانی دونیا، ئەوە لەبەر شیاویەتییەتی بۆ ئەو نیعمەتانە و هیچ فەزڵێکی خوای تێدا نییە.

فلننبئنَّ الذین کفروا: بە دڵنیایی هەواڵیان پێ دەدەین.

بما عملوا: واتە: بە حەقیقەت و ڕاستییەتی کردەوەکانیان، بە پێچەوانەی ئەو باوەڕەی کە هەیانبوو لە چاکی سەرەنجامیان.

غلیظ: واتە: توند و سەخت.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە مرۆڤ لە دۆخی ناڕەحەتیدا، ملکەچی خوا دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆلای و لێی دەپاڕێتەوە، هەروەها لە دۆخی خۆشگوزەرانی و گوشادیدا، حاڵەتی دەگۆڕێت، بۆیەش نکوولێی نیعمەتەکانی خوا دەکات لەسەری و پشت لە سوپاسکردنیان دەکات؛ لەبەر ئەوەی گومانی وایە کە ئەو نیعمەتانەی بە دەستی هێناوە، بە ماندووبوون و هەوڵدان و هێز و توانای خۆی بووە، لەوەش گەورەتر ئەو کەسە نکوولێی هەستانی قیامەت و لەناوچوونی دونیا دەکات و دەشڵێت: ئەگەر وا دابندرێت قیامەت دابێت، ئەوا ئەو دۆخە باشەی کە تێیدامە، بۆم بەردەوام دەبێت؛ چونکە من شایەنیمە. پاشان خوای گەورە بەڕەرچی ئەوە دەداتەوە، کەوا هەردەبێت ئەو کەسە و هاوشێوەکانی لە بێباوەڕەکان، بوەستێنرێن و حەقیقەتی کردەوە خەراپ و ناشیرینەکانیان نیشان بدرێت و پاداشتیان بدرێتەوە لەسەری بە تووندترین سزا.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی سوپاسکردنی نیعمەتەکانی خوا و دانان بەوەی کە تەنها لەلایەنی خواوەیە.

٢- حەرامکردنی سەرسامبوون و فریوخواردن بە هێز و توانا.

٣- واجیبیەتی باوەڕهێنان بە هەستانی قیامەت.

٤- واجیبیەتی ترسان لە سزای خوا لە دواڕۆژدا.

٥- هەڕەشەکردن لە بێباوەڕبوون بە نیعمەتەکانی خوای گەورە.

* * *

.....

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُوْلُ: «إِنَّ ثَلَاثَةً مِنْ بَنِي إِسْرَائِيْلَ: أَبْرَصَ وَأَقْرَعَ وَأَعْمَى، فَأَرَادَ اللهُ أَنْ يَبْتَلِيَهُمْ، فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ مَلَكًا، فَأَتَى الأَبْرَصَ، فَقَالَ: فَأَيُّ شَيءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: لَونٌ حَسَنٌ، وَجِلْدٌ حَسَنٌ، وَيَذْهبُ عَنِّي الَّذي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ بِهِ، قَالَ: فَمَسَحَهُ، فَذَهَبَ عَنْهُ قَذَرُهُ؛ فأُعطِيَ لَوْنًا حَسَنًا، وَجِلْدًا حَسَنًا، قال: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: الإِبِلَ أَوِ البَقَر -شَكَّ إِسْحَاقُ- فأُعْطِيَ نَاقَةً عُشَرَاءَ، فَقَالَ: بَارَكَ اللهُ لَكَ فِيْهَا.

قَالَ: فأَتَى الأَقْرَعَ، فَقَالَ: أَيُّ شيءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: شَعَرٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي الَّذي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ بِهِ. فَمَسَحهُ، فَذَهبَ عنْهُ، وَأُعطِيَ شَعرًا حَسَنًا، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قَالَ: البَقَرُ أوِ الإِبِلُ، فأُعطِيَ بقَرةً حامِلًا، قَالَ: بَارَكَ اللهُ لَكَ فِيْهَا.

فأَتَى الأَعْمَى، فَقَالَ: أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ؟ قالَ: أن يَرُدَّ اللهُ إِلَيَّ بَصَرِي؛ فَأُبْصِرَ بِهِ النَّاسَ، فَمَسَحَهُ، فَرَدَّ اللهُ إِلَيْهِ بَصَرَهُ، قَالَ: فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ، قالَ: الغَنَم، فأُعطِيَ شاةً والِدًا.

فأَنْتَجَ هَذَانِ وَوَلَّد هَذَا، فَكَانَ لِهَذَا وَادٍ مِنَ الإِبِلِ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ البَقَرِ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ الغَنَمِ.

قَالَ: ثُمَّ إِنَّه أَتَى الأَبْرَصَ فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقَالَ: رَجُلٌ مِسْكِينٌ، وَابْنُ سَبِيلٍ، قَدِ انقَطَعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي هَذَا؛ فَلَا بلَاغَ لِيَ اليَوْمَ إِلَّا بِاللهِ ثُمَّ بكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي أَعْطَاكَ اللَّونَ الْحَسَنَ، وَالْجِلْدَ الْحَسَنَ، وَالْمَالَ؛ بَعِيْرًا أَتَبلَّغُ بِهِ فِي سَفَرِي، فَقَالَ: الْحُقُوْقُ كَثِيْرَةٌ، فَقَالَ لَهُ: كَأَنِّي أَعْرِفُكَ! أَلَمْ تَكُنْ أَبْرَصَ يَقْذَرُكَ النَّاسُ، فَقِيْرًا فَأَعطاكَ اللهُ الْمَالَ؟ فَقَالَ: إِنَّمَا وَرِثْتُ هَذَا الْمَالَ كَابِرًا عَنْ كَابِرٍ، قَالَ: إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا؛ فَصَيَّرَكَ اللهُ إِلَى مَا كُنْتَ.

قَالَ: وَأَتَى الأَقْرَعَ فِي صُوْرَتِهِ، فَقَالَ لَهُ مِثْلَ مَا قَالَ لِهَذَا، وَرَدَّ عَلَيْهِ مِثْلَ مَا رَدَّ عَلَيْهِ هَذَا، فَقَالَ لَهُ: إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللهُ إِلَى مَا كُنْتَ.

قَالَ: وَأَتَى الأَعْمَى فِي صُوْرَتِهِ، فَقَالَ: رَجُلٌ مِسْكِيْنٌ، وَابْنُ سَبِيْلٍ، قَدِ انْقَطَعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي؛ فَلَا بَلَاغَ لِيَ اليَوْمَ إِلَّا بِاللهِ ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ شَاةً أَتَبلَّغُ بِهَا فِي سَفَرِي. فَقَالَ: قَدْ كُنْتُ أَعْمَى فَرَدَّ اللهُ إِلَيَّ بَصَرِي؛ فَخُذْ مَا شِئْتَ، وَدَعْ مَا شِئْتَ؛ فَوَاللهِ لَا أَجْهَدُكَ اليَوْمَ بِشَيءٍ أَخَذْتَهُ للهِ. فَقَالَ: أَمْسِكْ مَالَكَ، فَإِنَّمَا ابْتُلِيْتُمْ فَقَدْ رَضِيَ اللهُ عَنْكَ، وَسَخِطَ عَلى صَاحِبَيْكَ». [1] أَخْرَجَاهُ.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٣٤٦٤"، ومسلم برقم "٢٩٦٤".

هەروەها لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە، کەوا گوێی لە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بووە فەرموویەتی: "سێ کەس هەبوون لە نەوەی ئیسرائیل: بەڵەکێک(گەڕ و گول) و کەچەڵێک و کوێرێک، خوای گەورە ویستی تاقییان بکاتەوە، بۆیە فریشتەیەکی نارد لایان، سەرەتا هاتە لای بەڵەکەکە و گوتی: چ شتێک لەلای تۆ خۆشەویسترین شتە؟ گوتی: ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوان، هەروەها ئەو دەردەشم نەمێنێت کە بەهۆیەوە خەڵکی بێزم لێ دەکەنەوە و تێکەڵم نابن، ئینجا فریشتەکە دەستێکی پێدا هێنا، گەڕوگولییەکەی نەما و ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوانی پێبەخشرا، ئینجا گوتی: چ سەروەت و سامانێک لەلای تۆ لەهەموو سامانێک خۆشەویستترە؟ گوتی: وشتر، یان مانگا -ئیسحاق گومانی هەبووە کە کامەیانی فەرمووە- ئەوەبوو وشترێکی ئاوسی پێدرا، ئینجا فریشتەکە پێی گوت: خوای گەورە پیت و فەڕ و بەرەکەتت بۆ تێبخات.

فەرمووی: ئینجا هاتە لای کەچەڵەکە و گوتی: چ شتێک لەلای تۆ خۆشەویستترین شتە؟ گوتی: موو[پرچ]ێکی جوان، هەروەها ئەو دەردەشم نەمێنێت کەوا خەڵکی بەهۆیەوە بێزم لێ دەکەنەوە، فریشتەکەش دەستێکی بەسەریدا هێنا، ئەوەبوو دەرد[کەچەڵیی]ەکەی نەما و پرچێکی جوانیشی پێدرا، ئینجا گوتی: ئەی چ ماڵ و سامانێک لەلای تۆ خۆشەویترینە؟ گوتی: مانگا، یاخود وشتر، ئەوەبوو مانگایەکی ئاوسی پێدرا، فریشتەکە گوتی: خوای گەورە پیت و فەڕ و بەرەکەتت بۆ تێبخات.

پاشان هاتە لای کوێرەکە و گوتی: چ شتێک لەلای تۆ لەهەموو شتێک خۆشەویستترە؟ گوتی: خوای گەورە چاوەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی پێ ببینم، فریشتەکەش دەستێکی بە چاوەکانیدا هێنا، خوای گەورەش چاوەکانی بۆ گێڕایەوە، ئینجا گوتی: ئەی چ ماڵ و سامانێک لەلای تۆ خۆشەویستترین ماڵە؟ گوتی: مەڕ، ئەوەبوو مەڕێکی ئاوسی پێدرا.

ئەوەبوو ئەو دووانە[خاوەنی وشتر و مانگاکە] بەچکەی زۆریان دەستکەوت و ئەوەشیان[خاوەنی مەڕەکە] بەچکەی یەک لەدوای یەکی دەستکەوت، بۆیەش ئەوەیان بوو بە خاوەنی دۆڵێک وشتر، ئەوەشیان بوو بە خاوەنی دۆڵێک مانگا، ئەوەی دیکەشیان بوو بە خاوەنی دۆڵێک مەڕ.

فەرمووی: پاشان فریشتەکە لەوێنە و ڕووخساری خۆی هاتەوە لای گەڕوگولەکە و گوتی: پیاوێکی هەژار و ڕێبوارم، لەو گەشتەشمدا هۆکارەکانی ژیانم لێ پچڕاوە و هیچم پێ نەماوە، ئەمڕۆ هیچ شتێکم نییە کە بمگەیێنێتەوە لای کەس و کارم، تەنها خوا، پاشان تۆ نەبێت، بۆیە داوات لێ دەکەم لەبەر خاتری ئەو خوایەی کە ئەو ڕەنگە جوانە و ئەو پێستە جوانە و ئەو سەروەت و سامانەی پێ بەخشیویت، وشترێکم بدەرێ، تاوەکوو لەو گەشتەمدا پێی بگەمەوە لای کەسوکارم، گوتی: مافەکان زۆرن و ئەرکی زۆرم لەسەرە، فریشتەکەش پێی گوت: دەڵێی دەتناسم؟! ئەرێ تۆ بەڵەک نەبووییت، خەڵکی بێزیان لێ دەکردیتەوە؟ هەژار نەبووییت، خوا ئەو ماڵەی پێبەخشیت؟ گوتی: ئەو ماڵ و سامانە لە گەورە بۆ گەورە[لە باب و باپیرانەوە] بۆم ماوەتەوە،[چونکە ئێمە کەسانی بەڕێز و پایەدار بووینە]، فریشتەکەش گوتی: ئەگەر تۆ درۆزن بیت، دەک خوای گەورە بتگەڕێنێتەوە ئەو دۆخەی کە پێشتر تێیدا بووییت!

فەرمووی: ئینجا فریشتەکە لەسەر شێوە و ڕووخساری خۆی هاتەوە لای کەچەڵەکە و چی بە کابرای بەڵەکەکە گوت، هەمان قسەشی بەمە گوت، ئەویش وەڵامی دایەوە، بەهەمان وەڵامی بەڵەکەکە، فریشتەکەش پێی گوت: ئەگەر تۆ درۆزن بیت، دەک خوای گەورە بتگەڕێنێتەوە ئەو دۆخەی کە پێشتر تێیدا بووییت!

فەرمووی: هەروەها فریشتەکە لەسەر شێوە و ڕووخساری خۆی هاتەوە لای کوێرەکە و گوتی: پیاوێکی هەژار و ڕێبوارم، لەو گەشتەشمدا هۆکارەکانی ژیانم لێ پچڕاوە و هیچم پێ نەماوە، ئەمڕۆ هیچ شتێکم نییە کە بمگەیێنێتەوە لای کەس و کارم، تەنها خوا، پاشان تۆ نەبێت، بۆیە داوات لێ دەکەم لەبەر خاتری ئەو خوایەی کە چاوەکانی بۆ گەڕاندییەوە، مەڕێکم بدەرێ، تاوەکوو لەو گەشتەمدا بەهۆیەوە بگەمەوە لای کەسوکار و وڵاتم.

ئەویش گوتی: بێگومان من کەسێکی کوێر و نابینا بووم، بەڵام خوای گەورە چاوەکانی بۆ گەڕاندمەوە، بۆیە ئێستاش چیت پێخۆشە و دەتەوێت ببەبە، چیشت پێخۆشە وازی لێبێنە، سوێند بە خوا! ئەمڕۆ لەبەر خوا ڕێگریت لێ ناکەم لەهەر شتێک کە ببەبیت و منەتیشت بەسەرەوە ناکەم. فریشتەکەش گوتی: ماڵەکەت بگەڕەوە، بێگومان ئێوە تاقیکرانەوە، بە دڵنیاییش خوا لە تۆ ڕازی بوو،[چونکە سوپاسی نیعمەتی خوات کرد]، بەڵام لەدوو هاوەڵەکەت تووڕە بوو،[چونکە کوفرانەی نیعمەتی خوایان کرد]".

ڕاڤەکردن

أخرجاه: واتە: بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیانەوە.

أبرص: (الأبرص): ئەو کەسەیە کە نەخۆشی بەڵەکی پێوەیە، کە بریتییە لە: سپیاتییەک لە ڕووکەشی لاشە دەردەکەوێت، لەبەر تێکچوونی لەشساغی و تێکەڵبوونی مادەی کیمیاییەکان.

وأقرع: ئەو کەسەیە کە تووشی نەخۆشی کەچەڵی و هەڵوەرینی تووکە سەر بووە: ئەویش بریتییە لە: دەردێک تووشی منداڵان دەبێت لە سەریاندا، پاشان کۆتایی پێدێت بە نەمان و هەڵوەرینی موەکان، یان هێندێکی، هەروەها (القرع) بەکاریش دێت بۆ ڕووتانەوەی سەر(ئەسڵەع بوون).

وأعمى: ئەو کەسەیە کە چاوەکانی لەدەست داوە.

أن يبتليهم: واتە: تاقییان دەکاتەوە بە نیعمەتەکانی.

قذِرني الناس: بە کەسرەی (ذال)ـەکە: واتە: پێیان ناخۆش بوو کە تێکەڵاوم ببن، هەر لەبەر ئەوەش منیان بە پیس و پۆخڵ و بێزراو دانا.

شك إسحاق: کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تەڵحەیە، گێڕەرەوەی فەرموودەیە.

عُشَراء: بە زەممەی عەینەکە و فەتحەی شینەکە و ئینجا مەدد، کە بریتییە لە: وشترێکی ئاوس، کەوا دە مانگ، یان هەشت مانگ بەسەر سکەکەیدا تێپەڕێوە.

والداً: واتە: خاوەنی بەچکە، یان ئەوەی کە ناسراوە بە زۆری بەچکە و زان.

أنتج: واتە: خاوەنی وشترەکە و مانگایەکە، سەرپەرشتی خستنەوەی بەچکەکەی کرد.

وولّد: بە شەددەی لامەکە، واتە: سەرپەرشتی لەدایکبوونی بەچکەکەی کرد.

وكان لهذا ... إلخ: واتە: هەر یەک لەوان ئەوەندە وشتر و مانگا و مەڕی هەبوو، کە دۆڵێکی پڕ دەکرد.

انقطعت بي الحبال: واتە: هۆکارەکانی ژیان و گوزەران.

أتبلَّغ به: واتە: بە هۆیەوە دەگەمە ئەو شارەی کە مەبەستمە.

کابراً عن کابر: واتە: ئەو ماڵەم بۆ ماوەتەوە لە گەورەیەک، ئەویش لە گەورەیەکی دیکە لە ڕێز و پایەدا.

صيَّرك الله إلى ما كنت: واتە: دەتگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی سەرەتا، بە گەڕاندنەوەی دەردەکە بۆت.

لا أَجْهَدُك: واتە: ڕێگەت لێ ناگرم بە گەڕاندنەوەی شتێک، کە لە ماڵەکەی من دەیبەیت.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو سێ کەسەی، کە هەریەکێکیان تووشی دەردێک ببوو لە لاشەی، هەروەها هەژاریش بوون لە ڕووی ماڵ و سامانەوە، پاشان خوای گەورە ویستی تاقییان بکاتەوە، بۆیە ئەو دەردەی کە تووشیان ببوو، لەسەری لابردن و ماڵ و سامانێکی زۆریشی بەسەردا ڕشتن، پاشان فریشتەکەی لەسەر شێوە و ڕووخساری یەکەمی نارەوە لای هەریەک لەوانە: لە نەخۆشی و کەچەڵی و کوێری و هەژاری، داوای شتێکی کەمی لێ دەکردن، لێرەدا نهێنییان ئاشکرابوو و ڕاستییەتیشیان دەرکەوت، بەڵام کوێرەکە دانی بە نیعمەتی خوا دانا لەسەری و دایە پاڵ ئەو زاتەی کە ئەو نیعمەتانەی بەسەردا ڕشتووە، بۆیە مافی خوای تێدا جێبەجێ کرد، بەمەش شایستەی ڕازیبوونی خوای گەورە بوو، بەڵام دووەکەی دیکە، کوفریان بە نیعمەتی خوا کرد لەسەریان و نکوولێشیان لە فەزڵ و چاکەی خوا کرد، بەمەش شایستەی تووڕەیی خوای گەورە بوون.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ڕوونکردنەوەی حاڵی ئەو کەسەی تێدایە کە کوفرانەی نیعمەتەکان دەکات، هەروەها ئەو کەسەشی کە سوپاسی نیعمەتەکان دەکات.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی سوپاسکردنی نیعمەتی خوا لە ماڵ و سامان و جێبەجێکردنی مافی خوا تێیدا.

٢- حەرامکردنی بێباوەڕبوون بە نیعمەت و نەدانی مافی خوا لە سەروەت و ساماندا.

٣- دروستییەتی باسکردنی حاڵی ئەو کەسەی ڕۆیشتووە لە ئوممەتەکان؛ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی گوێی لێ دەبێت، پەند و ئامۆژگاری وەربگرێت.

٤- بێگومان خوای گەورە بەندەکانی بە نیعمەتەکان تاقی دەکاتەوە.

٥- دروستییەتی گوتنی: بە خوا پاشان بە تۆ، ئەو کاتی لەو دەربڕینەدا عەتفکردن بە پشان(ثُمَّ) دەبێت، نەک بە و (واو).

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکە.

دووەم: زانینی واتای: ﴿لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي﴾.

سێیەم: زانینی واتای وتەی: ﴿أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِي﴾.

چوارەم: ئەو پەند و ئامۆژگارییە گەورانەی کە لەو چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەدا هەیە.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى

﴿فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحاً جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [الأعراف: ١٩٠]. الآيَةَ.

قَالَ ابْنُ حَزْمٍ: «اتَّفَقُوا عَلَى تَحْرِيمِ كُلِّ اسْمٍ مُعَبَّدٍ لِغَيْرِ اللهِ؛ كَعَبْدِ عَمْرٍو، وَعَبْدِ الْكَعْبَةِ، وَمَا أَشْبَهَ ذَلِكَ؛ حَاشَا عَبْدَ الْمُطَّلِبِ».

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ فِي الآيَةِ قَالَ: «لَمَّا تَغَشَّاهَا آدَمُ حَمَلَتْ، فَأَتَاهُمَا إِبْلِيْسُ، فَقَالَ: إِنِّي صَاحِبُكُمَا الَّذِي أَخْرَجْتُكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ؛ لَتُطِيعُنِّي أَوْ لَأَجْعَلَنَّ لَهُ قَرْنَيْ أَيِّلٍ، فَيَخْرُجَ مِنْ بَطْنِكِ فَيَشُقَّهُ، وَلَأَفْعَلَنَّ وَلَأَفْعَلَنَّ؛ -يُخَوِّفُهُمَا-، سَمِّيَاهُ عَبْدَ الْحَارِثِ، فَأَبَيَا أَنْ يُطِيعَاهُ، فَخَرَجَ مَيِّتًا.

ثُمَّ حَمَلَتْ فَأَتَاهُمَا، فَقَالَ مِثْلَ قَوْلِهِ؛ فَأَبَيَا أَنْ يُطِيعَاهُ، فَخَرَجَ مَيِّتًا. ثُمَّ حَمَلَتْ فَأَتَاهُمَا فَذَكَرَ لَهُمَا، فَأَدْرَكَهُمَا حُبُّ الْوَلَدِ، فَسَمَّيَاهُ عَبْدَ الْحَارِثِ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا﴾ ».[1] رَوَاهُ ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ.

وَلَهُ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: «شُرَكَاءَ فِي طَاعَتِهِ، وَلَمْ يَكُنْ فِي عِبَادَتِهِ».

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم "٣٠٧٧"، والحاكم "٥٤٥/٢" وصححه.

وَلَهُ بَسَنَدٍ صَحِيحٍ عَنْ مُجَاهِدٍ فِي قَوْلِهِ: ﴿لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحاً﴾ قَالَ: «أَشْفَقَا أَنْ لَا يَكُونَ إِنْسَانًا».

وَذَكَرَ مَعْنَاهُ عَنِ الْحَسَنِ، وَسَعِيدٍ، وَغَيْرِهِمَا.

بەشی فەرمایشتی خوای گەورە: {کاتێک کە منداڵی ساڵح، یان منداڵێکی ساغ و ڕێک و تەواوی پێیان بەخشی، ئەوان شەریکیان بۆ خوای گەورە بڕیاردا، لەوەی کە پێی بەخشیبوون، لێرەدا مەبەست ئادەمـ و حەوا خۆیان نییە، بەڵکوو مەبەست موشریکەکانە لە نەوەکانی ئادەمـ و حەوا، وەکوو جوولەکە و گاور، ئەگەرنا ئەوان شەریکیان بۆ خوای گەورە بڕیار نەداوە. [ئەو ئەسەرانەشی کە هاتووە گوایە منداڵیان بووە و ناویان لێناوە (عبدالله)، ئینجا کە منداڵەکەیان مردووە، شەیتان گوتوویەتی: ناوی بنێن (عبد الحارث) ئەو کاتە دەمێنێ، ئەوانیش بە قسەیان کردووە، ئەوانە (ئیسرائیلیاتن) و هیچی سەحیح نیین و بنچینە و بنەمایان نییە]. خوای گەورە زۆر لەوە بەرز و بڵندترە کە موشریکان، هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدەن}.

ئیبن حەزمـ فەرموویەتی: "زانایان یەکدەنگن لەسەر حەرامکردنی هەر ناوێک کە بەندایەتی تێدا بێت بۆ غەیری خوا، وەکوو (عَبْد عَمْرٍو) و (عَبْد الْكَعْبَة) و هاوشێوەی ئەوانەش، جگە لە (عَبْد الْمُطَّلِب) [واتە: لەوە یەکدەنگ نیین]".

هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە کە دەربارەی ئەو ئایەتە فەرموویەتی: "کاتێک ئادەمـ لەگەڵی جووتبوو، حەوا سکی پەیدابوو، جا ئیبلیس هات بۆلایان و گوتی: من هاوەڵی ئێوەمـ، ئەو هاوەڵەی کە لە بەهەشت بە دەرکردنمـ دان، ئینجا سوێند بێت یان ئەوەیە گوێڕایەڵیمـ دەکەن، یاخود دوو قۆچی بزنەکێوی بۆ منداڵەکەتان دروست دەکەمـ، ئەو کاتیش کە لە سکت دەردەچێت، سکت هەڵدەدڕێت، سوێند بە خوا ئەو کارە دەکەمـ، سوێند بە خوا ئەو کارە دەکەمـ، دەیترساندن، دەیگوت: ناوی لێبنێن (عَبْد الْحَارِث)، ئەوانیش ڕازی نەبوون کە بە گوێی بکەن، بۆیە منداڵەکە بە مردوویەتی هاتە دەرەوە و لەدایکبوو.

پاشان جارێکی دیکە دووگیان بوویەوە، دووبارە هاتەوە لایان و هەمان قسەی پێشووی پێ گوتن، ئەوانیش بە گوێیان نەکرد، بۆیە منداڵەکە بە مردوویی لەدایکبوو. پاشان جارێکی تریش دووگیان بوویەوە، ئەوجارەش هاتەوە لایان، هەمان قسەی بۆ

دووبارەکردنەوە، ئەوجارەیان خۆشەویستی منداڵ چووە دڵیانەوە، بۆیە ناویان لێنا (عَبْد الْحَارِث)، ئا ئەوە واتای وتەکەی خوای گەورەیە: {ئەوان شەریکیان بۆ خوای گەورە بڕیاردا لەوەی کە پێیدا بوون}".

هەروەها ئیبن حاتەم بە سەنەدێکی سەحیح لە قەتادەوە گێڕاویەتییەوە، کە فەرموویەتی: "هاوبەشی دانان لە گوێڕایەڵیدا، نەوەک لە پەرستندا".

هەر لە ئیبن حاتەمەوە بە سەنەدێکی سەحیح لە موجاهیدەوە گێڕاویەتییەوە، کە دەربارەی ئەو وتەیەی خوا: {ئەگەر تۆ منداڵێکی چاک و تەواومان پێ بدەیت} فەرموویەتی: "ترسان کە نەبێتە مرۆڤ."

هەروەها ئەو واتایەشی باسکردووە، لە حەسەنی بەسڕی و سەعید و جگە لەوانەش.

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (ابن حزم): زانای ئەندەلووس، باوکی موحەممەد، عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی سەعیدی کوڕی حەزمی قوڕتوبیی زاهیریە، ساڵی (٤٥٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئەو بەشە ڕوونی دەکاتەوە کە منداڵەکان و جگە لەوانیش، بکرێنە بەندە بۆ غەیری خوا لە ناولێناندا، ئەوا هاوبەشی بڕیاردانە لە گوێڕایەڵی و بێباوەڕ بوونیشە بە نیعمەت.

آتاهما: واتە: بە ئادەم و حەوای بەخشی، ئەوەی کە داوایانکرد لە منداڵی چاک و تەواو.

صالحاً: واتە: منداڵێکی ساغ و ڕێک و تەواو.

جعلا له شركاء: واتە: لە گوێڕایەڵیدا هاوبەشیان بۆ خوا دانا.

فيما آتاهما: واتە: ئەوەی کە پێی بەخشین لە منداڵ، بەوەی ناویان لێنا (عبد الحارث)، لەکاتێکدا نابێت بەندەی هیچ یەکێک بێت، تەنها خوا نەبێت.

فتعالى الله: واتە: پاک و بێگەرد و دوورە.

عمَّا يشركون: واتە: لەوەی کە خەڵکی مەککە دەیکەن، لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا، ئەوە شێوازی گواستنەوەیە لەباسی کەس بۆ باسی ڕەگەز.

اتفقوا: لەوانەیە مەبەستی گێڕانەوەی کۆدەنگی بێت.

على تحريم كل اسم معبَّد لغير الله: چونکە هاوبەش بڕیاردانە لە پەروەردگاریەتی و پەرستراویەتی؛ لەبەر ئەوەی دروستکراوەکان هەموویان مووڵکی خوا و بەندەی ئەون.

حاشا عبد المطلب: واتە: یەکدەنگ نیین لەسەر حەرامکردنی ناونان بەو ناوە؛ چونکە بنچینەکەی بەندایەتی کۆیلایەتی بووە[واتە: لەبنچینەدا کۆیلە بووە]، یاخود لە بابەتی هەواڵدانە بەو ناوەی کە ناولێنراو پێی ناسراوە، نەک لە بابەتی دروستکردنی ناولێنان.

تغشَّاها: (التغَشِّي): ئەمە دەربڕینە لەجیاتی جووت بوون و جیماعکردن.

أَيِّل: بە فەتحەی هەمزەکە و کەسرەی یائەکە بە شەددەوە: نێرەی بزنە کێوییە.

سمِّياه عبد الحارث: (الحارث) ناوی ئیبلیس بوو، ویستیان ناوی لێ بنێن بەو ناوە؛ تاوەکوو هاوبەش بوون بەو بێتەدی.

أدركَهما حب الولد: خۆشەویستی پارێزراوی منداڵ، ئەمەش بەشێک بوو لە تاقیکردنەوە.

أشفقا: واتە: ترسان.

أن لا يكون إنساناً: واتە: بەوەی ببێتە ئاژەڵ.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی ئادەم و حەوا، کاتێک وەڵامی پاڕانەوەکەیانی دایەوە و وەریگرت و منداڵێکی ساغ و تەواوی پێبەخشین، لەسەر ئەو شێوەیەی کە داوایان کردبوو، بەڵام ئەوان هەڵنەستان بە سوپاسکردنی ئەو نیعمەتە، لەسەر ئەو شێوەیەی کە جێگای ڕەزامەندی بێت، هەروەکوو بەڵێنیان بەوە دابوو، بەڵکوو ناویان لێنا (عبد الحارث)؛ کردیانە بەندەی غەیْری خوا، لە تەواویەتی سوپاسکردنیش ئەوەیە کە ناو نەکرێتە بەندە، تەنها بۆ خوا

نەبێت، کەواتە بەهۆی ئەمەوە هاوبەش دانان لە ناولێنان لێیانەوە ڕوویدا، نەک لە پەرستندا. پاشان نەفسی خۆی پاک و دوور ڕاگرت لە هاوبەش دانان بە گشتی، جا لە ناولێنان بێت، یان لە پەرستندا بێت.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی ناولێنان بە هەموو ناوێک کە بەندایەتی تێدا بێت بۆ غەیری خوا، وەکوو (عبد الحسین) و (عبد الرسول) و (عبد الکعبة).

٢- بێگومان هاوبەش بڕیاردان لە ناولێنانی تەنهاش ڕوو دەدات، ئەگەرچی مەبەستیشی حەقیقەتەکەی نەبێت.

٣- ئەگەر خوای گەورە منداڵێکی ساغ و تەندروست بە پیاو ببەخشێت، ئەوە یەکێکە لەو نیعمەتانەی کەوا شایستەی سوپاس و ستایشە.

٤- بەشێک لە سوپاسکردنی نعمەتی پێدانی منداڵ لەلایەن خواوە، ئەوەیە کە بکرێتە بەندەی خوا.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: حەرامکردنی هەر ناوێک، کە بەندایەتی تێدا بێت بۆ غەیری خوا.

دووەم: لێکدانەوەی واتای ئایەتەکە.

سێیەم: ناونان بە (عبد الحارث)، هاوبەش بڕیاردانە تەنها لە ناونان، مەبەستی حەقیقەتەکەی نەبووە[واتە: مەبەستی ئەوە نەبووە کە بیکات بە بەندەی ئیبلیس].

چوارەم: ئەگەر خوای گەورە کچێکی تەواو و ساغی بە پیاو بەخشی، ئەوا یەکێکە لە نیعمەتەکان.

پێنجەم: پێشینان باسی جیاوازییان کردووە لەنێوانی هاوبەش بڕیاردان لە گوێڕایەڵی و هاوبەش بڕیاردان لە پەرستندا.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى

﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ﴾[1] الآيَة.

ذَكَرَ ابنُ أَبِي حَاتِمٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: ﴿يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ﴾: «يُشْرِكُونَ».

وَعَنْهُ: «سَمَّوُا اللَّاتَ مِنَ الإِلَهِ، وَالْعُزَّى مِنَ الْعَزِيزِ».

وَعَنِ الأَعْمَشِ: «يُدْخِلُونَ فِيهَا مَا لَيْسَ مِنْهَا».

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە، تۆ بەو ناوە جوانانەوە لە خوا بپارێرەوە و بڵێ: یا رحمن یارحیم یا کریم یا عزیز، هەروەها تەوەسسولی پێ بکە و بڵێ: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت، وازیش لەو کەسانە بێنن کە بێباوەڕن بە ناوەکانی خوای گەورە، وەک موشریکان، کە ناوی بتەکانیان لە ناوەکانی خوای گەورە وەرگرتبوو، وەکوو (لات و عوززا و مەنات)، یان ئەوانەی کە نکوولی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە دەکەن و بە درۆی دەزانن}.

ئیبن ئەبی حاتەم باسی کردووە لە ئیبن عەببасەوە کە دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ﴾ فەرموویەتی: واتە: "لە ناوەکانی خوای گەورەدا، هاوبەشی بڕیار دەدەن".

هەروەها هەر لە ئیبن عەببасەوە هاتووە: "هاوبەشی بڕیاردەرەکان، ناویان لە بتەکە نا لات و لە (الإِلَه)یان وەرگرت، ناویشیان لە بتێکی دیکە نا عوززا و لە (الْعَزِيز)یان وەرگرت".

---

[1] - فعن أبي هريرة -رضي الله عنه- أن رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قال: "إن لله تسعة وتسعين اسماً، من أحصاها دخل الجنة، وهو وتر يحب الوتر". أخرجه البخاري برقم "٦٤١٠"، ومسلم برقم "٢٦٧٧".

هەروەها لە ئەعمەش گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "هێندێک ناو دەخەنە ڕیزی ناوەکانی خوا، کە تێیدا نییە و ناوی خوا نییە".

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ [الأعراف: ١٨٠]. واتە: ئەمانە سزای ئەو کردەوەیەیان وەردەگرن، کە باوەڕیان بە ناوەکانی خوای گەورە نییە.

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بەو بەشە دەیەوێت وەڵامی ئەو کەسە بداتەوە، کە خۆی لەخوا نزیک دەکاتەوە بە مردووان، هەروەها ئەوەی کە دروستە خۆ نزیککردنەوە لەخوا (تەوەسوولکردن) بە ناوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی.

ژیاننامەی (الأعمش): سولەیمانی کوڕی میهڕانی کوفییە، شەرعزانێکی جێمتمانە و حافز و دونیانەویست بووە، ساڵی (١٤٧)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

الأسماء الحُسنى: ئەو ناوانەی لە جوانیدا گەیشتوونەتە کۆتایی، بۆیە لەناو ناوەکاندا، لە ناوەکانی خوا جوانتر و تەواوتر نییە، جگە لەو ناوانەش جێگایان ناگرنەوە.

فادعوه بها: واتە: داوا لە خوا بکەن و خۆتانی لێ نزیک بکەنەوە بەو ناوانەوە.

وذروا الذين: واتە: وازیان لێ بێنن و پشت بکەنە گفتوگۆکردنیان.

يُلحِدون: (الإلحاد): لادان، واتە: لایان دەدەن لە ڕاستی و حەق، جا یا بە نکوولّی لێکردنیان، یان بە نکوولّیکردنی واتاکانیان، یاخود دانانیان بە ناوی هێندێک لە دروستکراوەکان.

يُلحدون في أسمائه: واتە: غەیری خوا دەکەنە هاوبەشی خوا لە ناوەکانیدا، وەکوو ناونانی بتەکان بە ئیلاهـ.

سيُجزون ما كانوا يعملون: ئەمە هەڕەشەیەکی تونده بە دابەزاندنی سزا بۆیان.

وعنه: لە ئیبن عەببباس.

سمَّوا اللات ... إلخ: ئەمە ڕوونکردنەوەی واتای (الإلحاد في أسمائه)یە: ئەوان لەو ناوانەی خوا، ناویان بۆ بتەکانیان داتاشی.

يدخِلون فيها ما ليس منها: واتە: هێندێک ناو دەخەنە ڕیزی ناوەکانی خوا، کە خۆی پێ ناو نەناوە، پێغەمبەرەکەشی ناوی پێ ناو نەناوە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی خۆی، کە ناوەکانی لە جوانی و تەواوەتیدا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی و کۆتایی؛ هەروەها فەرمانیشی بە بەندەکانی کردووە، داوای لێ بکەن و خۆیان لە خوا نزیک بکەنەوە بەو ناوانەوە، وازیش لەوانە بێنن کە ئەو ناوە گەورانە لادەدەن و دەیترازێنن لە ڕووە ڕاست و دروستەکەی خۆی، هەروەها لایان دەدەن لە حەق، بە هەموو جۆرە لادانەکانی گومڕایی، ئەوانە دەگەنە سزای سەرزەنشتکەری خۆیان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- جێگیرکردنی ناو و سیفاتەکانی بۆ خوای بەرز و بڵند، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەیی خوا.

٢- بە دڵنیایی ناوەکانی خوا؛ لەوپەڕی جوانیدان.

٣- فەرمانکردن بە پاڕانەوە لە خوا و تەوەسسولکردن بۆلای خوا بە ناوەکانی.

٤- حەرامکردنی ئیلحاد لە ناوەکانی خوا، بە نکووڵیکردنی، یان واتاگۆڕینی، یاخود بەکارهێنانی بۆ هێندێک لە دروستکراوەکان.

٥- فەرمانکرن بە پشتکردنە نەزان و بێباوەڕەکان و حیساب بۆ نەکردنیان.

٦- هەڕەشەی تونڈ بۆ ئەو کەسەی کە ئیلحاد لە ناو و سیفاتەکانی خوا دەکات.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: جێگیرکردنی ناوەکانی خوا.

دووەم: ناوەکانی خوا لەوپەڕی جوانیدان.

سێیەم: فەرمانکردن بە پاڕانەوە لە خوا بەو ناوانە.

چوارەم: وازهێنان لەو کەسەی لالووتی دەکات و بەرپەرچ دەداتەوە، لە نەزانە بێباوەڕەکان.

پێنجەم: ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی واتای ئیلحاد لە ناوەکانی خوادا.

شەشەم: هەڕەشەی ئەو کەسەی کە ئیلحاد دەکات.

❁❁❁

بَابٌ: لَا يُقَالُ السَّلَامُ عَلَى اللهِ

بەشێک: نابێت بگوترێت سەلام لەسەر خوا[سڵاوت لێبێت ئەی خوایە!]

فِي الصَّحِيْحِ عَنِ ابْنِ مَسْعُوْدٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: كُنَّا إِذَا كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فِي الصَّلَاةِ؛ قُلْنَا: السَّلَامُ عَلَى اللهِ مِنْ عِبَادِهِ، السَّلَامُ عَلَى فُلَانٍ وَفُلَانٍ، فَقَالَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «لَا تَقُوْلُوْا: السَّلَامُ عَلَى اللهِ؛ فَإِنَّ اللهَ هُوَ السَّلَامُ»[1].

لە سەحیحدا هاتووە لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە فەرموویەتی: ئێمە ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بووینایە لەناو نوێژدا، دەمانگوت: سەلام لەسەر خوا لەلایەن بەندەکانییەوە، سەلام لەسەر فلان و فلان، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: "مەڵێن: سەلام لەسەر خوا، چونکە خوا خۆی سەلامە[واتە: پاک و بێگەردە لەهەموو کەم و کوڕیی و ناتەواوییەک]".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی سەلامکردن لە کەسێک، واتا: داواکردنی سەلامەتی و بێ وەیی لە خەراپە و دەرد و بەڵا، بۆیە قەدەغەیە کە بگوترێت سڵاو لەسەر خوا؛ چونکە ئەوە خوای گەورەیە کە دەوڵەمەند و بێگەردە لە هەموو بەڵا و نەخۆشی و کەموکوڕییەک، ئەوە لێی دەپارێینەوە و بۆی ناپارێینەوە، داوای لێ دەکرێت و داوای بۆ ناکرێت؛ بۆیە ئەو بەشە واجیبیەتی بە

[1] - أخرجه البخاري برقم "٨٣٥"، ومسلم برقم "٤٠٢".

پاکڕاگرتنی خوای تێدایە لە پێویستی و ناتەواوی، هەروەها وەسفکردنی خوای تێدایە بە دەوڵەمەندی و کەماڵ.

في الصحيح: واتە: لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم.

قلنا السلام على الله: واتە: لە تەحیاتی کۆتایی، هەروەکوو لە هێندێک دەربڕینەکانی فەرموودەکەدا هاتووە.

لا تقولوا السلام على الله: ئەمە قەدەغەکردنە لەلایەن پێغەمبەرەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لە سەلامکردن لەسەر خوا.

فإن الله هو السلام: ئەمە هۆکاری قەدەغەکردنەکەیە، بەوەی سەلام یەکێکە لە ناوەکانی خوای پاک و بێگەرد، کەواتە خوا دەوڵەمەند و بێنیازە لەوەی سەلامی لێ بکرێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئەوان [لە تەحیاتی کۆتاییدا] سەلامیان لەخوا دەکرد، بەڵام پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری لێ کردن لەو کارە و بۆشی ڕوونکردنەوە، کە ئەمە شایستەی خوا نییە، چونکە خوا خۆی سەلامە و سەلامیش هەر لە خواوەیە، بۆیە شایستە نییە و نابێت سەلام لەو بکرێت، بەڵکوو ئەوە سەلام لە بەندەکانی دەکات و سەلامەت و پاڕێزراویشیان دەکات لە بەڵا و نەخۆشی.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: ئەو بەشە قەدەغەکردنی ئەوەی تێدایە کە نابێت بگوترێت: سڵاو لەسەر خوا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی سەلامکردن لەسەر خوا.

٢- بە دڵنیایی سەلام؛ یەکێکە لە ناوەکانی خوای پاک و بێگەرد.

٣- فێرکردنی کەسی نەزان.

٤- لکاندن و بەستنەوەی حوکم بە هۆکارەکەیەوە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی واتای (اَلسَّلاَم)[پارێزراو و بێ وەی لە دەرد و بەڵا و ناتەواوی].

دووەم: سەلامکردنەکە مەبەست پێی تەحییاتە.

سێیەم: سڵاوکردن نابێت و ناگونجێت بۆ خوا.

چوارەم: هۆکاری ئەو قەدەغەکردنە.

پێنجەم: ئەو سەلام و تەحیاتەی فێریکردن، کە بۆ خوا دەگونجێت.

❁❁❁

بَابُ قَولِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ

بەشی گوتنی ئەی خوایە! لێم خۆشبە، ئەگەر ویستت

فِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا يَقُلْ أَحَدُكُمْ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ، اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي إِنْ شِئْتَ، لِيَعْزِمِ الْمَسْأَلَةَ؛ فَإِنَّ اللهَ لَا مُكْرِهَ لَهُ».

وَلِمُسْلِمٍ: «وَلْيُعَظِّمِ الرَّغْبَةَ؛ فَإِنَّ اللهَ لا يَتَعَاظَمُهُ شَيْءٌ أَعْطَاهُ»[1].

لەسەحیحدا هاتووە لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "با هیچ یەکێک لە ئێوە نەڵێت: ئەی خوایە! لێم خۆشبە، ئەگەر ویستت، ئەی خوایە! ڕەحمم پێ بکە، ئەگەر ویستت، با داواکارییەکەی بە گەرموگوڕی و یەکلاییکردنەوە و سووربوونەوە داوا بکات، بە بێ لاوازی و دووڵی و بەستنەوەی بە ویستن، چونکە کەس نییە زۆر لە خوا بکات و ناچاری بکات".

هەروەها لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: "با داوای شتی گەورە بکات و هەرچییەکی دەوێت، لە خوای داوا بکات، کەم بێت، یان زۆر بێت، لەبەر ئەوەی خوا هیچ شتێکی لەلا گەورە نییە کە دەیبەخشێت".

[1] - أخرجه البخاري برقم "٦٣٣٩"، ومسلم برقم "٢٦٧٩".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: لەبەر ئەوەی گوتنی: "ئەی خوایە لێم خۆشبە، ئەگەر دەتەوێت" بەڵگەیە لەسەر ساردوسڕی هیوا و ئاوات و کەمی گرینگیدان بە داواکراو و بێنیازبوون لە خوا لە لایەک، هەروەها ئەم دەربڕینە وای لێ هەست پێ دەکرێت، کە خوای گەورە شتێک ناچاری دەکات بۆ کردنی ئەوەی کە دەیکات؛ ئەم دوو مەترسییەش دژ و پێچەوانەی یەکخواپەرستیین؛ بۆیە دانانی ئەو بەشە لە پەرتووکی یەکخواپەرستیدا، شتێکی گونجاوە.

باب قولِ اللهم ... إلخ: واتە: ئەو قسەیە دروست نییە.

في الصحيح: واتە: لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم.

ليعزم المسألة: واتە: با بەهێز و یەکلایی بوونەوەوە داوا بکات و هیوا و ئاواتی بێنێتەدی و دڵنیاش بێت لە وەڵامدانەوە.

لا مكرِه له: واتە: پارانەوە و جگە لە پارانەوەش ناچاری ناکات بۆ ئەنجامدانی شتێک.

وليعظِّم الرغبة: بە شەددەی (ظاء)ـەکە، واتە: سوورببێت لە داواکردنی پێداویستییەکەی.

لا يتعاظمُه شيءٌ أعطاه: واتە: گەورە نابێت و قورس نابێت لەسەری.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری دەکات لە بەستنەوەی داواکردنی لێخۆشبوون و بەزەیی لەلایەن خواوە بە ویستن، هەروەها فەرمان دەکات بە داواکردن بە بێ بەستنەوە؛ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بەستنەوەی داواکردن لە خوا بە ویستن، وای لێ هەست پێ دەکرێت کەوا خوا پێداویستییەکانی دروستکراوەکانی لەلا قورس و گران بێت، یان شتێک ناچاری دەکات بۆ جێبەجێ کردنیان، ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییە؛ چونکە خوا دەوڵەمەندی ستایشکراوە، هەرچییەکی بوێت دەیکات. هەروەها ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە

بەندە ساردوسڕە لە داواکارییەکەی و بێ پێوستیشە لە پەروەردگاری؛ لەکاتێکدا بەندە بێ پێویست نییە لە خوا، بۆ چاوتروکانێکیش.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشە: فەرموودەکە قەدەغەکردنی بەستنەوەی داواکردنی لێخۆشبوون لە خوا بە ویستنی تێدایە، هەروەها ڕوونکردنەوەی هۆکاری ئەمەش.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگەگرتن لە بەستنەوەی داواکردنی داواکراو لە خوا بە ویستن، هەروەها فەرمانکردن بە داواکردن لەخوا بەڕەهایی، بەبێ بەستنەوە و پەیوەستکردنی بە ویستن.

٢- بە پاکڕاگرتنی خوا لەوەی کە شایستە نییە بە خوا و تەواویەتی دەوڵەمەندی و بێنیازییەکەی و بەخشندەیی و میهرەبانییەکەی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: قەدەغەکردنی ئیستیسناکردن[دانانی مەرج] لە پاڕانەوەدا.

دووەم: ڕوونکردنەوەی هۆکاری ئەو قەدەغەکردنە[کە بریتییە لەوەی کەس نییە زۆر لە خوا بکات و ناچاری بکات].

سێیەم: واتای وتەی: «لِيَعْزِمِ الْمَسْأَلَةَ».

چوارەم: فەرمانکردن بە ئاواتی گەورە و داواکردنی شتی گەورە.

پێنجەم: هۆکاری ئەو فەرمانکردنە.

❁❁❁

بَابٌ: لا يَقُوْلُ عَبْدِي وَأَمَتِي

بەشێک: نابێت بڵێت بەندەی من و کەنیزەکی من

في الصَّحيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا يَقُلْ أَحَدُكُمْ: أَطْعِمْ رَبَّكَ، وضِّئْ ربَّكَ، وَلْيَقُلْ: سَيِّدِي وَمَوْلاي، وَلَا يَقُلْ أَحَدُكُم: عَبدِي وَأَمَتي، وَلْيَقُلْ: فَتَايَ وفَتَاتِي وَغُلَامِي»[1].

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "با هیچ یەکێک لە ئێوە نەڵێت: خواردن بدە بە پەروەردگارەکەت، ئاوی دەستنوێژ ببە بۆ پەروەردگارەکەت، بەڵکوو با بڵێت: گەورەی من و خاوەنی من، هەروەها با هیچ یەکێک لە ئێوە [بە کۆیلەکەی] نەڵێت: بەندەی من و [بە کەنیزەکەکەشی] نەڵێت: کەنیزەکی من، بەڵکوو با بڵێت: کوڕە خزمەتکارەکەم و کچە خزمەتکارەکەم و کارەکەرەکەم".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: بێگومان دەربڕینی ئەو دەستەواژانەی کە باسکراوە، گومانی بەشداربوون لە پەروەردگاریەتی لێ دەکرێت، بۆیە ڕێگری لێ کراوە؛ لەبەر نواندنی ئەدەب لەگەڵ خوادا، هەروەها بۆ پاراستنی یەکخواپەرستی، بەگرتنی ئەو ڕێگایانەی کە سەردەکێشێت بەرەو شیرک.

في الصحيح: واتە: لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٥٥٢"، ومسلم برقم "٢٢٤٩".

لا يقُل أحدكم: (لا): یاساخکەرە(ناهية)، فیعلەکەی دواشی مەجزوومە پێیەوە، واتە: با ئەو قسەیە بە کۆیلەکەی خۆی نەڵێت.

أطعم ربّك: بە فەتحەی هەمزەکە، فەرمانکردنە و لە (الإطعام)ـەوە وەرگیراوە[واتە: خواردن پێدان].

وضِّئ ربك: فەرمانکردنە و لە (التوضئة)ـەوە وەرگیراوە [واتە: دەستنوێژگرتن]، یاساخکردنەکەش لەهەردوو شوێنەکە بۆ قەدەغەکردنی خۆچواندنە بە خوای گەورە؛ لەبەر ئەوەی هەر ئەو پەروەردگار(الرب)ـە. ئەو قەدەغەکردنەش تایبەتە بە قەدەغەکردنی ڕبووبییەت بۆ مرۆڤ، بە پێچەوانەی غەیری مرۆڤ، بۆیە دەگوترێت: (رب الدار والدابة) [لێرەدا وشەی (رب) واتە: خاوەنی خانوو، خاوەنی ئاژەڵ، بۆیە دروستە و کێشەی تێدا نییە].

وليقُل سيِّدي: چونکە گەورایەتی(السيادة) واتا: سەرکردایەتی کردنی ئەوەی کە لەژێر دەستییەتی.

هەروەها جیاوازیش هەیە لەنێوانی (الرب) و (السيِّد): چونکە بە دڵنیایی (الرب) یەکێکە لە ناوەکانی بە یەکدەنگی، بە پێچەوانەی (السيد)، ئەوە جیاوازی هەیە لەوەی یەکێکە لە ناوەکانی خوا، یان نا. هەتا لەسەر ئەو قسەیەش کە دەڵێت یەکێکە لە ناوەکانی خوا، ئەوا ناوبانگ و زۆر بەکارهێنانی وەکوو (الرب) نییە.

ومولاي: (المولى): بۆ زۆر واتا بەکاردێت، لەوانە: خاوەن، گەورە، ، کە لێرەدا ئەوە مەبەستە.

ولا يقل أحدكم عبدي وأمتي: چونکە ئەوەی کە شایستەی بەندایەتییە، هەر خوای گەورەیە؛ هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمە بە گەورە دانانێکی تێدایە کە شایستەی دروستکراو نییە.

وليقل فتاي وفتاتي وغلامي: چونکە ئەو دەربڕینانە، بەڵگە نیین لەسەر بەندایەتی، وەکوو بەڵگایەتی وشەی (عبدي) و (أمتي)، هەروەها دوورکەوتنەوەشە لە بەهەڵەبردن و لەخۆباییبوون.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری دەکات لە دەربڕینی ئەو دەستەواژانەی کە گومانی شیرکیان لێ دەکرێت، هەروەها بێ ئەدەبیشی تێدایە لەگەڵ خوا، وەکوو بەکارهێنانی پەروەردگاریەتی(ربوبية) مرۆڤ بۆ مرۆڤ، یان بەندایەتی(عبودية) مرۆڤ بۆ مرۆڤ؛ چونکە هەر خوایە کە پەروەردگاری پەرستراوە بەتەنها. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێنمایی دەدات بۆ بەکارهێنانی دەربڕینێکی ڕاست و دروست، ئەوەی کە گومان و بەهەڵەبردنی تێدا نییە؛ بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی دەربڕینە گوماناوییەکە، ئەمەش لەلایەن پێغەمبەرەوە - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ پاڕێزگاریکردنە لە یەکخواپەرستی و بیروباوەڕ.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە قەدەغەکردنی گوتنی بەندەی من و کەنیزەکی منی تێدایە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی کە گومانی شیرکیان لێ دەکرێت.

٢- گرتنی ئەو ڕێیانەی کە سەردەکێشێت بەرەو شیرک.

٣- باسکردنی جێگرەوەیەک کە هیچ مەترسی و قەدەغەکردنێکی تێدا نییە؛ بۆ ئەوەی لە شوێنی ئەو دەربڕینانە بەکارێ بێنێت کە مەترسییان تێدایە و قەدەغەن.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: قەدەغەکردنی گوتنی (بەندەی من و کەنیزەکی من).

دووەم: بەندە نابێت بە کەسێکی دیکە بڵێت: (پەروەردگاری من)، هەروەها ناشبێت پێی بگوترێت: (خواردن بدە بە پەروەردگارت).

سێیەم: فێرکردنی یەکەم[گەورەکە] کە بڵێت: (کوڕە خزمەتکارەکەم و کچە خزمەتکارەکەم و کارەکەرەکەم).

چوارەم: فێرکردنی دووەم[کۆیلەکە] کە بڵێت: (گەورەی من و خاوەنی من).

پێنجەم: ئاگەدار بوون بۆ مەبەستەکە، کە بریتییە لە هێنانەدی تەوحید، هەتا لە دەربڕینەکانیشدا.

❁❁❁

بَابٌ: لَا يُرَدُّ مَنْ سَأَلَ بِاللهَ

بەشێک: داواکاری کەسێک ڕەت ناکرێتەوە کە داوا بکات بە خوا

عَنِ ابْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «مَنِ اسْتَعَاذَ بِاللهِ فَأَعِيذُوهُ، وَمَنْ سَأَلَ بِاللهِ فَأَعْطُوهُ، وَمَنْ دَعَاكُمْ فَأَجِيبُوهُ، وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُوهُ فَادْعُوا لَهُ، حَتَّى تُرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كَافَأْتُمُوهُ»[1]. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ.

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: "هەر کەسێک پەنای گرت بە خوا، ئەوا پەنای بدەن، هەر کەسێک داوای کرد بە ناوی خوا، ئەوا پێی ببەخشن، هەر کەسێک بانگهێشتی کردن، ئەوا وەڵامی بدەنەوە و بڕۆن بەدەم دەعوەتەکەیەوە، هەر کەسێکیش چاکەیەکی لەگەڵدا کردن، ئەوا پاداشتی بدەنەوە، خۆ ئەگەر دەستتان نەکەوت و لە تواناتاندا نەبوو کە پاداشتی بدەنەوە، ئەوا ئەوەندە دوعای بۆ بکەن، هەتا وا هەست دەکەن کە پاداشتتان داوەتەوە".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی پێنەدان بەو کەسەی کە بەناوی خوا داوا دەکات، بە گەورە دانەنانی خوا و ڕێز نەگرتنیەتی، ئەمەش کەموکوڕی لە تەوحیددا دروست دەکات.

---

[1] - أخرجه أبو داود "رقم ١٦٧٢، ٥١٠٩"، وعبد بن حُميد "رقم ٨٠٦"، والنسائي "٨٢/٥".

من استعاذ بالله: واتە: هەر کەسێک پەنای بردە لای خوا و داوای لێکردن لە خەراپەی خۆتان، یان خەراپەی غەیری خۆتانی لێ دوورخەنەوە.

فأعيذوه: واتە: قەدەغەی بکەن لەو شتەی کە پەنای لێ گرتووە و لێی بگرنەوە؛ لەبەر بە گەورە دانانی ناوی خوا.

ومن سأل بالله: بەوەی گوتی: داوات لێ دەکەم بە خوا[بۆ خاتری خوا].

فأعطُوه: واتە: ئەوەی داوای کردووە پێی بدەن و بۆی جێبەجێ بکەن، مادام داوای تاوان، یان پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی نەکردبێت.

ومن دعاكم: واتە: بۆلای خواردن، یاخود جگە لە خواردن.

فأجيبوه: واتە: وەڵامی بانگێشتەکەی بدەنەوە.

ومن صنع إليكم: واتە: هەر کەسێک چاکەی لەگەڵدا کردن، جا هەر چاکەیەک بێت.

معروفاً: (المعروف): ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو چاکەیەک.

فكافئوه: واتە: پاداشتی بدەنەوە لەسەر چاکەکەی، وەکوو خۆی، یان باشتر لەو.

فإن لم تجدوا: واتە: ئەگەر نەتانتوانی کە پاداشتی بدەنەوە.

فادعوا له ... إلخ: واتە: زیادەڕەوی بکەن لە پارانەوە بۆی، ئەوەندەی دەتوانن.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا فەرمان بە چەند ڕەوشتێکی گەورە دەکات، کە بە گەورە دانانی مافی خوای تێدایە، بە پێدان و جێبەجێ کردنی داواکاری ئەوکەسەی کە بەناوی خوا داوای کردووە و پەنادانی ئەو کەسەش کە پەنای گرتووە بە خوا، هەروەها بە گەورە دانانی مافی بڕوادار لە وەڵامدانەوەی بانگهێشتەکەی و پاداشتدانەوە لەسەر چاکەکانی بە وێنەی خۆی، یان باشتر لەو لەگەڵ بوونی توانا، ئەگەر تواناش نەبوو، ئەوا پاداشتدانەوەکەی ڕەوانەی لای خوا بکرێت، بە داواکردنی چاکە بۆ ئەوکەسە لە خوا.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە فەرمانکردنی تێدایە بە پێدان بەو کەسەی، کە بە ناوی خوا داوای کردووە و ڕەت نەکرێتەوە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- داواکاری ئەو کەسە ڕەت ناکرێتەوە، کە بە ناوی خواوە داوا دەکات؛ لەبەر ڕێز و شکۆی خوا و بەگەورە دانانی خوا.

٢- هەر کەسێک پەنا بگرێت بە خوا، ئەوا پێویستە پەنا بدرێت و خەراپەی لێ دوور بخرێتەوە.

٣- داواکراوی و هاندان بۆ وەڵامدانەوەی بانگهێشتی موسڵمان، بۆ وەلیمە[دەعوەتی دوو جووتە هاوسەری نوێ]، یان جگە لەو.

٤- داواکراوی و سونەتییەتی پاداشتدانەوەی چاکەکار، لەکاتی بوونی توانادا.

٥- داواکراوی دوعاکردن بۆ چاکەکار، لەکاتی بێتوانایی لە پاداشتدانەوەی.

*** بیستوا نابی

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: پەنادانی ئەو کەسەی کە پەنا دەگرێت بە خوا.

دووەم: بەخشین بەو کەسەی کە داوا دەکات بە ناوی خوا.

سێیەم: وەڵامدانەوەی دەعوەت و بانگهێشت.

چوارەم: پاداشتدانەوە لەسەر کاری چاکە.

پێنجەم: بە دڵنیایی پارانەوە پاداشتدانەوەیە، بۆ کەسێک کە نەتوانێت هیچ بکات، تەنها پارانەوە نەبێت.

شەشەم: وتەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-: "ئەوەندە بۆی بپارێنەوە، هەتا وا هەست دەکەن کەوا پاداشتتان داوەتەوە".

❁❁❁

بَابٌ: لَا يُسْأَلُ بِوَجْهِ اللهِ إِلَّا الْجَنَّةُ

بەشێک: بە خاترى ڕووى خوا داواى هیچ شتێک ناکرێت، تەنها بەهەشت نەبێت

عَنْ جَابِرِ بنِ عَبْدِ اللهِ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «لَا يُسْأَلُ بِوَجْهِ اللهِ إِلَّا الْجَنَّةُ»[1]. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ.

لە جابری کوڕی عەبدوڵڵا -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "بە خاترى ڕووى پیرۆزى خوا، داواى هیچ شتێک ناکرێت و نابێت داواى هیچ شتێک بکرێت، تەنها بەهەشت نەبێت".

ڕاڤەکردن

پەیوەندى ئەو بەشە بە پەرتووکى یەکخواپەرستى: بێگومان ڕێزگرتنى ناو و سیفاتەکانى خوا پێویستە: بۆیە داواى هیچ شتێکى لێ ناکرێت لە داواکارییە دونیاییەکان بە خاترى ڕووى پیرۆزى؛ بەڵکوو بە خاترى ڕووى پیرۆزى، داواى گرینگترین داواکارى و گەورەترین مەبەست دەکرێت کە بەهەشتە، ئەوە یەکێکە لە مافەکانى تەوحید.

لا يُسأل: بە نەفى گێڕدراوەتەوە(داوا ناکرێت)، بە نەهیش گێڕدراوەتەوە(نابێت داوا بکرێت).

بوجه الله: (ڕووى خوا)؛ سیفەتێکە لە سیفاتە زاتییەکان، شایستەى شکۆ و گەورەیى خوایە.

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "١٦٧١".

إلا الجنة: یاخود ئەوەی هۆکاری چوونە بەهەشت بێت لە مەبەستە گەورەکان.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- قەدەغەی ئەوە دەکات کە بە خاتری ڕووی پیرۆزی خوا، داوای شتی کەم و پێداویستی دونیا بکرێت؛ ئەمەش لەبەر ڕێز و شکۆی خوا و بە گەورە دانانی، هەروەها پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- داواکردن بە ڕووی پیرۆزی خوا، کورت دەکاتەوە لەسەر بەهەشت، ئەوەی کە کۆتایی مەبەستەکانە.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە قەدەغەکردنی ئەوەی تێدایە کە نابێت بە خاتری ڕووی پیرۆزی خوا، داوای جگە لە بەهەشت بکرێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- جێگیرکردنی ڕوو(اَلْوَجْه) بۆ خوا، بەو شێوەیەی کە شایستەیە بە گەورەییەکەی، وەکوو هەموو سیفاتەکانی دیکەی.

٢- واجیبیەتی بە گەورە دانانی خوا و ڕێزگرتنی ناو و سیفاتەکانی.

٣- دروستێتی داواکردنی بەهەشت -و ئەو کارانەشی کە گەیێنەرن بەرەو بەهەشت- بە خاتری ڕووی پیرۆزی خوا، هەروەها ڕێگەگرتن لەوەی بە خاتری ڕووی خوا، داوای شتێک لە پێداویستییەکانی دونیا بکرێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕێگەگرتن لەوەی بە خاتری ڕووی خوا داوای شتێک بکرێت، تەنها کار و مەبەستە گەورەکان نەبێت.

دووەم: جێگیرکردنی سیفەتی ڕوو (اَلْوَجْه) بۆ خوا.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي اللَّوْ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی وشەی ئەگەر

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا...﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {دەڵێن: ئەگەر بهاتبایە و سەرکەوتن بۆ ئێمە بوایە و ئێمە سەربکەوتینایە، ئێستا لێرەدا ئاوا نەدەکوژراین، ئەمە قسەی (موتعیبی کوڕی قوشەیر) بوو}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ [آل عمران: ١٥٤]. واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: ئەگەر لە ماڵەکانی خۆشتان بوونایە، دەبوایە دەرچوونایە بۆ کوشتار و بکوژرانایە و ئەمە شوێنەکانیان بوایە، ئەمە قەزا و قەدەری خوای گەورەیە و ناگەڕێتەوە، تا خوای گەورە ئەوەی لە دڵتاندایە، تاقیتان بکاتەوە کێ ئیخڵاسی هەیە و کێش شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، هەروەها دڵتان پاک بکاتەوە و پاڵفتەی بکات، خوای گەورەش زانایە بەو دڵەی کە لەناو سینگتاندایە.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: بێگومان لە تەواویەتی تەوحید؛ ملکەچبوونە بۆ قەزا و قەدەر؛ هەروەها گوتنی "ئەگەر" هیچ سوودی نییە و واشی لێ هەست پێ دەکرێت کە کەسەکە ڕازی نییە بە قەدەری خوا، ئەمەش کەموکوڕی لە تەوحیددا دروست دەکات.

ما جاء في اللو: واتە: لە هەڕەشە و قەدەغەکردنی.

يقولون: واتە: هێندێک لە دووڕووەکان لە ڕۆژی ئوحوددا، وەکوو دژایەتی و پێچەوانەکردنی قەدەر دەڵێن.

لو كان لنا من الأمر شيءٌ: واتە: ئەگەر هەڵبژاردن بە دەستی ئێمە بووایە.

ما قُتلنا هاهنا: واتە: ئێمە ژێر نەدەکەوتین و ئەوانەشی کە لێمان کوژران لەو جەنگەدا، نەدەکوژران.

لو كنتم في بيوتكم: واتە: کەسانێکتان تێدایە کەوا خوا کوشتنی لەسەریان نووسیوە.

لبرز: واتە: دەردەچوو.

الذين كُتب: واتە: ئەوانەی بڕیاریان لەسەر دراوە.

عليهم القتل: واتە: لە ئێوە.

إلى مضاجعهم: واتە: شوێنی کوژرانیان و دانیشتنیان ڕزگاری نەدەکردن؛ چونکە بڕیاری خوا چار نییە هەر دێتەدی.

وليبتلي الله: واتە: تاقی دەکاتەوە.

ما في صدوركم: واتە: لەناو دڵتان لە ئیخڵاس و دووڕوویی.

وليمحِّص ما في قلوبكم: واتە: جیای دەکاتەوە لەوەی کە تێیدایە لە نیاز و مەبەستەکان.

بذات الصدور: بەوەی کە لەناو دڵەکان دایە، خۆ خوای گەورە بێنیازە لە تاقیکردنەوە، بەڵام تاقیکردنەوە دەکات؛ بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بۆ خەڵکی دەرکەوێت و پاداشت و سزاشی لەسەر دابمەزرێت.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو بیروباوەڕەی کە دووڕووەکان لە ناخیاندا شاردبوویانەوە لە ڕۆژی ئوحددا، لە ڕەخنەگرتن لە قەدەر و ناڕازیبوون لەوەی کە بەسەریاندا هات لەلایەن خواوە، هەروەها دەڵێن: ئەگەر هەڵبژارن بە دەستی ئێمە بووایە و پرسیان پێ کردبایە، ئەوا

دەرنەدەچووین و ڕزگاریشمان دەبوو لەوەی کە ڕوویدا لە شکست و کوشتن، خوای گەورەش وەڵامی دانەوە کە ئەوەی ڕوویدا، قەدەرێکی بڕیاردراوە و مانەوە لە ماڵەکاندا ڕزگارتان ناکات لێی؛ کەواتە خەفەت و ئاخهەڵکێشان و گوتنی "ئەگەر"، هیچ سوودی نییە.

پەیوەندی ئەو ئایەتە بەو بەشەوە: گوتنی "ئەگەر" لە کاروبارە بڕیار لەسەر دراوەکان، دروست نییە و لە قسەی دووڕووەکانیشە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی گوتنی "ئەگەر" لە کاروبارە بڕیار لەسەر دراوەکان و نووسراوەکان؛ چونکە بەڵگەیە لەسەر ناڕازیبوون لە قەدەر و نوێبوونەوەی خەموخەفەت لەناو دەروونەکاندا، بەڵام گوتنی "ئەگەر"، ئەگەر لەبەر پەشیمانبوونەوە بێت لەسەر لە دەستچوونی کاری چاکە، ئەوا هیچی تێدا نییە؛ چونکە بەڵگەیە لەسەر ئارەزووبوون لە چاکە.

٢- دروستیەتی و داواکراوی ملکەچبوون بۆ قەزا و قەدەر و ڕازیبوون پێی.

٣- بێگومان وریابوون؛ لە قەدەر ڕزگارت ناکات.

٤- هەر کەسێک لەسەری نووسرا بێت کە لە شوێنێک بمرێت، هەر دەبێت بچێتە ئەو شوێنە و لەوێ بمرێت، ئەگەرچی هەوڵیش بدات کە خۆی لێی بپارێزێت.

***

.....

وَقَوْلُهُ: ﴿الَّذِينَ قَالُواْ لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوای گەورە: {ئەو مونافیقانەی کە خۆیان دانیشتبوون و نەدەهاتن بۆ غەزا، هێشتا بە برا ئیماندارەکانی خۆیانیان دەگوت، ئەوانەی کە لە جەنگی ئوحوددا کوژران: ئەگەر ئەمانە بە قسەی ئێمەیان بکردایە و دەرنەچوونایە بۆ جەنگ، ئەوە نەدەکوژران}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿قُلْ فَادْرَؤُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ [آل عمران: ١٦٨]. واتە: ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: دەی ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن، مردن لەسەر خۆتان ڕەت بکەنەوە، ئێوەش هەر دەمرن، هیچ کەس نییە لە مردن ڕزگاری ببێت.

قالوا لإخوانهم: واتە: بە موسڵمانە موجاهیدەکانیان گوت، بۆیەش پێیان گوتراوە براکانیان؛ لەبەر ئەوەی لەڕووکەشدا موافەقەیان دەکەن و وەکوو ئەوانن، گوتراویشە: برایان لە ڕەچەڵەکدا.

وقعدوا: واتە: دانیشتبان لە جیهادکردن.

لو أطاعونا: بەگوێی ئێمەیان بکردبا لە دانیشتندا.

ما قتلوا: واتە: نەدەکوژران، هەروەکوو چۆن ئێمە نەکوژراین.

قل: واتە: بەوانە بڵێ.

فادرءوا عن أنفسكم الموت: مردن لەخۆتان دوور بخەنەوە.

إن كنتم صادقين: واتە: ئەگەر ڕاست دەکەن لەوەی کە دانیشتن ڕزگارکەرە لە مردن.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە نکوولّی لە دووڕووەکان دەکات، ئەوانەی بەربەرەکانێی قەدەر دەکەن، بەو قسەیەیان کە لەڕۆژی ئوحددا بەو کەسانەیان گوت کە لەگەڵ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەرچوون: ئەگەر گوێیان لە پرس و ڕاوێژ و قسەی ئێمە بۆیان بگرتایە، بە دانیشتن و دەرنەچوون، ئەوا نەدەکوژران لەگەڵ ئەوانەی کە کوژران، هەروەها وەڵامیان دەداتەوە بەوەی ئەگەر ئەوان توانایان هەیە لەسەر دوورخستنەوەی کوشتن لەو کەسەی کە لەسەری نووسراوە بکوژرێت، ئەوە با مردن لە خۆیان دووربخەنەوە، چونکە نەفسی خۆیان لەپێشترە بە بەرگریکردن لێی، جا ئەگەر نەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، ئەوا غەیری خۆیان لەپێشترە کە نەتوانن.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: گوتنی "ئەگەر" لە کاروبارە بڕیارلەسەردراوەکان، یەکێکە لە نیشانەی دووڕووەکان.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- ئاگەدارکردنەوە لە گوتنی "ئەگەر" لەسەر شێوەی بەربەرەکانێ و دژایەتیکردنی قەدەر و خەفەت خواردن لەسەر بەڵا و کارەساتەکان.

٢- یەکێک لە داخوازییەکانی ئیمان، ملکەچبوونە بۆ قەزا و قەدەر؛ هەروەها ملکەچ نەبوون بۆی، یەکێکە لە سیفاتەکانی دووڕووەکان.

٣- دروستیەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ دووڕووەکان و جگە لەوانیش لە شوێنکەوتووانی بەتاڵ و ناڕەوا؛ بۆ پووچەڵکردنەوەی گومانەکانیان و هەڵوەشاندنەوەی شتە بەتاڵەکانیان.

***

.....

فِي الصَّحِيحِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللهِ، وَلَا تَعْجَزَنَّ، وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ: لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَذَا لَكَانَ كَذَا وَكَذَا؛ وَلَكِنْ قُلْ: قَدَّرَ اللهُ، وَمَا شَاءَ فَعَلَ، فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ»[1].

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەبوو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "سوورِبە لەسەر بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە سوودت پێ دەگەیەنێت لە دونیا و دواڕۆژت، پشت بە خوا ببەستە و داوای یارمەتی لەو بکە و بێتوانا و تەنبەڵ مەبە، ئەگەریش شتێکی ناخۆشت تووش بوو، ئەوا مەڵێ: ئەگەر من ئاوام بکردبا، ئەوە ئاوا و ئاوا دەبوو؛ بەڵکوو بڵێ: ئەوە قەدەر و فەرمانی خوایە، ئەوەشی کە ویستی لێ بوو کردی و بڕیارەکەی هەر دەبوو بێتەجێ، چونکە وشەی "ئەگەر" کاری شەیتان بەڕوودا دەکاتەوە [کە بریتییە لە خەم و خەفەت خواردن].

ڕاڤەکردن

في الصحيح: واتە: لە سەحیحی موسلیم.

احرص: (الحرص) بریتییە لە: بەخشینی هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوون.

على ما ينفعك: واتە: لەسەر ئەو شتەی کە سوودت پێ دەگەیەنێت لە ژیانی دونیا و دواڕۆژت.

واستعن بالله: واتە: یارمەتیدان لەهەموو کارەکانتدا، لەلایەن خواوەیە نەوەک لە غەیری خوا.

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٦٦٤"، وأحمد "٣٦٦/٢، ٣٧٠".

ولا تعجزنَّ: بە کەسرەی جیمەکە، یان فەتحەکەی: واتە: کەمتەرخەم مەبە لە داواکردنی ئەوەی سوودت پێ دەگەیەنێت، لەبەر پشت بەستن بە قەدەر و خۆبەدەستەوەدان بۆ بێتوانایی و تەنبەڵی.

وإن أصابك شيءٌ: واتە: ئەگەر شتێک زاڵبوو بەسەرتدا و مەبەستەکەش بەدەست نەهات، دوای بەخشینی هەوڵ و ماندووبوون و توانا.

فلا تقل: لو أني فعلت كذا: واتە: چونکە ئەو قسەیە، هیچ سوودێکت پێ ناگەیێنێت.

ولكن قل: قدَر الله: واتە: چونکە ئەوەی خوا بڕیاری داوە، هەر دەبێت بێتەدی، ئەوەی کە پێویستیشە خۆبەدەستەوەدانە بۆ بڕیارلەسەردراو.

فإن لو تفتح عمل الشيطان: واتە: لەبەر ئەوەی ئەو وشەیە داخ و خەفەتخواردن و سەرزەنشتکردنی تێدایە لەسەر ئەوەی کە لە دەست چووە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو فەرموودەیەدا فەرمان دەکات بە سووربوون لەسەر کاروکردەوە سوودمەندەکان و داوای کۆمەکی کردن لە خوا بۆ هەستان پێی و چاوەڕوانکردنی بەرهەمەکەشی، هەروەها ڕێگریش دەکات لە بێتوانایی؛ چونکە پێچەوانەی سووربوونە لەسەر بەدەستهێنانی ئەوەی کە سوود دەگەیەنێت، ئینجا لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو دونیایەدا ئەگەری تووشبوونی بە بەڵا و موسیبەتەکانی هەیە، بۆیە فەرمانی پێکراوە بە ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتن و گلەیی نەکردن بە گوتنی: ئەگەر من ئاوام بکردبا، ئەگەر من ئاوام نەکردبا و وازم هێنابا؛ چونکە ئەمە هیچ سوودی نییە، لەگەڵ ئەوەش کەلێنێک بە ڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە بۆ شەیتانی دوژمنەکەی، کە لێیەوە بۆی دێتە ژوورەوە و دڵتەنگی دەکات.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە ڕێگەگرتنی تێدایە لە گوتنی "ئەگەر" لەکاتی دابەزینی بەڵا و موسیبەت، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو خەراپانەی کە لەسەر گوتنی ئەو قسەیە دروست دەبێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- هاندان لەسەر تێکۆشان بۆ داواکردنی سوودی دونیا و دواڕۆژ، بە هۆی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هۆکارەکانی.

٢- واجیبیەتی داوای کۆمەکیکردن لە خوا، بۆ هەستان بە جێبەجێکردنی کردەوە سوودمەندەکان، هەروەها قەدەغەکردنی پشتبەستن بە هێز و توانای خۆت.

٣- ڕێگەگرتن لە بێتوانایی و دەستبەتاڵیی و پەکخستنی هۆکارەکان.

٤- جێگیرکردنی قەزا و قەدەر، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستگرتن بە هۆکارەکان و هەوڵدان بۆ داواکردنی چاکە نییە.

٥- واجیبیەتی ئارامگرتن لەکاتی دابەزینی بەڵا و موسیبەت.

٦- ڕێگەگرتن لە گوتنی: وشەی "ئەگەر" لەسەر شێوەی ناڕازیبوون، لەکاتی دابەزینی بەڵا و موسیبەت، هەروەها ڕوونکردنەوەی دەرەنجامە خەراپەکانی.

٧- ئاگەداربوون لە فێڵ و پیلانی شەیتان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕاڤە و لێکدانەوەی واتای دوو ئایەتەکەی سورەتی (آلِ عِمْرَان).

دووەم: قەدەغەکردنێکی ڕاشکاوانە لە گوتنی: (ئەگەر من ئاوام بکردبا)، کاتێک کە شتێکی ناخۆشت تووش دەبێت.

سێیەم: دیاریکردنی هۆکاری بابەتەکە؛ کە ئەو قسەیە دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە.

چوارەم: ڕێنماییکردن بۆ گوتنی قسەی چاک.

پێنجەم: فەرمانکردن بە سوورِبوون لەسەر ئەو شتەی سوود دەگەیەنێت، لەگەڵ داوای یارمەتیش لە خوا.

شەشەم: ڕێگەگرتن لە دڕ و پێچەوانەی ئەوە، کە بریتییە لە بێتوانایی و تەنبەڵی.

❁❁❁

بَابُ النَّهْيِ عَنْ سَبِّ الرِّيحِ

بەشی قەدەغەکردنی جوێندان بە "با"

عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «لَا تَسُبُّوا الرِّيحَ؛ فَإِذَا رَأَيْتُمْ مَا تَكْرَهُونَ فَقُولُوا: اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ هَذِهِ الرِّيحِ، وَخَيْرِ مَا فِيهَا، وَخَيْرِ مَا أُمِرَتْ بِهِ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ هَذِهِ الرِّيحِ، وَشَرِّ مَا فِيهَا، وَشَرِّ مَا أُمِرَتْ بِهِ».[1] صَحَّحَهُ التِّرْمِذِيُّ.

لە ئوبەی کوڕی کەعب -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "جوێن بە (با) مەدەن و قسەی پێ مەڵێن، ئەگەر شتێکیشتان لێی بینی کە پێتان ناخۆش بوو، ئەوا بڵێن: ئەی خوایە! ئێمە داوای چاکە و سوودی ئەو بایەت لێ دەکەین، هەروەها چاکەی ئەوەشی کە تێیدایە و ئەو چاکەیەش کە فەرمانی پێ کراوە بیکات، پەناشت پێ دەگرین لە خەراپە و زیانی ئەو بایە، هەروەها خەراپەی ئەوەشی کە تێیدایە و ئەو خەراپەیەش کە فەرمانی پێ کراوە بیکات".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: بێگومان جوێندان و قسەگوتن بە (با)، قسەگوتنە بە بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەرەکەی کە خوای بەرز و بڵندە؛ چونکە با بە فەرمانی خوا دێت و دەچێت، کەواتە قسەپێگوتنی کەموکوڕی لە تەوحیدا دروست دەکات.

---

[1] - أخرجه الترمذي برقم "٢٢٥٣"، وأحمد "١٢٣/٥".

ژیاننامەی (أبيّ): ئوبەی کوڕی کەعبی کوڕی قەیسی ئەنساڕییە، گەورەی قورئانخوێنەکانە، ئامادەی عەقەبە و بەدر و هەموو جەنگ و ڕووداوەکان بووە، گوتراوە: لە سەردەمی جێنشینایەتی پێشەوا عومەر وەفاتی کردووە، گوتراویشە: لەسەردەمی جێنشینایەتی پێشەوا عوسمان ساڵی (٣٠)ـی کۆچی وەفاتی کردووە - ڕەزای خوای لێبێت-.

لا تسبّوا الريح: واتە: جوێنی پێ مەدەن و نەفرەتی لێ مەکەن، لەبەر بەرکەوتنی زەرەر بەهۆیەوە.

فإذا رأيتم ما تكرهون: واتە: لە بایەکە، جا یان لەبەر زۆر گەرمییەکەی، یان زۆر ساردییەکەی، یاخود زۆر بەهێزییەکەی.

فقولوا اللهم ... إلخ: گەڕانەوەیە بۆلای بەدیهێنەر و بەڕێوەبەرەکەی، بە داواکردنی چاکەکەی و دوورخستنەوەی خەراپەکەی.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری کردووە لە قسەگوتن بە با؛ چونکە دروستکراو و فەرمان پێکراوێکی خوایە، بۆیە قسەپێگوتنی، قسەگوتنە بە خوا و ڕازی نەبوونە بە بڕیاری خوا، پاشان پێغەمبەر - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێنماییمان دەکات بۆ گەڕانەوە بۆلای بەدیهێنەرەکەی، بە داواکردنی چاکەکەیی و پەناگرتن بەخوا لە خەراپەکەی؛ چونکە ئەوە بەندایەتی تێدایە بۆ خوای گەورە، ئەمەش حاڵی شوێنکەوتووانی تەوحیدە.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشە: فەرموودەکە ڕێگەگرتنی تێدایە لە قسەگوتن بە با.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی قسەگوتن بە با؛ چونکە با دروستکراوێکی فەرمانپێکراو و ژێرباڕە، بۆیە قسەپێگوتنی دەگەڕێتەوە بۆ بەدیهێنەر و هەڵسوڕێنەرەکەی.

٢- گەڕانەوە بۆلای خوا و پەناگرتن پێی، لە خەراپەی ئەوەی کە دروستی کردووە.

٣- بە دڵنیایی با، هێندێک جار فەرمانپێکراو دەبێت بە چاکە و هێندێک جاریش فەرمانپێکراو دەبێت بە خەراپە.

٤- ڕێنماییکردن بۆ قسەی باش و بەسوود، ئەگەر مرۆڤ شتێکی ناخۆش و خەراپی بینی؛ ئەمەش لەبەر پارێزراوبوون لە شەڕ و خەراپەکەی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: قەدەغەکردنی جوێندان بە با.

دووەم: ڕێنیشاندان بۆ گوتنی قسەی باش و بەسوود، ئەگەر مرۆڤ شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو.

سێیەم: ڕێنماییکردن بۆ لای ئەوەی کە (با) فەرمانپێکراو و بەجێهێنەرە.

چوارەم: بێگومان (با) جاری وایە فەرمانی پێ دەکرێت بە چاکە، جاری واشە فەرمانی پێ دەکرێت بە خەراپە.

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى

﴿يَظُنُّونَ بِاللهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الأَمْرِ مِن شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾ الآيَةَ.

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {گومانی ناحەق و نەزانیان بە خوای گەورە دەبرد، کە خوای گەورە سەریان ناخات و موسڵمانان لەناو دەچن، هەروەها بە پێغەمبەری خوایان دەگوت: ئایا سەرکەوتن بۆ ئێمە هەیە؟ ئایا سەردەکەوین بەسەر دوژمنان؟ تا غەنیمەتیان لێ ببەین، ئەمان بۆ غەنیمەت هاتبوون، ئەی موحەممەد - صلى الله عليه وسلم-، پێیان بڵێ: سەرکەوتن هەمووی بە دەست خوای گەورەیە و بە دەست کەس نییە}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿يُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لاَ يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحَّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ [آل عمران: ١٥٤]. واتە: شتێک لە نەفسی خۆیان دەشارنەوە و بۆ تۆی دەرنابڕن -کە ئەمانە گوتمان: منافیق بوون-، دەڵێن: ئەگەر بهاتبایە و سەرکەوتن بۆ ئێمە بوایە و ئێمە سەربکەوتینایە، ئێستا لێرەدا ئاوا نەدەکوژڕاین، ئەی موحەممەد - صلى الله عليه وسلم- پێیان بڵێ: ئەگەر لە ماڵەکانی خۆشتان بوونایە، دەبوایە دەرچوونایە بۆ کوشتار و بکوژڕانایە و ئەمە شوێنەکانیان بوایە، ئەمە قەزا و قەدەری خوای گەورەیە و ناگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی خوای گەورە ئەوەی لە دڵتاندایە تاقیتان بکاتەوە، کە کێ ئیخڵاسی هەیە و کێش شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست

دەکات؟ دڵنیشتان پاک بکاتەوە و پاڵفتەی بکات، خوای گەورەش زانایە بەو دڵەی کە لەناو سینگتان دایە.

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئاگەدارکردنەوە لەسەر گومانی باش بردن بە خوای گەورە، لە واجیبەکانی یەکخواپەرستییە، هەروەها گومانی خەراپ بردن بە خوای گەورە، پێچەوانەی یەکخواپەرستییە.

یظنون: واتە: دووڕووەکان، گومانیش لە بنچینەدا پێچەوانەی دڵنیاییە.

غير الحق: واتە: جگە لە گومانی ڕاست.

ظن الجاهلية: ئەمە لەبڕی (غير الحق)ـە، واتە: ئەو گومانەی دەدرێتە پاڵ خەڵکی سەردەمی نەفامی، چونکە ئەوان بیروباوەڕیان وابوو کەوا خوا، پێغەمبەرەکەی سەر ناخات، مەبەستیش بە (الجاهلية)؛ سەردەمی پێشی ئیسلامە.

يقولون: ئەمە لەبڕی (يظنون)ـەیە.

هل لنا من الأمر شيء: پرسیارکردنە بە واتای نەفیکردن، واتە: ئێمە هەرگیز هیچ بەشێکمان لە سەرکەوتن و زاڵبوون بۆ نییە. یاخود واتا: ئێمە ڕێگریمان لێ کرا لە بەڕێوەبردنی کارەکانمان، بۆیە هیچ فەرمانێکمان بە دەستەوە نەماوە.

قل إن الأمر كله لله: واتە: نە بۆ ئێوە و نە بۆ جگە لە ئێوەش، هیچ فەرمانێک نییە، بەڵکوو فەرمان هەمووی بە دەستی خوایە، کەواتە هەر ئەوە کە ئەوەی دەیەوێت، ڕەتکەرەوەی بۆ نییە و ڕەتناکرێتەوە.

يخفون في أنفسهم: واتە: لە نکووڵێکردن و بە درۆزانین.

ما لا يبدون لك: جگە لەوەی کە بۆ تۆی ئاشکرا دەکەن و دەردەبڕن، لە ئیمان و داواکردنی ڕێنمایی.

وشەکانی دیکەش پێشتر لە (بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی وشەی "ئەگەر")، ڕاڤەمان کردووە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەوەی کە لە ڕۆژی ئوحددا بۆ دووڕووەکان هاتەدی، کەوا گومانی خەراپ و ناڕاستیان بە خوای گەورە برد و گوایە پێغەمبەرەکەی سەر ناخات و ئایینەکەی دەپووکێتەوە و لەناو دەچێت، هەروەها ئەگەر بڕیار بە دەست ئەوان بووایە و پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و هاوەڵەکانی، شوێنکەوتەی ئەوان بوونایە و گوێیان لەوان بگرتایە، ئەوا تووشتی ئەو کوشتارە نەدەبوون و سەرکەوتن و زاڵ بوون بۆ ئەوان دەبوو؛ بەڵام خوای باڵادەست لەو گومانەدا بە درۆی خستنەوە و بۆشی ڕوونکردنەوە کە هیچ شتێک نابێت و ڕووندادات، تەنها ئەوەی کە پێشتر لە قەزا و قەدەری خوادا بڕیاری لەسەر دراوە و پێشتر نووسراوە، هەروەها بڕیاری خوا ڕەتکردنەوەی بۆ نییە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- هەر کەسێک وا گومان ببات کە خوای گەورە بەتاڵ و ناڕەوا بەسەر ڕاستی و حەقدا سەردەخات و زاڵ دەکات، زاڵکردنێکی بەردەوام، بەشێوەیەک کە ڕاستی لەگەڵیدا لەناو بچێت، لەناوچوونێک کە جارێکی دیکە هەڵنەستێتەوە، ئەوا بێگومان گومانی خەراپ و ناڕاست و گومانی نەفامی بە خوا بردووە.

٢- جێگیرکردنی حیکمەت لەوەی کە خوا هێندێک جار ناڕەوا سەردەخات.

٣- ڕوونکردنەوەی پیسی ناخ و نیازی دووڕووەکان، هەروەها ئەوان لەکاتی ناخۆشییەکاندا ئەو دووڕوویەی کە لەلایانە، ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت.

٤- جێگیرکردنی قەزا و قەدەر.

٥- واجیبیەتی بەپاکڕاگرتنی خوا لەوەی کە شایستە نییە بە خوای گەورە.

٦- واجیبیەتی گومانی باش بردن بە خوای گەورە.

* * *

.....

وَقَوْلِهِ: ﴿الظَّانِّينَ بِاللهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ﴾ الآيَةَ.

هەروەها فەرمایشتی خوای گەورە: {ئەو دووڕوو و هاوبەش بڕیاردەرانەی کە گومانی خراپ بە خوای گەورە دەبەن، کە گومانیان وابووە دینەکەی خوای گەورە تێکدەشکێ، ئەو گومانە خراپە بۆ سەر خۆیان دەگەڕێتەوە و موسڵمانان بەسەریاندا زاڵ دەبن}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿وَغَضِبَ اللهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءتْ مَصِيرًا﴾ [الفتح: ٦]. واتە: هەروەها خوای گەورە غەزەبیان لێ دەگرێ و لێیان تووڕە دەبێ و نەفرەتیان لێ دەکات و لە ڕەحمەتی خۆی دەریان دەکات و دۆزەخیشی بۆ ئامادە کردوون کە خراپترین سەرەنجامە، ئەوان بۆی دەگەڕێنەوە.

الظانين: واتە: ئەوانەی گومانی خەراپ بە خوا دەبەن، لە پیاوان و ئافرەتانی دووڕوو.

ظن السوء: بە فەتحە و زەممەی سینەکە، واتە: گومانی کاری خەراپ، کە بریتییە لەوەی: خوای گەورە پێغەمبەرەکەی و باوەڕدارەکان سەر ناخات.

عليهم دائرة السوء: واتە: بازنەی سزا و سەرشۆڕی، هەمیشە لەگەڵیانە و لێیان جیا نابێتەوە.

وغضب الله عليهم ولعنهم: واتە: لێیان تووڕەیە و دووریان دەخاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی.

وأعدّ لهم: واتە: بۆی ئامادە کردوون لە دواڕۆژدا.

جهنم: واتە: ئاگری بەهێزی سزا.

وساءت مصيراً: واتە: ئەو شوێن و مەنزڵگایەی کە لە ڕۆژی دواییدا بۆی دەگەڕێنەوە.

واتایەکی کورت بۆ ئایەتەکە: خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوانەی کە خوا تۆمەتبار دەکەن لە دانایەکەی و واش گومان دەبەن کە خوا پێغەمبەرەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و هەروەها هاوەڵەکانی و شوێنکەوتووەکانیشی سەر ناخات بەسەر دوژمنەکانیان، ئەوانە بازنەی سزایان لەسەرە و خوا دووریشیان دەخاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی، هەروەها لە دوارۆژیشدا ئاگرێکی بۆ ئامادە کردوون، کە بۆی دەگەڕێنەوە، خەراپترین شتێکە کە بۆی دەگەڕێنەوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە ئەوەی تێدایە کە هەر کەسێک گومانی ئەوە ببات، کەوا خوا حیبزبەکەی خۆی سەر ناخات بەسەر دووژمنەکانیدا، ئەوا بە دڵنیایی گومانی خەراپی بە خوا بردووە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- ئاگەداربوون لە گومانی خەراپ بردن بە خوا و واجیبیەتی گومانی باش بردن بە خوا.

٢- هەر کەسێک وا گومان ببات خوای گەورە پێغەمبەر و ئایینەکەی سەر ناخات، ئەوە بەڕاستی گومانی خەراپی بە خوا بردووە.

٣- وەسفکردنی خوا بەوەی لە دوژمنەکانی تووڕە دەبێت و نەفرەتیشیان لێ دەکات.

٤- ڕوونکردنەوەی سەرەنجامی بێباوەڕ و دووڕووەکان.

* * *

.....

قَالَ ابْنُ الْقَيِّمِ -رَحِمَهُ اللهُ- فِي الآيَةِ الأُولى «فُسِّرَ هَذَا الظَّنُّ بِأَنَّهُ سُبْحَانَهُ لَا يَنْصُرُ رَسُولَهُ، وَأَنَّ أَمْرَهُ سَيَضْمَحِلُّ، وَفُسِّرَ بِأَنَّ مَا أَصَابَهُ لَمْ يَكُنْ بِقَدَرِ اللهِ وَحِكْمَتِهِ، فَفُسِّرَ بِإِنْكَارِ الْحِكْمَةِ وَإِنْكَارِ الْقَدَرِ، وَإِنْكَارِ أَنْ يُتِمَّ أَمْرَ رَسُولِهِ، وَأَنْ يُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ. وَهَذَا هُوَ ظَنُّ السَّوْءِ، الَّذِي ظَنَّ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُشْرِكُونَ فِي سُورَةِ الْفَتْحِ، وَإِنَّمَا كَانَ هَذَا ظَنَّ السَّوْءِ؛ لِأَنَّهُ ظَنُّ غَيْرِ مَا يَلِيقُ بِهِ سُبْحَانَهُ، وَمَا يَلِيقُ بِحِكْمَتِهِ وَحَمْدِهِ وَوَعْدِهِ الصَّادِقِ.

فَمَنْ ظَنَّ أَنَّهُ يُدِيلُ الْبَاطِلَ عَلَى الْحَقِّ، إِدَالَةً مُسْتَقِرَّةً يَضْمَحِلُّ مَعَهَا الْحَقُّ، أَوْ أَنْكَرَ أَنْ يَكُونَ مَا جَرَى: بِقَضَائِهِ وَقَدَرِهِ، أَوْ أَنْكَرَ أَنْ يَكُونَ قَدَّرَهُ لِحِكْمَةٍ بَالِغَةٍ يَسْتَحِقُّ عَلَيْهَا الْحَمْدَ، بَلْ زَعَمَ أَنَّ ذَلِكَ لِمَشِيئَةٍ مُجَرَّدَةٍ، فَ﴿ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ﴾ [سورة ص: ٢٧]. وَأَكْثَرُ النَّاسِ يَظُنُّونَ بِاللهِ ظَنَّ السَّوْءِ فِيمَا يَخْتَصُّ بِهِمْ، وَفِيمَا يَفْعَلُهُ بِغَيْرِهِمْ، وَلَا يَسْلَمُ مِنْ ذَلِكَ إِلَّا مَنْ عَرَفَ اللهَ وَأَسْمَاءَهُ وَصِفَاتِهِ، وَمُوجِبَ حِكْمَتِهِ وَحَمْدِهِ.

فَلْيَعْتَنِ اللَّبِيبُ النَّاصِحُ لِنَفْسِهِ بِهَذَا، وَلْيَتُبْ إِلَى اللهِ، وَيَسْتَغْفِرْهُ مِنْ ظَنِّهِ بِرَبِّهِ ظَنَّ السَّوْءِ.

وَلَوْ فَتَّشْتَ مَنْ فَتَّشْتَ؛ لَرَأَيْتَ عِنْدَهُ تَعَنُّتًا عَلَى الْقَدَرِ وَمَلَامَةً لَهُ، وَأَنَّهُ كَانَ يَنْبَغِي أَنْ يَكُونَ كَذَا وَكَذَا، فَمُسْتَقِلٌّ وَمُسْتَكْثِرٌ، وَفَتِّشْ نَفْسَكَ هَلْ أَنْتَ سَالِمٌ؟

فَإِنْ تَنْجُ مِنْهَا تَنْجُ مِنْ ذِي عَظِيمَةٍ ~ وَإِلَّا فَإِنِّي لَا إِخَالُكَ نَاجِيًا».

پێشەوا ئیبن قەییم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەربارەی ئایەتی یەکەم فەرموویەتی: "ئەو گومانە وا لێکدراوەتەوە و ڕاڤەکراوە: گوایە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی سەر ناخات و ئایینەکەشی دەپووکێتەوە و لەناو دەچێت، هەروەها واش لێکدراوەتەوە: کە ئەوەی تووشی بوو[لە جەنگی ئوحوود]، بە قەدەری خوا و حیکمەتەکەی نەبوو، هەروەها ڕاڤەش کراوە بە نکوولی کردنی حیکمەتی خوا و نکوولی کردنی قەدەر و نکوولی کردنی ئەوەی خوا، ئایینی پێغەمبەرەکەی تەواو بکات و سەریشی بخات بەسەر هەموو ئایینەکاندا. ئا ئەوە بریتییە لە گومانی خەراپ، ئەو گومانەی کە دووڕوو و هاوبەش بڕیاردەرەکان بردیان و لە سوڕەتی فەتحیش باسکراوە، ئینجا ئەمەش بۆیە بە گومانی خەراپ دانراوە، چونکە گومانێکە شایستە نییە بە خوای پاک و بێگەرد، هەروەها شایستەش نییە بە دانایی و ستایش و بەڵێنە ڕاستگۆکانی.

بۆیە هەر کەسێک وا گومان ببات کە خوای گەورە بەتاڵ و نارەوا، زاڵ دەکات بەسەر حەق و ڕاستی، سەرخستن و زاڵکردنێکی جێگیر و بەردەوام، بە شێوەیەک کە ڕاستی لەگەڵیدا لەناو بچێت، یان نکوولی لەوە بکات کە ئەوەی ڕوویدا و بەسەر موسڵمانانداندا هات: بە قەزا و قەدەری خوا بوو، یاخود نکوولی لەوە بکات کە ئەو ڕووداوەی تەقدیری کردبوو، لەبەر حیکمەتێکی تەواو نەبووە، کە شایستەی سوپاسکردنە لەسەری، بەڵکوو وا گومان ببات کە ئەوەی ڕوویدا، تەنها لەبەر ویستێکی ڕووت بووە و بەبێ حیکمەت بووە، ئەوە{گومانی ئەو کەسانەیە کە بێباوەڕ بوون، ئینجا هاوار بۆ ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون، لە ئاگری دۆزەخ}. زۆربەی خەڵکیش، گومانی خەراپ بە خوای گەورە دەبەن، لەو شتەدا کە تایبەتە بە خۆیانەوە، هەروەها لەو شتەشدا کە خوای گەورە دەیکات بە

غەیری ئەوان، هیچ کەسیش لەو بەدگومانییە ڕزگاری نابێت، تەنها ئەو کەسە نەبێت کەوا خوای ناسیبێت و ناو و سیفاتەکانیشی ناسیبێت، هەروەها ئەو شتەشی کە پێویستکەری دانایی و ستایشییەتی.

کەواتە با مرۆڤی ژیر و دڵسۆز و ئامۆژگاریکار بۆ نەفسی خۆی، گرینگی بەو بابەتە[گومان بردن بە خوا] بدات و بگەڕێتەوە بۆلای خوا و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات، لەوەی گومانی خەراپی بە پەروەردگاری بردووە.

ئینجا ئەگەر تۆ لەهەر کەسێک بکۆڵیتەوە و پشکنینی بۆ بکەیت، دەبینی ڕەخنە لە قەدەر دەگرێت و سەرزەنشتی دەکات، هەروەها دەڵێت: دەبووایە ئاوا و ئاوا بووایە، جا خەڵکی لەو بابەتەدا، هەیانە ئەو سیفەتەی زۆر تێدایە، هەشیانە کەمی تێدایە، تۆش نەفسی خۆت بپشکنە، ئایا تۆ سەلامەت و بێ گرفتی؟

جا ئەگەر لەو بەڵایە ڕزگارت بووبێت، ئەوا لە بەڵایەکی گەورە ڕزگارت بووە ~~ ئەگەرنا من وا گومان نابەم کە ڕزگارت ببێت.

﴿ ڕاڤەکردن ﴾

قال ابن القيم: واتە: لە "زاد المعاد"، لەکاتی قسەکردن لەسەر ئەو سوودانەی جەنگی ئوحوود لەخۆی دەگرێت. هەروەها پەیوەندی باسکردنی قسەکەی ئیبن قەیم لێرەدا، ڕوونکردنەوەی واتای ئایەتە پیرۆزەکەیە.

فُسر هذا الظن: واتە: ئەو گومانەی لەو وتەیەی خوا باسکراوە: ﴿يَظُنُّونَ بِاللهِ غَيْرَ الْحَقِّ﴾ [آل عمران: ١٥٤].

سيضمحلّ: واتە: دەڕوا و دەپووکێتەوە، هەتا هیچ شوێنەوارێکی نامێنێت. (الاضمحلال) واتە: ڕۆیشتن و نەمانی شتێک.

ففُسِّر: واتە: ئەو گومانە بە سێ شێوە واتای لێکدراوەتەوە.

بإنكار الحكمة: واتە: ئەوەی کە لە جەنگی ئوحددا ڕوویدا، لەبەر حیکمەتێکی تەواو نییە، کە بریتییە لەوەی قورئان ئاماژەی بۆ کردووە بەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿وَلِيَبْتَلِيَ اللهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ [آل عمران: ١٥٤].

وإنكار القدر: واتە: ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵی ئیمەیان بکردبا و دەرنەچووبان، ئەوا نەدەکوژران.

وإنكار أن يتم أمر رسولِه: چونکە کاتێک کە هاوبەش بڕیاردەرەکان سەرکەوتن، دووڕووەکان وا گومانیان برد کە ئەوە کاتێکی یەکلاییکەرەوە و تەواو موسڵمانان لەناوچوون.

في سورة الفتح: واتە: ئەو گومانەی کەوا خوای گەورە دەربارەی دووڕوو و هاوبەش بڕیاردەرەکان، لە سورەتی (الفتح) لەو وتەیەیدا باسی کردووە: ﴿...الظَّانِّينَ بِاللهِ ظَنَّ السَّوْءِ...﴾ [الفتح: ٦].

يُدِيل الباطل: واتە دەستبەسەرداگرتن و زاڵ بوون بۆ ناحەق دادەنێت.

تعنتاً على القدر: واتە: ڕەخنەگرتن و سەپاندنێک بەسەر قەدەر.

فمستقلّ ومستكثر: واتە: لەو ڕەخنەگرتنە لە قەدەر.

فإن تنج منها: واتە: لەو ڕەفتارە.

تنج من ذي عظيمة: واتە: لە کارێک کە خاوەنی بەڵا و موسیبەتێکی گەورەیە.

إخالك: بە کەسرەی هەمزەکە، واتە: گومان دەبەم کە تۆ.

ناجياً: ڕزگارت بێت لە ڕەخنەگرتن لە قەدەر.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (آل عِمْرَان).

دووەم: لێکدانەوەی ئایەتەکەی سورەتی (الْفَتْحِ).

سێیەم: هەواڵدان بەوەی کە گومانی خەراپ بە خوا، چەند جۆرێکە و لە ژمارە نایەت.

چوارەم: بێگومان کەس لە گومانی خەراپبردن بە خوا ڕزگاری نابێت، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە ناو و سیفاتەکانی خوای ناسیبێت، هەروەها نەفسی خۆشی ناسیبێت.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي مُنْكِرِي القَدَرِ

بەشی ئەو هەڕەشەیەی کە هاتووە دەربارەی ئەو کەسانەی نکوولّی لە قەدەر دەکەن

وَقَالَ ابنُ عُمرَ: وَالَّذِي نَفْسُ ابْنِ عُمَرَ بِيَدِهِ، لَوْ كَانَ لأَحَدِهِم مِثْلُ أُحُدٍ ذَهَبًا، ثُمَّ أَنْفَقَهُ فِي سَبيلِ اللهِ؛ مَا قَبِلَهُ اللهُ مِنْهُ، حتَّى يُؤمِنَ بِالقَدَرِ، ثمَّ استَدلَّ بِقَوْلِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «الْإِيْمَانُ: أنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَاليَومِ الآخِرِ، وَتُؤمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»[1]. رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

پێشەوا ئیبن عومەر فەرموویەتی: سوێند بەو زاتەی کە نەفسی ئیبن عومەری بەدەستە، ئەگەر هەر یەکێک لەوان[ئەوانەی نکوولّی لە قەدەر دەکەن]، بە وێنەی چیای ئوحوود زێڕی هەبێت، پاشان لەپێناوی خوادا ببەخشێت، ئەوا خوای گەورە لێی وەرناگرێت، هەتا باوەڕ بە قەدەر دێنێت، پاشان بەڵگەی هێنایەوە بەو وتەیەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: "باوەڕ بریتییە لەوەی: باوەڕ بێنی بە خوا و فریشتەکانی و پەڕاوەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی، هەروەها باوەڕ بێنی بە قەدەر بە باش و خەراپییەوە".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی تەوحیدی ڕوبووبییەت تەواو نابێت، ئیللا بە جێگیرکردن و باوەڕبوون بە قەدەر نەبێت؛ بۆیە

[1] - أخرجه مسلم برقم "٨"، وأبو داود برقم "٤٦٩٥"، والترمذي برقم "٢٦١٣"، وابن ماجه برقم "٦٣".

دانەر باسی ئەو هەڕەشانەی کردووە، کەوا دەربارەی نکوولّی کردنی قەدەر هاتوون؛ ئەمەش بۆ ئاگەدارکردنەوە لەسەر واجیبوونی باوەڕبوون پێی.

ما جاء في منكري القدر: واتە: لە هەڕەشەی توند. (القدَر)یش بە فەتحەی قاف و دالەکە، واتە: ئەوەی کەوا خوا ئەندازەی بۆ داناوە لە بڕیاردان و ئەوەشی لەو بوونەوەرەدا ڕووەدات.

أحُد: بە زەممەی هەمزەکە و حائەکە، چیایەکە لە نزیکی مەدینەی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەلای شامەوە.

ثم استدلّ بقول النبي -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: واتە: کاتێک جبریل پرسیاری لێ کرد دەربارەی ئیمان. ڕووی بەڵگەهێنانەوەش ئەوەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باوەڕهێنان بە قەدەری بە یەکێک لە پایەکانی باوەڕ دانا، بۆیە هەر کەسێک نکوولّی لێ بکات، ئەوا باوەڕدارێکی لەخواترس نییە، خوای گەورەش کردەوە لە کەس وەرناگرێت، تەنها لەخوا ترسەکان نەبێت.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت-، کاتێک پێی گەیشت کەوا خەڵکانێک نکوولّی لە قەدەر دەکەن، ڕوونی کردەوە کە ئەوان بەهۆی ئەو بیروباوەڕە خەراپە، لە دیین دەرچوونە؛ چونکە نکوولّی بنچینەیەک لە بنچینەکانی دیینیان کردووە، بۆ ئەمەش بەڵگەی بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هێناوە، ئەوەی کە تێیدا هاتووە؛ باوەڕهێنان بە قەدەر، یەکێکە لە شەش پایەکەی ئیمان، ئەوەی کە پێویستە باوەڕ بەهەموویان بێنی؛ بۆیە هەر کەسێک نکوولّی لە هێندێکی بکات، ئەوا بێباوەڕە بە هەمووی.

پەیوەندی ئەو ئەسەرە بەو بەشە: ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەو کەسانەی نکوولّی لە قەدەر دەکەن.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی نکوولّیکردن لە قەدەر؛ کوفرە.

٢- بێگومان کردەوە چاکەکان وەرناگیرێن، تەنها لە باوەڕدار نەبێت.

٣- بەڵگەهێنانەوە لەسەر حوکمەکان لە قورئان و سوننەت.***

.....

وَعَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ؛ أَنَّه قَالَ لِابْنِهِ: يَا بُنَيَّ؛ إِنَّكَ لَنْ تَجِدَ طَعْمَ الْإِيْمَانِ حَتَّى تَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَمَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، سَمِعْتُ رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُوْلُ: «إِنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللهُ القَلَمَ، فَقَالَ لَهُ: اكْتُبْ، فَقَالَ: رَبِّ! وَمَاذَا أَكْتُبُ؟ قَالَ: اكْتُبْ مَقَادِيرَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى تَقُوْمَ السَّاعَةُ»، يا بُنَيَّ سَمِعْتُ رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يقولُ: «مَنْ مَاتَ عَلَى غَيْرِ هَذَا فَلَيْسَ مِنِّي».

وَفِي رِوَايَةٍ لِأَحْمَدَ: «إِنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللهُ تَعَالَى القَلَمَ، فَقَالَ لَهُ: اكْتُبْ، فَجَرَى فِي تِلْكَ السَّاعَةِ بِمَا هُوَ كَائِنٌ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ».

وَفِي رِوَايَةٍ لِابْنِ وَهْبٍ: قَالَ رَسُوْلُ اللهُ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «فَمَنْ لَمْ يُؤمِنْ بالقَدَرِ خَيرِهِ وشرِّهِ؛ أَحْرَقَهُ اللهُ بالنَّارِ».

هەروەها لە عوبادەی کوڕی سامتەوە گێڕدراوەتەوە، کەوا بە کوڕەکەی فەرمووە: ئەی کوڕەکەم! بە دڵنیایی تۆ تام و چێژی باوەڕ ناکەیت، هەتا نەزانیت کە ئەوەی تووشت بووە و خوا نووسیویەتی کە تووشت ببێت، نەدەبووایە تووشت نەبێت، ئەوەشی تووشت نەبوو، نەدەبوو تووشت ببێت، من گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەیفەرموو: "بەڕاستی یەکەم شت کە خوا دروستی کرد، قەڵەم بوو، ئینجا پێی فەرموو: بنووسە، ئەویش گوتی: ئەی پەروەردگار! جا چی بنووسم؟ فەرمووی: ئەندازەی هەموو شتێک بنووسە، تا ڕۆژی دوایی"، ئەی کوڕە شیرینەکەم! گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەیفەرموو: "هەر کەسێک لەسەر جگە لەوە[باوەڕبوون بە قەدەر] بمرێت، ئەوا لە من نییە".

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا کە لە پێشەوا ئەحمەدەوە هاتووە فەرموویەتی: "بێگومان یەکەم شت کە خوا دروستی کرد، قەڵەم بوو، ئینجا پێی فەرموو: بنووسە، هەر لەو کاتەدا قەڵەم دەستیکرد بە نووسینی ئەوەی کە ڕوو دەدات، تاوەکوو ڕۆژی دوایی".

هەروەها لە گێڕانەوەی ئیبن وەهبدا هاتووە: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "هەر کەسێک باوەڕ بە قەدەر بە چاک و خەراپییەوە نەهێنێت، ئەوا خوا بە ئاگر دەیسووتێنێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامە:

١- قال لابنه: کوڕەکەی: وەلیدی کوڕی عوبادەیە، لەسەردەمی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەدایک بووە، یەکێکە لە گەورە تابیعییەکان، دوای ساڵی حەفتای کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

٢- ابن وهب: عەبدوڵڵای کوڕی وەهبی کوڕی موسلیمی میسڕییە، متمانە و شەرعزانە، قوتابی پێشەوا مالیک بووە، لە ساڵی (١٢٥)ـی کۆچی لە دایک بووە و ساڵی (١٩٧)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

طعم الإيمان: واتە: تام و چێژی باوەڕ؛ چونکە باوەڕ چێژ و تامی خۆی هەیە، هەر کەسێک بیانچێژێت، ئەوا دونیا و ئەوەشی لەسەریەتی لەبیر دەکات.

ما أصابك لم يكن ليخطئك...إلخ: واتە ئەوەی لەسەرت تەقدیر کراوە و نووسراوە، لە چاکە و خەراپە، هەرگیز تێپەڕت ناکات و تووشت دەبێت، ئەوەشی لەسەرت تەقدیر نەکراوە، هەرگیز تووشت نابێت.

سمعت رسول الله ... إلخ: ئەمە بەڵگەهێنانەوەیە لەلایەن عوبادەوە، لەسەر ئەوەی پێشوو.

إن أول ما خلق الله القلم: واتە: قەڵەم؛ یەکەم شتێکە خوا دروستی کردووە، پێشی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، بەڵام یەکەم دروستکراو نییە بەڕەهایی.

من مات على غير هذا: واتە: بمرێت لەسەر غەیری باوەڕبوون بە قەدەر.

فليس مني: واتە: من بەریمە لێی؛ چونکە نکوولّی لەوە دەکات کە خوا لە قەدیمەوە زانستی بە کردەوەی بەندەکان هەبێت، هەر کەسێکیش ئاوا بێت، ئەوا کافرە.

من لم يؤمن بالقدر: واتە: باوەڕی بەوە نەبێت کە خوای گەورە ئەندازەی بۆ دیاری کردووە و بڕیاری داوە لە دروستکراوەکانی.

أحرقه الله بالنار: لەبەر کوفر و بیدعەکەی؛ چونکە نکوولّی لە هێز و توانای تەواوی خوا و ئیرادە جێبەجێ بووەکەی و دروستکردنی بۆ هەموو شتێک دەکات، هەروەها پەڕاوەکانی و پێغەمبەرەکانی بە درۆ دەزانێت.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: عوبادەی کوڕی سامت -ڕەزای خوای لێبێت- ئامۆژگاری وەلیدی کوڕی دەکات، بە باوەڕهێنان بە قەدەر بە چاک و خەراپییەوە، هەروەها بۆشی ڕوون دەکاتەوە ئەوەی کە دروست دەبێت لە ئەنجامی باوەڕهێنان بە قەدەر، لە بەرهەمی چاک و سەرەنجامی باش، ئەوەشی کە دروست دەبێت لە ئەنجامی نکوولّیکردنی قەدەر، لە خەراپە و مەترسییەکان لە دونیا و دواڕۆژدا، لەسەر ئەوەی کە دەیکات، بەڵگە بە سوننەتی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دێنێتەوە، ئەو فەرموودەیەی کە جێگیری دەکات خوای گەورە ئەندازەی بۆ هەموو شتێک داناوە و فەرمانی بە قەڵەمیش کردووە بە نووسینەوەیان، پێشی بوونی ئەو دروستکراوانە، کەواتە هەتا ڕۆژی دوایی، هیچ شتێک لەو بوونەوەرەدا ڕوو نادات، ئیللا بە قەزا و قەدەرە.

پەیوەندی ئەو ئەسەرە بۆ ئەو بەشە: ئەسەرەکە واجیب بوونی باوەڕهێنان بە قەدەری تێدایە، هەروەها ئاگەدارکردنەوە لە نکوولّی کردن و باوەڕ نەبوون پێی و ڕوونکردنەوەی ئەو هەڕەشەیەی کە لەسەر ئەو باوەڕ نەبوونە دروست دەبێت.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی باوەڕهێنان بە قەدەر.

٢- ئەو هەڕەشە تونديەی کە لەسەر نکوولّی کردنی قەدەر دروست دەبێت.

٣- جێگیرکردنی قەڵەم و نووسینی قەدەرەکانی ڕابردوو و داهاتوو بەو قەڵەمەوە، تاوەکوو ڕۆژی دوایی.

* * *

.....

وَفِي الْمُسْنَدِ وَالسُّنَنِ عَنِ ابْنِ الدَّيْلَمِيِّ؛ قَالَ: أَتَيْتُ أُبَيَّ بنَ كَعْبٍ، فَقُلْتُ: فِي نَفْسِي شَيْءٌ مِنَ القَدَرِ، فَحَدِّثْنِي بِشَيءٍ لَعَلَّ اللهُ يُذْهِبُهُ مِنْ قَلْبِي، فَقَالَ: «لَوْ أنفقْتَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا، مَا قَبِلَهُ اللهُ مِنْكَ؛ حَتَّى تُؤمِنَ بِالقَدَرِ، وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَمَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيْبَكَ، وَلَوْ مِتَّ عَلَى غَيْرِ هَذَا لَكُنْتَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ، قَالَ: فَأَتَيْتُ عَبْدَ اللهِ بْنَ مَسْعُودٍ، وَحُذَيفةَ بْنَ الْيَمَانِ، وَزَيْدَ بْنَ ثَابِتٍ؛ فَكُلُّهُمْ حَدَّثَنِي بِمِثْلِ ذَلِكَ عَنِ النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-» [1]. حَدِيثٌ صَحِيْحٌ، رَوَاهُ الحَاكِمُ فِي صَحِيحِهِ.

هەروەها لە موسنەد و سونەندا هاتووە لە ئیبن دەیلەمییەوە، فەرموویەتی: هاتمە لای ئوبەی کوڕی کەعب و گوتم: لە دەروونمدا شتێک[گومانێک] بەرانبەر بە قەدەر هەیە، بۆیە شتێکم بۆ بگێڕەوە، بەڵکوو خوای گەورە ئەو شتە لە دڵمدا نەهێڵێت، ئەویش گوتی: "ئەگەر بە ئەندازەی کێوی ئوحوود زێڕ ببەخشیت، ئەوا خوا لێتی وەرناگرێت، هەتا باوەڕ دێنیت بە قەدەر، هەروەها هەتا دەزانیت کە ئەوەی تووشت بووە، نەدەبوو تووشت نەبێت، ئەوەشی تووشت نەبووە، نەدەبوو تووشت ببێت، ئەگەر بشمریت لەسەر ئەو بیروباوەڕە، ئەوا بە دڵنیایی نیشتەجێی ئاگری دۆزەخ دەبیت، [ئیبن دەیلەمی] گوتی: چوومەتە لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود و حوزەیفەی کوڕی یەمان و زەیدی کوڕی سابت، هەر هەموویان هاوشێوەی ئەو فەرموودەیەیان لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بۆ گێڕاومەتەوە".

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٤٦٩٩"، وابن ماجه برقم "٧٧"، وأحمد في المسند "١٨٢/٥، ١٨٣، ١٨٥، ١٨٩"، وابن حبان في موارد الظمآن برقم "١٨١٧".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (ابن الديلمي): عەبدوڵڵای کوڕی فەیرۆزی دەیلەمییە، متمانەیە و لە گەورە تابیعییەکانە. باوکیشی کە فەیرۆزە؛ بکوژی (الأسود العنسي)یە، ئەو درۆزنەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد.

وفي المسند والسنن: واتە: لە موسنەدی پێشەوا ئەحمەد و سونەنی ئەبو داوود و ئیبن ماجەدا هاتووە.

في نفسي شيء من القدر: واتە: گومان و شڵەژانێک کە سەردەکێشێت بۆ نکووڵیکردن.

لو أنفقت ... إلخ: ئەمە نموونە هێنانەوەیە، نەک دیاریکردن.

حتى تؤمن بالقدر: واتە: باوەڕ دێنیت بەوەی هەموو ئەو کارانەی ڕوو دەدەن، بە قەزا و قەدەری خوایە.

ولو مت على غير هذا: واتە: لەسەر جگە لە باوەڕبوون بە قەدەر بمریت.

لكنت من أهل النار: واتە: لەبەر ئەوەی تۆ نکووڵیت لە ڕووکنێک لە ڕووکنەکانی قەدەر کردووە، هەر کەسێکیش نکووڵی لە ڕووکنێکیان بکات؛ ئەوا نکووڵی لە هەمووی کردووە.

واتایەکی کورت بۆ ئەسەرەکە: عەبدوڵڵای کوڕی فەیرۆزی دەیلەمی هەواڵ دەدات کە کێشە و گومانێک لە دەروونیدا دەربارەی قەدەر دروست بووە، ترساوە لەوەی سەربکێشێت بۆ نکووڵیکردن، بۆیە چووە پرسیاری زانایانی کردووە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا؛ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەو شێوەیە پێویستە باوەڕدار پرسیار لە زانایان بکات، لەو شتانەدا کە کێشەی بۆ دروست دەبێت، وەکوو کارکردنێک بەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿..فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ..﴾ [سورة النحل: ٤٣]. واتە: دەی پرسیار لە زانایان بکەن، ئەگەر ئێوە نازانن.

ئەو زانایانەش هەموویان فەتوایان بۆ داوە بەوەی باوەڕهێنان بە قەزا و قەدەر پێویستە. هەر کەسێکیش باوەڕ بە قەدەر نەهێنێت، ئەوا لە ئەهلی ئاگرە.

پەیوەندی باسکردنی ئەو ئەسەرە لەو بەشەدا: ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی کە باوەڕهێنان بە قەدەر، کارێکی پێویستە، کە ئەمەش هاوەڵان لە پێغەمبەرەکەیانەوە -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- گێڕاویەتییانەوە.

ئەو سوودانەی لەو ئەسەرە وەردەگیرێن:

١- هەڕەشەی توند بۆ ئەو کەسەی کە باوەڕ بە قەدەر ناهێنێت.

٢- پرسیارکردن لە زانایان لەو شتەدا کە کێشە و گومانی تێدا دروست بووە، لە کاروبارەکانی بیروباوەڕ و جگە لەوێش.

٣- بێگومان یەکێک لە ئیشی زانایان؛ لادانی پەردەیە لەسەر گومانەکان و بڵاوکردنەوەی زانستە لەنێوانی خەڵکیدا.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ڕووبەڕووبوونەوەی واجیبییەتی باوەڕهێنان بە قەدەر.

دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی چۆنیەتی باوەڕهێنان بە قەدەر.

سێیەم: پووچەڵ بوونەوەی کردەوەی ئەو کەسەی کە باوەڕی بە قەدەر نەهێناوە.

چوارەم: هەواڵدان بەوەی کە هیچ یەکێک، تامی ئیمان ناچێژێت، تاوەکوو باوەڕ بە قەدەر دێنێت.

پێنجەم: باسی یەکەم شت کە خوا دروستی کردووە.

شەشەم: هەر لەو کاتەی کە قەڵەم فەرمانی پێ کرا، دەستی کرد بە نووسینی قەدەرەکان، تاوەکوو ڕۆژی دوایی.

حەفتەم: بەریبوونی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەو کەسەی کە باوەڕی بە قەدەر نییە.

هەشتەم: خو و نەریتی سەلەف وابووە بۆ لابردنی گومان، پرسیاریان لە زانایان کردووە.

دەیەم: زانایانیش وەڵامیان داوەتەوە بە شتێک کە گومانەکە لەلای کابرا نەهێڵێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی قسەکەیان تەنها داوەتە لای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْمُصَوِّرِينَ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی وێنەکێشەکان

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ رَسُوْلُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ كَخَلْقِي، فَلِيَخْلُقُوا ذَرَّةً، أَوْ لِيَخْلُقُوا حَبَّةً، أَوْ لِيَخْلُقُوا شَعِيرَةً».[1] أَخْرَجَاهُ.

لە ئەبوو هورەیرەوە هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت-، فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: کێ لەو کەسە ستەمکارترە، کە دەچێت وێنەیەک دروست دەکات وەکوو دروستکراوی من؟ ئەگەر ڕاست دەکەن با مێروولەیەکی بچووک دروست بکەن، یان دەنکە گەنمێک دروست بکەن، یاخود دەنکە جۆیەک دروست بکەن".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: لەبەر ئەوەی وێنەکێشان هۆکارێکە بۆ هاوبەشبڕیاردان، کە دڕ و پێچەوانەی یەکخواپەرستییە، بۆیە وا گونجاو بوو کە دانەر ئەو بەشە دابنێت؛ بۆ ڕوونکردنەوەی حەرامکردنی و ئەو هەڕەشە تووندانەشی کە دەربارەی هاتوون.

ما جاء في المصورين: واتە: لە هەڕەشەی توند.

ومن أظلم: واتە: هیچ یەکێک لەوە ستەمکارتر نییە.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٥٩٥٣"، ومسلم برقم "٢١١١".

يخلق كخلقي: واتە: لەبەر ئەوەی وێنەکێش، وێنەکەی خۆی دەشوبهێنێت بە دروستکراوەکانی خوا.

فليخلقوا: فەرمانکردنی بێدەسەڵاتکردن و بەرانبەریکردن و هەڕەشەکردنە.

ذرة: بریتییە لە: مێرووڵەیەکی بچووک.

أو ليخلقوا: ئەمە بێدەسەڵاتکردنێکی دیکەیە.

حبة: واتە: دەنکێکی گەنم، کە تام و ماددەی گەشەکردن و بەرهەمی تێدا بێت.

أو ليخلقوا: ئەمەش بێدەسەڵاتکردنێکی تڕە.

شعيرة: ئەمە جۆرێکی دیکەیە لە دانەوێڵە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە پەروەردگاری بەرز و گەورەی دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێ: هیچ یەکێک لەو کەسە ستەمکارتر نییە، کە وێنەیەک دەکێشێت لەسەر شێوەی دروستکراوی خوا؛ چونکە بەو کارە هەوڵی خۆچواندن بە خوا دەدات لە کارەکەی، پاشان خوای باڵادەست تەحەددای دەکات و بێدەسەڵاتی ئەو کەسە ڕوون دەکاتەوە، لەوەی بتوانێت بچووکترین شت لە دروستکراوەکانی خوا دروست بکات، کە بریتییە لە مێرووڵەیەکی بچووک، بەڵکوو ئەو کەسە بێدەسەڵاتە کە لەوەش بچوکتر دروست بکات، کە بریتییە لە بێگیانێکی بچووک، لەگەڵ ئەوەشدا توانایان نییە کە هیچ یەکێک لەو شتانە دروست بکەن؛ چونکە هەر خوا بە تەنها بەدیهێنەرە.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی وێنەکێشان، هەروەها گەورەترین ستەمیشە.

ئەو سوودانەی لە و فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی وێنەکێشان، جا بەهەر ئامرازێک بکێشرێت و دروست بکرێت، هەروەها وێنەکێش لە ستەمکارترینی ستەمکارەکانە.

٢- وەسفکردنی خوا بەوەی کە قسە دەکات.

٣- بە دڵنیایی وێنەکێشان؛ چواندن و شوبهاندنە بە دروستکراوی خوا و هەوڵدانە بۆ هاوبەشی کردنی خوا لە دروستکردندا.

٤- بێگومان هێز و توانا لەسەر دروستکردن؛ یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی خوای باڵادەست.

***

.....

وَلَهُمَا عَنْ عَائِشَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْها-؛ أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «أَشَدُّ النَّاسِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ: الَّذِينَ يُضَاهِئُونَ بِخَلْقِ اللهِ».[1]

هەروەها لە فەرموودەی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت-: کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "تووندترین و گەورەترین سزا، لەناو خەڵکی سزادراو لە ڕۆژی دواییدا، بۆ ئەو وێنەکێشانەیە کە وێنە و دروستکراوەکانیان دەچوێنن بە دروستکراوەکانی خوا".

ڕاڤەکردن

ولهما: واتە: بوخاری و موسلیم.

يضاهئون بخلق الله: واتە ئەوەی کە دروستی دەکەن، دەیچوێنن بەوەی کە خوا دروستی دەکات.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵ دەدات و هەواڵەکەش واتاکەی: قەدەغەکردن و سەزەنشتکردنە، کە وێنەکێشەکان لە ڕۆژی دواییدا، سزایان لەهەموو خەڵکی قورستر و گەورەترە؛ چونکە ئەوان دەستیان داوەتە تاوانێکی زۆر ناشیرین، ئەویش ئەوەیە کە شتانێک دروست دەکەن، وەکوو دروستکراوەکانی خوا، لە دروستکردنی وێنە.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر سەختی و تووندی سزای وێنەکێشەکان، ئەمەش سوودی ئەوە دەگەیەنێت کە وێنەکێشان، تاوانێکی زۆر گەورەیە.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٤٧٩"، ومسلم برقم "٢١٠٧".

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی وێنەکێشان بە هەموو شێوەکانی و بە هەر ئامرازێکیش بێت، هەروەها ئەمە چووواندنە بە دروستکراوەکانی خوا.

٢- بە دڵنیایی لە ڕۆژی دواییدا، سزادان جیاواز دەبێت بە گوێرەی تاوانەکان.

٣- بێگومان وێنەکێشان لە گەورەترینی تاوانەکانە و یەکێکیشە لە تاوانە گەورەکان.

***

.....

وَلَهُمَا عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُما-: سَمِعْتُ رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ: «كُلُّ مُصَوِّرٍ فِي النَّارِ؛ يُجْعَلُ لَهُ بِكُلِّ صُورَةٍ صَوَّرَهَا نَفْسٌ يُعَذَّبُ بِهَا فِي جَهَنَّمَ».[1]

وَلَهُمَا عَنْهُ مَرْفُوعًا: «مَنْ صَوَّرَ صُوْرَةً فِي الدُّنْيَا؛ كُلِّفَ أَنْ يَنْفُخَ فِيهَا الرُّوْحَ، وَلَيْسَ بِنَافِخٍ».[2]

هەروەها بوخاری و موسلیم لە فەرموودەی ئیبن عەبباس -ڕەزای خوایان لێبێت- گێڕاویەتییانەوە، کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەیفەرموو: "هەموو وێنەکێشێک لەناو ئاگری دۆزەخدایە، لە هەموو وێنەیەک کە کێشاویەتی، نەفسێکی لە دۆزەخدا بۆ دادەنرێت و پێیەوە سزا دەدرێت".

هەر بوخاری و موسلیم لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاویەتییانەوە بە مەرفووعی[واتە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی]: "هەر کەسێک لە دونیادا وێنەیەک بکێشێت، ئەوا لە دواڕۆژدا ناچار دەکرێت و خوا ئەرکی ئەوەی پێ دەسپێرێت کە ڕووحی بە بەردا بکات، ناشتوانێت کە ڕووحی بە بەردا بکات[ئەمەش بۆ ئەوەی زیاتر سزا بدرێت]".

ڕاڤەکردن

كل مصوّر: واتە: هەموو کەسێک کە وێنەی خاوەن ڕووحێک دەکێشێت.

في النار: لەبەر ئەوەی شتێکی ئەنجام داوە کە تایبەتە بە خوا، لە دروستکردن و داهێنان.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٢٢٥"، ومسلم برقم "٢١١٠".

[2] - أخرجه البخاري برقم "٥٩٦٣"، ومسلم برقم "١٠٠/٢١١٠".

يجعل له بكل صورة نفسٌ يعذّب بها: (الباء) بە واتای لەناو "في" دێت، واتە: لە هەموو وێنەیەک کە کێشاویەتی، ڕووحێکی لەناودا دادەنرێت، ئینجا خودی ئەو وێنەیەی کە ڕووحەکەی تێدا دانراوە، سزای دەدات.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات کە سەرەنجامی وێنەکێشەکان لە ڕۆژی دواییدا بەرەو دۆزەخە، تێیدا سزا دەدرێن بە سەختترین سزا، بەوەی هەموو ئەو وێنانەی کە لە دونیادا کێشاویانە، ئامادە دەکرێن، ئینجا لەناو هەموو وێنەیەک ڕووحێک دادەنرێت، پاشان زاڵ دەکرێت بەسەریدا بەوەی لە دۆزەخدا سزای دەدات، کەواتە سزا دەدرێت بەو شتەی کە بە دەستی خۆی دروستی کردووە -پەنا بە خوا-. هەروەها بەشێک لە سزادانی ئەوەیە کە ئەرکی پێ دەسپێردرێت بە شتێک کە لە توانایدا نییە، ئەویش بریتییە لە ڕووحکردنە بەری ئەو وێنەیەی کە کێشاویەتی.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی وێنەکێشان و هەڕەشەکردن لە وێنەکێشەکان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی وێنەکێشان، هەروەها یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

٢- حەرامکردنی وێنەکێشان بە هەموو جۆرەکانییەوە: پەیکەر تاشین بێت، یان هەڵکۆڵین و نەخشاندن بێت، هەروەها یەکسانە وێنەکە بە دەست بێت، یاخود وێنەگرتن بێت بە ئامێری وێنەگرتنی فۆتۆگرافی[1]، ئەمە بە مەرجێک ئەگەر وێنەکە، وێنەی خاوەن ڕووحێک بێت، ئیللا بۆ پێویستی نەبێت[واتە: ئەگەر پێویست بوو دروستە].

---

[1] - **تێبینی:** بابەتی حوکمی وێنەی فۆتۆگرافی، بابەتێکە جێگای ڕا جیاوازییە لەنێوانی زانایانی سەردەم، زۆرێک لە زانایان وێنەگرتنی فۆتۆگرافی بە دروستی دەزانن.

٣- حەرامکردنی وێنەکێشان، لەبەر هەر مەبەستێک بێت، ئیللا بۆ لابردنی زەرەرەت نەبێت.

٤- گێڕانەوەی فەرموودەی کۆتایی، بەڵگەیە لەسەر درێژی سزای وێنەکێشەکان و دەرخستنی بێدەسەڵاتییان

٥- فەرموودەکە ئەوەی تێدایە کە دروستکردن و ڕووح بە بەرداکردن، هیچ کەسێک توانای بەسەریاندا نییە، تەنها خوای گەورە نەبێت.

* * *

.....

وَلِمُسْلِمٍ عَنْ أَبِي الْهَيَّاجِ؛ قَالَ: قَالَ لِي عَلِيٌّ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-: «أَلَا أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-؟: «أَنْ لَا تَدَعَ صُورَةً إِلَّا طَمَسْتَهَا، وَلَا قَبْرًا مُشْرِفًا إِلَّا سَوَّيْتَهُ». [1]

هەروەها پێشەوا موسلیم لە ئەبوو هەیاج گێڕاویەتییەوە، کە فەرموویەتی: پێشەوا عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- پێی فەرموومە: "ئایا ڕەوانەت بکەم بۆ کارێک، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- منی بۆ هەمان کار ڕەوانەکرد؟: "ئەویش ئەوەیە کە هیچ وێنە و پەیکەرێک نییە، ئیللا لایبەیت و بیسڕیتەوە، هیچ گۆڕێکی بڵندیش نییە، ئیللا بیڕوخێنیت و تەختی بکەیت[مەبەستەکە ئەوەیە کە بەگوێرەی شەرع دەستکاری بکرێت]".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (أبو الهيّاج): حەییانی کوڕی (حُصین)ـی ئەسەدییە، تابیعییەکی متمانەیە.

ألا: ئامرازی ئاگەدارکردنەوەیە.

أبعثك: ڕەوانەت بکەم.

لا تدع: وازی لێ نەهێنیت.

إلا طمستها: واتە: لایبەیت و بیسڕیتەوە.

مشرفاً: واتە: بەرز.

إلا سوَّيته: واتە: یەکسانی بکەیت لەگەڵ زەوی.

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٩٦٩"، وأبو داود برقم "٣٢١٨"، والترمذي برقم "١٠٤٩"، وأحمد "٩٦/١، ١٢٩".

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێشەوای باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب - ڕەزای خوای لێبێت-، پێشنیاری ئەوە دەخاتە بەردەم ئەبوو هەیياج، کە ڕەوانەی بکات بۆ جێبەجێکردنی کارێکی گرینگ، ئەو کارەی کەوا پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕەوانەی کردووە بۆ ئەنجامدانی. ئەویش بریتییە لە لابردنی وێنەکان و سڕینەوەیان؛ چونکە وێنەکان، چواندنیان تێدایە بۆ دروستکراوەکانی خوا، هەروەها تووشبوون بە فیتنە بەهۆی بە گەورە دانانیان؛ ئەمەش کە سەردەکێشێت بۆ بتپەرستی.

هەروەها کارەکە بریتیشە لە: تەختکردنی گۆڕە بەرزەکان، هەتا یەکسان دەکرێت لەگەڵ زەویدا؛ لەبەر ئەوەی بەرزکردنەوەیان، خاوەنەکانی تووشی فیتنە دەکات، هەروەها دەکرێن بە هاوبەشی خوا لە پەرستن و بەگەورە داناندا.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر واجیبیەتی لابردن و سڕینەوەی وێنەکان و لەناوبردنیان.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی وێنەکێشان و واجیبیەتی لابردنی وێنەکان و سڕینەوەیان، بەهەموو جۆرەکانییەوە.

٢- ئامۆژگاریکردن بە حەق و ڕاستی و فەرمانکردن بە چاکە و قەدەغەکردنی خەراپە و ڕاگەیاندنی زانست.

٣- حەرامکردنی بەرزکردنەوەی گۆڕەکان، بە دروستکردنی خانوو شتی دیکە لەسەریان؛ چونکە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی هاوبەشی بڕیاردان.

٤- واجیبیەتی ڕووخاندنی ئەو گومبەدانەی کە لەسەر گۆڕەکان دروست کراون.

٥- وێنەکێشانیش وەکوو خانوو دروستکردن لەسەر گۆڕەکان وایە، هۆکارێکە بۆ هاوبەشی بڕیاردان.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: توند و تیژییەکی زۆر دەربارەی وێنەکێشەکان.

دووەم: ئاگەدارکردنەوە لە هۆکاری حەرامکردنەکە، ئەویش بریتییە لە وازهێنان لە ئەدەب لەگەڵ خوا، لەبەر وتەکەی: «وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ كَخَلْقِي».

سێیەم: ئاگەداربوون لەسەر توانای خوا و بێدەسەڵاتی ئەوان؛ لەبەر وتەکەی: «فَلْيَخْلُقُوا ذَرَّةً أَوْ شَعِيرَةً».

چوارەم: دەربڕین بەڕاشکاوی کە وێنەکێشەکان تووندترین سزایان بۆ هەیە.

پێنجەم: خوای گەورە بەگوێرەی ژمارەی هەموو وێنەکان، نەفسێک دروست دەکات، لە دۆزەخدا پێی سزا دەدرێت.

شەشەم: وێنەکێشەکە ناچار دەکرێت کە ڕووح بە بەر وێنەکەدا بکات.

حەفتەم: فەرمانکردن بە لابردن و سڕینەوەی وێنە، ئەگەر بینرا.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي كَثْرَةِ الْحَلِفِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی زۆر سوێندخواردن

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿..وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ..﴾ [المائدة: ٨٩].

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ: «الْحَلِفُ مَنْفَقَةٌ لِلسِّلْعَةِ، مَمْحَقَةٌ لِلْكَسْبِ».[1] أَخْرَجَاهُ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {ئێوە سوێندەکانتان بپارێزن، بەوەی کە سوێند زۆر مەخۆن تا گرنگ نەبێت، ئەگەر سوێندیشتان خوارد، ئەوە سوێندەکانتان مەشکێنن، ئەگەر شکاندیشتان، ئەوا کەفارەتەکەی بدەن}.

لە ئەبوو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەیفەرموو: "سوێندخواردن بازاڕی شتومەک گەرم دەکات و ڕەواجی پێ دەدات، دەستکەوت و قازانجیش لەناو دەبات و بەرەکەتی تێدا ناهێڵێت".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: بەشێک لە تەواویەتی یەکخواپەرستی، بریتییە لە ڕێزگرتنی ناوی خوا و سووک نەکردنی بە زۆر سوێند پێ خواردنی؛ چونکە ئەم کارە بەڵگەیە لەسەر سووکایەتی پێکردنی و بە گەورە نەزانینی.

ما جاء في كثرة الحلف: واتە: ئەو قەدەغەیەی کە دەربارەی هاتووە، (الحلِف)یش: بە فەتحەی حائەکە و کەسرەی لامەکە واتە: سوێند.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٠٨٧"، ومسلم برقم "١٦٠٦".

واحفظوا أيمانكم: واتە: سوێند مەخۆن، گوتراوە: واز لە سوێندەکانتان مەهێنن بە بێ کەفارەت، گوتراویشە: سوێندەکانتان مەشکێنن.

منفَقَة: بە فەتحەی میم و فائەکە، لەسەر وەزنی (مفعَلةٌ)ـە، لە (النَّفاق) وەرگیراوە، واتە: بازاڕگەرمی و بڕەوسەندن.

للسلعة: بە کەسرەی سینەکە واتە: کەلوپەل، شتومەک.

ممحَقة: بە فەتحەی حائەکە، لە (المحق) وەرگیراوە، واتە: کەمبوون و نەمان و کوێربوونەوە.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هۆشداری دەدات لە سووکایەتیکردن بە سوێند و زۆر بەکارهێنانی؛ بە مەبەستی بازاڕ گەرمکردنی کەلوپەل و بەدەستهێنانی قازانج، چونکە مرۆڤ ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر کەلوپەل، کە ئەوەندە و ئەوەندەی پێداوە، یان بەوەندەی کڕیيە، لەکاتێکدا درۆزنیش بێت، ئەوە کڕیار وا گومان دەبات کە ڕاستگۆیە لەو شتەدا کە سوێندی لەسەر خواردووە، بۆیە بە زیاتر لە نرخی خۆی دەیبات؛ لەبەر کاریگەربوونی بە سوێندی فرۆشیار، ئەویش بۆیە سوێندی خواردووە؛ چونکە ئارەزووی لە زیاتر بووە، بەمەش سەرپێچی خوای کردووە، بۆیەش سزا دەدرێت بە نەمانی بەرەکەت.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە هۆشداری تێدایە لە بەکارهێنانی سوێندخواردن؛ لەپێناو بازاڕگەرمکردنی شتومەک، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زەرەر و زیانەی کە لەسەری دروست دەبێت.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ئاگادارکردنەوە لە زۆر سوێندخواردن؛ لەپێناو بازاڕگەرمکردنی شتومەک؛ چونکە ئەوە سووککردنی ناوی خوای گەورەیە و کەموکوڕیش لە یەکخواپەرستیدا دروست دەکات.

٢- ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زیانانەی کە لەسەر سوێندی درۆ دروست دەبێت.

٣- بێگومان قازانج و دەسکەوتی حەرام، ئەگەرچی بڕەکەشی زۆر بێت، ئەوا بەرەکەتی تێدا هەڵناگیرێت و خێری تێدا نییە.***

.....

وَعَنْ سَلْمَانَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ، وَلَا يُزَكِّيهِمْ، وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: أُشَيْمِطٌ زَانٍ، وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِرٌ، وَرَجُلٌ جَعَلَ اللهَ بِضَاعَتَهُ؛ لَا يَشْتَرِي إِلاَّ بِيَمِينِهِ، وَلَا يَبِيعُ إِلَّا بِيَمِينِهِ».[1] رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ.

هەروەها لە فەرموودەی سەلماندا هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "سێ جۆرە کەس هەنە خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات و لە پیسی گوناهیش پاکیان ناکاتەوە و سزایەکی بە ئێشیشیان لەبۆ هەیە: پیاوێکی پیر و سەرڕەش و سپی زیناکەر، هەژارێکی خۆبەگەورەزان، هەروەها پیاوێکیش سوێندخواردن بە خوای کردۆتە کەلوپەلی خۆی، بەشێوەیەک کەلوپەل ناکڕێت، ئیللا بە سوێندخواردن نەبێت، ناشیفرۆشێت، ئیللا بە سوێندخواردن نەبێت".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (سلمان): لەوانەیە باوکی عەبدوڵڵا بێت: سەلمانی فارسییە، لە بنچینەدا خەڵکی ئەسفەهان، یان ڕامەهورموزە، لەکاتی هاتنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بۆ مەدینە موسڵمان بووە، بەشداری جەنگی خەندەق و جگە لەویشی کردووە، لە ساڵی (٣٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

لا يكلِّمهم الله: ئەمە هەڕەشەیەکی تونده لە بەرانبەریان؛ چونکە خوای گەورە قسە لەگەڵ ئیماندارانداە دەکات.

ولا يزكِّيهم: واتە: ستایشیان ناکات و لە پیسی تاوانیش پاکیان ناکاتەوە.

---

[1] - قال الهيثمي في مجمع الزوائد "٧٨/٤": رواه الطبراني في الثلاثة، ورجاله رجال الصحيح.

ولهم عذاب أليم: بە ئێش؛ چونکە ئەوان تاوانەکەیان گەورە بوو، بۆیە سزاکەشیان گەورە بوو.

أُشيمِط: بچووککراوەی (أشمط)ـە، بریتییە لەو کەسەی کە لە موو‌ەکانیدا سپیاتی هەیە، بۆیەش ناوەکەی بچووککراوەتەوە؛ لەبەر بە کەم و سووک سەیرکردنی.

زانٍ: واتە: تاوانی زینا ئەنجام دەدات، سەرەڕای گەورەیی تەمەنی.

وعائلٌ مستكبِر: (العائل): هەژارە، واتە: خۆی بە گەورە دەزانێت لەگەڵ ئەوەی کە هەژارە، (الكِبر)یش: ڕەتکردنەوەی حەق و بە بچووک سەیرکردنی خەڵکە.

جعل الله بضاعتَه: واتە: سوێندخواردن بە خوای کردۆتە کەلوپەلی خۆی؛ لەبەر زۆر سوێند خواردنی لە کڕین و فرۆشتندا.

واتای فەرموودەکە بە کورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات دەربارەی سێ جۆرە کەس لە تاوانباران، کە بەتوندترین شێوە سزا دەدرێن؛ لەبەر ناشیرینی تاوانەکەیان.

یەکێکیان: ئەو کەسەیە کە تاوانی زینای ئەنجامداوە، سەرەڕای گەورەیی تەمەنی؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی هۆکار و داخوازی تاوان لەو کەسەدا لاوازە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسە ئەوەی کە پاڵنەری ئەو کەسە بۆ زیناکردن، خۆشەویستی تاوان و خەراپەکارییە، ئەگەرچی زینا بۆ هەموو کەسێک هەر خەراپ و ناشیرینە، بەڵام بۆ ئەو کەسە پیرە ناشیرینترە.

دووەم: هەژارێک کە خۆی بە گەورە دەزانێت و فیز بەسەر خەڵکیدا لێ دەدات، ئەگەرچی خۆبەگەورە زانین بۆ هەموو کەسێک ناشیرینە، بەڵام مانێکی وای نییە کە ببێتە هۆی خۆبەگەورە زانینی، کەواتە خۆبەگەورەزانینی لەگەڵ نەبوونی هۆکار و داخوازیەکە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خۆبەگەورەزانین، خو و سرووشتی ئەو کەسەیە.

سێیەم: ئەو کەسەی کە سوێند خواردن بە خوای کردۆتە کەلوپەلێک بۆ خۆی، لە کڕین و فرۆشتندا زۆر بەکاری دێنێت، بەمەش ناوی خوا سووک دەکات و دەیکاتە ئامرازێک بۆ پەیداکردنی سەروەت و سامان.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە هۆشداری تێدایە لە زۆر سوێندخواردن لە کڕین و فرۆشتندا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- ئاگەداربوون لە سوێند خواردنی زۆر لە کڕین و فرۆشتندا، هەروەها هاندان لەسەر ڕێزگرتنی سوێند و ڕێزگرتنی ناوەکانی خوای گەورە.

٢- جێگیرکردنی سیفەتی قسەکردن بۆ خوا، کە قسە لەگەڵ ئەو کەسە دەکات کەوا گوێڕایەڵی دەکات، بەمەش ڕێزی لێ دەگرێت.

٣- هۆشداریدان لە تاوانی زیناکردن، بەتایبەتی بۆ کەسی تەمەن گەورە.

٤- ئاگەداربوون لە سیفەتی خۆبەگەورەزانین، بەتایبەتی بۆ کەسی هەژار.

***

.....

وَفِي الصَّحِيحِ عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ- قَالَ عِمْرَانُ: فَلَا أَدْرِي أَذَكَرَ بَعْدَ قَرْنِهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا!-، ثُمَّ إِنَّ بَعْدَكُمْ قَوْمًا يَشْهَدُوْنَ وَلَا يُسْتَشْهَدُوْنَ، وَيَخُونُوْنَ وَلَا يُؤْتَمَنُوْنَ، وَيَنْذُرُوْنَ وَلَا يُوفُوْنَ، وَيَظْهَرُ فِيهِمُ السِّمَنُ».[1]

هەروەها لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە عیمڕانی کوڕی (حُصَيْن)ـەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە فەرموویەتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "چاکترینی ئوممەتی من، خەڵکی سەدەی منن[هاوەڵان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن[تابیعییەکان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان[شوێنکەوتەی تابیعییەکان] -عیمڕان دەڵێت: نازانم ئایا دوای سەدەی خۆی دوو جار باسی سەدەی کرد، یان سێ جار!-، پاشان دوای ئێوە خەڵکانێک دێن، شایەتی دەدەن و داوای شایەتیشیان لێ ناکرێت، خیانەت و ناپاکیی لە ڕاسپاردەدا دەکەن و بە دەستپاک دانانرێن، نەزر دەکەن[شت لەسەر خۆیان پێویست دەکەن] و ناشیبەنەسەر و بەجێی ناگەیەنن، هەروەها دیاردەی قەڵەویش لەناویاندا سەرهەڵدەدات".

ڕاڤەکردن

في الصحيح: واتە: لە سەحیحی موسلیم.

قرني: واتە: خەڵکی سەردەمی من کە هاوەڵانن، (القرن): هەموو چینێک لە خەڵکی کە هاوتای یەکن و لەیەکەوە نزیکن و لەیەک کات و سەردەمدا بەیەکەوە دەژین.

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٦٥١"، ومسلم برقم "٢٥٣٥".

ثم الذين يلونهم: بریتیین لە تابیعییەکان.

ثم الذين يلونهم: بریتیین لە شوێنکەوتەی تابیعییەکان.

يشهدون: واتە: شایەتی درۆ.

ولا يُستشهدون: واتە: داوای شایەتیان لێ ناکرێت؛ جا یان لەبەر فاسقێتییان، یاخود لەبەر سووکایەتییان بە گەورەیی شایەتی و ڕاستگۆ نەبوونیان تێیدا.

ويخونون: واتە: خیانەت و ناپاکی لەو کەسە دەکەن، کە بە دەستپاکیان دادەنێت.

ولا يُؤتمنون: واتە: خەڵکی بە دەستپاکیان دانانێن؛ لەبەر دەرکەوتنی خیانەتەکەیان.

وينذُرون لا يوفون: ئەوەی کە بە نەزر لەسەریان واجیب بووە، جێبەجێی ناکەن.

ويظهر فيهم السمن: (السمن): زۆری گۆشتە، ئەمەش لەبەر خۆشگوزەرانی و بێئاگاییان لە دواڕۆژ.

واتای فەرموودەکە بە کورتی: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات کە باشترینی خەڵکی ئەو ئوممەتە خەڵکی سێ سەدەکەن، ئەویش بریتیین لە هاوەڵان و تابیعییەکان و شوێنکەوتەی تابیعییەکان؛ ئەمەش لەبەر دەرکەوتنی ئیسلام لەناویاندا، هەورەها لەبەر نزیکییان لە نوور و ڕووناکیی پێغەمبەرایەتی. پاشان دوای ئەو سەدە پیرۆزانە، خەراپە لەناو ئوممەت سەرهەڵدەدات، بیدعە زۆر دەبێت، سووکایەتی بە شایەتیدان دەکرێت، سووکایەتی بە ڕاسپاردە(ئەمانەت) و نەزر دەکەن، خۆشگوزەرانی لە دونیادا، بێئاگایی لە دواڕۆژدا؛ دەرکەوتنی ئەو کردەوە سەرزەنشتکراوانەش، بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئیسلامەتییەکەیان.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: فەرموودەکە سەرزەنشتکردنی ئەوانەی تێدایە کە کەمتەرخەمی دەکەن لە شایەتیداندا، ئەویش بریتییە لە جۆرێکی سوێندخواردن.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- چاکی و گەورەیی سێ یان چوار سەدەکە: هاوەڵان و تابیعییەکان و شوێنکەوتەکانیان.

٢- سەرزەنشتکردنی پەلەکردن لە شایەتیدان.

٣- سەرزەنشتکردنی سووکایەتیکردن بە نەزرەکان و واجیبیەتی بەجێگەیاندنی.

٤- سەرزەنشتکردنی ناپاکیکردن لە ڕاسپارە و هاندان لەسەر دانەوەی بە چاکیی و وەکوو خۆی.

٥- سەرزەنشتکردنی خۆشگوزەرانی و ئارەزووکردنی دونیا و پشتکردنە دواڕۆژ.

٦- دەرکەوتنی نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتییەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-؛ چونکە هەواڵی دابوو پێشی ڕوودانی شتەکە، ئەوەبوو ڕوویدا هەروەکوو چۆن هەواڵی دابوو.

***

وَفِيهِ عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قَالَ: «خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ يَجِيءُ قَوْمٌ تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ، وَيَمِينُهُ شَهَادَتَهُ».[1]

قَالَ إِبْرَاهِيمُ: «كَانُوا يَضْرِبُونَنَا عَلَى الشَّهَادَةِ وَالْعَهْدِ وَنَحْنُ صِغَارٌ».

هەروەها هەر لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرموویەتی: "چاکترینی خەڵکی سەدەی منن[هاوەڵان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن[تابیعییەکان]، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان[شوێنکەوتەی تابیعییەکان]، پاشان خەڵکانێک دێن کە شایەتی هەریەکێکیان، پێشی سوێندەکەی دەکەوێت، سوێندەکەشی پێشی شایەتییەکەی دەکەوێت".

ئیبڕاهیم فەرمووی: "تابیعییەکان لێیان دەداین لەسەر شایەتی و بەڵێن و پەیماندان، لەکاتێکدا ئێمە بچووک بووین".

ڕاڤەکردن

ژیاننامەی (إبراهيم): باوکی عیمڕانە، ئیبڕاهیمی کوڕی یەزیدی نەخەعی کوفییە، یەکێکە لە شەرعزانەکانی تابیعییەکان، ساڵی (٩٦)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

تسبق شهادة أحدهم يمينه...إلخ: واتە: سوێندخواردن و شایەتیدان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئینجا جارێک ئەوەیان پێش دەکەوێت، جارێکی دیکە ئەوەی تریان.

كانوا: واتە: تابیعییەکان.

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٢٦٥٢"، ومسلم برقم "٢٥٣٣".

يضربوننا على الشهادة...إلخ: واتە: بۆ ئەوەی لێڕابێن لەسەر پەیوەستکردنی خۆیان بە بەڵێن و پەیمان؛ چونکە ئەوەی سوێند دەخوات، پێویستە لەسەری بیپارێزێت و جێبەجێی بکات، بەهەمان شێوە شایەتیش؛ تاوەکوو کارەکەیان لەلا سووک و ئاسان نەبێت.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هەواڵ دەدات کە چاکترینی ئەو ئوممەتە، خەڵکی سێ سەدەکەن، پاشان لەدوای ئەوان خەڵکانێک دێن، کە کەمتەرخەمن لە شایەتی و سوێند؛ لەبەر لاوازی باوەڕیان، بۆیە کاری شایەتی و سوێند، -چ هەڵگرتنی و چ جێبەجێکردنی- لەلایان ئاسان دەبێت؛ لەبەر کەمی ترسیان لەخوا و گوێ پێنەدانیان بەو بابەتە[1].

هەروەها ئیبراهیمی نەخەعی دەگێڕێتەوە، کە تابیعییەکان منداڵە بچووکەکانی خۆیان فێری بەگەورە دانانی شایەتی و بەڵێن و پەیمان دەکرد؛ تاوەکوو لەسەر ئەوە گەورە ببن و کەمتەرخەمی تێدا نەکەن.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە ئاگەدارکردنەوەی تێدایە لە کەمتەرخەمیکردن لە سوێندخواردن و شایەتی.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی سەدە پیرۆزەکان سیانن، هەروەها ئەوانە باشترینی خەڵکی ئەو ئوممەتەن.

٢- سەرزەنشتکردنی پەلەکردن، لە شایەتیدان و سوێندخواردن.

٣- دەرکەوتنی یەکێک لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتییەکەی -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، چونکە شتەکە هاتەجێ، هەروەکوو چۆن هەواڵی دابوو.

٤- گرینگیدانی سەلەف بە پەروەردەکردنی بچووکەکان و فێرکردنیان.

---

[1] - فعن أنس -رضي الله عنه- أن رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قال: "لا يأتي على الناس زمان، إلا والذي بعده شر منه، حتى تلقَوا ربكم". أخرجه البخاري برقم "٧٠٦٨".

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ئامۆژگاریکردن بە پاراستنی سوێندەکان.

دووەم: هەواڵدان بەوەی کە سوێندخواردن بڕەودەرە بە کەلوپەل، بەڵام لەناوبەری بەرەکەتە.

سێیەم: هەڕەشەی توند بۆ ئەو کەسەی کە شت نافرۆشێت، مەگەر بە سوێند نەبێت، ناشکڕێت مەگەر بە سوێند نەبێت.

چوارەم: ئاگەداربوون لەوەی کە گوناح، سزاکەی گەورەتر دەبێت، لەکاتی کەمی هۆکار و پاڵنەر.

پێنجەم: سەرزەنشتکردنی ئەوانەی سوێند دەخۆن لەکاتێکدا داوای سوێند خواردنیان لێ ناکرێت.

شەشەم: ستایشکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بۆ خەڵکی سێ یان چوار سەدەکە، هەروەها باسکردنی ئەو شتانەی کە لەدوای ئەوان ڕوو دەدات.

حەفتەم: سەرزەنشتکردنی ئەوانەی کە شایەتی دەدەن، لەکاتێکدا داوای شایەتیدانیان لێ ناکرێت.

هەشتەم: سەلەف لە بچووکەکانیان دەدا، لەسەر بابەتی شایەتی و پەیماندان.

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي ذِمَّةِ اللهِ وَذِمَّةِ نَبِيِّهِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی

وَقَوْلِ اللهِ تَعَالَى: ﴿وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ اللهِ إِذَا عَاهَدتُّمْ وَلاَ تَنقُضُواْ الأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا﴾ الآيَةَ.

فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {کاتێک کە بەڵێنێکتان بە خوای گەورەدا، بەڵێنەکەتان بەرنە سەر، هەروەها ئەو بەڵێنانە هەڵمەوەشێننەوە، لەدوای ئەوەی کە بەڵێنەکەتان جێگیر کردووە و داوتانە}.

ڕاڤەکردن

تەواوی ئایەتەکە: ﴿وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلاً إِنَّ اللهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ [النحل: ٩١]. واتە: ئێوە خوای گەورەتان کردووە بە شایەت و بە زامن، بە دڵنیایی خوای گەورە زانایە بەو کردەوانەی کە ئێوە دەیکەن (ئەمە هەڕەشەیە لەو کەسانەی کە بەڵێن هەڵدەوەشێننەوە و نایبەنە سەر).

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئاگەداربوون لەوەی کە بردنەسەری بەڵێن و پەیمانەکان، بە گەورەدانانی خوایە، نەبردنەسەر و هەڵوەشاندنەوەشیان، بە گەورەدانەنانی خوایە؛ چونکە ئەمە لەکەدارکردنی تەوحیدە.

ما جاء في ذمة الله: (ذمةُ الله): بریتییە لە بەڵێن و پەیمان، کەواتە هاندانی تێدایە لەسەر پاراستنی و بەجێگەیاندنی، ئەگەر پەیمانت بەکەسێکدا.

وأوفوا بعهد الله: بە پەیوەستبوون بە سەرەنجام و پێداویستییەکانی، لە گرێبەستی پەیمان و سوێندەکان و جگە لەوانەش.

ولا تنقُضُوا الأيمان: واتە: سوێندەکانی پەیماندان، یان سوێندەکان بە ڕەهایی.

بعد توكيدها: واتە: دوای دوپاتکردنی بە باسی ناوی خوای گەورە.

وقد جعلتم الله عليكم كفيلاً: واتە: کردتان بە شایەت بەسەر خۆتانەوە بەو پەیمانە.

إن الله يعلم ما تفعلون: واتە: لە هەڵوەشاندنەوەی سوێند و پەیمانەکان، ئەمەش هەڕەشەکردنە.

المعنى الإجمالي للآية: خوای گەورە فەرمان دەکات بە وەفاکردن بە بەڵێن و پەیمانەکان؛ هەروەها پارێزگاریکردن لەسەر سوێندە جەخت لەسەرکراوەکان بە باسی ناوی خوا؛ چونکە ئەوان بەهۆی ئەمەوە خوایان کردۆتە شایەت و چاودێر بەسەر خۆیانەوە؛ خوای گەورەش زانا و ئاگەدارە بە کردەوە و هەڵسوکەوتیان و پاداشتیشیان لەسەری دەداتەوە.

پەیوەندی ئایەتەکە بەو بەشەوە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر واجیبیەتی بردنە سەری پەیمان و بەجێگەیاندنی، بەشێک لەو پەمانەش بریتیە لەوەی کە لەناو خەڵکیدا ڕووەدات لە پێدانی بەڵێن؛ چونکە پێویستە ببردرێتە سەر؛ لەبەر ئەوەی بەشێکە لە واتای ئایەتەکە.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن:

١- واجیبیەتی بەجێگەیاندنی بەڵێن و پەیمانەکان.

٢- حەرامکردنی هەڵوەشاندنەوەی بەڵێن و سوێندەکان، ئەوانەی دەچنە ناو پەیمان و بەڵێننامەکان.

٣- جێگیرکردنی زانست بۆ خوای گەورە، کە هیچ شتێکی لێ ون نابێت.

٤- هەڕەشە لەو کەسەی کە پەیمان و بەڵێننامەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.* * *

وَعَنْ بُرَيْدَةَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- إِذَا أَمَّرَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ أَوْ سَرِيَّةٍ أَوْصَاهُ فِي خَاصَّتِهِ بِتَقْوَى اللهِ، وَبِمَنْ مَعَهُ مِنَ الْمُسْلِمِيْنَ خَيْرًا، فَقَالَ: «اغْزُوا بِسْمِ اللهِ، قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللهِ مَنْ كَفَرَ بِاللهِ، اغْزُوا وَلَا تَغُلُّوا، وَلَا تَغْدِرُوا، وَلَا تُمَثِّلُوا، وَلَا تَقْتُلُوا وَلِيدًا.

وَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَادْعُهُمْ إِلَى ثَلَاثِ خِصَالٍ (أَوْ: خِلَالٍ) فَأَيَّتَهُنَّ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلَامِ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى التَّحَوُّلِ مِنْ دَارِهِمْ إِلَى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ، وَأَخْبِرْهُم أَنَّهُمْ إِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَا لِلْمُهَاجِرِينَ، وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُهَاجِرِينَ، فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا مِنْهَا؛ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ، يَجْرِي عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللهِ تَعَالَى، وَلَا يَكُونُ لَهُمْ فِي الْغَنِيمَةِ وَالْفَيْءِ شَيْءٌ؛ إِلَّا أَنْ يُجَاهِدُوا مَعَ الْمُسْلِمِينَ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْأَلْهُمُ الْجِزْيَةَ، فَإِنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْتَعِنْ بِاللهِ وَقَاتِلْهُمْ.

وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لَهُمْ ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ؛ فَلَا تَجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وَلَكِنِ اجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكَ، فَإِنَّكُمْ إِنْ تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكُمْ؛ أَهْوَنُ مِنْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ.

وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ؛ فَلَا تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ؛ فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي أَتُصِيبُ حُكْمَ اللهِ فِيهِمْ أَمْ لَا؟». [1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

هەروەها لە ئەبوو بورەیدەوە گێڕدراوەتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەگەر کەسێکی بکردبا بە ئەمیر لەسەر سوپایەک، یان سریەیەک، ئامۆژگاری دەکرد بە لەخواترسان لە نەفسی خۆیدا، هەروەها ئامۆژگاری دەکرد بە چاکەکردن لەگەڵ ئەو سەربازە موسڵمانانەی کە لەگەڵیدانە، ئینجا فەرمووی: "جەنگ بکەن بەناوی خوا، لەپێناوی خوا کوشتاری ئەو کەسە بکەن کە کافر بووە بە خوا، غەزا بکەن و لە غەنیمەت مەبەن پێش دابەشکردنی، پەیمان مەشکێنن، لاشەی کوژراو مەشێوێنن، منداڵ و بچووک مەکوژن.

هەروەها ئەگەر گەیشتیت بە دوژمنەکەت لە هاوبەش بڕیاردەرەکان، ئەوا بانگیان بکە بۆلای ئەو سێ شتە: جا ئەگەر وەڵامی هەر یەکێکیان دایتەوە، ئەوا لێیان وەربگرە و دەستیشت لێیان هەڵبگرە و جەنگیان لەگەڵدا مەکە، پاشان بانگیان بکە بۆلای ئیسلام، جا ئەگەر وەڵامیان دایتەوە، ئەوا لێیان وەربگرە، پاشان بانگیان بکە بۆ دەرچوون و کۆچکردن لە شار و وڵاتی خۆیان بۆ شاری مەدینە، هەواڵیشیان پێ بدە کە ئەگەر ئەوەیان کرد، ئەوا ئەو مافانەیان لەبۆ هەیە کە بۆ کۆچکردووەکان هەیە، ئەو ئەرکانەشیان لەسەرە کەوا لەسەر کۆچکردووەکانە، بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوون کە لە شار و وڵاتی خۆیان دەربچن و کۆچ بکەن، ئەوا هەواڵیان پێ بدە کە وەکوو دەشتەکییە موسڵمانەکان دەبن و حوکمی خوای گەورەشیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، بەڵام هیچ بەشێکیان لە غەنیمەت و فەیئ[دەستکەوتی بێ شەڕ و کوشتار] پێ نادرێت، مەگەر لەگەڵ موسڵمانەکان تێبکۆشن، ئینجا ئەگەر ڕازی نەبوون و ملیان نەدا، ئەوا داوای سەرانە(جزیە)یان لێ بکە، جا ئەگەر وەڵامیان دایتەوە، ئەوە لێیان قەبووڵ بکە و

[1] - أخرجه مسلم برقم "١٧٣١"، وأبو داود برقم "٢٦١٢، ٢٦١٣"، والترمذي برقم "١٦١٧"، وابن ماجه برقم "٤٨٥٨"، وأحمد في مسنده "٣٥٢/٥، ٣٥٨".

جەنگیان لەگەڵدا مەکە، ئینجا ئەگەر بەمەش ڕازی نەبوون، ئەوا داوای یارمەتی لەخوا بکە و جەنگیان لەگەڵدا بکە.

هەروەها ئەگەر خەڵکی قەڵایەکت گەمارۆدا و ئەوانیش ویستیان پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەریان پێ بدەیت، ئەوە پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەیان پێ مەدە، بەڵکوو پەیمانی خۆت و پەیمانی هاوەڵەکانتیان بۆ دابنێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێوە پەیمانی خۆتان و پەیمانی هاوەڵانتان هەڵبوەشێننەوە، ئەوا تاوانەکەی سووکترە لەوەی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی بشکێنن.

بەهەمان شێوە ئەگەر خەڵکی قەڵایەکت گەمارۆدا و ئەوانیش داوایان لێ کردیت کە دایانببەزێنیت، بۆ ئەوەی حوکمـ و شەرعی خوایان لەسەر جێبەجێ بکرێت، ئەوە دایان مەبەزێنە بۆ سەر حوکمی خوا، بەڵکوو دایانببەزێنە سەر حوکمی خۆت، چونکە تۆ نازانیت ئایا حوکمی خوا دەپێکیت تێیاندا، یاخود نا؟"

ڕاڤەکردن

أَمَّر أميراً: واتە: کەسێکی کردە ئەمیر.

على جيشٍ: واتە: لەسەر سەربازێکی زۆر.

أو سرية: بریتییە لە: بەشێک لە سوپا، کە لێی دەردەچێت و هێرش دەکات و دەگەڕێتەوە بۆلای.

ومن معه: واتە: بەوانەی کە لەگەڵیدانە.

خيراً: واتە: چاکەیان لەگەڵدا بکات.

اغزوا: واتە: بڕۆنە ناو کاری جەنگەوە.

في سبيل الله: واتە: بۆ گوێڕایەڵی خوا و لەپێناو ئەودا.

من كفر بالله: واتە: لەبەر کوفرەکەیان، بەڵام لە بێباوەڕەکان جیاکراوەتەوە، ئەوانەی کە کوشتنیان دروست نییە، وەکوو ئافرەتان، هەروەها ئەوانەشی کە بەڵێن و پەیمانیان هەیە...تاد.

ولا تغلوا: (الغلول): بردن لە غەنیمەت پێشی دابەشکردنی.

ولا تغدروا: واتە: پەیمان هەڵمەوەشێننەوە.

ولا تمثِّلوا: (التمثيل): شێواندنی کوژراو بە بڕینی ئەندامەکانی.

ولیداً: بریتییە لە: منداڵ و بەندە.

ثلاث خلال أو خصال: ئەمە گومانە لەلایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە، واتای هەردوکیشی یەکێکە.

فاقبل منهم: واتە: ئیسلامیان لێ وەربگرە و دەست لە کوشتاریان هەڵگرە.

دار المهاجرين: مەبەستی مەدینەیە، لەوکاتیدا.

فلهم ما للمهاجرين: واتە: لە شایستەیەتی فەیئ و غەنیمەت.

ما على المهاجرين: لە تێکۆشان و جگە لەویش.

كأعراب المسلمين: ئەوانەی نیشتەجێی بیابانن، بەبێ کۆچکردن و تێکۆشان.

فاسألهم الجزية: واتە: داوایان لێ بکە کە سەرانە(جزیە) بدەن، ئەویش بریتییە لەو ماڵەی کە لە بێباوەڕەکان وەردەگیرێت، بەشێوەی بچووکی و سەرشۆڕیان، وشەکەش لە (الجَزاء)ـەوە وەرگیراوە، وەکوو ئەوەی سزایەک بێت لەبڕی کوشتن.

فإن أبَوا: واتە: ڕازی نەبوون کە بێنە ناو ئیسلام و جزیە بدەن.

حاصرت أهل حصن: (الحصن): هەموو شوێنێکی پارێزراوە، (حاصرتهم) واتە: لەسەریان تەنگ بکەیت و دەوریان بدەیت.

ذمة الله وذمة نبيه: (الذمة): لێرەدا: پەیمان و بەڵێنە.

أن تُخفروا ذممكم: واتە: پەیمانەکانتان هەڵبوەشێننەوە.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: ئەو هاوەڵە بەڕێزە (بريدة بن الحصيب) -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەوەمان بۆ باس دەکات کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئەنجامی دەدا، کاتێک کە سوپا و سریەی ناردووە بۆ جەنگان لەپێناوی خوادا، ئامۆژگاری

سەرکردەی سوپای دەکرد بە خۆپاراستن بە گوێڕایەڵیکردنی خوا لە سزای خوا بە پەیوەستبوون بە لەخواترسان، هەروەها فەرمانی پێ دەکردن بە چوونە ناو جەنگ بە پشت بەستن بە خوا، تاوەکوو کوشتاری بێباوەڕەکان بکەن؛ لەبەر لابردنی کوفرەکەیان، هەتاوەکوو دیین هەمووی بۆخوا بێت، ڕێگریشی لێ دەکردن لە ناپاکیکردن لە پەیمانەکان و لە غەنیمەت بردن پێشی دابەشکردنی، هەروەها شێواندنی کوژراوەکان و کوشتنی کەسێک کە شایستەی کوشتن نییە لە منداڵەکان. کاتێکیش دەگەنە دوژمنەکەیان، ئەوا سەرپشکیان بکەن لەنێوانی سێ شتدا: یا ئەوەیە بێنە ناو ئیسلام، یاخود جزیە بدەن، یانیش جەنگیان لەگەڵدا بکەن. ئینجا ئەگەر هاتنە ناو ئیسلام، ئەوکاتی سەرپشک دەکرێن لەنێوانی دوو شتدا: یا کۆچ بکەن بۆ مەدینە، ئەوکاتیش ئەو مافانەیان لەبۆ هەیە کە بۆ کۆچکەرەکان هەیە، ئەو واجیبانەشیان لەسەرە کە لەسەر کۆچکردووەکانە، یانیش مانەوە لەگەڵ دەشتەکییە موسڵمانەکان، ئەوەی لەبۆ ئەمان هەیە بۆ ئەوانیش هەیە، ئەوەشی لەسەر ئەمان هەیە لەسەر ئەوانیش هەیە. پاشان پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ئامۆژگاری سەرلەشکرەکان دەکات، کاتێک بێباوەڕەکان گەمارۆ دەدەن لەناو قەڵاکانیان؛ ئینجا بێباوەڕەکان داوایان لێ دەکەن کە پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی بدەیت پێیان، ئەوا با پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەریان پێ نەدەن، بەڵکوو پەیمانی خۆیانیان پێ بدەن؛ چونکە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی، تاوانی گەورەترە لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ئەوان. هەروەها ئەگەر داواشیان لێ کردن کەوا دابەزنە سەر حوکمی خوا، ئەوا وەڵامیان مەدەنەوە، بەڵکوو با دایانبەزێننە سەر حوکم و ئیجتیهادی خۆیان؛ ئەمەش لەترسی ئەوەی کە نەوەکوو حوکمی خوای گەورە نەپێکن، ئەوکاتیش شتێک دەدەنە پاڵ خوا کە هەڵەیە.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە قەدەغەکردنی تێدایە لە پێدانی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی بە بێباوەڕەکان؛ ئەمەش لەترسی

جێبەجێ نەکردنی ئەو پەیمانە، ئەوکاتیش تاوانەکە زۆر گەورە دەبێت، هەروەها ئەمە دەبێتە ستەمکردن لە پەیمانی خوا و کەموکوڕی لە تەوحیددا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- پێویستییەتی ناردنی سریە و سوپایەکان، بۆ جیهادکردن لەپێناوی خوادا.

٢- پێویستە جەنگ و جیهادکردن لەپێناوی بەرزکردنەوەی وشەی خوا و سڕینەوەی شوێنەواری کوفر بێت لەسەر زەوی، نەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و داواکردنی دونیا، یان بەدەستهێنانی ناوبانگ.

٣- سونەتییەتی دانانی ئەمیرەکان لەسەر سوپا و سریەکان.

٤- شتێکی شەرعیی و چاکە بۆ کاربەدەست، کە ئامۆژگاری سەرکردەکانی سوپا بکات و نەخشە و پیلانەکەیان بۆ ڕۆشن بکات، ئەوەی کە لە جیهادەکەیان لەسەری دەڕۆن.

٥- جیهادکردن دەبێت بە مۆڵەتی کاربەدەستی موسڵمانان بێت و ئەو جێبەجێی بکات.[1]

٦- دروستییەتی بانگەوازکردن بۆ ئیسلام، پێشی جەنگکردن.

٧- دروستییەتی وەرگرتنی جزیە، لەهەموو بێباوەڕەکان.

٨- قەدەغەکردنی کوشتنی منداڵەکان.

٩- قەدەغەکردنی شێواندن و دەستکاری کردنی لاشەی کوژراوەکان.

١٠- ڕێگریکردن لە دزیکردن لە غەنیمەت و ناپاکیکردن لە پەیمانەکان.

١١- ڕێزگرتنی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی، هەروەها جیاوازی لەنێوانیان و لەنێوان پەیمانی موسڵمانانداا.

---

[1] - **تێبینی:** ئەمە لە جیهادی تەڵەب، نەک لە جیهادی دەفع، لە جیهادی دەفعدا ئەوە بە مەرج نەگیراوە. وەرگێڕ.

١٢- خۆپاراستن لە کەوتنە ناو شتێکی مەترسیدار و قەدەغەکراو.

١٣- بێگومان موجتەهید، هەڵە دەکات و دەشێکێت، هەروەها جیاوازی لەنێوانی حوکمی خوا و حوکمی زانایاندا.

١٤- ڕێنماییکردن بۆ ئەنجامدانی کارێک کە کەمترین ترسناکی هەیە.

١٥- دروستییەتی ئیجتیهادکردن لەکاتی پێویستیدا.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: جیاوازی لەنێوانی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی، لەگەڵ پەیمانی موسڵمانانداندا.

دووەم: ڕێنماییکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەو کارەی کە کەمترین ترسناکی تێدایە.

سێیەم: فەرموودەکەی: "بجەنگن بەناوی خوا و لەپێناوی خوادا".

چوارەم: فەرموودەکەی: "جەنگ لەگەڵ ئەو کەسەدا بکە، کە بێباوەڕ بووە بە خوا".

پێنجەم: فەرموودەکەی: "داوای یارمەتی لەخوا بکە و لە دژیان بجەنگە".

شەشەم: جیاوازی لەنێوانی حوکمی خوا، لەگەڵ حوکمی زانایاندا".

حەفتەم: [ئەو جیاوازییەش لەوەدا دەردەکەوێت کە جاری وایە] هاوەڵێک، لەکاتی پێویستیدا حوکم بە شتێک دەدات؛ ناشزانێت ئایا گونجاو و موافیقە لەگەڵ حوکمی خوادا، یاخود نا؟

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي الإِقْسَامِ عَلَى اللهِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی سوێندخواردن لەسەر خوا

عَنْ جُنْدُبِ بْنِ عَبْدِ اللهِ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: قَالَ رَسُوْلُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «قَالَ رَجُلٌ: وَاللهِ لَا يَغْفِرُ اللهُ لِفُلَانٍ، فَقَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: مَنْ ذَا الَّذِي يَتَأَلَّى عَلَيَّ أَنْ لَا أَغْفِرَ لِفُلَانٍ؟! إِنِّي قَدْ غَفَرْتُ لَهُ، وَأَحْبَطْتُ عَمَلَكَ».[1] رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

وَفِي حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ: أَنَّ الْقَائِلَ رَجُلٌ عَابِدٌ[2].

قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: «تَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ أَوْبَقَتْ دُنْيَاهُ وَآخِرَتَهُ».[3]

لە فەرموودەی جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵادا -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەفەرموێت: "پیاوێک گوتی: سوێند بە خوا! خوا لە فلانە کەس خۆش نابێت، خوای گەورەش فەرمووی: ئەوە کێیە سوێند بەسەر منەوە دەخوات، کە لە فلانە کەس خۆش نابم؟! ئەوە بە دڵنیایی لە

---

[1] - أخرجه مسلم برقم "٢٦٢١".

[2] - فقد روى أبو داود برقم "٤٩٠١"، عن أبي هريرة قال: سمعت رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يقول: "كان رجلان في بني إسرائيل متواخيين، فكان أحدهما يذنب والآخر مجتهدٌ في العبادة، فكان لا يزال المجتهد يرى الآخر على الذنب، فيقول: أقصر. فوجده يوماً على ذنب، فقال له: أقصر. فقال: خلِّني وربي، أبُعثت علي رقيباً! فقال: والله لَا يغفر الله لك ولا يدخلك الجنة، فقبض أرواحهما، فاجتمعا عند رب العالمين، فقال لهذا المجتهد: أكنت بي عالماً أو على ما في يدي قادراً؟ وقال للمذنب: اذهب فادخل الجنة برحمتي. وقال للآخر: اذهبوا به إلى النار".

[3] - فقد أخرج الترمذي برقم "٢٣٢٠"، أن رسول الله -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- قال: "إن الرجل ليتكلم بالكلمة، ما يظن أن تبلغ ما بلغت، يكتب الله له بها سخَطه إلى يوم يلقاه"، وقال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح.

فڵدن خۆش بووم، کردەوەکانی تۆشم پووچەڵ کردەوە". هەروەها لە فەرموودەی ئەبوو هوڕەیڕەدا هاتووە: کە بێژەرەکە، پیاوێکی خواپەرست بووە.

ئەبوو هوڕەیڕە فەرمووی: "ئەم پیاوە چەند وشەیەکی دەربڕی، دونیا و دواڕۆژی خۆی پێ لەناوبرد".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لە پەرتووکی یەکخواپەرستیدا: سوێندخواردن لەسەر خوا، ئەگەر بەشێوەی قەدەغەکردن بێت لەسەر خوا، ئەوە پێچەوانەی یەکخواپەرستییە؛ چونکە ئەمە بێئەدەبییە لەگەڵ خوای گەورەدا.

ما جاء في الإقسام على الله: واتە: ئەوەی کە هاتووە لە بەڵگەکان لەسەر حەرامکردنی ئەو کارە.

من ذا الذي؟: پرسیاری نکوولّی کردنە.

يتألى علي: واتە سوێند دەخوات، (الألیّة): بە شەددەی یائەکە: سوێند خواردنە.

أحبطت عملك: واتە: بەفیڕۆی دەدەم.

أوبَقَت: واتە: لەناوی برد.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- هەواڵ دەدات لەسەر شێوەی ئاگەدارکردنەوە لە ترسناکی زمان، کە پیاوێک سوێندی خوارد خوای گەورە لە پیاوێکی تاوانبار خۆش نابێت؛ وەکوو ئەوەی حوکم لەسەر خوا بدات و قەدەغەی بکات؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی باوەڕی وابوو لەلای خوا خاوەنی ڕێز و بەش و پێگەیە، ئەو تاوانبارەش سووک و ڕیسوایە لەلای خوا، ئەمەش ڕێنمایی کردنی خوایە و بێئەدەبییە لەگەڵ خوادا، بۆ ئەم پیاوەش بووە هۆی بەدبەختی و زەرەرمەندی لە دونیا و داواڕۆژدا.

پەیوەندی باسکردنی ئەو فەرموودەیە لەو بەشەدا: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی سوێندخواردن لەسەر خوا، لەسەر شێوەی قەدەغەدانان لەسەر خوا و سەرسامبوون بە نەفس؛ ئەمەش کەموکوڕییە لە تەوحیددا.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی سوێندخواردن لەسەر خوا، ئیللا ئەگەر لەسەر شێوەی گومان بردنی باش بێت بە خوا، هەروەها ئومێدبوونی چاکە بێت لێیەوە.

٢- واجیبیەتی ئەدەب جوانی لەگەڵ خوا.

٣- گەورەیی ترسناکی زمان و واجیبیەتی پاراستنی.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ئاگەدارکردنەوە لە سوێندخواردن لەسەر خوا.

دووەم: ئاگری دۆزەخ لەهەر یەکێک لە ئێمە نزیکترە لە قەیتانی نەعل و پێڵاوەکانی.

سێیەم: بێگومان بەهەشتیش بەهەمان شێوە نزیکە.

چوارەم: ئەو بەشە بەڵگە و شایەتە بۆ فەرموودەکەی: «إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالكَلِمَةِ...». تا کۆتاییەکەی.

پێنجەم: جاری وایە پیاوێک خوا لێی خۆش دەبێت، بە هۆکارێک کە لە ناخۆشترینی کارەکانە لەلای.

❁❁❁

بَابٌ لَا يُسْتَشْفَعُ بِاللهِ عَلَى خَلْقِهِ

بەشێک: خوای گەورە ناکرێتە تکاکار بەسەر دروستکراوەکانییەوە

عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ نُهِكَتِ الأَنْفُسُ، وَجَاعَ الْعِيَالُ، وَهَلَكَتِ الأَمْوَالُ، فَاسْتَسْقِ لَنَا رَبَّكَ، فَإِنَّا نَسْتَشْفِعُ بِاللهِ عَلَيْكَ، وَبِكَ عَلَى اللهِ، فَقَالَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «سُبْحَانَ اللهِ!، سُبْحَانَ اللهِ! »، فَمَا زَالَ يُسَبِّحُ حَتَّى عُرِفَ ذَلِكَ فِي وُجُوهِ أَصْحَابِهِ، ثُمَّ قَالَ: «وَيْحَكَ أَتَدْرِي مَا اللهُ؟ إِنَّ شَأْنَ اللهِ أَعْظَمُ مِنْ ذَلِكَ، إِنَّهُ لَا يُسْتَشْفَعُ بِاللهِ عَلَى أَحَدٍ».[1] وَذَكَرَ الْحَدِيثَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ.

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دەشتەکییەک هاتە لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، نەفسەکان ماندوو و لاواز بوون، ماڵ و منداڵ و خێزانەکان برسی بوون، سەروەت و سامانیش لەناوچوو، بۆیە داوای باران بارینمان بۆ بکە لەخوا؛ چونکە ئێمە خوا دەکەینە تکاکار لەلای تۆ[واتە: خوا دەکەینە واسیتە لەنێوانی خۆمان و تۆدا، بۆ ئەوەی داوامان بۆ بکەی]، تۆش دەکەینە تکاکار لەلای خوا، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: "پاک و بێگەردیِ بۆ خوا! پاک و بێگەردی بۆ خوا!"، ئیتر بەردەوام (سُبْحَانَ الله)ی دەگوت، هەتا کاریگەری پێناخۆش بوونەکەی لە دەموچاوی هاوەڵەکانیشی هەست پێ دەکرا، پاشان فەرمووی: "ئەی هاوار بۆ تۆ! ئایا دەزانی خوا چییە و کێیە؟

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٤٧٢٦".

بەڕاستی شکۆی خوا زۆر لەوە گەورەترە کە تۆ بیرت لێی کردۆتەوە، بە دڵنیایی خوا ناکرێتە تکاکار و واسیتە بەسەر هیچ کەسێکدا".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بە پەرتووکی یەکخواپەرستییەوە: ڕوونکردنەوەی حەرامکردنی خوا کردنە تکاکار بەسەر دروستکراوەکانییەوە؛ چونکە ئەمە ستەمکردنە لە پەروەردگاریەتی و تانەدانیشە لە یەکخواپەرستی بەندە؛ لەبەر ئەوەی تکاکار تکا لەلای کەسێک دەکات کە پلەی لەو بەرزتر بێت، خوای بەرز و بڵندیش، پاک و بێگەردە لەوە؛ چونکە هیچ کەس لەسەرووی خوا نییە و لەو بەرزتر نییە.

ژیاننامەی (جُبیر): جوبەیری کوڕی موتعیمی کوڕی عەدی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدی مەنافی قوڕەیشییە، لە گەورەکانی قوڕەیش.بووە، پێش ئازادکردنی مەککە موسڵمان بوو، لە ساڵی (٥٧)ـی کۆچی وەفاتی کردووە -ڕەزای خوای لێبێت-.

نُهِكت: بە زەممەی نونەکە، واتە: ماندووبوون و لاوازبوون.

فاستسق لنا ربك: واتە: داوای لێ بکە کە بارانمان بۆ ببارێنێت.

نستشفع بالله عليك: دەیکەینە نێوەند لەلای تۆ.

سبحان الله: واتە: پاک و بێگەردی بۆ خوا لەوەی کە شایستەی نییە.

عُرف ذلك في وجوه أصحابه: واتە: تووڕەیی هەستی پێ دەکرا لە دەموچاویان؛ لەبەر تووڕەبوونی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-.

ويحَك: وشەیەکە بۆ قەدەغەکردن دەگوترێت.

أتدري ما الله؟: ئاماژەیە بۆ کەمی زانستی ئەو کەسە، بە گەورەیی و شکۆمەندی خوا.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: ئەو هاوەڵە باسی ئەوە دەکات، کە پیاوێک لە دەشت و بیابانەوە، هاتۆتە لای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، سکاڵای دەکرد

لەوەی کە تووشی خەڵکی بووە، بەهۆی پێویستییان بە باران؛ هەروەها داوای لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکرد کە لەخوا بپارێتەوە بارانیان بۆ ببارێنێت؛ بەڵام ئەدەبی خەراپ بوو لەگەڵ خوادا؛ چونکە خوای گەورەی کردە تکاکار لەلای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، ئەمەش نەزانییە لەلایەنی ئەو کەسەوە بە ماف و گەورەیی خوا؛ لەبەر ئەوەی تکاکردن لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت، بۆیەش پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەوەدا نکوولّی لێکرد و پەروەردگاریشی بە پاک ڕاگرت لەو بەکەمزانینە، بەڵام نکوولّی ئەوەی لێ نەکرد کە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بکرێتە تکاکار لەلای خوای گەورە، بەوەی لەخوا بپارێتەوە.

پەیوەندی فەرموودەکە بەو بەشەوە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامکردنی خوا کردنە تکاکار، بەسەر کەسێک لە دروستکراوەکانی؛ چونکە ئەمە کەموکوڕییەکە، خوا لێی دوورە.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- حەرامکردنی خوا کردنە تکاکار بەسەر کەسێک لە دروستکراوەکانی؛ چونکە ئەوە کەموکوڕی دانە پاڵی خوای گەورەیە.

٢- بەپاکڕاگرتنی خوا لەوەی کە شایستە بەو نییە.

٣- نکوولّی کردنی خەراپە و فێرکردنی نەفام.

٤- دروستێتی داواکردنی شەفاعەتکردن لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لە ژیانیدا، بەوەی داوای لێ بکرێت کە لە خوا بپارێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستی هەژار و نەدار؛ چونکە پارانەوەکەی وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام دوای مردنی، داوای ئەو کارەی لێ ناکرێت؛ چونکە هاوەڵان ئەوەیان نەکردووە.

٥- فێرکردن بە ڕێگەی پرسیارکردن، چونکە کاریگەری لەسەر دەروون زیاترە.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: نکوولّی کردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، لەسەر ئەو کەسەی کە گوتی: "خوا دەکەینە تکاکار و واسیتە لەلای تۆ".

دووەم: گۆڕانی ڕووخساری پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، بە شێوەیەک ئەو گۆڕانکارییە لە دەم و چاوی هاوەڵەکانیشی دەرکەوت، بەهۆی ئەو وشەیە.

سێیەم: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- نکوولّی لەو پیاوە نەکرد لەو قسەیەیدا: «نَسْتَشْفِعُ بِكَ عَلَى اللهِ». واتە: تۆ دەکەینە تکاکار لەلای خوا؛ تاوەکوو دوعامان بۆ بکەی.

چوارەم: ئاگەداربوون لە ڕاڤەی وشەی (سُبْحَانَ اللهِ).

پێنجەم: بێگومان موسڵمانان داوای باران بارین لە پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- دەکەن[لە ژیانیدا].

❁❁❁

بَابُ مَا جَاءَ فِي حِمَايَةَ الْمُصْطَفَى -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حِمَى التَّوْحِيدِ، وَسَدِّهِ طُرُقَ الشِّرْكِ

بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی پارێزگاریکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە سنووورەکانی یەکخواپەرستی و گرتنی ڕێگەکانی هاوبەش بڕیاردان

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ الشِّخِّيرِ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: انْطَلَقْتُ فِي وَفْدِ بَنِي عَامِرٍ إِلَى النَّبِيِّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَقُلْنَا: أَنْتَ سَيِّدُنَا، فَقَالَ: «السَّيِّدُ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى»، قُلْنَا: وَأَفْضَلُنَا فَضْلًا، وَأَعْظَمُنَا طَوْلًا، فَقَالَ: «قُولُوا بِقَوْلِكُمْ، أَوْ بَعْضِ قَوْلِكُمْ، وَلَا يَسْتَجْرِيَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ».[1] رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ بِسَنَدٍ جَيِّدٍ.

لە عەبدوڵڵای کوڕی شیخخیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە فەرموویەتی: من لەگەڵ نوێنەری نەوەکانی عامردا دەرچووم بۆلای پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، ئێمەش گوتمان: تۆ گەورە و سەییدی ئێمەی، ئەویش گوتی: "سەیید خوای پیرۆز و بڵندە" گوتمان: دە باشە تۆ چاکترینمانی لەڕووی چاکیی و فەزڵەوە، گەورەترینیشمانی لەڕووی ڕێز و بەخشین و دەوڵەمەندییەوە، گوتی: "ئەو قسەیەتان بڵێن کە لەسەری لێ ڕاهاتوون، یان هێندێک لە قسەکەتان بڵێن، ئاگەداریش بن شەیتان بەرەو لای خۆی ڕاتان نەکێشێت و قسەی خەراپ نەکەن".

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٤٨٠٦"، وأحمد في مسنده "٢٥/٤".

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: ئەو بەشە ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە تەوحید تەواو نابێت، ئیللا بە دوورکەوتنەوە نەبێت لەهەموو وتەیەک کە سەربکێشێت بۆ زیادەڕەویکردن لە دروستکراو، هەروەها مەترسی کەوتنە ناو شیرکیشی هەبێت.

ژیاننامەی (ابن الشِّخِّیر): بە کەسرەی شینەکە و شەددەی خائەکە: عەبدوڵڵای کوڕی شیخخیری کوڕی عەوفی کوڕی کەعبی کوڕی وەقدانی حوڕەیشییە، لەڕۆژی ئازادکردنی مەککە موسڵمان بووە، هاوەڵایەتی و فەرموودە گێڕانەوەی هەبووە.

حمایة: (پارێزگاریکرنی شتێک): پاراستنیەتی لەوەی کە ڕووی تێ دەکات، لە خەراپە و ئازار.

المصطفی: واتە: هەڵبژێردراو، لە (الصفوة)ـەوە هاتووە، کە بریتییە لە: پوختەی شتێک.

حِمی التوحید: پاراستنیەتی لەوەی شتێکی تێکەڵ ببێت، لەو کردەوە و قسانەی کە دژی تەوحیدە، یان کەمی دەکات.

السید الله: واتە: گەورەیی تەواو بۆ خوای باڵادەستە، دروستکراوەکانیش هەموویان بەندەی خوان.

وأفضلُنا فضلاً: (الفضل): چاکەیە، دژی خەراپی و ناتەواوییە، واتە: تۆ چاکترینمانی.

طَولاً: (الطوْل): چاکە و بەخشین و توانا و دەوڵەمەندییە.

قولوا بقولکم: واتە: ئەو قسەیەی لێی ڕاهاتبوون، زۆر لەخۆتان مەکەن بۆ دەربڕینی ئەو وشانەی کە سەردەکێشێت بەرەو زیادەڕەویکردن.

أو بعض قولکم: واتە: یان واز لە هێندێک لەو قسانەتان بێنن کە لەسەری ڕاهاتوون؛ بۆ دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی.

لا يستجرينكم الشيطان: (الجري): نوێنەرە، واتە: مەبنە بریکار و نوێنەری شەیتان.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: کاتێک ئەو نێردراوە زیادەڕەوییانکرد لە پێداهەڵگوتنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، ڕێگری لێکردن لەو کارە؛ وەکوو ئەدەبێک لەگەڵ خوا و بۆ پارێزگاریکردنیش لە تەوحید، هەروەها فەرمانی پێ کردن کە تەنها ئەو وشانە دەربڕن کەوا زیادەڕەوی و مەترسی تێدا نییە؛ وەکوو ئەوەی بانگی بکەن بە موحەممەدی پێغەمبەری خوا، هەروەکوو چۆن خوای گەورە بەوە ناوی بردووە.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشە: فەرموودەکە ڕێگەگرتنی تێدایە لە زیادەڕەویکردن لە پێداهەڵگوتن و بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی کە لەوانەیە سەربکێشێت بەرەو شیرک.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- خۆبەکەمزانینی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و بە ئەدەب بوونی لەگەڵ پەروەردگاری.

٢- قەدەغەکردنی زیادەڕەویکردن لە ستایشکردنی مرۆڤ ڕووبەڕوو.

٣- بە دڵنیایی گەورەیی ڕاستەقینە بۆ خوایە، هەروەها پێویستە واز لە ستایشکردن بە وشەی سەید بهێنرێت.

٤- قەدەغەکردنی زۆرلەخۆکردن بۆ دەربڕینی وشەکان، هەروەها پێویستە لە قسەکردندا ئابووری بەکاربهێنرێت.

٥- پاراستنی تەوحید، لەو قسە و کردەوانەی کە کەموکوڕی تێدەخات.

***

.....

وَعَنْ أَنَسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-؛ أَنَّ نَاسًا قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، يَا خَيْرَنَا، وَابْنَ خَيْرِنَا، وَسَيِّدَنَا، وَابْنَ سَيِّدِنَا، فَقَالَ: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ؛ قُولُوا بِقَوْلِكُمْ، وَلَا يَسْتَهْوِيَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ، أَنَا مُحَمَّدٌ عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ، مَا أُحِبُّ أَنْ تَرْفَعُونِي فَوْقَ مَنْزِلَتِي الَّتِي أَنْزَلَنِيَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ».[1] رَوَاهُ النَّسَائِيُّ بِسَنَدٍ جَيِّدٍ.

هەروەها لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە فەرموویەتی: خەڵکانێک گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەی چاکترینمان و کوڕی چاکترینمان، ئەی گەورە و سەییدمان و کوڕی گەورەمان[لە ڕەچەڵەکدا]، ئەویش فەرمووی: "ئەی خەڵکینە، قسەکەی خۆتان بکەن، بەڵام ئاگەدارین کە شەیتان فریوتان نەدات و سەرتان لێ نەشێوێنێت، چونکە من موحەممەدم، بەندەی خوا و پێغەمبەری خوام، پێمخۆش نییە کە لەسەرووی پلەی خۆم بەرزم بکەنەوە، ئەو پلەوپایەی کە خوای مەزن بۆ منی داناوە".

ڕاڤەکردن

یا خیرَنا: واتە: باشترینمان.

یستهوینکم الشیطان: واتە: هەواوئارەزووتان بۆ بڕازێنێتەوە، یان عەقڵتان ببات.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێی ناخۆش بووە بەو دەربڕینانە و هاوشێوەکانی ستایش بکرێت؛ تاوەکوو ئەوە نەبێتە هۆکارێک بەرەو زیادەڕەویکردن و لەسنووردەرچوون تێیدا؛ لەبەر ئەوەی خوای گەورە پێگەی بەندایەتی بۆ تەواو کردووە، بۆیە پێی ناخۆش بووە لە پێداهەڵگوتنیدا ستایش بکرێت؛

[1] - أخرجه النسائي في "عمل اليوم والليلة" برقم "٢٤٨، ٢٤٩"، وأحمد في مسنده "١٥٣/٣، ٢٤١".

لەبەر پارێزگاریکردن لەو پێگەیە، هەروەها بۆ ڕێنماییکردنی ئوممەتیش بۆ وازهێنان لەو کارە؛ لەبەر ئامۆژگاریکردنیان و پاراستنی تەوحید. هەروەها ڕێنماییکردن کە وەسفی بکەن بە دوو سیفەت، کە بەرزترینی سیفەتەکانی بەندەن، خوای گەورە لە چەند شوێنێک وەسفی پێ کردووە، ئەوانیش بریتیین لە: بەندە و نێردراوی خوا، نایەوێت کە بەرزی بکەنەوە لەسەرووی ئەو پلەیەی کە خوا بۆی داناوە.

پەیوەندی ئەو فەرموودەیە بەو بەشەوە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- ڕێگری کردووە لەوەی کە ستایش بکرێت بە جگە لەوەی کە خوا وەسفی پێ کردووە؛ لەبەر پارێزگاریکردن لە تەوحید و گرتنی دەرگای زیادەڕەوی، کە سەردەکێشێت بەرەو شیرک.

ئەو سوودانەی لەو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- قەدەغەکردنی زیادەڕەویکردن لە پێداهەڵگوتن و زۆرلەخۆکردن، بۆ دەربڕینی دەستەواژە لەو بابەتەدا؛ تاوەکوو سەرنەکێشێت بەرەو شیرک.

٢- خۆبەکەمزانینی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- و سووربوونی لەسەر پاراستنی بیروباوەڕ، لەوەی کە کەموکوڕی تێدەخات.

٣- پێغەمبەر بەندەی خوا و نێردراوی خوایە و هیچ فەرمانێکی بەدەست نییە، کار و فەرمان هەمووی بەدەستی خوای گەورەیە.

٤- ئاگەداربوون لە فێڵی شەیتان؛ چونکە جاری وایە لە ڕێگەی زیادکردن لە سنووری شەرعییەوە بۆ مرۆڤ دێت.

* * *

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: ئاگەدارکردنەوەی خەڵکی لە زیادەڕەویکردن لە پێداهەڵگوتندا.

دووەم: ئەوەی کە پێویستە کەسێک بیڵێت، ئەگەر پێی گوترا: (تۆ گەورە و سەییدی ئێمەی).

سێیەم: فەرمایشتی "ئاگەداربن کە شەیتان بەرەو لای خۆی ڕاتان نەکێشێت"؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە تەنها حەق و ڕاستییان گوتبوو.

چوارەم: فەرموودەی: "پێمخۆش نییە کە بەرزم بکەنەوە، لەسەرووی پلەی خۆم".

❁❁❁

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [الزمر: ٦٧].

بەشی فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: {بێباوەڕان، خوای گەورەیان بە گەورە نەزانیوە چەندێک شایەنی بە گەورە زانینە، خوای گەورەیان وەکوو خۆی نەناسیوە کە توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، هەر حەوت ئاسمانەکە لەناو مشتی خوای گەورەدایە لە ڕۆژی قیامەت، هەروەها هەر حەوت ئاسمانەکە لوول دەکات و لەناو دەستی ڕاستی خوای گەورەدایە، پاک و بێگەردی و بەرزی و بڵندی بۆ خوای گەورە، لەو هاوبەش بڕیاردانانەی کە هاوبەش بڕیاردەران دەیدەنە پاڵ خوای گەورە}.

ڕاڤەکردن

پەیوەندی ئەو بەشە بۆ پەرتووکی یەکخواپەرستی: دانەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەیەوێت کتێبەکەی کۆتایی بێنێت، بەو بەشەی کە گشتگیرە بۆ ئەو دەقانەی بەڵگەنە لەسەر گەورەیی خوا و ملکەچبوونی دروستکراوەکان بۆی؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر ئەو شایستەی پەرستنە بە تەنها، هەروەها خاوەنی سیفاتی تەواو و گەورەیە.

باب قول الله تعالى: واتە: ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ئەو ئایەتە پێرۆزە، لە فەرمووده و ئەسەرەکان.

ما قدروا الله حق قدره: واتە: هاوبەش بڕیاردەرەکان خوایان بە گەورە نەزانی بەو شێوەیەی کە شایستەی بە گەورە زانینە؛ چونکە لەگەڵ خوادا غەیری خوایان پەرست.

والأرض ... إلخ: ڕستەیەکی حاڵییە.

جمیعاً: واتە: بەهەموو ڕووەکان و چینەکانی.

سبحانه: پاک و بێگەردی بۆ خوا.

وتعالی عما یشرکون: لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی خوا، لە بت و هاوتا بێدەسەڵات و سووکەکان.

واتایەکی کورت بۆ فەرموودەکە: خوای گەورە هەواڵ دەدات کە هاوبەش بڕیاردەرەکان، خوایان بەگەورە نەزانی بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی؛ چونکە لەگەڵ خوادا غەیری خوایان پەرست، خوا ئەو گەورەیەیە کە لەو گەورەتر نییە، بەتوانایە لەسەر هەموو شتێک، خاوەنی هەموو شتێکە، هەموو شتێک لەژێر دەسەڵات و توانای ئەو دایە، هەموو دروستکراوەکانیش بە نیسبەت ئەو بچووک و کەمن، پاشان خۆی بەپاک ڕاگرت لە شیرکی هاوبەش بڕیاردەرەکان و بە کەمزانینی نەفامەکان.

ئاگەداری:

١- مەزهەبی سەلەف دەربارەی ئەو وتەیەی خوا: ﴿...وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ...﴾. بڕیتییە لە ڕووواندن و تێپەڕاندنی هەروەکوو چۆن هاتووە، لەگەڵ باوەڕبوون بەو واتایەی کە بەڵگەیە لەسەری، بەبێ واتاگۆڕین و چۆنیەتی بۆدانان.

٢- ئەو سوودانەی لەو ئایەتە وەردەگیرێن، لەدوای باسی ئەو فەرموودەیە دێت، کە پەیوەستە بەو ئایەتەوە، لەو بەشەدا.

* * *

.....

عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: جَاءَ حِبْرٌ مِنَ الأَحْبَارِ إِلَى رَسُوْلِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ، إِنَّا نَجِدُ أَنَّ اللهَ يَجْعَلُ السَّمَاوَاتِ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْأَرَضِينَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالشَّجَرَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْمَاءَ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالثَّرَى عَلَى إِصْبَعٍ، وَسَائِرَ الْخَلْقِ عَلَى إِصْبَعٍ، فَيَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، فَضَحِكَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ؛ تَصْدِيقًا لِقَوْلِ الْحِبْرِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ الآيَةَ. وَفِي رِوَايَةٍ لِمُسْلِمٍ: «وَالْجِبَالَ وَالشَّجَرَ عَلَى إِصْبَعٍ، ثُمَّ يَهُزُّهُنَّ فَيَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، أَنَا اللهُ». وَفِي رِوَايَةٍ لِلْبُخَارِيِّ: «يَجْعَلُ السَّمَوَاتِ عَلَى إِصْبَعٍ، وَالْمَاءَ وَالثَّرَى عَلَى إِصْبَعٍ، وَسَائِرَ الْخَلْقِ عَلَى إِصْبَعٍ».[1] أَخْرَجَاهُ.

وَلِمُسْلِمٍ عَن ابْنِ عُمَرَ مَرْفُوعًا: «يَطْوِي اللهُ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى، ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ؟ ثُمَّ يَطْوِي الْأَرَضِينَ السَّبْعَ، ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِشِمَالِهِ، ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ؟»[2]. وَرُوِيَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: «مَا السَّمَوَاتُ

---

[1] - أخرجه البخاري برقم "٤٨١١"، ومسلم برقم "٢٧٨٦".

[2] - أخرجه مسلم برقم "٢٧٨٨".

السَّبْعُ وَالأَرَضُونَ السَّبْعُ فِي كَفِّ الرَّحْمَنِ؛ إِلَّا كَخَرْدَلَةٍ فِي يَدِ أَحَدِكُمْ».

لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەڵێت: زانایەک لە زاناکانی جوولەکە هات بۆلای پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، گوتی: ئەی موحەممەد، ئێمە لە [تەوراتدا] دەبینین کە خوای گەورە ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەکی، زەوییەکانیش لەسەر پەنجەیەکی دادەنێت، داریش لەسەر پەنجەیەکی، ئاویش لەسەر پەنجەیەکی، خاک و خۆڵیش لەسەر پەنجەیەک، هەموو دروستکراوەکانی دیکەش لەسەر پەنجەیەک، ئینجا دەڵێت: من پادشام، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- پێکەنی، هەتا ددانەکانی ژیری دەرکەوتن، لەبەر بەڕاستدانانی قسەی زاناکە، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾. لە گێڕانەوەی موسلیمدا هاتووە: "هەروەها چیاکان و دارەکانیش لەسەر پەنجەیەک، پاشان دەیانجوڵێنێت و دەفەرموێت: من پادشام، من خوام". لە گێڕانەوەی بوخاریدا هاتووە: "ئاسمانەکان لەسەر پەنجەیەک دادەنێت، ئاو و خۆڵیش لەسەر پەنجەیەک دادەنێت، هەموو دروستکراوەکانی دیکەش لەسەر پەنجەیەک".

هەروەها پێشەوا موسلیم لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتییەوە بە مەرفووعی: "خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئاسمانەکان دەپێچێتەوە، پاشان بە دەستی ڕاستی دەیانگرێت، ئینجا دەفەرموێت: من پادشام، کوان ستەمکارەکان لە کوێن؟ لووتبەرز و لەخۆباییەکان لە کوێن؟ پاشان حەفت زەوییەکان دەپێچێتەوە، ئینجا بەدەستی چەپی دەیانگرێت، پاشان دەفەرموێت: من پادشام، ستەمکارەکان لە کوێن؟ لووتبەرز و لەخۆباییەکان لە کوێن؟ هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: "حەفت ئاسمانەکان و حەفت زەوییەکان، لەناو لەپی خوای بەبەزەییدا هیچ نەبین، تەنها وەکوو خەرتەلەیەک[دەنکە دانەوێلەیەکی بچووک] وایە، لەناو دەستی هەر یەکێک لە ئێوە".

ڕاڤەکردن

حبر: بە فەتحە و کەسرەی حائەکە، یەکێکە لە زاناکانی جوولەکە، کە بریتییە لە کەسێکی زانا بە ڕازاندنەوە و جوانکردنی قسە، بۆیەش پێی گوتراوە حەبر؛ چونکە کاریگەری زانستەکانی لە دڵی خەڵکیدا دەمێنێتەوە.

علی أَصْبُع: کۆیە و تاکەکەشی (الأصابع)ـە، دەکرێتە موزەککەر و موئەنەسیش.

الثری: خۆڵێکی تەڕ، لەوانەشە لێرەدا مەبەستی پێی زەوی بێت.

الشجر: ئەوەیە کە قەدێکی هەیە ڕەقە، وەکوو دارخورما و جگە لەو.

وسائر الخلق: ئەوەی ماوەتەوە لە دروستکراوەکان.

نواجذه: کۆی (ناجِذ)ـە، بریتییە لە: کۆتایی ددانی کاکیلەکان، گوتراوە: کەڵبەکانە، گوتراوە: لەنێوانی ددانەکان و کاکیلەکانە، گوتراویشە: بریتیین لەو ددانانەی کە لە کاتی پێکەنیندا دەردەکەون.

یهزّهن: (هز الشيء): جوڵاندنی، واتە: دەیانجوڵێنێت.

الجبّارون: کۆی (جبّار)ـە، بریتییە لە زۆردار و خۆسەپێن.

کخردلة: بریتییە لە دانەوێڵەیەکی زۆر بچووک.

واتایەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: زانایەک لە زاناکانی جوولەکە، ئەوەی بۆ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- باسکرد، کە لە کتێبەکەی خۆیان کە تەورات هاتووە لە ڕوونکردنەوەی گەورەیی خوا و بچووکی دروستکراوەکان بە نیسبەت خوا، کە خوا دروستکراوەکان لەسەر پەنجەکانی دادەنێت، پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لەو شتەدا هاوڕابوو لەگەڵی و دڵخۆشیش بوو پێی، هەروەها ئەو ئایەتەشی بۆ خوێندەوە کە بەڕاستی دادەنێت لە قورئانی پیرۆز، ئەوە خوا دایبەزاندۆتە سەری.

ئەو سوودانەی لەو ئایەتە و فەرموودەکە -بە هەموو ڕیوایەتەکانی- وەردەگیرێن:

١- ڕوونکردنەوەی گەورەیی خوا و بچووکی دروستکراوەکان بەرانبەر خوا.

٢- هەر کەسێک هاوبەشی بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە وەکوو پێویست ڕێزی خوای نەگرتووە.

٣- جێگیرکردنی دوو دەست و پەنجەکان و دەستی ڕاست و دەستی چەپ و ناولەپی دەست، بۆ خوای گەورە، بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی.

٤- بێگومان ئەو زانستە گەورانەی لە تەورِاتدا، لەلای ئەو جوولەکانە مابوونەوە کە لە سەردەمی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- بوون، نکوولّییان لێی نەکرد و واتاشیان نەگۆڕی.

٥- مولّک و دەسەلّات بە تەنها بۆ خوای گەورەیە، هەر مولّکێکیش هی جگە لە خوا بێت، دەڕوات و نامێنێت.

***

.....

وَقَالَ ابْنُ جَرِيرٍ: حَدَّثَنِي يُونُسُ، أَنْبَأَنَا ابْنُ وَهْبٍ، قَالَ: قَالَ ابْنُ زَيْدٍ: حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «مَا السَّمَوَاتُ السَّبْعُ فِي الْكُرْسِيِّ؛ إِلَّا كَدَرَاهِمَ سَبْعَةٍ أُلْقِيَتْ فِي تُرْسٍ». وَقَالَ: قَالَ أَبُو ذَرٍّ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: يَقُولُ: «مَا الْكُرْسِيُّ فِي الْعَرْشِ إِلَّا كَحَلْقَةٍ مِنْ حَدِيدٍ، أُلْقِيَتْ بَيْنَ ظَهْرَيْ فَلَاةٍ مِنَ الأَرْضِ».

هەروەها ئیبن جەریر فەرموویەتی: یونووس بۆی گێڕامەوە، ئیبن وەهب هەواڵی پێداین، گوتی: ئیبن زەید گوتی: باوکم بۆی گێڕامەوە، گوتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: حەفت ئاسمانەکان لەچاو کورسیدا، تەنها وەکوو حەفت درەم وایە کە فڕێدرابێتە ناو پارچە زەوییەکی تەختی فرەوان". هەروەها ئەبوو زەر فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەیفەرموو: "کورسی لەچاو عەرش، تەنها وەکوو ئەڵقەیەکی ئاسن وایە، کە فڕێدرابێتە بیابان و چۆڵەوانییەک لە زەویدا".

ڕاڤەکردن

تُرْس: بە زەممەی تائەکە: زەوییەکی تەختی خڕی فرەوانە، هەروەها (الترس) واتە: پارچەیەک لە پۆڵا[قەڵغان]، بۆ خۆپاراستن لە شمشێر هەڵدەگیرێت، مەبەستیش لێرەدا واتای یەکەمە.

فلاة: بریتییە لە بیابانێکی فرەوان.

واتایەکی کورت بۆ هەردوو فەرموودەکە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- هەواڵ دەدات دەربارەی گەورەیی کورسی و عەرش، هەروەها حەفت ئاسمانەکە، سەرەڕای فرەوانیی و چڕییەکەیان و دووری نێوانیان، بە نیسبەت فرەوانی کورسی، وەکوو

حەفت درەم وایە لەناو پارچە زەوییەکی فرەوان دابندرێت، دەبێ چەند شوێنی لێ بگرێت؟! بێگومان هیچی لێ ناگرێت، مەگەر شوێنێکی کەم نەبێت.

هەروەکوو پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە فەرموودەی ئەبوو زەرِدا هەواڵ دەدات کە کورسی، لەگەڵ فرەوانی و گەورەییەکەی، بە نیسبەت عەرِش، وەکوو ئەڵقەیەکی ئاسن وایە، کە لە بیابانێکی فرەوان دابندرێت لە زەویدا؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی تەواوی بەدیهێنەرەکەی.

پەیوەندی باسکردنی دوو فەرموودەکە لەو بەشەدا: هەردوو فەرموودەکە، بەڵگەنە لەسەر گەورەیی خوا و تەواوی توانا و هێزی دەسەڵاتەکەی.

ئەو سوودانەی لەو دوو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- بە دڵنیایی کورسی گەورەترە لە ئاسمانەکان، هەروەها عەرِشیش گەورەترە لە کورسی.

٢- گەورەیی و مەزنی خوا و تەواوی تواناکەی.

٣- بێگومان عەرِش؛ غەیری کورسییە و جیاوازە لێی.

٤- وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کە واتای کورسی بە مووڵک و دەسەڵات، یان بە زانست، لێکداوەتەوە.

* * *

.....

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ- قَالَ: «بَيْنَ السَّمَاءِ الدُّنْيَا وَالَّتِي تَلِيهَا خَمْسُمِائَةِ عَامٍ، وَبَيْنَ كُلِّ سَمَاءٍ خَمْسُمِائَةِ عَامٍ، وَبَيْنَ السَّمَاءِ اَلسَّابِعَةِ وَالْكُرْسِيِّ خَمْسُمِائَةِ عَامٍ، وَبَيْنَ الْكُرْسِيِّ وَالْمَاءِ خَمْسُمِائَةِ عَامٍ، وَالْعَرْشُ فَوْقَ الْمَاءِ، وَاللهُ فَوْقَ الْعَرْشِ، لِا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ مِنْ أَعْمَالِكُمْ». أَخْرَجَهُ ابْنُ مَهْدِيٍّ عَنْ حَمَّادِ بْنِ سَلَمَةَ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنْ زِرٍّ، عَنْ عَبْدِ اللهِ.

وَرَوَاهُ بِنَحْوِهِ الْمَسْعُودِيُّ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ، عَنْ عَبْدِ اللهِ؛ قَالَهُ الْحَافِظُ الذَّهَبِيُّ -رَحِمَهُ اللهُ-، قَالَ: «وَلَهُ طُرُقٌ».

وَعَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: «هَلْ تَدْرُونَ كَمْ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ؟»، قُلْنَا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «بَيْنَهُمَا مَسِيرَةُ خَمْسِمِائَةِ سَنَةٍ، وَبَيْنَ كُلِّ سَمَاءٍ إِلَى سَمَاءٍ مَسِيرَةُ خَمْسِمِائَةِ سَنَةٍ، وَكِثَفُ كُلِّ سَمَاءٍ مَسِيرَةُ خَمْسِمِائَةِ سَنَةٍ، وَبَيْنَ السَّمَاءِ اَلسَّابِعَةِ وَالْعَرْشِ بَحْرٌ بَيْنَ أَسْفَلِهِ وَأَعْلاهُ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، وَاللهُ تَعَالَى فَوْقَ ذَلِكَ، وَلَيْسَ يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ مِنْ أَعْمَالِ بَنِي آدَمَ».[1] أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَغَيْرُهُ.

---

[1] - أخرجه أبو داود برقم "٤٧٢٣"، والترمذي برقم "٣٣١٧"، وابن ماجه برقم "١٩٣"، وأحمد في مسنده "٢٠٦/١، ٢٠٧".

هەروەها لە ئیبن مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، هاتووە کە فەرموویەتی: "لەنێوانی ئاسمانی دونیا و ئەوەی لەدوای ئەو دێت، پێنج سەد ساڵە، لەنێوانی هەر ئاسمانێک بۆ ئاسمانەکەی دیکەش پێنج سەد ساڵە، هەروەها لەنێوانی ئاسمانی حەفتەم و کورسیش پێنج سەد ساڵە، لەنێوانی کورسی و ئاویش پێنج سەد ساڵە، عەرشیش لەسەر ئاوە، خوای گەورەش لەسەر عەرشە، هیچ شتێک لە کردەوەکانی ئێوەی لێ ون نابێت".

هەروەها مەسعوودیش هاوشێوەی ئەوەی لە عاسیم گێڕاوەتەوە، ئەویش لە ئەبوو وائیلەوە، لە عەبدوڵڵاوە، پێشەوا زەهەبی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ئەمەی فەرمووە، فەرموشیەتی: "چەند ڕێگەیەکی هەیە".

هەروەها لە عەباسی کوڕی عەبدولموتتەلیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- فەرموویەتی: "ئایا دەزانن نێوانی ئاسمان و زەوی چەندە؟"، گوتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: نێوانیان ماوەی پێنج سەد ساڵە ڕێیە، هەروەها لەنێوانی هەر ئاسمانێکیش بۆ ئاسمانێکی دیکە، ماوەی پێنج سەد ساڵە ڕێیە، ئەستووری هەر ئاسمانێکیش، پێنج سەد ساڵە، لەنێوانی ئاسمانی حەفتەم و عەرشیش، دەریایەکە کە نێوانی ژێرەوەی بۆ سەرەوەی، وەکوو نێوانی ئاسمان و زەوییە، خوای بەرز و بڵندیش لەسەر عەرشە، هیچ شتێک لە کردەوەکانی نەوەی ئادەمی لێ ون نابێت".

ڕاڤەکردن

هل تدرون؟: هەواڵ و باسەکەی بە شێوەی پرسیار باسکرد؛ تاوەکوو کاریگەرتر بێت لە دەروونەکاندا.

الله ورسوله أعلم: زانست دانە پاڵ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-[واتە: بڵێی: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن]، تەنها لە ژیانیدا دەبێت، بەڵام دوای وەفاتکردنی، ئەوە تەنها دەگوترێت: خوا زاناترە.

كثف كل سماء: (الكثف) بریتییە لە: ئەستووری.

واتەیەکی کورت بۆ ئەو فەرموودەیە: پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، هەواڵ دەدات دەربارەی دروستکراوە بەرزەکان، لەلایەنی گەورەیی و فراوانییان و دووری نێوان تەنەکانیان، باسی ئەوە دەکات کە ئاسمانەکان، حەفت چینن، هێندێکیان لەسەر هێندێکی دیکەیانن، هەروەها ماوەی بەرزییەکەی لە زەوی، ڕۆیشتنی پێنج سەد ساڵە ڕێیە، لەنێوانی هەر ئاسمانێکیش لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت، ماوەکەی پێنج سەد ساڵە، ئەستووری هەر ئاسمانێکیش، ماوەی پێنج سەد ساڵە ڕێیە، لەسەر ئاسمانی حەفتەمیش کورسی لێیە، لەسەر کورسیش دەریایە، لەنێوانی کورسی و دەریاش، پێنج سەد ساڵە ڕێیە، قوواڵی دەریاش وەکوو نێوانی ئاسمان و زەوی وایە، لەسەر دەریاش عەرشە، خوای گەورەش لەسەر عەرشە و هیچی لێ ون نابێت، لە کردەوەکانی نەوەی ئادەم.

پەیوەندی ئەو دوو فەرموودەیە بەو بەشەوە: ڕوونکردنەوەی گەورەیی خوا و توانا سەرسوڕهێنەرەکەی و بەرزییەکەی لەسەر دروستکراوەکانی و ئاگەداری و زانستی بە بارودۆخیان.

ئەو سوودانەی لەو دوو فەرموودەیە وەردەگیرێن:

١- دوو فەرموودەکە ڕوونکەرەوەی گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی خوای تێدایە، هەروەها واجیبیەتی بەتاکدانانی خوای تێدایە لە پەرستندا.

٢- دوو فەرموودەکە ڕوونکەرەوەی تەنە بەرزەکانن، هەروەها گەورەیی و فراوانی و دووری نێوانیان.

٣- وەڵامێکی ڕوونی تێدایە بۆ خاوەنانی تێڕوانینە سەردەمییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی ئاسمانەکان و کورسی و عەرش نییە و واش گومان دەبەن کە گەردوونی بەرز، تەنها چۆڵیی و ئەستێرە و هەسارەکانە.

٤- دوو فەرموودەکە جێگیرکردنی بەرزی و بڵندی خوای تێدایە، لەسەر دروستکراوەکان بە زاتی پیرۆزی خۆی؛ بە پێچەوانەی گومانی جەهمی و

موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان، ئەوانەی نکوولّی لە بڵندی خوا دەکەن لەسەر دروستکراوەکانی.

٥- جێگیرکردنی زانستی خوای تێدایە، کە دەوری هەموو شتێکی داوە، سەرەڕای بەرزیەتی خوا لەسەر دروستکراوەکانی.

٦- پێویستییەتی ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی تێدایە بۆ خەڵکی؛ تاوەکوو گەورەیی و توانای خوا بزانن، خواش زاناترە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه.

***

ئەو بابەت و سوودانەی لەو بەشەدا هەیە:

یەکەم: لێکدانەوەی واتای وتەی خوای گەورە: ﴿وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾.

دووەم: ئەو زانستانە و هاوشێوەکانی، لەلای جوولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، مابووەوە. نکوولّییان لێی نەدەکرد و تەئویلیشیان نەدەکرد.

سێیەم: زانا جوولەکەکە، کاتێک باسی ئەو شتەی کرد بۆ پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، ئەویش بەڕاستی دانا و قورئانیش دابەزی و ئەو بابەتەی جێگیرکرد و دانی پێدانا.

چوارەم: ڕوودانی پێکەنینێکی زۆر لەلایەن پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم-، کاتێک زانا جوولەکەکە باسی ئەو زانستە گەورەیەی کرد.

پێنجەم: بەڕاشکاوی باسکردنی دوو دەستی خوای گەورە، کە ئاسمانەکان لەناو دەستی ڕاستییەتی، زەوییەکانیش لەناو دەستەکەی دیکەیەتی.

شەشەم: بە ڕاشکاوی ناوبردنی دەستەکەی دیکەی بە چەپە.

حەفتەم: باسکردنی ستەمکارەکان و لووتبەرزەکان، لەوکاتەدا.

هەشتەم: فەرموودەکەی: "وەکوو خەرتەلەیەک وایە لەناو دەستی هەر یەکێک لە ئێوە".

نۆیەم: گەورەیی کورسی بە نیسبەت ئاسمانەکان.

دەیەم: گەورەیی عەرش بە نیسبەت کورسی.

یازدەیەم: بە دڵنیایی عەرش غەیری کورسییە و جیایە.

دوازدەیەم: ماوەی نێوانی هەر ئاسمانێک بۆ ئاسمانێکی دیکە چەندە؟

سێزدەیەم: ماوەی نێوان ئاسمانی حەفتەم و کورسی چەندە؟

چواردەیەم: ماوەی نێوان کورسی و ئاو چەندە؟

پازدەیەم: بێگومان عەرش لەسەر ئاوە.

شازدەیەم: بە دڵنیایی خوا لەسەر عەرشە.

حەڤدەیەم: ماوەی نێوان ئاسمان و زەوی چەندە؟

هەژدەیەم: ئەستووری هەر ئاسمانێک، پێنج سەد ساڵە ڕێیە.

نۆزدەیەم: ئەو دەریایەی کەوا لەسەرووی ئاسمانەکانە، نێوانی سەرەوەی لەگەڵ خوارەوەی، ڕۆیشتنی پێنج سەد ساڵە ڕێیە.

❁❁❁

ئەمە کۆتایی بەشەکان و بابەتەکان بوو.

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان.

تەواوبووم لە وەرگێڕانی ئەو پەرتووکە بە سوودە، لە مێژووی:

چوار شەممە (١٧)ـی ڕەمەزانی (١٤٤٥)ـی کۆچی.

پێڕستی بابەتەکان

پێشەکی ٥
بەشێکی کورت و پوخت دەربارەی ژیانی دانەر ٦
كِتَابُ التَّوْحِيْدِ ٨
پەرتووکی یەکخواپەرستی ٨
بَابُ فَضْلِ التّوحيدِ، وما يُكَفِّرُ من الذُّنُوبِ ٢٨
بەشی گەورەیی یەکخواپەرستی و سڕینەوەی بۆ تاوانەکان ٢٨
بَابُ مَنْ حَقَّقَ التَّوْحِيدَ دَخَلَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ ٤٤
بەشی هەرکەسێک یەکخواپەرستی بێنێتەدی؛ ئەوا بەبێ لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت ... ٤٤
بَابُ الْخَوْفِ مِنَ الشِّرْكِ ٥٧
بەشی ترسان لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا ٥٧
بَابُ الدُّعَاءِ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ٦٧
بەشی بانگەوازکردن بۆلای شایەتی دان بە (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) ٦٧
بَابُ تَفْسِيرِ التَّوْحِيدِ وَشَهَادَةِ أَنْ لا إِلَهَ إلاَّ الله ٨١
بەشی ڕوونکردنەوەی تەوحید و شایەتیدان بە (لا إِلَهَ إلاَّ الله) ٨١
بَابُ مِنَ الشِّرْكِ لُبْسُ الْحَلْقَةِ وَالْخَيْطِ وَنَحْوِهِمَا؛ لِرَفْعِ الْبَلَاءِ أَوْ دَفْعِهِ ٩٧
بەشی بەشێک لە هاوبەش بڕیاردان: لەدەستکردنی بازنە و ئەڵقە و پەت و دەزوو و
هاوشێوەکانییەتی؛ بۆ لابردنی بەڵا، یان ڕێگری لێکردنی ٩٧
بَابُ مَا جَاءَ فِي الرُّقَى وَالتَّمَائِمِ ١٠٨
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ڕوقیە و نووشتە و مورووەکان ١٠٨
بَابُ مَنْ تَبَرَّكَ بِشَجَرَةٍ أَوْ حَجَرٍ وَنَحْوِهِمَا ١٢١

بەشی هەر کەسێک تەبەڕووک بە دارێک، یان بەردێک و هاوشێوەکانی بکات، ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە ١٢١
بَابُ مَا جَاءَ فِي الذَّبْحِ لِغَيْرِ اللهِ ١٣١
بەشی ئەو هەڕەشەیەی کە هاتووە دەربارەی سەربڕین بۆ جگە لە خوا ١٣١
بَابُ لَا يُذْبَحُ للهِ بِمَكَانٍ يُذْبَحُ فِيهِ لِغَيْرِ اللهِ ١٤٢
بەشی نابێت ئاژەڵ بۆ خوا لە شوێنێکدا سەربڕدرێت، کە تێدا ئاژەڵی بۆ غەیری خوا سەردەبڕدرێت ١٤٢
بَابُ مِنَ الشِّرْكِ النَّذْرُ لِغَيْرِ اللهِ ١٤٩
بەشی نەزرکردن بۆ جگە لە خوا، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان ١٤٩
بَابُ مِنَ الشِّرْكِ الاِسْتِعَاذَةُ بِغَيْرِ اللهِ ١٥٤
بەشی پەناگرتن بە غەیری خوا، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان ١٥٤
بَابُ مِنَ الشِّرْكِ أَنْ يَسْتَغِيثَ بِغَيْرِ اللهِ أَوْ يَدْعُوَ غَيْرَهُ ١٥٨
بەشی هانابردن بۆ غەیری خوا، یان پاڕانەوە لە غەیری خوا، بەشێکە لە هاوبەش بڕیاردان ١٥٨
بَابُ ١٧٢
بَابُ ١٨٦
بَابُ الشَّفَاعَةِ ١٩٧
بەشی تکاکردن ١٩٧
بَابُ ٢١٢
بَابُ مَا جَاءَ أَنَّ سَبَبَ كُفْرِ بَنِي آدَمَ وَتَرْكِهِمْ دِينَهُمْ هُوَ الْغُلُوُّ فِي الصَّالِحِينَ ٢٢٠
بەشی ئەوەی هاتووە کە هۆکاری کوفری نەوەی ئادەم و وازهێنانیان لە ئایینەکەیان، بریتی بووە لە زیادەڕەویکردن لە پیاوچاکان ٢٢٠
بَابُ مَا جَاءَ مِنَ التَّغْلِيظِ فِيمَنْ عَبَدَ اللهَ عِنْدَ قَبْرِ رَجُلٍ صَالِحٍ، فَكَيْفَ إِذَا عَبَدَهُ؟ ٢٣٤

بەشی ئەوەی کە هاتووە لە بەڵگەی توند دەربارەی ئەو کەسەی کە خوا دەپەرستێت لەلای گۆڕی پیاوێکی چاک، ئەی ئەگەر گۆڕەکە بپەرستێت، دەبێت چۆن بێت؟..... ٢٣٤
بَابُ مَا جَاءَ أَنَّ الْغُلُوَّ فِي قُبُورِ الصَّالِحِينَ يُصَيِّرُهَا أَوْثَانًا تُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ ٢٤٩
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی زیادەڕەوێکردن لە گۆڕی پیاوچاکان، دەیگۆڕێت و دەیکاتە بتێک و جگە لە خوا دەپەرستێت..... ٢٤٩
بَابُ مَا جَاءَ فِي حِمَايَةِ الْمُصْطَفَى -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- جَنَابَ التَّوْحِيدِ، وَسَدِّهِ كُلَّ طَرِيقٍ يُوصِلُ إِلَى الشِّرْكِ ٢٥٧
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی پارێزگاریکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- لە لایەنی یەکخواپەرستی، هەروەها هەموو ڕێگەیەکیشی گرتووە کە بەرەو هاوبەش بڕیاردان بڕوات ٢٥٧
بَابُ مَا جَاءَ أَنَّ بَعْضَ هَذِهِ الأُمَّةِ يَعْبُدُ الأَوْثَانَ ٢٦٥
بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی ئەوەی کە هێندێک لەو ئوممەتە، بتەکان دەپەرستن ٢٦٥
بَابُ مَا جَاءَ فِي السِّحْرِ ٢٨٣
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی سیحر و جادووگەری ٢٨٣
بَابُ بَيَانِ شَيْءٍ مِنْ أَنْوَاعِ السِّحْرِ..... ٢٩٢
بەشی ڕوونکردنەوەی هێندێک لە جۆرەکانی جادوو..... ٢٩٢
بَابُ مَا جَاءَ فِي الْكُهَّانِ وَنَحْوِهِمْ..... ٣٠٣
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی کاهینەکان و هاوشێوەکانیان ٣٠٣
بَابُ مَا جَاءَ فِي النُّشْرَةِ..... ٣١٣
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی بەتاڵکردنەوەی سیحر لە سیحرلێکراو ٣١٣
بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّطَيُّرِ ٣١٨
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ڕەشبینی و شووم ٣١٨

بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّنْجِيمِ ٣٣٣
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ئەستێرەناسی و ئەستێرەگەری ٣٣٣
بَابُ مَا جَاءَ فِي الاِسْتِسْقَاءِ بِالأَنْوَاءِ ٣٤١
بەشی ئەو هەڕەشەیەی کە هاتووە دەربارەی داواکردنی باران بەهۆی ئەستێرەکانەوە ... ٣٤١
بَابُ ٣٥٠
بَابُ ٣٦٣
بَابُ ٣٧٥
بَابُ ٣٨٣
بَابٌ مِنَ الإِيمَانِ بِاللهِ الصَّبْرُ عَلَى أَقْدَارِ اللهِ ٣٨٨
بەشی بەشێک لە باوەڕهێنان بە خوا؛ ئارامگرتنە لەسەر قەدەرەکانی خوا ٣٨٨
بَابُ مَا جَاءَ فِي الرِّيَاءِ ٣٩٩
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی ڕیاییکردن ٣٩٩
بَابٌ مِنَ الشِّرْكِ إِرَادَةُ الإِنْسَانِ بِعَمَلِهِ الدُّنْيَا ٤٠٦
بەشی بەشێک لە هاوبەشبڕیاردان بۆ خوا؛ ئەوەیە مرۆڤ مەبەستی بە کردەوەکەی دەستکەوتنی دونیا بێت ٤٠٦
بَابُ مَنْ أَطَاعَ الْعُلَمَاءَ وَالأُمَرَاءَ فِي تَحْرِيمِ مَا أَحَلَّ اللهُ، أَوْ تَحْلِيلِ مَا حَرَّمَهُ؛ فَقَدِ اتَّخَذَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللهِ ٤١٣
بەشی هەر کەسێک گوێڕایەڵی زانایان و فەرمانڕەوایان بکات لە حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە، یان حەڵاڵکردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە؛ ئەوە بە دڵنیایی ئەوانی کردۆتە پەروەردگار جگە لە خوا ٤١٣
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى ٤٢١
بَابُ مَنْ جَحَدَ شَيْئًا مِنَ الأَسْمَاءِ وَالصِّفَاتِ ٤٣٨
بەشی هەر کەسێک نکوولی لە هێندێک لە ناو و سیفاتەکانی خوا بکات ٤٣٨

بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ ٤٤٧
بەشی وتەی خوای گەورە ٤٤٧
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ ٤٥٢
بەشی وتەی خوای بەرز و بڵند ٤٥٢
بَابُ مَا جَاءَ فِيمَنْ لَمْ يَقْنَعْ بِالحَلِفِ بِاللهِ ٤٦٢
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی کەسێک کە پازی نەبێت بە سوێندخواردن بە خوا.. ٤٦٢
بَابُ قَوْلِ مَا شَاءَ اللهُ وَشِئْتَ ٤٦٥
بەشی گوتنی ئەگەر خوا ویستی لێبێت و تۆش ویستت لێ بێت ٤٦٥
بَابٌ مَنْ سَبَّ الدَّهْرَ فَقَدْ آذَى اللهَ ٤٧٤
بەشی هەر کەسێک جوێن بە ڕۆژگار و زەمانە بدات، ئەوە بە دڵنیایی ئازاری خوای داوە ٤٧٤
بَابُ التَّسَمِّي بِقَاضِي الْقُضَاةِ وَنَحْوِهِ ٤٧٨
بەشی ناونان بە دادوەری دادوەرەکان و هاوشێوەکانی ٤٧٨
بَابُ احْتِرَامِ أَسْمَاءِ اللهِ تَعَالَىَ، وَتَغْيِيرِ الاِسْمِ لِأَجْلِ ذَلِكَ ٤٨١
بەشی ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و گۆڕینی ناویش لەپێناو ئەمە ٤٨١
بَابُ مَنْ هَزَلَ بِشَيْءٍ فِيهِ ذِكْرُ اللهِ أَوِ القُرْآنِ أَوِ الرَّسُوْلِ ٤٨٤
بەشی هەر کەسێک گاڵتە بە شتێک بکات کە زیکری خوا، یا قورئان، یان پێغەمبەری تێدا بێت ٤٨٤
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ ٤٩٢
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ ٥٠٢
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَىَ ٥٠٧
بَابٌ: لاَ يُقَالُ السَّلاَمُ عَلَى اللهِ ٥١١
بەشێک: نابێت بگوترێت سەلام لەسەر خوا[سڵاوت لێبێت ئەی خوایە!] ٥١١

بَابُ قَولِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ ٥١٤
بەشی گوتنی ئەی خوایە! لێم خۆشبە، ئەگەر ویستت ٥١٤
بَابٌ: لا يَقُوْلُ عَبْدِي وَأَمَتِي ٥١٧
بەشێک: نابێت بڵێیت بەندەی من و کەنیزەکی من..... ٥١٧
بَابٌ: لَا يُرَدُّ مَنْ سَأَلَ بِاللهَ ٥٢١
بەشێک: داواکاری کەسێک ڕەت ناکرێتەوە کە داوا بکات بە خوا ٥٢١
بَابٌ: لَا يُسْأَلُ بِوَجْهِ اللهِ إِلَّا الْجَنَّةُ..... ٥٢٤
بەشێک: بەخاتری ڕووی خوا داوای هیچ شتێک ناکرێت، تەنها بەهەشت نەبێت..... ٥٢٤
بَابُ مَا جَاءَ فِي اللَّوْ ٥٢٦
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی وشەی ئەگەر..... ٥٢٦
بَابُ النَّهْيِ عَنْ سَبِّ الرِّيحِ..... ٥٣٤
بەشی قەدەغەکردنی جوێندان بە "با" ٥٣٤
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى ٥٣٧
بَابُ مَا جَاءَ فِي مُنْكِرِي القَدَرِ ٥٤٦
بەشی ئەو هەڕەشەیەی کە هاتووە دەربارەی ئەو کەسانەی نکوولّی لە قەدەر دەکەن... ٥٤٦
بَابُ مَا جَاءَ فِي الْمُصَوِّرِينَ ٥٥٥
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی وێنەکێشەکان..... ٥٥٥
بَابُ مَا جَاءَ فِي كَثْرَةِ الْحَلِفِ..... ٥٦٦
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی زۆر سوێندخواردن ٥٦٦
بَابُ مَا جَاءَ فِي ذِمَّةِ اللهِ وَذِمَّةِ نَبِيِّهِ..... ٥٧٧
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی..... ٥٧٧
بَابُ مَا جَاءَ فِي الإِقْسَامِ عَلَى اللهِ..... ٥٨٦
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی سوێندخواردن لەسەر خوا ٥٨٦

بَابٌ لَا يُسْتَشْفَعُ بِاللهِ عَلَى خَلْقِهِ ٥٨٩
بەشێک خوای گەورە ناکرێتە تکاکار بەسەر دروستکراوەکانییەوە..... ٥٨٩
بَابُ مَا جَاءَ فِي حِمَايَةَ الْمُصْطَفَى -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- حِمَى التَّوْحِيدِ، وَسَدِّهِ طُرُقَ الشِّرْكِ..... ٥٩٣
بەشی ئەوەی کە هاتووە دەربارەی پارێزگاریکردنی پێغەمبەر -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم- لە سنوورەکانی یەکخواپەرستی و گرتنی ڕێگەکانی هاوبەش بڕیاردان ٥٩٣
بَابُ قَوْلِ اللهِ تَعَالَى ٥٩٩